
ئەوەی سەربەرزە لەم وێرانەدا تووشی خەم و دەردە
چیای سەرکەش ببینە قەت سەری بی هەور و تەم نابێ
هێمن
بۆ شارەکەم سەردەشتی سەرسەوز
٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦
٣٤مین ساڵوەگەڕی کیمیابارانی سەردەشت
JUNE 28 1987
34th Anniversary Of sardasht  Chemical attack
٣٤
سەردەشت
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: رحمان نەقشی

# پێڕست

١- ٣٤ ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت تێپەڕدەبێت ............................ سەرهەنگ خالید .......... ٧
٢- ٧ی پووشپەڕ و ٣٤ ساڵی پڕ لە ئازار ........................................................ ئالان خاس ......... ١٠
٣- یادی ٣٤ ساڵەی کیمیابارانی شاری سەردەش .................................................. عەلی بەهرامی ......... ١٢
٤- ٧ی پووشپەڕ، لە کیمیایی بارانەوە بەرەو ئەنفالی دارستانەکانی سەردەشت ...................... ئاڤا تودەی ....... ١٤
٥- ٣٣ ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی سەردەشت تێدەپەڕێت ...................................... سلێمان تاشان ........... ١٦
٦- کیمیابارانی سەردەشت، زامێکی هەمیشە ئاوەڵا .............................................. مستەفا شەڵماشی ........ ١٨
٧- پاش ٣٠ ساڵ ............................................................................... حەمەڕەسووڵ کەریمی ...... ٢٢
٨- بە یادی زام و هەناسەی سوار و برینی سارێژنەکراوی سەردەشت ..................... ئامادەکردن: ئیسلاح وێب ...... ٢٥
٩- شیمیایی بارانی سەردەشت و کەمتەرخەمیی کۆماری ئیسلامی ............................... عومەر باڵەکی .......... ٢٨
١٠- سەردەشت لە ئێوارە پووشپەڕێکی گازاویدا .................................................. عەزیز شێخانی .......... ٣٢
١١- سەردەشت؛ زامی شارێ کە زەمان سارێژی نەکرد .......................................... تاهیر قاسمی .......... ٣٦
١٢- یادی کیمیابارانکردنی سەردەشت و رامانێکی کورت؟ ......................................... تەها سلێمان ........... ٣٧
١٣- تەق تەق.... لەیدە ویجدانی شار خەوتووە ................................................ فەرەیدون حەکیم زادە ..... ٤٠
١٤- دیمانە لەگەڵ عومڕان نیکدووست ............................................... ئا: سەعدوون مازووجی ......... ٤٣
١٥- پێویستە کارەساتی شیمیایی سەردەشت بەجیهانی بکرێ ................................. هەژیر عەبدوڵڵاپوور ...... ٤٩
١٦- کیمیابارانی سەردەشت لە نێوان تاوانی ڕێژیمی بەعس و کەمتەرخەمیی ڕێژیمی ئێران دا ....... قادر وریا ........ ٥١
١٧- چەکی شیمیایی و کارەساتی شاری سەردەشت ............................................. عومەر باڵەکی ............ ٥٣
١٨- خەمی شارێک بە کۆڵم دا دەدەم .......................................................... فەرەیدوون حەکیم زادە .... ٥٧
١٩- رۆژێکی تاڵی سەردەشتی زامدار ........................................................... ئەحمەد مەکلاوەیی ......... ٦٠
٢٠- بیرەوەرییەکانم لە پووشپەڕی "٦٦" دا ................................................... ئیبراهیم زێوەیی ........... ٦٢
٢١- یادی کارەساتە جەرگبڕەکەی سەردەشت ................................................ عەبدوڵڵا عومەرنەژاد ...... ٦٥
٢٢- شارێک کە تا ئێستاش جەستەی ئازار دەچێژێت ......................................... ئاسۆی رۆژهەڵات ......... ٦٧

٢٣- پاش ٢٨ ساڵ هێشتا مافی بەرکەوتوانی کیمیابارانی سەردەشت دابین نەکراوە ................. کوردپا ........... ٦٩
٢٤- لە (٢٨) مین ساڵیادی جینۆسایدی سەردەشت دا، ........................................... ئاوارە حسێن ......... ٧٢
٢٥- سەردەشت ئەو شارەیە یەکجار بە دەستی سەدامی خوێنمژ بۆمبارانی شیمیایی کراوە و سەد جار بە دەست کۆماری ئیسلامی شەهید کراوەتەوە ............................................................ ئومید قادری ئەقدەم ...... ٧٧
٢٦- سەردەشت شارێکی خنکاو ............................................................. ئەیوب عەبدوڵاپور ........ ٨٠
٢٧- دوای تێپەڕینی ٢٧ ساڵ بە سەر بومبارانی شیمیایی سەردەشت دا، ئێستاش ڕێژەی قوربانیانی ......................... ........................................................................................ حەمەرەسووڵ کەریمی ....... ٨٢
٢٨- بۆنی سێوی ٧ی پووشپەر و ٢٧ساڵ لەمەوبەری سەردەشت ................................ شلێر حەسەنپوور ....... ٨٦
٢٩- کارەساتی سەردەشت ورەنگدانەوەی لە حاست نێونەتەوەییدا ................................ سیروان حەدداد ......... ٩٠
٣٠- حەوتی پوشپەری ساڵی (١٣٦٦)ی هەتاویم چۆن تێپەر کرد؟ ............................ ئالان عومەرزادە ........ ٩٤
٣١- بۆ شارە زامدارەکەم ................................................................... ئەحمەد مەکلاوەیی ..... ٩٦
٣٢- سەردەشت بە بیدەنگی! ................................................................ خالید محەمەدزادە ...... ٩٨
٣٣- دەبێ گازی خەردەل، ژیانی چەند وەرزی تر تالان و ژەهراوی بکا؟ ........................ ئارێس زارەعی ......... ١٠١
٣٤- کۆنەبرینی ٢٧ ساڵەی سەردەشت، کۆمەڵکوژییەک دژی نەتەوەی کورد ........................ رامان نەسری ...... ١٠٤
٣٥- هەڵسەنگاندنی لایەنە هونەری و قانوونییەکانی شیمیابارانی سەردەشت .............. کوردستان و کورد ........ ١٠٦
٣٦- قوربانییانی کیمیابارانی سەردەشت: شاری سەردەشت بکرێتە سەمبولی ئاشتی ............ ماڵپەڕی کوردپا ...... ١٠٨
٣٧- پەیامی شارەداری هیرۆشیما بۆ خەڵکی سەردەشت بەبۆنەی ساڵرۆژی بۆمبارانی شیمیایی ئەم شارە ................ ١١٠
٣٨- شاری سەردەشت ٢٧ ساڵە بەدەست گازی خەردەلەوە دەناڵێنێ ................................................... ١١١
٣٩- بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی بیستو حەوتەمین ساڵڕۆژی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت ........................... ١١٢
٤٠- بەڕێوەچوونی ریوڕەسمێک لە هەولێر بۆ بەرزڕاگرتنی یادی قوربانیانی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت ........ ١١٤
٤١- شارێکی لەبیرکراو لە پووشپەڕێکی سووتاودا ............................................. عەزیز شێخانی ....... ١١٧
٤٢- ساڵیادی بوردومانی شیمیایی شاری سەردەشت لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە ............................................ ١١٩
٤٣- "بێ دەنگی لە هەمبەر سەردەشت کیمیابارانی هەڵەبجەشی لێکەوەتەوە"..................... چەترپرێس ........ ١٢١
٤٤- لە یادی ساڵڕۆژی شیمیایی بارانی سەردەشت ................................................ برایم زێوەیی ........ ١٢٣
٤٥- بەرپرسی ئەنجومەنی بەرگری لە بەرکەتووانی شیمیایی بارانی سەردەشت ............ وتووێژ: عەلی بداغی .... ١٢٥
٤٦- لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حدک یادەی ٢٥ ساڵەی کارەساتی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت زیندوو راگیرا ......... ........................................................................................ کوردستان و کورد ........... ١٢٨
٤٧- ٢٥ ساڵەی کارەساتی کیمیابارانی شاری سەردەشت لە لایەن ریژیمی بەعسەوە ........... ماڵپەڕی مرۆڤایەتی ... ١٣١

٤٨- شاری زام ........................................................................ سەلیم بێورانی ......... ١٣٣
٤٩- شاری سەردەشتیش قوربانییەکی دیکەی شەڕی هاوبەشی کورد لە گەڵ ئێران ..... عەلی مەحموود محەممەد ...... ١٣٥
٥٠- سیمیناری کارەساتی کیمیا بارانی سەردەشت لە ئەنیستیتۆی خانی بەڕێوە چوو ................................ ١٤٢
٥١- ئەمرۆ ٢٤ ساڵ بە سەر کیمیابارانی شاری سەردەشتی رۆژهەلاتی کوردستان دا تێدەپەرێت ....................... ١٤٤
٥٢- لە یادی قوربانیەکانی کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت دا ...................... کۆمەڵە .......... ١٤٨
٥٣- بۆ شارەکەم سەردەشت ................................................................. سەعید مامەندی ..... ١٥٠
٥٤- لە یادی ٢٤ ساڵەی تاوانی بۆردومانکردنی شاری سەردەشت ......................... چاودێری کوردۆساید ..... ١٥٣
٥٥- هەناسە خنکاوەکان (لەیادی سەردەشتییە نازلێشێواوە شیمیاباران کراوەکان دا)............... هەیاس کاردۆ .... ١٥٦
٥٦- دەبینم شەهێن و باز و هەڵۆ بەرزەفڕەکان شاپەڕی توانا و هێز لێدەدەن ......... فەوزی ڕەمزی مەلا مارف ..... ١٦٠
٥٧- ئەو ئێوارەیەی کە شارەکەم "سەردەشت" زامی هەڵگرت .................................. عەزیز شێخانی...... ١٦٦
٥٨- لە یادی بیست و سێ ساڵەی شیمیابارانی شاری سەردەشت .................................. حوسێن حەدداد ........ ١٧٢
٥٩- کۆڕێک لە یادی ٢٣ ساڵەی کیمیابارانی شاری سەردەشت ........................................................... ١٧٦
٦٠- با یادی شەهیدانی کارەساتی سەردەشت هەمووومان بە تەبایی کۆبکاتەوە ............................................ ١٧٣
٦١- کیمیا باران کردنی سەردەشت، مەرگەساتێکی لە بیر نەکراو ............................ مادیح ئەحمەدی ....... ١٨٠
٦٢- یادی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت لە ولاتی سویس بەرز ڕاگیرا ................................................ ١٨٢
٦٣- ٢٢ ساڵەی یادی کیمیا بارانی سەردەشت ............................................. حدک میدیا ....... ١٨٣
٦٤- سەردەشت ١٩٨٧....................................................................... باقی تالبولعیلم .......... ١٨٥
٦٥- لە یادی ٢٢ ساڵەی کارەساتی کیمیابارانی سەردەشت دا .............................................................. ١٨٧
٦٦- نیشتمان ................................................... مێهدی بیگزادە ...... و: عەبدوڵلا عەبدوڵلاپوور ... ١٨٩
٦٧- ئاوردانەوەیک لە سەر کێشەو گیروگرفتەکانی ژنانی بریندارو قوربانیی کیمیابارانی شاری سەردەشت .................
............................................................................................ چنوور قادری ...... ١٩٦
٦٨- لە یادی بیست و یەک ساڵەی شیمیابارانی سەردەشت ........................................ سیروان حەدداد ..... ١٩٩
٦٩- کیمیابارانی شاری سەردەشت ............................................................. عەزیز ئەحمەدی .... ٢٠١
٧٠- ٢١ ساڵ دەرد و ئازاری بێ برانەوە ...................................................... ن: وریا ساڵح زادە .... ٢٠٣
٧١- کارەساتی ٧ی پووشپەڕی ٦٦ ی شاری سەردەشت، هەوڵێکی دیکە بۆ کوردقران ............. ڕەحیم ڕەشیدی .... ٢٠٥
٧٢- کەڵکی سیاسیی لێ وەرمەگرن ...................................... ن: سامان رەسووڵپوور، و: عەلی بداغی ........ ٢٠٧
٧٣- دوای تێپەرینی ٢٠ساڵ بە سەر بومبارانی شیمیایی سەردەشت دا ........................ حەمەرەسووڵ کەریمی ...... ٢١١
٧٤- برینێکی بیست ساڵە کە قەت سارێژ نابێتەوە ........................................ کەماڵ حەسەن پوور ....... ٢١٨

٧٥- ژیان دەگەڵ مردن دا، بیرەوەری کچێکی بریندارى چەکی شیمیایی لە سەردەشت ............... خوشکی شوانە ..... ٢٣٠
٧٦- لە یادی کارەساتە مێژووییەکەی شاری سەردەشت ..................................... شاخەوان عەزیزی ......... ٢٣٣
٧٧- کۆنگەرەی شیمیایی شاری سەردەشت ................................................ حەمەڕەسووڵ کەریمی ...... ٢٣٦
٧٨- بیست ساڵ ئازاری ناوچە جوانەکەمان سەردەشت ................................ مستەفا شەڵماشی ......... ٢٣٨
٧٩- کارەساتێکی دڵتەزین و دژی مرۆڤایەتی ............................................ ڕەحمان نەقشی ........ ٢٤٠
٨٠- من کۆرپەیێکی شیمیایی کراوی کوردم ............................................... ئەیوب ڕەحمانی ....... ٢٤٢
٨١- ئاوا تەیارەم ناسی ......................................................................... فایەق بەریاجی ....... ٢٥٤
٨٢- لە بیست ساڵەی کارەساتا، ناسۆرەکان بۆ بێدەنگن .................................. سوهراب لەحافدوزی ...... ٢٥٦
٨٣- پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی بیستەمین ساڵیادی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشتەوە ........... ٢٦٦
٨٤- پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٠ەمین ساڵوەگەری بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت
........................................................................................................................................ ٢٦٨
٨٥- هەر دەمێنم گەر ناحەزانیش بمکوژن ................................................ سیروان حەدداد ....... ٢٧١
٨٦- بیست ساڵ دەرد و ئازار.................................................................... حەسەن حاتەمی ...... ٢٧٣
٨٧- غەدری مێژوویی لە شاری خنکاوی سەردەشت ........................................ وریا ز.محەممەدیان ...... ٢٧٥
٨٨- کارەساتی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی شاری سەردەشت ................... حەمەڕەسووڵ کەریمی ..... ٢٨١
٨٩- شارەکەم سەردەشت ...................................................................... سەید ئەحمەد حوسێنی ...... ٢٨٩
٩٠- ئەمڕۆ لە مێژوو دا ........................................................................ حەمەڕەسووڵ کەریمی ........ ٢٩٢
٩`- پەیامی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان، بەبۆنەی بیستەمین ساڵرۆژی بومبارانی شیمیایی شاری سەردەشت.
........................................................................................................................................ ٢٩٥
٩٢- خنکاندنی شاری سەردەشت ............................................................... عەزیز شێخانی ........ ٢٩٧
٩٣- بۆ شارەکەم! ................................................................................. حەمەرەسووڵ حەسەنپوور ...... ٢٩٩
٩٤- گوللەی تایبەتی ............................................................................. جەلال حاجی زادە ..... ٣٠١
٩٥- کیمیاباران کردنی سەردەشت، تاوانێکی گەورەیە بە تەوێڵی دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە ...................................
........................................................................................................... مەریوان نستانی ....... ٣١٣
٩٦- دادگای کردنی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات لە شاری لاهەی هولەند ...................... عەلی رەحیمی ......... ٣١٦
٩٧- بۆ شارەکەم ........................................................................................................... ٣٢٣
٩٨- گەرمەشین بۆ سەردەشتی شیمیالێدراو ................................................ حاجی حسێنحداد ...... ٣٢٤
٩٩- بەرەو یادی بیست و دووساڵەی تاوانی بۆردومانکردنی شاری سەردەشت ......................... چاک ......... ٣٢٧

١٠٠- سەردەشت: ڕێوڕەسمی یادی بیستەمین ساڵیادی شیمیابارانی سەردەشت ............................................. ٣٢٩
١٠١- چاوانی شار چاوەڕوانە ................................................................ هیوا گەڵ محەممەدی ..... ٣٣٢
١٠٢- با نەهێڵین شیمیابارانکردنی سەردەشت ببێ بە مێژوو .................................. شاهۆ حەسەنپوور ........ ٣٣٤
١٠٣- ١١٣شەهیدی شیمیابارانی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ شاری سەردەشت ....................... سیروان حەدداد .......... ٣٣٦
١٠٤- بەشێک لە وێنەکانی شیمیایی سەردەشت ................................................ ڕەحمان نەقشی ........... ٣٣٨
١٠٥- حەوتی پووشپەڕ زامێک بە روحی بریندار شارێکەوە .................................. ئەحمەد شێربەگی ........ ٣٤٠
١٠٦- سەردەشت ........................................................................................ ئەحمەد شێربەگی ......... ٣٤١
١٠٧- ئەم شارە هەر بەسەوزی دەمێنێتەوە .................................................... موکریان نستانی ......... ٣٤٢
١٠٨- لایە لایە .......................................................................................... کامران شافەعی ......... ٣٤٦



## ٣٤ ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت تێپەڕدەبێت




**سەرهەنگ خالید**


٣٤ ساڵ بەسەر بۆردومانی کیمیاویی شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک (یەکەمین قوربانی چەکی کیمیایی جیهان) تێدەپەڕێت و تا ئێستاش کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی ئەو شارە ماوە.

ئەمڕۆ ٢٨ - ٦ یادی کیمیابارانکردنی شاری زەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، کە لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە ساڵی ١٩٨٧ ئەنجامدرا.

### ئەو ڕۆژەی سەردەشت کرایە قوربانی

لە ئەنجامی ئەو تاوانە مرۆییەدا، لە کۆی ١٢ هەزار کەس ١٣٠ کەس لە دانیشتوانی ئەو شارە گیانیان لەدەستدا و نزیکەی ١٠ هەزار کەسیش کەوتنە بەر شاڵاوی کیمیاویی.

ئەگەرچی پاش ٣٤ ساڵ لەو ڕووداوە بەهۆی کاریگەرییەکانی گازی کیمیاویی خەردەل هێشتا دانیشتووانی ئەو شارە گیرۆدەی پاشهاتە نەگریسەکانی کیمیابارانن، بەشێوەیەک هەوکردن، کۆکەی وشک، برینی کۆنی سارێژنەبوو، نزیکەی چوار دەیەیە بەردەوامە، برینگەلێک کە بەهۆی کەمتەرخەمیی پێڕاگەیشتنی بەرپرسان زیاتر تەشەنەی سەندووە و بووەتە ژانێکی چەندبارەی دانیشتووانی یەکەمین قوربانی چەکی کیمیایی جیهانی.



لە سەردەشت، کات و سات لە ٢٨ - ٦ وەستاوە و پێکەنین و شادی خەڵکی ئەو ناوچە لەو کاتە دەچێت کە کیمیاوی باران کرا، چونکە بە گوێرەی وتەی پسپۆڕانی ئەو مادەیە، کاریگەریی نەگریسی خەردەل بۆ ١٠٠ تا ١٨٠ ساڵ بەردەوام دەبێت و سێ نەوە تێوەدەگلێنێت، هەر بۆیە سەیر نییە کاتێک دەبیستی وەزارەتی تەندروستی ڕایگەیاندووە کە نابێ لە دانیشتووانی ئەو شارە خوێنی یارمەتی بۆ بانکی خوێن وەربگیرێت.

## پاش ٣٤ ساڵ هێشتا ئازار هەیە

پاش ٣٤ ساڵ ئامارێکی ڕاست و دروست لە ژمارەی بەرکەوتووانی کیمیایی ئەو شارە بەردەست نییە، هێشتا ٨ هەزار کەس هاواری بەرکەوتوویی دەکەن و نەیانتوانیوە ئەم داواکارییەیان بسەلمێنن، ئەوە لەکاتێکدایە بەگوێرەی وتەی ئەو پزیشکانەی سەردانی سەردەشتیان کردووە و بەرکەوتووانیان بینیوە، ژمارەی بەرکەوتووان و برینداردانی کیمیایی سەردەشت زیاتر لە ٨ هەزار کەسە، ڕێژەیەک کە کاتی خۆی بەرپرسانی فەرمی ئێرانیش پشتڕاستیان کردووەتەوە، بەپێی وتەی کۆلۆنێل عەلەو پانین پسپۆڕی چەکی کیمیاویی کە کاتی خۆی بە نوێنەرایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان سەردانی سەردەشتی کردووە، بە ڕاشکاوی دان بە بەرکەوتوویی ڕاستەوخۆی ٨ هەزار و ٦٠٠ کەس لە شاڵاوی کیمیاویی شارەکەدا دەنێت، بەڵام ئەو بەڵگەیەش نەیتوانیوە داواکاری خەڵکی ئەو شارە بسەلمێنێت.

ڕەحیم واحدی ئەندامی لیژنەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاویی سەردەشت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات



گــــازی خەردەل زۆر زیــــاتر و بەهێزتـــر و کـــاریگەرترە بەراورد بە گـــازی ســـیانۆر کە لە هەڵەبـــجە بەکارهـــات. وتیشی"تا ئێستا نەبووە کەسێکی بەرکەوتەی گازی خەردەل چاک بووبێتەوە و بەردەوام پاشماوەکانی لەسەر سی و پێست و چاو دەمێنێتەوە و لەو ڕووەوە ئەزموونی کارەساتی سەردەشت تەنیا بە ڕۆژی بۆردومانەکەی نابەسترێتەوە و لە تەواوی ئەو ساڵانە درێژەی هەبووە.

### دەرمانی بەرکەوتوانی کیمیاویی دەستناکەوێت

سالح عەزیزپوور سەرۆکی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاویی سەردەشت ڕایگەیاند، بەهۆی دۆخی تایبەتی کۆرۆنا و پێویستی پاراستنی گیانی خەڵکی و سنووردانانی کۆمەڵایەتی، ئەمساڵ ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بەرکەوتووانی چەکی کیمیاویی سەردەشت هیچ پرۆگرامێکی تایبەتی نابێت.



ئاشکراشیکرد، ئەمساڵ هاوکاتە لەگەڵ ٣٤مین ساڵوەگەڕی کیمیابارانی شاری سەردەشت، کێشە و گرفتەکانی وەک خۆیانن و هیچ هەوڵ و هەنگاوێک لە بەرپرسان بۆ چارەسەریی کێشەکانی خەڵکی ئەم شارە بوونیان نییە و تاکە کلینیکی دەرمانی تایبەتی گیانبازانی سەردەشت بە نیوەچڵی و بە بێ پزیشک و بێ ئیمکاناتی تایبەتی دەکرێتەوە و خود دەرمانی تایبەتی گیانبازانی کیمیایی نایابە و خەڵکی هەرچی ڕۆژە مەرگێکی نوێ ئەزموون دەکەن.

### هەڵەبجە هاوخەمی بۆ سەردەشت دەردەبڕێت

ئەمڕۆ لە شاری هەڵەبجەی شەهید وەک هاوخەمییەک ڕێکخراوی بەرکەوتوانی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە دانیشتوانی شارەکە گردبوونەوە و هاوخەمی خۆیان بۆ شارەکە دووپاتکردەوە.

بەشداربوانی گردبوونەوەکە ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن، هیوای زوو چاکبوونەوە بۆ بریندارەکانی شاری سەردەشت دەخوازین و بە بەردەوامی هاوخەم و پشتیوانیان دەبین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەڵک - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٢١

## ٧ی پووشپەڕ و ٣٤ ساڵی پڕ لە ئازار



ئالان خاس

دوای شەڕی جیهانی، یەکەم جار بوو چەکی کۆمەڵکووژ بەکار بهێنرێتەوە، ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ شاری سەردەشت کرا بە ئامانجی بۆمبی کیمیایی و بەوەش شاری سەردەشت و کورد بوون بە یەکەمین قوربانیی چەکی کیمیایی لە جیهاندا.

هێرشی کیمیایی ڕێژیمی بەعس بۆ سەر شاری سەردەشت کە بە بیانووی شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق بەڕێوە چوو، سەرەڕای ئەوەی کورد لەو شەڕەدا لایەن نەبووە بەڵام داگیرکەران کوردیان کردەوە قوربانیی مەرامە شەڕخوازییەکانی خۆیان و بەپێی ئامارەکان زیاتر لە ١٥٠ کەس، هەر لە کاتی کیمیابارانەکەدا دەستبەجێ گیانیان لەدەست داوە و زۆرینەی زۆری دانیشتووانی نێو شاری سەردەشت، دووچاری ئەو گازە ژەهراویە بوون.

بۆ کورد زیاتر لە هەر نەتەوەیەکی دی سەلمێندراوە کە ژیان لەژێر دەسەڵاتی داگیرکەراندا، بێبەشییە لە ئازادی و هەموو مافەکانی مرۆڤ، جینایەتی ٧ی پووشپەڕ کە دوو داگیرکەری کورد لەسەر خاک و خوێنی کورد ئەنجامیاندا، تەنیا بەشێک لەو ڕاستیە دەردەخات.

هەموو ساڵێک ٧ی پووشپەڕ بۆ خەڵکی شاری سەردەشت و بۆ نەتەوەی کورد، وەبیر هێنەرەوەی ڕۆژێکی ڕەش و کارەساتێکی سامناکە، داگیرکەرانی کوردستانیش دەبێ باش بزانن کە ئەو تاوانە و باقی تاوانەکانی دیکەیان ڕوو بە کورد، هیچ کات لەبیر ناکرێت!

دووای تاوانیی گەورەی داگیرکەران لە ٧ی پووشپەڕدا، چەند خاڵیک زۆر گرینگن کە باسیان بکرێ:

**یەک**: بێدەنگیی نەتەوەیەکگرتووەکان و ڕێکخراو و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە ئەو جینایەتەی دەرهەق بە کورد کرا. بەداخەوە نە نەتەوەیەکگرتووەکان و نە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان لەو ڕاستایەدا هیچ هەنگاوێکیان هەڵنەهێناوە و هەر ئەو بێدەنگیەشیان بوو بەهۆی دووبارە بوونەوەی ئەو جینایەتەی داگیرکەران ڕوو بە کورد لە کۆتایی هەمان ساڵدا لە هەڵەبجە، کە دوای هێروشیما گەورەترین جنایەت بوو دژی مرۆڤایەتیی.

**دوو**: جینایەتێک کە ٧ی پووشپەڕ ڕوو بە کورد کرا، دوای ٣٤ ساڵ ئێستاش زامێکی قووڵە لەسەر جەستەی خەڵکی سەردەشت. ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانیش نەک هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکان و قەرەبووکردنەوەی قوربانیان، بەڵکوو بەپێچەوانەوە ڕۆژ بەڕۆژ ئازارەکانی زیاتر کردوون.

ئەوانەی دووچاری ئەو گازە ژەهراویە بوون، ئێستاش بە زامەکانیان و نەخۆشی و ئازارەوە دەناڵێنن. ئێرانی داگیرکەر لەبری پێڕاگەیشتن و چارەسەرکردنی قوربانیانی چەکی کیمیایی، چەندین ساڵە خەریکە تاکە هیوایەکی هەناسە کێشان کە ئەو قوربانیانە هەیانە لێیان بستێنێ و بۆ ئەو مەبستەش دەستی کردووە بە سووتاندن و بڕینەوەی دارستانەکانی سەردەشت و دەوروبەری.

بۆ سەردەشتی کیمیاییلێدراو ئەو دارستانانە سەرچاوەیەکی زۆر گرینگن بۆ هەوای پاک، بەڵام بە سووتاندنی دارستانەکان بە بیانووی پرۆژەی جۆراوجۆر کە هیچ سوودێکیان بۆ کورد نییە ، ئێرانی داگیرکەر لەهەوڵدایە ئەو شارە و دانیشتوانی زیاتر بخنکێنێ.

یادی شەهیدانی ٧ی پووشپەڕ، بەرز و بەڕێز بێت و بە هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارەکان و باقی قوربانییان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٢١

## یادی ٣۴ ساڵەی کیمیابارانی شاری سەردەشت!




**عەلی بەهرامی**

مێژووی گەلی کورد لێوانلێوە لە ئازار و مەرگەسات و ڕووداوی دڵتەزێنی دەستی نەیاران و داگیرکەران بە سەری دا، لاپەڕەیێک لە دیرۆکی ئەو گەلە بێ مافە نییە ئازار و زامێکی قوڵ و بێ بەزییانەی تێدا تۆمار نەکرابێ. یەک لەو ئازار و ڕووداوە دڵتەزێنانەی لە لایەن ڕژیمی بەعسی ڕووخاو بەسەر گەلەکەماندا هات شیمیایی بارانی شاری سەردەشت و کوشتن و بریندار بوونی سەدان مرۆڤی بێ تاوانی کورد بوو.

٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی کۆچی خۆری ڕژیمی بەعسی عێراق، لەکردەوەیێکی دڵڕەقانە و پێچەوانەی یاسا نێودەوڵەتی و مرۆڤایەتیەکان خەڵکی مەدەنی شاری سەردەشت و دیهاتەکانی دەوروبەری کردە ئامانجی بۆمبە مەرگهێنەرەکانی و لەماوەیێکی کەم دا ژمارەیێکی زۆر لە خەڵکی بێتاوانی شاری سەردەشتی شەهید و ژهراوی کرد. لەو کردەوە جینایەتکارانەیە دا نزیک بە ١٣٠ کەس لە خەڵکی سەردەشت شەهید و سەرووی ٨٠٠٠ کەس ژهراوی و زامدار بوون. ئەم تاوانە بەڵگەیێکی دیکە بوو بۆ سەر تاوانەکانی دژمنانی کوردستان کە دەیانهەوێ ئەم نەتەوە قڕ بکەن و ئاسەواری نەهێڵن. ئەم شێوە سەرکوت و هێرشە بۆ سەر نەتەوەیێکی زیندووی وەک کورد، دەچێتە خانەی جینۆسایدکردنی نەتەوەیێک و پێویستە کار بۆ ئەوە بکرێت کە ئەم پرس وکارەساتانەی کە لە مێژووی کورد دا زۆرە، بکرێتە بابەتێکی گشتی و لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکاندا بە جینۆساید و پاکتاوکردنی نەتەوەی کورد ئەژمار بکرێت.

چەندە ئاستی ئەو جینایەتە بە سەرەنج دان بە پێوەرە ئینسانی و حقوقی و هەروەها کاتی ڕوودانی ئەو کردەوەیە پانتاییێکی گشتگیر و بەرفراوانی هەیە، ئەوەندەش کەمتەرخەمیەکانی ڕژیمی ئێران لەدوای ٣٤ ساڵ بەسەر ئەو کارەساتە جێگەی داخ و نیگەرانیە.

ئەمڕۆ لە پاش ٣٤ ساڵ بەسەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، خەڵکی شاری سەردەشت ئێستاش بە دەست شوێنەواری گازی ژەهراوی خەردەل دەناڵێنن و سەرەڕای ئازاری قورسی مەعنەوی لەکیس دانی خزم و کەس و کار، ئازارە جەستەییەکان بەرۆکی زامدارانی چەکی شیمیایی شاری سەردەشتی بەرنەداوە و لەبەر بێ خزمەتی و گوێنەدانی دەسەلاتدارنی ئێران کە گەندەڵتر و بێ بەزەیی تر لە سەدامن، لە هەل و مەرجێکی نالەبار دان.

سەرەڕای بەڵێنە بەردەوامەکانی دەسەلاتدارانی ڕژیم نەخۆشخانەییێکی تایبەت بە زامدارانی شیمیایی بە بوونی دوکتۆری پسپۆر لەبوارەکانی چاو و پێست و سی، لەشاری سەردەشت نەکراوەتەوە و خەڵکی بەش مەینەت دەبێ بۆ دابین کردنی داودەرمان و چارەسەر، ئەویش بە نرخێکی گران، سەردانی شاری ورمێ و تەورێز و تاران و... بکەن.

سیاسەتی دژمنکارانەی دەسەلاتدارانی ڕژیم لەراست خەڵکی کورد بە گشتی و بە تایبەتی خەڵکی زامداری سەردەشت روون و ئاشکرایە و ئەگەر هێندێک کات باسی لەو خەڵکە زامدارە کردبێ تەنیا بۆ بردنە پێشی مەبەست و بەرژەوەندییە گڵاوەکانی خۆی بووە.

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەم سیاسەتەی ڕژیم، پێویستە هەموو ئازادیخوازان وبەتایبەت هێزە خەباتکارەکانی کوردستان، گرینگی زیاتر بەم کارەساتانە بدەن وبەکۆکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنت، هەوڵەکانی خۆیان بۆ زیاتر ناساندنی ئەم تاوانانە بە دنیایی دەرەوە زیاتر چڕ بکەنەوە. پێویستە چەندە بۆ بەجینۆساید ناساندنی شیمیابارانی هەڵەبجەی شەهید هەوڵدرا، ئەوەندەش بۆ سەردەشت هەوڵ بدرێ، چونکە ئەم دووکارەساتە ڕەمز و هێمای قڕکردنی نەتەوەییێکی ژێردەست و چەوساوەن کە بە درێژایی مێژوو بەم شێوە غەدریان لێکراوە و هەتا ئێستاش ناتوانن پڕ بە گەروی خۆیان هاواری ئازادیخوازی سەربدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خەبات میدیا - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠٢١

## ٧ی پووشپەڕ، لە کیمیایی بارانەوە بەرەو ئەنفالی دارستانەکانی سەردەشت


گزارش روز

* بمباران شیمیائی شهر سردشت در هفتم تیرماه گذشته منجر به شهادت ٦٠ تن و جراحت ٢٠٠٠ تن از مردم غیرنظامی شد

به مناسبت صدمین روز بمباران شیمیائی شهر سردشت

«سردشت»، نخستین شهر قربانی سلاح شیمیائی درجهان

* گروههای کثیری از مردم سردشت بهنگام آغاز بمباران بنا به عادت همیشگی به پناهگاهها رفتند، اما استشمام بوی تند و فریادهای دیگران، آنان را وادار به ترک شهر و پناه گرفتن در ارتفاعات کرد.

**ئاڤا تودەی**

**٣٣ ساڵ بەر لە ئێستا و لە ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦، ڕژیمی بەعسی عێراق چوار شوێنی شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردە ئامانجی هێرش بە بۆمبی کیمیایی.**

**چوار شوێنی پڕ لە خەڵک و ژن و منداڵی سەردەشت بوون بە ئامانجی ئەو هێرشە و بەمەش شارێکی کوردستان بوو بە یەکەمین شوێنی جیهان کە چەکی کیمیایی لە دژی بەکار دەهێندرێت.**

### کورد، یەکەمین قوربانی چەکی کیمیایی جیهان

**لە هێرشی کیمیایی ڕژیمی بەعس بۆ سەر شاری سەردەشت کە بە بیانووی شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق بەڕێوەچوو و لەوێشدا کورد دەبوون بە گۆشتی دمی تۆپ ، ١١٢ کەس لەجێدا گیانیان لە دەست دا و زیاتر لە دە هەزار کەس لە شاری ١٢ هەزار کەسی ئەو کاتی سەردەشت تووشی حاڵەتەکانی کیمیایی بوون، بوونەوە.**

**ئەوە یەکەمین کارەسات و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکووژ لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم بوو.**

**کارناسانی چەکە کیمیاییەکان دەڵێن: گازی خەردەل کە بۆ درووست کردنی چەکی کیمیایی بەکار دێت ١٠٠ ب٠ ١٨٠ ساڵ دەمێنێتەوە و بەو پێیە هەر ئێستا تەواوی خەڵکی ئەو شارە تووشبووی ئەو مادە کووشندەیەن. هەتا سێ وەچەی داهاتوو**

حاڵەتی گیرۆدەبوونی خەڵک بەو مادەیە هەر دەمێنێت و لەدایک بوونی منداڵانی کەم ئەندام لە دایک و بابە کیمیایی لێدراوەکان هەر بەردەوامە.

لەگەڵ ئەوەی ١٠٠٠٠ کەس لە هێرشی ڕژێمی بەعسدا بەر چەکی کیمیایی کەوتن بەڵام کۆماری ئیسلامی تەنیا ١٨٠٠ کەسی وەک " جانبازّ"ی چەکە شیمیاییەکان ناساندووە.

بە تێپەڕینی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر کارەساتی کیمیابارانی سەردەشت هەتا ئیستا خەڵکی ئازارچێشتووی ئەو شارە هیچ قەرەبوویەکی شایانیان بۆ نەکراوەتەوە.

دوای ٣٣ ساڵ کۆخە، هەڵماسینی پێست و چڵک کردن، هەناسەگیران و دەیان ئاسەواری دیکەی شەڕی دوو داگیرکەری ئێران و عێراق لەسەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە سیمای خەڵکی سەردەشتەوە هەر دیارە بەڵام ڕژێمی ئێران لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هاوشێوەی کیمیاباران ، پرۆژەیەکی ئەنفالی ژینگەی دژ بە سەردەشت دەکار کردووە.

لە کاتێکدا بۆ شارێکی کیمیایی لێدراو و بە سرنجدان بەوەی گازی خەردەل دەیان ساڵ دوای بۆردومانی کیمیایی هەر دەمێنێتەوە، دارستانەکان دەتوانن خزمەتێکی گەورە بە ئاسودەیی هەناسەکێشانی خەڵکی کیمیایی لێدراوی سەردەشت بکەن،بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ تەواو کردنی پرۆژەی نیوەچڵی ڕژێمی ڕووخاوی دیکتاتۆر سەدام حوسێن بۆ پاکتاوی خەڵکی سەردەشت کە قۆناغی دواتری لەسەر هەڵەبجە بەتاقی کردەوە و ٥٠٠٠ کەسی کردە قوربانی، چەندین ساڵە دەستی بە لەناوبردنی دارستانەکانی سەردەشت کردووە.

دارستانەکانی سەردەشت کە بەشێک لە سییەکانی هەناسەکێشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن چەندین ساڵە لە گەڵ شاڵاوێکی گەورەی بڕینەوە و لەناوبردن بەرەو ڕوون.

سوپای پاسداران بە هاوکاری چەند کەسێکی خۆفرۆشتووی شاری سەردەشت و مافیای زەمین خواردن لەو شارە، بە دەیان و سەدان دۆنم لە دارستانەکانی سەردەشتی لەناوبردووە.

پرۆژەی ڕێگاسازکردن بۆ بنکە سەربازیەکانی سوپا، بەنداوسازکردن، لێدانی بنکەی سەربازی، نیشتەجێکردنی جاش و موستەشارە کوردەکانی سەر بە سوپا لە ناو شاری سەردەشت و دەوروبەری و بڕینەوەی دارستانەکانی ئەو شارە بە مەبەستی قازانج ، بووە بە ئەنفالێکی گەورە لە سەر شاری سەردەشت و ئەگەر پێش بەم ڕەوتە نەگیرێت بێگومان هەناسەکێشانی

سەردەشتی کیمیایی لێدراو لە ساڵانی داهاتوودا ئەوەندەی دیکە گران دەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاڤاتودەی - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠٢٠

## ٣٣ ساڵ بەسەر کیمیابارانکردنی سەردەشت تێدەپەڕێت



سلێمان تاشان

لە ٢٨ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧ی زایینی کەمتر لە ساڵێک بەر لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە، شاری سەردەشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسی رووخاو بە چەکی کیمیایی بۆمباران کرا و بە هۆیەوە ١٥٠ کەس لە دانیشتووانی ئەم شارە شەهید بوون و سەرووی هەشت هەزار کەسیش برینداربوون. بریندارانی کیمیابارانی سەردەشت سەرووی سێ دەیەیە لەگەڵ ئازارەکانیان دەژین.

وەک شایەتحاڵەکانی ئەم کارەساتە باسیان کردووە دوو فڕۆکە چەندجارێک بەسەر شاردا سووڕانەوە و شارەکەی بۆردومان کردووە.خەڵکی سڤیلی سەردەشت بەو کیمیابارانە زۆرترین قوربانیاندا کە جگە لە شەهیدبوونی ١٥٠ کەس سەرووی هەشت هەزار کەسیش بریندار بوون و دوای سێ دەیە لە رووداوەکە هێشتا خەڵک بە هۆی شوێنەوارەکانی ئەم کیمیابارانە گیان دەسپێرن و هێشتا خەڵک بە دەستی نەخۆشییەکانی پێوەندیدار بە هەناسە و پێست و دەمارەکان دەناڵێنن و زامی کۆنیان بەردەوام دەکولێتەوە.

دەگوترێ تەمێک لەڕەنگیمۆر و پرتەقاڵی نووسابوو بە دار و دیواری شارەکەوە، منداڵەکان دەستیان تێوەردەدا و دەموچاویان تێهەڵدەسوو، وایاندەزانی لە ئاسمانەوە خوا پەلکەزێڕینەی ناردووەتە سەر زەوی بۆیان، بەڵام داخ و کەسەر

کە پەلکەزێڕینەکـان هەمـوو ژاراوی بـوون و چـارەکێکی نەخایەنـد کە منـداڵەکان مـردن، خەڵکێکـی زۆریـش زامـدار بـوو. ڕۆژی ئەنجامدانی هێرشەکە یەکشەم سەعات چوار و نیـوی دوانیـوەڕۆ بـوو، هێـزە ئاسمانییەکانیرژێمی بەعسدوو بۆمبیـان لە ناو بـازاڕی شارەکەدا و دوو بۆمبی تریان لەگەڕەکەکان و سێ بۆمبیشیان لە گونـدەکانی دەوروبەری سەردەشت خستە خـوارێ، هەوای شاریان بەتەواویژەهراوی کرد.

بە پێـی ئامارەفەرمییەکـان لە کـۆی ١٢ هەزار دانیشـتووی شـاری سەردەشـت هەشـت هەزار و ٢٥ کەس برینـدار بـوون، لانـی کەمچوار هەزار و ٥٠٠ کەس لەو برینـدارانە دەبـوو دەرمـان بکرێن، بەڵام تەنیـا٣٠٠ کەس لە سەردەشت بە خێرایـی دەرمـان کـران و پاشـان لە گونـدەکانی دەوری سەردەشت برینـدارەکان مـانەوە هەنـاسـەیەکی پـاکتر هەڵمـژن، هەزار و ٥٠٠ کەس کە بەسـەختی برینـدار ببـوون و دەبـوو بەرێبکـرێن بەرەو نەخۆشـخانەکانی تـاران و تەورێـز. کەمتەرخەمیـی لە چارەسـەرکردنی بەرکەوتووانی کیمیاباران بووە هۆکارێک خەڵک دۆخیان ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بێت و هەناسە تەنگی و کۆمەڵێک نەخۆشیی تـر بەربینگیان پێ بگرێت.

بەر لەوەی سـەدام هێـرش بکـاتە سـەر هەڵەبـجە لە مـاوەی سـاڵانی جەنگـی ئێـران و عێـراق ١٩٦ جـار چەکـی کیمیـایی لەڕۆژهەڵاتی کوردستان بەکارهێناوە و بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی لەم کیمیابارانانە هۆکار بووە لەوەی ڕژێمی بەعس تاوانی گەورەتر لە پارچەیەکی تری کوردستان و ئەمجارەیان لە هەڵەبجە ئەنجام بدات و لە ١٦ی ئـاداری سـاڵی ١٩٨٨ لە هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی پێنج هەزار کەس شەهید بکات و بە هەزارانی تریش بریندار بکات.

ڕژێمـی بەعـس لەو سـاڵانەی لەگەڵ ئێـران لەجەنگـدابوو، ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانی کردبـوو بە تـاقیگەیەک بـۆ چەکە کیمیاییەکانی و هەر جارە و لە شوێنێکی ئەم پـارچەیەی کوردستان بەکـاری دەهێنـا کە گەورەترینیـان لە سەردەشت بـوو کە کەوتووەتە باشووری پارێزگای ورمێ و لەگەڵ قەڵادزێ هاوسنوورە.

کاتێـک ڕژێمـی بەعـس درکـی بە کاریگەرییەکـانی ئەم چەکە کیمیـاییە لەسـەر کوشـتنی خەڵـک و بێـدەنگیی کـۆمەڵگەی نێـودەوڵەتیی لە بەکارهێنـانی چەکـی کیمیـایی کـرد، دەسـتی زۆر ئـاوەڵا بـوو بـۆ ئەوەی لە شـوێنی تـریش چەکەکە تاقیـت بکاتەوە و ئەو جۆرە چەکە بەکار بهێنێت کە زۆرترین خەڵک دەکاتە قوربانی.

ئەم ڕۆژانە برینـدارانی کیمیابـارانی سەردەشـت لەبەردەم هەڕەشـەیەکی تـر دان کە ئەویـش کۆرۆنـایە و بەهـۆی ئەوەی کە بەرگریی لەشیان لاوازە و خۆیان بە هۆی کاریگەرییە کیمیاییەکان کێشەی هەناسـەیان هەیە ئەگەر تووشی ڤـاترۆسـی کۆرۆنـا بن لەوانەیە ئاستەم بێ لەشیان ڕووبەڕووی کۆرۆنا ببێتەوە.

دوای ٣٣ ساڵ هێشتا بە هەزاران کەس لە بریندارانی کیمیایی ماون کە بەشێکیان هەر لە ماڵەکانیان بە ئامێری هەناسەدانی دەستکرد دەژین و ژیانێکی پڕ لە کولەمەرگی دەبەنەسەر و هیچ وڵات و دامەزراوەیەک ئەوانی قەرەبوو نەکردووەتەوە.

سەرچاوە: سایتی هەولێر - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٢٠

---

## کیمیابارانی سەردەشت، زامێکی هەمیشە ئاوەڵا



**مستەفا شەڵماشی**

سی و دوو ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاویدا ڕێژیمی بەعسیی عێراق لە هێرشێکی دڕندانەدا بە چەکی کیمیایی پەلاماری شاری سەردەشتی دا. لە ژمارەی کوژراو و بریندارانی ئەو کارەساتە ئاماری جۆراو جۆر بڵاو بۆتەوە. کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا ئێستاشی لەگەڵ بێ کە ٣٢ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە ئامارێکی ورد و دەقیقیان لە قوربانییانی ئەو کارەساتە بڵاو نەکردۆتەوە. لەسەرەتاوە وەزارەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی لیستەیەکی ٤٦٠٠ کەسی لە کوژراوان و بریندارانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دابوو بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەوە لە کاتێک دابوو کە هەواڵەکان باسیان لە کوژران و بنیدار بوونی زیاتر لە ٨٠٠٠ کەس دەکرد. ڕەفسەنجانی لە نوێژی هەینیی مانگی گەلاوێژی ١٣٨٢دا باس لە ٨٠٢٤ کەس شەهید و بریندار دەکا و پارێزگاری ورمێ لە ساڵی ١٣٦٧ دا باسی لە ١٠٠٠٠ شەهید و بریندار ئەم ڕووداوە دەکا. بە کورتی ژمارەی دەقیق هیچ کاتێک بڵاو نەکرایەوە. هەر لە سەرەتاوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە بە تایبەت ژمارەی قوربانییانی ڕووداوەکە بە کەمتر لەوەی کە هەیە لە قەڵەم بدا. چونکە دەیزانی کە بەرپرسایەتیی دەکەوێتە سەرشانی و پێویستە ئاوڕ لە ژیان و گوزەران و لەشساغیی بریندارران و کەسوکاری شەهیدەکان بداتەوە. بۆیە ئێستاشی لە گەڵ بێ کەسانێک هەن کە برینداربوونەکەیان لە لایەن کۆماری

ئیسلامیەوە تەئیید نەکراوە و ڕادەی تێکەڵبوونی ماددەی کیمیایی بە خوێنیان دیاری نەکراوە، ئەوە جیا لەوەی کە ئەم کەسانە لە هیچ چەشنە خزمەت و پێڕاگەیشتنێکیش سوودمەند نەبوون. بە پێی ئەو ئامارانەی بەدەست گەیشتون لە ژمارەی نیزیکەی ٨٠٠٠ کەس بریندار تەنیا ١٣٨٠ کەسیان لە لایەن دەوڵەتەوە بە ڕەسمی ناویان تۆمار کراوە و لەوانەش تەنیا چەند سەد کەسێکیان کە باس لە ٤٠٠ کەس دەکرێ، یارمەتیی مانگانەیان بۆ بڕیونەتەوە.

ڕەنگە بۆ زۆر کەس جێگای پرسیار بێ کە بۆچی شاری سەردەشت کەوتە بەر پەلاماری چەکی کیمیایی ڕژیمی بەعس. دیارە ئەوە تەنیا سەردەشت نەبوو کە کەوتە بەرپەلامارданی کیمیایی ڕژیمی بەعس، بەڵام لێدانی سەردەشت لە هەمو ناوچەکانی دیکە بەرفراوانتر و قوربانییەکانیشی زۆرتر بوون، هەتا دواجار کە ڕێژیمی بەعس کارەساتی هەڵەبجەی خوڵقاند. ئەوەی جێگای ئاماژەیە هۆکاری هەڵبژاردنی شاری سەردەشت بۆ لێدان بە چەکی کۆمەڵکوژە. یەکێک لە هۆکارەکان ئەوە بوو کە سەردەشت و ناوچەی سەردەشت بە درێژایی دەیان ساڵ ناوەندی جووڵانەوەی کورد بووە چ لە باشور و چ لە ڕۆژهەلات. زوربەی حیزبە کوردستانییەکانی باشووریش ناوەندەکەیان لە و ناوچەیە بووە. هۆیەکی دیکەی ئەوەبو کە نێوشاری سەردەشت چ لە سەردەمی حکومەتی پەهلەویدا و چ لە سەردەمی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا پادگانێکی گەورەی نیزامی لێ بووە کە ئێستاش لێیەتی. دەوڵەتی ناوەندی لە ئێران بە گشتی هەمیشە وەک ناوچەیەکی ئەمنییەتی و هەڕەشەیەک بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندی چاوی لێ کردوە و هەر بەو پێیەش میلیتاریزەی کردوە. بەو سیاسەت و کردەوانەی دەسەڵاتدارانی تاران لە ڕاستیدا سەردەشت بووەتە خەتی پێشەوەی بەرەی شەڕ لەگەڵ هەر هێزێک کە لە سنوورەکانی باشوری کوردستانەوە ڕوو لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران بکا. دیارە لە سەردەمی شەڕی ئێران و عێراقیشدا بۆ ڕێژیمی بەعس هەر بەو پێیەش ببوو بە ئامانجێکی نیزامیی دیاریکراو.

مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ لەو کارەساتەدا ئەوە بوو کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ سۆزێکی بۆ دانیشتووانی شاری سەردەشت و دەوروبەری نەبوو. لەگەڵ ئەوەی کە دەیزانی ڕێژیمی بەعس چەکی کیمیایی بەکار دێنێ و لەگەڵ ئەوەش کە دەیزانی شاری سەردەشت و دەوروبەری یەکێک لە ئامانجەکانە، بەڵام هیچ ڕێکارێکی پێشگیرانە لە زیان و زەرەری بۆ خەڵک نەگرتبووە بەر. ئەوە لە حاڵێک دابوو کە یەک حەوتوو بەر لەو کارەساتە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێو هێزە نیزامییەکانی خۆیدا ماسکی بەرگر لە بەرامبەر ماددەی کیمیایی بڵاو کردبۆوە. پرسیارەکە ئەوەیە کە بۆچی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکیشدا ماسکی بڵاو نەکردۆتەوە؟

بێ مەسئولییەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر قوربانییانی چەکی کیمیایی لە دوای کارەساتەکەش لەو پەڕی خۆیدا بوو. ئەو ڕێژیمە لەکاتێکدا کە بەرپرس بوو لە پێڕاگەیشتن بە بنەماڵەی شەهیدان و بریندارەکانی ئەو کارەساتە، زۆر بە کەمی ئەرکی خۆی بەجێ گەیاند و تا ئێستاشی لەگەڵ بێ بەشی هەرەزۆری بریندارەکانی ئەو کارەساتە بە بیانووی بونی

ڕاددەی کەمی مەوادی کیمیایی لە لەشیاندا وەک برینداری ناناسێ و هیچ جۆرە یارمەتییەکیان پێ ناکا. وە تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سەردەشت بەدەست کاریگەریی بۆمبارانی کیمیایی لە سەر تەندروستیان دەناڵێنن و بەدوای دەواو دەرمانەوەن بێ ئەوەی هیچ دەستێکی یارمەتییان بۆ درێژ کرابێ.

لە لایەکی دیکەوە ڕێژیم هیچ خۆی ماندو نەکرد کە ئەو کارەساتە لە ناوەندە نێو دەوڵەتییەکاندا بە تاوانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە دژی خەڵکی مەدەنی بناسرێ و لە چوارچێوەی ڕووداوەکانی شەڕی نێوان دوو وڵات بێتە دەر. تەنانەت کاتێک بە هەوڵ و تێکۆشانی چەند چالاکێکی کورد و حیزبی سۆسیالیستی هولەند مەسەلەی بۆمبارانی کیمیایی سەردەشت و هەڵەبجە گەیشتە دادگای نێودەوڵەتیی لاهە لە هولەند و تەنانەت بازرگانێکی هولەندیش بە ناوی ڤان ئانراد بە تاوانی فرۆشتنی ئەو چەکە بە ڕژیمی سەددام مەحکوم کرا و ڕژیمی سەددامیش ڕەسمەن وەک بەکار هێنەری ئەو چەکە مەحکوم کرا، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە بە شێوەی ڕەسمی دەبوو پەروەندەکە بقۆزێتەوە و لە ناوەندە نێونەتەوەییەکان بەکاری بێنێ و لانیکەم هەوڵ بدا کە قوربانییەکان قەرەبو بکرێنەوە، هیچ کارێکی ئەوتۆی نەکرد و بابەتەکەی دیزەبەدەرخۆنە کرد و لەبیر خۆی بردەوە.

لەوەش گرنگتر نە لە کاتی ڕێککەوتن لە سەر ڕاگرتنی شەڕی ئێران و عێراقدا و نە دواتر کە ڕێژیمی سەددام ڕووخا، مەسەلەی بەکار هێنانی چەکی کیمیایی لە دژی خەڵکی مەدەنی، کە بە شێوەی سەرەکیش لە کوردستاندا بەکار هاتبوو، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی گرنگی پێویستی پێ نەدا و نەیکردە مەرجێک لەسەر ڕێژیمی عێراق کە قوربانییەکانی ئەو جینایەتە سامناکە قەرەبوو بکاتەوە.

لە هەمویان زەقتر کاتێک ڕێژیمی سەددام ڕووخا و لە عێراق دەوڵەتێک هاتە سەرکار کە بەشی زۆری لە شیعە و نیزیک بە کۆماری ئیسلامی بوون، هەر بە یەکجاری قوربانییانی شاری سەردەشت و جێگاکانی دیکەی لە بیر بردەوە و لەجیاتی داوای قەرەبووکردنەوەی قوربانییان لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە، تەنانەت ئیمکاناتی ئێرانیشی لە ئیختیار هێزەکانی وەک حەشدی شەعبی نا تا بۆ بەرنامەکانی ئاژاوەگێرانەی خۆی لە عێراق و ناوچەدا کەڵکیان لێ وەرگرێ. ئەوە لە کاتێک دایە کە هیچ کارێکی ئابووری و ئاوەدانی بۆ شاری سەردەشت و دەوروبەری نەکردوە و کەسوکاری شەهیدان و بریندارانی هێرشی کیمیایی لە بەر بێدەرەتانی و بۆ ژیانێکی نەمر نەژی ڕوو لە کۆڵبەری دەکەن و کۆماری ئیسلامیش تەنانەت ئەوەشیان پێ ڕەوا نابینێ و هێرشیان دەکاتە سەر و دەیان کوژێ.

قوربانیانی کیمیابارانی شاری سەردەشت و ناوچەکانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەند لایەنەوە زوڵمیان لێ کراوە.لە لایەن جینایەتکارانی ڕێژیمی بەعسی ڕووخاوەوە کە دڕندانە و زۆر بە بێتاوانی هێرشی کیمیاییان کراوەتە سەر،

لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە کە هیچ خۆی لێ بە خاوەن نەکردوون و لە لایەن کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشەوە کەچاوپۆشی کردوە بەرامبەر جینایەتێکی ئاوا سامناک لە دژی مرۆڤایەتی.

ماف کۆن دەبێ و نافەوتێ، بۆیە جێگای خۆیەتی ئێستاش بەدواداچوون بۆ مافی قوربانییانی کیمیابارانی هەڵەبجە، سەردەشت وناوچەکانی دیکە بکرێ. باشترین ڕێگاش ئەوەیە کە ڕێکخراوێکی بەهێز بۆ ئەوکارە دابمەزرێ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور و هەموو حیزبە کوردستانییەکانیش پشتیوانیی لێ بکەن، تا قوربانیانی کیمیاباران بە مافەکانی خۆیان بگەن. جێگای ئاماژەیە کە ڕێکخراوی (چاک) کە ڕێکخراوێکی دیفاع لە مافی قوربانیانی چەکی کیمیایی لە کوردستان بوو، لە هولەند و ئوروپا چالاک بوو، زۆر زەحمەتی کێشا و ماوەیەک زۆر هەوڵی بۆ ئەم مەبەستە دا، بەڵام بەهۆی پشتیوانی نەکران و کەم دەرەتانی، هەرچەند کاری گەورەی کردن، بەڵام هەوڵەکانی بەس نەبوون. ئەو کەیسە پێویستی بە چالاکی زۆرتر و پشتیوانیی زۆرتر هەیە لە لایەن هێزە سیاسیەکانی کوردستانەوە بە گشتی و لە لایەن دەزگا ڕەسمییەکانی کوردستانەوە بە تایبەتی. چاوەڕوانی زۆر لە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا ناکرێ، چونکە هەر لەسەرەتاوە بە کێشەی خۆیانیان نەزانیوە و ئێستاش بە کێشەی خۆیانی نازانن.

(لە ژمارەی ٧٥٣ی"کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە)

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠١٩

# پاش ٣٠ ساڵ



**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

دوای ٣٠ ساڵ لە بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت، زامدارانی ئەو کارەساتە تا ئێستاش بێ چارەسەر ماونەوە. هەموو ساڵێک ڕۆژی ٧ی پووشپەر، خەڵکی شاری سەردەشت بە یادی شەهیدانی بۆمبارانی شیمیایی ئەو شارە دێنە سەرشەقام و بەکۆمەڵ دەچنە سەر مەزاری شەهیدانی پووشپەڕ لە گۆڕستانی گردەسوور و بۆ ماوەیەک خەمەکانیان لەلای ئازیزانی لەدەستچوویان بە خوێندنەوەی بابەت و هۆنراوە و شێعر و سروود بەبا دەدەن.

لە یەکەم مانگی هاوینی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا، پشووی هاوین تەنیا حەوت ڕۆژ بوو دەستی پێکردبوو؛ خەڵک و قوتابیان بەرەو پشووی هاوینیی خۆیان دەچوون، مخابن لەپڕ و لە کاتژمێر ١٦:٣٠ی خولەکی ئێوارە بە گرمە و هاشەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی حکوومەتی بەعس و بەچەند تەقینەوەیەک هەموو ئارەزوو و خولیاکانی ئەو شارە بۆ پشووی هاوین و بەرنامەی ساڵانەیان بوون بە ناڵە و ئێش و ئازار. دوای ئەوەی لەلایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراقەوە چەند بۆمبێک بە سەر چەند گەڕەکی شاردا بەردراونەوە، لەپڕ شار نوقمی تەپ و تۆزێکی سپی و وێرانی بوو، بە چەند خولەکێک دواتر چەند بۆمبی دیکەش بە سەر گوندەکانی ڕەشەهەرمێ و دەشتی کەپراندا بەردرانەوە و لەوێش زەرەر و زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی و ژینگەیی بەدواوە بوو. ئەم کارەساتە و ئەم ڕووداوە ٣٠ ساڵە بابەت و نووسراوەی جۆراوجۆر و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی پزیشکی لەسەر دەکرێ بەبێ ئەوەی لە ئازاری خەڵکی گیرۆدەبوو بە گازە شیمیاییەکان کەم بکاتەوە، بە پێچەوانەوە هەموو ساڵێک زامداران و گیرۆدەبووان بە گازەکانی ئەسید و خەردەل دوای چەندین ساڵ ژیانی کوڵەمەرگی و هەناسەساردی و بەبێ ئیمکانات سەردەنێنەوە و لە مەزارگەی گردەسوور لەلای خزم و کەس و کاریان بۆ ئەبەد دەستلەملانی خاکی وڵات دەبن.

دوای شەڕی گەورەی دووهەمی جیهانی، سەردەشت وەک یەکەمین قوربانیی چەکی شیمیایی لە جیهاندا ناسراوە و ناونووس کراوە، بەڵام بەداخەوە لە سەردەمی پێشکەوتنی جیهانی و زانستی دەرمانی و پیشەوەچوونی کاری پزیشکی، هەنووکەش زامدارانی ئەم کارەساتە بە دەم ئازارەکانیانەوە دەتلێنەوە و وەک بێنازترین و بێدەرەتانترین کەسەکان لەم جیهانەدا ماونەوە و کەس نییە کە ئاوڕیان لێبداتەوە. ڕێژەی شەهید و بریندارەکانی ئەو کارەساتە لە زمان ئایەتوڵڵا ڕەفسەنجانییەوە کە لە نوێژی هەینیی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٢دا باسی کردبوو، ٨٠٢٤ کەسن و هاوکات پارێزگاری ورمێ لە ساڵی ١٣٦٦ و ٦٧دا لە وتارێکی خۆیدا ئاماژە بە شەهید و برینداربوونی دە هەزار کەس لە دانیشتووانی شاری سەردەشت دەکا و جیا لەو کەسانەش وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران هەر ئەو کات لیستەیەکی ٤٦٠٠ کەسیی لە بریندارانی و شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشتی دابوو بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەر بەپێی ئەو بەڵگانەش کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی دابوونی بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، قوربانییەکان خەڵکی مەدەنی و ئاسایی بوون و پادگان و بنکە سەربازییەکانی حکومەت نەکەوتبوونە بەر ئەو پەلامارە و زەرەر و زیان بە بنکە و بارەگاکانیان نەکەوتبوو و داوایان لە خێرخوازان دەکرد کە بێن یارمەتی بە خەڵکی زامدار و بێپەنای ئەم دەڤەرە بکەن، بەڵام دوای تێپەڕینی ٣٠ ساڵ لەم کارەساتە وەزارەتە پێوەندیدارەکان، بۆ خۆیان هیچ ئاوڕێک لەم شارە بە گاز خنکێندراوە نادەنەوە و بەتەواوی دوای ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بە فەرامۆشیان سپاردوە و بە هەزاران کەس لە وەبەرکەوتووانی ئەم کارەساتە مەرگهێنەرە بە دەست ئازار و زامەکانیانەوە دەناڵێنن و لەوپەڕی بێئیمکاناتی و نەبوونی داودەرمان و گاز و ئۆکسیژێنی تایبەتدا، کاتەکانیان بە چاوەڕوانیی چاکبوونەوە تێپەڕ دەکەن.

بەپێی نوێترین هەواڵ لە سەرجەم قوربانییەکانی ئەم کارەساتە تەنیا نزیک بە ٥٠٠ کەس یارمەتیی ماددی و پزیشکی وەردەگرن و لەوانەش تاکوو ئێستا بەشێکیان هەر بەردەوام بەدوای دەرمانی باشتردا دەگەڕێن کە بەهۆی گرانی و کەمبوونی ئەو جۆرە دەرمانانە هەموو کەس ناتوانێ وەدەستیان بخا یان خود بتوانێ بیانکڕێ. لەدوای سی ساڵ نەخوێندنەوەی زامدارانی شاری سەردەشت لەلایەن کاربەدەستانی ڕێژیمەوە، بەداخەوە ڕۆژ بە ڕۆژ وەزعی وەبەرکەوتووانی ئەو ڕووداوە هەر دێت و بەرەو خەراپی دەچێ و بەشێکی بەرچاو لە زامداران تووشی خەمۆکی و ناڕەحەتیی دەروونی بوون.

لە قەیرانی دارایی ئێران و گرانی و هەژاری و بێکاری ئەمڕۆی ئێراندا، وەزعی خەڵک بە گشتی بەرەو خراپی زیاتر دەڕوا و ئەو بارودۆخە بۆ زامداران زۆر زیاتر قورسایی لە سەر ژیانیان دەکا؛ ئەگەر جاران تا ڕادەیەک خەڵک بە زەحمەتێکی زۆر دەیانتوانی کەرەسەکانی خۆیان دابین بکەن، بەداخەوە ئەمڕۆ بە هۆی گرانی هەموو جۆرە کەرەسەیەک و بەتایبەت داودەرمان کە چەند قات گرانتر بووە، قورساییەکی زۆر کەوتۆتە سەر زامدارانی شیمیایی و بنەماڵەکانیان و ئەوەش باری سەرشانی هەمووانی زیاتر قورس کردووە. بەهۆی نەبوونی ناوەندێکی تایبەت بە چارەسەری نەخۆشییەکانی پێست و هەناسەسواری و ئاسم و چاوکوڕزانەوە و کۆخە و زۆر نەخۆشیی دیکە، زامداران بە ناچار ڕوو لە شارە گەورەکانی دیکەی

ئێران یان کوردستان دەکەن و ئەوەش بۆ ئەوان جیا لە تەحەموولی ڕێگابڕینێکی زۆر و خەرجیی زۆر، هاوکات زۆرجار بەبێ چارەسەرکردن گەڕاونەوە.

چەند ساڵ پێش ئێستا زیاتر لە ١٠٠ پارێزەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ سەرۆککۆماری ئێران ئاماژەیان بەوە دابوو کە شاری سەردەشت وەک شاری ئاشتی بناسرێ و هاوکاتیش وەبیر حکوومەت و ناوەندەکانی دەسەڵاتیان هێنابۆوە کە دەبێ دەوڵەت هەموو خەرجی و پێداویستییەکان بۆ ئەم شارە دابین بکا و لە یەک ڕستەدا نووسیبوویان کە ئەوە ئەرکی سەرشانی دەوڵەت و حکوومەتە کە قەرەبووی زیانەکانی بەرکەوتووان و قوربانیان بکاتەوە و کەرەسە و نەخۆشخانەی تایبەت و پێویستییەکانیان بۆ دابین بکا. لە بەشێکی دیکەی ئەم نامەیەدا هاتبوو کە لەگەڵ ئەوەدا چەندین ساڵ بە سەر قەبووڵکردنی یاسای ئەرکدارکردنی دەوڵەت بۆ ناساندنی زامداران و قوربانیانی شاری سەردەشت تێپەر دەبێ، بەڵام مخابن دوای ئەو نامەیەش هیچ کارێک بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە لە هەموو ئەو شوێنانەی کە چەکی شیمیاییان لێ بەکار هاتووە وەک شارەکانی سەردەشت، پیرانشار، مەریوان، بانە، گوندی زەردە، نۆدشە و نەوسوود و گیلانی غەرب و کرماشان و چەندین شوێنی دیکە نەکراوە و لە هەموو ئەو ناوچانەدا بە هەزاران کەس بە دەست زامی شیمیایی دەناڵێنن و تووشی دەیان نەخۆشی بێچارەسەر بوون. جێگای خۆیەتی لێرەدا بە هەموو هێز و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێین کە چیدی لە ئاست ئەو کۆمەڵکوژییەدا بێدەنگ نەبن و لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکانیان لە دونیای دەرەوەدا باس لە نەهامەتی و کێشە چارەسەرنەکراوەکانی هەموو ئەو شوێنانە بکەن کە بە هۆی بۆمبارانی شیمیایی خەڵکەکەیان تووشی چەندین جۆرە نەخۆشی و ناسازی بوون و بە گشتی ئەم کارەساتە بە ژینۆساید و قڕکردنی نەتەوەیەک لە جیهاندا بناسێندرێ.

لە کۆتاییدا ئەوە وەبیر دێنمەوە کە ئەگەر حکوومەتی بەعسی عێراق سەردەشتی شیمیاباران کرد، ئەوە کۆماری سێدارەی ئێرانە کە بە خەمساردی و گوێنەدان بە خواستی زامداران و بەرکەوتووان و هەروەها بە هێرشی ئەنفالی سپی بۆ سەر خەڵک، شاری سەردەشت و ناوچەکە و لاوانی ئەو شارەی تووشی چارەڕەشی و نەهامەتی کردووە و خەریکە بە بڵاوکردنەوە و دروستکردنی شیشە و مادده هۆشبەرەکانی دیکە هەستی لاوانی سەردەشت و کوردستان خەوشدار دەکا.

بۆ بەگژداچوونەوە و بۆ گەڕاندنەوەی هەیبەتی لاوان، پێویستە هەموو لایەک دەست بدەینە دەستی یەک و بەڕێوەبەران و دروستکەرانی مادده هۆشبەرەکان بە سزای خۆیان بگەیەنن، کە پێکهێنانی ئەو بارودۆخە لە بنەڕەتدا هەر کۆماری ئیسلامی و کاربەدەستان و بەڕێوەبەرانی سوپای پاسدارانن.

سڵاو لە خەڵکی خۆڕاگریی کوردستان و شەهیدانی کارەساتی ٧ی پوشپەری سەردەشت و تەندرووستی و باشبوونەوە بۆ

زامدارانی شیمیایی سەردەشت بە ئاوات دەخوازین و مەرگ و نەفرەت بۆ خوڵقێنەرانی ئەو جەنایەتە سامناکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٨

## بە یادی زام و هەناسەی سوار و برینی سارێژنەکراوی سەردەشت



ئـەوەی سـەربەرزە لـەم وێرانەدا تووشی خەم و دەردە
چیای سـەرکەش ببینە قەت سەری بێ هەور و تـەم نابێ

«هێمن»

ئامادەکردن: ئیسلاح وێب

لە جەنگدا خەڵکی ئاسایی بەشدار نین، کەوایە نابێ بکرێنە ئامانجی جەنگ، دەسەڵاتە دژبەرەکان دەبێ لە هەر چەشنە زیان گەیاندنێک بە خەڵکی ئاسایی خۆ بپارێزن و شەڕ و جەنگ لە ناوچەی ئاسایی شار و گوند دوور کەنەوە. (یاسای ١٨٧٤ی برۆکسێل و ١٩٠٧ی لاهە)

٣١ ساڵ پێش ئێستا، فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسی عێراقی چوار خاڵی قەرەباڵغی ناوەندی شاری سەردەشتی سەر بە پارێزگای ورمێ و سێ خاڵ لە گوندەکانی دەوروبەریان کیمیاباران کرد، لە ئەنجامدا ١١٠ هاوڵاتی دەستبەجێ شەهیدبوون و زیاتر لە هەشت هەزاری دیکە بریندار بوون.

ڕۆژی یەکشـەممە کـاتژمیری (٤:٣٠)ی سـەر لـەئێوارەی (٢٨)ی حـوزەیرانی سـاڵی (١٩٨٧)ی زایینـی، بەرانبـەر بـە (٧)ی پووشپەڕی (١٣٦٦)ی هەتاوی، هێزە ئاسمانییەکانی ڕژیمی بەعسی عیـراق و فڕۆکەوانـەکانی ئـەو ڕژێمە، بـە گـازی کیمیـایی هەڵیانکوتایە شاری سەردەشت و حەوت جاریان بۆردوومان کرد.

شـاری سەردەشت یەکـەمین شـار بـووە لـە جیهانـدا کـە تـا ئـەو کـات بۆردوومـانی کیمیـایی کرابـوو و زیـاتری هۆکارەکـەی بـۆ شەڕی ئێران و عێراق لەو ناوچەیە و بەشێکی تر لە هۆکارەکەشی بۆ کورد بوون و لە سنوور بوونی ئەو شارە دەگەڕێتەوە.

بەپێـی ئامـارە فەرمییەکـان، لە کـۆی ١٢ هەزار دانیشـتووی ئەو کـاتەی شـاری سەردەشـت، هەشت هەزار و ٢٥ کەس برینـدار بـوون، لانیکەم ٤ هەزار و ٥٠٠ کەس لەو برینـدارانە دەبـوو چارەسـەرییان بـۆ بکرێـت، بەڵام تەنهـا ٣٠٠ کەس لە سەردەشت چارەسەرییان بۆ کرا.

برینـدارەکانی دیـکە لە گونـدەکانی دەوروبەری سەردەشـت مـانەوە بـۆ ئەوەی ژەهـری هەوا کەم بێـتەوە ئینجـا بـۆ چارەسـەری پزیشـکی بەڕێ بکـرێن، هەزار و ٥٠٠ کەس کە بەسـەختی برینـدار ببـوون و دەبـوو بەرەو نەخۆشـخانەکانی تـاران و تەورێـز بەڕێکرا بوایەن. بەپێی ئامارەکان لەکۆی ئەو بریندارانە ١٣٠ کەس شەهید بوون.

لە مـاوەی ٣١ سـاڵی ڕابـردوو ژمـارەیەکی زۆری دیکە لەو برینـدارانە پـاش چەشـتنی ئـازاری چەنـدین سـاڵە گیانیـان بەخت کردووە و هەرگیز هیچ چارەسەرییەکیان بۆ ئەنجام نەدرا، ژمـارەیەکی زۆریشـیان بە نەخۆشـی دەژیـن، ئەوە لە کاتێکدایە کە بەشێک لە نەخۆشییەکانیان بەشـێوەی بۆمـاوەیی گـوازراوەتەوە بـۆ منـداڵ و نەوەکـانی دیکە، واتە زامەکەی سەردەشت سـاڵ لەدوای ساڵ نوێ دەبێتەوە و هێشتا بنەبڕ نەکراوە.

کیمیابـارانی شاری سەردەشت لە بەر چاوی کۆمەڵگـای نێودەوڵەتی ئەنجام درا، بەڵام تـاکە هەڵوێستیان بەرامبەری تەنهـا بێدەنگی بوو .بێـدەنگی و ناهەسـتیاریی کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتیی بەرامبەر بە کیمیابـارانی سەردەشت و پێش ئەویـش بـانە، وایکرد کە سەددام و عەلی حەسەن مەجید لە ساڵی ١٩٨٨ دا بەبێ دوودڵی تراژیـدیای هەڵەبـجە بـۆ گەلـی کـورد پێکبێـنن و دوای ئەویش بە ئەنجامدانی دژەمرۆڤانەترین تاوانەکان لە دژی گەلی کورد لـە پرۆسـەی ڤڕکـردن و ژینۆسـایدی گەلـی کـورد بەردەوام بن.

سەردەشت لەو کاتەوە تاکوو ئێستا لەو پەڕی بیکەسیدا هەناسەی سوارە و برینـەکانی سـاریژ نەکراونەتـەوە، بەرکـەوتوانیش لەو تـا هەنووکە لە دۆخێکی زۆر نـالەبـاردا ژیـان بەسەر دەبەن، خەڵکی ئەو شارە هەموو ساڵێک هەوڵ دەدەن کە یـادی ئەو

کارەساتە بە شێوەیەک بکەنەوە و ئەو ڕۆژە ڕەشەی مێژوو بۆ هەمیشە لە یادەکان بهێڵنەوە.

لە سی و یەکەمین ساڵیادی ئەو کارەساتە دڵتەزینە، یادی شەهیدە بێتاوانەکان بەرز ڕادەگرین و هیوای هەرچی زووتر چارەسەربوونی ئازاری ئەو تووشبووانەی کیمیایی لەو شارە و هەر وەها ئاوڕدانەوە و یادکردنەوەی زیاتر لەو شارە لە لایەن هەر کوردێک و مرۆڤ دۆستێکەوە دەخوازین و هیوای دووپات نەبوونەوەی کارەساتی لەو چەشنە بۆ هەموو خەڵک و وڵاتێک دەخوازین و پڕ بە دڵ بۆ لە ناوچوونی هەموو ئەو دەسەڵاتە بێ وێژدانانە ئاواتەخوازین کە لە دووپاتکردنەوەی ئاوەها کارەساتگەلێک خۆ ناپارێزن.

سەرچاوەکان:

١- ڕۆژنیوز(rojnews)، ناوەندی هەواڵەکان؛ ساڵ بەساڵ زامی کۆمەڵکوژییەکەی سەردەشت بە سۆتر دەبێت، نووسەر: ب.ل
٢- پاوە پرس(pavehpress)؛ بە بۆنەی ساڵوەگەڕی کیمیابارانی شاری سەردەشت، نووسەر: ناصح محمودی

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێگەی ڕاگەیاندنی ئیسلامی - ڕێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٨

# شیمیایی بارانی سەردەشت و کەمتەرخەمیی کۆماری ئیسلامی



**عومەر باڵەکی**

**٧ی پووشپەڕی هەموو ساڵێک بیرخەرەوەی کارەساتی شیمیایی بارانی سەردەشتە کە بە هۆی فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق خەڵکی بێدیفاعی ئەو شارە لە چوار نوختە و شوێنی شارەوە بۆمبارانی شیمیایی کران کە لە ئاکامی ئەو بۆمبارانە دژئینسانی و دوور لە عورفی شەڕ و پەیمانە نیونەتەوەییەکاندا، بە پێی ئامارەکانی ئەو سەردەمە نزیک بە ٢٠٠ کەس شەهید و نزیک بە ٨٠٠٠ کەس لە خەڵکی بێدیفاعی ئەو شارە بریندار و گازگرتوو بوون کە بە داخەوە دوای تێپەڕبوونی ٢٩ ساڵ بە سەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا بە ئاشکرا ئاساواری برین و گازگرتوویی و نەخۆشیی بە جەستەی زۆربەی ئەوانەوە دیارە کە ئەو ڕۆژە لە شاری سەردەشت لە نزیک تەقینەوەی بۆمبەکان بوون، بێ ئەوەی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی زۆری خۆ پێوە ماندوو کردبن یا بە واتایەکی دیکە خۆی لە بەرانبەردا بە بەرپرس زانیبن. لێرەدا پرسیار ئەوەیە حکوومەتی کوماری ئیسلامی چەندە خۆی بەرپرسیار دەزانێ چ لە کاتی بۆمبارانەکە و چ دوای بۆمبارانەکە؟ ئایا بەراستی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و خەڵکی**

**سەردەشت بەتایبەتی بە هاووڵاتیی ئێرانی دەزانێ؟ ئەگەر وڵامی ئەو پرسیارانە ئەرێنی بێت ئەدی چۆنە لەو بابەتە دیار و بەرچاوەدا کە بە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق و درێژەدانی ئەو شەڕە لە لایەن خودی خومەینی‌یەوە، خەڵکی بێتاوانیش لە شار و گوندەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، تێوەگلان و ئاوری شەڕ ژیان و ماڵی تێکەوە پێچان، هەتا ئێستا بە هاواری بەرکەوتووانی شیمیایی بارانی سەردەشت و شوێنەکانی دیکەی کوردستانەوە نەچوون! بە پێی بنەما نێوخۆیی و نێودەوڵەتی‌یەکان، دەوڵەت و سیستمی سیاسی لە هەر وڵاتێکدا بەرپرسایەتیی پاراستنی گیان و ماڵ و ئەمنییەتی هاووڵاتیانی دەکەویتە سەرشان و هەر جۆرە کەمتەرخەمی‌یەک لە ژێر هەر ناو و پاساوێکدا، نیشانەی ئەوەیە کە دەوڵەت نییەتێکی بە ئەنقەستی تێدایە بۆ ئەوەی زیان بە خەڵک بگەیەنێ. لەو کارەساتە سامناکەی سەردەشتدا ئەوە**

بە روونی دەردەکەوێ کە سیستمی دەسەڵاتداری ئێران بە ئەنقەست چ پێش لە رووداوی بۆمبارانەکە و چ دوای ئەوە، خۆی گێل کردوە و کەمتر بایەخی پێ داوە و تەنیا هەوڵی داوە لە بازنەیەکی بەرتەسکی ناوچەکەدا بهێڵدرێتەوە. ئێستا پرسیار ئەوەیە کۆماری ئیسلامی دەبوایە چ بکا کە نەیکردووە؟ ئەگەر زۆر بە کورتی ئیشارەیان پێ بکەین دەتوانین گرینگترین خاڵەکان بەم شێوەی خوارەوە دەست نیشان بکەین؛

**ئەلف:** بە پێی هەموو شاهیدحاڵەکان و راپۆرتی هەواڵنێرە نێوخۆییەکان، خەڵکی سەردەشت کەمترین زانیاریان لە سەر چەکی شیمیایی لە کاتی تەقینەوەدا نەبووە کە بزانن یەکەم کاردانەوەی سەرەتاییان تا گەیشتنی تیمی فریاکەوتن دەبێ چۆن بێ و ئەو کەسانەی کە وەبەر ئەو جۆرە چەکانە کەوتوون چۆن هەڵسوکەوتیان لە گەڵ بکرێ بۆ ئەوەی کەسانی تووش نەبوو و سالم، لە گازگرتوویی و تووش بوون بە مەوادی شیمیایی پارێزراو بن.

**ب:** نەبوونی ئیمکاناتی دەرمانی و پێڕاگەیشتنی خێرا بە بریندارەکان، یەکێکی دیکە لە کەمتەرخەمییەکانی کۆماری ئیسلامییە، بە پێی قسەی " دوکتور حەسەن سەفت فرۆش" ناوەندی فریا کەوتنی شیمیایی لە گوندێک بە ناوی "هەوار سێمان" کە ١٥ کیلۆمیتر لە شاری سەردەشت دوورە، دامەزراوە و هەر ئەو دوکتورە دەڵێ کاتێک خەڵکمان ئاگادار کردەوە کە ئەوە بۆمبارانی گازی شیمیاییە کە زیاتر لە ٢٠ خولەک بە سەر تەقینەوەی بۆمبەکان تێپەر ببوو و بۆ بە هاناوە چوون و تیمار کردنی بریندارەکان لانی کەم سەعاتێکی خایاندوە کە ئەوە ماوەیەکی یەکجار زۆرە بۆ بڵاوبوونەوەی گازی شیمیایی و زۆر بوونی خەسارەتی مرۆیی.

**ج:** هەر چەند شاری سەردەشت وەک شارێکی سنووریی لە کاتی شەڕی عێراق - ئێران دا هەموو کات ئامانجی هێرشی فڕۆکە شەڕکەرەکان و تۆپ دوورهاوێژەکانی عێراق بووە، بەڵام حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کەمتر حاڵەتی پەدافەندیی بۆ کەمکردنەوەی خەسارە مرۆییەکان لەو شارە رەچاو کردووە و هەر ئەو دوو نموونەی سەرەوە خۆی دەرخەری ئەو راستییەن.

**د:** ٢٩ ساڵ بە سەر کارەساتی شیمیایی بارانی سەردەشت تێپەڕ دەبێ بەڵام بۆ جارێکیش نە دەوڵەت و نە مەجلیس لە بیری ئەوەدا نەبوون بە پەسەند کردنی پرۆژە یاسایەک ئەو کارەساتە سامناکە لانی کەم لە نێوخۆی ئێران دا وەک جینایەتی جەنگی سەدام حوسێن دژ بە خەڵکی بێدیفاعی کوردستان بناسێنن و رەوتی قانوونی و ئیجرایی پێ بدەن.

**ە:** لە دوای راگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان ئێران و عێراق، دەوڵەتی ئێران هەلی ئەوەی بۆ رەخسا بوو کە داوای قەرەبووکردنەوەی زیان و زەرەری ماڵی بکاتەوە، کارەساتی سەردەشت دەیتوانی یەکێک لە بەڵگە بەهێزەکان بێت بە دژی سەدام حوسێن و دەوڵەتەکەی، چونکە بە پێی پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ی ژێنێڤ، بە کار هێنانی گازی سەممی و خنکێنەر لە

شەڕەکان دا قەدەغەیە کە دەبینین دەوڵەتی عێراق لە ماوەی شەڕی عێراق - ئێران دا لانی کەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نزیک بە ١٣ جار لە سەر خەڵکی بێ دیفاع تاقی کردۆتەوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٣٦١ لە "ساوجی" ناوچەی مەریوان وچلەپۆپەی ئەو بومبارانە شیمیایانەی عێراق لە شاری سەردەشت لە ساڵی ٦٦ بەڕێوەچووە. بەڵام ئێران بە ئەنقەستیش بووبێ نەیویستووە ئەو پەروەندەیە بێنێتە جیهانی و نیودەوڵەتی، هەر بۆیە لە کاتی دەسەڵاتدارەتی سەدام حوسێن دا بە دوای دا نەڕویشتووە وهەوڵی داوە ئیمتیازی سیاسی بە قازانجی مانەوەی دەسەڵاتی خۆی لە سەدام بستێنێ و وا نیشان بدا کە لەو شەڕەدا براوەی شەڕە. هەرچەند ڕەنگە لەو نووسینەدا کە بابەتەکە بەرپرسیارەتیی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی‌یە بەرامبەر بە شەهیدان و بریندارانی شیمیایی بارانی سەردەشت، بەڵام دەکرێ ئەو پرسیارانەش بێنینە ئارا و لە سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی بپرسین، دەسکەوتی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران - عێراق چی بووە بۆ گەلانی ئێران، بێجگە لەماڵوێرانی و زیان و زەرەرێکی زۆری ماددی و مەعنەویی و، بە چ پێوانەیەک خۆیان بە سەرکەوتووی ئەو شەڕە دەزانن؟ چونکە دوای تێپەر بوونی ٢٨ ساڵ بە سەر ئاگربەستی ئەو شەڕە هێشتاش ئاسەواری جەستەیی و ماددی و مەعنەوی لانیکەم بە جەستەی بریندارانی شاری سەردەشت دا دەبیندرێ و تێپەر بوونی کات نەیتوانیوە و ناشتوانی ئەو برینە قووڵە سارێژ بکاتەوە.

ق: دوای ڕوخانی سەدام حوسێن و هاتنە سەر کاری حکوومەت و دەسەڵاتێکی دیکە لە عێراق دیسان ئەو هەلە لە دەستی سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی دا هەبوو کە لە ڕێگای پیوەندیی دیپلوماتیکی دوو لایەنەی عێراق - ئێران، ئەو پەروەندە زیندوو بکرێتەوە و داوا لە حکوومەتی عێراق بکرێ کە کردەوەی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت کە بە فەرمانی سەرکۆماری پێشووی عیراق واتا سەدام حوسێنەوە ئەنجام دراوە مەحکووم بکا و لەهەمان حال دا دەوڵەتی عێراق ئەرکدار بکرێ بە قەرەبوو کردنەوەی زیانی بنەماڵەی شەهیدان و بەرکەوتووەکانی چەکی شیمیایی، کە هەتا ئێستا بە هەموو تەراتێنەکانی ئێران لە عێراق، ئەو پەروەندەیە بێ دەنگی لێکراوە. بەڵام ئەگەر لەو حاڵەتەدا دەوڵەتی عێراق وەڵامی داخوازیی دەوڵەتی ئێرانی نەدایایەوە دەوڵەتی ئێران دەیتوانی لەو مافەی خۆی کەڵک وەربگرێ کە دەعوای قەزایی لە دیوانی دادگوستری نیونەتەوەیی بە دژی عێراق تۆمار بکا و وەک پەروەندەیەکی سەربەخۆ بیدا بە دادگا و داوای مەحکوومییەتی عێراق و قەرەبووە کردنەوەی زیان لێکەوتووەکان بکا و ئەوە مافی هەر دەوڵەتێکە کە جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی واژۆ کردوە و بۆتە ئەندام لەو ڕێکخراوە جیهانی‌یە دا و، بە پێی مادەی ٩٣ جاڕنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ئەو دەوڵەتانەی ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن بە شێوەی ڕاستەوخۆ پێڕەوی دیوانی دادگوستری نێونەتەوەییان قبووڵ کردوە، هەر بۆیە لەو دیوانەدا مافیان هەیە شکایەت ڕادەستی دادگا بکەن و هەم دادگا مافی هەیە ئەو دەوڵەتانە بانگهێشتن بکا بۆ وڵام دانەوەی ئەو سکاڵایەی لێیان کراوە. بەڵام دەبینین ئێران پەروەندەی شیمیایی بارانی سەردەشت کە لە چەشنی خۆی دا کارەساتێکی مرۆییە و یەکەم شارە لە مێژووی شەڕەکاندا وەبەر چەکی شیمیایی دەکەوێ و بە شێوەیەکی بەربەرین خەسارەتی ئینسانی لێ دەکەویتەوە کە هەتا ئێستاش ئاسەواری دیارە، دەوڵەتی ئێران بە هەر هۆکارێک بێ خۆی

لەو بابەتە بواردووە و ئەوە لە حاڵێک دایە کە نزیک بە ساڵێک دواتر لە بۆمباران شیمیایی سەردەشت فرۆکەیەکی مەدەنی لە سەر ئاوەکانی کەنداوی فارس بە هۆی تەقەی ناوگانێکی جەنگی ئەمریکا کەوتە خوارێ و دەم و دەست ئێران ئەو پەروەندەیەی بردە دادگای نێونەتەوەیی و شکایەتی لە ئەمریکا کرد و لە ئاکام دا ئەمریکا مەجبور بوو قەرەبووی کوژراوەکان بکاتەوە. لێرەدا ئەو ئاکامە وەردەگرین کە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بە ئەنقەست و بۆ بەرژەوەندیی سیاسیی خۆی لە عێراق، نە راستەوخۆ داوای لە دەوڵەتی عێراق کردووە و نە پەروەندەی شیمیایی بارانی سەردەشتی بردۆتە بەردەم دیوان دادگوستری نێونەتەوەیی، بۆ ئەوی ئەو کارەساتە بە جینایەتی جەنگی بناسێندرێ و لەو رێگەیەوە قەرەبووی زیان وێکەوتووان و بریندارانی شاری سەردەشت بکرێتەوە. لە کوتاییدا هەرچەند دەوڵەتی عێراق تاوانباری سەرەکیی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشتە بەڵام کەمتەرخەمیی و پشت گوێ خستنی ئەو پەروەندەیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بە قەت تاوانەکەی سەدام حوسێن قورسە، چونکە چ پێش رووداوەکە و چ دوای رووداوەکە وەک دەوڵەت بەرپرسایەتیی خۆی لە بەرامبەر هاونیشتمانیان دا بەرێوە نەبردوە، واتا نەیتوانیوە لە ئاگری شەر بیانپارێزێ و لە دوای روودانی کارەساتەکەش، وەک رووداوێکی ئاسایی مامەڵەی لە گەڵ کردووە وەک دەوڵەتێکی بەرپرس بەهانای خەڵکی سەردەشتەوە نەچووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٦

# سەردەشت لە نێوارە پووشپەڕێکی گازاویدا



عەزیز شێخانی

## سەردەشت

تۆ مەلوانکەی ونبووی سووری سەر سینگی دایکی نیشتمانیت
هەر پووشپەڕێک، لە یادی هەڵپرووکانی قژە سەوزەکاندا
یاد و بیرەوەریت رێز دەگرین و بە دەستی نەوەی قوربانیەکانت
تەپ و تۆزی سەر مەزاری شەهیدانت دەکەینە سورمەی چاوەکانت

کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت هێشتا بە گەورەیی کارەساتەکە ئاوڕی لێنەدراوەتەوە. خەمی قوربانییەکانی بەکارهێنانی گازی خنکێنەر و قەدەغەکراوی شیمیایی لە نێوخۆ و دەرەوە دەرفەتی گوێ گرتنی بۆ نەخوڵقاوە و لە ژێر باری قورسی تەم و مژی سیاسیی هێزە لۆکاڵی و ناوچەییەکاندا پووش بەسەرکراوە. لە ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ هەتاویدا (٢٨ ژوئەنی ١٩٨٧ زایینی)، شاری سەردەشت بەچەکی قەدەغەکراو پەلامار دەدرێ و تاوانێکی گەورە دژ بە مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێ. بەمجۆرە سەردەشت دوای هێرۆشیما بەیەکەم شاری قوربانی چەکە قەدەغەکراوەکان پێناسە دەکرێ. ئاماری وردی قوربانییەکان هێشتا وردبینی بۆ نەکراوە و ژمارەی شەهیدەکان نیزیک بە ٢٠٠ کەس و بریندارەکانیش بە چەند هەزار کەس دەخەمڵێندرێ.

مێژووی مرۆڤایەتی پڕن لەو کارەساتانەی، کە ئاسمان لە حەژمەتی ژان و ئازاریان خۆی هەڵدەپازنێ و لە ئاسۆی بوونیدا ئاخی هەتا سەر هەڵدەکێشێ. لە کەرتی رەشی ئەفریقاوە هەتا دەگاتە ئەمریکای لاتینی ژێر چەکمەی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم، لە هیرۆشیمای ژاپۆنەوە هەتا دەگاتە گۆڕەپانی سووتاندن و خنکاندنی جولەکەکان، تیرۆرە سوورەکان و

دواتر قەڵاچۆکردنی کوردان لە "سەردەشت" ی دەستەخوشکەکەی هەڵەبجە، هەموویـان گێـڕانەوەی چیرۆکـی دڕەنـدیی مرۆڤە دەسەڵاتدارەکان بەرامبەر بە مرۆڤایەتین.

ئێوارەیە و سێبەرەکان بە هێمنی لە داوێنی پووشپەڕدا شۆڕدەبنەوە. سەرچاوەی سەردەشت، وەک دڵی شار چاوەڕوانی دیـداری ئەویندارانیەتی. خوڕەی ئـاوی جۆگەکـانی تەنیشت شـەقامی سـەرەکی شـار بە هێواشی بە سـەر پشـتی شـاردا ڕێگـا دەبـڕێ و تێکەڵ بە کەڵوێی سنووربڕ دەبێ. گەڕەکانی شار لە سەمای ژیاندان و خوازیاری ئـارامین، بـەڵام سێبەری شوومی نەهامـەتی شەڕی دیکتاتۆرەکان هێشتا وڵاتی بەرنەداوە. کەنەکە سپی، وەک مەیتێکی مۆمیای کراو رووبەڕووی شار درێژ بووە و لـە سـەر پشتە خەماویەکەی چەند ناوەندێکی چەکی قـورس و تۆپخانـەی ڕێـژێم مۆڵیـان خـواردوە. شـار چـارەی قورسـی پادگـانی نێـو شاری ناوێ، کە هەر چواردەوری بە چەکی دژە ئاسمانی گیـراوە و تەلبەنـدکراوە. گردەسـوور لـە داخـی مۆڵخـواردنی نەیـارانی گـەل و دژی گەلـیـەکان لـە سـەر تـروپـک و بەرزاییـەکەی، نێوچـاوانی سـوور هەڵگـەڕاوە و پـڕ بـە سـەختی گاشـەبەرد و ڕەقنەکانی سەر شان و سینگ و داوێنی لە نەیاران بێزارە. شێوەبرایمە و نێزەڕۆ زۆر لە مێـژە کانگـای چاوەکانیـان تـەقیوە و گۆڕستانی شەهیدان و دوڵتانچکیش لە ژێر بارانی بۆمب و ناپاڵمەکاندا جەستەیان خاراوە.

ئێوارەیە و لە ژێر دەواری ئاسمانی ساماڵ و تۆزگرتـوودا، شـان و پیلم پـڕ بە مانـای ژیـان و نـان ئـارەقە دەڕێـژن. کۆشکی بیرەوەریەکانی مێرمنداڵێک پڕە لە ژان و ئازاری ژیان و خەونی گەورە. لە لـوتکەی خەیـاڵ و ئارەقەڕشتندا چاوەکـانی شـار چەند فڕۆکەیەکی شەڕکەر لە سنووری ئاسمانی پووشپەڕ و خۆرەتاودا دەبینن. فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێـراق دیـواری بێـدەنگی دەشکێنن و وەک میـر غەزەب و نـوێنەری تـرس و مەرگ لە ئاسـماندا دەلـوڕێنن. ئەوان بـۆ لێـدانی بۆمبـەکانیان خۆیـان شۆڕکردەوە و نێوەڕاستی شاریان پێکا. چاوەڕوانی بەردەوامبوونی بۆمبار و تەقینەوەی زۆرتـی بۆمبەکـان بـووین، بـەڵام ئەوان لە گەڵ جاران جیاواز بوون. دەنگی تەقەینەوەی بۆمبەکانی ئەو جارە کپتر بوون و دوکەڵێکی سپی و زەرد وەک تـۆڕی مەرگ و کارەسات جەستەی شار و خەڵکەکەی داپۆشی. لە مـاوەی سـاڵانی رابـردوو هەرگیـز بـاش بۆمبـارانی فـڕۆکە شـەڕکەرەکان بۆنێکی نامۆمان بەرلووت نەکەوتبوو، بۆیە بە هاوڕێیەکم گوت، ڕەنگە ئەو بۆمبانە شیمیایی بن.

پێشـتر وردە زانیـارییەکم لە سـەر گـازە کیماییەکـانی بەکـار هـاتو لە شـەڕدا بەرگـوێ و چـاو کەوتبـوو. بە گـوێرەی ئەو زانیاریانە، ئەو گـازانە خـاوەنی بـۆنی تـایبەتن و بۆمبەکانیـان لە کـاتی تەقینەوەدا دەنگ کپن و گـازی خـەردەل ڕەنگێکی مەیلە و زەردی هەیە. پاش ماوەیەک شوێنی کارم بەجێهێشت و بەرەو شەقامی سەرەکی شار و گەڕەکی سەرچاوە وەڕێکەوتم. زانیاری لە سەر چۆنیەتی بەرگریکردن بەرامبەر بە چەکی شیمیایی کـەم بـوو، بۆیـە هێنـدێک کـەس لـە پـاش لێدرانی شـار و وێرانبوونی ماڵەکانیان بە کۆڵ بارگە و بنەی خۆیان دەگوازتەوە. شەقامەکان بۆنی مەرگیان لێدەهات و جـار و بـار کەسـێک یـان ڕێبوارێـک بە پـڕ بە لێـوار و تەنیشـتی شـەقامە تـۆز لەسـەر نیشـتوەکاندا تێـدەپەڕی. عـەوداڵی دیـتنـی وێرانـیـەکـان و هەستکردن بە خەمەکان بووم و سەردانی شوێنی بۆمبەکانم کرد، بەڵام خەڵکێکی کـەم و بـە دەگمـەن لـە شـەقامەکانی شـاردا

دەبینران. لە گەڕەکی سەرچاوە، کە شوێنی سەرەکی کەوتنی بۆمبەکان بو، پیاو و ژنێکی بەساڵداچووم بینین، کە خەریکی ڕاگواستنی نوێنەکانیان بوون، کە لە جاجمەیەکی ڕەنگاورەنگ و نەخشێندراودا پێچرابوون. پاش ماوەیەک بەرەو باڵەخانەی فەرمانداری چووم. شوێنی کەوتن و تەقینەوەی بۆمبەکان بە رواڵەت وێرانیەکی زۆریان نەخوڵقاندبوو. لە نیزیک فەرمانداری و لە گۆڕەپانێکی نە زۆر گەورەدا، حەشیمەتێکی زۆر کۆ ببونەوە. کە لێیان نیزیک بوومەوە سەدان برینداری چەکی شیمیایی بوون کە لە بەر نەبوونی جێگا و ڕێگا لە هەوای ئازاد و هەروەها لە ساڵۆنی تایبەت بە وەرزشی شاردا خەوێندرابوون. نیشانە سەرەتاییەکانی ئەو ڕووداوە زۆر ترسێنەر نەبوون، بەڵام هێدی هێدی گازی خەردەل کاری خۆی دەکرد و ڕێژەی قوربانییەکان زیاتر دەبوون.

چاوەکانم هێشتا سیما و روخساری ئەو برینداراانەی لە ئارشیوی خۆیاندا پاراستوە، کە هەر کامەو چەندە و چۆن بە جلوبەرگی ڕۆژانە لەو شوێنە باسکراوانەدا ڕاکشابوون. هەر کەسە و بە جۆرێک لە گەڵ بارودۆخی خۆیدا دەدوا و بلۆقەکانی سەر سینگ و پشت و رووخساری بریندارەکان هێشتا بە تەواوەتی باڵایان نەکردبوو. لە کۆتایی ئەو جەولەیەدا دووبارە شوێنی تەقینەوەی بۆمبەکانم بە سەرکردەوە و دواتر بەرەو ماڵ وەڕێکەوتم. شەقامەکان چوڵ بوون و جریوەی کوێلەکە و هێندێک باڵندەی دیکە بێدەنگی شەقام و کۆڵانەکانی شاریان دەشکاند.

گەورەساڵەکان تاسابوون و منداڵەکان هێشتا لە خەمی گەورەکان تێندەگەیشتن. مردن و ترس لە خنکان بە گازی خەردەل لە بەردەم دەرگای هەر ماڵێک بە جۆرێک دەبیندرا. لە تاریکی شەودا هاواری زامەکان زیاتر دەبیستران و گەورەیی کارەساتەکە تا ڕادەیەک روخساری دەرکەوتبوو. هەڵپڕوکانی گوڵی ژیانی سەدان کەس و ژاکانی گوڵی هیوای سەدان بنەماڵە کۆستێکی هێندە کەم و تێپەڕ نییە، کە مرۆڤ و تەنانەت مەڵبەندێک بە ئاسانی پشتگوێی بخات. کزەبایەکی نەرمی هاوین دڵە سووتاو و ماندوەکەی شار باوەشێن دەکات. دارستانی گۆڕستان بە دەم کزەبای خەمی پووشپەڕ، پرچی ڕنراوی شۆڕدەکاتەوە. لقی دارەکان لە بەر تەوژمی ئەو کارەساتە لە سەر پشت ڕادەژێن و لە گەڵ نەرمەبای شەو بۆ قەدی دار و گەڵاکان لایەلایە دەکەن.

روحی خەوتووی کۆچکردوەکان لە گۆڕستاندا شڵەژاون و بۆ زگ سووتانی شار بە پەرۆشن. شینی بە کۆمەڵ زۆر ماڵی هەژاندووە و بانگی مزگەوتەکان لە سەر یەک دەرمانی دەردەدارانی ئەو شەوە نییە. لە جەرگەی شەودا هاوار و بانگەوازی تایبەت بڵاودەبێتەوە، کە هانی دانیشتوانیی شار دەدا، کە بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری گازی شیمیایی پێویستە جل و بەرگ و خۆیان بشۆن. شارو ژیانی دانیشتوەکانیی لە تەنگەبەری شەوە پڕ لە ژانەکەدا بەرەوە ئامێزی بەیانیەکی پڕ لە فرمێسک و ڕۆژێکی خەماوی دەڕون. لە یەکەم چرکەساتەکانی بەیانیدا هەواڵی زۆربوونی ڕێژەی شەهیدەکان رومەتی گەورەساڵانی پڕ لە چین و ڕق دەکات. مردووشۆرەکەی لای مزگەوتی سەرچاوە هەتا گۆڕستانی داوێنی گردەسوور ڕێگا و شەقام لە بەردەم قوربانیەکاندا بێدەنگ و تۆزاوی ڕاکشاون. تەرمەکان زۆرن و بەشدارانی بە خاکسپاردنی شەهیدەکان شەکەت و دڵشکاو.

شار بسکی سەوزی ئالۆسکاوە و روومەتی زەرد هەڵگەڕاوە. دەرگای ماڵەکان لە سەر پشتن و خەمی خنکانی شار دڵەکانی هەڵپازنیوە.
سەرچاوەی شار پڕ بە گەرووی ئاوە زوڵاڵەکەی هاواری رزگاربوون دەکات و سەری خۆی هەڵگرتووە و بە قەدی شاردا تێدەپەڕێ.

تەپوتۆزی زەردهەڵگەڕاوی سەر شەقام و بانەکانی شار ژاراوییە و بۆنی مەرگی لێدێ. مەرگ ئیدی ئەو نهێنییە شاراوە نییە، کە جار و بار سەر بە باوەشی بنەماڵەیەکدا دەکات، بەڵکو لە روناکی رۆژ و تاریکی شەودا و لە کۆڵان و شەقامی شاردا ئامادەیە. سام و ترسی مەرگی شاراوە ژیان دەخاتە لەرزین و قەڵافەتی مرۆڤ دەخاتە ژێر پاڵەپەستۆی ترس و دڵەڕاوکە. بێدەنگی باڵی بە سەر ئەو کارەساتەدا کێشاوە و لە راگەیەنە گشتییەکانی ناوچەدا گرینگی پێنادرێ. ئەوە چارەنووسی کورد و ژێردەستەکانی رۆژگارە، کە بە بێدەنگی لە ژێر پاڵەپەستۆی زوحاکانی سەردەمدا گیان بدەن و سروشت و ژینگەکەشیان بسوتێندرێت.

شار لە حەسرەتی شەهید و بریندارەکانیدا یەکپارچە بێدەنگە و پەنای بۆ کۆچ بردوە. گوندەکان و دەوروبەری رووبار و کانیاوەکان باوەشیان بۆ ئاوارەکانی شار گرتۆتەوە. ژمارەیەکی کەم لە دانیشتوانی شار دڵیان ئۆقرە ناگرێ و لە بەردەم کۆچدا چۆک دانادەن و لە ماڵەکانی خۆیاندا ماونەوە. شار بۆ ماوەی دوو مانگ لە بەر ئاسەواری چەکی بەکارهاتوو بە رێژەیەکی بەرچاو چوڵ و ئەژنۆی کۆستی گەورەی لە باوەش دەگرێت. خەمەکان یەک و دوو نەبوون و لە کاتێکدا سەردەشت هێشتا لە ژێر باری گران و قورسی گازی خنکێنەردا پشتی راست نەکردبۆوە، کە لە بەرزاییەکانی دووپەزەڕا بە کاتیۆشا ئاوباران کرا. دیکتاتۆرەکانی تاران و بەغدا لە ساڵەکانی کۆتایی شەڕدا بۆ قەرەبووکردنەوەی شکست و ناکامی لە بەرەکانی شەڕدا، بێبەزەییانە پەلاماری خەڵکی سڤیل و شار و گوندەکانیان دەدا. گورگەکانی تاران و بەغدا بۆ تێرکردنی هەست و ویستی دڕندانەیان پەنایان بۆ هەموو چەکێک دەبرد و کوشتنی خەڵکی بێتاوانیان وەک تاکتیکی پاڵەپەستۆخستنە سەر یەک دەکار دەهێنا.

کوردەکان لە سەر زێدی خۆیان ئاوارە و داگیرکەر خاوەن ماڵ و بڕیاردەرە. پاراستنی گیانی خەڵکی سیڤیل بۆ قەڵاچۆکەرانی مرۆڤایەتی بایەخێکی ئەوتۆی نییە. زلهێز و دەسەڵاتدارە گەورەکان ئاوڕیان لە کۆمەڵکوژی کوردەکان لە سەردەشت نەدایەوە و کەیسی هەڵەبجە بە جۆرێکی دیکە دووپات کرایەوە. ئێران پرسی سەردەشتی وەک کەیسی نێوخۆیی هەڵدەسەنگاند و لە بە نێونەتەوەیی کردنی کەیسی مەزڵومییەتی ئەو شارە خۆی بوارد. تەنانەت لە سەرەتادا بۆ بریندار و قوربانییەکانی ئەو کارەساتە خزمەتی دەرمانی و راگواستنی بەپەلە پێشکەش نەکرا. لە ئاکامی نەبوونی خزمەتگوزارییە دەرمانییەکان و پێڕانەگەیشتن بە بریندارەکان، لە ماوەی نیزیک بە سێ دەیەی رابردوودا زۆر بریندار تێکەڵ بە کاروانی شەهیدانی ٧ی

پووشپەڕ بوون.

شایانی باسە، کە نەوەکانی داهاتوو لە شوێنەوارە ترسناکەکانی چەکی بەکۆمەڵکوژ دوور نابن و خەمی ئەو کارەساتە بە ئاسانی لە بیرەوەری خاک و خەڵکدا ناسڕێتەوە. بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لە گەڵ رابردوو نامۆ نەبن، جێگای خۆیەتی ئەو کارەساتە ئەوەندەی دەلوێ بە دۆکومێنت بکرێ. پارتە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە سەردەمی دادگایی کردنی سەرانی بەعسدا، دەرفەتی هێنانە بەرباسی کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشتیان نەڕەخساند.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جووڵای ٢٠١٦

---

## سەردەشت، زامی شارێ کە زەمان ساڕێژی نەکرد



**تاهیر قاسمی**

ژمارەی پێشووی "کوردستان" لە کاتی خۆ ئامادەکردنەکان بۆ ڕێزگرتن لە یادی قوربانیانی شیمیایی بارانی شاری سەردەشتدا بڵاو کرایەوە. شارێک کە بە دڵنیاییەوە بە هۆی کوردستانی بوونی، بوو بە قوربانیی شەڕی هەشت ساڵەی نێوان دوو وڵاتی ئێران و عێراق. ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی بەعسی رووخاو ٤ شوێنی ئەم شارەیان بە شیمیایی بۆردومان کرد و لە ئەنجامدا نزیک بە ٢٠٠ کەس لە دانیشتوانی بێ دیفاعی شارەکە گیانیان لە دەست دا. هاوکات سەدان کەس لە ژن و مناڵ و پیر و لاو بریندار بوون. ئاسەواری ئەم قڕ کردنە دوای ٢٩ ساڵ هێشتا ساڕێژ نەبۆتەوە و بە سەر ژیان و جەستە و هەناسەی خەڵکەکەدا ماوەتەوە. یادکردنەوەی ئەم تاوانە دڵتەزێنە ئەمساڵیش وەک ساڵانی پێشوو لە لایەن دانیشتوانی شار بە تایبەت قوربانیان و بنەماڵەی قوربانیان کرایەوە بۆ ئەوەی دەنگی نووساوی خۆیان بە گوێی کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان بگەیەنن. کۆماری ئیسلامی لە هێندێک بانگەشە بۆ دانی


حەقـانییەت بە خـۆی لە شـەڕی مـاڵوێرانکەری لە گەڵ ڕێژیمـی بەعـس بتـرازێ، کەمتـرین هەوڵــی بـۆ سـارێژ کـردنەوەی برینەکانی ئەم شار داوە. تـا ئاستێک کە عەلـی لاریجـانی سەرۆکی مەجلیس لە پەیامێکدا کە بەم بـۆنەوە بڵاوی کـردەوە، تەنانەت ڕۆژی ڕووداوەکەشی بە هەڵە نووسیبوو.

تێبینی: لەم بەشە لە وتاری: (ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو حەوتووی ڕابردوودا) وەرگیراوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٤ی جووڵای ٢٠١٦

## لەهەر کوێ بێ کورد قوربانییە

## یادی کیمیابارانکردنی سەردەشت و ڕامانێکی کورت؟



تەها سلێمان

سەردەشت شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، لە نێوان سنووری ئێران و عێراق و سەرچاوەکان ئـامـاژە بـۆ ئەوە دەکەن، کەشوێنی لەدایک بوونی زەردەشتە. هەروەک سەرچاوەکان ئەوەش پشت ڕاست دەکەنەوە، شاری سەردەشت یەکێک لە شـارەکانی نـاوچەی موکریـان و سـەر بە پارێزگـای ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوایە، کە کەوتـۆتە باشـووری شـارەکانی پیرانشـارو مەهابـادو هەروەهـا دەێکەوێتە ڕۆژئاوای بانەو باشووری ڕۆژئاوای بۆکان. بەدیوی باشووری کوردسـتاندا، سەردەشت دەکەوێـتە ڕۆژهەڵاتـی ڕانیە، کۆیەو قەڵادزێ و پارێزگای هەولێرو لە هاوکات باشووری پارێزگای سلێمانی.

بە پێی ئامارە فەرمییەکانی ئێران لە ساڵی ٢٠٠١ و بەرەو سەرەوە، دانیشتوانی شارەکە «٥٠٠٠٠» پەنجا هەزارکەسەو بەسەرجەم گوندەکان و دەوروبەرییەوە، دەگاتە «١٣٠٠٠٠» سەدو سی هەزار کەس، کەسەرجەمیان کوردن.

شاری سەردەشت وەک زۆربەی شارەکانی پارچەکانی کوردستان، زۆر جار رووبەڕووی هێرش و پەلاماری دووژمنانی کوردو کوردستان بوەتەوە. ساڵی ١٩٨٧، بۆ شاری سەردەشت و دانیشتوانەکەی یەکێکە لە ساڵە شوم و پڕبرینەکان، کە لە لایەن حکومەتی عێراق «رژێمی بەعس» لەکاتی جەنگی «عێراق - ئێران» دا بە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراو، بەچڕی بۆمبارانکرا.

لە رێکەوتی ٢٨ - ٦ - ١٩٨٧، کاتژمێری «٣٠ ، ٤»ی خولەکی سەر لە ئێوارە هێزە ئاسمانیەکانی رژێمی بەعس و فرۆکەوانەکانی ئەوسوپایە، بە گازی کیمیاوی شاری سەردەشت و گوندی ڕەشە هەرمێیان بۆمبارانکرد. لەو بۆمبارانەی شارەکەدا، ژێدەرو سەرچاوەکان ئاماژە بە ژمارەی جیاجیای بریندارو قوربانیەکان دەکەن.

بۆنموونە، بەرپرسانی ئێران دەڵێن » ٤٥٠٠» چوارهەزارو پێنج سەد برینداری چەکی کیمیایی لە سەردەشت هەن، بەڵام بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆش کە لێکۆڵینەوەیان لە سەرتاوانەکە کردووە، ئاماژە بە «٨٥٠٠» هەشت هەزارو پێنج سەد بریندار دەکەن، لەلایەکی تریشەوە بەپێی ئاماری کۆمەڵەی بەرگریکردن لە قوربانیانی کیمیابارانی سەردەشت، «٨٠٠٠»هەشت هەزار کەس داواکارییان پێشکەشکردووە وەک برینداری چەکی کیمیایی قبوڵبکرێن، کە تا ئەم ساتەوەختەش کاریگەری و دەرکەوتەکانی چەکی کیمیاویان لەسەرە.

هەرچونێک بێت و کام لەو ژمارانەی سەرەوە راست و دروست بن، هیچ لە گەورەیی و ترسناکی تاوانەکە کەم ناکەنەوە، بەڵکو کاریگەری و دەرکەوتە ترسناکەکانی تاوانەکە، وەک لێکۆڵەرو چاودێران و شارەزایان و خودی دانیشتوانی شارەکە باسی لێوە دەکەن و دەیگێڕنەوە، لە ١٩٨٧ بۆ ئێستاو چەندین دەیەیی تر، دەمێنن، کە ئەمەش مەترسی و ئاماژەی هەستیارە لەبەردەم شارەکەو دانیشتوانەکەی.

لەدوای رووخانی بەعس لە ٢٠٠٣، هەوڵێکی زۆر درا کە لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق، دۆسیەی سکاڵای کیمیابارانکردنی شارەکە، بەپێی یاساو ریساکانی دادگاکە وەربگیرێ. بەڵام دواترو بەهۆی هەندێ گۆڕانکاری بەسەر ئەم خاڵەی کە لەیاساکە تایبەت بە زیانلێکەوتوانی تاوانەکانی بەعس و قەرەبووکردنەوەیان کرا، ئەم مافە بۆ شاری سەردەشت و کەس و کاری قوربانیەکان و بریندارەکان نەدراو سکاڵاکەیان وەرنەگیرا. ئەمەش هاوتای کیمیابارانکردنی شارەکە، زوڵمێکی تر بوو لە شارەکەو کەس و کاری قوربانیەکان و بەرکەوتوانی هێرش و پەلامارەکە.

سەبارەت بە جۆری ئەو گازە کیمیاییەی لە سەردەشت بەکارهاتووە، سەرچاوەو لێکۆڵینەوەکان، ئەوەیان پشتڕاست کردوەتەوە کە «تێکەڵکراوی گازی خەردەل و گازی ئارسنیک بووەو گازەکە تا «٥٠» ساڵ کاریگەری دەبێ. لەبارەی کاریگەرییەکەشی، جەخت لەوە کراوەتەوە، کە گازەکە مرۆڤ لاواز دەکات و سیستمی بەرگری لەش ناهێڵێ، هەندێک لە بەرکەوتووان دووچاری نەخۆشی سی و ریخۆڵە بوون، هەیە چاوی کوێر بووە، بەشێکیشیان دووچاری حەساسیەی پێست بوون و بەرکەوتووان لە رەوشێکی خراپدان، هەندێکیان دەبێ بەردەوام کەپسولی ئۆکسجینیان پێبێ.

لەلایەکی تریشەوە سەرچاوەکان لەناو شاری سەردەشتەوە باس لەوە دەکەن، ساڵانە نزیکەی «١٠-١٥»بەرکەوتووی چەکی کیمیایی لە سەردەشت بەهۆی کاریگەری ئەو چەکە کیمیاییە گیان لەدەستدەدەن. بۆ نموونە باسی حاڵەتێکی زۆر ئازاربەخش دەکرێ، کە بریندار هەبووە تەنگە نەفەس بووە، نەگەیشتووەتە کەپسولی ئۆکسجینەکەی و گیانی لەدەستداوە.

تاوانی کیمیابارانکردنی سەردەشت، بە پێی وردبوونەوە لە یاساو رێکارە نێودەوڵەتیەکان بۆ ناسینەوەیان، لە هەرسێ ئاستی «تاوانی جینۆساید، تاوانی دژی مرۆیی، تاوانی جەنگ» خۆی دەبینێتەوە، تاوانی جینۆسایدە بەو پێیەی هەوڵدان بوە بۆ فڕکردنی دانیشتوانی شارێک کە هەمووی کورد نشین بوەو یەکێکیش لە رەگەزەکانی فەلسەفەی سیاسی بەعس لەناو بردنی کورد بوە. تاوانی دژی مرۆڤایەتیە بەو پێیەی دانیشتوانی مەدەنی شارێک کراوەتە ئامانجی هێرشێکی بەربەرییانەو نامرۆڤانە بە دوور لە بەرچاوگرتنی بەها مرۆییەکان، تاوانی جەنگیشە بەو پێیەی لە جەنگی نێوان دوو دەوڵەتدا «ئێران - عێراق»و بەپاساوی بەرگری ئەنجام دراوە.

کە جێگای داخە، تا ئێستا نە هیچ دادگایەکی لۆکاڵ لە ئاستی «عێراق و ئێران»، نە هیچ دادگایەکی نێودەوڵەتی، نە هیچ وڵاتێکی عەرەبی و هەرێمایەتی، نە نەتەوە یەکگرتوەکان و نەش ئەنجومەنی ئاسایش، نەش هیچ رێکخراوێکی جیهانی گوێیان لە ئازاری ئەم شارە نەگرتوەو بە فەرمی وەک تاوانی «جینۆساید، دژی مرۆڤایەتی، جەنگ» نەیان ناساندوە.
ئەمە وێڕای ئەوەی دۆسیەی کیمیابارانکردنی سەردەشت، لە سەرئاستی تێکڕای رەهەندەکانی، دۆسیەیەکی لۆکاڵەو کاری پێویستی لەسەرنەکراوە. بە لێکدانەوەیەکی تر، ئازارو برینی شارەکە تەنها بۆ خۆیان و کەس و کاری قوربانیەکان و بەرکەوتوانی هێرش و پەلامارەکەیە، کە جێگای خۆیەتی ئەمە بکرێتە دەریچەی بە گلۆبال کردنی شارەکەو ناساندنی بەدنیا، بە پێی پلان و نەخشە رێگایەک کە هەمووان بەرپرسیارێتی تێدا هەڵبگرین.

* نووسەرو شارەزا لە بواری جینۆسایدو ئەنفال

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ - رێکەوتی: ١ی جوولای ٢٠١٦

## تەق تەق.... لەیدە ویجدانی شار خەوتووە...



فەرەیدون حەکیم زادە

زۆر دەمێکە هاوار دەکەم و لە زۆر جێیانیش نووسینم لەسەر سەردەشت و ڕووداوە ڤێزەونەکانی بڵاو بۆتەوە. بەڵام ئەوەی کە شایانی باسە و مرۆڤ دڵتەنگ دەکا کەمتەرخەمی خەڵکانی خۆمان لەو کاتە ناسکە دایە کە نەتوانرێ ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە لە لایان خۆمان چارەسەر بکرێ و نەبێتە بنێشتە خۆشکەی سەر زاری نەیاران و بەداخەوە زۆر جاریش یاران. ئەم بەردەوامییە لە ژنۆسایدی سپی و قڕکردنی میللەتێک، هەر لایەنێک ناگرێتەوە، بەڵکوو ڕەگ و ڕیشەی لە نەخۆشییەکی یەکجار قووڵدا هەیە کە لە درێژایی زەمەن دا کەڵەکە بووە و ئێستاش وەک گرفتێک خۆی نواندووە. وەنەبێ تاکی مرۆڤ لەسەرەتای لە دایک بوونییەوە نەخۆش لەدایک بووبێ و خۆی ویستیاری ئەم بارودۆخە نالەبارە بێ. کردارگەل و دژەکردار و پاڕادۆکسی ئەرێنی و نەرێنی زۆر، لە درێژایی و پانتایی ژیان، ئەوی وەک پێویست بارنەهێناوە. کۆمەڵگای نەخۆش، مرۆڤی نەخۆش پەروەردە دەکا. مرۆڤگەلێک بە کۆڵێ مەحرومییەتی پێنەگەیشتوو کە کەڵەکە دەکرێن و لە شوێنێک دەیانهەوێ خۆیان دەرخەن. کۆمەڵگایەک کە نەخۆشەکان ناوەکان و دەموچاویان لێک ناچن. تاقمێک پێیان دەڵێن: دوکتور، نووسەر، مامۆستا، بەقاڵ، دوکاندارو....

ئەو ڕۆژانە کتێبێکم خوێندەوە، دێڕێکی تێدابوو زۆر سرنجی ڕاکێشام کە مرۆڤ چۆن ئەسیری ڕابردوویەتی، یا تەنانەت بڵێم مرۆڤی وڵاتانی دواکەوتوو. لەو کتێبەدا دەنووسێ: "ئێمە کە کاتی خۆی لەگەڕەکەکانی شار شەڕمان دەکرد، دوا ساڵانێک هەر ئەو دووەدەستەگی و چەنددەستەگی لەناو حیزبەکانیش خۆی نواند و شوێنی وەک تاک لەسەرمان دانابوو." واتا دەبێ بڵێم منداڵی و هەڵسوکەوتی بنەماڵەیی و کۆمەڵگا چەندە شوێن لەسەر مرۆڤ دادەنێ. بۆی هەیە لەدەست نیشان کردنی کێشەکانی ناوەوە و دەرەوەی مرۆڤ ویستگەلێک و ناویستگەلێک دەوری سەرەکیی بگێڕن و تێگەیشتن و پێنەگەیشتنیان ببێتە گرێ پوچکە بۆ مرۆڤ. وەک: گرێی جنسی،

**گرێی کەسایەتی، گرێی کۆمەڵایەتی، گرێی بنەماڵەیی و...**

ئەوەی یەکەم کە کاتی خۆی زیگمۆند فرۆید لەفکری چارەسەری دابووە، گەورەترین کێشەی ناوەوەیە کە تاکی کورد بەردەوام شاردوویەتەوە و ئەوی وەک کەسایەتێکی "پرابێلماتیک" واتە دووشەخسیەتە(دەتوانین بڵێین کێشەدار) بار هێناوە و هەردەم بۆ سەرکووت کردنی لەناو خۆی سەربازی داناوە. ئەم ویستە ڕەوا و ناڕەوایانە کۆبوونەوە و بوونە کۆگایەک لە گرێ. تا دوایی کە ماوەیەک پێک دێ، دەزانرێ چ دەکا و چ ناکا؟ بەداخەوە بە دەگمەن ڕۆشنبیرانێکیش هەبوون و هەن خۆ لەقەرەی ئەو باسانە بدەن، چۆن خۆشیان پەروەردەی ئەم فەرهەنگە سەخیفەن. سرینچاوەی سەرەکی ئەم گرێیە هەر تاک نییە. دەسەڵاتی حاکم و کۆمەڵگای سونەتی و شەڕوکێشەکان و ئاژاوە سیاسی و فەرهەنگیەکان بەشدارن. ئەو بەشەش چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی وەک: توندوتیژی ژنان، سڕینەوەی ژن بە بۆنەی ناموس پارێزی، تووشبون بە مادەسڕکەرەکان و منداڵانی کاری بەدواوە هەیە. خەتی سور زۆرجار لە جەوێکی ئازاد یا بڵێین کراوەی وەک وڵاتانی تر، لە لایەن تاکی کورد دەبەزێ و ژن و پیاو هەی دێ, هەرکام بەدوای ژیانێکی بێ یەکتر، قەلفری بۆ دەکەن. لە وڵاتان و لەناوخۆی ئێمەش جار هەیە بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە ڕێگای دروست و نادروستیان بۆ دۆزیوەتەوە، کە بۆتە ئاسایی بوونی ئەم بەشە ئاڵۆزەی ژیانی تاکی کورد.

کێشەیەکی تر گرێی کەسایەتییە، کە زادەی پەروەردەی بنەماڵەیی و کۆمەڵی جێ ژیانییەتی. ئەم کەسایەتییە سرینچاوەکەی ڕاستەوخۆ بنەماڵەیە، داسەپاندنی فەرهەنگی خوڕافە و ترس و دڵەڕاوکێ لە دڵی منداڵ بە بۆنەی جۆراوجۆر، کێشەکان قووڵ و قووڵتر دەکا. ئەوانەی ئێمە مەرگیان بۆ دەنێرین و بە شانازیەوە دەڵێن وڵاتانی زلهێز و داگیرکەر، لەمێژە کار لەسەر خۆیان و دوایی لەسەر ڕەوان و دەروونی ئێمە دەکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان. ساڵێکیان دۆستێک بۆی گێڕامەوە کە لە هێندوستان چەند کرێکار لەسەر کار دەبن، مانگایەک لەوێ تێپەڕ دەبێ، گورج سەفیرێکی ئینگلیزی زمان دێتە خوار و کلکی مانگاکە ماچ دەکا و پاشاو پاش دەگەڕێتەوە، کرێکارەکانیش وادەکەن. شەو هاوڕێکانی سەفیر لێی تووڕە دەبن و پێی دەڵێن بۆ واتکرد؟ ئەتۆ ئێمەت سووک کرد. سەفیری گۆڕین دەڵی: نا، ئەوان وردە وردە خەریک بوون سەری مانگا ماچ کەن. من بەو کارە سەد ساڵ بردمنەوە دواوە، ئێستا ئەوانیش کلکی مانگا ماچ دەکەن. ئەو هەویرە ئاو زۆر هەڵدەگرێ، کە نە جێی ئێرەیە و نە منیش لێزانی ئەو بوارەم.

گرێی کۆمەڵایەتی ئەو بەشە دەگرێتەوە کە بەداخەوە هەرچی پێویستە تا ڕادەیەک لە بنەماڵەدا قەوماوە و کۆمەڵگا یا خراپتری دەکا یا چاکتری دەکا، ئەویش بە کۆمەڵگای چاک و خراپ هەڵکەوتووە. فەرهەنگی چاولێکەری، حەزلەخۆکەری، خۆبەزلزانی، سووک چاولێکردن و... ئەو دیاردە خراوانەن کە سەر لە مرۆڤ دەستێنێ. ئەوەندە لە خۆبایی دەبێ کە تەنانەت وادەزانێ کەس کارە خراپەکانیان نابینێ و نازانن کە ئەو پووڵ و پارەیەی هەینانە لە کوێ ڕا هاتووە. لە کۆڕ و

مەجلیسان سینگیان دێننە پێش و باس باسی سێ ئێف و بارگین و پاشان مەواد و شیشەیە. جەژنی خاوەندی چەند ملیاردی دەگرێ و قاقا بە ریشی خەڵک پێدەکەنێ. ناخۆشیەکەی لەوە دایە زۆرکەس بەشداری ئەم مەجلیسە نارەوایانە دەبن و نەویستانە بەشداری ئەو ژنۆسایدە سپییە دەکەن. لەسەریان ناڵێن و نانووسن نەکا پێیان ناخۆش بێ و بکەونە ژێر رق و قینی ئەوان. پیاوە بەساڵاچوو و بێکارەکانمان لە پارکی شار دۆمینە و ئازنیف و تەختە دەکەن، دەبینن چۆن لەوێندەرێ کاری ناجوانمێرانە لەگەڵ منداڵانی خەڵکی شارەکەی دەکرێ، بەڵام ناتوانن دەنگ بکەن و نایێکیان لەدەم دەرناچێ. بەماوەی ٢٩ ساڵ دەبێ، تاقە ژنێکی لە پارکی ناوەڕاستی شارەکەم نابینی. کەسێک کە نیوەی کۆمەڵگای پێک هێناوە، بۆ تەنانەت ساتێک توانای دانیشتن و حەسانەوەی لەو پارکە نییە. پتانسیلێک کە دەیتوانی چارەساز بێ بۆ شارەکەی تەنیا بە فکری"جوت شەشە" و "حەپی بەیازە". تەق تەق.... لەیدە ویجدانی شار خەوتووە...

بەداخم بۆ شارێک کە زەمەنێک جێی گەورە پیاوان و ژنانێک بوو کە بەڕێزەوە ناویان دەبرا. بۆنی عەتری زانست و ئایین و سەوادیان، گونداو گوند، ڕەوەزاوڕەوەز، شاربەشار و وڵات بە وڵات دەڕۆیی. وەک ئیبنولحاج، مەلا عەولا و مەلا مەحموود بێتووشی، مەلا وسووی ئەسەم، عەزیزخان موکری(سەرداری کول)، موساخانی موکری، مەلا عەزیز واعیزی، مەلا ئاوارە و ...

٢٩ ساڵ بەسەر ڕشانەوەی فڕۆکەکانی گورگی بەغدا تێپەڕی، بەدەیان و سەدان پیاو و ژن و منداڵ و پیر و لاو، تێداچوون. دیاری حاکمی بەغدا بۆ کورد غەیری قڕکردن و ڕەشەکوژی و زیندان و سیاچاڵ نەبوو. بەساڵاچوان دەڵێن بەدوای چوان دا مەڕۆن. ئەوەیکە روون ئاشکرایە، بەردەوامی ئەم ژنۆسایدە، لەوڕۆدا جێی باسە. دوورکەوتنەوە و پەڕوپاگەندە بۆ ئەو بەشە قێزەونە، ئەرکی هەموو تاکێکە. تا ئەرکی نەتەوەیی و ئینسانی خۆی بە جێ بێنێ، لە خۆڕا ڕوو لە شتە چاکەکان، بەبیانوی هەبوونی چەندکەسی خراو لەناوماندا نەگێڕین. دەمهەوێ بڵێم زۆر جار مرۆڤ لە قۆناغێک لە ژیانی دەیهەوێ کەمایەسیەکانی ژیانی بە لاڕێیی قەرەبوو بکاتەوە، ئەم قەرەبوو کردنەوەش لەو ماوەیەدا، دەست ڕۆیشتوویی گەرەکە و بۆ ئەمەش ساناترین کار وەدەست هێنانی، پووڵی چڵکنە. پووڵێک کە دێت و لێی نەنووسراوە کێی پێ بەدبەخت بووە، چ ژن و مێردێک ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان مایەپووش بووە. چ باوک و دایکانێک ئاخ هەڵدەکێشن کە جگەرگۆشەکانیان بە مردوویی دەژین. هیوادارم ئەم بەسەرهاتە دامێنی ئەوانە بگرێتەوە کە بەئەنقەست لەفکری سست کردنی رۆحی سەبزی و سەروەری، شارێک دان تا بۆ خۆیان چەند ساتێک خۆشتر بژین.

ئەوەش وتاری تەق تەق... لەیدە ویجدانی شار خەوتووە... پێشکەش بە زامدارانی کیمیایی شاری سەردەشت لە ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی - ٢٨ی ژوئەنی ١٩٨٧ز. فەرەیدون حەکیم زادە

سەرچاوە: دیواری فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٦

## دیمانە لەگەڵ عومڕان نیکدووست تەنیا پاشماوەی خێزانێکی ١٣ کەسی ژارگرتووی شیمیابارانی سەردەشت



**ئامادەکردنی: سەعدوون مازووجی**

**لە درێژەی شەڕی ماڵ وێرانکەری ئێران و عێراق دا زیاتر لە ٣٠جار شار و گوندەکانی ئێران و کوردستان (شنۆ، پیرانشار، سەردەشت، بانە، مەریوان نۆدشە، نەوسوود، کرمانشا، زەردە، هەڵەبجە و سەرپێلی زەهاو و ...) کەوتنە بەر هێرشی چەکی شیمیایی و کەسانێکی بێ ئەژمار بریندار بوون و کوژران. بەرچاوترین هێرشی شیمیایی ئەو سەردەم لە دیوی کوردستانی ئێران بۆ سەر شاری سەردەشت بوو ، کە لەگەڵ بایکۆتێکی خەبەری سەر سوڕ هێنەر بەرەوروو بوو. هەرچەند لە پاش شەڕ حەولێکی شیاوی رێز بۆ خستنە رووی لایەنە دیار و نادیارەکانی ئەو جەنایەتە دراوە بەڵام زیاتری ئەو حەولانە رووی دە دەرەوەی وڵات و کۆڕ و کۆمەڵی نێونەتەوەیی بووە. یەکێک لەو کەسانەی لەش و رووح و کات و ساتی خۆی وەک بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر دە خزمەت ئەو پرۆسەیە ناوە عومران نیک دووستە. ئەو بەرێز هەرچەند ئازارە رووحی و رەوانی و جستەیەکانی ئەو هێرشە نائینسانییە و غەمی لە دەست دانی دوازدە نەفەر لە ئەندامانی خێزانەکەیان زۆر بەتووندی بریندار کردووە ، بەڵام بە ورە بەرزکەی توانیویتی بەسەر زۆر لایەنی ئەو ئازارانە دا زاڵ بێ. ئەو رەوایەتێکی شیاوی بیستنی لە دەرئەنجامەکانی ئەو جەنایەتە پێیە کە لەو دیمانەیە دا حەول دراوە بەشێکی بگێڕدرێتەوە.**

**کاک عومڕان تۆ چت لە بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت لە بیرە؟**

**من هیچم وەبیر نایە، کاتێک ئەو جەنایەتە رووی داوە من دوو ساڵ و نیوم تەمەن بووە.**

**بێشک منداڵێکی دوو ساڵ و نیوەی خۆ نەناسیو هەر چەند ئازاریشی گەیشتبێتێ نازانێ چی بەسەر هاتووە ،کەی تۆ زانیت**

**نەخۆشیت و سەر چاوەی نەخۆشیەکەت چیە؟**



مـن زۆر زوو دەخـۆم گەیشـتم کە نەخۆشـم و لەشـم یاریـدەی نەدەکـردم وەک هاوتەمەنـانی خـۆم هەڵـس و کەوت و قومـار و هەڵبەز دابەز کەم. بەڵام هیچم لە سەر هۆی نەخۆشیەکەم نەدەزانی بـابم ئەوکـات لەبەر بێدەرەتانی و نەخۆشی خـۆی منـی لە گوندی دێگە لە ماڵە باپیرم دانا بوو . نەنکم زۆر باشی ئاگـا لێم بـوو، خـواردنی باشـی دەدامـێ ، دەوا و دەرمانەکـانمی بەوەخت پێدەگەیاندم، نەیدەهێشت خۆ لەکاری سەخت دەم و وەک چاو دەیپاراستم... سـاڵی چـواروم یـا پێنجـومی سـەرەتـایی بووم کە پاپیرم و نەنکم بە دڵێکی پڕ لە پەژارەوە و بە پارێزێکی ژیرانەوە هەموو رووداوەکانیان بۆ گێڕامەوە.

گێڕایانەوە شـەڕێکی نـاخۆش لە نێـوان ئێـران و عێـراق دا رووی داوە و زۆر کەس زیـانیـان گەیشـتۆتێ. بەتـایبەت لە سـاڵانی ئاخری شەڕ دا حکوومەتی سەدام لە چەکی شیمیایی کەلکی وەرگرتـووە و دەو نێـوە دا شـاری سەردەشتیش وەک یەکەم شـاری ئێران و کوردستان کەوتۆتە بە بۆمباران. لەو بۆمبارانە دا لە ماڵی ئێوە و ماڵی مامت یازدە کەس بە ژاری خەردەل گیـانیـان لە دەست داوە. مریم ئیبراهیمی (دایکم)، زێنەب و کلسووم و پەری (خوشکەکانم) عەبـاس (برام) و هەروەهـا مـامە رەسـووڵم و منداڵەکانی بێگەرد و فواد و فەرەیدوون و دایکی مامم دایە مرۆت و ئـامۆژنم فـاتمە هەمـوو ببـوونە قوربـانی زێـدەخوازی و جەنایەتی سەدام حوسێن.

بنەماڵەی ئێمە و مـامم سەرجەم سێزدە نەفەر خێـزان بـووین ماڵمـان لە لە چـاکە چکۆڵەی گەرەکـی سـەرچاوە بـوو، هەمـوو ژارگرتـوو ببـووین. بە شـوێن بۆمبـارانەکە دا ڕفانـدبوویانین بـۆ تەورێـز و دواتـر نەخۆشـخانەی بـوو عەلـی تـاران. لەو نەخۆشخانەیە جگە لە من و بابم ئەوانی دیکە هەمـوو مـرد بـوون. بێچـارە بابیشـم ئـاخری هەر بە دەرئەنجامەکـانی ئەو ژارە لە ساڵی ٨٤ گیانی لە دەست دا. تا ئەو کاتەی مابوو وەک شێران نەخۆشی و غەمی لە دەست دانـی بنەمـاڵەکەی تەحەمـول کرد.

کاکە عومڕان بەو جۆرەی باست کرد تا ئەو کاتەی داپیر و باپیرت ئاگاداریان کردوویەوە ڕەنگە هەر واتزانیبێ نەنک و باپیرت هەمان دایک و بابتن. بەو روون بوونەوەیە وێڕای ئەوەی لە کارەساتێکی سامناک واتا مەرگی یازدە ئازیز ئاگادار کراوی تێگەیشتووی ئەو هۆویەتەی تا ئێستا هەتبووە هی تۆ نییە. ئەو دونیایەی سازت کردبوو بەسەرت دا ڕووخا. چۆن تابشتت هێنا؟ چۆن توانیت دەگەڵ دەوروبەری خۆت لە خزم و کس و شار و وڵات پێک بێیەوە ؟ من دەزانم ئەو زانینە زۆر پڕ ئازار بووە.

بەڵێ لە زووە گوتوویانە زانایی بێ خەرج و هەزینە نییە، هەر چەند من بەو زانینەوە زۆر ئەزیەت بووم، زۆرم خەفەت خوارد و بە زەحمەت توانیم بەسەر بارودۆخەکە دا زاڵ بم، بەڵام ئەو زانینە بەڕاستی بە نرخ بوو. هەر وەک ئێوە فەرمووتان من ئەو هۆویەتە و زۆر نیعمەتی دیکەم لە دەست دابوو. لە خۆشەویستی و لاوێنەری و ڕاهێنانی دایک بێ بەری کرابووم. لە خۆشەویستی خوشکان و براکەم بێ نەسیب ببووم. باوکێکی نەخۆش و غەمبارم بۆ بەجێمابوو کە هەر غەم و نەخۆشی خۆی بۆ تەحەممول دەکرا و بەس، بۆیە منیشی بە نەنکم و باپیرم سپاردبوو. دەنا ئینسانێکی زۆر بەڕوحم بوو. غەمی ماڵی مامم کە قەت کەسیان نەمابوو وەخت و ناوەخت خۆی بە ماڵی وێرانی دڵی من دا دەکرد. ئەوانە و زۆر بابەتی ورد و درشتی تر ببوون بە سەرباری ئازاری لەشم کە بە تەنیا بۆ لە بنە هێنانی هەر ئینسانێک بەس بوو. جا کەسێک ئەوەی بەسەر هاتبێ بەدڵنیاییەوە بە هاسانی دەگەڵ کۆمەڵ پێک نایەتەوە، زۆری خایاند تا من توانیم وەک خۆم، دوور لە ڕق و قین دەگەڵ دەوروبەری خۆم هەڵس و کەوت کەم.

کێت بە تاوانبار دەزانی؟ گلە و گازەندەت لە کێ هەبوو؟

من هیچ شکم نەبوو و نیە کە ئەو جنایەتە لە دەستی ڕێژیمی بەعس و سەدام حوسێن قەوماوە و تاوانباری سەرەکی هەر ئەوان بوون. هەمیشە لە بەر خوا دەپاڕامەوە کە بە چاوی خۆم ببینم بە سزای تاوانەکانیان دەگەن، شووکر بۆ خودا دوعاکەم گیرا بوو، سەدام و هاو بیرانی کەوتنە دەستی عەداڵەت و ئێمەی زیان دیتووش ئۆخژنێکمان هاتە گیانی. هێندێک کەس یا شیرکەتی ئورووپایی هەن یارمەتی سەدامیان داوە بۆ وەدەست هێنانی ئەو چەکانە ئەوانیش تاوانبارن . سەر ئەنجام ئەو ڕاگەیەنەرانەی هەواڵی شیمیایی بارانی سەردەشتیان سەرپۆش کرد و سەدامیان لە دەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکە کۆمەڵ کوژانە سەرخۆش کرد، بێ تاوان نین.

من بەر لە هەموو پێکهاتەکان گلەییم لە مودیرییەی مەملەکەتی خۆمانە، کە بۆ چی ئاوڕ وە زیان دیتوانی بۆمبارانی شاری سەردەشت و باقی شوێنە سنوورییەکان نادا. کوا نەخۆشخانەی تایبەت ؟ کوا تیمی لێکۆڵەر؟ کوا قەرەبوو کردنەوە ؟ و... ئێمە خەڵکی کوردی نیشتەجێی ئەو سنوورانە ئەوەی لە دەستمان هاتووە وەک ئەرکێکی ئینسانی و نەتەوەیی بە شیاوترین

شێوە بەجێمان هێناوە، ئەو خاک و خەڵکە بەخوێنی ئێمە پارێزراوە. بەڵام ئاخۆ مودیران ئەرکەکانی خۆیان لە حاست ئەو بریندارە دڵبەغەمانە بەجێهێناوە ؟ تا چ رادەیەک ئەو برینە رووحیانە سارێژ بوونەوە؟

پاشی ئەوان من پێم خۆشە سووکە هەڵوێستەیەک لە سەر هەڵس و کەوتی ئەو خەڵکەی ئەو هەمووە رەنجەمان بەیەکەوە کێشاوە بکەم، بەداخەوە ئێستاش لە دەردی منی برینداری شیمیایی حاڵی نین. نازانن چیان بەسەرهاتووە، ئەوەی بەسەر ئێمە هاتووە دە راستی دا بەسەر ئەوان هاتووە، خۆ ئێمە لە کۆرەیەکی دیکە را نەهاتووین هەر کوڕی ئەو خاک و خەڵکەین. ئەو دەردەی لە منە ئەویش ئازاری پێوە دەبینێ.

**کاک عومڕان تۆ بۆ ئاشکرا کردنی لایەنە شاراوەکانی ئەو جەنایەتە چت کردووە ؟**

دوای ئاشنا بوونم دەگەڵ گرفتەکانی خۆم و هاوشاریانم بێ راوەستان ئەوەی لە دەستم هاتووە دریغم نەکردووە ،لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لەشی خۆم کە زۆریشم خۆش دەوێ و بە ئەمانەتی خواشی دەزانم وەک بەڵگەیەک دە ئیختیاری ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەم ناوە. هەموو دەمێک ئامادە بووم بۆ هاوکاری ناوەندە نێو نەتەوەیی و خۆجێییەکان تا پەردە لە سەر جەنایەتەکانی دژە مرۆڤان لابدرێ. سەفەری زۆر وڵاتی وەکو بێلژیک و هولەند و ئاڵمانم کردووە، دەگەڵ ناوەندی بەرگری لە پەرەئەستاندنی چەکە کۆمەڵ کوژەکان هاوکاریم کردووە... چاوپێکەوتنم دەگەڵ دوا پاشماوەی جەنایەتی هیرۆشیما هەبووە و...



لە ئاستی ناو خۆییش دا قەت لە چالاکی نەوەستاوم. دایمە و هەمیشە دەفکری ناسین و ناساندنی جەنایەت و جەنایەکاران دابووم. لە کۆڕ و کۆبوونەوە و بۆنە و موناسیبەتەکان دا بەشداری چالاکانەم هەبووە. سەردەمێک لە زانستگاکان بۆ خوێندکاران قسەم دەکرد و لە گیر و گرفتەکانی خۆم و هاوشاریانم دەدوام.

**ئێوە وەک زیان دیتوویەکی چەکی شیمیایی ئێستا سەرەکی ترین کێشەتان چیە؟**

سەرەکی ترین کێشەی ئێمە نەبوونی ناوەندی دەرمانی تایبەت و تێر و تەواوە. لە سەردەشت دەبوو ناوەندی دەرمانی ئاوای لێ بایە، بەڵام بە داخەوە نەتەنیا لە سەردەشت ناوەندی ئاوا نییە لە ئوستانیش وەگیر ناکەوێ. پزشکەکان زۆر بەزەحمەت فەرقی ئاسم و عەوارزی چەکی شیمیایی دەکەن. خەتا لە ئەوانیش نییە ئاشنایی دەگەڵ ئەو نەخۆشیانە راهێنانی تایبەتی دەوێ. بێ لەوانە نەخۆش بۆ خۆی دەبێ فێربکرێ و رابهێندرێ چۆن دەگەڵ لەشی خۆی و نەخۆشیەکەی بجووڵێتەوە. بەداخێکی گرانەوە نەخۆشەکانیش لەو زانستە بێبەرین. زۆربەی نەخۆشەکان کە رادەشیان کەم نیە لە سەردەشتن و لە ئیمکانات دوورن. ئیمکاناتی کەم کردنەوە عەوارزی

نەخۆشە شیمیایەکان تەنیا لە تاران هەیە، لە کاتێک دا زۆربەی نەخۆشە شیمیایەکان لە سنووری رۆژئاوای ئێرانن، ناتوانن بەهاسانی بچن بۆ تاران. من خۆم لە ترسی بێ ئیمکاناتی لە سەردەشت بارم کردووە و هاتوومەتە مەهاباد.

**دیارە ئێوە سەرەرای تەواوی گرفتەکانتان ژیانێکی مانادارتان بۆخۆتان ساز کردووە، چۆن گەیشتوونە ئەو جێگە و پێگەیە؟**

من توانیومە لەشی خۆم بناسم و لە رووی توانایەکانمەوە هەڵس و کەوت دەکەم. زۆر خۆم گیرۆدەی دەرمان و ئۆکسیژێن و... نەکردووە. وەرزشی تایبەت دەکەم و لەماڵێ خۆم نەتولاندۆتەوە. ئەو کارانە لەشێکیان بە من بەخشیوە کە یارمەتیم دەکا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم. لە رووی رووحیەوەش من دەگەڵ گرفتەکە پێکهاتووم، حەولم داوە بە تێفکرینی خۆم کێشە رووحیەکان بناسم بەسەریان دا زاڵ بم.

**دیارە ئەو گرفتانەی تۆ دەگەڵیان بەرەو روو بووی زۆر هەراو و جۆراوجۆر بوون ئایا کەس یارمەتی داوی بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ئەوان گیر و گرفتان؟**

بەڵێ مرۆڤ هەرچەند خۆکردبێ بێ یارمەتی دەوروبەریان ناتوانێ سەربکا. ئینسان بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و دەکۆمەڵیش دا دان و ستانی کۆمەڵایەتیمان هەیە، هەر کەس بە گوێرەی نیاز دەستێنێ و بەگوێرەی توانا یارمەتی دەدا. من یارمەتی باشم لە لایەن بنە ماڵە و کۆمەڵگاوە وەرگرتووە. نەنکم و باپیرم یەکەم یارمەتیدەرانی من بوون هەم لە جێی خۆیان بوون و هەم لە جێی دایک و بابم. هاوبەشی ژینم کە بە ئاگاداریەوە دەگەڵم دەژی خۆبەخشانە هەموو گیر و گرفتەکانی ژیانی منی تەحەمول کردووە و دەکا. لە زۆر جێگا رێزم لێگیراوە و یارمەتی دراوم قەت ئەو یارمەتیانە لەبیر ناکەم. بنەماڵەی من بە هۆی نەخۆشیمەوە لە زۆر شت بێ بەری بوون بەڵام سەبوورانە رایانبواردووە. رێزم بۆ هەموویان هەیە.

من و هەموو زیان دیتوانی چەکی شیمیایی پێویستیمان بە یارمەتی هەموو لایەک هەیە، هەر بۆیە بەر لە هەموویان داوا لە خەڵک دەکەم هەر چەشنە یارمەتییەکی کە لە دەستیان دێ دریغێ مەکەن، ئێمە ئەنجومەنێکمان هەیە بۆ دیفاع لە ماف و بەرژەوەندیەکانی زیان دیتوانی بۆمبارانی سەردەشت باشترین شوێنە بۆ گەیاندنی ئەو یارمەتیانە. داوا لە پارێزەران دەکەم لە رووی حقووقیەوە یارمەتیمان بکەن ،تاک و کۆی ئێمە پێویستیمان بە یارمەتیان هەیە. داوا لە پزشکانی خۆوەڵاتی و دەرەکی دەکەم لە هەر دەرفەتێک بۆ گەیاندنی یارمەتی پزشکی کەلک وەرگرن. لێرە لەو جوغرافیایە دا کەسانێک برینداز ماونەوە رۆژ بە رۆژ برینەکانیان کاریگەرتر دەبێ، هەموو رۆژێ نیازەکانیان بە زانست و دەرمانی دەستی ئێوە زیاتر دەبێ. ئێوە کە وەفادارن بەو سوێندەی کە خواردووتانە، ئێرە باشترین شوێنە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو سوێندە.

**بەر لە ماڵ ئاوایی دوا قسەت چیە؟**

من هەرچەند بەقد نووکی سەرەدەرزێ لە مەرگ ناترسێم، بەڵام ئاشقی ژیانم. پێم خۆشە پڕ بە سێیەکانم لە هەوای ئەو نیشتمانە هەناسە هەڵکێشم. بەداخەوە سێیەکانم (ریە) زۆر خراب بوونە یاریدەم نادەن، بۆیە ئێستا کاندیدای وەرگرتنی سێم (ریە).

پەیوەندی سێ زۆر سەختە دوعای دڵە پاکەکانی ئێوە و خوێنەرانی روانگەم دەوێ.

هەر وەها دەڵێن چەکی شیمیایی بۆ ماوەی سەد ساڵان تەئسیری لە سەر خاک و وڵات دەمێنێتەوە تۆ بڵێی سەردەشت لە ئاسارە زیانبارە پاک کرابێتەوە؟!

رێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٦

# پێویستە کارەساتی شیمیایی سەردەشت بەجیهانی بکرێ.



**هەژیر عەبدوڵلاپوور**

حەوت رۆژ لە یەکەمین مانگی هاوینی ١٣٦٦ی هەتاوی تێدەپەڕێ. چەند چرکەساتێک بەر لەوەیکە کاتژمێر ببێتە ٤:٣٠ خولەکی دوانیوەڕۆ، چەند پەڵەی رەش باڵی بەسەر ئاسمانی سەردەشت دا کێشا.

کەمێک پاشتر چەند فرۆکەیەکی هەڵگری گازی شیمیایی بەسەر شارەکەدا دەگرمێنن و پاشان ٤ بۆمب بەسەر شاری سەردەشت و ٣ بۆمبی تریش بەسەر ئاواییەکانی دەوروبەردا بەردەدەنەوە. ئەمە یەکێک لە کارەساتبارترین و تۆقێنەرترین هێرشی شیمیایی بوو کە بە سەدان کەس کوژراو و زیاتر لە ٨ هەزار کەس بریندار لێکەوتەوە. بەمجۆرە سەردەشت وەک یەکەمین شاری قوربانی چەکە شیمیاییە کۆمەڵکوژەکان لە ئاستی جیهانیدا ناسرا.

٢٨ ساڵ بەسەر ئەو مەرگەساتەدا تێپەرێوە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ بە هەزاران کەس لە بەرکەوتوان و قوربانیانی ئەو رووداوە مەرگهێنەرە، بە دەست زام و برینەکانی ئەو پەلامارە نامرۆڤانەیەوە دەتلێنەوە و دەزگا پێوەندیدارە حکوومییەکانی ئێران بە حەواڵە بە گەواڵەکردن و کەمتەرخەمی لەڕادەبەدەر، ئەوەندە هەوڵەشیان نەداوە کە لانیکەم برینی بەسوێی شاری سەردەشت قەتماغە ببەستێ و هێشتاشی لەگەڵ بێ داخوازی و پێداویستیی سەرەکی بەشی زۆری ئەو بەرکەوتووانە کە پێراگەیشتن و داودەرمانە بێوەڵام ماوەتەوە. بە پێی دوایین داتاکان لەو ٨٠٠٠ کەسەی کە بریندار شیمیاییـن، تەنیا ناوی ١٣٨٠ کەسیان لە ناوەندە رەسمییەکانی دەوڵەتدا تۆمار کراون و لەو ژمارەیەش کەمتر لە ٥٠٠ کەس یارمەتی ماددی و پزیشکی وەردەگرن؛ ئەوە لە کاتێک دایە کە بەشی هەرە زۆری ئەو بریندار و بەرکەوتووانە پێویستییان بە پێداویستیی پزیشکی و دەرمانی هەیە.

ئەوە جیا لەوەیکە ئێستاشی لەگەڵ بێ "شاری سەردەشت ناوەند و نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بۆ بریندارانی شیمیایی نییە و پزشکی شارەزا و پسپۆڕی نیە کە بتوانی دەردی برینداراەکانی شیمیایی دەرمان بکەی"، بۆیە دەبێ بۆ دەرمان کردن و چارەسەریی، نەخۆشەکان بەرەو ورمێ یا تاران راگوێزرێن و ئەوەش هەم زۆر سەخت و تاقەت پڕوکێن و هەمیش بۆ بنەماڵەکانیان زۆر خەرجهەڵگرە.

هەر لەم چەند رۆژەی دواییدا، ١٠٠ پارێزەری کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ سەرکۆماری ئێران وێڕای ئاماژە بەوەی پێویستە سەردەشت بە شاری ئاشتی بناسرێ، دەڵێن "ئەوە ئەرکی سەرشانی دەوڵەتە کە مافی بەرکەوتووانو قوربانیانی شیمیایی شاری سەردەشت بدا". لە درێژەی ئەم نامەیەدا هاتووە کە سەرەڕای تێپەڕبوونی ٥ ساڵ بەسەر پەسندکرانی قانوونی ئەرکدارکردنی دەوڵەت بۆ دەستنیشانکردنی قوربانیانی شیمیایی شاری سەردەشت ئێستاشی لەگەڵ بێ بۆ جێبەجێکردنی ئەم قانوونە و پێکهێنانی کۆمیسیونی دیاریکردنی ئاستی زیانەکان لە ناوچە شیمیایی لێدەراوەکانی وەک سەردەشت، بانە، مەریوان، نۆدشە، پاوە، کرماشان، نەوسوود، زەردەو گیلانی غەرب هەر لە چوارچێوەی دروشمدا ماوەتەوەو بەکردەوە هیچی بۆ نەکراوە؛ ئەمەش لە حاڵێک دایە کە برینداراەنو بەرکەوتووانی گازی شیمیایی لەو ناوچانە تەنانەت بەشێکیان توانای کارکرنیشیان نییەو تێچووی دەرمانکردنیش لەوێ ڕاوەستێ کە هەمووی لە گیرفانی خۆیان دەیدەن".

هەرچۆنێک بێ، کارەساتی شیمیایی بارانی سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەی پێوەندی بە پرۆسەی ژینۆساید و قڕکردنی کوردەوە هەیە، هەر بەم پێیە، ئەوەی دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ ئەم جینایەتە سامناکە لە ئەولەوییەت دابنرێ، ئەوەیە کە نابێ ئەو کارەساتە تەنیا وەک بەڵا و رووداوێک لەسەر خەڵکی سەردەشت چاوی لێبکرێ، بەڵکوو دەبێ پێش هەموو شتێک وەک ژینۆسایدی نەتەوەیەکی بندەست چاوی لێبکرێ. بە واتایەکی دیکە کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت تەنیا بۆمبارانێکی دەورانی شەڕی هەشت ساڵە نەبووە کە تایبەت بە ناوچەی سەردەشت و خەڵکی سەردەشت بێ، بەڵکوو ئەم دەستدرێژیە نامرۆیانە لە درێژەی تاوانی ژینۆسایدی گەلی کورد دایە کە تەنیا بۆ قڕکردنی ئەم گەلە و سڕینەوەیان ئەنجام دراوە؛ هێرشە شیمیایی و مەرگاوییەکانی دواتر بۆ سەر هەڵەبجە، ئاوایی زەردە، نۆدشە و نەوسوود و چەند ناوچەی دیکە کوردستان سەلمێنەری ئەو راستییەن.

هەر لەم سۆنگەیەوە، جیا لەوەیکە پێویستە هەموو ساڵێک بۆ بەرزڕاگرتنی ساڵیادی کیمیابارانی شاری سەردەشت، هەمووان پاڵپشتی و هاوخەمیی خۆمان لەگەڵ ماڵباتی قوربانیان و خەڵکی زامداری جەستەیی و رۆحی کارەساتی مرۆیی ئەم شارە دەربڕین؛ با بە هیممەتی هەموان هەوڵ بدەین لیژنەیەکی نێودەوڵەتی بە سەرپەرشتی رێکخراوی نەتەوەکان لەسەر ئەم تاوانە پێکبهێنرێ تا ئەم لیژنەیە سەربەخۆ و راستەوخۆ کار بۆ ئەوە بکا کە هەموو تاوانبارەکانی ئەم کارەساتە بداتە دەستی دادپەروەری و لێپرسینەوە و لە پەنا ئەوەشدا بە هەموو رێکخراو و کەسایەتی و دۆستانی کوردیش خوازیاری ئەوە بن

و کار لەسەر ئەوە بکەن کە رۆژی ۷ی پووشپەڕ وەک رۆژی جیهانیی شیمیاییباران و ژینۆسایدی گەلی کورد لەلایەن رێکخراوی نەتەوەکانەوە بناسێنرێ و بەکورتی، هەوڵەکان لەو پێناوەدا بە ئاراستەی بە جیهانی کردنی ئەو پرسەدا بێ و بۆ بە جیهانی کردنی کارەساتی ژینۆسایدی سەردەشتیش، لەسەر هەر کوردێکی نیشتمانپەروەرە کە بە پێ توانای خۆی هەوڵی پێویستی بۆ بدا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۹ی جوونی ۲۰۱۵

---

## کیمیابارانی سەردەشت لە نێوان تاوانی ڕێژیمی بەعس و کەمتەرخەمیی ڕێژیمی ئێران دا.



قادر وریا

۲۸ساڵ لەمەوبەر لەمڕۆ دا، ڕێژیمی بەعسی گۆڕکراو، تاوانێکی گەورەی دیکەی لە دژی نەتەوەکەمان خولقاند. شاری سەردەشتی کرد بە ئامانجی فڕۆکە شەڕکەرەکانی و بۆمبی کیمیایی بە سەردا باراندن.

تا ئێستاش ئەم پرسیارە بێ وڵامە خەڵکی سڤیل و تەنانەت زۆرلێکراو و بێبەشی شارێک، کە بۆ خۆیان لە گەڵ ڕێژیمی دەسەلاتداری وڵاتەکەیان لە خەبات و بەربەرەکانێ دابوون، بۆ چی لە لایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق و ئەویش بە بۆمبی کیمیایی هێرشیان کرایە سەر؟

شاری سەردەشت یەکەم شار یا لەو یەکەم شارانەیە کە کەوتنە بەر بۆمبارانی کیمیایی. هەر لە ڕۆژی یەکەمی ڕووداوەکەو

لە ڕۆژانی دواتر دا، سەدان کەس لە خەڵکی بێتاوان کوژرانو برینداربوون. بەڵام مردن و ئازارو تلانەوە بە دەست شوێنەوارەکانی ئەم بۆردومانە کیمیاییە، دەستهەڵگری خەڵکی ئەو شارە نەبووە. لەو کاتەوە هەتا ئیستا، کەم ساڵو تەنانەت کەم مانگ هەیە یەک یا چەند کەس لە بریندارانی بۆمبارانی کیمیایی سەردەشت گیانیان لە دەست نەدەن. هەتا ئێستاش بە سەدان کەس لە خەڵکی ئەو شارە هەر وا لە گەڵ شوێنەوارەکانی ئەم بۆمبارانە دەستو پەنجە نەرم دەکەن. جەستەیان، دەروونیان هەموو ڕۆژێ و هەموو ساتەکان لە گەڵ ئیش و ئازار لە بەربەرکانی دایە. لە هەمووی ئەوانەش تاڵتر ئەوەیە کە خەڵکی ئەم شارە، هەر لە سەرەتای ڕووبەڕووبوون لە گەڵ ئەم هێرشە کۆمەڵکوژییە، لە گەڵ کەمتەرخەمیو بێتەفاوەتیی ڕێژیمی دەسەلاتداری ئێران بەرەوروو بوون و هەتا ئێستاش هەر بۆ خۆیان مشوورخۆری خۆیانن.

سەردەشت بە هەزاران زیان پێگەیشتووی بۆمبارانی کیمیایی هەیە، سەدان بنەماڵە هەن کە ئەندامێک یا چەند ئەندامی بنەماڵەکەیان بە هۆی ئەو ڕووداوە گیانیان لە دەست داوە. بەڵام کۆماری ئیسلامی بۆ پێڕاگەیشتن بە بنەماڵەی قوربانییەکان و بۆ پێڕاگەیشتن بە برینداران و زیانپێگەیشتوانی ئەم بۆمبارانە چی کردوە؟ چەند نەخۆشخانە و ئاسایشگای تایبەتی لەو شارە دامەزراندوە؟ چەند بنکەی دەرمانی و ناوەندی تایبەتی بۆ پێڕاگەیشتن و چاوەدێری کردنی بریندارەکان و زیانپێگەیشتووان لە سەردەشت پێک هێناوە؟ کام هاوکاریی ماڵیی ئەو بنەمالانە و ئەو کەسانە دەکا کە تا ئیستاش بە دەست ئاسەوارەکانی ئەو بۆمبارانە دەناڵێنن؟ بۆ قەرەبووی کارەساتێک کە ئەم شارە لە سۆنگەی شەڕی ئەو ڕیژیمە لە گەڵ ڕێژیمی سەددام حوسێن بەسەری هات، چ هەنگاوێکی ناوە؟ ئایا خانووبەرەی بۆ قوربانییەکان دابین کردوە؟ لە ماوەی ئەم ٢٨ ساله دا، پرۆژەی ئابووری و ئاوەدانکردنەوەی تایبەتی بۆ ئەم شارە تەرخان کردوە بۆ ئەوەی لاوەکان بێکار نەبن و بتوانن بژیوی بنەماله بەلالێدراوەکانیان پەیدا بکەن؟ ئەم ڕیژیمە چ جیاوازییەکی لە نێوان سەردەشتی دەستەخوشکی هێرۆشیماوناکازاکیو هەڵەبجە لە گەڵ شارەکانی دیکەی ئێران داناوە تا بزانین ئاوردانەوەیەکی تایبەتی بە نیسبەت ئەو شارە هەبووە؟ بە داخەوە وڵامی هەموو ئەو پرسیارانە نایە؟سەردەشت سەرەڕای ئەو کارەساتە گەورەی بە سەری هاتوە، لە گەڵ ئەوەی پێویستی بە ئاوڕدانەوەی تایبەت لە هەموو بوارەکان دا هەبوو، لە لایەن ڕێژیمی دەسلاتداری ئێرانەوە پستگوێ خراوە؟ دەسەلاتداران و کاربەدەستان تەنانەت لەوەش ڕێگر بوون کە خەڵکی شارەکانی دیکەی ڕۆژهەلات یا خەڵکی بەشەکانی دیکەی کوردستان بە ئازادی و بەو جۆرەی لێیان چاوەروان دەکرێ هاوپیوەندیو هاوکاریی خۆیان لە گەڵ دانیشتوانی ئەم شارە بنوێنن.

لە ٢٨ ساڵەی کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت دا، وێڕای موحکوومکردنەوەی تاوانی کۆمەڵکوژیی خەڵکی ئەو شارە لە لایەن ڕێژیمی گۆڕکراوی بەعسەوە، جارێکی دیکە لە گەڵ خەڵکی ئازادیخوازو خەڵکی نیشتمانپەروەری سەردەشت هاودەردیی خۆمان دووپات دەکەینەوە. جارێکی دیکە بێتەفاوەتی و کەمتەرخەمیی مانداری دەسەلاتدارانو کاربەدەستان لە ئاست خەڵکی ئەو شارە مەحکووم دەکەین. بۆ جارێکی دیکە ڕووی چاوەروانی و داوامان دەکەینە هەموو خەڵکی کوردستان کە وەک

هەمیشه له گەڵ سەردەشتو خەم و ئازارەکانی دابن.

سڵاو له شەهیدانی کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت و به هیوای سووک بوونی ئازارو مەینەتییەکانی زیانپێگەیشتوان و بنەماڵەی قوربانییەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٥

---

## چەکی شیمیایی و کارەساتی شاری سەردەشت



**عومەر باڵەکی**

ئەگەر بمانەوێ له مێژووی چەکه شیمیاییەکان بکۆڵینەوە دەبێ بڵێین که بەکارهێنانی ئەو ئەو جۆره له چەک مێژوویەکی دوورودرێژی هەیه، بەڵام ئەوەی له سەردەمی ئێستادا ئێمه وەک چەکی شیمیایی دەیانناسین و له ڕیزی چەکەکانی کوشتاری بەکۆمەڵ دایاندەنێین مێژووی بەکارهێنانیان دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی یەکەمی جیهانی. له ماوەی چوارساڵ شەڕدا به پێی ئامارەکان نزیک به ١٢٠هەزار تۆن مەوادی شیمیایی لەبەرەکانی شەڕدا بەکار هاتوە که بۆته هۆی کوژرانو بریندار بوونی یەک میلیون و سێسەدهەزار کەس.

بەهۆی کاریگەریی تۆقێنەرو ماڵوێرانکەری چەکی شیمیایی له دوای شەڕی یەکەمی جیهانی دەوڵەتەکانی ئەوکات هاتنه سەر ئەو باوەڕە که دەبێ پەیماننامەیەک ئیمزا بکەن که بەکارهێنانی چەکی شیمیایی قەدەغه بکرێ و ئەو هەوڵو تێکۆشانه پرۆتۆکۆلی ١٩٢٥ی ژنێڤی لێکەوتەوە.

پرۆتۆكۆلی ژنێف ١٩٢٥ تایبەتە بە قەدەغەكردنی بەكارهێنـانی گـازی سەممیو خنكێنەر لە شەڕەكانداو چاوەدێری بەسەر بازرگانی نێونەتەوەیی چەكوچۆڵو تەقەمەنی لە ئەستۆیە.

پرۆتۆكۆلی ژنێف یەكەمینو گرنگترین ڕێكەوتننـامەی نێونەتەوەییە لە پێوەنـدی لەگەڵ چەكی شیمیاییو میكرۆبیدا. بە واتایەكی دیكە ئەو پرۆتۆكوله یەكەم بەڵگەنـامەی نێونەتەوەییە كە چاوەدێری بەسەر چەكە میكرۆبیيەكـاندا دەكـاو هەر لەو پرۆتۆكۆڵەدا گرنگیی تایبەت دراوە بە چەكی شیمیایی چونكە چەكی شیمیایی لە مەیدانی شەڕەكاندا زیـاتر لە چەكی میكرۆبی بەكارهاتوە چونكە بەرهەمهێنانی چەكی شیمیایی بۆ دەوڵەتەكان ئاسانترو هەرزانترە لە چەكی میكرۆبی.

**لە پێشەكی پرۆتۆكۆڵەكەدا هاتوە:**

«بەكـاربردنی گـازە خنكێنەرەكـان، سـەممی یـان گازەكـانی دیـكەو تەواوی ئەو كەرەسـە و شـلەمەنیيانەی وەک ئەو گـازە خنكێنەرانەن،
لەلایەن دنیـای پێشكەوتوو مەحكـووم كـراوە«. بە پێی پرۆتۆكـولەكە دەوڵەتەكـانی ئەنـدام دەبـێ بەو دوو خـاڵەی خـوارەوە پابەند بن:

- قەبـووڵكردن، ناسـاندنو پابەنـدی بەقەدەغەكردنـی كەڵـكوەرگرتن لە كەرەسـەی شـەڕی «بیولۆژیـک»، گـازە سـەممی و خنكێنەرەكان و ...»
- هاندانی ئەو وڵاتـانەكە نەبوون بە ئەندام لە پرۆتوكوڵەكەدا بۆ ئەوەی ببن بە ئەنـدام. پرۆتوكـوڵی سـاڵی ١٩٢٥ی ژنێـف لەگەڵ ئەوەی توانی پێشگیریی قانوونی لە بەكارهێنانی چەكی شیمیایی پێک بێنێ، بەڵام تواناو هێزی نەبوو كە پێشگیری لە بەرهەمهاتن و بڵاوبوونەوەی ئەو جۆرە چەكانە لە پانتای تۆپی زەویدا بكا. هەربۆیە دروست كردنو ئەنبـاركردنی چەكـی شیمیایی بۆ دەوڵەتەكان هیچ بەربەستێكی قانوونیی لە پێشدا نەبوو. لەبەر ئەوەش كومەڵگای جیهانی لە مـاوەی زیـاتر لە نیـو سـەدەدا سـەرقاڵی ئەوە بـووە كە پابەنـدییەكی زیـاتر بـۆ دەوڵەتەكـان دروست بكـا كە هەم نەتـوانن چەكـی شیمیاییو میكروبـی بەرهەم بێـننو هەم نەتـوانن لە مەیـدانەكانی شـەڕدا كەڵكـی لێوەربگـرن. هەر بەو مەبەسـتە سـاڵی ١٩٩٢ لە كۆنفرانسی داماڵینی چەكدا لە ژنێف، ڕەشنووسی گەڵاڵەی كۆنواسیونی پێشگیری چەكە شیمیاییيەكان ئامادە كراو پێشكەش بە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان كرا كە كۆڕی گشتیی نەتەوە یەكگرتووەكان لە دانیشتنی خۆی لە دیسامبری سـاڵی ١٩٩٢ دا بە كۆی دەنگ پەسندی كردو لە ماوەیەكی كەمدا ڕادەی ئەندامەكانی گەیشتە ١٦٠ وڵات.

ئەو پێشەكیيە كورتە بۆ ئەوە بوو كە بزانین كۆمەڵگای جیهانی كە ئێمەی تێدا دەژیین چەندە بە دەست چەكی

شیمیاییەوە نالاندوویەتیو نزیک بە ٧٥ ساڵە بە نووسینی پرۆتۆکولو دروستکردنی ڕێکخراوو سازمان دەیەوێ دەوڵەتەکان پابەند بکا لە کاتی شەڕو پێکدادانەدا لەو جۆرە چەکە کەڵک وەرنەگرنو بەتایبەتی بە دژی خەڵکی بێتاوانو بێ دیفاع لە شارو گوندەکان بەکار نەهێنرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگای جیهانی تەواوی ئەو پابەندیانەی دروست کردووە دەوڵەتەکان خۆیان ژێر پرۆتوکوڵو پەیماننامەکان ئیمزا دەکەن لە کاتی شەڕدا هەرخۆشیانن ئەو پابەندیە ژێر پێ دەنێن. ئەوەتا لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕی عێراق - ئێراندا بە دەیان جار لە چەکی شیمیایی لەبەرەکانی شەڕو بە دژی خەڵکی بێتاوان کەڵک وەرگیراوەو ئەوە لە حاڵێکدا بووە کە هەم ئێرانو هەم عێراق ژێر پرۆتوکوڵی ١٩٢٥ی ژنێڤیان ئیمزا کردوە. دیارە زۆرترین ڕادەی چەکی شیمیایی حکوومەتی عێراق بەکاری هێناوە کە بێجگە لە بەرەکانی شەڕ بە دژی خەڵکی بێتاوانو بێدیفاع بەکاری بردوە، کە بەرچاوترینیان بۆمبارانی شاری هەڵەبجە لە باشووری کوردستانو شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

لە ڕۆژی ٧ - ٤ - ٦٦ (١٩٨٧) شاری سەردەشت بەهۆی شەش فرۆکەی شەڕکەری عێراقی کە هەڵگری بۆمبی شیمیایی بوون بۆمباران کراو کوژراوو برینداریکی زۆری لێکەوتەوە. بەپێی بەڵگەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕادەی ٥٠٠٠ کەس و بە پێی ڕاپۆرتی حکوومەتی ئێران ڕادەی ٨٠٢٥ کەس کوژراو و بریندار بوونو بەو شێوەیە سەردەشت دەبێتە یەکەمین شار کە بۆتە قوربانیی چەکی شیمیایی دوای هیروشیما و ناگازاکی ژاپۆن کە بە چەکی ناوکی وێران کران.

لەو ماوەیەدا ئەوە پرسیار بووە کە بۆچی حکوومەتی بەعسی عێراق شاری سەردەشتی بۆمبارانی شیمیایی کرد؟ وەڵامی ئەو پرسیارە دەبێ لە نێوەڕۆکی ئەو حکوومەتەدا بە دوایدا بگەڕێین. لەلایەک حکوومەتی بەعسی عێراق خۆی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و پێشێلکەری مافی مرۆڤ بووو دژایەتییەکی توندی لەگەڵ مافەکانی گەلی کورد هەبووو لە هەموو شێوازو چەکێک کەڵکی وەردەگرت بۆ سەرکوتی خەڵکی کوردستان و لەلایەکی دیکەش حکوومەتی بەعس زۆر چالاکانە بە دوای پیادەکردنی ڕێککەوتننامەی ئەلجەزایردا بوو،و دەیەویست لە هەردوو دیوی سنوور بەقووڵایی ٢٠ کیلومیتر بە پێی ڕێککەوتننامەکە چۆڵ بکرێو کەسی تێدا نەژی. لێرەدا پێویستە ئیشارە بە چەند لایەنێکی دیکە بکەین کە هۆکار بوون بۆ بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت و ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە کەوتوونەتە سەرسنووری ئێران - عێراق. لەو نێوەدا دەسەڵاتدارانی نیزامیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شیمیابارانی سەردەشتدا کەمتر لە حکوومەتی عێراق خەتابار نین. ئەگەر عێراق دەستپێکەری شەڕەکە بوو ڕێبەرانی نیزامی ئیسلامیی ئێران درێژەدەری شەڕەکە بوونو بۆ ئەوە لەو شەڕەدا سەر بکەون لە هەموو کەرەسەیەکی ماددیو مەعنەوی لە مەیدانەکانی شەڕدا کەڵکیان وەرگرتوەو باکیان لە تێداچوونو ئاوارەبوونو ماڵوێرانیی خەڵکی بێتاوان نەبووە. بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە هەر ئەوەندە بەسە کە چاوێک بە ڕۆژنەژمێرەکانی سەردەمی شەڕ لە ناوچەی سەردەشتدا بگێڕین کە بە چەندین جار کەوتۆتە بەر پەلاماری تۆپخانەی شیمیاییو بۆمباران. بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیم گەلاڵەو پلانێکی ئەوتۆیان ئامادە نەکردبوو کە لانی کەم لە کاتی بۆمبارانی شیمیاییدا تا ڕادەیەک پێشگیری لە

دانی تەلەفاتی قورسی گیانی بکرێ.

جێگای خۆیەتی سەرنج بدەینە چەند خاڵێک کە ئەگەر بەڕێوە چووبان لەوانە بوو تەلەفاتی شاری سەردەشت زۆر زۆر کەمتر لەو ئامارانە بووایە کە لە سەرەوە ئاماژەیان پێکرا.

الف: نەبوونی زانیاریی خەڵکی سەردەشتو ناوچەکە لە سەر چەکی شیمیایی، لەو حاڵەتەدا کە دەتەقێتەوە دەبێ چۆن بزانن کە ئەوە بومب یان گوللەی شیمیاییە.
ب: نەبوونی ئاموزش پیۆیست بۆ خەڵک کە لەو کاتەدا کە دەکەونە بەر هێرشی چەکی شیمیایی دەبێ چ بکەینو چۆن خۆیانو خەڵکی دیکە رزگاربکەن.
ج: لەبەرچاونەگرتنی ئەو مەسەلەیە لە بواری نیزامیدا کە سەردەشت لە کاتی شەری ئێران - عیراقدا هەمووکاتێک لە ژێر هەڕەشەی بۆمباراندایە، چونکە بەشێکی زۆری ئەو فڕۆکە شەڕکەرانەی بە مەبەستی بۆمبارانی شوێنەکانی دیکەی ئێران سنووریان دەبەزاندو دەهاتنە نێو خاکی ئێران، زۆربەی جاران نەیاندەتوانی بومبەکانیان لە شوێنی مەبەست بخەنە خوارەوە هەر بۆیە لە کاتی گەڕانەوەدا بومبەکانیان لە سەر ناوچە سنووریەکان کە سەردەشتیش یەکیک لەوان بوو بەتاڵ دەکردەوە.

د- نەبوونی ئیمکاناتی دەرمانیو پێڕاگەیشتنی خێرا بە برینداره‌کان. چونکە بە قسەی تەنیا دوکتوری تایبەت بە مواد شیمیایی «دکتر حسن سقطفروش» ناوەندی فریاکەوتنی شیمیایی لە ١٥ کیلومیتریی شاری سەردەشت لە شوێنێک بە ناوی «هەوارسێمان» دامەزرابووو تەواوی دەرمانەکانو کەرەسەی ناسینەوەو حەمامی سەحرایی و فریاکەوتنی خێرای بریندارانی شیمیایی لەوێ دامەزرابوونو ئەوە لە حاڵێکدایە کە دوکتوری ناوبراو هەر بۆخۆی دەڵێ «کاتێک خەڵکمان ئاگادار کردەوە ٢٠ دەقیقە لە بۆمبارانی شیمیایی تێپەڕ ببوو. کە ئەوە تەنیا ئاگادارکردنەوەی خەڵک بووەو بۆ بە هاوارگەیشتنیان بەلانی کەم نزیک بە یەک سەعاتی خایاندوەو ئەوە ماوەیەکی یەکجار زۆرە بۆ بڵاوبوونەوەی گازی شیمیاییو زۆربوونی تەلەفاتی ئینسانی. هەربۆیە دەوڵەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو تاوانەدا شەریکەو خەتای گەورەی لەسەر شانە.

لە کۆتاییدا سەری کرنۆش دادەنوێنم بۆ هەموو ئەو براو خوشکانە کە بە ناحەق کەوتنە بەر پەلاماری چەکی شیمیاییو گیانیان لە دەست دا، یان بە نەخۆشیو نەقوستانی ئێستاش درێژە بە ژیان دەدەن. هیواخوازم قەت جارێکی دیکە گەلی کورد لە هیچ شوێنێکی کوردستان تووشی کارەساتی وا نەبێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٥

## خەمی شارێک بە کۆڵم دا دەدەم....




**فەرەیدوون حەکیم زادە**

بەربڵاو بوونی کەلێنە فکرییەکان و لە زۆر جێدا بیرتەسکی وای کردووە کە ئەوانەی ئێستا لە ژیان دان نەتوانن بەدوور لە کەڵکەڵەی زەینی و کاغەزبازی، بە جوانی بژین. ئەوە لە سەدەی بیست و یەک دا فاجەعەیە، شەڕی دەستەویەخە و ڕمبازی و شەڕە شمشیر نیە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ بەردەوامی ژیانێکی بێ چەرمەسەری. ئاخێزێکە بۆ یەکدڵی و پێکەوە ژیان. نووسەری دەروەستی کورد ناتوانێ چاو لەڕاستیەکان بپۆشێ، بە ئاگایی مرۆڤ دۆستانە دەنوسێ و بۆ هاوزمان و هاووڵاتی خۆی بە پەرۆشە.

ئاوەزمەندی و عەقڵانییەتی گشتی فیکری پێداگرە لەسەر ئەوەیکە کارەساتە تراژدیەکان لە وڵاتی ئێمە دا دەبێ بە دەستی نووسەرانی دەروەست بچنە ناو رۆژنامە و راگەیەنە گشتیەکان، تا بە ئەنقەست بەردی فەرامۆشیان لەسەر دانەنرێ و جیهانی بێ ڕەحمی کارەسات و تراژدیا لە حاستیان گوێ ئاخن نەبن. ئەوە ئێمە لەگەڵ چەندین پاژی فیکری بەرەوڕوو دەکاتەوە:

**یەکەم**: بە هۆی مەزلوومیەتی شارێک ناو دەرکەین.
**دووهەم**: بە دەست قەڵەم بە دەستانی دڵسۆزی خۆماڵی باس لەو ژینوسایدە بکرێ کە لەودا سەدان دڵە سواری ژین لە ئەسپی ژیان دابەزین.
**سێهەم**: چاوەڕوانی کۆمەڵە نێونەتەوەیەکان بین تا ڕوومان تێکەن و گۆشە چاوێک لەو ڕووداوە نامرۆڤانە بکەن.
وەختە... تا دوای ٢٨ ساڵ گریان و ڕامانی کپ و مات، لە گۆرستانی ئاوەدان و شاری وێران بە ناخی ئەو ڕووداوە نگریسەدا بیینەوە و هاو ئاهەنگ لەگەڵ بایخی مرۆڤێک، تاسەی پیرێک، ئاواتی لاوێک، حەقی دەرخورد بە ٧ی پووشپەڕ بدەین. مێژووی سەرانسەر خۆشی و تاڵی میللەتێک، ناگوترێ و نانووسرێتەوە، مەگەر خۆیان ماندووی ئەم ڕێگەیە بن و تەنیا

چاویان لەورۆ نەبێ.

دەبێ بێ چاوەڕوانی نابەجێ بتوانن ٧ی پووشپەڕ بکەن بە هێمایێک لە پاکی و قوربانی بوونی شارێک، تا دەنگی هەناسە قەتیس ماوەکان بە گوێی جیهان بگەیەنن، ئەو دەنگ دانەوەش مرۆڤی زیت و وریای دەوێ تا قەڵەم وەگەڕ بخا و ناز و عیشوە و خۆبینی تووڕ دا و بە دڵێکی فراوان و تەژی لە عەشق و ئەوین بێتە مەیدان و خزمەتی نەتەوەکەی بکا. نووسەرانی خەڵکی ڕوو لە میللەت و پشت لە ناحەزین. بە دڵۆپە ئاوێک وە مەلە ناکەون و بە چەپڵەیەکیش لووتیان لە هەوران ناسوون.

قۆردەماخ نابن تا بە پتە بیانتەکێنن. قۆڵی هیممەت هەڵدەماڵن و بەکردەوە خزمەتی داری تەمەنی شارێک دەکەن. ئەستێرێک لە وێستان دا دەگنخێ، ئاوێک نەبێتە خوڕێن، کێو و دەران نەبینێ، بۆن دەکا، کەوێک لە ڕکەی ڕاوچی بەولاوە نەبینێ، کوا دەتوانی قسە لە لووتکە و دەم ودەمەن و چەم وچەمەن بکا؟

١

بەدبەختی گەورەیە چاوت لەوەرینی گەڵای داری ژینی شارێک بێ، نەهاتیە، شاهیدی تێکڕمانی هیوای کۆشکی شارێک بی و دەستەوئەژنۆ لە بێ دەسەڵاتی فرمێسک و چاو ڕابمێنی. لە کارەساتی ماتەمینی سەردەشت، هیرۆشیما و ناکازاکی ڕاچڵەکین، ئێوارە درەنگ وەختانە، لە ئەنگۆرە زەماوەندی خوێن و دووکەڵە، سەرچۆپیش بەهەناسە سپێردراوە.دیمەنی بووکی شار ڕەش دەنوێنێ، شاباشی مەرگی خۆی لە باوکی وەتەن دەستێنێ. ٧ی پووشپەڕ ساڵڕۆژی لەدایک بوونی زام و فرمێسک لە دایکی وەتەن بە بێ دەنگی کۆتایی هات. ٧ی پووشپەر رۆژی مەرگی چەند سەت جووتە چاوی گەش و دابەزینی چەند دڵە سوارلە ئەسڵی ژین،بۆیە ئێستاش خوێن و ئەسرین، تێکەڵ دەژین.

کامێرای چاوی نووسەری دەروەست وەک پەپوولە پایزە لە ئاسمانی بیرەوەریدا خولا و خولا تا لە بەستێنی ژیانی ئەودا، شاعیرێکی مات کراودا، داسکنی، شاعیری مات سەری داخستبوو، لایەک دەرونێکی پڕ لە کەف و کۆ، لایەک لە قاو نەدانی فێڵ و درۆ، لایەک عەشق، لایەک بەستنەوە،لایەک ژیانێکی بێ ئاسۆ. لایەک دەرونێکی پڕ لە ژان و سۆ. کاتێک وشەکان لە ئەسپی هزر دابەزین بوونە هەوێنی چیرۆکێکی تێل بەند کراوی کچانە، کچانە بیرێک بە پانتایی نوسراوەی قەڵەمی لەرزۆکی کچێک.

٢

ساعەتی سەر دیواری ماڵەکەیان وەک کوند بەرامبەری هەڵکوڕ مابوو. ڕووناک سەدان جار هاوڕێ لەگەڵ میلەکانی کات ژمێرەکە کە سووڕابوو. چاوی لە ئاسمان بڕی، ئەستێرەیەک ڕاخوشی، تەزوویەک سەرتا پای لەشی داگرت دەنگی لێدانی دڵی گۆی لێ بوو.ئەو زۆر شەوان چاوی لە ئاسمان دەبڕی، شەوی یەکجار خۆشدەویست چونکوو دەیزانی شەو پەردەی ڕەش بەسەر نەیاران و بیرکورت و زاڵمان دادەدا. ئیتر ناچار نیە وەک ڕۆژ، فیزماڵکەی شێعرەکانی بکا. هەگبەیەک نووسراوە و دەفتەرە شێعری خوایی کردبوونە هەنگوین و قوتی دابوون، نەک چاو و گوێی حیزی شار لە گەڕانێکی قرێژ دا سێوی ژانی بدۆزنەوە و (ژاوێری) بازرەسی وەدواخەن تا پەتی سێدارە بۆ (ژان واڵژانی) ڕۆحی دابمەزرێنێ. چیرۆکی نەدەنووسی بەڵام کاتێ تینی شێعرانەی بۆ دەهات لە پشت پەنجەرەی بیرەکانی بە ئاستەم پەردەی وشەی لادەدا و بەورتە و بە دزی شەڕابی گریانی دەخواردەوە.کاتێ مەست و پڕ لە شێعری گوتراو و نەنووسراو دەبوو چاوی دەبڕیە، دوور، دوور لەوەیکە لە زەییندا بگونجێ نەوەک بە میتر شوێنی چاوی هەڵگرن و بیدەنەوە و خەزێنەی بیرەوەریەکانی بدۆزنەوە و بە دیاری بۆ زەحاکی زەمانەی ببەن و شێعر و هەست و هیوای بدرێ بە ماران. ساعەت ٤ و ١١ خولەک بوو. ڕوناکیش وەک زۆر کەسی تر بە تاوانی زیندوو بوون، بارگە و بنەی بۆ دیاری نەمان تێک پێچا. کاتێک بە هەڵەداوان ویستیان لە بەر چاوی حیزی شار بیشارنەوە و ژێر گڵی نێن، نووسراوەیەکی لە دەستابوو، نووسیبووی:

دەڕۆم، دەڕۆم تا هەتاوی شار لە گۆشە و کەنار، لە هەندەران بدۆزمەوە. دەڕۆم، دەڕۆم تا پەری ئاسمان بدۆزمەوە و پێی بڵێم لێرە شایی شینە، زەماوەند برینە، شێعر ورێنەیە پڕ لە هەڵپێچڕان و پینەیە. لێرە شێعر خۆی لە خۆیدا مەقەستە. خۆی دەنوێنێ دژی عاتیفە و هەستە. لێرە شاعیر گڕە و شێعر ئاوە.هەر دێڕەی دژ کردوویە، داوە.

٣

بیست و هەشت ساڵ بەسەر ئەو ڕوداوە نگریسە تێپەری. کۆمەڵی کورد هەنوکە ئاڵ و گۆڕی بەسەر دێ. ئەسپی ژین جار هەیە ڕوو لە دەشتایی و جار هەیە ڕوو لە هەورازانە. کارەساتێکی ئاوا گەورە و جەرگ بڕ بەداخەوە هەنوکە بەردەوام بۆتە مڵە و گیان و گوزەرانی خەڵکی سەردەشتی لە مەترسی هاویشتوە. ئەگەر لە هەڵەبجە بە هۆی گازی سیانور لە ماوەی چەند ساعەت ٥ هەزار کەس تێداچوو و شەهید کرا، ئەوەتا گازی خەردەل لە درێژایی زەمەندا گیان و وزە دەستێنێ.کۆی بێ ڕەحم و قازانج ویست، تاکی بە هەست و دڵسۆز لەناو خۆیدا قاڵ دەکا.فەلەیی هەستی دەپێون و بۆ ڕادەی دڵسۆزی ژمارە دادەنێن. وەک: تمەن،دینار، دۆلار و کۆدی حیسێبی بانکی.

بەربڵاو بوونی کەلێنە فکرییەکان و لە زۆر جێدا بیرتەسکی وای کردووە کە ئەوانەی ئێستا لە ژیان دان نەتوانن بەدوور لە کەڵکەڵەی زەینی و کاغەزبازی، بە جوانی بژین. ئەوە لە سەدەی بیست ویەک دا فاجەعەیە، شەڕی دەستەویەخە و ڕمبازی

و شەڕە شمشیر نیە، بەڵکوو هەوڵێکە بۆ بەردەوامی ژیانێکی بێ چەرمەسەری. ئاخێزێکە بۆ یەکدڵی و پێکەوە ژیان.نووسەری دەروەستی کورد ناتوانێ چاو لەڕاستیەکان بپۆشێ، بە ئاگایی مرۆڤ دۆستانە دەنوسێ و بۆ هاوزمان و هاوولاتی خۆی بەپەرۆشە.

«ئەی وەتەن دەردت لە دڵما زامی سەد خەنجەر ئەکا
بۆ برینی جەرگی لەت لەت، ئێشی سەد نەشتەر ئەکا»

(قانع)

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێزان - ڕێکەوتی: ٩ی جوونی ٢٠١٥

---

## ڕۆژێکی تاڵی سەردەشتی زامدار.



ئەحمەد مەکلاوەیی

پێش نیوەرۆی ٧ی پووشپەڕو دەورو بەری سەعات ١١ی سەر لە بەیانی کە لە گەڵ پۆلێک لە پێشمەرگەکانی هێزی زمزیران کە زۆربەمان خەڵکی گوندی مەکلاوێ بووین و بە مەبەستی کارو ئەرکی حیزبی دێموکراتی کوردستان چووبووینە ناوچەی باسکی کۆڵەسە و لە نزیک گوندی زێڕەمیرگی ناوچەی سەردەشت بە مەبەستی پشوودان لە سەر مووچەیەک مابووینەوە، لە پڕ دا دیتم دوو فرۆکەی مێکی لووت ماسی و ڕەش لە ئاسمان ناوچەکە دا پەیدا بوون ونزم و نەوی خۆیان بە سەر شارە جوانەکەی سەردەشتی سەر سەوز دا کرد وشاریان لە دووکەڵ و تەپوو تۆزی باڕوت دا ون کرد و هەورێکی ڕەش ڕەش بە سەر شارەوە لەنگەری گرت ومەرگەساتیان لەو شارە دا دروست کرد ورووحی بە سەدان منداڵی ساواو کیژ و کوری لاو و ژن و پیاوی بە ساڵدا چوویان لە باوەشی شاردا فراند وشاریان لە شاروەندان کردە دۆزەخ وخەڵکی ناوچە و گشت کوردستانیان

ماتەم بار کرد.

دوێنێ و پێری کە بە یادی ئەو رۆژەوە چاو بڕیە سەردەشتی سەر سەوز، دیتم کزەی فێنکی شنەی شەماڵی لانک وگیارەنگ هێدی هێدی فڕی بۆ سەر شارو دەستی کرد بە کۆکردنەوەی فرمێسکی دایکە جگەر سووتاوەکان. کە زۆرتر لێی وردتر بوومەوە، دیتم گردە سووری سەر بەرز، لە ئاست رووحی پاکی منداڵە سووتاوەکانی شار سەری داخستوە ویادیان لێدەکاتەوەو لە لای خوا شکایەت لە دیکتاتۆرو سەبەبکارەکان دەکات ولە قبرستانەکان داوێنی خۆی فاتیحا بۆ بە ساڵدا چوە تێداچوەکانی ئەو کارەساتە دەخوێنێ.

لەو کاتەدا کە زۆرتر بیرم لەو کارە ساتە کردەوەو وردتر هەنگاوم نا و زیاتر گوێم بۆ هەستی خەماوی یاد و بیرەوەری شار بۆ لە دەستچوانی راگرت، دیسان دەنگی ماسیە پەڕ سپیەکانی سەرچاوێی سەردا پۆشراو هاتەوە گۆێم کە بە خەمناکیەوە یادیان لە خۆشەویستە پێک نەگەیشتوەکان دەکردەوەو فرمێسکی چاوی مرواریان بۆ لە ناوچوونی کیژە کوڵم سوور وچاوشین و بەژن باریکەکان تێکەڵ بە ئاوی سەر چاوێ دەکرد وبە شڵپە و شەپۆل لێدانی باڵیان پەیامی یادکردنەوەی ٧ی پووشپەریان بە ناو شارو گەڕەک و ماڵ و دووکانەکاندا بڵاو دەکردەوە.

لەو کاتە کە لە وەفاداریان روانیمە ئاسمانی سەر شار، دیتم هەرچی باڵدار و پەلەوەری ئەو مەڵبەندەیە بە سەر شاردا دێن و دەچن و بە یادی ئەو رۆژە تاڵە بە هەزارن جۆر سروودی خەماوی دەخوێنن.

دەی هۆ لاوەکان، کیژان وکورانی تازە پێگەیشتووی شاری سەر سەوزی سەردەشت، هەستن دەست تێکگرن وئەو بیرەوەریە تالانە لە بیرمەکەن و بکەونە نێو شەقامەکانی شارو پڕ بەو گەرو هاوار بکەن وسەبەبکاران رسوا بکەن و وێنەی شەهیدو بریندارەکانی کیمیا بارانی سەردەشت بەرز بکەنەوەو دڵی داگیر کەران بلەرزێنن وبۆ هەمیشە بیرو ئەفکاری ئاشتی گشت دونیا بۆ لای شارە بریندارەکەمان رابکێشن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٥

## بیرەوەرییەکانم لە پووشپەڕی " ٦٦ " دا.



ئیبراهیم زێوەیی

بڵێسەی شەری چەند ساڵەیماڵوێرانکاری نێوان ئێران - عێراق باڵی شوومی خۆی بەسەر ناوچەو بەتایبەت دوو بەشی کوردستان لە رۆژهەڵات و باشور دا، کێشا بوو، بەشی هەرە زۆری بەرەکەتی شەرەکەش بە نسیب شارە سەرسنوورییەکانی کوردستان ببوو.

ئێمە وەک پێشمەرگە چەند ساڵێک بوو کە بنکەکانمان لە سەر سنوور جێگیر کردبوو بەڵام ئەوە بەو مانایەنەبووکە ئێمە لە خەڵکەکەمان دوور کەوتووینەتەوەو کادرو پێشمەرگە لە ناوچەکان دا حزوری بەرچاویان نەبێ.

من دەگەڵ چەند هاورێیەکی دیکەم لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات لە قاڵبی تیمێکی تەشیلاتی دا بەر لە مانگی پووشپەڕ لە ناوچەی سەردەشتێ دا بەکاری حیزبییەوە سەرقاڵ بووین وبۆ تەماس لە گەڵ خەڵک شیو و دۆڵ و موچەو شاخ و داخ و گوند و دێ مان دەپێواو، واش سەرەرای فەزای میلیتاریستی زاڵ بەسەر ناوچەدا، هەستی ماندووی ، شەکەتی، برسییەتی و تینوایەتیمان، لەچاوترووکانێک دا بەسۆزوخۆشەویستی خەڵکی دڵسۆز بەیەکجاری دەرەواندەوە.

ئێمە پاش گەرانێکی نێزیک بە ٢ مانگ لەناوچەی سوێسنایەتی و هەڵکشان و داکشانێکی زۆر لەدەوروبەری گوندی "هەڵۆێ" لە مووچەیەک وا بزانم بەناوی "سمێلە" کە داپۆشراو لە دارستان بوو، بارگەمان لێ خست و خەریکی حەوانەوەو ئیسراحەت بووین و میوە جۆراوجۆرەکانی ئێمەی بەخۆیەوە خەنی کردبوو.هەر لە فکری چۆنیەتی تەماس و پێوەندی دەگەڵ خەڵک دا بووین کتوپڕ خەڵک ئاگاداری کردین کە شاری سەردەشت بەهۆی چەند فرۆکەیەکەوە بۆمباران کراوە و زۆری نەخایاند کە

چەندوچۆنی بۆمبارانەکە، لە ئاستی ناوچەکە دا وەک بۆمب دەنگی دایەوە.

دەتوانم بڵێم هەر ئەم رۆژە چۆنیەتی روداوە سامناکەکەی شیمیایی سەردەشت لەلایەن فرۆکەکانی رژێمی عێراق کە تێی دا سەدان شەهید و هەزاران زامداری لە خەڵکی مەدەنی پێکهاتوو لە ژن و منداڵ و پیرو پەککەوتەی لێ کەوتەوە، لە ئاستی بەربلاو دا دەنگی دایەوە. خەڵکێکی زۆر لە نێوشار دا ئاوارە و پەریوەی گوندەکانی دەوروبەری چۆمی کەڵوێ بوون. چەندە قوڵایی کارەساتەکە زیاتر ئاشکرا دەبوو هەر بەو رادەیەش ئەو کەسانەی کەخزم و کەس و کاریان لە نێو شار دا دەژیان زیاتر ترس و دڵەخورپەو نیگەرانی لەمەر بەرکەوتنی خزمەکانیان بەو روداوە دڵتەزێنە دا،هەست پێ دەکرد وتوشی شۆکی دەکردن.

لەنێو تیمەکەی ئێمە دا کاک محمد کەسرایی یەکێک لەو کەسانە بوو کە ماڵێ باب و براکانی لەسەردەشتێ دا دەژیان و بە بیستنی رادەی شەهید و بریندارەکان، بە زوویی هەستمان کرد کە نیگەرانی سەرتا پای وجودی ناوبراوی داگرتوەو، سات بەسات لە هەوڵی بەدەست هێنانی هەواڵی تازە دایە.

بەنیاز بووین زیاترلەوە درێژە بەحەرەکەتی تیمی خۆمان بدەین و زۆرتر لە نێو خەڵک دا بمێنینەوەو تا تەماسی زیاترمان لە گەڵ ئەندام، لایەنگرو دۆستانی حیزبی هەبێ بەڵام نیگەرانی بەجێی ئەو هاورێ یەو ئەگەری بەرکەوتنی یەکێک لە خزمەکانی ( شەهید حاجی کسرایی )، ئەو هۆکارانە ئێمەشی هان دا تا هێدی هێدی بەرەو سنوو بکشێین و سەرئەنجام پاش بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت (٧ی پووشپەری ١٣٦٦) دەتوانم بڵێم هەفتەیەک دواتر گەیشتینەوە بنکەکانمان لەسەر سنوور.

بەرپرسی ئەوکاتی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت شەهید فەتاح عەبدولی بوو. ناوبراو لەجەولەکەمان زۆر رازی بوو. هەر بەو بۆنەیەوە داوای لە من و کەسرایی و شەهید مەلا حسین همزەپور (زێوەیی) کرد کە بە حاڵەتی تەشویقی وزیاتریش لە بەرچاوگرتنی دۆخی روحی کەسرایی، بەقەول سەردانی قەڵادزێ بکەین و سەرئەنجام سەفەرەکەمان سەری گرت و گەیشتینە قەڵادزێ بەڵام تا دەهات غەم و نیگەرانییەکانی ئەو هاورێیەمان زیاتر دەبوو، داوای لە من کرد کە بچینە ئۆردوگای "بەسەستێن" ئەو جێگایەی کە لەوانەبوو لە شەوورۆژێک دا سەدان کاروانچی سەردەشت و بەتایبەت دەوروبەری بۆ هێنان و بردنی کەلوپەلی جۆراوجۆر بێ گوێدان بە مەترسییەکانی،لە هاتوچۆ دا بن.

هەر چۆنێک بێ ساغ بووینەوە بەبێ بوونی (عدم تعرض) ملی رێگای بەسستێن بگرینە بەر و تا گەیشتینە پرسگەکە هەموو شتێک ئاسایی دەهاتەبەر چاو، بەڵام هەر کەواریدی وێ بووین یەکەم پرسیاری کەسی (استخبارات) ی یەکە ئەوەبوو، کوا

(عدم تعرض) و ئێمەش بێجگە لە کارتی پێشمەرگایەتی شتێکی دیکەمان پێ نەبوو تا نیشانی بدەین و یەک سەر دایان بەزاندین و هەرچەند خۆمان ناساند و کارتەکانمان نیشان دا بەڵام کەڵکی نەبوو. لەو کاتە دا ماشێنێک هات و تەنیا کەسێکی تێ دا بوو کەدەرکەوت ناوی (اسماعیل جاف)ە و پێ دەچوو چەکداری رێژیم بێ و ویستمان داوایەکمان بۆ بکا تا رامان نەگرن بەڵام پێی گووتین شتێکی وا نیەو سوار بن و هاتینە سەر جادەی سەرەکی بەرەومەسیری رانیەو دروست لە سەر جادەکە ژنێک دەستی لێ هەڵێنا و سواربوو. ئێمەهەر سێک مان لە وەسەتی ماشێنەکە، (استخبارات) ی یەکە لە پێشێ و ژنەکەش لە پشتەوە دا، سوار ببووین.

کێشەی ئێمە تەنیا نەبوونی (عدم تعرض) نەبوو، بەڵکوو بوونی دەمانچەیەک، عوزری لە قەباحەت خراپتر کردبوو. خەریکی سرت و خورت بووین و دەتگوت ژنەکە هەستی بەبوونی شتێکی نامۆ کردوەو گوتی: ئەگەر کارێک بەمن دەکرێ پێم بڵێن، من " ئایشەمەرە " م و قەدیم خەڵکی لای "میراوێ " بووم وئێستا ماڵم لە رانیە لە نێزیک ماڵێ "رحیم شیوەیی" یەوهەر چۆنێک بوو ساغ بووینەوە دەمانچە چاردەخۆرەکەی تەحویل بدەین بەڵام چۆن؟ بە جۆرێک پیاوەکانی رێژیم هەستی پێ نەکەن و هێندێک جاریش فکرمان لەوە دەکردەوە کە زەربەیەک لە پیاوەکە بدەین وئەوجا رابکەین. بەخافڵاندنی پیاوە (استخبارات) ی یەکە، دەمانچەکەمان تەحویلی ژنەکە دا و لێی دا رۆیشتین تا گەیاندیانینە فیرقەی سەربازی چوار قورنەو لە وێش بێ سێ و دوو هەر کام لە ئێمەیان خزاندە زیندانێکی تاک سلولی. هەرلە سەرەتاوە دەرکەوت نە تەنیا هەڵسوکەوتیان دەگەڵ ئێمە زۆر خراپە، بەڵکو زیندانەکەش بۆ خۆی چیرۆکیکی لەبیرنەکراوەیە: گەرماییکی تاقەت پرووکێن، ئاوی گەرم بۆ خواردنەوە، گرفتی چوونە توالیت، کێچ ئەسپێ، دووپشک و مشکی زۆروزەوەند، خەولێزران بەهۆی نالەبار بوونی سلولی زیندان.

جاروباریش کەخەو نەدەچۆ چاومان، دەستمان بە سرود و گۆرانی دەکرد وجا ئەو کەرەتەش کەسێکی مرچ و مۆن و دێزە مان بە ناوی "شوان" لێ پەیدا دەبوو کە بە نیسبەت من زۆر هەستیار بوو و حەزی بەدیتنی من نەدەکرد.
لەو چەند رۆژەدا لەبەر نەخواردنەوەی چا، هەمووومان تووشی ژانەسەرێکی سەخت ببووین و کورەکان داوایان لێ کردم کە بە شوان بڵێم چایەکمان بدەنێ بەڵام لەبری پێدانی چا، شوان هەڵی کوتا سەرم و قسەی زۆر ناحەزی پێ گوتم و بەجۆرێک نارەحەت و لەخۆم بێزار بووم و ئاواتم بۆ ئامرازێک وەک نارنجۆک دەخواست کەخۆم و ئەوی پێ لەنێو بەرم .هەر چۆنێک بێ ئەو هەفتەیەی لە زیندانێ دا بووین تێمان پەراند وبە شێوەی چاوەروان نەکراو پێمان گووترا ساز بین و دەماشێن یان خزاندین و تۆمەز مەسیرەکەی بەرەو سلێمانی بوو، پێمان وابوو تازە بەم زوانە ئازاد نابین و دیسان فکری هەڵاتن بەمێشک مان دا هات بەڵام باش بوو لە بەختی ئێمە ماشێنەکە لە جیات خەتی سلێمانی، بەرەو جادەی نیزامی چوارقورنە - دەربەند وەرێ کەوت و یەک سەر بردیانینە ئیدارەی موخابراتی قەڵادزێ و هێشتا نەگەیبووینە وێ کە تۆپ بارانی ئێران دەوروبەری موخابراتیشی گرتەوە و لە ترسان هەموو پێرسۆنێلەکەیان چووبوونە کونە تەیارەو ئێمەشیان

بردەویّ ولە بەر تۆپەڵەی کێچان، دەلینگی پانتۆڵەکانمان خستە ژێر گۆرەوییەکانمان و لە بەر شڵەژاویی دۆخەکە کەس ئاگای لەکەس نەبوو، بۆیە ئازادیان کردین و خۆمان گەیاندەوە پێوەندییەکانی حیزب لە شاری قەڵادزێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٥

## یادی کارەساتە جەرگبڕەکەی سەردەشت




**عەبدوڵڵا عومەرنەژاد**

هێندێک ڕووداو بە هیچ شێوە هەوارگەی زەین و مێشک و مژی مرۆڤ چۆڵ ناکەن، بەتایبەت تاوانە گەورەکانی دژ بە مرۆڤایەتیی لە زەینی مێژوودا قەت بای فەرامۆشیی ڕایان ناماڵێ. تاوانی گەورەی ڕژێمی بەعس دژ بە خەڵکی سەردەشت یەک لەو تاوانانەیە.

کە خۆری وەرزی بەهار ئاوا دەبێ و مانگی پووشپەڕ لە سەرەتای وەرزی هاویندا سەر دەردێنێ، زوومی خەیاڵمان دەگەڕێتەوە سەر ڕووداوە دڵتەزێنەکەی کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری سەرسەوز و پڕ لە چیا ڕەنگینەکانی کوردستان، شاری (سەردەشت)،کە لە دەمژمێر ٤ و نیوی ئێوارەی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی، فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێمی دڕ و هار و دژ بە مرۆڤایەتیی بەعس، بێ ڕەچاوکردنی هەموو پێوەر و پێوانە و پەیمانێکی مرۆیی و نێودەوڵەتیی، بە وەشاندنی بۆمبی کیمیاویی ئەو شارەیان قڕ کرد و نزیکەی ٨٠٠٠ کەس لە ژن و منداڵ و پیر و گەنج و لاوی سڤیلی ئەو شارەیان ژەهراویی کرد.

پێشێلکردنی یاساکانی مرۆیی و پەلاماردانی ناوچەی سڤیل نشین بە یەکێک لە تاوانە مەزنە نێو نەتەوەییەکان دێتە ژماردن، کە تێپەڕ بوونی کات نابێتە هۆی بەسەرچوون و کۆنبوونی و تاوانکاران لە سزادان قوتار ناکات.

## بۆمبارانی ناوچەی سڤیل نشین وەک تاوانی جەنگ لە ئاستی جیهانی دەناسرێت

کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت سەرپێچییەکی گەورەیە دەرهەق بە ڕێککەوتنامەی نێونەتەوەیی. کەچی بە بەهانەی شەڕی نێوانیان هەردوو ڕژێمی ئێران و ئێراق بەرانبەر بەخەڵکی سەردەشت و بەگشتی گەلی کورد هەموو جۆرە دڕندەییەکیان دژبە کورد و کوردستان تاقی کردۆتەوە و دەستیان لە ئەزیەت و پەلاماری خەڵکی سڤیل نەپاراستووە.ئەوەی پاش ۲۸ ساڵان دوای ڕودانی ئەو جنایەتە ئاشکرایە،بێدەنگی ڕێکخراو و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکانە بۆ ناساندنی ئەو جنایەتە و ناساندنی بە گەلانی جیهان کە دەبوو گرنگییەکی تایبەت بەو ڕوداوە دڵتەزێنەی دژ بە مرۆڤایەتی بدرێت.هەڵوێستێک ئەگەر لە کاتی خۆی دا وەرگیرابا ،بێگومان کارەساتی هەڵەبجەی بەدوادا نەدەهات،کە پاش کارەساتی هێرۆشیما لە شەڕی دووهەمی جیهانی ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاند. ئەو کارەساتەی سەردەشت دوای ئەو هەموو ساڵە ئێستاش زامێکی قوڵە لە سەر لاشەی خەڵکی سەردەشت و هیچ هەتوانێک ئەو زامەی نەلاواندۆتەوە و لە ئاست ئازار و ستەم و مەزڵوم بوونی خەڵکی ئەو شارە خنکێندراوە شەهیدە ئێستاش گریان لە ئەوک و ئەسرین لە چاوی مرۆڤایەتی دا قەتیس دەمێنێ ویژدانی مرۆڤی خاوەن ویژدان هەڵدەتەکێنێ و باسی شارستانییەتی سەردەم بێزت هەڵدەستێنێ، دوای ڕودانی هەر کارەساتێک نەهامەتی گەورەتر ئەوەیە مرۆڤایەتی لە ئاست ڕودانیان چاو بنوقێنێ و تاوانباران زاتی ئەوە بکەن بێباکانەو ئازادانە بۆ سەپاندنی هەیمەنەی شومیان پیلان بۆ جنایەتێکی گەورەتر دابڕێژن کە نمونەی هەرە نزیک پاش ئەو کارەساتە یەک لە دوای یەکانە دژ بە گەلی کورد پەلاماری دڕندانەی داعش بۆ سەر شەنگاڵ و کۆبانی و... بوو.

لە هەر بستێکی ئەو نیشتمانە خاوەنی هەموو ئەو کارەسات و نەگبەتیانەی دژ بەناوچە یا تاک و گروپێکی کورد ئەنجام دراون خودی کوردە بۆیە جێی خۆیەتی وەک کورد سوێندی برایەتی و یەکگرتن بخۆین بۆ درێژەدان بە خەباتییێکی هەمەلایەنە شان بە شانی ئازادیخوازان و ڕوناکبیرانی جیهان دژ بە دیکتاتۆرو ستەمکاران.ئێستا گەلی کورد لەوە دڵنیا بووە کە دوژمنایەتی قوڵ و ڕیشەداری داگیرکەرانی نیشتمانەکەی دەژێر هیچ ریفۆرم و ئاڵ و گۆڕێکی سەرسەرەکی دا ڕەنگ نادۆڕێنێ وئەو دوژمنایەتیی و تاوانانەی بەسەریان هێنایین قەت لەبیر ناکەین و ئاشتی و برایەتی و پێکەوە بوون لە گەڵ دوژمن خەیاڵێکی بەتاڵە.

ئێمەی کورد دەبێ بەیەکریزی دوابەدوای یادکردنەوەی کارەساتەکان وەک کارەساتی کیمیابارانی سەردەشت و هەڵەبجەو کارەساتی انفال و پەلاماری دڕندانەی داعش بۆ شەنگال و کۆبانێ بەڵێین بدەین کە هەرگیز فکری خەبات و تۆڵەکردنەوە لە دوژمنانی داگیرکەرو ستەمکار لە بیر نەکەین و هەرچی زویە خەبات بکەین بۆ گەیشتن بە کیان و سەربەخۆیی خۆمان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕێکخراوی خەبات ی شۆڕشگێڕی کوردستان - ڕێکەوتی: ۲۷ی جوونی ۲۰۱۵

## شارێک کە تا ئێستاش جەستەی ئازار دەچێژێت



به بۆنەی ٧ی پووشپەڕ ساڵرۆژی کیمیابارانی سەردەشت

بە دوای تێپەڕ بوونی ٢٨ ساڵ لە کارەساتی کیمیایی بارانی شاری سەردەشت بە تەنیا ١٥٠ کەس لە ٨ هەزارو ٢٤ قوربانی ئەو کارەساتە لە لایەن رژیمەوە بیمە کراونەتەوەو قوربانیانی ئەو بۆمبارانە کیمیاییە لە گەڵ کێشەی نەبوونی دەرمان و گرفتەکانی دیکە رووبەڕوون.

ئاسۆی رۆژهەلات: کاتژمێر ٤و نیوی سەر لە ئێوارەی ٧ی پووشپەڕ ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی لە لایەن هێزە ئاسمانییەکانی ئەرتەشی حکومەتی پێشووی عێراقەوە لە کاتی سەرۆکایەتی سەدام حوسەیندا، ٤ بۆمبی کیمیایی لە ٤ ناوچەی پڕ حەشیمەتی شاری سەردەشت بە حەشیمەتێکی ١٢ هەزار کەسی ئەو کاتەوە و ٣ بۆمبی کیمیایی دیکەیش لە گوندەکانی دەورووبەری ئەو شارە دەدرێت و ژمارەیەکی زۆری شارۆمەندانی کوردی خەڵکی سەردەشت و گوندەکانی دەورووبەری گیانیان لە دەست دەدەن و بریندارو ژەهراوی دەبن.

شاری سەردەشت لە پارێزگای ورمێیەو بە پێی ئامارە حکومییەکان لە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی حەشیمەتەکەی ٤٧ هەزارو ١١٥ کەسەو هاو سنوری وڵاتی عێراقەو وەکوو یەکەمین شاری قوربانی چەکە کیمیایەکان لە ئێراندا ناوی لێ دەبردرێت. ئێستاکە ٢٨ ساڵ لە سەر کارەساتی کیمیاریی بارانی شاری سەردەشت و دەوروبەری لە لایەن فرۆکەکانی سەدام حوسەینەوە تێپەڕ دەبێت و هێشتاکەش بەدواداهاتە نەرێنییەکانی ئەو کیمیایی بارانە لە سەر شارۆمەندانی کورد ماوەتەوەو کۆماری ئیسلامیش سەبارەت بە یارمەتی دان و خزمەتگوزاری لە پێناو چارەسەری کێشەکانی قوربانیانی ئەو کارەساتە کەمتەر خەمە.

شایانی باسە ژمارەی ئەو قوربانیانەی کە بە هۆی ئەو کیمیایی بارانەوە زیانیان دیوەو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بیمە

کراونەتەوە تا پێش لە ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی ١٠٠ کەس بووەو بە هۆی گوشارو چالاکی کردنی و بڵاو کردنەوەی ئاماری قوربانیانی ئەو کارەساتە، لە ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوییەوە بە تەنیا ١٥٠ کەس لەو شارۆمەندە کوردانە لە لایەن رژیمەوە بیمە کراونەتەوەو یارمەتییەکی زۆر کەمیان دەدرێت، ئەوە لە کاتێکدایە کە دادگای نێونەتەوەیی لاهە لەم بارەوە رایگەیاندووە، ئاماری قوربانیانی کارەساتی کیمیایی بارانی شاری سەردەشت کە ژەهراوی بوون و بە هۆی ئاکامەکانی ئەو کیمیاییەوە تووشی کێشەی جەستەیی و تەندروستی بوون، ٨ هەزارو ٢٤ کەسە.

ئەو ٨ هەزارو ٢٤ شارۆمەندە قوربانییە کوردە قوربانییە کە بە تەنیا ١٥٠ کەسیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بیمە کراونەتەوەو ئەو یارمەتییانەی کە لە لایەن بیمەوە بەو ١٥٠ کەسەش دەردرێت، قەرەبووی تێچووی هەموو ئەو دەرمانانەی کە کەڵکی لێ وەر دەگرن ناکاتەوەو باقی ئەو قوربانییانەش بە هۆی دابین کردنی دەرمانەکانیان کە بە هۆی ئەو کیمیایی بارانەوە ژەهراوی بوون و پێویستییان بەو دەرمانانە بە مەبەستی زیندوو مانەوەیان هەیە، رووبەرووی گرفت و گوشاری ئابووری بوونەتەوەو تەنانەت زۆربەیشیان پێویستیان بە ئاگاداری لە لایەن ئەندامێکی بنەماڵەکانیانەوە هەیەو ئەوش گوشارەکانی لە سەریان چەند بەرابەر کردۆتەوەو لەم پێناوەش دا بە لە بەر چاو گرتنی تێپەڕ بوونی ٢٨ ساڵ لەو کارەساتە مرۆییە هێشتاکە حکومەتی کۆماری ئیسلامی هیچ هەوڵێکی بە مەبەستی چارەسەری و تەنانەت یارمەتی دان و بیمەکردنەوەی ئەو قوربانیانە نەداوەو رۆژانە ئەو ٨ هەزار و ٢٤ شارۆمەندە کوردە قوربانییە لە گەڵ مەرگی هێور رووبەڕوون خۆیان بۆ گیان لە دەست دان لە هەر کاتێکدا ئامادە کردووە.

بەدواداهاتە نەرێنییەکانی ئەو بومبارانە وێڕای ئەوەی کە کاریگەری نەرێنی لە سەر تەندروستی شارۆمەندان و ئەو مندالانەی کە هێشتاکە بە دنیایش نەهاتوون و تەنانەت گیاو دارەکانی ئەو ناوچەیەش هەیە، مەترسییەکی دیکەی نەتەقینەوەو نەدەۆزینەوەی چەندین بۆمبی کیمیایی دیکەیش لەو شارە لە ئارادایەو هەر لەم پەیوەندییەدا بە دوای ٢٤ ساڵ لە تێپەڕ بوونی ئەو بۆمبارانە لە ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی بۆمبێکی کیمیایی فرۆکەکانی ئەرتەشی سەدام حوسەین کە لەو بۆمبارانەدا نەقیبووەو لە شاری سەردەشت دۆزرایەوەو ئێستاکە ئەو بۆمبە لە دەستی کۆماری ئیسلامی دایەو ئەگەری کەڵک وەرگرتنی لە لایەن ئەو رژیمەوە لە دژی نەیارانی ئەو حکومەتە لە ئارادایە.

لە رێکەوتی ١٣ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی کرێکارێکی بیناسازی کە لە ناوچەی ئازادگانی شاری سەردەشت سەرقاڵی کەندنی زەوی بووە کە لە ٢ میتری ژێر زەوییەوە بۆمبێکی نەتەقێندراوی کیمیایی دەدۆزێتەوەو فەرمانداری شاری سەردەشت لەم بارەوە رایگەیاند: کە لە ئەگەری تەقینەوەی ئەو بۆمبە بە لە بەر چاوی زیاتر بوونی حەشیمەتی شاری سەردەشت لە بەراورده کردنی لە گەڵ ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، کارەساتێکی گەورەتری لێ دەکەوتەوەو شارۆمەندانی زیاتری لە کارەساتەکەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی دەکرد بە قوربانی و ئەو بۆمبە دۆزراوەش لە شاری سەردەشت یەکێک لە

مەترسیدارترین بومبە کیمیاییەکانەو گازە کیمیایی " خەردڵ" تێدایەو لە ئەگەری هەناسە کێشانی شارۆمەندان لەو گازەدا، شارۆمەندان لە چەند چرکەدا لە سەر خۆ دەچن و چەندین بەدواداهاتی مەرترسی دار وەکوو بلۆق کردنی جەستە، رشانەوە، کێشەی هەناسە کێشان، گرفتی پێست و کێشەی بینین و مەرگی لێ دەکەوێتەوە.

بە پێی وتەکانی کارناسان هێشتاکەش مەترسی بوونی بۆمبی نەتەقێندراوی کیمیایی دیکە لە شاری سەردەشت هەیەو لە ئەگەر بوونی بۆمبی کیمیایی لە شاری سەردەشت و تەقینەوەی ئەو بۆمبە هەزاران دانیشتووی ئەو شارە گیانیان لە دەست ئەدەن و دەبن بە قوربانی و ئەوە لە کاتێک دایە کە هێشتاکە بە دوای تێپەڕ بوونی ٢٨ ساڵ لەو کارەساتە حکومەتی کۆماری ئیسلامی لێکۆڵینەوو توێژینەوەیەکی زانستی بە مەبەستی ئاگادار بوون لە بوونی بۆمبێکی کیمیایی دیکەی نەتەقێنداراو لە شاری سەردەشت ئەنجام نەداوەو سەبارەت بە گیانی شارۆمەندان کورد لە شاری سەردەشت کەمتەر خەمە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەڵات - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠١٥

---

## پاش ٢٨ ساڵ هێشتا مافی بەرکەوتوانی کیمیابارانی سەردەشت دابین نەکراوە



کوردپا

ئاژانسی کوردپا: لە بەرەبەری بیست و هەشتەمین ساڵوەگەڕی کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت و سەرەڕای چالاکییە بەردەوامەکانی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی برینداارانی کیمیا بارانی سەردەشت، بەرکەوتوانی کیمیابارانی ئەو شارە لە نەبوونی کەرەستەی پزیشکی و کەمی دەوا و دەرمان ئازار دەچێژن.

بە پێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ئەنجومەنی بەرگری لە مافی برینداراانی کیمیابارانی سەردەشت ١٥ ساڵ پێش و لە ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی دامەزراوە. ئامانجی سەرەکیی ئەنجومەنەکە، پشتیوانی لە بەرکەوتوان و بەجێ ماوانی بوردومانی کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت لە ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی، هەوڵدان بۆ دابین کردنی مافی بەرکەوتوان و هەروەها تۆمارکردنی شوناسی ئەو کەسانە لە ناوەندە حکوومەتییە پێوەندیدارەکانە.

پێش ئەوی ئەو ئەنجومەنە دابمەرزێ رێژەی کەمتر لە ١٠٠ کەسی برینداارانی کیمیابارانی سەردەشت تۆمار کرابوون، بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشانی ئەندامانی ئەنجومەنەکە، ئێستا ژمارەی قوربانیەکان کە ناویان تۆمار کراوە بە ١٤٠٠ کەس گەیشتووە. بە پێی ئامارە دەوڵەتییەکان، ژمارەی قوربانیانی کیمیابارانی شاری سەردەشت زیاتر لە ٨ هەزار کەس خەمڵێنراوە.

ئەنجومەنی بەرگری لە مافی برینداارانی کیمیابارانی سەردەشت یەکەمین ئەنجومەن لە ئێرانە کە لە ساڵی ١٣٨٢ی هەتاویدا لە رێکخراوی پێشگیری لە بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵ کوژی لە شاری لاهەی هولەند وەکوو ئەندام وەرگیراوە و تا کوو ئێستا لە ١٠ کۆبوونەوەی ئەو رێکخراوە بەشداری کردووە.

هەروەها بە هۆی سکاڵای ئەنجومەنی بەرگری لە مافی برینداارانی کیمیابارانی شاری سەردەشت لە دادگای لاهە، فێرانس ئانراد هاووڵاتیی هولەندی بە تۆمەتی فروشتنی ماددەی دروستکردنی چەکی کۆمەڵ کوژی بە دەوڵەتی ئەو کاتی عێراق دەستبەسەر کرا و بە تۆمەتی جینایەت لە دژی کوردەکان بە ١٧ساڵ زیندانی حوکم درا.

ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بەرکەوتوانی کیمیابارانی شاری سەردەشت لە ماوەی ١٥ ساڵی رابردوودا لە پێناو وەدیهێنانی مافی برینداارانی کیمیابارانی سەردەشت و ئاوڕدانەوەیەکی شیاو لە بارودۆخی ئەوان و نیشاندانی ئەو دۆخە بە دنیا کۆمەڵێک چالاکیی جۆراوجۆریان ئەنجام داوە.

بە وتەی قوربانیان و چالاکانی بەرگریکار لە مافی بریندارانی کیمیابارانی سەردەشت، ناوەندە دەوڵەتییەکان و بەرپرسان لە بوارەدا نە تەنیا یارمەتیدەر و هاوکاریان نەبوونە بەڵکوو لە زۆربەی ئەو حاڵەتانەدا، ناوەندەکانی سەر بە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران بەربەستی یاسایی و نایاساییان بۆ ئەو چالاکانە و بەرکەوتوانی کیمیابارانی سەردەشت دروست کردووە.

زیاتر لە ٨ هەزار بەرکەوتوو و کەم ئەندامی کیمیایی بارانی شاری سەردەشت هەن و تەنیا ناوی ١٥٠ کەس لەلایەن ناوەندە پێوەندیدارەکانی حکوومەتەوە بە برینداری کیمیایی باران ناسێندراو و تۆمار کراون.
مانگی خەرمانانی ئەمساڵ و پاش تێپەڕینی ٢٧ ساڵ بەسەر کیمیابارانی شاری سەردەشتدا، تیمێکی ٤٢ کەسیی پزیشکی، بەمەبەستی پشکنین و لێکۆڵینەوەی پزیشکیی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی شاری سەردەشت، سەردانی بریندااران و بەرکەوتوانی ئەو شارەیان کرد، کە چاویان بە ٧٠٠ بریندار و کەمئەندامی چەکی کیمیایی کەوتبوو.

بەهۆی نەبوونی کەرەستە و پێداویستیی پزیشکی، بەشێک لە برینداارەکان بۆ چارەسەرکردنیان ناچاردەبن روو لە شارە گەورەکانی ئێران وەک تاران، تەورێز و ورمێ بکەن.



بە گوتەی بەرپرسانی ئەنجومەنی پشتیوانی لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی شاری سەردەشت، بارودۆخی ئابووریی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لە شاری سەردەشت و بەتایبەت لە گوندەکانی وەک (رەش هەرمێ و دەوروبەری) یەکجار خراپە و لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بچووکترین ئاوڕیان لێ نەرداوەتەوە.

رێکەوتی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، شاری سەردەشت لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی حکوومەتی بەعسی عێراقەوە بۆردومان کراو لە ماوەی کەمتر لە یەک مانگی پاش کیمیابارانەکەدا ١٤٠ کەس بەهۆی ئەو چەکەوە گیانیان لەدەست دا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی مرۆڤایەتی - رێکەوتی: ٢١ی جوونی ٢٠١٥

## لە (٢٨) مینساڵیادی جینۆسایدی سەردەشت دا، بەرپرسیارێتی یاسایی ئێران و عێراق



**ئاوارە حسێن***

لە (٢٨ - ٦ - ١٩٨٧)، فرۆکە جەنگیەکانی هێزی ئاسمانی عێراق، بە بۆمبی کیمیاوی شاری سەردەشتی خۆرهەڵاتی کوردستانی بۆمبارانکرد و لەئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی (١٢٠) سەدو بیست کەس و بریندار بوونی (٨٠٠٠) هەشت هەزار هاوڵاتی سڤیلی شارەکە و گوندەکانی دەوروبەری لە ژن و منالّ و پیر.

بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی بە پێی پرۆتۆکۆڵی ژنێفی (١٧ - ٦ - ١٩٢٥)، قەدەغە کراوەو هەردوو حکومەتی عێراق و ئێران –یش ئەندامن و واژووی پابەند بوونی خۆیان بەو پرۆتۆکۆڵەوە کردووە. هەروەها هەردوو دەوڵەت ئەندامن لە رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی، (٩ - ١٢ - ١٩٤٨) و واژووی پابەندبوونیان کردووە.

**ئەو تاوانەی لە سەردەشت ئەنجام درا، ئەم تاوانە نێودەوڵەتیانەی خوارەوە پێک دەهێنێت:**

**یەکەم**: تاوانی جینۆساید. ئەو تاوانە بەپێی ماددەی (٢)ی رێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ قەدەغە کردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی ساڵی (١٩٤٨) و برگەی (١) ماددەی (١١)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)، تاوانی جینۆسایدە کە بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

(جینۆساید هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوەیە بەمەبەستی لە ناوبردنی هەمو یان بەشێکی گروپێکی نەتەوەی یان رەگەزی یان نەژادی یان ئاینی).

**ئەو کردەوانەش:**

**١- کوشتنی ئەندامانی گروپە.**

**٢- زیانپێگەیاندنی جەستەی و هزری  بە ئەندامانی گروپەکە.**

**٣- دانانی گروپەکە لە بارودۆخێکی سەختدا بە مەبەستی لە ناوبردنی هەموو یان بەشێکیان.**

**٤- ڕێگریکردن لە منداڵ بوون لە ناو ئەندامانی گروپەکەدا.**

**٥- ڕاگواستنی منداڵ لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر بەزۆر.**

**دووەم: تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی. بەپێی بڕگەی (١)ی ماددەی (١٢) ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی بریتیە لە: (هەریەک لەم کردارانەی خوارەوە هەرکاتێک ئەنجام درا لە چوارچێوەی هێرشێکی بەربڵاو یان نەخشە بۆ کێشراو و ئاراستە کراو دژی گروپێک لە دانیشتوانی سڤیل وە یا زانیاری بەو پەلامارە هەبێت).**

**ئەو کردارانەش:**

*** کوشتنی بە مەبەست.**

*** لە ناوبردن.**

*** کرداره نامرۆڤایەتیەکانی تر کە شێوەی هاوجۆری ئەوانن و دەبنە هۆکاری بە مەبەست بۆ گیرۆدەیی توند کە ئازاری ترسناک بە جەستە یان بە تەندروستی هزر و جەستە دەگەیەنن.**

**سێیەم: تاوانی جەنگ.**

**بە پێی بڕگەی (١)ی ماددەی (١٣)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، تاوانەکانی جەنگ، بریتین لە:**

**(پێشێلکردنی تەواوی ڕێککەوتننامەکانی (جنێف) ی (١٢ - ٨ - ١٩٤٩)، وە بە دیاریکراوی هەریەک لەم کرادارانەی خوارەوە ڕیزبەند کراوە و ئەنجامدراوە دژی کەسان یان موڵک و ماڵی پارێزراو بە پێی بڕیارە پێدراوەکانی ڕێککەوتننامەی (جنێف)ی پەیوەندیدار).**

**ئەو کردارانەش**:

* کوشتنی بە مەبەست.
* ئەشکەنجەدان.
* بەسەر هێنانی کوێرەوەری توند و مەبەستدار یان گەیاندنی ئازاری ترسناک بە جەستە یان تەندروستی.
* وێرانکردنێکی فراوان و لە ڕادەبەدەری موڵک و ماڵ و دەست بەسەراگرتنیان بە بێ پاساوی پێویستیەکی سەربازی وە بە شێوەیەکی لادەر لە یاساو بە ڕێگایەکی گێرەشێوێن.

لە بڕگەی (٢)ی هەمان مادەدا هاتووە: (پێشێلکاریە ترسناکەکانی تری ئەو یاساو داب و نەریتانەی کە پێویستە پیادە بکرێت لە ململانێ چەکدارییە نێودەوڵەتیەکاندا لەچوار چێوەی یاسای نێودەوڵەتی چەسپاو وە بە دیاریکراوی لەم کردارانەدا).

**ئەو کردارانەش**:

* هێرشی بە مەبەست و ئاراستە کراو دژی دانیشتوانی سڤیل یان کەسانی سڤیل کە ڕاستەوخۆ لە کردارە جەنگیەکان بەشدار نەبوون.
* هێرشی بە مەبەست ئاراستەکراو دژی ئامانجە سڤیلیەکان لەوانە ئەو شوێنانەی کە ئامانجی سەربازی نین.
* هێرشی بە مەبەست دژی خزمەتگوزاریەکان، دامەزراوەکان، کەل و پەلەکان، یەکەکان یان ئۆتۆمبیلی بەکار هاتوو لە کارە هاریکارییە مرۆییەکان یان پاراستنی ئاسایش بە پێی دەستوری نەتەوە یەکگرتووەکان. تاکو ئەو جۆرە کارانە شایانی ئەو پاراستنە بن کە دراوە بە سڤیللەکان یان ئامانجە سڤیلییەکان بە پێی یاسای نێودەوڵەتی بۆ ململانێ چەکدارییەکان.
* هێرشی بە مەبەست سەرەڕای ئەوەی کە بزانرێت ئەم هێرشە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی زیانی گیانی یان بریندار بونی سڤیللەکان یان کەوتنەوەی زیانی سڤیللی کە زیادە ڕۆیەکەی ڕون بێت بە بەراورد لەگەڵ گشت دەستکەوتە سەربازییە چاوەڕوانکراوە هەست پێکراو ڕاستەوخۆکان.
* هێرشی بە مەبەست سەرەڕای ئەوەی بزانرێت ئەو هێرشە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی زیانێکی یەکجار بەرفراون و ماوە درێژ و بەتین بە ژینگەی سروشتی کە زیادە ڕۆییەکەی ڕوون بێت بە بەراورد لەگەڵ هەموو دەستکەوتە سەربازییە چاوەڕوانکراوە هەست پێکرا و ڕاستەوخۆکان.
* هێرش یان بۆردومانی شارەکان، گوندەکان، ماڵەکان یان باڵەخانەکان بە هەر ئامرازێک بێت کە هیچ جۆرە

بەرگرییەکیان نیەو ئامانجی سەربازیش نین.

**چوارەم:** تاوانی دوژمنکاری. بە پێی پێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بە بڕیاری ژمارە (٣٣١٤) ی کۆمەڵەی گشتی دەریکردووە لە (١٤ - ١٢ - ١٩٧٤) و (٨) هەشت ماددەیە، بەم شێوەیە پێناسەی تاوانی دوژمنکاری دەکات:

لە ماددەی (١)ی ئەو پێناسەیەدا هاتووە: (دوژمنکاری بریتیە لەبەکارهێنانی هێزی سەربازی لەلایەن دەوڵەتێکەوە دژی سەروەری و ئارامی هەرێم و سەربەخۆیی سیاسی دەوڵەتێکی تر، یان بە هەر شێوازێکی تر کە پێچەوانە بێت لەگەڵ دەستووری نەتەوە یەکگرتووەکان کە لەم پێناسەیەدا چەسپاوە).

هەروەها لە ماددەی (٣) دا دەڵێت: هەریەکێک لەم کردارانەی خوارەوە بە بێ لە بەرچاو گرتنی جەنگ، بابەتێکن بە پێی بڕیارەکانی ماددەی (٢) بە کرداری دوژمنکاری دادەنرێن. ئەوانیش:

* بۆمبارانکردن لە لایەن هێزی سەربازی دەوڵەتێکەوە لە دژی هەرێمی دەوڵەتێکی تر، یان بەکارهێنانی هەر چەکێک لەلایەن دەوڵەتێکەوە لە دژی هەرێمی دەوڵەتێکی تر.

دوای ئەو ڕوناکاییە یاساییە و سەلماندمان کە کیمیابارانی سەردەشت ئەو چوار تاوانە نێودەوڵەتیە پێک دەهێنێت. ئێستاش ڕوونی دەکەینەوە، چۆنیەتی بەرپرسیارێتی یاسایی ئێران و عێراق.

**بەرپرسایرێتی ئێران**

بەرپرسیارێتی ئێران لەو تاوانەدا، بەپێی پرەنسیپی هەرێمی ئەنجامدانی تاوانە. ئاشکرایە لە دوای دابەشکردنە ستەمکارییەکەی ڕێککەوتننامەی لۆزانی ساڵی (١٩٢٣)، شاری سەردەشت بەر کوردستانی ژێر چەپۆکەی ئێران کەوتووە و لەو کاتەدا و تا ئەمڕۆش لە ڕوانگەی یاسای نێودەوڵەتیەوە شارێکە لە هەرێمی ئێراندایە. کەواتە حکومەتی ئێران بەپێی پرەنسیپی هەرێمی، ئەو ماف و دەسەڵاتە یاساییەی هەیە کەهەر تاوانێک لە هەرێمەکەیدا ڕوودەدا دادگایی تاوانکارانی بکات و مافی تاوان بەرامبەر کراونیش وەربگرێتەوە. ئەرکە یاساییەکەی حکومەتی ئێران لەوەدایە کە دەبوو لەئاست شکاندنی سەروەرییەکەی و پێشێل کردنی مافی بوون و ژیان و ئازادی هاولاتیانی هەڵوێستی مانادراری هەبوایاو قەرەبوی مادی و مەعنەوی بۆ زیانلێکەوتوان وەربگرتایەتەوە. بەڵام حکومەتی ئێران ئەو هەڵوێستەی پیشان نەداو ڕاستگۆیانە هەستی بەو ئازارە قوڵە نەکرد کە بەر ئەو شارە کوردیە کەوت.

**بەرپرسیاتێتی عێراق**

**بەرپرسیارێتی عێراق لەو تاوانەدا بەپێی هەردوو پرەنسیپی هەرێمی تاوان و بەرپرسیارێتی ڕەگەزنامەی تاوانکارانە.**

پاش ئەوەی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی لە (٩ - ١٠ - ٢٠٠٥) بەپێی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٥) پێک هات. لە بڕگەی (٢)ی ماددەی (١) دادگاکەدا هاتووە: (دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت، بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی ئەگەر هاتوو عێراقی بێت یان بیانی کە لە عێراق نیشتەجێبێت، وە تۆمەتبار بێت بە ئەنجامدانی یەک لەو تاوانانەی کە باسکراون لە مادەکانی: (١١ - ١٢ - ١٣ - ١٤)ی ئەم یاسایەدا و ئەنجام دراون لە (١٧ - ٧ - ١٩٦٨ تاوەکو ١ - ٥ - ٢٠٠٣)، لە عێراق یان لە هەر شوێنێکی تردا).

ئەم ماددەیە دەسەڵاتەکانی دادگای لە ڕووی کاتی بینینی تاوانەکانەکانەوە دیاریکردووە کە ماوەکەی (٣٥) سی و پێنج ساڵە و هەروەها دادگا دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بۆ دادگایکردن بگەڕێتەوە بۆ دواوە، ئەوەش ناڕاستەوخۆ گوزارشت کردنە لەگرتنە دەستی دەسەڵاتە لەلایەن بەعسیەکانەوە لەعێراقدا. تاکو ڕاگەیاندنی فەرمی کۆتایهاتنی پرۆسە سەربازیەکانی ئەمریکا لە عێراقدا. ئاشکراشە کیمیابارانکردنی سەردەشتیش لەو ماوەیەدا ئەنجام دراوە کە دادگا لە ڕووی کاتەوە دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە.

بڕگەی (٢)ی ماددەی (١)ی دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی ئاماژەی بە دەسەڵاتی دادگا کردووە لە تایبەتمەندێتی شوێنداو دەڵێت دەسەڵاتی دادگا پەیڕەو دەکرێت بەسەر هەموو کەسێکی سروشتی ئەگەر هاتوو عێراقی بێت یان بیانی کە لە عێراق نیشتەجێ بێت وە تۆمەتبار بێت بەئەنجامدانی یەکێک لە تاوانە باسکراوەکانی ئەم مادەیە لە عێراق یان هەر شوێنێکی تردا.

ئەو دەقە یاساییە کە دەڵێت (لەهەر شوێنێکی تر)، مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادگا کۆت نەکراوە بە تەنها لە هەرێمی دەوڵەتی عێراقدا، درێژ بوونەوەی بۆ (هەر شوێنێکی تر)، مەبەستی ئەوەیە کە دەسەڵاتی دادگا ئەو تاوانانەش دەگرێتەوە کە ئەنجام دراون لە دەوڵەتەکانی تردا، وەک ئەو تاوانانەی کە ئەنجام دراون لە هەڵگیرسانی شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا، نمونەی ئەوەش شاری سەردەشت و هەروەها تاوانی دەست درێژی کردنە سەر دەوڵەتی کوەیت.

کەواتە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی، لە ڕوانگەی یاسای دادگاکەوە ئەرکێتی کە کەیسی کیمیابارانی سەردەشت بە

جینۆساید بناسێنێت و حکومەتی ئێستای عێراقیش وەک میراتگری حکومەتی بەعس، قەرەبووی ماددی و مەعنەوی و تەندروستی زیانلێکەوتوانی ئەو ئەو جینۆسایدە بکاتەوە.

ئەوەش ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ئێرانە، کە ڕاستگۆیانە لە ژێر ڕووناکایی ئەو بەرچاو ڕوونیە یاساییە کە ئاماژەمان بۆ کردووە ئەو کەیسە بجوڵێنن و کاری دڵسۆزانە بکەن بۆ ئەوەی کەیسی کیمیابارنکردنی سەردەشت لە دادگای باڵای تاوانکاری عێراقی یەکلای بکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ماڵپەڕی بیرکردنەوە - ڕێکەوتی: ٧ی جوولای ٢٠١٥

---

## سەردەشت ئەو شارەیە یەکجار بە دەستی سەدامی خوێنمژ بۆمبارانی شیمیایی کراوە و سەد جار بە دەست کۆماری ئیسلامی شەهید کراوەتەوە ....



نومید قادری ئەقدەم

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کاتی بۆمباران و وردەکارییەکانی دەیان بەڵگە هەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕاستیانە بسەلمێنین کە کۆماری ئیسلامی زیاتر لە سەدام تاوانبار بووە....

یەکەم شت ئەوەمان بە مێشک دەگا کە:

- بەڕاستی کۆماری ئیسلامی دەیزانی سەردەشت بۆمبارانی شیمیایی دەکرێت؟ ئەگەر دەیزانی بۆ خەڵکی ئەو شارەی ئاگادار

نەکردەوە و هەر نەبێ شێوەی خۆ پاراستن لە گازە شیمیایانەی بۆ خەڵک باس نەکرد؟

سەردەشت بە هۆی هاو سنوور بوونی دەگەڵ باشووری کوردستان زیاتر لە ٥٠ جار بۆمباران کرابوو هەر کات بۆمباران دەکرا خەڵک ئەو شارە بە زووترین کات بۆ بە هانا چوونی یەکترەوە خۆیان دەگەیانده ئەو شوێنە کە بۆمبی لێدراوە، کە بۆمبارانی شیمیاییش کرا بە هەمان شێوە لەو شوێنانە کۆ دەبوونەوە کە بۆمبی شیمیایی لێدراوە کە بەداخەوە زیاترین قوربانی ئەو شارە هی ئەو ئاگادار نەبوونە بوو.... بەڵگە هەیە پێش بۆمبارانی شیمیایی کوماری ئیسلامی سەدان تەخت و سێرۆمی لە "تەربیەتی بەدەنی" ئەو شارە دانابوو دەیان

ئوتوقوبووسی سەندەڵی دەرهێنابوو بۆ ڕاگواستنی بریندارن و بە پێی ئەو تەسویرانەی لە بەردەستمانە هێزەکانی خۆی هەموو "ماسکیان" لێداوە و ئامادەگی تەواو دەبینرێ...بەلام بە داخەوە بۆ ئەوەی شانۆی زوڵملێکراوی نیشان بدا خۆی لە ئاگادار کردنەوەی خەڵک ئەو شارە پاراست....

• یەکێکی دیکە لە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بەو شارە و زیاتر شیمیایی بوونی خەڵکی ئەو شارە شێوەی ڕاگواستنی برینداڕەکان بوو، هەر کەس کە دەچووە نەخوشخانە یا "ساڵۆنی تەربیەتی بەدەنی" لەوێ سواری ئوتووبووسانە دەکرا کە بگوازرێتەوە بۆ شاری بانە، زۆر کەس لەوانەی کە ئێستا شیمیاییانین یا شەهید بوون هەر کاتی بۆمبارانەکە لەو شارەش نەبوون بەڵام کاتێک کە دیتوویانە کەسێکیان خەریکە ڕادەگوازن بۆ بانە ئەویش وەک "همراە" سەرکەوتووە و تا گەیشتوونەتە بانە ئەویش وەک ئەوان شیمایی بووە و یا کەسی زۆر بریندراری شیمیایی و کەم شیمیایی هەر بە یەک ئوتووبووس ڕاگوازراوە کە ئەوەش ئاماری قوربانیانی زیاتر کردووە...

• شتێکی دیکەی کە خەڵکی ئەو شارە قەت لە بیریان ناچێتەوە ئەوەیە: دوای ئەوە کە بریندارانی شیمیایی لە شاری بانەوە ڕادەگوازران بۆ شارەکانی تاران و تەورێز، شێوە ناردنەوەی شەهیدەکانە، کە بە داخەوە کاروان کاروان شەهید دەهاتەوە بۆ شاری سەردەشت، ناردنەوەیان بە ژمارەی زۆر و بە ماشینی بارهەڵگر و بە گەرمای هاوین، کە شاهید حاڵ هەیە دەڵێ کە شەهیدم ناشتووە بۆگەن بووە، یا کرمێ بووە! بەداخەوە کەمترین ڕێز بۆ ناردنەوەی ئەو شەهیدانە دانەنراوە...

• ئەو کاتە کە سەردەشت بۆمباران کرا کۆماری ئیسلامی ڕایگەیاند کە زیاتر لە ٨٠٠٠ هەزار کەس بریندراری شیمیایی بووە ئەدی ئەلان چەند کەس پەروەندەی هەیە و وەک شیمیایی ناسراوە و مەعاشی هەیە؟

ئەگەر لە راستی بپرسین گشت خەڵکی ئەو شارە بەرکەوتووی شیمیایی یە بەڵام بەداخەوە ١٣٧٠ کەس وەک بەرکەوتووی شیمیایی پەروەندەی هەیە و تەنیا ٤٠٠ کەس لەوانە وەک بەرکەوتەی شیمیایی ٢٠ لە سەد ناسرواە، ئەدی ئەو ٦٠٠٠ کەسەی دیکە چی بەسەرهات؟... وتەی یەکێک لەو دوکتوارانە کە ئەو کات لە نەخۆشخانەی ئەو شارە بووە دەڵێی ئێمە نە ناوی کەسمان نووسیوە و نە پەروەندەمان بۆ کەس ئامادە کردووە بەڵام ئەلان بۆ ئەو کەسانەی بەرکەوتەی شیمیاییین داوای باڵینی ئەو کاتی دوکتور و تەئیدیەی فەرمانداری ئەو کات دەکەن!!!

لە حالێکدا کە سەردەشت زیاتر لە ٨٠٠٠ هەزار بەرکەوتەی شیمیایی هەیە و دەبوو لە هەر شەقامێک یەک نەخۆشخانە و کلینیکی لێبێت بەڵام نەخۆشخانەکەی لە دەرەوەی شار و دوورە دەسترین نەخۆشخانەیە لە چاو شارەکانی دیکە! و پادگانەکەی لە جەرگەی شاردایە!

دوایی تێپەرینی ٢٨ ساڵ بە سەر ئەو کارەساتەدا کەچی بۆ هاوکاری قوربانیانی ئەو کارەساتە تەنیا یەک کلینیک هەیە ئەویش نە دوکتوری هەیە نە دەرمان و ئەو کەرستە سەرتاییانەی کە لێیەتی خۆڵ داپۆشیون و خەریکە تەحیل دەبێت! تەنانەت بەشێک لە بەرکەکوتوانی شیمیایی ئەو شارە دەزگای بخۆر و کەپسولی ئوکسیژنیشینان نیە!

خەڵکی سەردەشت لە ٧ی پووشەردا رێز و ستایشی ئێوە کاربەدەستانی ناوێ! لە وادە و بەڵێنە ترۆکانتان بێزارە! فرمێسکی کۆمەڵێک خۆفرۆشی بە ناو نوێنەر و کاربەدەستیشی ناوێ! دوکتور، دەرمان، ئارامیش و ئەهوەنی دەوێ...

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا - ڕێکەوتی: ٤ی جوولای ٢٠١٥

# سەردەشت شارێکی خنکاو



**ئەیوب عەبدوڵاپور**

شارێک هەڵکەوتوو لە جەرگەی خاکی کوردستان، شارێکی سەر سەوزو دڵرفێن، شارێک پێشەنگی خەباتی کوردایەتی و تێکۆشان، شارێک تامەزرۆی ئازادی و شارێک سوور پۆش و خوێناوی . رۆژی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی حکومەتی بەعسی ئەوکاتی عێراق و لە گەرمەی شاری ماڵوێرانکەی ئێران - عێراق لە دژی خەڵکی بێتاوانی سەردەشت چەکی شیمیایی بەکار هێنا. لە ئاکامی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت سەدان کەس لە خەڵکی بێتاوانی کورد لە سەردەشت شەهید و بە هەزاران کەسی دیکەش بریندار بوون.

ئێستا ٢٥ ساڵ بە سەر ئەو کارەساتە مرۆییەو تێپەڕ دەبێت. ٢٥ ساڵ بەر لە ئێستا ژن و مناڵ و پیر و لاوی سەردەشت هەوڵی قڕکردنی بە کۆمەڵیان دراو بە داخەوە هەزاران کەس لە شاری سەردەشت بوونە سووتمانی شەڕی ئێران و عیراق و چەکی قەدەغە کراوی شیمیایی لەو شارەدا.

لە ٢٥ ساڵرۆژی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت رێز دەگرین لە قوربانیانی ئەو کۆمەڵکوژیەو بێدەنگی و کەمتەرخەمی کۆماری ئیسلامی دەهەق بە زیان لێکەوتوانی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت مەحکوم دەکەین سەردەشت لە مێژوودا بە یەکەم شارێک دەناسرێت کە بۆمبارانی شیمیایی کرابێت. جینۆسایدی خەڵکی سەردەشت وەک بەشێکی زیندوو لە نەتەوەکەمان لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە بێدەنگەیەکی ماناداری لێکراوەو هەوڵ دەدرێت لە زەینی خەڵک بسڕێتەوەو فەرامۆش بکرێت. لە کاتێک دا کە ئەو جینۆسایدە هەزاران قوربانی لێکەوتۆتەوەو ئاسەوارەکانی هەر ئێستاو تا دەیان ساڵی دیکە دەمێنێت، کۆماری ئیسلامی دەیەوێت لە زەینی خەڵک بیسڕێتەوە؟

کۆماری ئیسلامی لە کاتی شەری ٨ ساڵەش کەمترین سەرنجی دایە ئەو کارەساتەو هەوڵی جیهانی کردنی نەدا، هەرچەند کارەساتەکە لە لایەن رژیمی بەعسەوە ئەنجام درابوو بەڵام رژیمی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا کەمترین رەنگ دانەوەی لە مێدیاکانی ئەو کات دا هەبێ.

کۆماری ئیسلامی بە بێدەنگە کردن لە جینۆسایدی کورد لە سەردەشت مەبەستی بوو بەر بە ستەمی لێکراوی کورد لە ئاستی بیرو رای گشتی جیهان بگرێت و رێگەی نەدا زوڵم لێکراوی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لایەنی جیهانی بەخۆیەوە بگرێت و هەستی هاوخەمی کۆمەڵگەی جیهانی بۆ کورد بوروژێت. بە جیهانی بوونی کێشەی کورد ئەویش بە هۆی بۆمبارانی شیمیایی دەیتوانی کێشەی کورد وەک نەتەوەیەک کە لە چوار چێوەی ئێران دا دەژی بگەیەنێتە ئاستێکی گەورەی جیهانی و کێشەی کورد لە کوردستانی ئێران لایەنی جیهانی بەخۆوە بگرێت.

لە لایەکی دیکەشەوە بە گەورە بوونەوەی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت و باس کردنی زیاتری ئەو کارەساتە بەرپرسایەتی دەکەوێتە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر قوربانیانی چەکی شیمیایی. لەو بەرپرسایەتیە دا حکومەت ناچارە قەرەبووی مادی و مەعنەوی بەرکەوتووان و کەس و کاری قوربانیەکان بکاتەوە و لە باری پزشکی و تەندروستیەوە خزمەت بە قوربانیەکان و کەس و کاریان بکات. هەتا ئێستاش بە هەزارن کەس لە زیان دیتوانی چەکی شیمیایی سەردەشت بە دەست نەخۆشیەوە گیرۆدەن و ئاسەواری شیمیایی دەروونی و جەستەییان لە سەرە. لە وەها بارودۆخێک دا کە زیاتر لە ٨٠٠٠ برینداری شیمایی لە سەردەشت هەیە رژیم تەنیا ناوی ١٣٨٠ کەسی تۆمار کردووەو لەو رێژەیەش تەنیا موچە بە ٤٠٠ کەس دەدات . خۆدزینەوەی رژیم لە بەرپرسایەتی بەرامبەر بە خەڵکی شیمیایی کراوی سەردەشت و قەرەبوو نەکردنەوەی زیان لێکەوتووان تاوانیکە دژ بە قوربانیانی چەکی شیمیایی. بە وتەی رێکخراوی دیفاع لە مافی بەرکەوتوانی شیمیایی سەردەشت کۆماری ئیسلامی ماوەی ٤ ساڵە تەنانەت رێگە بە مەراسمی یادکردنەوەی کارەساتی شیمیایی سەردەشت نادا. سیاسەتێک کە دژی هەموو بنەمایەکی مرۆییە.

لە کاتێک دا کە کۆماری ئیسلامی بە توندی لەگەڵ زیاندیتوانی چەکی شیمیایی دەجوڵێتەوەو ئەرکی خۆی نە وەک حکومەتیک بە جێ دێنیت و نە وەک کارەساتیکی مرۆیی رێگە بە یادکردنەوەی جینۆسایدی شەردەشت نادات، جێی خۆیەتی لە وەها بارودۆخێک دا سەرجەم خەڵکی کوردستان لە رێگای جۆراوجۆرەوە یادی کۆمەڵکوژی ٧ی پوشپەری و بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت لە سەراسەری کوردستان بکەنەوەو هەم وەک رۆژێکی ماتەمینی لە کوردستان رێز لە قوربانیانی ئەو کارەساتە بگیرێت. ئەرکی هەموو حیزب و رێکخراوە مەدەنیەکانی کوردستانە بە شێوازی جۆراوجۆر هەم یادی کارەساتی شیمیایی سەردەشت بکەنەوەو هەم هەوڵی بە جینۆساید ناساندنی کارەساتەکە لە ئاستی جیهانی دا بدەن.

لە ٢٥ ساڵرۆژی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت رێز دەگرین لە قوربانیانی ئەو کۆمەڵکوژیەو بێدەنگی و کەمتەرخەمی کۆماری ئیسلامی دەهەق بە زیان لێکەوتوانی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت مەحکوم دەکەین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاسۆی رۆژهەلات - رێکەوتی: ٢ی جوولای ٢٠١٥

## دوای تێپەرینی ٢٧ ساڵ بە سەر بومبارانی شیمیایی سەردەشت دا، ئێستاش رێژەی قوربانیانی ئەو کارەساتە دیار نیە.



حەمەرەسووڵ کەریمی

هەموو ساڵێک خەڵکی شاری سەردەشت بۆ کارەساتی جەرگبڕی حەوتی پوشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی بەرامبەر بە ١٨ - ٦ - ١٩٨٧ی زائینی دێنە سەر شەقامو کۆڵانەکانی شار و بە چەند چالاکی‌یەکی هونەری و ئەدەبی یادی شەهیدان و قوربانیانی ئەم کارەساتە دەکەنەوە.

کاتژمێر چواری دوا نیوەرۆی رۆژی حەوتی پوشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی چوار شوێنی پڕ حەشیمەت لە شاری سەردەشت کەوتنە بەر هێرشی فرۆکەکانی عێراقی و بە بۆمب و گازی خەردەل بە خەستی بۆردوومان کران، دیارە هاوکات لە گەڵ بۆردوومانی شاری سەردەشت گوندی "ڕەشەهەرمێ و دەشتی کەپران"یش کەوتبوونە بەر ئەو پەلامارە. لەو کارەساتە سامناکە دا زیاتر لە هەشت هەزار کەس لە دانیشتوانی "سەردەشت" ئەو شارە کوێستانی‌یەی ڕۆژهەلاتی کوردستان شەهید و بریندار

بوون، ئێستا دوای ٢٧ ساڵ بە سەر ئەو تراژێدیایە دا هیچ کەس ئاوڕی لە خەڵکی شاری سەردەشت نەداوەتەوە و تەنانەت ڕۆژی حەوتی پوشپەر کە ڕۆژی بوردومانی شاری سەردەشتە لە ڕۆژمێرەکانی ئێرانی دا بە هەشتی پوشپەر ناسراوە، بۆ ئەوەی لە گەڵ یەکێک لە ڕۆژەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران یەک بگرێتەوە، دیارە هەتا ئەمرۆش ناوی تەواوی شەهید و بریندارەکانی ئەو کارەساتە تۆمار نەکراوە و هیچ ڕێز و حورمەتێک لە کەس و کاری بە جێ ماوی ئەو قوربانییانە نەگیراوە و ناگیرێ، هەر بۆیە خەڵکی شاری سەردەشت لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە بێ کەسی و لێنەپرسینەوە دەکەن و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە ئازاری زۆر بەم بێ موبالاتییەوە بکێشن.

ئەگەر ئاوڕێک لە ٢٧ ساڵ لەمەوبەری شاری سەردەشت بدەینەوە، ئەو کات دانیشتووانی سەردەشت نێزیک بە ٢٥ هەزار کەس بوو، ماوەی ٨ ساڵ بوو، لە نێوان دوو دیکتاتۆری بە خوێن تینوی کوردان "ئێران و عێراق" شەر داگیرسا بوو، پێش ئەو کارەساتە چەندین جار لە لایەن عێراقەوە ناوچەی پڕ سەوزەڵانی سەردەشت بۆمباران کرا بوو و هەر جارەی چەندین کەسی لێ ببوونە قوربانی. بەڵام پەلاماری ڕۆژی حەوتی پوشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی، وەک هێرشی جارەکانی دیکە نەبوو کە تەنیا بە دانی چەند قوربانییەک ئەو ڕۆژە بە فەرامۆشی بسپێردرێ و یا چەند ڕۆژ دواتر دانیشتوانی شار و ئەم دەڤەرە، دەست بکەنەوە بە کاری ئاسایی و ڕۆژانەی خۆیان، بەڵکوو ئەو پەلامارە دڕندانەیە ئەوەندە قورس و بە ژان بوو کە ئێستاش دوای ٢٧ ساڵ بە سەر ئەو کۆمەڵکوژییە دا، زامدارانی ئەو کارەساتە بە ئێش و ئازارەوە دەتلێنەوە و هەموو ساڵێک چەندین کەس بەرەو مەنزڵگەی ئاخرەت کۆچ دەکەن و لە تەنیشت قوربانییەکانی دیکە لە گۆڕستانی گردەسوور مەنزڵ دەگرن.

بە داخەوە لە بەر ئەوە ئەو کات هیچ کەس و یا هیچ ئۆرگانێکی حکومەتی نەبووە کە ناوی قوربانییەکان و یا بەرێ کراوەکان و شەهیدەکان لە کاتی خۆی دا ناونووس بکات، ئێستاش ڕێژەی تەواوی ئەو کەسانەی کە بوونە قوربانی دیار نییە، زۆرجار دوای ئەو کارەساتە، زامدارانی ئەو ڕووداوە بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی تەنگەنەفەسی و بێ ئیشتیایی لە خواردن دا و زۆر نەخۆشی دیکە کە دوای گیرۆدە بوونیان بە گازی خەردەل تووشی هاتوون پەیوەندییان بە بنکەی بە نێو "جانبازان"وە گرتووە بۆ ئەوەی کە لە لایەن بەرپرسانەوە کارێکیان بۆ بکرێ، بەڵام لە بەر ئەوە هیچ بەڵگەیەکی تایبەتیان لە بەر دەست دا نییە و لە کاتی خۆشی دا ناویان تۆمار نەکراوە ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و لە ئاکام دا لە بەر بێ دەرەتانی و هەژاری لە جێگا دا کەوتوون و یا بە ئازارەوە سەریان ناوەتەوە.

بەداخەوە کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناوی زامدارانی کارەساتی شیمیابارانی سەردەشتەوە، ساڵانە چەندین تۆن داو و دەرمانی تایبەتی لە ڕێکخراوە بە شەردۆستەکان وەر دەگرێ و لە لای خۆیان ڕایدەگرن و یا دەیدەنە شوێنی دیکە، و بۆ

شوێن بزر کردن، ڕێژەیەکی زۆر کەم لەو دەرمانە دەنێرنە شاری سەردەشت و ئەو بڕە دەرمانەش نادەن بە هەموو کەس و ئەگەریش دایان ئەوە پێیان دەفرۆشن.

ئەگەر چاوێک بە نووسراوەکانی بەڕێز عوسمان موزەیەن بەرپرسی ئەنجوومەنی زامدارانی شیمیایی دا بخشێنین بە پێی لێکۆلینەوەیەک کە ناوبراو کردوویەتی و لە زماندوو بەرپرسی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بیستوویەتی بۆمان دەر دەکەوێ کە ڕێژەی شەهید و زامدارەکانی ئەم پەلامارە زیاتر لە هەشت هەزار کەسن.

ڕێژەی شەهید و برینداەرکانی ئەو کارەساتە لە زمان ئایەتوولّلا ڕەفسەنجانییەوە کە لە نوێژی هەینی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٢ دا باس کرد بوو ٨٠٢٤ کەسن و پارێزگاری ورمێ لە ساڵی ١٣٦٦ و ٦٧ دا لە وتارێکی خۆی دا ئاماژە بە شەهید و بریندار بوونی دە هەزار کەس لە دانیشتووانی شاری سەردەشت دەکات و هەروەها وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر ئەو کات لیستەیەکی ٤٦٠٠ کەسی لە برینداران و شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشتی دا بوو بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەر بە پێی ئەو بەڵگانەش کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی دابوونی بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، قوربانییەکان خەڵکی مەدەنی و ئاسایی بوون و پادگان و بنکە سەربازییەکانی حکومەت نەکەوت بوونە بەر ئەو پەلامارە و زەرەر و زیان بە بنکە و بارەگاکانیان نەکەوت بوو و داوایان لە خێرخوازان دەکرد کە بێن یارمەتی بە خەڵکی زامدار و بێ پەنای ئەم دەڤەرە بکەن، بەڵام ئێستا بۆ خۆیان هیچ ئاوڕێک لەم شارە بە گاز خنکێندراوە نادەنەوە و بە تەواوی دوای ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی بە فەرامۆشیان سپاردوە.

لێ نەپرسینەوەی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران لە زامدارانی شیمیای سەردەشت نەبۆتە هۆی نائومێدی بەشێک لە دڵسۆزانی شاری سەردەشت، بەڵکوو چەند کەسێکی دڵسۆز و لەخۆبردوو لە چەند ساڵی دوای بوردوومان و لە ساڵرۆژی بۆردوومانەکە دا دەهاتنە شوێنی ڕووداوەکە و دوایەش بە ڕێپێوان دەچوونە سەر مەزاری شەهیدەکان و بۆ چەند ساتێک بە بێ ئەوە هەست بە کەمی بکەن لە گەڵ ئازیزانی لە دەست چوویان راز و نیازیان دەکرد و هاواری مەزلوومەیەتی ئەوان و خەڵکی شاریان دەگەیاندە گوێی کاربەدەستانی شارەکە، چەندین ساڵ خەڵکی شار هەروا بۆ خۆیان ئەو یادوارەیان پێک دەهێنا تا وای لێهات کە بەشێک لە خەڵک و بنەماڵە قوربانییەکانی شار هاتنە سەر ئەو باوەرە کە دەبێ ڕێکخراوەیەکی تایبەت بە شیمیابارانی سەردەشت درووست بکەن، هەر بۆ ئەم مەبەستە و دوای وەدوا کەوتنێکی زۆر توانیان لە ساڵی ١٣٨٠ ی هەتاوی دا ئیجازە بۆ ئەم کارە لە کاربەدەستان حکومەت وەر بگرن و ئێستا لە ساڵی ١٣٨٠ وە ئەنجوومەنی زامدارانی شیمیایی شاری سەردەشت دامەزراوە، ئەو ئەنجوومەنە بە ئیمکاناتێکی کەم کارەکانی پەیوەندیدار بە زامدارانی شیمیایی سەردەشت ڕادەپەڕێنێ و لە کاتی درووست بوونیەوە، بەردەوام بۆ باشتر کردنی باری ژیانی زامداران هەوڵ دەدەن، بەشێک لە کارەکانیان تەرخان کردووە بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە تا ئێستا ناویان تۆمار نەکراوە بە پێی شاهید و بەڵگە وەرەقەی

ڕەسمی‌یان بۆ وەر بگرن بۆ ئەوەی بتوانن کە لە ڕێگای ئەو پێناسەوە، داو و دەرمانەکانی خۆیان بە هەرزانتر وەدەست بخەن و قەرەبووی بەشێک لە ئازار و زامەکانیان بدرێتەوە.

جێگای خۆیەتی لێرەدا بە هەموو هێز و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان و بە تایبەت ڕۆژهەلاتی کوردستان بڵێین کە چیدی لە ئاست ئەو کۆمەڵکوژی‌یە دا بێ دەنگ نەبن و چاو و گوێی خۆیان لە ئاست ئەو تراژیدیایە دا نەبەستن، مێژوو لە بێ دەنگی و چاو نوقاندنتان لە ئاست ئەم جەنایەتە سامناکە دا لێتان خۆش نابێت و خەڵکی کوردستان، چی دیکە دەلیل و بەڵگەی بێ‌جێتان لێ قەبووڵ ناکەن و پسپۆران و نووسەران لە سەر بێ دەنگی و چاو نوقاندنتان لە ئاست ئەم مەسەلەیە لاپەرەکانی خۆیان لە سەر ئێوە بە ڕەشی دەنووسن، با لە ٢٧ساڵەی ئەم کارەساتە دا بە یەکدەنگ هەموومان هاوخەم و هاوپشتی شاری سەردەشت بین.

لە کۆتایی دا ئەوە وەبیر دێنمەوە کە ئەگەر حکوومەتی بەعسی عێراق سەردەشتی شیمیاباران کرد، ئەوە کۆماری سێدارەی ئێران بە ئەنفالی سپی سەردەشت و ناوچەکەی و لاوانی ئەو شارەی تووشی چارەڕەشی و نەهامەتی کردووە و خەریکە بە بڵاو کردنەوە و درووست کردنی شیشەو ماددە هۆشبەرەکانی دیکە هەستی لاوانی سەردەشت و کوردستان خەوشدار دەکات. بۆ بەگژداچوونەوە و بۆ گەڕاندنەوەی هەیبەتی لاوان، پێویستە هەموو لایەک دەست بدەنە دەستی یەک و بەرپرسانی ... بەرێوەبەران و درووستکەرانی ماددە هۆشبەرەکان بە سزای خۆیان بگەیێنن، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە سەردەشت و شارەکانی دیکە لە ژێر ناوی ئەنفالی سپی دا خاپوور و وێران نەکرێ.

سڵاو لە خەڵکی خۆراگری کوردستان و شەهیدانی کارەساتی ٧ی پوشپەری سەردەشت

تەندرووستی و باش بوونەوە بۆ زامدارانی شیمیایی سەردەشت بە ئاوات دەخوازین و مەرگ نەفرەت بۆ خوڵقێنەرانی ئەو جەنایەتە سامناکە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی : ٢٩ی ژوون ٢٠١٤

## بۆنی سێوی ٧ی پووشپەر و ٢٧ ساڵ لەمەوبەری سەردەشت.




**شلێر حەسەنپوور**

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٧ی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ لە سەر پەنجەرە ماڵێ ڕوو بە حەسارەکەمان دانیشتبووم و کتێبی ئینجەمەمەد (حەمەدۆک)م دەخوێندەوە کە لە پڕ دەنگی فڕۆکەکان هات،

تازە بۆ هەڵاتن و خۆ دەربازکردن درەنگ ببوو، هەر بۆیە لە جێگای خۆم مامەوە و دەستم بە سەر و گوێم گرت و خۆم دایە دەست قەزا و قەدەر هەر لەو دەمەدا دەنگی تەقینەوەیەکی بەهێز هات. دەنگی تەقینەوەکە زۆر نێزیک بوو، کە سەرم هەڵبڕی دارتووەکەی ناو ئەسحابەی گەرەکەکەمان لە تۆز و دوکەڵێکی سپی دا ون ببوو. لەگەڵ ئەوەی دا دەمزانی تەقینەوەکە هەر لە پێش ماڵی خۆمانە، زۆرم لا سەیر بوو کە وەک جارانی پێشوو وێرانی کەم بوو. گوێم لە دەنگی قیژەی ژنان بوو کە لەو بەری کۆڵانەکەمان هاواریان دەکرد. نیگەران بووم، نەمدەزانی چی بکەم و هاوار بۆ کێ بەرم کەس لە ماڵ نەبوو. تەنیا کارێک کە کردم داخستنی پەنجەرەکان بوو بۆ ئەوەی پێشگیری لە هاتنی تەپو تۆز بۆ ژوورکان بگرم. بەپەلە و بێ ڕاوەستان هەڵاتمە حەسارێ لەوێش ڕا بۆ کۆڵان. بۆنێکی ناخۆش کۆڵان و گەڕەکی داگرت بوو هەر خەڵکم دەدی هەڵدەهات و دەیانگووت: ئەسحابەکە گەڕەکی پاراستووە و بۆمبێک لەوێ نەتەقیوەتەوە. خەڵک نەیدەزانی شیمیایە. هەر بۆیە بەبێ ترس سەردانی شوێنی بۆمبەکانیان دەکرد. ماوەیەک پێچوو ئەو جار زەنگی ئاگاداری مەترسی تایبەت بە شیمیایی کە چەند ڕۆژ بوو دایاندەنا بۆ ئەوەی خەڵکەکە دەنگی زەنگی ئاگاداری شیمیایی بناسنەوە، وەگەڕ کەوت. لە بڵینگۆی مزگەوتەکان ڕایانگەیاند کە وا باشە خەڵک بۆ پاراستنی گیانیان شار جێ بێهێڵن.

هەر لە حەسارێ ڕاوەستابووم، دایکم و ئامۆژنم و منداڵەکان هاتنەوە، دایکم ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو دوعا و نزای دەکردو دەیگووت:

خوایە ڕوحمێمان پێبکەی هەر لەو کاتەدا بابم وەژوور کەوتەوە. بابم لە هەموو ئەو ٨ ساڵەی شەڕی نێوان ئێران و عێراق بۆ ساتێکیش ماڵێ و شاری سەردەشتی بەجێ نەهێشت بوو. ئەو یەکێک لەو کەسانە بوو کە بڕوای بە ئەجەل هەبوو هەمیشە دەیگووت:



ئەگەر ئەجەلم نەهاتبێ نامرم. ئەو ڕۆژە هەر کە هاتەوە داوای ئاوی ساردی کرد و گووتی: هەست دەکەم تۆزم لە گەرووی دایە و هەناسەم توونـد دەبـێ، لێوەکـانی ویشـک هەڵگەڕابـوون و ڕەنگـی گۆڕابـوو، بەو حـاڵەش هەر دەیگـووت: هـیچ نییەو دڵخۆشی ئێمەی دەدایەوە و دەیگووت و دەڵێن: هەر کەسێک کوژراوە. کەوا و پـانتۆڵەکەی تـوزێکی سپیان لەسەر کەوت بـوو. تـا من چووم ئاوم بۆ هێنا دایکم و ئامۆژنم هەر بە جەمەدانەکەی خۆی سەرشانیان بۆ دەتەکاند.

بە پـێچەوانەش کـاکم دەسـرەیەکی تەڕی بە دەمیەوە گـرت بـوو و هەر دەیگـووت: ئاگاتـان لە خۆتـان بـێ پەڕۆی تەڕ بە دەمتانەوە گرن و زۆر هاتووچۆی دەرەوە مەکەن. ئێمە هەمووممـان بـێ ئەوەی بیـر لە چوونە دەرەوە لە نـاو شـار بکەینەوە لە تەبەقەی خوارەوە بۆی دانیشتین. ئەو کەسانەی وەسیلە چوونە دەرەوەیـان هەبـوو هەر دەمەودەست شـاریان جێ هێشت و لە گوندەکانی دەوروبەر نیشتەجێ بوون.

ورده ورده ڕۆژ بەرەو تاریک بوون دەچوو و دایکم نیگەران و بە پەرۆش و ئالۆز دەهاتو دەچوو و هەر دەیگووت: کەس نازانێ لە کوێیە، مەبەستی کاک جەلال بوو ئەو نەهاتبۆوە ماڵێ و هیچ هەواڵێکی نەبوو.

باش لە بیرمە دایکم و سکالاّ نەهاتنەوە سەرێ و هەر لە خوارێ نانیان خوارد و خەوتن، بەلاّم من لە گەڵ بابم لە تەبەقەی سەرێ مامەوە. تا دوای نان خواردنیش هیچ باس نەبوو، بابم وەک جاران هەواڵەکانی گوێ لێگرتن، بەلاّم چەندین جار داوای ئاوی ساردی کرد و ورده وردەش دەکۆخی. نازانم کاتژمێر چەند بوو ئەوندە دەزانم دوای دەنگو باسی بیبیسی بوو، کە هەستم کرد چاوم دەکروزێنەوە و جەستەم دەخورا، بەتایبەتی بنهەنگڵەکانم. بەرق و ئاو هاوکات لەگەڵ تەقینەوەکە قەتع ببوون، هەر بۆیە چرای گڕسۆزمان هەڵکردبوون. بۆ ئەوەی باشتر ببینم چرا فانۆسەکەم هەڵکرد و چوومە بەر ئاوێنە کە چاوم لێکرد پێستی زگ و لاکەلەکەکانم سوور هەڵگەرا بوون و بنهەنگڵم بلۆقی وەک سووتانی پێوە دیار بوو و کە دەستم لێدەدا زۆر ژانی دەکرد. دەترسام و تەنها بە ئاوی سارد دەمشتنەوە و دەسرەی تەڕم پێدادێنان. دیتم بابێشم هەر لە هاتووچۆ دایە بەلاّم دەنگی نەدەکرد. بابم وره و کەسایەتێکی بەهێزی هەبوو، کەمتر لەبەر نەخۆشی و ژان دەینالاّند بەلاّم دەمزانی ئەویش ئازاری هەیە. چوومە لای و گووتم: بابە هیچت پێویست نییە ئەمن دەخەوم. گووتی: نا، هەرچرا فانۆسەکە مەکووژێنەوە و لێرە لە لای منی دانێ. لەسەر داوای بابم چرافانۆسەکەم بردە ژوور و لە سەر پەنجەرەکەم دانا و چوومە سەر جێگایەکەم بخەوم، بەلاّم خەوی چی لە بەر ژانی چاوانم خەوم لێنەدەکەوت، ئەوجارە نەمدەتوانی چاوکانم بە باشی بکەمەوە. ماوەیەکی کورت خەوم لێکەوت بەڕاستی نازانم خەو بوو یا بێهۆشی کە بە دەنگی ناڵە ناڵەی بابم وەخەبەر هاتم. بابم هاواری دەکرد و دەینالاّند. زانیم کە دەبێ وەزعی باش نەبێ. چوومە ژوور و گووتم:

بابە ئەوە چییە؟

گووتی: چاوم زۆر دێشێ! هەموو گیانم سووتاوە زۆر نارەحەتم. بۆیە بە دەست کوتان بە پلیکانی ماڵێدا چوومە خوارێ و کاکم لە خەو هەڵستاند و گووتم: بابم وەزعی هیچ باش نییە فریای کەوە.

هەر ئەو شەوە بوو ئیتر بابم تا دوو مانگ و چەند حەوتوویەک نەدیتەوە. سەرەتا بۆ نەخۆشخانە تەورێز و دوای بەڕی کرا بوو بۆ نەخۆشخانەیەک لە شاری شیراز و لەوێ لەژێر چاوەدێری دابوو، دیارە زۆر جار بۆ خۆی باسی دەکردو دەیگووت: ئەگەر کەماڵ لە لام نەبایە و چاوەدێری وردی ئەو نەبایە ئەمنیش مردبووم. هەڵبەت قەت ئەو زام و برینانەی سارێژ نەبوونەوە و هەر بەو زام و ئازارانەوە سەری نایەوە و کۆچی دوایی کرد.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامی دەیزانی کە عێراق بەنیازی شیمیابارانە، هەر بۆیە چەند ڕۆژ پێشتر زەنگی ئاگادار کردنەوەی

شیمیایی لە یادگانی شاری سەردەشت را لێدەدا، بەڵام هیچ ئامادەکارێکی بۆ کاتی لێدان و بریندار بوونی خەڵک نەکردبوو. من بۆخۆم نەمدی بەڵام هەموو ئەو کەسانە چووبوون باسیان دەکرد کە ئەو خەڵکە سەرگەردان بوون و ساڵۆنی وەرزشی شاری سەردەشت پڕ ببوو لە خەڵکی زامدار، بەبێ هیچ پیراگەیشتنێک. هەر بۆیەش ژمارە بریندارەکان تا دەهات زیاتر دەبوون.

بابە گیان، یاد و بیرەوەرییەکانت هەر دەم لە دڵم دا زیندوون و بەیادی تۆ کە زۆر داخدار بووی لە زۆڵە کورد هەڵبەستەکانی هێدی (خالید حیسامی) بەتایبەتی باز و کەو دەڵێمەوە. هۆنراوەکانی هێمن موکریانی" ناڵەی جودایی" کە بلاوێنی رووحت بوون، ئارامیم پێ دەبەخشن و دەمبەنەوە دەورانی منداڵی.

بابە گیان ڕووحت شاد و سوپاس بۆ هەموو ڕێنوێنیەکانت و لە ناو هەموانیشدا وانەی کورد بوون و خۆشەویستی نیشتیمان. شانازی دەکەم کە کچی نیشتمانپەروەرێکی وەک تۆ بووم و هەم هاو کات لەبیرەوەری ئەو تراژیدیا پڕ کارەساتەدا سڵاو دەنێرم بۆ هەموو شەهیدانی بێتاوانی شارەکەم، بەتایبەتی شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشت. رووحتان شاد و یادتان هەردەم زیندوو. مردن و نەمان بۆ ڕێژیمە سەرەڕۆ و داگیرکەرەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی ژوون ٢٠١٤

## کارەساتی سەردەشت ورەنگدانەوەی لە حاست نێونەتەوەیی‌دا



**سیروان حەدداد**

به بیانووی بەشداریم لە بەرنامەی "شرۆڤەی هەواڵ" ی تەلەفزیۆنی کوردکاناڵ و دوان لە سەر پرسی سەردەشت و هۆی ئەوەی کە بۆ تا ئێستا شیمیابارانی سەردەشت نێونەتەوەیی نەکراوە،

بە باشم زانی لەم بابەتە کورتەدا بۆچوونی خۆم دووپات کەمەوە بەتایبەت کە بە هۆی کەمی وەخت نەمتوانی بەشێکی زۆر لە بیر و بۆچوونەکانم بخەمە روو و قسەکانم ناتەواو مانەوە.

کارەساتی شیمیایی سەردەشت لە سادەترین حاڵەتدا وەک ژینوساید و کۆمەڵکوژی نەتەوەیەک ئەژمار دەکرێ کە تەنیا بە نیاز و هەوڵی قڕ کردنی بەشێک لە نەتەوەی کورد لە کوردستاندا ئەنجام دراوە، هەرچەند ئەو دەستدرێژییە لە شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و ئێراق دا بووە بەڵام کە سەرنج بدەیە ئەو شوێنانەی کە شیمیاباران کراون دەردەکەوێ کە تەنیا کوردستان و خەڵکی کورد و یەک لەوان سەردەشت ئامانجی هێرشی شیمیایی بوون.

لە وەها کارەساتێکی بەربڵاو و گەورەدا هەوڵی نێونەتەوەیی کردنی لە پلەی یەکەمدا لە ئەستۆی دەسەڵاتدارانێکە کە ئەوکات و ئێستاش حوکمی سەردەشت دەکەن و بەرپرسایەتی ئەوشارەیان لە ئەستۆیە واتە یەکەمین بەرپرسیار کۆماری ئیسلامی ئێرانە. کۆماری ئیسلامی ئێران لە رێگەی دیپلۆماسییەوە زۆر بە باشی دەتوانێت پرسی سەردەشت نێونەتەوەی بکات و کارەساتی سەردەشت بگەیێنێتە حاستێک کە شیاوی سەردەشتە. بۆ ئەم مەبەستە رەنگبێ یەکێک لە نزیکترین رێگەکان بۆ بە ئاکام گەیاندنی ئەو پرسە رێکخراوی پێشگیری و پەرەئەستاندنی چەکی شیمیایی واتە opcw یە. ئەم رێکخراوەیە سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە و مقەڕەکەی لە لاهەی هولەندە.

ئێران لەم رێکخراوەیەدا دەستێکی باڵای هەیە و زۆر بە نفوزە و دەتوانی هەر کارێک بکات بۆ ئەوەی پرسی سەردەشت نێونەتەوەی بکرێ، بەتایبەت کە لەو رێکخراوەیەدا تۆرێک هەیە تەنیا بۆ ئەوەی داکۆکی بکات لە قوربانیانی چەکی شیمیایی لە جیهاندا و ئێران لەو بەشەدا رۆڵی سەرەکی دەگێرێ و زۆر بە ئاسانی دەتوانی سەردەشت وەک شاری ئاشتی لە جیهاندا بناسێنێ و ئەوەش دەبێتە هۆی ئاسانکاری بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو بۆ سەردەشت و قەرەبووی هەموو زیان و نەهامەتیەکانی مادی و موعنەوەی قوربانیانی شیمیایی سەردەشت.

بەڵام کاتێک هەموو رێگەکان ئاواڵەن بۆ ئەوەی پرسی سەردەشت نێونەتەوەیی بکرێ پرسیار ئەوەیە بۆ تا ئێستا نەکراوە، وەڵامەکە زۆر سادەیە چوونکە دەسەڵاتدارانی ئێران نایانهەوێ و هیچ ئیرادەیەکیان نیە بۆ ئەو کارە. بە بڕوای من دوو هۆکار سەرەکین کە ئێران خۆی لەم پرسە گرنگە دەدزێتەوە یەکەم ئەوەی کە سەردەشت شارێکی کوردستانیە و دانیشتوانی هەڵگری بیر و باوەڕێکی نیشتمانپەروەرانە و هەستێکی بەتینی کوردایەتین و هەر لە کۆنەوەش سەردەشت و ناوچەی سەردەشت مەکۆی شۆڕشگێران و گەورەپیاوانی دژ بە زۆرداری و زوڵم و زۆری دەسەڵاتدارانی حاکم بووە، دەسەڵاتداران هەمیشە ویستوویانە بە هەموو شێوەیەک و بە کەڵک وەرگرتن لە هەموو میکانیزمێک کەش و هەوای دوژمنڕەتێنانەی ئەم ناوچەیە بشێوێنن. هەر بۆیە بەپێی سیاسەتێکی سیستماتیک هەوڵ دەدەن بێدەنگی بە سەر سەردەشتدا زاڵ بێت و نێوی لە نێواندا نەمێنێت. دووهەم ئەگەر پرسی شیمیابارانی سەردەشت نێونەتەوەیی بکرێ یا ئەوەی بڕواتە دادگاکان و بەدواداچوونی یاسایی لەسەر بکرێ، بەرپرسیاری ئەسڵی دەوڵەتی ئەو کاتی ئێراقە کە رەنگبێ لە زۆر بوارەوە دەوڵەتی ئێستاش بگرێتەوە کە ئەوەش بۆ ئێران نەخوازراوە چوونکە ئێراق ئەمڕۆ لە باری سیاسییەوە تەنیا رۆڵ گێڕی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەدایە و هیچ سەربەخۆییەکی نیە، زۆر ئاساییە کە ئێران ئەمڕۆ بۆ شارێکی کوردستانی و سوونە مەزهەب بەرژەوەندی سیاسی و ئایینییەکانی خۆی ناشێوێنێ و بارێکی گرانی مەعنەوی و ماددی ناخاتە سەر شانی دەسەڵاتی شیعە لە ئێراقی ئەمڕۆدا.

لەگەڵ ئەوەش گووتەی ئێران تەنیا یەک شتە، ئیستکبار جیهانی و دونیای غەرب بەرپرسیاری هەموو نەهامەتی و بەڵای جیهانن، لە روانگەی ئێرانەوە تەنیا وڵاتانی رۆژئاوا هۆکاری سەرەکی ئەم کارەساتەن و ئەوانیش دەبێ بەرپرسیارەتی ئەو تراژێدیایە لە ئەستۆ بگرن؛ بەو روانینەشەوە پرسی سەردەشت هەرگیز نێونەتەوەیی ناکرێ. هەرچەند لە کاتی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشتدا  بە گشتی هەموو وڵاتانی جیهان بێدەنگیان لێ کرد و هەزاران بریندار و سەدان شەهیدی بێتاوان و مەدەنی ئەو شارەیان کردە قوربانی سیاسەتی شەڕی ئێران و ئێراق کە رەنگبێ ئەو بێدەنگی و گوێ پێنەدانەی ئەو کات و ئێستاشی لەگەڵ بێت یەکێک لە هۆکارەکانی سەرەکی ئەوەن کە پرسی سەردەشت نێونەتەوەیی نەکراوە.

بەڵام کاتێک ئێران نایهەوێ کارێک بکات دەکرێ سەردەشت فەرامۆش بکرێت؟ بە دڵنیاییەوە نا! کۆماری ئیسلامی ئێران

نـایهەوێ کارەسـاتی سەردەشـت لەو جـۆرەی کە هەیە گەورەتـر بکـرێتەوە بـۆیە بە پێـی پـلان و بەرنـامەی خـۆی لەگەڵ شیمیابارانی سەردەشت هەڵس و کەوت دەکـات، ئێمەش دەبینین کە سەردەشت تەنیـا لە ٧ی پووشپەڕ و چەنـد ساعەتێک بەرنامەی داخراو و هێندێک پێهەڵاگوتنێدا بچووک کراوەتەوە.

جگە لە کۆماری ئیسلامی ئێران کە بەرپرسیاری یەکەمە، لایەن و کەسایەتیەکانیش دەتـوانن رۆڵێکی سەرەکی بۆ ئەو پرسە بگێڕن کە بەداخەوە دوای ٢٧ ساڵ لەو کارەساتە شتێک نەکراوە. بەتایبەت حیزبە سیاسیەکان دەتـوانن پرسی کۆمەڵکوژی و ژێنوسایدی کورد لە شیمیابارانکردنی کوردستان بە تایبەت سەردەشت وەک بەشێک لە سیاسەتی خۆیان کاری لە سەر بکەن و بەرنامە و پلانی بۆ دارێژن و لە رێگەی نوێنەرەکانیان لە ئوروپا و ئامریکا هەوڵی بۆ بدەن و ئەو بۆشایی‌یەی کە کۆماری ئیسلامی جێی هێشتووە ئەوان بە هەستێکی کوردانە و بەرپرسیارەتی نەتەوەیی‌یەوە پـڕی کەنەوە و کارەسـاتی سەردەشت نێونەتەوەیی بکەرێ. بەتایبەت ئێستا کە ئەحزابی کورد لە مەیدانی شەڕی چەکداری‌دا نەماوە بـا لە مەیدانی سیاسـەتی نێونەتەوەیی چالاکانە و وشیارانە پرسە گرنگەکانی کورد بوروژێنی و لە داهاتووی کوردستانێکی ئـازاد و سەربەخۆدا گلەیی بێ‌دەنگیان لێ نەکرێت.

رێکخراوە مەدەنی و ناحوکمی‌یەکان لە حاست نێونەتەوەیی‌دا دەتوانن زۆر کارگێر بن و لەو بارەوە دەتوانن کاری باش بکەن. ئەو رێکخراو و ئەنجومەنـانەی لە نێو خـۆی ئێرانن بە دڵنیـایی‌یەوە نـاتوانین هیچ چاوەڕوانی‌یەکمـان لێیـان هەبێت لەبەر ئەوەی بەشێک لەوان سـەر بە رژێمـی ئێـرانن و دەوڵەتـی ئێـران بە دروسـت کـردن و پاڵپشـتی مـادی و مەعـنەوی رەوانەی دەرەوەی وڵاتیان دەکات و لە رێگەی ئەوانەوە سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئێران هەنـاردەی کۆمەڵگـای نێونەتەوەیی و بیـر و رای گشتی دەکات. کە بە داخەوە ئەم بەشە لە سیاسەتی ئێران بە تـایبەت بەرانبەر بە پرسی سەردەشت و تراژێـدیای ئەم شارە زۆر باش جوابی بۆ داوەتەوە. هەر وەک دەبینین چەنـدین رێکخـراوی دەوڵەتـی پێک هـاتوون کە بە نێـو کـار دەکەن بـۆ بەرگری لە مافی بریندارانی شیمیایی بەڵام لە ئەساسدا دژایەتی کەیسی سەردەشت و ئەنجومەنی شیمیایی سەردەشت دەکەن و بە هەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن بریندارەکانی شەڕ وەک قوربانی شەڕی داسەپاو بە سەر ئێرانـدا لە لایەن رۆژئـاواوە زەق کەنەوە و سەردەشت و قوربانیەکانی بخەنە پەراوێزەوە. نموونەیەکی زۆر بەرچاو لەم رێکخراوانە "مۆزەی ئاشتی تـاران" ە کە ئەمڕۆ وەک یەکێک لە گەورەترین ناوەندەکانی ئاشتی‌خوازی جیهـان دەناسرێت و سـاڵانە دەیـان بەرپرسی گەورەی رێکخـراوی نەتەوە یەکگرتوەکان و باڵوێزی وڵاتـان سەردانی دەکەن و وەک ناوەندێکی ئاشتی پـارێز دەینـاسن بەڵام تـا ئێستاشی لەگەڵ بێت بۆ یەک جار راستی سەردەشت لەو موزەیەدا نەخراوەتە روو و بەڵکە راستی‌یەکانیشان شێواندوون.

بـاقی ئەنجـومەن و رێکخـراوە ناحوکمیەکـانیش لە بەر ئەوەی فشـار و ترسێکی زۆریـان لەسـەرە و بەردەوام لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ و بە هیچ شێوەیەک دەستیان ئـاواڵە نیە نـاتوانن کارێک بکەن بۆیە دەبێ ئەوان لەو پرسەدا لەبەر چاو

نەگرین، بەڵام زۆر ڕێکخراوی ناحوکمی و ئەنجومەنی چالاکی کوردیمان هەن کە دەتوانن لە بواری نێونەتەوەییدا کار بۆ ئەو بەشە بکەن و خزمەتێکی گەورە بە قوربانیانی چەکی شیمیایی لە هەموو کوردستان و بە تایبەت سەردەشت بکرێت. کە من پێم وایە هۆی ئەوەی بۆ ئەوانیش تا ئێستا گرنگیان نەداوە بەو پرسە ڕەنگبێ ئەوە بێت کە ئەوانیش نەزانن یا باوەڕیان بەوەی نەبێ کە شیمیابارانی سەردەشت و ناوچەکانی دیکەی کوردستان خاڵێکی گەورە و بەهێزە بۆ دوارۆژی کوردستان لە حاست نێونەتەوەییدا.

بەڵام گرنگتر لە هەمووی ئەوانە ئێمەی بریندارى شیمیایی و کەس و کاری شەهیدان بەداخەوە تا ئێستاش نەمانتوانیوە وەک پێویست ئەرکی خۆمان بە جێ بگەیێنین و بە پێی پێویست کارێک بکەین بۆ ئەوەی ئەم پرسە نێونەتەوەی بکرێت. ئەگەر زۆربەی بەرکەوتووانی چەکی شیمیایی سەردەشت ئێستا لە نێوخۆی ئێراندا دەژین و دەستیان بە هیچ شوێنێک ڕاناگا، زۆرن ئەو بریندارانەی شیمیایی سەردەشت و بنەماڵەی قوربانیان کە لە دەرەوەی وڵات دەژین و نموونەیەکی بەرچاو و گرنگن بۆ شایەدیدان و دەوڵەمەند کردنی کەیسی سەردەشت، هەروەها لە ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان نزیکن و ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنیەکان باش دەناسن بەڵام هەموومان تەنیا سەردەشت و ئازاری برینێکی لە لەشماندایە تەنیا کاتێک پووشپەڕ دێت دێتەوە بیرمان.

هیوادارم بە هەوڵ و تێکۆشانی هەموو لایەک ڕۆژێک بێت کە پرسی سەردەشت نێونەتەوەیی بکرێ و قەرەبووی هەموو لایەنەکانی قوربانیانی سەردەشت بکرێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٩ی ژوئەنی ٢٠١٤

## حەوتی پوشپەری ساڵی (١٣٦٦)ی هەتاویم چۆن تێپەر کرد؟



**ئالان عومەرزادە**

هەفت رۆژ لە مانگی یەکەمی هاوینی ١٣٦٦ای هەتاوی تێپەر ببوو. دارو درەختی باخەکان، گەڵاکانیان وردە وردە پانتر دەکرد تا میوە و بەرهەمەکانیان لە گەرمای بەهێزی هاوین بپارێزن. زۆر یەک لە گوندنیشنان بەرەو هەوار کۆچیان کرد بوو.

ئاسمانی گوند، ساماڵ بوو هیچ پەڵە هەورێک لە ئاسماندا دیار نەبوو. پەرە سێلکەکان بە ئاسماندا سەمایان بوو، زەردی شامی، زەنگوڵە، بوڵبوڵ و ملەکان دەنگیان لە رووبارو دارستانی تەنیشت ماڵمان دەهاتە گوێ و تێکەڵ بە دەنگی مانگاو بزن و حیلەحیلی ئەسپو هاتو هاواری شوانو قاو قیژی مناڵانی گوند دەبوو. هەموو ئەو نۆتو دەنگانە مووسیقایەکی خۆشو ئارامگریان دروست دەکرد. من تا لە گوند بووم هیچکات لە بیستنی ئەم مووسیقایانە بێبەش نەدەبووم، چونکە باوکم هەر لە گەڵ گەزینگی بەرەبەیانی منی لە خەو هەڵدەستاند.

ئەم بەیانییەش وەک باقی رۆژەکانی دیکە پێش ئەوی بە دەنگی باوکم بەخەبەر بم، خۆم لە خەو هەستام، چونکە ئێوارەی رۆژی پێشوو لە گەڵ هاورێیەکم لە قەراغ ماڵمان چەند گوڵێکمان لە ناو گوڵزاری نەنکی هاورێکەم شاردبۆوە، ئەورۆژەش کاتیان بوو کە بپشکوون، ئێمەش قەرارمان دابوو کە پێش ئەوەی کەسێکی دیکە ئەو گوڵانە بیانچنێ، ئێمە بۆ خۆمانیان بەرین. دوای گەرانەوەمان لە گوڵ چنینەکە و هاتنەوەمان بۆ ماڵ، زوو من گوڵەکانم خستنە ناو پەرداخێک ئاوەوە تا جوانتر بپشکوون و رەنگ وروویان بکرێتەوە دوایی پێشکەشی دایکمیان بکەم، چونکە دایکم بە بینینیان شاد دەبوو منیش لە

شادی دایکم خۆشحاڵ دەبووم و لە گوڵەکانیش ئەنەرژی و وزەم وەردەگرت. دوای خواردنی بەیانی کە وەک هەمیشە یان ماست و پنیر بوو یان کەرە و هەنگوین چوومە دەرێ. ئەو رۆژە دوای چونە دەری، مەرو مالات و گوندنشینان بۆ سەر کەسپ و کاری مووچەو باغ و زەویو زاریان، گوند بێ دەنگیەکی سەرسورهێنەر دایگرتبوو، دەنگی باڵندەکان کەمتر ببوو ،مەر وبزن ومانگاکان بەرەو مەزرا ولەوەڕگاکان بردرابوون. ئەو رۆژە، منیش

وەک جاران زەوقی قومارکردن لە گەڵ هاورێکانم نەبوو، تەنیا لەبەر ئەوەی لە ماڵدا بەردەستو پێی دایکم نەگرم چوبوومە دەر، بە ناچاری لە گەڵیان دەستم بە قومارکرد. قومار کردنی منداڵی سەردەمی ئێمەش یان خستە خانە یان مێشن،... زۆر جاریش فیشەک تەقاندن بوو بێ ئەوەی لە ئاکام و زەرەرەکانی ئاگادار بین. بەبیرمە کە سەرەتای ساڵی تازەو نەورۆز هەر ئەو ساڵە بوو کە مانگێک پێشتر خۆمان بۆ ئاگر کردنەوەی نەورۆز ئامادەکرد بوو، فیشەکێکی زۆرمان کۆکردبوونەوە.

شەوی پێش رۆژی یەکەمی بەهار لە شاخی پشت ماڵان خستمانە ناو ئاگرەکەی نەورۆز، نائاگا لەوەی کە رووبەرووی گوندەکەمان پایەگای ئەرتەشە. دوای کە تەقەی ناو ئاگرەکە دەستی پێکرد، پایەگای روو بەرووەمان دەستی کرد بە تەقە، دوای کە ئاگرەکەیان دی هاتن بۆمان ئێمەش بەرەو گوند رامان کرد، بەڵام بە داخەوە ئاگرەکەیان کوژاندینەوە. ئەو کات بارودۆخ زۆر هەستیار بوو شەڕی ئێراق و ئێران بوو و پێشمەرگەش لەگەڵ حکوومەت دەرگیر بوو.ئەو رۆژە دوای قومارێکی زۆر بۆ نانخواردنی نانی نیوەرۆ گەراینەوە ماڵێ.

دوای کەمێک پشودان بە دەنگی فرۆکە شەڕکەرەکانی سەدام راپەرین، باڵندەکان لە خوێندن وەستا بوون و پەرەسێلکەکانیش لە سەماکردن، لە ناکاو تەم ومژێکی زۆر لە بەرزایەکی زۆری ئاسمانی دێ شەپۆلی دەدان، باوکم گووتی:" شیمیایە". منیش سەرم سوورما تا ئەو رۆژە ناوی شیمیایم نە بیستبوو. گووتم:" شیمیایی! دووبارە باوکم بە دەنگێک بەرز هاواری کرد گووتی: ئەرێ، برۆ دەستەسرەکەت تەڕکەو بگرێ بە دەمتەوە. منیش وامکرد. باوکم دەیزانی شیمیای چیە؟ یان ئەوەی دیتبوونی کە چەند پەرە سێلکەو باڵندە لە ئاسماندا گیانیان لە دەستدابوو کەوتبونە دەوروبەری. دەترسا بایەکە شیمیایەکە بەرەو گوند وئێمەش بێنێت. چەند ساتێک دوای ئەوێ، کاتژمێر چوار ونیوی دوای نیوەرۆ ئاسمانی شاری سەردەشتێش ئەو هەورێ رەشانەی بە خۆیەوە دیتن. فرۆکە شەڕکەرەکانی سەدام چوار بۆمبیان لە ئاسمانی شارەکە خستبۆ خوارەوەو سێ بۆمبیشیان لە گوندەکانی دەورو بەری ئالان بەردابوونە خوارەوە کە یەکێک لەو بۆمبانە پێش ئەوەی بگاتە ئەرز لە ئاسماندا تەقیبۆوە کە جۆڵەی باکە گازەکەی بەرەو ئاسمانی گوندی ئێمەهێنابوو. دوای ئەو هێرشە درەندانەی سەدام، ئێران لە دەزگاکانی راگەیەندنیدا شاری سەردەشتی بە یەکەمین شاری قوربانی چەکی کیمیاوی ناوی برد، بەڵام شاری سەردەشت یەکەمو ئاخرین شوێنو ناوچە نەبوو، بەڵکوو لە ماوەی دەسەڵاتداری سەدامو شەڕی ئێراقو ئێران زۆر ناوچەی دیکەی کوردستانیش بەر ئەو

هێرشە کیمیایە کەوتن کە بە هەزاران کەس بەم چەکە گیانیان لە دەستداو و بە هەزارانی دیکەش بەم چەکە دژە مرۆڤە زامدارو بریندار بوون. ئەوانەی کە تا ئێستاش لە ژیاندا ماون بە دەست زامەکانی ئەودەمەی ئەو چەکە دەناڵێنن. رژێمی سەدام بەردەوام لەو مادده و گازانە کە بە ئۆرگان فۆسفۆرە (گازی خەردەڵ، ئەعسابو سوتێنەر) ناسرابوون دژی گەلی کوردی لە باشوورو رۆژهەڵات بەکار هێنا. بە کورتی کوردستان بە هەردوو بەشیەوە ببوونە قەڵغانو بەلاگێرەوەی نەتەوەکانی فارسو عەرەب لەو شەڕەدا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز - رێکەوتی: ٢٤ی ژوئەنی ٢٠١٤

---

## بۆ شارە زامدارەکەم.



ئەحمەد مەکلاوەیی

٢٧ ساڵ بەرلە ئێستا، دێوەزمەکان، غەزەبێکیان بە سەر شاری سەردەشت دا  باراندو، شاریان پڕکرد لە تەپو تۆزو باڕووتی سەمی و، گەلێک زۆریان لە خەڵکی شار،

بە گەورەو چووکەوە، لە جوان و گەنج و پیر و منداڵی سەر لانکەش بریندار و خنکاندن و زامێکی گەورەیان بە گشتی لە جەستەی خەڵکی شارو کۆمەڵگای مرۆڤایەی داو، بێ تاوان شاریان رەشپۆش و تازیەبار کرد کە ئێستاشی لە گەڵدابێت، برینەکانی سارێژ نەبوون و بە سروشتی شار و روخساری خەڵکەکەیەوە دیارەو، وێچی قوربانیەکان و، زام هەڵگرتوەکانی

بە سەدان جۆر باس و خواسی ئەو کارەستاتە گەورەو جەرگبڕە بۆ گشت خەڵکی کوردستان و هەموو دونیا دەگێڕنەوەو، زام و ئێش و نارەحەتیەکانی خەڵکانی کیمیابارانی شارەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی ژاپۆن و کامپی فەلەستینیەکان لە سەبراوشەکیلا و هەڵەبجەو دۆڵی بالیسان و زۆری تر، بیر دێنەوەو بەو ئازار و شێوەو جەستەی سووتاویانەوە، مچوورکی خەم بەرووح و جەستەیاندا دێنن.

٢٧ ساڵ بەر لە ئەمرۆ، کاتێک شاری سەرەشت کیمیا باران کرا، ماسیەکانی سەرچاوێ دڵیان لەلێدان کەوت و سپی سپی هەڵگەڕان و، باڵندەکانی دۆڵی مەسێس و دەوروبەری شار پەڕیان سووتاو هەڵوەرین.

لەو کاتەدا زۆر کچ وکوڕی جوان و جوان پەرست قەوارەی برینی گەورە گەورەیان کەوتە سەر جەستەو سووتان و مردن و بە جوانی سەریان نایەوە.

لەو کاتەدا کە ئێستا زەردەی خۆری بەیانی جوانی خۆی تێک نەنابووو. شێوەی جوانی ئاسۆی بەیانی هەر پێوە دیار بوو، زۆر دایک و باوکی لەفز شیرین و قسە خۆش و دونیا دیدەو نیشتمانپەروەرو گەلدۆستی شارەکەمان کەوتنە بەر چەکی ژهراوی و، دڵ و دەروونیان وەک سۆبە داگیرسا و سووتان کە ئێستاش زۆریان بەو زامانەوە دەناڵێن و لە سەر جێ کەوتوون.

لەو کاتە دا کە دایکانی ئازیزمان ئا بەم جۆرە کەوتنە بەر گڕی گەرمی چەکی کیمیایی، زۆر کۆرپەی ناو لانکە و نێوباوەشان کە لەوکاتە دا گەمەیان بە مەم و بەرمورو گەردنبەندی دایکیان دەکردو پێکەنین گشت روومەتی داگرتبوون و قاقای پێکەنینیان گەرەک بە گەرەک دەڕۆیشت و زەردەی خۆر لە ئاست زەردەی سەر لێویان کز بووو، مرۆڤ لە ئاست گغە و پغەیان رادەما و، ئاسمانی ساماڵ لە ئاست جوانیان مل کەچ بوو، بە بۆنی باروت خنکان و بۆ هەمیشە زەردەی سەر لێویان باری کرد کە لە تاویان مەلائیکەی سەر شانیان گریان و لە بەر پاکیان سوجدەیان بۆ بردن.

کە شاری سەردەشت کیمیا باران کرا، زۆر کوچە و کۆلان و شەقام و ماڵی خەڵک پڕ بوون لە جەنازەی کەوتووو. مەنجەنیقیان بۆ خەڵکی شار داخست.

لەو کات و وەختە ناخۆشەدا، ماسیە پەڕسپییەکانی نێوگۆمەکانی شێخ برایم و کەندەزەرد و گۆمە شین، بە سەدان جۆر قولاغەیان بەست، کۆری غەمیان پێکهێنا و بۆ مەرگی بە کۆمەڵی خەڵکی شارەکەیان گریان و بە هەڵۆی تەرخان و هۆمل و مەیدان چۆغەو فێرەک وسپی رێز دا پەیامی پرسە و سەرە خۆشیان بۆ شار نارد و ئەونیش بە دنووی جوان و فرمێسکی

چاویان بۆ مێژو چۆنیەتی ئەو تاوانەیان لە تەختە بەردەکانی ئەو مەڵبەندەو تابلۆی شەمەکانی شاردا نووسی و، تا چاو هەتەر دەکات بەرەو ئاسمانی شین بەرز بوون و لە هەر حەوت تەبەقەی ئاسمانان تێپەڕین و شکایەت و پەیامی مەزلوومیەت و داگیرکرانی کوردستان وقەتڵ و عامی ژن و منداڵ و جوان و پیری کوردەواریان بۆ خوا بەرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی ژوون ٢٠١٤

---

## سەردەشت بە بێدەنگی!



**خالید محەمەدزادە**

سالی ١٣٦١ ساوجی لە شاری مەریوان، ١٨ای پوشپەری ١٣٦٢ جادەی پیرانشار،٢٧ی رەزبەری ١٣٦٢ چەندین ناوچەی نیوان بانەو مەریوان، سالی ١٣٦٢ گوندەکانی باینجانی باەو شیوەرەشی سەردەشت، ساڵی ١٣٦٥ چەند گوندیکی ناوچەی ئیلام،٧ی پوشپەری ١٣٦٦ شاری سەردەشت، ٢١ی بەفرانباری ١٣٦٦ چەند ناوچەیەکی سنوری سەردەشت، ٢٦ی رەشەمەی ١٣٦٦ شاری هەلەبجە، ساڵی ١٣٦٦ گوندەکانی بلە سەنو گلەرەش لە ناوچەکانی بانەو سەردەشت،سالی ١٣٦٧ گوندەکانی نژمار، نیی، قەلعی چیو دزلی لە شاری مەریوان. رۆژی دەیەمی نەورۆز گوندی کلالی پاوەو چەند رۆژ دواتر شاری نودشە، ٢٨ی گولانی ١٣٦٢ گوندی مەزن ئاوای سەردەشت، رۆژی ٢٤ی جۆزەردان چەند ناوچەیەکی بانە، مانگی خەرمانانی ١٣٦٥ ناوچەکانی گیلانغەربو سەرپیلی زەهاو....

ئەو ناوچانەی سەرەوە تەنیا چەند ناوچەیەکی کوردستانی رۆژهەلاتن کە لە ماوەی هەشت سالی شەری ئیرانو عیراق بەر چەکی کیمیایی کەوتنو تەنانەت زۆر پیش ناوچەکانی کوردستانی باشور، یەکەم بومبارانی شیمیایی حکومەتی عیراق لە

کوردستانی ڕۆژهەلاتەوە دەستی پێکردو دواتر بە هاتنە ناوەوەی هێزەکانی ئێران بۆ باشور بومبارانی شیمیایی کوردستانی باشوریشی گرتەوە.

دەیەی ٦٠ی هەتاوی هەر چوار پاریزگا کوردییەکەی ڕۆژهەلات بە حوکمی هاوسنور بوونی لە گەل عیراق، گورەپانی ململانیی شەری هەشت سالە بوو، حکومەتی ئێران زۆربەی هێزەکانی بۆ بەرەنگاربوونەوەو ناردنە دەرەوەی شۆرشی ئیسلامیو وەک خوی دەیگوت بۆ گرتنی قودس لە ریگای کەربەلاوە هینابووە بۆ کوردستان، جگە لەو شەرەش هاوکات شەرێکی بەرفراوانتریش لە کوردستان لە گەل پیشمەرگە دەستپێکردبوو کە لە واقیع دا کوردستان ببووە مەیدانی دوو شەری هاوکات.

**بێدەنگی جیهانی!**

ئەوەی دەمەوی لێرە ئاژمازەی پیبکەم، بێدەنگبوونێک هاوکات لە گەل شیمایی کردنی کوردستانی ڕۆژهەلات کە ئەم کارە لە سەردەشت بە لوتکەی خوی دەگاتو لە ئیلامەوە تا ورمی گوندو شاروشاروچکەکانی کوردستان بە جورەها چەک لیی دەدرا کە دواترینیان چەکی شیمایی بوو.

لەزەمەنی دو قوتبی بوونی جیهان حکومەتی سەدام توانیبووی پالپشتیەکی نیودەلەتی بو خوی مسوگەر بکاتو هەر ئەم پالپشتیەش وایکرد کە کۆمەلگای نیودەولەتی بەرامبەر بە شیمایی کردنی کوردستان کاردانەوەی نەبیت، ئەگەرچی سالی ١٣٦٥ ئەنجومەنی ئاسایشی نیودەولەتی بەرامبەر بە بەکاربردنی چەکی شیمایی بریارنامەیەکی پەسند کرد بۆ مەحکومکردنی بەلام بە هوی ڤیتوی ئەمریکا بریارەکە هەلوەشایەوەو ئەمەش ئەوەندەی تر دەستی سەدامی ئاوالە کرد بە بیانوی لێدانی هیزەکانی ئێران،

کوردستان شیمایی ریژ بکات، هەر بۆیە کۆمەلگای نیودەولەتیو تەنانەت جیهانی ئیسلامیش نەک بەرامبەر بەم کارە بێدەنگ بوون بەلْکوو بەرامبەر بە شیمیایی کردنی دواتری هەلەبجەش هەمان سیاسیەتیان پەیرەو کرد.

**بێدەنگی کوردی!**

هاوکات لە گەل هەلگیرسانی شەری ئێرانو عیراق، شەرێکی تر لە کوردستان دریژەی هەبوو، شەری کۆماری ئیسلامیو پێشمەرگەو شەری حکومەت بۆ پاککردنەوەی کوردستان لە هەموو نارازی بوونێک کە هاوکات بوو لە گەل دەرکردنی فتوای جیهادی خومەینی بۆ سەر کوردستان، ئەمەش وایکرد حیزبە کوردیەکان بۆ پاراستنی خویان عیراق وەک پشتی جیبهە بە کار بینئو بەرامبەر بە جینایەتەکانی سەدام لە کوردستان بێدەنگی هەلبژێرن.

لـە ئارشـیوی سیاسـی حیزبـەکانی رۆژهـەلات بێدەنگیـەکی دیـار بەرامبـەر بـە بۆمبـارانکردنی شـیمایی سەردەشـتو شـارو شاروچکەکانی تر لە دەیەی ٦٠ دەبینریت، شیمایکردنی کوردسـتان نابیتە جیگـەی نـارەزاییو هەلویسـتگرتنو مەحکومکردنیو ناشبیتە هوی ئەوەی کە ئەم جینایەتە نیودەولەتی بکریت، هوکارەکەی هەر چییەک بیت پرسی شیمیایی کردنـی کوردسـتانی رۆژهـەلات بـەو جـورەی کـە شـیمیایی کردنـی کوردسـتانی باشـور دەبیـت بـە رۆژەڤـی حیزبـەکانی ئـەو بەشـەی کوردسـتان، لە رۆژهەلات نابیتە پرسی هیزە سیاسیەکانی کوردستانو کۆمەلگای کـوردی لـە ئیرانو رەنگـە ئیسـتاش زور کـەس ئاگـاداری شیمیایی کردنی کوردستان نەبیت.

### بیدەنگی دوای بیدەنگی!

بیدەنگی دریژمەوداترو کوشندەتر کە تا ئیستاش دریژەی هەیە ئەو لالبوونە گەورەیە کە بەرامبەر بە سالیادی شیمیایکردنی شارەکەو کەیسی سەردەشتو زیانلیکەوتووانی دەبینریت. دادگایگردنی سەدام دوای رووخانی حکومەتەکەی دەرفەتیکی باش بـوو بـۆ ئـەوەی کەیسـی شـیمیایکردنی سەردەشـتو شـوینەکانی دیکـەی رۆژهـەلاتی کوردسـتان بخریتـە روو بـەلام جگـە لـە هـەولو تەقەلای چەنـد کەسیکو ریکخـراوی چـاک کـە دواتـر لـە گـەل دژایـەتی ئیـران بـەرەو روو بونـەوە هـەولیک نـەدرا کـە پرسـی شیمیایی کردنی کوردستانی رۆژهەلات لە دادگای تاوانەکانی عیراق وەک کەیسیک مامەلـەی لـە گـەل بکریت، ئـەوەش خـراپ نیە بگوتری کە یەکەم بەیاننامەی نارەزایی بەرامبەر بە شیمایی کردنی شاری سەردەشت لە دوای سالی ٢٠٠٣ لەلایەن حیزبـە کوردیەکانەوە بلاو دەکریتەوە کە ئەویش هەموویان نا.

### کوتا:

فەراموشکردنی ئەم پرسە دوای ٢٧سال بە جوریک پشت گویخستنی زیاتر لە ٨ هـەزار بەرکەوتـەی شیمایيە تـەنیا لـە شـاری سەردەشت جگە لە شوینەکانی تر کە تا ئیستاش بە ئازارەکانیانەوە دەتلینەوە، لـە گـەل ئـەوەش بـی موبـالاتی گەورەیـە کـە ئیمە کارەساتەکانمان فەراموش بکەین کە بەشیک کە لە کارەساتی نیشتمانی ئیمەن. رەنگە ئەم قسەیەش وەراست گـەری کـە دەلیت خەلکیک کارەساتەکانی فەراموش بکات مەحکومە بە بەرهەمهینانەوەی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٧ی ژوئەنی ٢٠١٤

## دەبێ گازی خەردەل، ژیانی چەند وەرزی تر تاڵان و ژەهراوی بکا؟



**نارێس زارەعی**

تازە ئەوەڵین رۆژەکانی مانگی پوشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی مزگێنی هاوینی گەیاندبوە کوردستان، کە دەمەو ئێوارەی حەوتی ئەو مانگە دوای قریشکە و خرۆشی خۆفباکی چەند فرۆکەی بۆمب هاوێژی رژیمی سەدام حوسێنی ئێراق سیمای ئاسمانی شاری سەردەشت بە چەند پەڵە هەوری چڵکن دەڕوشێ و لە کۆڵان و ماڵ و شەقامی شار گەڵارێزانی پەیکەری ئینسانان دەکەوێتە سەر زەوی. رژیمی فاشیستی ئێراق سەعات نزیک بە ٥ی دوانیوەرۆی ئەو رۆژە بەچوار فرۆکە ناو شاری سەردەشت و دێهاتەکانی نزیکی شاری لەهەشت شوێنەوە بە گازی خە ردل و گازی ئورگانوفسفرە ( کە تێکدەری ئەعسابە (دەمار) و تاول و بلۆق لە سەر لەش دروست دەکەن) شیمیا باران کرد.

٧ی پۆشپەر، هەشت بۆمبی شیمیایی سەردەشت (شارێک کە لەو وەختەدا ژمارەی دانیشتوانی تەنها ١٣ هەزار کەس بو) دەکەنە وێرانە و گیانی ١١٠ کەس لە خەڵکی مەدەنی ئەو شارە و دیهاتەکانی دەستێنن و زیاتر لە ٨ هەزار کەسی تر ژەهراوی و زامار دەکەن. ٧ی پوشپەڕی ساڵی ٦٦ی تاوانێک لە دژی خەڵکی سەردەشت ئەنجام درا کە چەندین نەسڵی خەڵکی ئەو شارە دەبێ بە ئازار و فرمێسکەوە لە گەڵی بژین.

سەردەشت کە یەکەمین شاری ئاوەدان لە دنیا دایە کە بۆمبارانی شیمیایی کراوە، ئێستاش دوای تێپەڕبونی ٢٧ ساڵ بە سەر ئەو کارەساتەدا، دەیان کەس لە خەلکی ئەو شارە بە بێ ئاور دانەوەی تاوانباران و بەرپرسانی ئێرانی و جیهانی لە نەخۆشی و خەسارەکانیان مەحکومن بە گیانی ئالودە بەم گازە مەرگ هێنەرە و ژیان کردن لە گەڵ ئەم برینە مەرهەم نەکراوە. دیارە لە ساڵەکانی ٦٧ و ٦٨ چەندین ئاوایی سەر بە پیرانشار و شنۆش شیمیایی باران دەکرێن و هەروەها شاری

هەڵەبجە و مەقەرەکانی سازمانی کۆمەڵە لە دۆڵی بۆتێ بە هەمان شێوە لە لایەن رژێمی ئێراقەوە بۆمبارانی شیمیایی دەکرێن و هەزاران کەس گیان لە دەست دەدەن و بە هەزاران کەسی تریش سەلامەتی لە دەست دەدەن و بۆ هەتا سەر بەم نەخۆشی و ئازاری ئەو جینایەتەوە دەتلێنەوە. تەواوی ئەم چەک و مەواد و گازە کۆمەڵ کوژ و وێرانکەرانە، وەلاتانی ئوروپایی و ئەمریکای شومالی دروستیان کردون و لە پێش هەمو کەسیشدا پروتۆکۆلی مەنعی بە کار هێنانی چەکی شیمیای١٩٢٥ی ژنویان ژێر پێ ناوە و پێشەنگی بە کار بردنی بون. لە جەریانی شەری یەکەمی جیهانی لە لایەن ئاڵمان، لە دوای شەری دوهەمی جیهانی ئینگستان لە دژی سەربەخۆخوازانی مالایا وە ئامریکا لە جەریانی شەری ویتنام لە دژی ویتنامیەکان، کامبوجەکان و لائوس بەکاری هێنا. ئێستاش دەیان هەزار ئینسانی بێ تاوان و قوربانی کراوی خەڵکی ئێراق و کوردستان و ئێران گیرۆدەی نەخۆشیەکان و ئازار و سەدەمەکانی ئەو شەرە ماڵ و ژیان وێرانکەر و ژینوسایدەی رژیمە فاشیستەکانی ئیسلامی ئێران و ئێراقن و دەسەلاتداران حازر نین پوڵ و داهاتی یەک بەرمیل نەوتیشیان بۆ سەرف بکەن تا کەمێک لە ئازار و خەم و زیانەکانیان کەم کەنەوە. ئێستا رژێمی ئیسلامی ئێران و رژیمە ئیسلامیەکەی مالکی لە ئێراق، دەبێ قەرەبوی ئەو زیان و تاوانانە بکاتەوە کە ئەو دەوڵەتە لە مەودای شەری ٨ ساڵەدا (چون کادر و پەیکەرەی رژێمەکەی سەدام، بەشی زۆریان هەر ئەمانە بون کە ئیستا لە دەسەلاتی سیاسی و ئابوری و نیزامی داهەن، بون) بە سەر خەڵکی سەردەشت و شوێنەکانی تری ئەو دو وەلاتەیان هێناوە.

هەرچەند نزیک بە ١٠ هەزار ئینسان لە شاری سەردەشت و دەوروبەری بەر گازی خەردەلی بۆمبی شیمایی رژێمی بەعسی ئیراق لە جەریانی شەری وەحشیانەی خومەینی و سەدام بونە قوبانی هەتا سەر دەبێ هەناسە تەنگی و ئێش و مەینەت بچێژن، بەلام حاکمانی ئێران و لە سەرەوەی هەمویانەوە مۆنۆپۆلەکانی وەکو "بونیادی شەهید" و "ئوموری ئیسارگەران" و وەزارەتی دەرمان و بێهداشت، تەنها ١٥٠٠ کەسیان لە داتاکانی وەلاتدا بە ناوی "گیانبازی شیمیایی" سەبت کردوە و لەم ژماریەش تەنها چەند سەد کەسێکیان لە پێڕاگەیشتنی سەرەتایی پزشکی و دەوا و دەرمان بەرخوردارن.

باس لەوە دەکرێ کە سالانێک پێش ئێستا عەلی خامنەیی سەرۆکی دز و جەردە و جەلادەکانی حکومەتەکەی ئێران" کلینێکی تایبەت بە مەسدومانی شیمیایی هەدیەی" شاری سەردەشت کردوە، و لە پەنای ئەوەش لە مەجلیسی ئیسلامی لە تاران یاسایەک کە تێیدا وەزارەتی بێهداشت، دەرمان و پەروەردەی پزشکی موکەلەف دەکات کە لە شارە شیمیایی کراوەکان سەرەرای سەتح بەندی پێ ڕاگەیشتن و خزمەتی پزشکی تەسویب کراو، تەخەسوسگەلێک کە پێویستی شیمایی لێدراوەکانە فەراهەم بکەن و ئیمکاناتی بێهداشتی، دەرمانی، وەزەبەخشی، پێشگیری و ئاموزشی لازم بە شێوەی مەجانی و خۆڕایی دابین بکەن و... هەر هەمویان هەر ئاوا لە سەر کاغەز و لە عەنبارەکان بە ناکارایی و تەعتیل کراوی ماونەتەوە و تۆز دەخۆن!

گیروده بوان بە گازی خەردەل لە سەردەشت لە پەنای هەمو ئەم کێشانە و ئازاری زامەکانیان، وە ستەمگەری و بێ دادیە کە

باسی کرا، لە سەرەوە بونی نرخ و هەزینەی دابین کردنی مەرهەم و دەوا ژیانی زۆربەیانی پڕ ڕەنج و مەرارەت تر کردوە. بەشێک لەو خەڵکە دەبێ بە هۆی نەبونی تەجهیزات و پێداویستی پزشکی بە دوای چارەی نەخۆشیەکەیان دەبێ وەیلانی شارەکانی ورمێ، تەورێز و تاران بن.

سەردەشت بە پێی هەمو ئامارەکان لە ئاستی ئێراندا، زۆرترین زامدار و نەخۆش بوانی چەکی شیمیایی لێیە. ٢٧ ساڵە دانیشتوانی سەردەشت هەناسەتەنگی زام و رەنجێکن کە هیچ فریاد رەسێک نایەتە سەرینیان بۆ تیمار.٢٧ ساڵە بیمارانی ئەو شارە تام و چێژ نە لە خۆراک، نە لە عەتری گوڵانی بەهاری دەکەن و وەرزی هاوینیش بۆیا هەڵگری داخ و هەواڵێکی جەرگ برە. خەڵکی ئەو شارە بەش مەینەتە جگە لە تامی سوێری رژانی فرمێسکی بێ ئامانی خۆیان و خیز و خۆڵ بارانی هاتو لە کەویرەکانی شێخ و شاکانی نەوتەوە، شتێکی تر ناچێژن. ناڵەی بێ کەسی و بێ ئەنوایی ئەو کۆمەڵە ئینسانە بۆتە سەر باری هەمو نەداری و دەردەداری و بێ بەشیەکانی تری ژیان ژێردەستانەیان. لەم شارە، لە "سەردەشتی بەهار گەلێک شیرینە" بۆنی باروت و گازی خەردەل تێکەڵ لە گەڵ غوباری سەحرای سینا و تۆزی کوچە و شەقامەکانی شارە بێ خاوەن و مەینەتبارەکە، ئاویتەی ژیانی کۆڵبەری و بەڵای "گەردی شیشە" بوە و وەک بەفری سەر شاخ هەمو شادی و جوانی و هەیمەنەی بەرەو تـوانە دەبا. بەڵام سروشتی ئەو گەلە پڕە لە موقاوەمەت و کۆشش و بەرخۆدان، وا بە سانایی چۆک دانادن و تەسلیمی ئەو نەهامەتی و دەرد و ستەمگەریانە نابن. رۆژێک دێ کە هەمو خەڵکە دڵسۆز و مسئولیەت پەزیر و خاوەن ویژدانەکان یەک دەنگ و هاوپشت بە دیوارەکانی ئەم رەنجەدا سەرکەون و چەرخی بەد کردی زەمان بخەنە سەر سوری ڕاست و رەوا و عادەڵانەی.

یادی ئازیزی گیانبەخت کردوانی ئەو کارەساتە لە مێژو و لە دڵی خەڵکی شەریف دا هەر دەمێنێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی هەڵوێست - ڕێکەوتی: ٥ی پوشپەڕی ١٣٩٣

## کۆنەبرینی ٢٧ ساڵەی سەردەشت، کۆمەڵکوژییەک دژی نەتەوەی کورد



**راپۆرت - رامان نەسری**

**کوردستان میدیا: ٢٧ ساڵ پێش ئێستا دوانیوەڕۆی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی کاتژمێر ٤:٣٠ خولەک، شاری سەردەشت و دەوروبەری کرایە ئامانجی فڕۆکەکانی ڕێژیمی بەعسی عێراق و لە ئەنجامدا زیاتر لە ١١٠ هاووڵاتیی کورد شەهید بوون.**

**٧ی پووشپەڕ، یان ٢٨ی ژووەنی ١٩٨٧ بۆ خەڵکی شاری سەردەشت و کوردستان، وەبیرهێنەرەوەی رۆژێکی تاڵ و کۆمکوژی و ژینۆسایدێکی دیکەیە کە دەوڵەتانی زاڵ بەسەر کوردستاندا دژی ئەو نەتەوەیە خولقاندوویانە و هەنووکە پاش ٢٧ ساڵ ئاسەوارە زیانبارەکانی ئەو کۆمەڵکوژییە کە بە چەکی کیمیایی ئەنجام درا، لەگەڵ ژیانی ٨ هەزار کەسی بەرکەوتووی ئەو چەکە ماوەتەوە.**

**لە کاتی کیمیایی بارانی شاری سەردەشتدا حەشیمەتی ئەو شارە ١٢٠ هەزار کەس بووە کە ٨ هەزار کەسیان بە شێوەی راستەوخۆ چەکی کیمیاییان بەرکەوت و زیاتر لە ١١٠ کەسیش شەهید بوون.**
**ڕێژیمی بەعسی عێراق گازی خەردەڵی بەسەر شاری سەردەشتدا رژاند و کۆمەڵکوژییەکی دیکەی دژی کورد خولقاند و ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش وەکوو دەستخۆشانە، لەم ٢٧ ساڵەدا، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی ئاماری هەڵە و ناڕاست لە ژمارەی قوربانییان، لە هەوڵی پاککردنەوەی ئەو کارەساتە تاڵە دایە و خزمەتگوزارییەکانی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی سەردەشت لە چوارچێوەی گرتنی کۆبوونەوە و بەڵێنیدان قەتیس کردووەتەوە.**

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەهەمبەر کۆمەڵێک بەڵێنیی زریقە و بریقەدار، ژمارەیەک لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی سەردەشتی بە پێداهەڵگوتن بە "کۆماری ئیسلامی" و "خامنەیی" ناچار کردووە و لە ماڵپەڕ و میدیاکانی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە و بەو شێوەیە ئەوپەڕی کەڵکاوەژووی خۆی لە هاووڵاتییان و تەنانەت نەخۆشان و کەمەندامانیشدا وەر دەگرێت.

لە ٢٧ ساڵی رابردوودا کە خەڵکی سەردەشت لە ئازاری چەکی کیمیایی دەناڵێنن، ئاسەوارە زیانبارەکانی گازی خەردەڵ و چەکی کیمیایی بەرۆکی ئەو خەڵکە بەر نادات و جیا لە بەرکەوتوان، جیلەکانی دیکەشی بە شیوەی جۆراوجۆر گرتووەتەوە.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیش لە جیاتیی دابینکردنی خزمەتگوزاری و بە هاناوەچوونی بەرکەوتوان و برینداران ــ هەرچەندە هەوڵێکی ئەوتۆ لەو ڕێژیمە ناوەشێتەوە ــ پڕوپاگەندەی میدیایی پێ ڕێخستووە و بە نیشانەی "حەقانییەتی نیزامی ئیسلامی"ی لە قەڵەم دەدات.

لە کۆی گشتیی ٨ هەزار بەرکەوتووی چەکی کیمیایی سەردەشت هەتا ئێستا لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە یەک هەزار و ٤٠٠ کەسیان ناویان وەکوو بەرکەوتوو و برینداری چەکی کیمیایی تۆمار کراوە کە ئەوانیش کەمترین خزمەتگزارییان بۆ دەکرێ.

لە کۆمەڵکوژیی هاووڵاتییانی سڤیلی شاری سەردەشت لە ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی، ٧ بۆمبی هەڵگری چەکی کیمیایی بەکار هاتن کە ٤ بۆمبیان لەنێو شاری سەردەشت و ٣ بۆمبی دیکەش بەسەر گوندەکانی دەوروبەردا دادران.

لەم دواییانەدا بۆمبێکی دیکەی نەتەقیو لە شاری سەردەشت دۆزرایەوە و لەلایەن مەئمووڕانی ڕێژیمی ئێرانەوە بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزرا و هەتا ئێستاش هیچ پاش دوو ساڵ لێدوانێکیان لەسەر ئەم بۆمبە نەداوە. بە دۆزرانەوەی ئەو بۆمبە نیگەرانی لەلای هاووڵاتییان دروست بوو کە هێشتا مەترسیی جیدی لەسەریان هەیە و مادام بۆمبێک دۆزراوەتەوە ئەگەری دۆزینەوەی بۆمبی دیکەش لە ئارا دایە و لە ئەگەری تەقینەوەی ئەو بۆمبە روون نەبوو چ چارەنووسیان چاوەڕێیان دەکرد؟

شاری سەردەشت یەکەمین شاری جیهانە کە بە چەکی کیمیایی هێرشی کرایە سەر. هەنووکە پاش ٢٧ ساڵ برینەکانی ئەم شارە سارێژ نەبوون وئێش و مەینەت و ئازارەکانی خەڵک، هیچ فریادرەسێکیان نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٤

## هەڵسەنگاندنی لایەنە هونەری و قانوونییەکانی شیمیابارانی سەردەشت



کۆڕیادێک بە بۆنەی ڕێزگرتن لەقوربانییانی شیمیابارانی شاری سەردەشت لەکانوونی پارێزەرانی دادگوستەریی تاران بەڕێوەچوو.

ئێوارەی ڕۆژی رابردوو سالۆنی "ئیقباڵ"ی کانوونی پارێزەرانی دادگوستەری لەتاران میوانداریەتی ڕێوڕەسمی کۆڕیادی ٢٧ەمین ساڵیادی بوردومانی شیمیایی بارانی سەردەشتی کرد.

لەسەرەتای ڕێوڕەسمەکە، فیلمێکی دیکیۆمێنتاری لە ژێر ناوی "بەرەبەیانییەک کە بۆنی لیمۆی دەدا" و باسی لە ژیانی پێنج ژن کە لە شیمیابارانی سەردەشتدا بوون، نمایش کرا.

سووسەن شەریعەتی لە چەند وتەیەکدا ئاماژەی بەوە کردوە: یەکێک لەتایبەتمەندییەکانی ئەو فیلمە، شێوازی دەربڕینی جیاواز لە دیاردەی شەڕ و ژن وەکوو قوربانیی دەستی شیمیاباران هەڵگری سێئازاری وەکوو نەخۆشی، دایک و هاوسەرە و هیچ کەسێکیش لەوبارەیەوە یارمەتیدەری نیە و بە تەنیایی بەربەرەکانی لەگەڵ کێشەکان دەکا و لە پشتیوانی دەزگا حکوومەتییەکان بێبەرییە.

پاشان دوکتور سەتار عەزیزی پارێزەری دادگا، باسی لە سەلماندنی جینایەتی جەنگی دژی خەڵکی شاری سەردەشت لە ناوەندێکی قەزایی کرد و گوتی: بەپێی ڕاگەیەندراوی دادگای، "فرانس ئانرات" بە ئاگاداری تەواو لە نییەت و مەبەستی حکوومەتی عێراق، نزیک بە ٣٧% لە کەرەسەی شیمیایی عێراق لەلایەن ئەو تاوانبارەوە دابین کرابوو.

خانمی ئازادە بیزارگیتی، دەرهێنەر و فیلمنامەنووسی " بەرەبەیانییەک کە بۆنی لیمۆی دەدا" باسی لە شێوەی ئاشناکردنی هاووڵاتیان لەگەڵ کارەساتی شیمیابارانی شاری سەردەشت و هاودەردی کردن لەگەڵ ژنانی قوربانیی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە کرد.

لەو کۆڕیادەدا دوو کەس لە قوربانییانی شیمیباران کردنی سەردەشت بە ناوەکانی "پەروین واحیدی و مێهری ملکاری" کە ناوەڕۆکی فیلمەکە لەسەر ژیانی ئەوان بوو، چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد.

پێشکەش کردنی لەوحی رێزلێنان بەو کەسانەی کە بە مەبەستی وەدیهاتنی مافی قوربانیانی شیمیاباران کردنی سەردەشت هەوڵ و چالاکیان کردوە، کۆتایی رێورەسمەکە بوو.

"رێورەسمی رۆژی ٣ی پووشپەڕ لە ئەستۆی گرووپی پارێزەرانی هاوکار" و "کانوونی هاونیشتیمانانی ژنان" لەبەرێوەبەرانی بوون.

٢٧ ساڵ لەوەپێش لەرۆژی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦، شاری سەدەشت لە لایەن ئەرتەشی عێراق شیمیاباران کرا، نزیک بە ٥٠٠ مرۆڤی بێتاوان کوژران و زیاتر لە ٨ هەزار کەسی دیکە بریندار.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٦ی ژوئەنی ٢٠١٤

## قوربانییانی کیمیابارانی سەردەشت: شاری سەردەشت بکرێتە سەمبولی ئاشتی




قوربانییانی کیمیابارانی سەردەشت: شاری سەردەشت بکرێتە سەمبولی ئاشتی + وێنە ئاژانسی کوردپا: رێوڕەسمی رێزگرتن لە قوربانییانی کیمیابارانی سەردەشت بە رێپێوانی ئاشتیخوازانەی هاووڵاتیانی کورد لەو شارە و پێتەختی هەرێمی کوردستان(هەولێر) بەڕێوەچوو.

بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەری کوردپا، لە ٢٧ـەمین ساڵیادی کارەساتی بۆردمانی سەردەشتدا، هاووڵاتیانی کورد بەتایبەت قوربانییانی ئەو کارەساتە، رێپێوانێکیان بە وتنەوەی دروشمی" نا بۆ شەڕ، بەڵێبۆ ئاشتی" بەڕێوە برد.

ئەو رێوڕەسمە بە بەشداریی کەسایەتییە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ناسراوەکانی هەرێمی کوردستان و هەڵەبجە، لە "مەیدانی سەر چشمە"ی سەردەشت شوێنی بەرکەوتنی بۆمبی خەردەل دەستی پێکرد و لەسەر گلکۆی گیان لەدەستداونی کیمیایی بارنەکە کۆتایی پێهات.

لەو رێوڕەسمەدا پەیامی بەرپرسی شارەوانیی هیرۆشیما و لێپرسراوی رێکخراوی قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانی چەکە کۆمەڵکوژەکان، روو بە خەڵکی سەردەشت خوێندرایەوەو ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بریندارانی سەردەشت خوازیاری شناسایی سەرجەم قوربانییان و ناساندنی شاری سەرەدەشت وەکوو شاری ئاشتیخواز و بردنە سەرەوەی خزمەتگوزارییە پزیشکییەکان بۆ قوربانیان بوو.
خوێندنەوەی شێعر، ژەنینی چەند پارچە مۆسیقا و کردنەوەی پیشانگای وێنەکێشان لەلایەن فریشتە فەرهیمی، پێکهێنەری برگەکانی ئەو رێوڕەسمە بوون.

ڕێکەوتی ٧ی پووشپەڕ و هاوکات لەگەڵ بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ٢٧ـەمین ساڵیادی کارەساتەکە زۆربەی دووکان و بازاڕەکانی شاری سەردەشت بە نیشانەی ڕێزگرتن لە قوربانییان داخرابوون.

هاوکات لەگەڵ ئەو ڕێوڕەسمە، ناوەندە حکوومەتییەکانیش ڕێوڕەسمێکی هاوچەشنیان لەیەکێک لەساڵۆنەکانی ئەو شارە بەڕێوە بردبوو.

فەرماندەرانی نیزامی، نوێنەرانی مەجلیس، وەزیری تەندروستی و ژمارەیەک لەقوربانیانی کارەساتی هەڵەبجە لەو ڕێوڕەسمە حکوومەتییەدا بەشدارییان کردبوو.

هەر لەوپێوەندییەدا ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنی لەبانەوە بۆ سەردەشت بە پێئەو ڕێگەیەیان بڕیبوو.

لەهەرێمی کوردستانیش ڕێوڕەسمێک بە مەبەستی ڕێزگرتن لە قوربانیانی سەردەشت بە بەشداری ژمارەیەک بەرکەوتووی ئەو چەکە، بەڕێوە چووە.

ئەو ڕێوڕەسمە دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٧ی پووشپەڕ لەلایەن ئەنجومەنە ناحکوومیەکانی هەرێمی کوردستانەوە پێکهاتبوو.

لە بوردمانی شاری سەردەشتدا کە ڕێکەوتی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ لەلایەن ڕێژیمی بەعسی عێراقەوە رووی دا، چوار شوێنی پڕ حەشیمەتی ئەو شارە بووە ئامانجی فرۆکە جەنگییەکانی عێراق.

لەو ڕووداوەدا ١١٩ کەسی بێتاوان گیانیان لەدەست داو چەندین هەزار کەسیش لە خەڵکی ئەو شارە تووشی بریندارى بوون.

لەحاڵی حازردا دوو هەزار و ٢٠٠ بریندارى کیمیایی لە شارستانی سەردەشت ژیانی نەمر و نەژی بەسەر دەبەن و پێویستیان بە خزمەتگوزاری و ئیمکاناتی پزیشکی و دەوا و دەرمان هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپیا - ڕێکەوتی: ٢٩ی ژوئەنی ٢٠١٤

## پەیامی شارەداری هیرۆشیما بۆ خەڵکی سەردەشت
## بەبۆنەی ساڵرۆژی بۆمبارانی شیمیایی ئەم شارە




کازومی ماتسویی، شارەداری هیرۆشیما لە پەیامێکدا بەبۆنەی بیست و حەوتەمین ساڵرۆژی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت، هاوخەمیی خۆی بۆ قوربانیانی ئەم جینایەتە دەربڕیوە.

لەم پەیامەدا هاتوە: ئەمن دەزانم کە ٢٧ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٧ی پووشپەڕدا بەهۆی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت، زۆر کەس گیانیان لە دەست داو تەنانەت ئێستاش زۆربەی خەڵکی ئەم شارە بەدەست دەرئەنجامەکانی ئەم ڕووداوە تاڵەوە دەناڵێننو هەمیشە هەروا بووە کە خەڵکی ئاسایی دەبن بە قوربانیی شەڕەکان.

ماتسوویی بە وەبیر هێنانەوەی ڕووداوی هاوشێوە لە هیرۆشیمای ژاپۆن نوسیویەتی کە ئەم کۆمەڵە خەڵکەی شاری ئێوەش کە بەر گازە شیمیاییەکان کەوتنو بەهەمان شێوە بەهۆی نەخۆشیو دەرئەنجامەکانی ئەم گازە کوشندانەوە ئازار دەچێژن، تەنانەت هێندێک لەوان ١٥ تا ٢٥ ساڵ پاش ئەم ڕووداوە نیشانەکانی بەرکەوتنیان لێ وەدەر دەکەوێ. ئەمن دڵنیام کە بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت کە دەکرێ وەک "هیرۆشیمای دووهەم" ناوی بێنین، ژیانیان بە تەواوی ڕووخاوەو تێکەڵ بە فرمێسکو ئازار بووە.

شارەداری هیرۆشیما لە کۆتایی پەیامەکەیدا وێڕای هیوای ئاشتیی هەمیشەیی لە سەرتاسەری جیهانداو شادی ڕاستەقینە بۆ خەڵکی ئازاو ئاشتیخوازی شاری سەردەشت، دوعای بۆ شادی ڕووحی قوربانیانی شەڕ، بە تایبەت بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت کردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی ژوئەنی ٢٠١٤

## شاری سەردەشت ٢٧ ساڵە بەدەست گازی خەردەلەوە دەناڵێنێ



**شاری سەردەشت ٢٧ ساڵە بەدەست گازی خەردەلەوە دەناڵێنێئاژانسی کوردپا: سەرەڕای تێپەڕبوونی ٢٨ ساڵ بەسەر کیمیاباران کردنی شاری سەردەشتدا، بەرکەوتوانی ئەو چەکە لەو شارە، بەدەست بێ ئیمکاناتیی پزیشکی و دەواو دەرمانەوە دەناڵێنن.**

**بەپێی راپۆرتی ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ئەمڕۆ شەممە رێکەوتی ٧ی پووشپەڕ، ٢٧ ساڵ بەسەر کیمیاباران کردنی شاری سەردەشتدا تێپەڕدەبێت، کە زیاتر لە ١١٠ کەس بەهۆی ئەو بۆردمانە کیمیاییەوە گیانیان لەدەست داوەو نزیکەی ٨ هەزار کەسیس تووشی کەمئەندامی بوون.**

**شاری سەردەشت، کە یەکەمین شار بوو هێرشی کیمیایی کرایە سەر، تاقە کلینکێکی تایبەت بە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی تێدایە و هەنووکە بە نیوەچڵی کار دەکات و وەگەڕکەوتنی لقی نەخۆشخانەی ساسان هەتا ئیستا لەگەڵ چەندین کێشە بەرەوڕوو بۆتەوە.**

**نوێنەری سەردەشت لە مەجلیسی ئیسلامی رایگەیاندووە: وەزیری بێهداشت و دەرمان بەڵێنیی جێبەجێ کردنی داوا و پێداویستییەکانی ناوچەکەی داوەو گوتوویەتی، کە لەئیستادا بارودۆخی دەرمانیی خەڵکی سەردەشت کارەساتبارە.**

**تاقە کلینکی تایبەتی بە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی بە نیوە چڵی کار دەکات هەواڵدەریی مێهر لە زاری رەسووڵ خزرییەوە بڵاوی کردۆتەوە؛ سەرەڕای نالەباریی دۆخی جەستەیی و دەرمانیی بەرکەوتوان و بریندارانی چەکی کیمیایی لە شاری سەردەشت، تێچووی دەواودەرمانی بەهۆی گرانیی لە رادەبەدەرەوە بۆ زۆربەی هاووڵاتییان دابین ناکرێت و بەشێک لە برینداران بۆ چارەسەری روو لە تاران و تەورێز و ورمێ دەکەن.**

شاری سنووریی سەردەشت لە باشووری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، لە ئێستادا زۆرترین ژمارەی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی وڵاتی ئێرانی لەخۆ گرتووەو بەپێی بۆچوونی پسپۆڕانی بیوکیمیایی؛ ئاسەوارەکانی ئەو کیمیابارانە نەسل بۆ نەسل لەسەر بەرکەوتوانی ئەو چەکە کاریگەریی دەبێت و ئاسەوارەکانی دەمێنێتەوە.

ژمارەیەک لە شار و گوندەکانی ئوستانی کوردستان لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراقدا بە چەکی کیمیایی هێرشی کرایە سەر، کە دەکرێ ئاماژە بە سێ جار کیمیابارانی شاری نۆدشە و ٢٦ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٦٦، سێ و سێزدەی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی و ٣١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٧ی گوندی گوندەکانی زەردە، سەرمیل و دیرە لە ناوچەی داڵاهۆ، کرندی غەرب و ئوستانی کرماشان بکەین.

نزیک بە تێکڕای هاووڵاتییانی کوردی ئەو ناوچانەی کە لەلایەن حکوومەتی بەعسی سەدام حوسێنەوە هێرشی کیمیایی کرایە سەر، لە نەبوونی ئیمکاناتیی پزیشکی و کەمتەرخەمیی لێپرسراوانی دەوڵەتی و ناوچەیی ناڕازین.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردپا - ڕێکەوتی: ٢٨ی ژوئەنی ٢٠١٤

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی بیستو حەوتەمین ساڵڕۆژی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت




لە بیستو حەوتەمین ساڵڕۆژی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت دا بە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمێک لەو شارە یادو بیرەوەریی قوربانیانی ئەو کارەساتە بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بە دەسپێشخەریی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت و بە هاوکاریی شۆرای ئەو شارە بەڕێوە چوو، ئەو دوو لایەنە لە پەیامێکی هاوبەشدا داوایان کرد هەموو بەرکەوتووانی شیمیایی شاری سەردەشت ناویان تۆمار بکرێ‌و شاری سەردەشت وەک شاری ئاشتی بناسرێ‌و ئیمکاناتی پزیشکی‌و کارئاسانیی ژیانی باشتر بۆ بەرکەوتووان دابین بکرێ.

لەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی شارەداری هیرۆشیما بۆ خەڵکی سەردەشتو پەیامی سکرتێری ڕێکخراوی نەهێشتنی بەرهەمهێنان چەکی شیمیایی خوێندرایەوەو قسەکردنی نوێنەری شاری سەردەشتو پیرانشار لە مەجلیس، ئەندامێکی شوڕای شارو پێشکێش کردنی چەند بڕگە موزیک‌و خوێندەوەی شێعرو کردنەوەی پیشانگایەکی شێوەکاری لەلایەن فریشتە فەهمی چەند بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمە بوون.

لە درێژەی ئەو ڕێورەسمەدا ڕەحیم واحیدی، وتەبێژی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بریندارانی شیمیایی سەردەشت بە ئاماژە بە ڕەهەندە بەربڵاوەکانی بۆمبارانی شیمیایی ئەو شارە لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ ئەو پرسیارەی وورووژاند کە بۆ دەبێ دوای ٢٧ ساڵ خەڵکی ئەو شارە لە کەمترین ئیمکاناتو لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەش بن.

ئەو داوای کرد کە شاری سەردەشت بۆ هەبوونی نوێنەری خۆی لە مەجلیس لە پیرانشار جیا بکرێتەوە، سنووری بازرگانیی کێلێ لە نێوان سەردەشت و هەرێمی کوردستان بکرێتەوەو ئیمکاناتی دەرمانیی زیاتر بۆ بریندارانی ئەو شارە دابین بکرێ‌و کلینیکی پسپۆڕیی بریندارانی شیمیایی کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە قەولو بەڵێنەکەی لەلایەن کاربەدەستانەوە دراوە، لەو شارەدا بکرێتەوە.

شایانی باسە دوای کۆتایی هاتنی ڕێوڕەسمەکە لە مەیدانی سەرچاوەی ئەو شارەدا پۆل پۆل خەڵک بە دەف چوونە سەر مەزاری شەهیدانی شیمیایی بارانی ئەو شارەو ڕێوڕەسمەکە بە خوێندنەوی شێعر و پێشکێش‌کردنی مۆسیقی کۆتایی پێهات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٤

## بەڕێوەچوونی ریوڕەسمێک لە هەولێر بۆ بەرزڕاگرتنی یادی قوربانیانی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت



لە ریوڕەسمێکی تایبەتدا کە بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری هەولێردا بەڕێوەچوو، یادو بیرەوەریی قوربانیانی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بەرز ڕاگیرا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی شەممە، ٧ی پووشپەڕ بە دەسپێشخەریی ڕێکخراوی کوردستانی بێ ژێنۆسایدو بە هاوکاریی بەڕێوبەریی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە هەولێرو لە سالۆنی چوارچرای ئەم شارەدا بەڕێوە چوو، وێڕای بیرهێنانەوەی بیستو حەوت ساڵەی کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت باس لە لایەنە حقوقییەکانی ئەو ڕووداوەو ڕەوشی بەرکەوتووانی لە ژیاندا ماوی ئەو تراژیدییە کرا.

لە دەسپێکی ئەو ڕێوڕەسمەدا عەلی مەحموود، بەپرسی ڕێکخراوی کوردستانی بێ ژێنۆساید لەسەر چۆنیەتیی کۆڕیادەدەکە قسەی کردو پاشان دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، باسەکەی پێشکێشی ئامادەبووان کرد.

دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لە سەرەتای باسەکەیدا بە لەبەرچاوگرتنی پێوەرە حقوقیو قانونییەکان خوێندنەوەی بۆ ڕووداوی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت کردو بە تیشک خستنە سەر دوو قانوونی جیهانیی ژێنێڤو قانوونی لاهە باسی ئەوە کرد کە ئەو دوو قانوونە لە کاتی شەڕدا لایەنە چەکدارەکان ئەرکدار دەکەن بەوەی گیانی کەسانی سڤیلو ناچەکدار بپارێزنو ڕێوشوێنی ئینسانی لە هەمبەر یەکتر بگرنە بەر.

ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ قانوونی ژنێڤدا تیشکی خستە سەر ئەوەی بەپێی ئەو قانوونە گیانی هاووڵاتیانی مەدەنی لەکاتی شەردا پارێزراوەو لایەنەکانی شەڕ وێڕای ڕەچاوکردنی ئەو قانوونە مافی بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی وەک بۆمبی شیمیاییان لە دژی خەڵک نییەو لەو بارەوە ڕێیان لێ گیراوە.

دوکتور حەسەنزادە لە درێژەی باسەکەیدا بە پۆلێنکردنی چەکو چۆلە کۆمەڵکوژەکان بەپێی چوارچێوەو قانوونی جیهانیی ژنێڤ باسی ئەوەی کرد کە نابێ هاووڵاتییانی سڤیل لە کاتی شەردا پزیشکەی شەڕیان بەر بکەوێ‌و لە درێژەی باسەکەیدا گوتی کە چەند ساڵ دوای بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بوو کە بەکارهێنانی گازە شیمیاییەکان لەلایەن دەوڵەتان‌و لایەنە چەکدارەکانەوە ڕێیان لێ گیراو قەدەغە کران.

دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا بە ئاماژە بە سیاسەتی دەوڵەتە ناوەندەییەکانی حاکم بە سەر کوردستان، ئێران، تورکیە، عێراق‌و سووریە گوتی ئەگەرچی ئەو وڵاتانە ڕێککەوتننامەی بەکارنەهێنانی جەکی کۆمەڵکوژیان ئیمزا کردوە، بەڵام چەندین جار لە شەڕو بەربەرەکانی لەگەڵ کوردەکاندا ئەو قانوونەیان پێشێل کردوەو چەکی کۆمەڵکوژی شیمیایی‌یان بە دژی کوردەکانی وڵاتی خۆیان‌و وڵاتانی دراوسێیان بەکار هێناوە. کۆڕگێر پاشان ئاماژەی بە چەند نموونەیەک لەو حاڵەتانە لەلایەن تورکیەو سووریە کرد.

لە بەشی دووهەمی ئەو کۆڕیادەدا کە بەبەشداریی چەند شایەتحاڵ و بەرکەوتوویەکی لە ژیاندا ماوی پەلاماری شیمیایی شاری سەردەشت بەڕێوەچوو، چەند دیمەنێکی ئەو کارەساتە بۆ بەشداران باس کرا.

حاجی ساڵح عەزیزپور، یەکێک لە بەرکەوتووانی ئەو ڕووداوە بە ڕەخنەگرتن لە ڕەوشی بەرکەتووانی لە ژیانداماوی ئەو جینایەتە سامناکە گوتی لە دنیای ئەمڕۆدا ڕێز لە ئاژەڵەکانیش دەگیردرێ، بەڵام کەمترین ماف بۆ خەڵکی بریندداری شاری سەردەشت لەبەرچاو نەگیراوە.

ئەو گوتی ئەگەر لە کاتی خۆیدا ڕووداوی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت میدیایی دەکرا و بکەرانی ئەو جینایەتە سزا درابان، شاری هەڵەبجە بۆمبارانی شیمیایی نەدەکراو، لە ئێستاشدا ئەوە ئەرکی هەموو لایەکە نەهێڵن تۆزی فەرامۆشی لەسەر ئەو ڕووداوە بنیشێ‌و بەوە ڕێ لە دووپاتبوونەوەی لە داهاتوودا بگرن.

لەبەشێکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا قادر مەولانپوورم کە بە عومەر خاوەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناسراوەو هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی لەو ڕووداوەدا لە دەست داوە، قسەی کردو، بە دوای ئەودا عەلی مەحموود، بەرپرسی ڕێکخراوی کوردستانی بێ

ژێنۆساید بەسەرهاتی قادر مەولانپووری بۆ بەشداران گێڕایەوە کە چۆن ئەندامانی بنەماڵەکەی هەر کام بەڕێی شارێکی ئێران دەکرانو دوایە تەرمی هەموویانی بۆ هاتۆتەوەو گوتی، بێ گومان ئەگەر بەسەرهاتی ژیانی ئەو بکرێتە فیلم ئەوا دنیا تراژیکترین فیلمی سەدە بە چاوی خۆی دەبینێ.

لە بەشی کۆتایی ئەو کۆڕیادەدا دیاریی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن فازڵ عومەر ڕەشیدەوە پێشکێش بە قادر مەولانپوور کرا.

فازڵ عومەر ڕەشید، سەرۆکی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان لەو بەشە لە کۆڕیادەکە گوتی شەرمە بۆ کۆماری ئیسلامی کە دوای ٢٧ ساڵ ئێستاش قوربانیانی ئەو جینایەتە سامناکە بە شەهید دانەندراونو ئاوڕ لە بریندارانو بەرکەوتووانی ئەو ڕووداوە نادرێتەوە.

شایانی باسە لە بەشی کۆتایی کۆڕیادەکەدا چەند کۆپلە شێعرێک لە وەسفی ئەو ڕۆژەدا لەلایەن فەرەیدوون حەکیمزادە، هەندەرێن جەعفەر و محەممەد ئەفەندی خوێندرانەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٤

# شارێکی لەبیرکراو لە پووشپەڕێکی سووتاودا.



عەزیز شێخانی

کاتژمێر چوار و نیوی پاش نیوەڕۆی ٧.پووشپەڕی ١٣٦٦ هەتاوی بەرامبەر بە ٢٨ ژوئەنی ١٩٨٧ زایینی، شاری سەردەشت (رۆژهەڵاتی کوردستان) کەوتە بەر پەلاماری چەکی قەدەغەکراو. لەئاکامی ئەو پەلامارە نامرۆڤانەیەدا سەدان کەس لە خەڵکی بێتاوان و دانیشتوانی شار چرای ژیانیان کووژایەوە و زیاتر لە پێنج هەزار کەسیش برینداربوون. هێزە ئاسمانییەکانی عێراق سەردەشتیان بە چەکی شیمیایی بۆمباران کرد، بەڵام هۆکاری سەرەکی ئەو بۆمبارانە هەتا ئەمڕۆش نادیارە. هەرچەندە شەڕی شار و ناوچەی سیڤیل لە شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقدا دیاردەیەکی نامۆ نەبوو، بەڵام هێرشی شیمیایی بۆ سەر خەڵکی سیڤیل بە چەکی شیمیایی لە وڵاتی دژبەردا تاقی نەکرابۆوە.رۆژێک پاش رووداوی ئەو کارەساتە لە نێو خەڵکی شاردا دەنگۆیەیک بڵاوبۆوە، کە بەرەی کوردستانی (باشووری کوردستان) لە شوێنێکی شاری سەردەشت (خواردنگەی پووری) کۆبوونەوەیان کردووە و رژێمی عێراق لەو کۆبوونەوەیە ئاگادار بووە. دەنگۆی ئەوە هەبوو، کە کەسانی ئاگادار و تەنانەت بەشدار لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی، وەک سیخوڕ بەرپرسانی عێراقیان لە شوێن و کاتی کۆبوونەوەکە ئاگادار کردۆتەوە. شایانی باسە، کە هیچ کام لە بەرپرسی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان هەتا ئەمڕۆ ئەو باسەیان پشتڕاست یان بە درۆ نەخستۆتەوە. بێجگە لەوە، یادی سەردەشت و کارەساتی ٧ی پووشپەڕ لە راگەیاندنی فەرمی باشووری کوردستاندا زۆر بە کەمی باسی لێدەکرێ.

لە کاتێکدا سەددام حوسێن و باقی کاربەدەستانی رژێمی پێشووی عێراق لە سەر رووداوی دوجەیل، هەڵەبجە، ئەنفال، فەیلییەکان، بازرگانەکانی بەغدا دراونە دادگا و بەشێکیان لە دار دراون، بەڵام کەیس و فایلی قوربانییەکانی سەردەشت لە بیرکراوە. کۆماری ئیسلامی ئێران نە تەنیا قوربانییەکانی ئەو کارەساتەی قەرەبوو نەکردۆتەوە، بەڵکو لە بەردەم

پێکهێنانی کۆبوونەوەی بەرین و یادکردنەوەی بەرفراونی ئەو یادە تاڵەدا کۆسپ و تەگەرە دەنێتەوە. بەرپرسانی رێژیمی تاران خەمی کارەساتی ٧ ی پووشپەڕیان نیە. ئەوان بە ئامانجی سیاسی هەوڵ دەدەن، کە یادی ئەو کارەساتە سنوورەکان نەبڕێ و لە بێدەنگی تەواودا تۆزی زەمانە داپۆشێ.

بەرپرسی پارتە کوردەکانی باشووری کوردستان لە هەولێر و بەغدا، کە بە گوێرەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەو کات، هۆکارێک بوون بۆ ئەو پەلامارە نامرۆڤانەیە، ئاوڕیان لەو ڕووداوە ژانهێنەرە نەداوەتەوە. لە کاتێکدا ئەوان بە رواڵەت بانگەشەی نەتەوەیی و کوردبوون دەکەن، بەڵام لە بەغدا و هەولێر بۆ یادکردنەوە و رێزگرتن لە قوربانییەکانی ئەو کارەساتە هیچ کارێکیان نەکردوە. ڕووداوەکانی ٢٠ ساڵەی دوای راپەڕینی باشوور پێشانی دەدەن، کە پارتە کوردییەکان زیاتر رێزیان لە دوڵەتە سەردەستەکان و رابەرەکانیان گرتوە (بۆ وێنە یادی مەرگی خومەینی لە هەولێر و سلێمانی). جۆری هاوکاری ئەوان لە گەڵ رێژیمی تاران و تێکەڵبوونیان لە گەڵ سپای پاسداڕان دژبە لشکری بەعس و دەسەڵاتی سەددام حوسێن لە ساڵانی کۆتایی شەڕی ئێران و عێڕاق، فاکتەری سەرەکی ئەو کارەساتانە بوون، کە لە سەر دەستی لشکری داگیرکەر جێبەجێ دەکران.

بەرپرسانی رێژیمی تاران بە وریایەوە شەڕی ئێران و عێڕاقیان کێشایە کوردستان. لە ئاکامی ئەو سیاسەتەدا زەبرێکی قەرەبووونەکراوەیان لە کوردستان، ژینگە و خەڵکەکەی دا. لە درێژەی ئەو سیاسەتەدا بزوتنەوەی کوردانی رۆژهەڵات کرایە کاڵای بازرگانی نێوان پارتە کوردییەکانی باشوور و رێژیمی تاران. لەبیرکردنی کەیسی سەردەشت و دەرهاویشتنی ئەو فایلە لە بازنەی تاوانەکانی سەرانی رێژیمی بەعس، بۆ پەردەپۆشکردنی مێژووی رەشی پێوەندییەکان دەگەڕێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٣

## ساڵیادی بۆردومانی شیمیایی شاری سەردەشت لەلایەن ڕژێمی سەدامەوە



ڕۆژی شەممە ٢٩ی ژووئەنی ٢٠١٣، ڕۆژی بەرەنگار بوونەوەی چەکی شیمیایی و میکرۆبییە.

ئەم ڕۆژە هەروەها بیست و شەشەمین ساڵیادی بوردومانی شیمیایی شاری سەردەشت لە ڕۆژاوای ئێران، لەلایەن ڕژێمی سەدام دیکتاتۆری ڕووخاوی ئێراقە.

شەڕی داسەپاوی ئێراق بەسەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بەگوێرەی داکۆکی دوو دەسەڵاتی ئەوکات، ئەمریکا و سۆڤیەتی پێشوو و وڵاتانی سیخوڕی ناوچە لە ٢٢ی سپتەمبەری ١٩٨٠ (٣١ی پووشپەڕی ١٣٥٩) بە پەلاماری ئاسمانی و زەوینی سوپای ئێراق بۆسەر خاکی ئێران دەست پێ بوو و بێ دەسڕاگەیشتنی ئەوان بە ئامانجەکانیان دوای هەشت ساڵ لە هاوینی ساڵی ١٩٨٨) کۆتایی پێ هات.

بەشەڕی داسەپاو، سوپای ئێراق بەشێوەیەکی بەربڵاو لە چەکی شیمیایی بەدژی کوردەکانی ئێراقی، خەڵک و هێزەکانی ئێران کەڵکی وەرگرت.

سوپای ڕژێمی بەعسی ئێراق شاری سەردەشتی ئێرانی بوردومانی شیمیایی کرد.

بوردومانی شیمیایی سەردەشت لەلایەن هێزی ئاسمانیی ڕژێمی بەعسی ئێراق لە پووشپەڕی ١٣٦٦ لە چوار ناوچەی قەرەباڵغی ئەم شارە ئەنجام درا.
لەم بوردومانە شیمیاییە ١١٠ کەس لە دانیشتوانی سیڤیلی شاری سەردەشت شەهید بوون و هەشت هەزار کەسی دیکەش کەوتنەبەر گازە ژەهراوییەکان و هەندێکیشیان هەتا ئەمڕۆ لەبەر تووشبوون بەم ماددە ژەهراویانە لە ڕەنج و ئازار دان.

بوردومانی شیمیایی شاری سەرسنووریی سەردەشت کارەساتبارترین پەلاماری شیمیایی بوو کە ئاسەوار و گرفتی نگەتیڤی زۆری بەدی هێنا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم پەلامارەی بە نامرۆیی زانی و شاری سەردەشتی وەک یەکەم شاری قوربانی چەکی شیمیایی لە جیهان ناودێرکرد.

کۆمەڵگەکانی جیهانی لەو کاتە دا لەبەر دژەی پشتیوانەکانی سەدام، کاردانەوەیەکیان بەرامبەر ئەم تاوانکارییە جەنگییەی رژێمی ئەو دەمی ئێراق، نیشان نەدا.

بەڵام لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥(١٩٨٦) سەرەنجام ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوەکان لە کاردانەوە بەرامبەر تاوانکاریی جەنگی سەدام، رەشنووسی بریارنامەیەکیان بۆ ئیدانە کردنی بەکارهێنانی چەکی شیمیایی لەلایەن رژێمی سەدام ئامادە کرد بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمریکا ڤیتۆی کرد، بێ کەڵک مایەوە.

هەرلەبەرئەمە پێوەندی گشتی و تەبلیغاتی بنکەی پاراستنی کەلەپوور و بڵاوکردنەوەی بایخەکانی بەرگری پیرۆز، رۆژی شەممە لە بەیاننامەیەک دا بوردومانی شیمیایی سەردەشت لە ژووئەنی ساڵی ١٩٨٧ لەلایەن رژێمی بەعسی ئێراقی بە سەندی ریسوایی وڵاتانی بانگەشەکەری مافی مرۆڤ زانی.

لەم بەیاننامەیەدا راگەیەندراوە دەوڵەتانی رۆژاوایی بانگەشە کەری داکۆکی لە مافی مرۆڤ و بەرەنگار بوونەوەی تیرۆریزم، رژێمی بەعسی سەدامی بە چێکردن و بەکارگرتنی چەکی کۆکوژ هان دا و تەیاریان کرد.

بێ دەنگە کردنی بێ شەرمانەی کۆگە نێودەوڵەتییەکان بەرامبەر تاوانکارییەکانی دژە مرۆیی رژێمی بەعسی ئێراق لەشەری داسەپاو، پێشەکیەک بوو بۆ تاوانکاریی جەنگی نوێی گەلانی موسوڵمان لە ئێراق، ئەفغانستان و فەلەستین.

سەرچاوە: ماڵپەری رادیۆ سۆرانی ئێران - رێکەوتی: ٣٠ی جوونی ٢٠١٣

## "بێ دەنگی لە هەمبەر سەردەشت کیمیابارانی هەڵەبجەشی لێکەوەتەوە"




**پاش (٢٦) ساڵ لە کیمیابارانکردنی دکتۆرێک بۆ چارەسەری بەرکەتووان لە سەردەشتدا نیە**

**چەترپرێس**

لە (٢٦)ەمین ساڵیادی کیمیابارانی شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان کە تێدا زیاتر لە (١١٠) کەس گیانی لەدەستدا و بەهەزاران کەسیش بریندار بوون. مافناسێکی خەڵکی شارەکە رایدەگەیەنێ تا ئێستا سەردەشت لەوپەڕی بێکەسی دایە و برینەکانی سارێژ نەکراونەتەوە و تەنها یەک دکتۆریش بۆ چارەسەری بەرکەوتوانی کیمیایی لەو شارە نیە، ئەو ماناسە ئاماژە بەوەش دەکات کە بێدەنگی لە ئاست ئەو کارەساتە بەتایبەت لە لایەن پارتە کوردییەکانی رۆهەڵات و باشوری کوردستان وایکرد شاری هەڵەبجەش کێمیاباران بکرێ.

کاتژمێری (٤:٣٠)سەر لەئێوارەی (٢٨)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٨٧)ی زاینی، بەرانبەر بە (٧)ی پووشپەری (١٣٦٦)ی هەتاوی، هێزە ئاسمانیەکانی رژێمی بەعس و فرۆکەوانەکانی ئەو سوپایە، بە گازی کیمیاوی شارە خنجیلانەکەی سەردەشت و گوندی رەشە هەرمێیان بۆردومان کرد. بەپێی ئامارە سەرەتاییەکان لەوکاتەدا زیاتر لە (١١٠) کەس بە غازی کیمیاوی گیانیان لەدەستدا و زیاتر لە (٨) هەزار کەسیش بریندار و ژەهراوی بوون.

لەوبارەیەوە چیا عەبدوڵا پور مافناس و چاودێری سیاسی خەڵکی شاری سەردەشتی رۆژهەڵاتی کوردستان بە (چەترپرێس)ی راگەیاند: (٢٦) ساڵ لەمەوبەر، شاری سەردەشت لە لایەن رێژیمی بەعسی عێراقەوە بە چەکی کیمیایی بۆردومان کرا، شاری سەردەشت یەکەمین شار بووە لە جیهاندا کە تا ئەو کات بۆردومانی کیمیایی کرا و بەشێک لە هۆکارەکانیشی

کوردبوون بوو، ئەوەی شایانی باسە کە لەم رۆژەدا ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دژی رژێمی ئەوکاتی عێراق لە یەکێک لە هۆتێلەکانی شاری سەردەشت بە ناوی هۆتێلی پوری لە کۆبوونەوە دابوون. دەکرێ ئەوەش وەک هۆکارێکی کیمابارانی کردنی شار ئاماژەی پێ بکرێ، بەلام ئەوە هیچ لەوە ناگۆڕێ کە بە کارهێنانی چەکی کیمیایی بە تایبەت لە دژی خەلکی سڤیل لە روی یاسای نێودەوڵەتی دا رێگەی پێ نەدراوە.

چیا عەبدوڵا پور ئاماژە بەوەش دەکات: ئەوەی جێگای تێڕامان و سەرنجە، ئەوەیە کە پارتە کوردیەکانی باشوور و بە تایبەت پارتە کوردیەکانی رۆژهەلات، بێدەنگیان لەم کارەساتە کرد. تەنانەت لە رۆژهەلاتی کوردستانیش دەنگدانەوەیەکی وای نەبوو. ئەو مافناسە هەروەها دەڵێ: ئەگەر ئەو کات دەست بەجێ ناوەندە نێودەوڵەتیەکانیان لێ ئاگادار کردبایەوە، ئەوا بە ئەگەری زۆر رێژیمی بەعسی عێراق، نەیدەتوانی شاری هەڵەبجە شەهید بکات. بەگشتی بێ دەنگی لە هەمبەر کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت بوو کە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەشی لێکەوەتەوە. بۆیە بێدەنگی لەئاست هەر پێشێلکاری و تاوان و کارەساتێک، بێگومان پێشێلکاری و تاوان و جینایەتی دیکەی لێدەکەوێتەوە.
هەر لە قسەکانیدا ناوبراو دەڵێت: سەردەشت لەوکاتەوە تاکو هەنووکە لەو پەڕی بێکەسی دا هەناسەی سوارە و برینەکانی سارێژ نەکراونەتەوە، بەرکەوتوان لەو کاتەوە تا هەنووکە لە دۆخێکی زۆر نالەباردا ژیان بەسەر دەبەن و حکومەتی کۆماری ئیسلامی زۆر کەمتەرخەم بووە لە دابینکردنی دەرمان و ناردنی بەرکەوتوان بۆ دەرەوەی ولات، با ئاماژە بەوەش بکەم کە لە شاری سەردەشت دکتۆری تایبەت بە نەخۆشیەکانی بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی بوونی نیە و نەخۆشخانەی شاریش نزیک بە پێنج کیلۆمەتر لە شار دوورە، ئەوە لە حالێک دایە کە دکتۆری تایبەت و پرسی کات بۆ پێڕاگەیشتن بە بەرکەوتوان پرسی ژیان و مردنە.

چیا عەبدوڵا پور مافناس و چاودێری سیاسی لە کۆتایی رونیدەکاتەوە کە تەنانەت بۆ یادکردنەوەی شەهیدان و کارەساتی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشتیش هەموو ساڵانە، خەڵکی شار لە رێگای (ئەنجومەنی بەرگری لە بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی) هەوڵ دەدەن کە یادی ئەو کارەساتە بە شێوەیەکی فەرمی بەرز رابگرن، بەلام دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئیزنیان پێنادەن، دڵسۆزان و روناکبیرانی شار لە چوارچێوەی پێشانگا و گردبوونەوە بە شێوەیەکی نافەرمی یادی ئەو کارەساتە دەکەنەوە و ناهێڵن ئەو یادە لە یاد بکرێت. بەشێوەیەک کە لە چەندین ساڵی رابردودا کاری زۆر باش بۆ ناساندنی ئەو یادە کراوە و بەشێوەیەک لە نوێنەری بەرکەوتوانی شاری سەردەشت چەند ساڵ لەمەوبەر لە دادگای لاهە لە ولاتی هۆڵەند بەشدار بوو، کە تێدا بازەرگانێکی هۆڵەندی بە ناوی (فرانت ڤێن ئانرات) کە لە کاتی شەڕی ئێران و عێراق دا مادەی کیمیاوی بە سەدام فرۆشتبوو، دادگایی کرا و بە تاوانباریش ناسرا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چەتر پریس - رێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٣

## لە یادی ساڵرۆژی شیمیایی بارانی سەردەشت.



برایم زێوەیی

مێـژووی کـورد هەوراز و نشـێو و شـکان و هەسـتانەوە و کارەسـاتی زۆر جەرگبـڕی بە خـۆیەوە دیتـوە. ئەم گەلە لە هەر دەرفەتێک بۆ گەیشتن بە ئامانجە لەمێژینەکانی خۆی بە گوێرەی هەلومەرجی مەکانی و زەمانی هاتۆتە مەیـدان و تێکۆشـاوە لە مافە سرووشتی و نەتەوەیی یەکانی خۆی بەهرەمەند بێ.

هەر چەنـد کـورد قەت تەمـاعی لە خـاکی کەس نەکـردوە و نەیویسـتوە کە مـافی هـیچ تـاک و نەتەویەک پێشێل بکـا بەڵام فەرمانڕەوایانی زاڵ بە سەر کوردستان، لەبری ئەوەی ڕێگایەکی مەنتق و لۆژیک بگـرنەبەر ڕیگـای زەبرووزەنـگ و سـەرکوت و کوشتار و توانەوەی ئەم گەلەیان کردۆتە بەرنامەی کاری خۆیان.

لە جەریـانی شـەڕی کونەپەرسـتانە و کاولکـارانەی نێـوان ئێـران و عێـراق دا، بەشـێک لەو خـاکە لە هەر دوو بەشـەکەی (ڕۆژهەڵات وباشـوور) بە ئەنقەسـت کـرا بە مەیـدانی تەراتێنـی هێـزە سـەرکووتکارەکانی ئەو دوو ڕێـژێمە و لە هەرکـام لەو پارچانە کوردەکان زۆرترین زەرەر و تەلەفاتیان بەرکەوتوە کە دەتـوانین ئـاماژە بە بۆمبـارانی شیمیایی شـاری سەردەشت لە ٧ی پووشـپەڕی ١٣٦٦ لە لایەن فـڕۆکە شـەڕکەرەکانی ڕێژێمـی عێـراقەوە بکەیـن کە لە کۆمەڵکـوژییە دا، سـەدان کەس لە خەڵکی ئەم شارە بێ دیفاعە شەهید وهەزاران بریندراری لێ کەوتەوە.

هەر چەند سەردەشت یەکەم قوربانی دەستی چەکی شیمیایی دوژمنانی سوێندخواردووی کوردە، بەڵام دەلێـی قەدەری کـوردە کە بە درێژایی مێژووی پڕاوپڕ لە خەبـات و خوێن و کۆڵنەدان و فیداکاری و وەرێخستنی جووڵانەوەی ڕزگـاریخوازانە، هـاواری حەقخوازانەکەی پەنگ بخواتەوە وبە گوێی بیروڕای گشتیی و بە تـایبەت ئازادیخوازان و کۆڕوکۆمەڵی داکۆکیکار لە

مافەکانی مرۆڤ ومرۆڤایەتی نەگا.

ئەگەرچی ئێران و عێراق بە درێژایی چەند دەیە دوژمنی قەستەسەری یەکتر بوون و لە شەڕێکی مان و نەمان دا، دەست و پەنجەیان لێک دەدا، بەڵام خودی ئێران بە هۆی کۆمەڵێک تێبینی لە سەر ئەم شارە کوردە، لە ئاست قووڵایی کارە ساتەکەوە دژکردەوەیەکی وای لە خۆ نیشان نەدا و هەر لەو پێوەندی یەدا نەتەنیا نەیویست رەهەندەکانی لە ئاستێکی ناوچەیی و جیهانی دا،بڵاو بکرێتەوە بگرە لە بەرامبەر بەرکەوتووەکانی بۆمبی شیمیایی ئەم شارە وەک پێویست ئەرکی خۆی بە جێ نەگەیاند.

لە وانەیە بۆ زۆر کەس ولایەن ئەو پرسیارە بێتە گۆڕێ کە بۆ عێراق یەکەم ئامانجی بۆمبی شیمیایی خۆی ئاراستەی شاری سەردەشت کرد،لە وڵام دا دەبێ بڵێم کە هێندێک فاکتەر وەک مێژوویی و جۆغرافیایی لەو کردەوەیە کۆمەڵکووژی یە دا کاریگەربوون.

سەردەشت و دەوروبەرەکەی بە گوێرەی هەڵکەوتەی جۆغرافیایی و مێژوویی یەوە لە زۆربەی جووڵانەوە و راپەرینەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و تا رادەیەکیش باشووری کوردستان دا، رۆڵی پۆزەتیڤ و باشی گێراوە و هەمیشە مەکوی بەرخۆدان و خۆراگری و سازماندان و رێکخستنی شانەی بەربەرەکانی بە دژی دوژمنانی کورد بووە کە دەکرێ ئاماژە بە شۆرشی شێخ عوبەیدیڵا نەهری( پەنا دانی هەمزاغای مەنگوڕ)، دامەزرانی کۆماری کوردستان، راپەرینی مەلا خەلیلی گۆڕەمەر، جووڵانەوەی چەکداری سالەکانی ٦٧ - ١٣٤٦و هەر وەها جووڵانەوە و شۆرشەکانی باشووری کوردستان بکەین .

هەر لەو رابیتەیە دا، ناکری رۆل ونەخشی ئەم شارە لە پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی دا نادیدە بگرین کە تا چەند لە بواری دیفاعی و بەربەرەکانی و پاراستنی هێندێک ناوچەی ئازادکراوی کوردستان دا پێش قەدەم بووە وزەربەی گورچووبری لە پەلاماردەران وەشاندوە و لە لایەکی دیکەش بەشێک لەو خەلکە لە رێژیمەکانی پێشوو و ئێستا دا بە جۆرێک کە بۆیان لوابێ لە شۆرش و جووڵانەوەکانی باشووری کوردستان دا لە بواری تەدارووکاتی و پێرسۆنێلی یەوە بەشداری یان کردوە.

ئەم کۆمەلە فاکتەرانە بوون کە رێژیمی درەندەی عێراقی وادار کرد کە بە چەکی شیمیایی هێرش بکاتە سەری وشارەکە شەڵاڵی خوێن وفرمێسک بکا.

دەبا لە یادی سالرۆژی یەکەم شاری قوربانی دەستی چەکی شیمیایی دا،ئەم یادە تالە بکەینە ئیرادەو هاندەرێک تا پێکەوە

لە شادی وشایی وفرمێسک وشینی یەکتر دا، خەمخۆر و هاودەردی یەکتر بین و بە وەلانان و بە هێند نەگرتنی حەز وئاوات وبەرژەوەندییە تاکی وگرووپی وحیزبی یەکان تۆوی هیوا وبروا بەخۆبوون و رەچاوکردنی بەرژەوەندییە گشتی ونەتەوەییەکان بکەینە رێبازی نەگۆری خۆمان و بە یەک وتاری و یەک هەڵوێستی، ئەرکی پیرۆزی نەتەوەیی مان لە ئاست خاک ونیشتمان دا بە جێ بگەیەنین و لەوە زیاتر خەلکەکەمان لە چاوەروانی دا، رانەگرین.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠١٢

---

## بەرپرسی ئەنجومەنی بەرگری لە بەرکەتووانی شیمیایی بارانی سەردەشت،لە بارەی یادکردنەوەی کارەساتەکە دەدوێ



**وتووێژ: عەلی بداغی**

سیروان حەداد: زیاتر لە ٤ ساڵە ئیزنی یادکردنەوەی ساڵیادی شیمیایی باران کرانی سەردەشت بە ئەنجوومەنی بەرگری لە بەرکەتووانی شیمیایی بارانی ئەو شارە نەدراوە رۆژی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ شاری سەردەشت لەلایەن رێژیمی بەعسی عێراقەوە کەوتە بەر چەکی شیمیایی و لە ئاکامی ئەو هێرشە کۆمەڵکوژییەدا بە سەدان کەس کوژران و زیاتر لە ٨ هەزار کەسیش بریندار بوون.

٢٥ ساڵ لەو کارەساتە تێپەڕیوە، بەڵام برینی شاری سەردەشت هێشتا قەتماغەی نەبەستوە، بەرکەوتووان و قوربانیانی لە ژیاندا ماوی ئەو رووداوە دڵتەزێنە، ئێستاش بە دەست ئازار و برینەکانی ئەو رووداوە دەناڵێنن و دەوڵەت و دەزگا حکومەییەکان کەمترین ئاوڕیان لەو خەڵکە داوەتەوە و داوا و پێداویستیی سەرەکی و ژیانەکیی ئەو خەڵکە هەروا بێ وەڵام

ماوەتەوە.

سیروان حەداد، بەرپرسی ئەنجوومەنی بەرگری لە بەرکەتووانی شیمیایی بارانی سەردەشت لە وتوویژ لەگەڵ لاپەرە ٧، بەرنامەیەکی تەلەڤزیۆنی کورکاناڵدا تیشکی خستۆتە سەر بەشێک لە مەینەتی و کێشە و پێداویستییەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە برینی شیمیایی باران کردنی شارەکەیان لە سەر جەستەیان هەروا زیندووییە و دەڵێ کە لەو وتوێژەیدا رادەگەیەنێ کە ناوەندە ئەمنیەتی و ئیدارییەکانی شاری سەردەشت ماوەی ٤ ساڵە ئیزنی ئەوە بەو ئەنجوومەنە نادەن تا بەشێوەی سەربەخۆ ساڵیادی ئەو رووداوە مێژووییە بکاتەوە و ئەو بۆنە و موناسیبەتانەی ئەو ساڵانەی دوایی لە لایەن ئیداراتی پێوەندیداری دەوڵەتی لە چوارجیوەی تایبەت و سنووردار‌دا بەرێوە دەچێ.

لەبارەی چۆنیەتیی یادکردنەوەی ئەو رووداوە دڵتەزێنە لە ساڵانی پێشوو دا، سیروان حەداد دەڵێ هەر لە ساڵی ٦٧ وە کۆمەڵێک لە بنەماڵەی شەهیدان و چالاکانانی هونەری بە گرتنی شەوی شیعر و هەڵبەست و کۆڕ و کۆبوونەوە یادی ٧ی پووشپەریان بەرز راگرتووە، تا ئەو کاتەی لە ساڵی ٨١ ئەنجومەنی بەرگری لە مافی برینداراانی شیمیایی سەردەشت پێک هات. دوای دامەزرانی ئەو ئەنجوومەنە هەر ساڵ بە شێوەیەکی جوان و شیاو ساڵیادەکان بە بەشداریی کۆمەلانی خەڵک و چالاکانانی هونەری بەرێوە دەچوو،

بەڵام ئەوە نزیک چوار ساڵە کە بەداخەوە لە لایەن بەرپرسانی سەردەشت مۆڵەتی یادکردنەوە بە ئەنجومەن نادرێ و یادەکان زۆرتر حکومی بەرێوە دەچن تا ناحوکمی. ئەم ساڵیش ئەنجومەن تەنیا بە کردنەوەی پێشانگایەک لە مەیدانی سەرچاوە و دانانی تاجەگوولێنە لە سەر گلکۆی شەهیدان یادەکە بەرێوە دەبا و کۆمەڵێک کەس و کەسایەتیش لە شارەکانی حەڵەبجە، گەرمیان و قەڵادزێ بانگهێشت کراون، بەڵام بە گشتی ئیبتکاری بەرێوەبردنی یادەکە لە دەستی کاربەدەستانی شار دایە.

سیروان حەدداد لە بارەی ژمارەی قوربانیان بە بەرکەوتووانی ئەو رووداوە دەڵێ کە ئەو کەسانەی وەک قوربانی شیمیایی دەناسرێن دوو بەشن، بەشێکیان ئەوانەن کە لە لایەن بنیاتی شەهیدان و جانبازان و لەلایە دەوڵەتەوە بە رەسمی ناویان تومار کراوە کە ژمارەیان ١٣٨٠ کەسە و لەو ١٣٨٠ کەسەش کەمتر لە ٤٠٠ کەسیان یارمەتی مادی و پزیشکی وەردەگرن. بەڵام بە بڕوای ئێمە وەک ئەنجومەن زیاتر لە ٨٠٠٠ کەس لە خەڵکی سەردەشت برینداری شیمیایین و دەبی پێداویستیی پزشکی و دەرمانیان بۆ بکرێ و لەوانەشدا زیاتر لە چەند سەد کەس کە برینەکانیان زیاترە، دەبێ بەشێوەی هەمیشەیی لە ژێر چاوەدێری دابن.

بەرپرسی ئەنجوومەنی بەرگری لە بەرکەتووانی شیمیایی بارانی سەردەش لەبارەیکێشە و گرفت و پێداویستیی بەرکەوتووان و برینداران و بنەماڵەی قوربانیانی ئەو رووداوە لە ئێستادا تیشکی خستە سەر ئەوەی کە کێشەی خەڵکی بەرکەوتووی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت زۆرتر لە بواری پزیشکی و دەرمانییەوەیە. سەردەشت ناوەند و نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بۆ برینداران شیمیایی نییە و پزشکی شارەزا و پسپۆری نیە کە بتوانی دەردی برینداراەکانی شیمیایی دەرمان بکەی، بۆیە دەبێ بۆ دەرمان کردن و چارەسەریی نەخۆشەکان بەرەو ورمێ یا تاران راگوێزرێن و ئەوەش زۆر سەخت و تاقەت پڕوکێنە. ناوبراو هەروەها دەڵێ کە سەردەشت لە بواری ئاوەدانی و پێڕاگەیشتنەوە کێشەی زۆری هەیە و بە شێوەی پێویست بەرپرسان نەیانتوانیوە ژینگەیەکی خاوێن بۆ بەرکەوتوانی چەکی شیمیایی دابین بکەن و زۆر گرفتی دیکە کە رەنگبێ لێرەدا مەجالی باسکردنیان نەبێ.

سیروان حەداد لە بارەی یادی ٧ی پووشپەڕ و گرینگیدان بە یادکردنەوەی بەردەوامی ئەو رووداوە مێژوویی و دڵتەزێنەی بە سەر کورد و شاری سەردەشت هاتوە، دەڵێ کە کارەساتی ٧ی پووشپەڕی سەردەشت تەنیا بۆمبارانێکی دەورانی شەڕی هەشت ساڵە نەبووە کە ئێمە لە بازنەی کاتیدا بچووکی بکەینەوە و تایبەت بە ناوچەی سەردەشت و خەڵکی سەردەشت بێ، بەڵکوو ئەم دەستدرێژیێە نامرۆیانە لە درێژەی تاوانی ژینۆسایدی گەلەکەمان دایە کە تەنیا بۆ قڕکردنی گەلی کورد و سڕینەوەیان ئەنجام دراوە. کەوایە ئەم تراژێدیایە پرسێک دروست دەکا بۆ هەموو گەلی کورد کە دەبێ هەموان بەیەکەوە هەوڵی بۆ بدەن.

ئەنجوومەنی بەرگری لە بەرکەتووانی شیمیایی بارانی سەردەشت دەڵێ هەوڵەکان لەو پێناوەدا دەبێ بە ئاراستەی بە جیهانی کردنی ئەو پرسەدا بێ و بۆ بە جیهانی کردنی کارەساتی ژینۆسایدی سەردەشت هەر کوردێک دەبێ بە پێ توانای خۆی کاری بۆ بکا و هەوڵی پێویستی بۆ بدا، هەڵبەت ئێمە وەک ئەنجومەنی شێمیایی سەردەشت چەند ساڵێکە بەردەوام بۆ بە جیهانی کردنی هەوڵ دەدەین و بۆ گەیشتنی هەوڵمان داوە و لە رێگەی سازمان و ئەنجومەنە نێونەتەوەیەکان وەک opcwو ipb و cwcc لە کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەیەکاندا کاری پێویستی بۆ دەکەین. بەڵام وەک رەخنەیەک لە هەموو کوردەکانی دانیشتویی ئورووپا، جیا لە بنەماڵەی عەلی رەحیمی تا ئێستا هیچ لایەنێک و تاکێک کۆمەک و یارمەتی ئێمەی بۆ ئەو مەبەستە نەداوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٢

## لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان یادەی ٢٥ ساڵەی کارەساتی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت زیندوو راگیرا



پێشنیوەرۆی ئەمرۆ چوارشەممە، رێکەوتی ٧ی پووشپەر  بە پێک هێنانی سمینارێک، حیزبی دێموکراتی کوردستان یادی ٢٥ ساڵەی شیمیایی بارانی سەردەشتی کردەوە.

لە سەرەتای ئەم سمینارەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە تێکۆشەرانی دێموکرات لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب بەرێوەچوو، دوای ساتێک بێ دەنگی بۆ رێزگرتن لە یادو بیرەوەری شەهیدانی کوردستان، بەرێز قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب قسەی بۆ بەشداران کرد. بەرێزیان لە سەرەتای قسەکانی دا وێرای وەبیر هێنانەوەی چۆنیەتی رووداني ئەم کارەساتە لە لایەن رێژیمی بەعسی عێراقییەوە، ئاماژەی بە شەڕی نێوان هەردوو دەسەڵاتی بەعس و کۆماری ئیسلامی کرد کە هەردوو لا ئاوریان بە سەر خەڵکی کوردستان دا دەباراند.

ناوبراو لەم پێوەندییەدا وتی: هەرچەند خەڵکی کوردستان بەشێک نەبوون لە شەڕی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە و خاوەنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خۆیان بوون، بەڵام هەردوو لا کوردیان قەڵاچوو دەکرد و، لەم پێوەندییەدا ئاماژەی بە کارەساتی شیمیایی بارانی سەردەشت و هەڵەبجە لە لە هەردوو بەشی کوردستان دا کرد.

لە بەشی کۆتایی قسەکانی دا، قادر وریا، بە نوێنەرایەتی لە دەفتەری سیاسیی حیزبەوە وێرای بەرزراگرتنی یادی قوربانیانی ئەم کارەساتە و دووپات کردنەوەی هاودەردی لە گەڵ بنەماڵەکانیان وتی: ئێمە وەزیفەمانە کە ئەو یادە زیندوو رابگرین و لە کۆڕو کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان دا بە کراوەیی  بهێڵینەوە.

لە بەشێکی دیکەی سمیناری زیندوو راگرتنی یادی ٢٥ ساڵەی شیمیایی بارانی سەردەشت دا، دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، مافناس و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسێکی لە ژێرناوی "رێوشوێنە نێونەتەوەییەکان لە دژی بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکوژییەکان"، پێشکەش بە بەشداران کرد.

دوکتور حەسەنزادە لە قسەکانی دا باسی لەو مەنشوورو یاسا نێودەوڵەتیانە کرد کە پێوەندییان بە قەدەغە کردنی بەکارهێنانی چەکە کۆمەڵکووژییەکانەوە هەیەو پاشان پەرژایە سەر ئەو پرۆتۆکۆل و پەیماننامانەی لەم پێوەندییەداو لە قۆناغە جیاجیاکاندا لە ئاستی نێونەتەوەییدا تەسویب کراون .

ناوبراو لە بەشی کۆتایی قسەکانی دا باسی لە چۆنیەتی بە نێونەتەوەیی کردنی کارەساتی شیمیایی بارانی سەدەشت کرد و لەم پێوەندییەدا پێی وابوو کە دەکرێ هەوڵ بدرێ ئەم کەیسە کاری لە سەر بکرێ و لە ئاستی نێونەتەوەیی دا لە رووی یاساییەو مەترەح بکرێ.

کۆڕگێڕێکی دیکەی ئەم سمینارە بەرێز عەلی مەحموود، بەرپرسی رێکخراوی کوردۆساید، بە رەخنە گرتن لە لایەنە سیاسییەکان کە کەمیان هەوڵ داوە ئەم کارەساتە بناسێندرێ،

باسی لە مەترەح کردنی پەروەندەی ئەم کارەساتە لە دادگایەکی وڵاتی هۆلەند دا کرد.

بەرێزیان لە پێوەندی لە گەڵ ئەم دادگایەدا کە کاتی خۆی لە وڵاتی هۆلەند بەرێوەچووەو چەندین شاهید و قوربانیی ئەم کارەساتەش تێدا بەشداربوون، وتی: ئەم دادگایە توانی کاریگەریی باشی لە ناساندنی ئەم کارەساتەدا هەبێ.

عەلی مەحموود لە بەشێکی قسەکانی دا باسی لە پیلانگێڕییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی لە دادگای ناوبراودا کردو وتی: کۆماری ئیسلامی زۆری هەوڵ دا کاری دادگای هۆلەند بە لارێدا بەرێ. بۆ نموونە باسی لەو شاهیدانە کرد کە بە سفارشی کۆماری ئیسلامی دزەیان دەکردە نێو دادگاکەوەو بە جۆرێک دەیانهەویست تاوانە کە بخەنە پاڵ هێزە کوردییەکان.

هەر لەم سمینارەدا بەرپرسی رێکخراوی کوردۆساید چیرۆکی یەکێک لە قوربانیانی کارەساتەکەی گێڕایەوە کە شوێنەواری تایبەتی لە سەر ئامادەبووان دانا.

دوایین کۆڕگێڕی ئەم سمینارە، بەرێز رێبوار مەعرف زادە، ئەندامی دەستەی نووسەرانی رۆژنامەی "کوردستان" بوو، کە لە

ڕوانگەی کۆمەڵناسانەوە باسی لە کارەساتی شیمیایی بارانی سەدەشت کرد. بەڕێزیان لە باسەکەیدا باسی لە بارودۆخی ۲۵ ساڵ لەمەوبەری کۆمەڵگای کوردستان کرد کە وەها کارەساتێکی بەسەر هاتبوو.

باسی لە بارودۆخی زیان لێکەوتوانی ئەو کارەساتەی کرد کە لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە بە تەواوەتی پشتگوێ خراون.

مەعرف زادە لە کۆتایی باسەکەی دا چەند پێشنیارو ڕاسپاردەی باس کردن بۆ ئەوەی زیاتر بکرێ گرینگی بە ژیانی زیان لێکەوتوانی ئەو کارەساتە بدرێ و هەروەها لەو کەیسەبە مەبەستی هەرچی زیاتر ریسواکردنی ڕێژیمە داپلۆسێنەرەکان کەڵک وربگیردرێ.

لە بەشی کۆتایی ئەم سمینارەدا کورتە فیلمێکی دێکۆمێنتی نیشان دراو دواتر بەشداربووان سمینارەکە بۆ سەدانی پێشانگای وێنەی بەشێک لە قوربانیانی کارەساتەکە سەردانی یەکێک لە ساڵۆنەکانی حیزبیان کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ۲۷ی جوونی ۲۰۱۲

## ٢٥ ساڵەی کارەساتی کیمیابارانی شاری سەردەشت لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە




ئەمڕۆ ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٩١ بەرمبەر بە ٢٧ی ژانوویەی ٢٠١٢، بیست و پێنج ساڵ بەسەر کیمیابارانی شاری سەردەشت دا تێپەر بوو. لەو رۆژەدا چەندین بۆمبی کیمیایی زامێکی لەیاد نەکراویان لە جەستە شارە سەر سەروزەکەی سەردشت دانا و بە دەیان کەس شەهید بوون و سەدان کەسیش بوون بە شەهیدی زیندوو.

### کۆماری ئیسلامی و ٧ی پووشپەر

دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی هەم ئەو کات و هەمیش ئێستا کەمترین بایەخی بە بەرکەوتوانی ئەو کارەساتە دا و تەنیا وەک پرۆپاگەندە بە دژی ریژیمی شۆڤینیستی بەعس بەکاری هێنا. ئەوە دەبینین کە دوای ئەو هەموو ساڵە رێگری دەکرێ لە یادکردنەوەی بەشکۆی ئەو کارەساتە لە لایەن خەڵکی نیشتمان پەروەری شاری سەردەشت و لەمپەریان بۆ دێننە پێشێ و ئەگەر یاد کردنەوەیەکیش هەبێ ئەوا بە بەلارێدابردنی باسی هۆکارەکانی کیمیاباران کرانی سەردەشت و پێراگەیشتن بە بەرکەوتوانی ئەو کارەساتە، لە لایەن نوێنەرەکانی بە باڵای کۆماری ئیسلامی دا هەڵدەدرێ و شاخ وباڵ بە خۆیانەوە دەنێن.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە وایان کرد کە شاری سەردەشت کیمیا باران بکرێت ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی لە کاتی شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران ـ ئێراق دا شاری سەردەشتی کردبوو بە بەرەی شەڕ و شاری وەک ناوەندێکی نیزامی لێکرد بوو، کە رووخساری زۆرتر بە پادگان دەچوو نەک بە شار. بۆیە دەبێ کۆماری ئیسلامی وەک یەکێک لە تاوانبارانی ئەو کارەساتە بناسرێت، هەروەها بەدوای رووداني ئەم کارەساتەش کەمترین ئاوڕی لە زامدارانی ئەو کارەساتە دایەوە و کەمترین ئیمکاناتی چارەسەریشی بۆ دابین نەکردن، بۆیە تاکوو هەنووکەش زامدارانی ئەو کارەساتە بەشێکی زۆریان خەرجی

نەخۆشخانە و داو دەرمانیان هەر لەسەر خۆیانە.
هەروەها نەبوونی دوکتۆری تایبەت لە سەردەشت وای کردوە کە کەس و کاری زامداران بە هۆی خەرجی زۆر نەتوانن زامداران ببەنە شارەکانی دیکە بۆ چارەسەر کردن. و ئەوەش ئاماری قوربانیانی ئەو کارەساتە لە سەرەتاکاندا زۆر بردە سەری.

## بنەماڵەی ئێمە و کارەساتی ٧ی پووشپەڕ

هەرچەند چەند ساڵ پێش کیمیابارانی شاری سەردەشت لە دایک بووم و لەو رووداوە هیچم بیر نیە، بەڵام بنەماڵەی ئێمەش وەک زۆر بنەماڵەی دیکەی سەردەشت بێبەش نەبوون لەکاریگەریەکانی ئەو کیمیا باران کردنە. لەو رووژەدا خوشک و برایەکم لە ناو بازار دەبن کە شار کیمیاباران دەکرێ و خوشکێکم لەو کاتەوە وەک بەرکەوتەیەکی چەکی کیمیایی بەدەم ئازارەوە دەناڵێنێت، ئەو لەگەڵ ئەوەی کە هۆگریەکی زۆری بۆ خوێندن هەبوو بەو هۆیەوە نەیتوانی درێژە بە خوێندن بدات، چوونکە گەران بە دوای چارەسەری و مانەوەی درێژماوە لە نەخۆشخانەکانی مەهاباد و ورمێ و... لە خوێندن زۆر دوایان خست. کە دواتر نەیتوانی بچیتەوە بۆ خوێندن ولە هەواڵەکانی بەجێ ما و تەنانەت نەیتوانی لەگەڵ هاوتەمەنەکانی لە کوچەو کۆڵان یاریش بکات و ژیانی ئاسایی لەدەست چوو.من هەرگیز ئەو کاتانەم لە بیر ناچێتەوە کە خوشکم تا بەردەم مەرگ دەرۆیشت و دەگەرایەوەکە، و هیچ کارێکمان لەدەست نەدەهات و بۆی دەگریاین و هاواری دەروجیرانانمان دەکرد، و باوکم بە خێرایی دەیگەیاندە نەخۆشخانەلەوێ چارەسەری کاتی بۆ دەکرا، هەموو خەرجیەکانی مانەوەی درێژماوە لە نەخۆشخانە و داو دەرمانی لە ئەستۆی باوکم بوو کە باوکیشم سەڕەرای ئەوەی کە کاسبکارێکی ئاسایی بوو بەڵام، وێڕای بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی باوکایەتی بە نیسبەت باقی جگەرگۆشەکانی هەموو هەوڵی خۆی بە کار دێنا و هەرشوێنێک لە ئێران و تەنانەت لە ئێراقیش کە دوکتۆرێکی باشی لێبایە و پێیان بناسیبایە خۆشکمی دەگەیاندە ئەوێ تاکوو بەشکم کچە خۆشەویستەکەی لەدەست ئەو ئازارانە خەلاسی بێت، شایانی باسە خوشکم لەو هاوکاریە کەمەی حکومەتیش کە بۆ ئەو مەبەستە بۆ بەرکەوتوانی دابین دەکرد بێبەش بوو، هەرچەند دەبێ بڵێم کە زۆری دیکەش وەک خۆشکم لەو هاوکاریانە بێبەش بوون.
خۆشکم هەنووکە دوو منداڵی هەیە و لە گەڵ ئەو ژیان و مەرگە ڕاهاتووە و بگرە تا ڕادەیەکیش ژیانی بەسەر مەرگدا زاڵ کردوەو لە چالاکی رۆژانەی نەوەستاوە و نەیهێشتووە کە ئەو نەخۆشیەی کە بە هۆی کیمیایی تووشی بووە بە چۆکی دابێنێ.

لە کۆتاییدا لە یادی بیست و پێنج ساڵەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەدا، سەری رێز و ئەمکناسی بۆ شەهیدانی کارەساتی ٧ی پووشپەڕ دادەنەوێنم و هیوادارم کە زامدارانیش هەرچی زووتر باش ببنەوەو مرۆڤ بەگشتی لە هیچ شوێنێکی ئەم گۆی زەویەدا توووبەرووی کارەساتێکی وەها نەبێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی مرۆڤایەتی - رێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٢

# شاری زام



سەلیم بێورانی

**بۆ روحی زامداری شاری سەردەشت**

**سۆزی دڵی بە زامم، بەرەو ئاسمانی شارم لە شەقەی باڵی خەیاڵی ئەدات تا دێراوی زامی کۆڵانی هیوای ئەوینی شارم بکات و هەنسکی گریان بەئاوازی سۆزبۆشاربهۆنێتەوەو لە تەنیایی شەوەزەنگ دا، پێکی شەرابی خەستی ئەوین بخواتەوەولە دەریای مەنگی ناخی شارم دا مرواری روحی بێگەردی ئاوێزانی هەتاو بکات.**
**شەوگاری تار، خۆی خستۆتە باوەشی شار و خۆشەویستی بە سێدارەی لێوەکانی شارم دا هەڵواسیوەو قاقای سەرلێوی شەقامەکانی شاری تاراندووە وبزەی ئەستێرەی ئاسمانی دیوانی شێعری خودای لە سێدارە داوەوومەرگی میوانی کۆڵانەکانی زامداری شارکردووە.**

**هەتاو ئێستا پرچی شیعری سەمای جوانی شار شانە ناکات و شەنگە بیی بە سەر چەما لارنابێتەوە وسێبەر بە سەر برینی رووبارەکان دا ناکات ونەسیم باوەشێنی بسکی ئاڵۆزی شارم ناکات .خۆشەویستی ماڵئاوایی لە شەقامەکانی شار ئەکات و تەمەننای مەرگ لە رەشەبای زریان ئەکات.ئەوین لە تارمایی ئێوارەیەک لە سەر پەنجەرەی تەماویی شار دا وشەی ماڵئاویی دەنوسێت و مەرگ سەما لە ژوری تەنیایی دڵی شار دا ئەکات.شەقامەکان ئێستا مەرگ لە یەخەی سپێدەی بەیانییان ئەدەن و شیعری حەسرەتی گەڵای وەریوی ژێر دارەکان دیاری باڵای شارم ئەکەن.**

**هەتاو ئێستا باوەش بە جەستەی شەهیدی شارم دا ئەکات و لە سەر کێلی گۆری شارم شێعری زەماوەندی خۆی و شارئەنوسێت وباران هاواری دابرانیان لەبەرەبەیانی پایزی دا بە مۆسیقا دەڵێتەوە. تۆ بڵێی خوا گوێ لە هاواری شارم بگرێت، یان شار**

و خوا ئەوەندە لێک دوورن هاواریان بە یەک ناگات.

ئێستا لە سپێدەی بەیانیان گوڵ چاوی حەزی نابرێتە رێگەی ژوانی پەپولە تا بە ئاوەنگەی سەر گۆنای فینکای بە دڵێ ماندووی ببەخشێت و لە ژێر سێبەری دڵی شار دا ئامێز بە جەستەی یەکدا بکەن وروحیان ئاوێتەی هەتاو بکەن. شارێک،زامەکانی بە سۆزتر لە مەسیحی لە خاچ دراو و بە تینتر لە ئاتەشکەدەکانی زەرتەشتی روح.پوشپەر، وەرزی سەفەری بێ گەرانەوەی شارەبەرەو مەرگ و خوێندنی ئایەتی مەرگ لە بناری مەمکە خوێناویەکان دا.

هۆ شارەکەم، لەم غوربەتە ساردەوە هەموو بەیانیەک روحی ماندووم ئاوێزانی نەسیمی خەیاڵم دەکەم و سەفەری کۆڵانە سوتاوەکان و شەقامە داپڵۆخاوەکان وکانییە زامدارەکانت دەکەم .هەموو بەیانیەک شێعری ئەوینم لە فرمێسکی چەمی چاوەکانی تۆ دادەتوێتەوە وحەیرانێکی بە کوڵ و ئایەی بێکەس بوون بۆ گوڵە ئەنفاڵ کراوەکانت دەڵێتەوە. هەنگاوەکانم ، تاسەی گەرانی ژێر بارانی چاوی ئاسمانی شار و سێبەری بن ساباتە ڕووخاوەکانی دەڤەری خۆشەویستیت دەکات ونیگاکانم وێڵ بە شوێن سیمای خەواڵووی درەختی حەوشەی ماڵەکان و ئەفسانەی ئەوینە پیرۆزەکانت دەکات . ئاسمانی ساماڵی شێعرم، ئێستا پرسەی مەرگی بزەی پێکی ئەستێرەی خۆشەویستیت دەگێریت و مانگی شیعرم، فرمێسک بۆ ژوانی تۆ و هەتاو دەرژێنێت ومێژوو لە پوشپەری هەمو ساڵێک وەرزی کۆچڕەووی ەباڵندەکان و جریوەی پاسارییەکانت دەنوسێتەوە وزەمەنیش لە دیوانی چاوەروانی خۆی دا هۆنراوەی "بەتەنیا جێی مەهێڵن" دەهۆنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٦ی مەی ٢٠١٢

## شاری سەردەشتیش قوربانییەکی دیکەی شەڕی هاوبەشی کورد لە گەڵ ئێران



عەلی مەحموود محەممەد

(ئەم بابەتە پێشکەشە بە مام عەلی ڕەحیمی کە بە داخەوە ئەمساڵ بە هۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی وەک ٧ ساڵی ڕابردوو دێوانەی یادکردنەوەی ئەو تاوانە بێت) دوای ٢٢ ڕۆژ لە کیمیابارانکردنی گوندی شێخ وەسانان, هێشتا بریندارەکانی ئەو دەڤەرە بە دەم ئازار و خۆشاردنەوەوە دەیان ناڵاند.

شارێکی دیکەی کوردستان کەوتە بەر شاڵاوی کیمیابارانکردن لە لایەن فڕۆکە جەنگییەکانی ئێراقەوە، سەردەشت مژدەی هاتنی هەڵەبجەی بە گوێی هەمو لایەک دا، دەروازەی شار کیمیابارانکردنی لە لایەن بەعسەوە خستە سەر پشت.

بریندارەکان ئەو شارە دەڵێن و دەگێڕنەوە دوای کیمیابارانکردنی شارەکەیان دە دە دەستیان دەگرت و پێکەوە ڕێیان دەکرد، چاوەکانیان بینایی لێ سەندرابووەوە، شار لە ناو گازبارانەدا بە بێ کەسی بە دیار تەرم و بریندار و کەلاوەکانییەوە دەیناڵاند بوو بووە شاری مردو خۆرەکان.

لە ناو شار مرۆڤ و مانگاو مەڕو بزن و هەموو جۆرە ئاژەڵ و پەلەوەرێک پێکەوە بە مردوویی و مردارەوە بوویی کەوتبوون، بۆنی بۆ گەنی شارە هاوینە هەوارەکەی سەردەشتی داگرتبوو, وێرانەیی و چۆڵی و تەرم و بۆن و بەرامە دیمەنێکی ترسناکیان لەو شارە چۆڵ و کاولە درووست کردبوو.

ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان لە شوێن لێدانەکە بە مردوویی کەوتبوون، شار نیمچە وێران، نزیکی چارەکی دانیشتووانی شاریش بریندار، ئەوی دیکەش ئاوارەی شارو شارۆچکەو لادێکان دەورو بەر بوون.

مرۆڤە مردووەکـان و ئـاژەڵ و پەلەوەرە مردارەوەبووەکـان نزیـک بە مانگێـک لە سـەر شـەقامەکان کەوتـن و کەسێک نەیـوو هەڵیان گرێتەوە، تاوانی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت زۆر لەوە گەورەترە هەستی پێ دەکەین و گوێ بۆ حەکایەتەکانی دەگرین. دوای کیمیابارانەکە تا نزیک ١٣ مانگ خەڵکەکەی لە ئاوارەییدا ژیان و تا شەڕی نەگریسی کۆنەپەرستانەی عێراق - ئێران بە کۆتا نەگەیشت لە دڵە ڕاوکێی مەرگێکی نوێدا دەژیان، ترسیان لە هاتنەوە بوو بۆ سەر زێدی باو باپیریان، ئەو ترسەی بەعس چاندی شارێکی کرد بە دۆزەخستان.

واز لە مردووەکـانی کیمیابـارانەکە نەهێنـران، تەنـانەت دوای مـردن و ناشتنیشـیان لە گـۆڕ دەردەهێنـران و گیرفانەکانیـان دەپشکنراو زێڕ و دراوی گیرفانیان دەردەهێنرا.

حەمامچی شار مەحمود وسوش ناچار کرا شار بە جێ نەهێڵێت، بۆ ئەوەی لە گەرماوەکەی خۆ بشۆن، دوای یەک مانگ لە تاوانەکە شارێکی دەیان هەزاری تەنها ١١ کەسی تێدا مابووەوەی ەوانیش بریتی بوون لە ((حەمامچی، مردو شۆر،....)). سەرەتا ٦٧ مردوویان بۆ شار هێنایەوە، ئەو ١١ کەسەی کە لە شار مابونەوە ناشتیانیان، گۆڕی ٦٧ کەسیان هەڵکەند، قوربانیانی کیمیابارانەکە بەشێکیان خەڵکی لادێکان دەوروبەر بوون هاتبوون بۆ شار حەسەن کەریمی خەڵکی شاری سەردەشت ئاوا لە دادگایی فرانس ڤان ئانرات حەکایەتی ئەو ڕۆژەی خۆی گێڕایەوە ((پاش ئەوەی چووە بۆ مهباد بۆ چارەسەر، بە داواکاری پزیشک دووشیکردووە، بەڵام بە دووشکردن بینایی لە دەست دەدات، خێزانەکەی سکی پڕ بووە، لە نێوان ژن و منداڵەکەی ناو سکی، کە لە ناو مانگ و ڕۆژی خۆی بووە، بە وتەی خۆی: پزیشک داوای لێمکرد یەکیان هەڵبژێرم لە نێوان هاوسەرەکەی و منداڵەکەی ناو سکی، کەچی دوایی هەردووکییانم لە دەست دا. لە خێزانی خۆم و براکەم ٩ قوربانیمان هەیە بە چەکی کیمیاوی ئەو وتی کە ئێستاش قسە دەکەم شتێک لە دەممەوە دەرەچێتە دەرەوە، بۆیە شەرمە کەم لەگەڵ خەڵکدا گفتوگۆی نزیک و ڕاستەوخۆ بکەم (پەرتووکی ڤان ئانرات (بازرگانی مەرگ) نووسین و کۆکردنەوەی: عەلی مەحموود محەمەد)

### بۆ سەردەشت هەڵبژێردرا؟

مێژووی نوێی کورد بریتیە لە کۆمەڵێک تاوانی گەورە,بڕێکیان خودی لایەنە سیاسییەکانی بەرپرسن لە خۆشکردنی زەمینەی سەرهەڵدانی، پێویستە بە چاوی ڕەخنەگرانەو بە بوێرییەکی سەربەخۆیانە و ڕاستگۆیانە لێکۆڵینەوەیان لیەسەر بکەین بۆ ئەوەی بگەینە ڕاستییەکان، لە گەیشتن بە ڕاستییەکانیشەوە بگەینە نووسینەوەی واقعی کارەسات و تاوانەکان. ژیاندنەوەی ڕابردوو, پشکنینی ڕابردوو بۆ ئەوە نییە هەر لە ڕابردوودا بژێین و لێی دەرنەچین، بەڵکە بۆ ئەوەیە نەبردرێینەوە بۆ هەمان مەرگەسات و مێژوو لە درۆ ڕزگار بکەین. با لە زمانی شایەد حاڵەکانەوە بزانین هۆکاری کیمیابارانکردنی شاری

سەردەشت و لەو چرکە ساتەیا چی بوو؟، بۆچی عێراق شاری سەردەشت و خەڵکە سڤیلەکەی کردە نیشانەی خۆی لەو کات و زەمەندا؟؟، با بزانین لەم بارەیەوە چی وتراوە: ((لە پاش ڕوودانی ئەو کارەساتە و ڕۆژێک دواتر لە نێو خەڵکی شاردا بڵاوبۆوە، کە بەرەی کوردستانی (باشووری کوردستان) لە شوێنێکی شاری سەردەشت کۆبوونەوەیان کردووە و ڕێژیمی عێراق لەو کۆبوونەوەیە ئاگادار بوون. بە واتایەکی دیکە، ئەوکات باسی ئەوە دەکرا، کە کەسانی ئاگادار و تەنانەت بەشدار لە کۆبوونەوەی بەرەی کوردستانی، وەک سیخوڕ بەرپرسانی عێراقیان لە شوێن و کاتی کۆبوونەوە ئاگادار کردۆتەوە. شایانی باسە، کە هیچ کام لە بەرپرسی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی باشووری کوردستان باسیان لە دروستی و ناڕاستی ئەو هەواڵە نەکردۆتەوە و تەنانەت لە ڕاگەیاندنی فەرمی خۆیاندا زۆر بە کەمی باسی ئەو کارەساتە دەکەن.

٢٢ ساڵەی یادی کارەساتی بۆمبارانکرانی شاری سەردەشت بە بۆمبی شیمیایی ئا: عەزیز شێخانی))بەڵام لێکۆڵەری بە ناو بانگی هۆڵەندی یۆست هلتەرمان کە توێژینەوەیەکی وردی لەم بارەیەوە کردووە "هەرچەندە لێرەو لەوێ لە نوسینەکەیدا کەوتۆتە ناو هەڵەوە" لە بارەی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت و هۆکارەکەی دەڵێت ((سەردەشت کە شارۆچکەیەکی کورد نشینی سەر سنوور و نزیکی بەرەبوو، بوو بووە داڵدە و پەناگای گوندنشینە ئاوارەکان و سەربازگەی هێزەکانی ئێران، کە وەک ناوچەیەکی پشتی بەرە بەکاریان دەهێنا، پێشتر سەردەشت گەلێ جار بە فڕۆکە بۆردەمان کرابوو چەند ڕۆژێک پێش هێرشە کیمیاویەکەش ,هێزەکانی ئێران و عێراق کەوتبوونە شەڕەوە لە نزیک چیای مامەندە و پاشان لە هێڵەکانی بەرەدا، یەکەمجار ئێرانییەکان بە یارمەتی پێشمەرگەکانی ینک، بەر لە هێرشێکی عێراق بگرن و بیانشکێنن، بەڵام وەک حەمەی حەمە سەعید، کە بەشداربوویەکی ینک بوو لەو شەڕانەدا (چاوپێکەوتنێکی ساڵی ٢٠٠٢ دا) دەیگێڕێتەوە کە هێزەکانی عێراق خۆیان کۆکردەوە و جارێکیتر هێرشیان کردەوە و کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکەیان کرد، ئا لەم کاتەدا بووکە عێراق بە کیمیاوی پەلاماری شارۆچکەکەیدا. گەلێ شایەتحاڵ لە سەردەشتدا دەگێڕنەوە کە فڕۆکەکانی عێراق چەندین بۆمبی کیمیاییان خستووەتە خوارەوە و پاشان بۆ ماوەی بیست دەقیقە بە ئاسمانی ناوچەکەدا سوڕاونەتەوە، پێش ئەوەی لە ئاسۆدا لە چاو ونبن - کارێکی ژەهراوی - یۆست هلتەرمان، وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق کۆمپانیای ئاوێنە ل ١١٢))
.لەم دوو شایەدییەدا ئەوەی زیاتر لە ڕاستییەوە نزیکە و بە بەڵگە لێکۆڵینەوەی لە سەر کردووە، بۆ چونەکەی یۆست هیلتەرمانە. کە بوونی شەڕی هاوبەشی ئێران یەکێتی لە ناوچەی مامەندەی قەڵادزێ بە سەرچاوەی ئەو هێرشە کیمیاوییەیە بۆ سەر شارەکە دەزانێت !!.خەڵکی شارەکە لە کوڕ و کۆبونەوەکان، نەیان شاردۆتەوە ڕاشکاوانە لێرەو لەوێ ئۆباڵی کیمیابارانکردنی شارەکەیان خستۆتە سەر هاوکاری ئێران - پێشمەرگە ((جێگای ئاماژەکردنە، کە نە ئێران و بەرپرسانی ڕێژیمی تاران لە بیری هەزاران برینداری کارەساتی ٧ی پووشپەڕدان و نە بەرپرسە کوردەکانی باشووری کوردستان، کە هۆکارێک بوون بۆ ئەو پەلامارە بە هیچ جۆر ئاوڕیان لە قوربانییەکان و ئازاردیتوەکانی ئەو ڕووداوە ژانهێنەرە نەداوەتەوە. ٢٢ ساڵەی یادی کارەساتی بۆمبارانکرانی شاری سەردەشت بە بۆمبی شیمیایی - ئا: عەزیز شێخانی)) لێرەوە دەگەینە کردنەوەی سەرەداوێک ئەویش ئەوەیە، شاری سەردەشتیش قوربانییەکی دیکەی شەڕە هاوبەشەکانی پێشمەرگەو ئێرانە، بۆیە

جێی خۆیەتی داوا بکرێت داوای لێبوردنکردن و قەرەبوو کردنەوەو گرنگی دان بە کەیسی سەردەشت،

ئەرکی ئەو پارت و لایەنانەیە بەشداری هێنانی ئێرانیان کرد،

ئەوانەی بە تاکتیکە هەڵەکانیان مەرگەساتیان بۆ ئەو خەڵکە هێنا.

## ژمارەی قوربانیان

تاکو ئێستا ئامارێکی ورد لە سەر ژمارەی شەهیدان و برینداارانی کیمیاب ارانکردنی شاری سەردەشت لە بەردەستدا نییە وە ئامارێکی زانستیش بۆ قوربانیان و زەرەرو زیانەکانی نەکراوە، تاکو وەک سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو لە بەردەستدا بێت و کەڵکی لێ وەربگرترێت. ئەوانەی لە کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت بوونە قوربانی بەسەر چەند تیمێکدا دابەش دەکرێن ((خەڵکی شارەکە، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر، ڕێبواران، هێزەکانی ڕژێم،...)) بۆیە ئامارکردنی ئەمانە گرانە، بەڵام ئەرکی سەردەشتییەکانە ئاماری وردی قوربانیانی ناو شار و گوندەکانی دەوروبەری بکەن. ئەو سەرچاوانەی ئاماژە بە قوربانیان دەکەن، ژمارەی جۆراو جۆرمان دەدەنی، کە من لێرەدا ئەوانەی خوێندومەتەوە و ئاگاداریانم سەرجەمی دەخەمە بەر دەست خوێنەرانی خۆشەویست. مامۆستا جەمال نەبەز ژمارەی قوربانیان بەم شێوەیە دیاری دەکات ((ڕۆژی ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧ ڕژێمی عێراق بە بۆمبای ژەهراوی بۆردومانی شاری سەردەشتی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی ئێرانی کرد و ١٢٢ کەس کوژران و ٥٠٠٠ کەسیش بریندار بوون.

(جینۆسایدی گەلی کورد - مارف عومەر گوڵ - چاپی پێنجەم دەزگای ئاراس ٢٠١٠ ل ٤٥ ). جەمال نەبەز,ستۆکهۆلم ١٩٨٩ ئێستا و پاشەڕۆژی نەتەوەی کورد لە بەر ئاگری جەنگی عیراق و ئێراندا ل ٩٤.)). بەڵام بۆست هیلتەرمان بەم شێوەیە ژمارەی شەهیدانی شاری سەردەشت دیاریدەکات ((سەرەتا ٣٠ کەس, مانگی یەکەم ٦٦ کەس، ١٩٨٨ دا ٨ کەس، ١٣ساڵی دواتر ٧ کەس کۆی گشتی تاکو ٢٠٠٢ گەیشتە ١١١ کەس شەهید بوون کارێکی ژەهراوی یۆست هلتەرمان،

وەرگێڕانی محەمەد حەمە ساڵەح تۆفیق - کۆمپانیای ئاوێنە، ل ١١٢)). بەڵام سەردەشتییەکان بۆ خۆیان بەم شێوەیە ئاماژە بە کۆی زیانە مرۆییەکانی شارەکەیان لەو پەلامارە کیمیاوییە دەکەن ((بە پێی ئامارەکان زیاتر لە ٨٠٢٥ کەس لەو شارە دا شەهید و بریندار بوونە. ئەوە لە کاتێکدایە کە زۆربەی زامدارەکان ناویان لە ریزی لیستی بریندار و کوژراون تۆمار نەکراوە. شوانە سەردەشتی).

کاتژمێر چوارو نیوی پاش نیوەڕۆی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ هەتاوی بەرامبەر بە ٢٨ی ژوئەنی ١٩٨٧ زایینی شاری سەردەشت (ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کەوتە بەر پەلاماری چەکی قەدەغەکراو. لە ئاکامی ئەو پەلامارە نا مرۆڤانەیەدا سەدان کەس لە خەڵکی بێتاوان و دانیشتوانی شار بوونە قوربانی و زیاتر لە پێنج هەزار کەسیش بریندار بوون، ٢٢ساڵەی یادی کارەساتی بۆمبارانکرانی شاری سەردەشت بە بۆمبی شیمیایی ئا: عەزیز شێخانی)

هەرچی ڕێکخراوی سەنتەری ئەنفالە سەبارەت بە ژمارەی قوربانیانی ئەم تاوانە لە بەیاننامەی خۆیاندا لە ٢٣ هەمین ساڵیادی تاوانەکەدا دەنوسن: بەپێی نووسراوێکی فەرمی حکومەتی ئێران لە ئاماری کیمیابارانەکەدا لە ساڵی(١٩٨٧)، ناوی (٤٥٠٠) شەهید و برینداری پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، بەڵام ئامارە نارەسمیەکان باس لە شەهید و بریندداربوونی(٨٠٠٠) هاووڵاتی دەکەن- بەیاننامەی (سەنتەری ئەنفال)لەیادی کیمیابارانکردنی شاری (سەردەشت)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەرچی هەواڵگری ئێراقییە بەم شێوەیە ئاماژە بۆ لێدانی کیمیاوی شاری سەردەشت دەکات: ((بە پێی بەڵگانامەیەک کە بۆ یەکەمجار بڵاو دەکرێتەوە, کە لە ٤ی ئاگوستی ١٩٨٧ لە سکرتاریەتی سەرۆکایەتی کۆماری ئێراق ,بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگری کەرتی ڕۆژهەڵات دەرچووەو لە لایەن عەمیدی ڕوکن بەڕێوەبەرەکەیەوە واژۆ کراوە و بۆ هەواڵگری گشتی شوعبەی ٥ی ڕۆژهەڵات نێر دراوە، خاڵی ١١ لاپەڕەی سێی دۆکۆمێنتەکە تایبەتە بە لێدانی شاری سەردەشت، بەم شێوەیە ئاماژە بە زیانەکانی دەکات:

لە دۆکۆمینتەکە هاتووە کە ڕژێم ئامێری تایبەتی لە شارەکە داناوە بۆ هەڵمژینی مادەی کیمیاوی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری لێدانە کیمیاوییەکە، لە ئاکامی ئەو لێدانە کیمیاوییەی کە ئاراستەی گردبوونەوەی هێزەکانی دوژمن لە شاری سەردەشت کرا، کە ئەنجامی زیانەکانی بەم شێوەیە بوو:

ا- کوژرانی ١٥٥ کەس لە خەڵکی شاری سەردەشت.

ب - بریندار بوونی ٤٦٠٠ کەس لە خەڵکی شاری سەردەشت.

ج - بریندار بوونی ٩٠٠ کەس لە هێزەکانی بەسیج و سوپای پاسداران لە ناویاندا فەرمانداەی هێزەکانی جوندالڵەی شاری سەردەشت.

**تاوانی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت وەک تاوانی جەنگ**

پێشێلکردنی یاساکانی جەنگ و پەلامارادانی ناوچەی سڤیل نشین بە یەکێک لە تاوانە مەزنە نێو نەتەوەییەکان دێتە ژماردن، کە تێپەڕ بوونی کات نابێتە هۆی بەسەر چوون و کۆنبوونی و تاوانکار لە دادگایی کردن قوتار ناکات.

بۆمبارانی ناوچەی سڤیل نشین لە ساڵی ١٩٤٩ ەوە وەک تاوانی جەنگ لە ئاستی جیهانی دەناسرێت ,بێشک بە پێی ئەو بەڵگە نامەیەی پێشکەشمان کرد وەک دانپێنانی خودی دەسەڵاتدارانی پێشووی ئێراقە ئەو تاوانە مەزنەیان دژ بە خەڵکی سڤیلی شاری سەردەشت ئەنجامداوە.

لە کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت سەرپێچی مەزن دەرهەق بە ڕێککەوتنامەی جنێف کراوە. هەردوو ڕژێمی ئێران و ئێراق لە هەڵەبجە و سەردەشت لە بەرامبەر بە خەڵکی سڤیل شەریعەتی دارستانیان پیادە کردووەو دەستیان لە پەلاماری خەڵکی سڤیل نەپاراستووەو یاسای جەنگیان پێشێل کردووە.

ئەم تاوانانە ((تاوانی جینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی، تاوانی جەنگ ,تاوانی عدوان ((هەڕەشە)))، سروشتی جیهانیان هەیە و لە یاسای نێو دەوڵەتیدا وەک پێشێلکاری گەورەی یاسای نێو دەوڵەتی مرۆیی دەناسرێن، مرۆڤایەتی لەئاستی جیهانی بەرپرسی ئەخلاقی دەکەوێتە سەر ڕێککەوتنامەی جنێف کە لە بەرواری ١٢ی ئاگوستی ١٩٤٩ دا دەرچووە بۆ پاراستنی قوربانییەکانی شەڕ، بەندەکانی ئەو پێشێلکاریانەی تێدا دیاریکراوە.

بەکار هێنانی گازی کیمیاوی لە ململانێ نێو نەتەوەییەکاندا و پەلامارادانی خەڵکی سڤیل لە ئەرکانەکانی تاواندا وەک تاوانی جەنگ ناسێنراوە، سەرباری ئەوەی ئێستا بەکار هێنانی لە ململانێی ناوخۆییشدا وەک تاوانی جەنگ سەیرە کرێت. بەکار هێنانی گازی کیمیاوی بەرامبەر بە خەڵکی شەری سەردەشت، پێشێلی ئاشکرای پرۆتۆکۆڵی ساڵی ١٩٢٥ی جنێفە، سەبارەت بە قەدەغەکردنی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی.

لە دادگایی فرانس ڤان ئانرات لە وڵاتی هۆڵەندا دۆسیەی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت و گوندی ڕەشە هەرمێی قەراغی شاری سەردەشت یەکێک بوو لەو دۆسیانەی گرنگی زۆری پێدرا و بە تاوانی جەنگ هاتە ناسین، دەشێت لە پای ئەم تاوانانە ((هەڵەبجە، گۆپتەپە، زێوە)) ((سەردەشت، ئالوت ,زەردە,شنۆ...))* بە تاوانی بەشداری هاندان.... خەڵکی دیکەش دادگایی بکرێن پاش ئەوەی پشکنینی ورد لە سەر بەشداریکردنیان لەو تاوانانە دەردە کەوێت. لەو بەڵگەیەی

بڵاومان کردۆتەوە، لە سەر زمانی دەزگای هەواڵگرییەوە ئەوە سەلمێنراوە کە: ***

١- پەلاماری خەڵکی سڤیل دراوە.

٢- لە پەلامارەکە گازی کیمیاوی بەکار هاتووە.

٣- تاوانەکە مەزن بووە، نیزیک ٤٧٥٥ هاووڵاتی کوژراوەو بریندار بوونە.

٤- ئەم تاوانە حیزبی بەعس ئەنجامی داوەو لە لایەن دەزگای هەواڵگرییەوە بە پێی ئەو بەڵگە نامە باوەڕ پێکراوە کە لە بەردەستدایە دانی پێدا نراوە.

وێرای ئەوەی بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی بۆ خۆی تاوانی جەنگە، هاوکات پەلاماردانی خەڵکی سڤیل بە تاوانی جەنگ دێتە ژماردن، لە خوارەوە بەشێک لەو بڕگانە ببینن **

نەهاتنە پێشەوەی کەیسی شاری سەردەشت لە دادگای باڵای تاوانی عێراقی بەهۆی بە کەم سەیر کردنی تاوانەکەوە نییە، بەڵکە بەهۆی سنووری جوگرافیای ئەنجامدانی تاوانەکەوەیە، کە لەسەر خاکی ئێران ئەنجام دراوە، ئەو دادگایە تایبەت بوو بە تاوانە ناو خۆییەکان نەک تاوانە دەوڵەتییەکان، بەم هۆیەوە کەیسەکە نەهاتە پێشەوە ئەو کەیسە بەشێکە لە زنجیرەیەک تاوان لە درێژەی شەڕی عێراق ئێران بەرامبەر بە گەلانی ئێران ئەنجام دراون.

## چی پێویستە بکرێت بۆ سەردەشت و سەردەشتییەکان ؟

خوێندنەوەی حەقیقەتەکانی ڕابردوو دیاریکردنی هۆکارە زۆرەکانی ئەو تراژیدیاو تاوان و کارەساتانەی یەک لە دوای یەک بەسەرماندا هاتوون ئەرکی هەموو مێژوو نوسێکی خاوەند ویژدانە، لەم ئاستەیا بۆ تاوانی سەردەشت هیچ نەکراوە، نە تاوانەکە وەک خۆی لێکۆڵینەوەی مێژوویی و سیاسی و یاسایی لە سەر کراوە، نە ئاماری وردی قوربانیان و زەرەرو زیانی هاووڵاتیان کراوە.

زیندوڕاگرتنی ساڵانەی یاداوەریی کیمیابارانکردنی شاری سەردەشت و دروست کردنی مۆنمێنت بۆ قوربانیان، مۆزەخانە و پەیکەرە یاداوەری ,کە دەبنە هۆی پاراستنی یادگای گشتی قوربانییەکان ئەرکی هەموو لایەکە، کە ئەمەش هۆشیاری ومەعنەوی درووست دەکات سەبارەت بەپێشێلکاریەکان ڕابردوو، بۆ ئەوەی ببێتە بەربەستێک لە داهاتوو لە بەردەم دوبارە بونەوەی ئەرکی هەموو ئەو لایەنانەی پاسداریان هێنا بۆ کوردستان بە گشتی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و

فەرماندەکانی ئەو کاتێتیەتی بە تایبەتی بەهۆی ڕۆڵیان لە دروست کردنی زەمینەیەکی وا شاری سەردەشت ببێتە بەشێک لە بەرەی شەڕی عێراق - ئێران:

* بە نامەی تایبەتی سەرۆکی ینک و لایەنەکان دیکە داوای لێبوردن لە خەڵکی شاری سەردەشت بکەن.
* قەرەبووی مەعنەوی بکرێنەوە بە درووستکردنی مۆنمێت و یادکردنەوەی یادەکە و کردنەوەی شوێنی تایبەتی لە باشووری کوردستان بە تایبەتی لە پایتەخت و شاری هەڵەبجە بە ناوی شاری سەردەشتەوە.
* مەرزی سنووری سەردەشت - قەڵادزێ بکرێتەوە وەک هاوکارییەکی مادی بۆ دانیشتوانی ئەم دو جێگەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١١

---

## سیمیناری کارەساتی کیمیا بارانی سەردەشت لە ئەنیستیتۆی خانی بەڕێوە چوو




لە ڕیکەوتی ٢ی جۆلای ٢٠١١ بەرامبەر لە گەڵ ١٠ی پووشپەڕی ١٣٩٠ سیمیناری کارەساتی کیمیابارانی سەردەشت لە لایەن ئەنیستیتۆی کلتووری و هونەری ئەحمەدی خانی لە شاری ورمێ بەڕێوە چوو. لەم مەڕاسیمەدا کە لە کات ژمێری ٤:٣٠ پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد، هەژار ئاریانفەر بەرپرسی سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی ئەنیستیتۆی خانی، وێڕای بە خێر هێنانی میوانان و بەشدار بووانی ئەم کۆڕە، کارەساتی کیمیابارانی حەلەبچە و سەردەشتی وەکوو ژینۆساید وەسف کرد کە لە پێوەندیەکی مانادار و لە چوارچێوەی پرۆژەیەک دا، بە یەکەوە گریدراون. ناوبراو لە درێژەی وتەکانی دا، ئاماژەی بە پێشکەش کردنی پێناسەیەک لەم کارەسات و تراژیدیایە لەچوارچێوەی نیزامەکانی مەعریفی کرد و هەڵسەنگاندنی زانستی،

و ڕەچاو کردنی لۆجیکی زانستی بەئەرکی ڕۆشنبیران و بیرمەندانی کورد زانی. لە درێژەی ئەم سیمینارەدا، وتارێکی لە ژێر عینوانی ئەو ئێوارەیەی که شارەکەم "سەردەشت" زامی هەڵگرت... نوسراوەی عەزیز شێخانی و لە لایەن هادی ڕەسووڵی ناسراو بە ئاگری پێشکەش کرا. مامۆستا جەلال مەلەکشا ئەندامی ئەنیستیتۆ خانی و لە بەڕێوەبەرانی گۆڤاری ئەدەبی خانی، دو کۆپلە شێعری لە ژێرعینوانی هەڵەبجە و دارەی پیرەی پێشکەش کرد کە زۆر بە گەرمی پێشوازی لێکرا. هەڵسەنگاندنی کارەساتی سەردەشت لە ڕوانگەی کۆنوانسیۆنی ژێنێڤ و ماڤی مرۆڤ یەکێک لەم وتارانە بوو کە لەزمانی عیسا یسازادە ئەندامی ئەنیستیتۆی خانی و ماجستەری مافی مرۆڤ خوێندرایەوە.لە درێژەی ئەم کۆڕەدا، ئیبراهیم ڕەواندڵ بەرپرسی گرووپی موزیکی ئەنیستیتۆی خانی دوو پارچە مۆسیقای بە سۆزی لە بارەی کیمیابارانی سەردەشت و هەڵەبجە پێشەکەش کرد و لە دەرێژە دا هونەرمەندی کورمانج کاووس میلانی سترانێکی پێشکەش کرد، هەڵبەستوانی کورمانج، مامۆستا عەزیز نیعمەتی یەکێکی تر لە شاعیران بوو کە بە خوێندنەوەی هەڵبەستێک، ئەم کۆڕەی هەژاند.لە درێژەی ئەم سیمینارەدا، جەلال حاجی زادە، وێڕای هەبوونی پێوەندی لە نێوان کارەساتەکان و کۆمەڵکوژیەکان لە ناو گەلی کورد دا، باسی لە پێویستی پێکهێنانی گۆڕانکاری لە شێوازی بیر کردن و هەڵسەنگاندنی ئەم مژارە کرد و گووتی کە پێویستە بە شێوازێکی مۆدێرن و لە چوارچێوەیەکی فەلسەفی ،یاسایی و سایکۆلۆژیک، و بە پێی مێتۆدی زانستی سەیری مەسەلەکە بکردرێت. لە درێژەدا خاتوو گوڵاڵە ستاوەند و خاتوو شلێر ئیمڕانیژاد دوو هەڵبەستوان و لەئەندامانی خانی بە پێشکەش کردنی دوو شێعری فەزایەکی ئیحساسی و پڕ لە گوڕ و تینیان بەم کۆڕە بەخشی. بەختیار ملکاری یەکێکی تر لە بەشداربووانی ئەم سیمینارە بوو و بە لێدوان لە سەر پایان نامەی خۆی کە باس لە شوێنەواری دەروون ناسی چەکی شیمیایی لە سەر جەستە و دەروونی قوربانیانی چەکی کۆمەڵکوژ دەکات، لە چەندین ڕوانگەوە، باسی لە گرفت و کێشەی بنەماڵەیی و گرفتەکانیان کرد و توڕەیی، دێپرێس بوون،

نارەزایی بوون لە وەزعی جەستە، و هەبوونی گرفت لە پێوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی، لە تایبەتمەندیەکانی قوربانیانی چەکی کیمیایی لەسەردەشت زانی کە بە پێی مێتۆدی دیمانە بە دەستی هێناون. لەدرێژەی ئەم سیمینارە دا، ژیان بەیگ زادە بە خوێندنەوەی دەقێکی ئەدەبی لە سەر ئەم کارەساتە، هەستی بەشداربووانی ورووژاند و هەروەها حاتم ئاژەند کۆپلە شێعرێکی پێشکەش کرد. لە دوایی دا عوسمان موزەیەن بەرپرسی کۆمیتەی یاسایی ئەنجوومەنی داکۆکی کردن لە قوربانیانی کیمیایی سەردەشت بە باس کردن لەم کارەساتە، ڕێژەی قوربانیان، و هەر وەها گلەیی لە نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست بۆ قوربانیانی ئەم کارەساتە، نەبوونی ئیرادەیەکی جیددی بۆ چارەسەری و دەرمان کردنی قوربانیان بە گرفت و خەساری ئەم مەسەلەیە زانی. ناوبراو لە بەشێک لە وتەکانی، چالاکی ئەنجومەنی خستە بەرچاو و ڕۆڵی ئەم ناوەندەی لە بەدوادا چوون لە ناو خۆ و دەرەوەی وڵات بەرز نرخاند. لەدرێژەی کۆڕەکەدا عەبدوڵا حەسەن زادە، سترانی فەرمانەی پێشکەش کرد کە پێشوازیەکی باشی لێکرا.

لە کوتایی ئەم مەڕاسیمە، هەژار ئاریانفەر ئامادەیی و پێشوازی ئەنیستیتۆی خانی بۆ بەڕێوە بردنی و پێشکەش کردنی مەراسیمی لەم چەشنە ڕاگەیاند و ئەم مەڕاسیمە لە کات ژمێری ٨:٣٠ی ئێوارە کۆتایی پێهات.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢ی جوولای ٢٠١١**

---

## ئەمرۆ ٢٤ ساڵ بە سەر کیمیابارانی شاری سەردەشتی رۆژهەلاتی کوردستان دا تێدەپەرێت



ئەمرۆ ٢٤ ساڵ بەسەر کارەسات و کیمیابارانی شاری سەردەشتی رۆژهەلاتی کوردستان دا تێدەپەرێت. ئەو بۆردومانە بووە هۆی ئەوەی زیاتر لە ٨ هەزار کە ببنە قوربانی یەک لە تاوەنەکانی رژێمی بەعسی روخاوو. لە ئەنجامی ئەو هێرشە دا ١١٠ کەس ژیانیان لەدەست دا و بە هەزاران کەسیش برینداربوون و بەگشتیش تا بەئەمرۆ زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بونەتە قوربانی کیمیا بارانەکە.بەلام سەرەرای بوونی ئەو هەمو قوربانییە ،تەنیا دکتورێک بۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان هەبوو و دواتر بریندارەکان رەوانەی نەخۆشخانەی شارەکانی مهاباد، ورمێ ،تەورێز و تاران کران. دواتر ئاشکرا بوو کە ئەو گازەش لە کیمیابارانەکەدا بەکار هاتووە گازی خەردەڵ بووە..

### چۆنیەتی رووداوەکە

کاتژمێر(١٦:٣٠) دوانیوەرۆی رۆژی (٢٨ ی جۆنی ١٩٨٧) بەرامبەر بە (٧ی پووشپەری ١٣٦٦)ی هەتاوی چوار گەرەک لەگەرەکە قەرەباڵغەکانی شاری سەردەشت و گوندێکی نزیک شارەکە بەناوی «رەشەهەرمێ« هەروەها ناوچەی «دەشتی کەپران» کەوتنە بەر هێرشی بۆمبارانی کیمیایی رژێمی بەعسی عێراق. سەرەتا خەڵک وایزانی، ئەم بۆمبانە هەمان ئەو بۆمبانەن کە لەرابردوودا بەکار هاتوون، هەر بۆیە خەڵکەکە بەپەرۆشەوە بەهانای بریندارەکانەوە چوون، و خۆیان

گەیانـدە شـوێنی بۆمبارانەکـە، هـەر ئەمـەش وایکـرد کـە ژمارەیـەکی زیـاتر لـە خـەڵکی شـاری سەردەشت ببنـە قوربـانی کیمیابارانەکـە. ڕۆژێـک دوای بۆمبـارانی کیمیـایی شـاری سەردەشـت، سـاڵۆنی وەرزشـیی شـار کـە بـەناوی «هـۆڵی پاڵـەوان تەختی» ناسرا بوو، کرا بەشوێنی تەرمی کوژراو و بریندارەکان. بەڵام سەرەڕای بوونی هەزاران برینـدار تـەنیا دکتورێک بـۆ چارەسەرکردنی بریندارەکان بوونی هەبوو و دواتر بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی شارەکانی

مهاباد، ورمێ، تەورێز و تاران ڕادەگوێزرێن و دواتر ئاشکرا بوو کە ئەو گازەش کە لە کیمیابارانەکەدا بـەکار هـاتووە نـاوی (گـازی خـەردەڵ)ە.ئامـاری قوربـانی و برینـدارەکان هەرچەنـدە ئامـاری قوربانیـان روون نییـە، بـەڵام ئامـاری کـوژران و بریندارارەکان بە (٨ هەزار) کەس مەزەندە کراوە، کە (١١٠) کـەس لـە کـاتی هێرشەکەدا گیانیـان لەدەست داوە. لـەمبارەوە عوسمان مۆزەیەن بەرێوەبەری کۆمیتەی ئەنجومەنی بەرگری لـە مـافی قوربانیـانی کیمیـایی دەڵێت: «(٨)هـەزار کـەس بوونـە قوربانی کیمیابارانەکە، ناوی (١٤٠٠) کـەس لـەو قوربانیانـە تۆمـارکراوە و (٤٠٠) کـەس لـەو کەسـانە لـە لایـەن حکومەتـەوە موچە وەردەگرن».

## چ زهنییەتێک لە پشت ئەو تاوانە ئامادەیە

ململانێی دەوڵەت و دەسەڵاتەکان هەردەم بە زەرەری کۆمەڵگا شکاونەتەوە وەک نمونـەی تـاوانـەکانی هەڵەبجە، سەردەشت و ئەنفاڵ و تەنانەت شەڕی سپی...، لە دەرهاویشتەکانی ئەو ململانێی دەسەڵاتدارەکانن. ئەبوبەکر شەریعەت پەنا ماستەر لـە بواری کۆمەڵناسی، لە بارەی ئەوی چ زهنییەتێک ڕێگا بۆ ئەو تـاوانە مرۆڤایەتیانە دەکاتـەوە لـە چاوپێکەوتنێکی ماڵپـەری شـارۆنیوزی سەردەشت دەڵێت: «مرۆڤایـەتی هـەردەم لـە قۆنـاغی یەکـەم قوربـانی چـەک و تەقەمەنییـە کیمیاییـەکان نییـە، بـەڵکو قوربـانی ئایدۆلۆژییـەکانی وەهمـی و مەترسیدار و دژە مرۆڤانەیـە، لەوانـە ئایـدۆلۆژی بـەعس ڕێگـا بـۆ تـاوانـەکانی هەڵەبجە، ئەنفال و سەردەشت و کۆمەڵکوژی کردەوە». هەروەها لە درێژەی قسەکانیدا دەڵێت: «هەر نەتەوەیەک لە شوێنی خۆی پێگەیەکی تایبەتی خۆی هەیە و هیچ نەتەوەیەک یا دەوڵەتێک ناتوانێت بانگەشەی خۆگەورەبینین بکات .»

ئەنجومەنی بەرگری لە قوربانیانی کیمیایی کە وەک ڕێکخراوێکی ناحکومی خۆی لەقەڵەم داوە، لە سـاڵی (١٣٨١)ی هـەتاوی بەرامبـەر بـە(٢٠٠٢)ی زایـنی مۆڵـەتی فـەرمی)لـە کۆمـاری ئیسلامی وەرگرتـووە و دوو سـاڵ دواتـر بـە هـەوڵ و تێکۆشـانی ئەنـدامانی ڕێکخراوەکە، وەک ئەنـدامی چاودێری چەکە کۆمەڵکوژییەنێودەوڵەتییـەکان OPCW) وەرگیـراوە و لـە مەیـدانی جیهانیدا ڕێگا بۆ چالاکییەکانی کراوەتەوە. هەروەها لە ساڵی (١٣٨٧ی هـەتاوی بەرامبـەر بـە(٢٠٠٨)ی زاینـی لـە ڕێکخـراوی ناحکومی لاهەی هۆڵەنـدا (CWCC) مـافی دوو ئەنـدامی وەک دەسـتەی دامەزرێنـەر پێـدراوە، هـەروەها لـە سـاڵی (١٣٨٨)ی هەتاوی بەرامبەر بە(٢٠٠٩)ی زاینی بووەتە ئەندامی (IPD) ڕێکخراوی جیهانی. ئەم ڕێکخراوە لـە لایـەن چین و توێژەکـانی

سەردەشت کەوتۆتە بەر رەخنە کە رێکخراوەکە لە لایەن دوو بنەماڵەی ئەنجومەنەکەوە قۆرخ کراوە و خزمەتی بە قوربانیانی کیمیاباران نەکردووە، هەروەها ئەو پرسیارە ئاراستەی (سیروان واحد) دەکرێت: «ئایا باشتر نییە، ناوی ئەنجومەنەکە بە ناوی بنەماڵەی (کەریمی واحد و عەزیزپوور ئەقدەم) بەناو بکرێت؟ سیروان حەداد لە هەمان کاتدا کە وەک نوێنەری قوربانیانی کیمیایی لە ناوخۆ و دەرەوە بەشدار بووە باس لە کێشەی ماددییات دەکات و دەڵێت: «رێگا بۆ هەموو کەسێک کراوەیە کە ببێتە ئەندامی ئەنجومەن، مافی هەر کەسێکە لە ئەنجومەنەکەدا بەشدار بێت.» سیروان حەداد لە وەڵامی پرسیارێکی یەکێک لە هاوڵاتیان کە ئایا ئەوکەیسەی کە رەوانەی دادگای عێراقتان کرد چی لێبەسەر هات دەڵێت: «بەداخەوە ئێمە شکایەتنامەیەکمان بۆ دادگای سەرانی رژێمی بەعسی عێراق نارد و دادگا داوای تەئیدیەی وەزارەتی دەرەوەی ئێرانی لێکردین، بەڵام وەزارەت لەو کاتەدا ئامادەی رەزامەندی و هاوکاری ئێمە نەبوو و هەوڵەکانمان بێ ئەنجام مایەوە

### چالاکییەکانی یادکردنەوە

بە پێی ئەو زانیارییەکان دەست رۆژنامەی (چەتر) کەوتوون هەموو ساڵێک لە سەردەشت ئەم یادە کراوەتەوەو خەڵک خۆی بە چالاکیە رەنگارەنگەکانی خۆی ئەم رۆژەی واتادار کردووە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی دەوڵەت رێگری لە چالاکییەکانی گەل کردووە و یادکردنەوەی ئەم رۆژە لە لایەن رێکخراوەکانی دەوڵەتیەوە قۆرخ کراوە، واتا کۆمەڵایەتییەکەی خۆی لەدەست داوە. سیروان حەداد بەرپرسی ئەنجومەنی بەرگری لە مافی قوربانیانی کیمیایی لە بارەی بەرنامەکانی یادکردنەوە بە (شارۆنیوز)ی راگەیاندووە: رۆژانی (٥ - ١٥ پووشپەری ١٣٩٠ی هەتاوی) سیمیناری جۆراوجۆر لە زانکۆی ئازاد و پەیام نووری سەردەشت بەم بۆنەوە رێکدەخرێت. هەروەها دەڵێت: «لە (٧ی پووشپەر)ساڵرۆژی کیمیابارانەکە لە (ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی) بەرنامەی جۆراوجۆر بەرێوەدەچێت و پاش نیوەرۆی هەمان رۆژ لە سەنتەری شار مەراسیمی تەشریح جەنازەی نمایشی بەرێوەدەچێت و دواتر سەردانی مەزاری قوربانیانی کیمیاباران دەکرێت». هەروەها دەڵێت: «بەرنامەی تریش وەک پێشانگەی کتێب بە درێژی یەک کیلۆمەتر و پێشبرکێی وێنەکێشان و شیعر لە لایەن منالانەوە بەم بۆنەوە پێشنیاز کراوە.

### ئەنجومەنی بەرگری لە مافی قوربانیانی کیمیایی

### دۆخی بریندارانی کیمیاباران

پاش تێپەڕبوونی (٢٤) ساڵ بەسەر کیمیابارانی سەردەشتدا، بریندارانی کیمیابارانەکە، هێشتا بەدەم

برینەکانیانەوە دەناڵێنن و هەموو ساڵێک چەند کەسێک گیان لەدەست دەدەن. عەلی مەحمود ئەندامی (کوردۆسایید/ چاک) دەڵێت: «بەداخەوە کە ژمارەی بریندارانی کیمیابارانی سەردەشت (٤٠٠٠) کەس بووە و لە ماوەی ئەو (٢٤)ساڵە زۆربەی ئەو بریندارانە بەدەم ئێش و ئازاری برینەکانیانەوە ـ لە بێ چارەسەریدا ـ گیانیان لەدەست داوە ». هەروەها دەڵێت: «ئەوە لە حاڵێکدایە کە بریندارانی کیمیابارانی هەڵەبجە بە مەبەستی چارەسەری بۆ تاران رەوانە دەکرێن، بەڵام هەر لە شاری سەردەشت کۆماری ئیسلامی گوێ بە بریندارەکانی کیمیایی شاری سەردەشت نادات». ساڵح عەزیز پوور بەڕێوەبەری ئەنجومەنی بەرگری لە مافی قوربانیانی کیمیابارن بە رۆژنامەی (تاران ئێمرۆز)ی راگەیاندووە «کلینیک بەتەواوەتی ناکارا بووە و ئێستا کلینیک بێ پزیشک، دەرمانخانە و تاقیگەیە. » ساڵح عەزیز پوور لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کردووە کە «ئەم کلینیکە بە زانکۆی علوم پزیشکی سپێردراوە و زانکۆش وەڵامێکی روونمان پێناداتەوە ». لەمبارەیەوە نوسرەت مەلا زادە بەڕێوەبەری زانکۆی علوم پزیشکی رایگەیاندووە کە «ئێمە لەبەرانبەر ئەم دۆخەدا بەپرسیار نین پێویستە لە لایەن پارێزگارەوە بەدواداچوونی بۆ بکرێت، بەڵام بڕیار وایە هەندێک کار لەوبارەوە بکرێت».

## کاریگەری خۆڵبارین لەسەر بریندارانی کیمیایی

لەم ساڵانەی دواییدا شەپۆلی خۆڵبارینەکان کە لە وڵاتانی عەرەبەوە رووی لە باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کردووە و ئەمەش دۆخی قوربانیانی کیمیایی خستۆتە مەترسییەوە و برینداران توشی هەناسەبڕکێ و تەنگەنەفەسی دەبن و مەرگ هەڕەشە لە ژیانیان دەکات. حەسەن عەباس زادە بەڕێوەبەری گشتی پاراستنی ژینگە لە پارێزگای ورمێ، دەڵێت: «بە گشتی لە ساڵێکدا نزیکەی (١٠٠) رۆژ هەوای پارێزگای ورمێ خۆڵبارانە و (٤٠) رۆژ پاکی هەوا لە ئاستی ستاندارد دەردەچێت و چوار رۆژ بۆ گشت چین و توێژەکان مەترسی هەیە».

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژ پرێس - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١١

## لە یادی قوربانیەکانی کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت دا



٢٤ ساڵ لەمەبەر، سەر لە ئێوارەی رۆژی ٧ی مانگی پوشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، چەند تەیارەی بومب هاوێژی رژیمی بەعسی عێراق، لەئاسمانی شاری سەردەشت و دیهاتی دەوررووبەریدا دەرکەوتن و لەکردەوەیەکی جینایەتکارانەدا، ئەم شارە و دەوروبەریان بە چەکی شیمیایی بومباران کرد. بەم جۆرە کارەساتێکی دەڵتەزین خولقا کە خەمێکی قورسی خستە سەر دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و هەموو مرۆڤدۆستانی ئێران جیهان.

لە جەریانی روودانی ئەم تاوانە مێژووییەدا، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی شاری سەردەشت و دەوروبەری گیانیان بەخت کرد، ژمارەیەکی زۆریش بە گازی ژاراوی مەسموم بوون بە جۆریک کە ئاسەواری ئەم جینایەتە تا بە ئەمڕۆش ئازاریان دەدەات و مەترسی خستۆتە لە سەر ژیانی نەوەی داهاتووشیان.

بومبارانی شیمیانی شاری سەردەشت لەرووی بەکارهێنانی جۆری سیلاحی کۆمەڵکوژ کە لە دژی خەڵکی مەدەنی بە کار بێت، خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە شەری کۆنەپەرەستانەی ئێران و عێراقدا. ساڵانی پێشتر سیلاحی شیمیایی لە ئاستێکی بەرتەسەک دا لە لایەن رژیمی بەعسەوە دژ بە هێزی پێشمەرگە بە کار هاتبوو. لە بەرەکانی شەریشدا، رژیمی عێراق جاروبار ئەم سیلاحەی بە مەبەستی تاقی کردنەوە بە کار هێنابوو، بەڵام لە ئاستێکی ئاوا بەریندا و لە دژی خەڵکی بێ دیفاع شارێک، ئەوە یەکەم جار بوو کە بەم شێوە لە شەری کۆنەپەرەستانەی ئێران و عێراقدا ئەم سیلاحە بە کار دەهات. لە شەری جیهانی یەکەم بەملاوە، ئەوە یەکەم جار بوو کە ئەم سیلاحە لە شەری نێوان دەوڵەتەکاندا، سەر لە نوێ بە کاردەهات.

رژیمی بەعسی عێراق چەند مانگ دوای ئەو کارەساتە،جینایەتێکی کەڵێک گەورەتر و سامناکتری لە شاری هەلەبجە خولقاند. لە ئاکامی بومبارانی شیمیایی شاری هەلەبجە دا، نزیکەی ٥٠٠٠ ئینسان گیانیان لە دەستدا و زیارتر لە ٧ هەزار کەسیش، مەسموم و بریندار بوون .

دەوڵەتە ئەمپریالیستەکان، ئەوانەی کە سیلاحی شیمیائیان بەرهەم هێنابوو و دابویان بە تاوانبارانی شەڕ، بە پێی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی خۆیان چاویان لە جینایەتی بومبارانی شاری سەردەشت پۆشی و بەم جۆرە دەرفەتی ئەوەیان بە رژیمی سەدام دا، کە ئەم جینایەتە لە ئاستێکی بەرینتر و پڕ کارەساتردا لە شاری هەڵبجە دووپات کاتەوە. ئەم دەوڵەتانە لە ساڵی ١٩٢٥ی زاینیدا، ڕێکەوتن نامەی، قەدەغە بوونی بەرهەم هێنان و بە کارهێناتی سیلاحی شیمیائیان پەسەند کردبوو. بەم حالەشەوە لە بەرهەمهێنان و فرۆشتنی ئەمن سیلاحە دەستیان نەدەپاراست.

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی بیست و چوار ساڵێک کە لە رودوای بومبارانی شیمیای شاری سەردەشت تێپەڕ دەبێ، جگە لە مەزلووم نمایەکی ریاکارانە و پێدا هەڵکوتن بەشەری ٨ ساڵە و پیرۆز کردنی ئەم شەرە و جگە لە هەوڵدان بۆ پاکانە کردن بۆ جینایەتەکانی خۆی لەو شەرەدا نەبێ، کارێکی بۆ قوربانیەکانی ئەم کارەساتە نەکردۆە. قوبانیەکانی برینددار و مەسموم ئەم رووداوە تا بە ئەمڕۆش بە دەست ئازارەکانی و ئاسەوارەکانی دەناڵێنن.

ئەم رژیمە هەموو ساڵێک بە بۆنەی ئەم رۆژەوە ڕێوەرەسمی تایبەت بەرێوە دەبات و بەمەبەستی پروپاگەندە بە کاری دێنێ، بەڵام تەنیا شتێک کە بەلایەوە گرینگ نیە، ژیانی بازماندەگانی ئەم کارەساتەیە. ئەگەرچی ئەمڕۆ بریاردەران و بەرێوەبەرانی راستەوخۆی خۆلقاندنی ئەم کارەساتە، فرێ دراونە ناو زبڵدانی مێژووەوە، بەڵام پێویستە ئەو راستیە لەبیر نەکەین کە هاو دەستانی ئەم جینایە تکارانە، ئەوانەی کە هەر ئیستاش، هەر لە شاری سەردەشت، رۆلەکانی قوربانیەکانی ئەم جینایەتە دەگرن و دەیان خەنە زیندان و ئەشکەنجەیان دەدەن، لە ئێران لە سەر دەسەڵاتن.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و مێژوو، رووداوی بومبارانی شیمیایی شاری سەردەشتیان بە ناوی سەدام و هاوکارانی تۆمارکردوە و لە هەمانکاتدا، ناوی خومەینی و خامنەیی و هەموو ئەو جیناتکارانەش کە ئەمڕۆ لە سەر دەسەڵاتن و ئەو کات بە درێژە پێدانی شەر، هەوڵیان دەدا، بە ناو ڕێگای قودس لە ڕێی کەربەلاوە ببرن و دام و دەزگای رژیمی کۆنەپەرەستی ئیسلامی لە سەر تاسەری ناوچەکەدا دامەزرێنن، وەکوو شەریکی ئەم جیناتە لە بیر ناکەن.

بێ گۆمان لە سبەێ رۆژی رووخانی ئەو رژیمە دا، یەکێک لە هەزاران لاپەرەی تاوانەکانی ئەم شەرە کۆنەپەرەستانەیە، بومبارانی شیمیایی خەڵکی بێ دیفاعی شاری سەردەشت دەبێ کە مەزڵومانە بوونە قوربانی و گیانیان بەخت کرد و یان بریندار و مەسموم بوون. بەڵام هەلرشتنی فرمێسکی تیمساحیانە لە لایەن رێبەرانی ئەمڕۆ رژیمی کۆماری ئیسلانی بۆ قوربانیەکانی ئەم کارەساتە، ناتوانێ ئەم راستیە لە بیر خەڵک بباتەوە کە چڵون خومەینی لەگەڵ دەستپێکردنی شەر، ئەم شەڕەی وەکوو بەرکەتێکی ئاسمانی ناوی لێبرد و هەڵسووڕاوانە هێنایە خزمەت سەقامگیر کردنی حکومەتی ئیسلامیەوە. کۆماری ئیسلامی بۆ تێکشکاندنی شۆڕشی ئێران، بۆ زەوت کردنی هەموو دەسکەوتە دیموکراتیکەکانی ئەم شۆڕشە، بۆ

کوشتاری کۆمۆنیستەکان و هەموو نەیارانی خۆی و بۆ تیکەوەپێچانی هەموو ئەو داخوازی و چاوەروانیانەی کە لە شۆڕشی ١٣٥٧ دەکرا، بە پێر ئەم شەڕەوە چوو. ئەوان بە درێژەی پێدانی شەڕ توانیان هەر لە یەکەم ساڵەکاندا، موقامەتی خەڵکێک کە نەیاندەویست بەم جۆرە شۆڕشی ڕەوای ئەوان تالان بکرێ و خەڵتانی خوێن بێت، تێکشکاند.

لە ساڵهاتی کارەساتی مرۆڤی بومبارانی شیمیانی شاری سەردەشتدا نەفرەت دەکەین لە بڕیاردەران و بەڕیوەبەران و هاوکارانی ئەم جینایەتە گەورەیە و درود دەنێرین بۆ ئەم ئینسانە بێ دیفاعانەی کە لە جەریانی ئەم کارەساتەدا گیانی ئازیزیان لە دەست دا.

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران - کۆمەڵە - ٢٨ی جوونی ٢٠١١

---

## بۆ شارەکەم سەردەشت



سەعید مامەندی

بۆ دوایە دەگەڕێمەوە، سەیری مێژوو دەکەم. رووپەڵەکانی دیرۆک هەڵدەدەمەوە. مێژوو پەڕپەڕە و مێژی وەستیایە. هەرچی ورد دەبمەوە و بەناخی دا رۆدەچم، زۆر ئاستەمە بەدڵی خۆم بە ئاوات بگەم.

مێژووش وەک خەبات و پێشمەرگایەتی هەوراز و نشێوی زۆری هەیە. باس لەچاکە و خراپە دەکات، خێرو شەڕی دابەش دەکرێ. وەک حیزب حیزبێن شتێک لە بەرژەوەندی خۆی دا نەبێ؛ پشتگوێی دەخات و ئەمرۆ و سبەی پێدەکات.

تاوان و کارەساتەکان لە کەو و بێژینگ دەدا؛ هەڵبژاردەی خۆی هەڵدەگرێ و یاغەکانیش وەلا دەنێ. کۆمەڵکوژی و مرۆڤ

قڕکردن، ئەنفال و قڕان و گۆڕی بەکۆمەڵ، سووتاندنی گوڵ و خاک و منداڵ، وشک کردنی کانی رووبار، ژەهراوی کردنی سروشت و خۆزا، مرۆڤ رفاندن و چاوبەستن، زمان بڕین و کەلەبچە کردن، هێلانە شێواندنی مەل و پەلەوەر، بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراو لەلایەن کۆمەڵی پێشکەوتووی بەشەری، بەندکردنی مامۆستا و قوتابی و زۆر بابەتی دیکە لەکاتی خۆی دا لەبەر چاو ناگرێو راسپاردەی رۆژی مەبادای دەکات. ئەم کارەسات وئازار و دابەشکردنانەی بەبەژن و بالآی کورد بڕاون؛ دەکرێ لەم چوارچێوەیە دا دابنرێن. هەربۆیە زۆر بەکەمی رەنگ و دەنگیان هەیە.

ئێمەی کورد لە گشت بوارێکەوە گەمارۆ دراو و داگیرکراوین. لە وڵاتی ئێمە کەم شت پێوانەی راستینەی خۆی بۆ دەکرێ. بوختان و درۆ، پێچەوانە و ئاوەژوو، ناو و ناتۆر، پێ هەڵداگوتن، ناو دەرکردنی بەخۆڕایی، کەڵەکەی سەرمایەی نەزۆک، لەخۆڕا بوون بە مامۆستای دێموکڕاسی، دەوڵەمەند بوون و زەنگینی لە نەکاو،جمگە و رنوو، هەرەس و داپڵۆسین، خۆ بەکەم گرتن و بێگانە پەرستی بازاڕ و باوی زۆریان زۆریان هەیە. هەربۆیە کەسانی نەخۆش و قین لەدڵی وێنەی سەددام، رەزا شا و حەمەی کوڕی، ئەتای تورکان و ئەسەدی سوری؛ تەرازوی بەختیان بۆ سەردەمێک سەردەکەوێ و مرۆڤە ساکار و دڵپاکەکانیش، شیمیایی و زام، دەربەدەری و نەداری بەش و نسیبیان دەبێ.

هەڵسەنگاندن و پێوانەکان ئاڵۆز پێچەوانەن. لێرە پێشمەرگە و گەریلای کورد بە تێکدەر، دژی شۆڕش و تیرۆریست ناودێر دەکرێ و هێزی داگیرکەریش پارێزەری ئاساییش و چاک و ئەسحابە پشکی دەبێ. مرۆڤی کورد هیچ دەورێکی لەشەڕ هەڵایساندن، سنووربەزاندن و دابەش کردن دا نییە. وڵاتەکەی لە مەڕ خۆی دابەش و داگیرکراوە و خۆی بە پێناسەی تورکی، ئێرانی، سوریایی و عێراقیەوە هەڵدەکێشێ؛ کەچی لەبەشە خێر و بەرەکەتی ئەو وڵاتانەش دا هیچی پێ نابڕێ. لە کەڵەمستێن و شەڕ و شوڕ دا سوارچاکی گۆی زەوییە. بۆ ئیسلام و کومونیزم، بۆ دێموکڕاسی و پاراستنی سنوورەکان، بۆ ئاو لە ئاشی دوژمن کردن، بۆ یەک نەگرتن و هێنانی هێزی داگیرکەر بۆ کوردستان کەس تای ناکا. سەرەڕای ئەوانەش نەتەوی بەتاوانی جیاوازی خوازی گەل و وڵاتی دەسوتێنێ.

بڕین و ئازار و ئاوازەکان هێندە زۆرن بە چۆرت و تەسبیحی سەت و یەک دەنکیش دەحیساب نایەن. ریز کردنی ناوی کارەسات و رووداوەکان، قوربانیانی خەبات و خوێنی رزگاریخوازی نیشتمانی، بڕیار و پەیمانە دەرچووەکان سەبارەت بە کۆت و زنجیر کردنی کورد و کوردستان ژمارەیان لە رادە بەدەرە. ئێمەی کورد گەل وا بێدەسەڵات و بەستەزمان کراوین، ئێستاشی لەگەڵ بێ خاوەنی مێژوو یان پەیمانێکی رێک و پێکی هاوبەشی نووسراوی کوردانە نین. لێکدابڕانی کورد و بەستنەوەی بە چوار وڵاتی رەگەزپەرستی تورکیە، ئێران، عێراق و سوریە کوردی تووشی فرە نەهامەتی و قوڕبەسەری کردووە. هەزار داخ و مەخابن کاریگەری ئەم زۆرداریە گەیشتۆتە شوێنێک پڕ جار تاکی کورد گۆرانی و موسیقای داگیرکەرانی لە هی خۆماڵی پێ خۆشترە. دەیان جۆر شایی و گۆڤەندی رەسەنی کوردی بە سەما و رەقسی نەیار دەگۆڕێتەوە.

خەبـات و خـۆڕاگری، سـەرکەوتن و پاشەکشـە، شـاخ و پێشـمەرگە، برسـییەتی و نەداری، ڕەوکـردن و ڕاونـان، مـاڵوێرانی و دەربەدەری، کڵاو چونەسەر و فریو خواردن، شەڕی نێوخۆ و براکوژی وەک پیشەی کوردانی لێ هـاتووە. لێ جارێـک لە جـاران گرێبەستێکی نەتەوەیی کوردانە لە دژی داگیرکەرانی کوردستان مۆر نەکراوە. هەر حیـزب و ڕێکخراوێـک لە گـۆڕی بەرنـامە و سۆزی خـۆی خەبـات و خـو و خـدەی دیـاری دەکـا. هەر کەسـیش دەزانـێ برینەکـان لە یەک جەسـتەن و دەنـگ و دیمەنەکـان شـەنگاڵن. کوردسـتان و کـورد، چـارەنووس و چوارچێـوەی مافەکـانی لێـک جیـا نـاکرێنەوە. شـەڕی چاڵـدران و ئاکامەکـانی خەنجەرێکـی ژاراوی بـوون لە هەیکەلـی کـورد دران. ئەو بـرینە قـوڵە هەتـا ئێسـتاش سـاڕێژ نەبـووە. تیـراوەیە و هەر هەڵدەداتەوە. پەیمانی لۆزان و ئەلجەزاییریش دەستە برای دڕندەی ئەو بێ بەختییەن.

شێخی شـەمزینان، شـێخی دێرسیم، شـێخی بەردە قـارەمـان، قـازی و سمکۆی ڕۆژهەڵاتـی کـوردان، میـری بابـان، ڕەوانـدز و ئەرەدەڵان پێشـەنگ و ڕێبـواری یەک ڕێگـا بـوون. خـانی و حـاجی، هێمن و جگەرخوێن، مەلا و فەقـێ، بابـا تـاهیر و هەژار، نالی و بێکەس، مەولەوی و شامی هۆزانڤانی یەک نەتەوە بوون و بۆ کوردستان دەیاننالاند. کـاوەیس ئـاغـا، تـاهیر تۆفیـق، موحەممەد شێخۆ، ئەسغەری کوردستانی و شاکیرۆ هاوخەم بوون و لۆ کورد و کوردستان ستران وگۆرانییان دەچڕی. شەڕەفخان، زەکـی بەگ، مەستورەی ئەرەدەلان و گیـو موکریـانی دیـرۆک و مێـژووی کوردیـان نووسیوە و بە شتەق داگیـرکەری کوردسـتانیان هەڵنەگوتوە. پیرە مێردی پیری دەستی کوردان لە سوێی کوردستان بوو بە مریدی نەورۆز و مامەیـارە. زەکیە ئـاڵکـانیش هەر بۆ ئاخ و نیشتمان ئاگری نەورۆزی لە خۆی بەردا.

سـووتەمەنی کڵـی ئـاگری خەبـات لە نێـو کـۆمەڵی کـوردەواری وەخـڕ دەکـرێ و گـڕی ئـاگرەکەش هەر چـڕ و چـاوی خـۆمـان دەسوتێنێ. ژێلەمۆ ئـێمەین و ژان ئـێمە دەیچێـژین. کـورد زگـی دەسوتێ کوردسـتان کـاول دەبـێ؛ بـارەقەڵڵا و ئـافەرینیش لە نێوچـاوانی ئـێمە نـانووسـرێ!!! ئـێمە گیـانێکی یەک جەسـتەی کـون کـون و زامـدارین. سـەدان سـاڵە شـوانکارە و سـەپانی داگیکەرانین. بە فیتو و بالۆرەی ئەوان دژی یەکتر شەڕ دەکەین. بە دەهۆڵ و زوڕنای ئەوان هەڵدەپەڕین و یەکگرتوو نـابین. نازانم هۆرە و سیاچەمانەی هەورامان، لاوک و حەیرانی دەشتی هەولێر،

گەلـۆ و سوارۆی سـابڵاخ، لـۆری لـۆری ئـامەد و لایە لایەی قـامیشلی، سۆز و لاوانـدنەوەی دایە بەهـێ و دایە سـەڵتەنە یـان دایکـانی جەرگ سـووتـاوی دیکەی نیشـتمان؛ بـۆ کـام بەشـەی کوردسـتان، بـۆ کـام برین،بـۆ کـام کارەسـات و نسکۆ بێـژم و هەڵڕێژم. گەرچی هەموو برینێک ئێش و سەردەمی تایبەت بەخۆی هەیە؛ بەڵام داخ و خەمی قەڵای دم دم، قـانـگ دان و خـۆ بەچۆم دادانی دێرسیم، سێدارەی چوار چرا، سووتـانی سینەمای ئامود، نەورۆزی بەخوێن شەلاڵی سنە و قـامیشلی، ئەنفـال و هەڵەبجە، ڕەوی بە کۆمەڵ و شیمیابارانی شارەکەم سەردەشت بە ڕزگاری گشت کوردستان و سەربەخۆیی کـورد نەبـێ تۆڵەیـان ناکرێتەوە.

وەک چۆن ئاوارە و ئارام، عەگید و هارون، مەزڵوم دوغان، مەلا عەلی، شیرین و لەیلا قاسم، فەرزاد و شەهیدانی تری ڕێی ڕزگاری کورد و کوردستان جێی ڕێز و وێردی سەر زارانن؛ هەروەها برینەکان لە ڕۆژی خۆیان دا دەکولێنەوە و داوای تۆڵە و بەردەوامی بەرخۆدان دەکەن.

سەردەشت لە سۆنگەی شەڕی نێوان دوو داگیرکەر دا سووتا و شیمیاباران کرا. ئەمڕۆ داگیرکەری تورکیش بۆتە سەربار. سێ داگیرکەر پێکەوە و بەجیاش ڕق بە شار و دەڤەری سەردەشت دەڕێژن. بۆ؟؟؟ پرسێکە و بێ وەڵامە. یان وەڵام دانەوەی ئاستەم و دژوارە. ئەوەندە دەزانم ئەم مەڵبەندە لانکەی شۆڕشی مەزنی کوردستانە. گوێ بۆ هەموو دەنگێکی خۆش رادەگرێ، ئامێز و باوەشی بۆ هێز و ڕێکخراوە کوردییەکان ئاواڵایە و زۆر جاریش خانەخوێی هێزە دژبەرەکانی سەرا سەری ئێران و عێراقیش بووە. کەمن ئەو هێزانەی لە ڕۆژی تەنگانە و ئەنگوستە چاو دا دەست و داوێنی چیا و کێوە سەربەرزەکانی دەڤەری سەردەشت نەبووبن. هەر لایە لایەی توژەڵ و خڕی ناوزەنگ؛ پێشمەرگەی دوێنێی کردە سەرکۆماری ئەمڕۆ. پێگەی خەبات و کوردایەتی سەردەشت و دەڤەری کردۆتە گوڵێک هەموو دڕک و داڵێک لێی دەهاڵێ و بۆنی پیسی گازی خەردەل دەیشەمزێنێ و شەهیدەکانی بە ئاوی ژیان دەشۆرێن ودەبنە خدری زیندووی سەردەم.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠١٠

---

## لە یادی ٢٤ ساڵەی تاوانی بۆردومانکردنی شاری سەردەشت

بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لەململانێی ناوخۆیی ئیتر تاوانی جەنگە کەس و کاری قوربانیانی شاری سەردەشت جەماوەری کوردستان پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان هەمووماندا ئاگادارین ٢٤ ساڵ پێش ئێستا، لە بەرواری ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧ فڕۆکە مەرگهێنەرەکانی بەعسی فاشی، کاتژمێری ٤،٣٠ سەر لە ئێوارە ژەهری قینی خۆیان بەسەر خەڵکی کورد پەروەری شاری سەردەشتی قارەمان و گوندی ڕەشە هەرمێ و دەوروبەریان باراند، ٤ فڕۆکەی مەرگهێنەر ، بەم تاوانەیان، زیاتر لە

هە شت هەزار هاووڵاتی سڤیلی ئەم دەڤەر و شارەیان شەهید و بریندارکرد، چەندین خێزانیان لە بنەچەوە پاککردەوە ، تاکو ئێستا زیاتر لە ١٠٠٠ هاووڵاتی بونەتە قوربانی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە.

لە کاتێکدا ئێمە یادی ٢٤ ساڵەی ئەو تاوانە دەکەینەوە، هێشتا مەرگەساتی سەردەشت نەبۆتە دۆزێک بۆ تاوانبارانی بەغدا و لەرێگای خەمخۆرانی شاری سەردەشت مام عەلی رەحیمی ئەندامی جێی شانازی رێکخراوەکەمان هەوڵی جدی بۆدرا، هێشتا بریندارەکانی ئەم شارە لە ئێش و ئازاردا دەژێن و چارەسەری پێویستیان بۆ نەکراوە، هێشتا ونبوەکان نەدۆزراونەتەوە، هێشتا لە لایەن رەوەندی کوردی و لایەنە سیاسییەکان بە تایبەت لە خۆرهەڵاتی کوردستان و دەزگاکانی راگەیاندنەوە گرنگی بەم مەرگەساتە گەورەیە نادرێت، هێشتا سەردەشتییەکان بە تەنها یادی قوربانییەکانیان دەکەنەوە و لە شیندا هاورێیان بێکەسن.

ئێمە لە رێکخراوی چاودێری کوردۆساید کە یەکەم دەزگای کوردی بووینە گرنگیمان بەم یادەوەرییە داوەو لە ٨ ساڵی رابردووەوە، ساڵانە یادمان لە قوربانیانی سەردەشت کردۆتەوە، لە یادی ٢٤ ساڵەی ئەم تاوانەدا، داوا لە هەموو لایەک دەکەین، ئەمساڵ رۆژی یادەوەرییەکە بکرێتە رۆژێک بۆ رسواکردنی دوژمنانی گەلەکەمان و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی کیمیاوی و هاوپشتی لەگەڵ داواکارییەکانی خەڵکی ئەم شارە.

تاوانی کیمیاباراکردنی شاری سەرەشت وەک لەدادگای تاوانباری بازرگانی مەرگ فرانس ڤان ئانرات دیاریکرا بەتاوانی جەنگ،هەردوو تاوانی نێونەتەوەیی جەنگ وتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت ،نەکردنەوەی دۆسیە و سزا نەدنی تاوانبارانی ئەم تاوانە نێونەتەوەییە تاوانێکی دیکەیە بەرامبەر بەخەڵکی ئەمشارە.

خۆشبختانە لەکاتێکدا یادی ٢٤ ساڵەی ئەم تاوانە دەکەینەوە، پارساڵ لەکۆنگرەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەشاری کەمبالای ئۆگەندا "٣١ - ٥ بۆ ١٠ - ٦"،بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لەململانێ ناوخۆییەکان وەک تاوانی جەنگ پەسەندکرا، ئەمەش بەهەنگاوکی مەزن بۆ مرۆڤایەتی دەزانین بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لەجیهاندا و بنەبرکردنی بۆ هەتا هەتایە، هەنگاوێکی مەزنە بۆ دوبارە نەبونەوەی (هەڵەبجەکان و سەردەشتەکان، شێخ وەسانانەکان و گۆپتەپەکان و زەردەکان، سوێسنانەکان و... هتد، (ئەم سەرکەوتنە لەمرڤایەتی پیرۆز بێت.( پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان بێدەنگی ئێوە لە ئاست ئەم دۆزە گرنگە و گرنگی نەدانتان بەم کارەساتە گەورەیە و کارەساتەکانی دیکەی تاوانە نێونەتەوەییەکان کە بەسەر گەلەکەمان لە رۆژهەڵاتی کوردستان هاتووە، مایەی نیگەرانی ئێمەو خەڵکی شاری سەردەشت و گوندی رەشە هەرمێ و تەواو قوربانیانی کۆمەڵکوژییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، بۆیە داواتان لێدەکەین با هەمووەمان یەکگرتووانە گرنگی بەو دۆسیانە بدەین، گرنگییەک لە ئاستی گەورەیی تاوانەکان و ژمارەی قوربانیانیان و و تێکۆشەری و

مێژووی پڕ لە شانازی شاری سەردەشتدا بێت.

**چاودێری کوردۆساید**

**٢٨ی جۆنی ٢٠١١**

چاودێری کوردۆساید ڕێکخراوێکی سیڤیلی سوود نەویستی سەربەخۆیە، بەپابەندبوون بەپرەنسیپو پێوەرە دیموکراتییەکان، کارەکانی خۆی لەسەر پرسەکانی تاوانەکانی ژینۆساید و جەنگ و تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و هەموو ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤی کوردستان کراون و دەکرێن بەڕێوە دەبات. لە ٦ی ژانوییەی ٢٠٠٢ دامەزراوە، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا و هەموو پارچەکانی کوردستان لق و کۆمیتەی هەیە، پێشتر لە ژێر ناوی(ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردنو جینۆسایدی گەلی کورد - چاک) کاری دەکرد، لە بەرواری ٢٤ی فێورییەی ٢٠٠٩ ئەم ناوەی وەرگرت، تا ئێستا سێ کۆنگرەی بەستووە،ساڵانە سەدان چالاکی ئەنجامە دات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی چاودێری کوردۆساید - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١١

## هەناسە خنکاوەکان (لەیادی سەردەشتییە نازلێشێواوە شیمیاباران کراوەکان دا)



**هەیاس کاردۆ**

جوانیی تۆپی زەوی لە رەنگاو رەنگیی دیمەنەکانی، لە هەمە جۆریی سروشتەکەی، لە بەربڵاویی خاکەکەی و لە فرەچەشنیی خەڵکەکەی دایە. ئەوەندەی کلووی بەفر و تکەی باران و شریخەی هەور جوانی بەخشن، بە هەمان ئەندازە تاریکیی شەو و مانگی چاردە و سوورە تاوی هاوینی دڵگیرن. هەر بەو رادەیە کە شنەی شەماڵ و کزەی زریان و هاژەی رووبار و خوڕەی کانیاو سۆکنایی دەبەخشن، هەر ئاواش جریوەی باڵندە و خشەی مار و هۆڕەی مانگا و باڕەی بەرخ و حیلەی ئەسپ سەرنج راکێشن. سەیر کەن چۆن لە تاریکە شەوی قەترانی دا سوپای ئەستێران خۆ دەنوێنن و چاو برکێ دەکەن. تەماشا کەن دڵۆپەی باران چۆن وەسەر یەک دەگەڕێن، تێکەڵ دەبن و جۆبار ساز دەکەن. ئەو جۆبارانە بە چ شێوەیەک کۆ دەبنەوە، زیاد دەکەن و رووبار وەڕێ دەخەن. رووبارەکان لە شوێنێک هێدی و لە جێگایەک بە تەوژم ڕێگا دەبڕن و خۆ دەخزێننە باوەشی دەریا. سەرنج بدەن لە شوێنێک لووتکەی شاخ سەری لە هەوران داوە و لە جێگایەک نزمیی زەوی هەتا قووڵایی دەریاکان داکشاوە. چاوێک لە دنیای رەنگاو رەنگی گیان لەبەران بکەن کە چۆن هەر بەشەی بە تەبیعەتی خۆی وەدیار دەکەوێ و هەر شتەی خاوەنی ناسنامە و تایبەتمەندیی خۆیەتی. سروشت بە هەمووی ئەوانەوە جوانە و بێ ئەوانە مانای نیە.

ئەو گیان لەبەرەی ناوی ئینسانی لەسەرە بەشێک لە تابلۆی ئەو سروشتە رەنگاورەنگەی پێک هێناوە و لەراستییدا سەرنجراکێشترین لایەنی تابلۆکەشە. ئینسان بەتەنیا بارتەقای هەموو گیان لەبەرانی دیکە چێژ لە جوانییەکانی سروشت وەردەگرێ و زۆرجار بەمەیلی خۆشی و بە پێی نیاز دەسکاریشیان دەکا. ئینسان بوونەوەرێکی زۆر سەیرە. ئەو بوونەوەرە ئەوەندەی جوانی پەرەست و سروشت رازێنەر و دنیا خۆشکەرە، ئەوەندەش تێکدەر و پیسکەر و هەڵا سازکەرە. ئەو بوونەوەرە لە لایەک مێشکی وەکار دەخا،لە هیچ هەموو شتێک ساز دەکا، شتی کۆن فڕێ دەدا و کەرەسەی نوێی لە جێ

دادەنێ، کار ئاسانی بۆ ژیان دەکا و خۆراکی تەیر و تـوور و ورد و دریشت دابین دەکا. لە لایەکی دیکە هەر بەومێشکە هەڵسووڕەی رزقی گیان لەبەر دەبڕێ، ئاوەدانی وێران دەکا، بەرزایی تەخت دەکا و تەختایی دەکاتەوە تەپۆڵکە. هەر ئەو ئینسانە، جارێک هەرچی زەخیرەی سەرتۆپی زووییە دەیخاتە خزمەت بەرژەوەندیی نەسلی خۆی و لەقووڵترین قووڵایی دەریاکان را بگرە هەتا بەرزترین لووتکەی شاخەکان و تەنانەت سەرتر لەوانیش مانگ و ئەستێرەکانیش داگیر دەکا و بۆ خۆشی و بەختەوەریی نەسلی خۆی بەکاریان دێنێ. بەڵام هەمان ئەو بوونەوەرەی نـاوی مرۆڤی لەسەرە راست بەپێچەوانە و تەواو بۆ مەبەستی دژی ئەوی دیکە، لە هەمان ئەو کەرەسانە کە بۆخۆی لەسروشت وەری گرتوون بۆ لەنێو بردنی نەسلی خۆی کەڵک وەردەگرێ. سەرنج راکێش ئەوەیە لە هەردووکی ئەو حالەتانە دا توانای ئینسان بۆ کەڵک وەرگرتن لە دروستکراوەکانی دەستی دەگاتە ئەوپەڕی خۆی.

رازێک کە لەپشتی بەبەزەیی ئینسان لەلایەک و درندەییەکەی لەلایەکی دیکەوە خۆی حەشار داوە نەناسراوە. هەتا ئێستاش روون نەبۆتەوە کە ئینسان چۆن دەتوانێ لەو جێگایە دا کەپێویستە هەتا ئەوجی دڵ ئاوەڵایی و خۆبەخشی دەچێتە پێش و جاری واشە لەدڵرەقی و بێ بەزەیی و ماڵ وێرانکەریدا هەموو سنوورێک دەبەزێنێ. زۆر سەیرە، کەسێک چ ژن چ پیاو جاری وایە دوو تەبیات و دوو ئەخلاق و دوو سروشتی تەواو لێک جیاوزی هەیە. یانی لە کاتێک دا بەخشەندە و یارمەتیدەر و بە بەزەیە، لە هەمان کات دا داگیر کەر و ماڵ وەسەر یەک نەر و دڵ رەقە. ئەوە سروشتی ئینسانە و جارێ روون نەبۆتەوە کە ئەو دووگانەگییە لە چیەوە سەرچاوە دەگرێ. رەنگە سەیر بێتە بەر چاو کە خوێنرێژێکی وەک سەدام حوسەین کە دەستووری کوشتنی دەستە دەستەی ئینسانەکانی دەدا، منداڵی خۆش ویستبێ، بەڵام ئەوە راست بوو. ئێستا با بچینە سەر بەشێکی دیکەی تایبەتمەندییەکانی ئینسان:

دەڵێن لە شەڕ دا هەڵوا دابەش ناکرێ. ئەوە شتێکی راستە. واتە کاتێک شەڕ - جا بە هەر مەبەستێک - لە نێوان دوو کەس، دوو لایەن یان دوو دەوڵەت دا روو دەدا هەر لایەنەی بە حەقی خۆی دەزانێ لە هەموو ئیمکانات و تواناکانی خۆی بۆ بەچۆک داهێنانی لایەنی بەرامبەر کەڵک وەرگرێ. لێرەش دا سروشت و تایبەتمەندییە جیاوازەکانی ئینسان بە روونی خۆ دەردەخەن. جاری وایە ئینساف و بەزە و تەئەهود رێگا بەلایەنێک نادا دەست بۆ هەموو کەرەسەیەکی لە نێو بردن بەرێ و هەر بۆیە لەکاتی بڕیاڕی نیزامی دا هەموو لایەنە ئینسانییەکانی مەسەلەکە لێک دەداتەوە. ئەو جۆرە کەس و لایەنانە پێیان وایە بۆ گەیەشتن بە هەدەفی مەقەدەس نابێ لەکەرەسەی ناموقەدەس کەڵک وەربگیرێ. ئەگەر بمانەوێ نموونەی ئەو جۆرە لایەنانە لە شەڕی رووبەروو دا باس بکەین، رەنگە بتوانین قامک لەسەر بەرێوەبەرانی بزووتنەوە ئازادیخوازانەکانی گەلانی بن دەست دابنێین کە بۆگەیشتن بەئازادی و سەربەستی خەریکی خەبات و تێکۆشانن. دروشمی خەباتکارانی رێی ئازادی ئەوەیە کە:

زۆر هاسانه له پێناو ژیانی بەختەوەرانە دا بمری، بەڵام زۆر زەحمەتە پەنا بۆ وەسیلەی ناموقەدەس لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانت دا بەری. لەلایەکی دیکە بۆچوونی وا هەیە کە دەڵێ هەدەف وەسیلە تەوجیە دەکا. ئەوە بەو مانایە کە لایەنێک بۆ گەیشتن بەو هەدەفانەی کە لەپێش خۆی داناون لەهەر کەرەسە و ئامرازێکی مومکین کەڵک وەردەگرێ. تراژێدیی ئینسانییش ڕاست ئەو کاتانە ڕوو دەدەن کە سنوورێک بۆ کەڵک وەرگرتن لە وەسیلەی لەنێو بردن نەناسرێ. لە نێو ئەو کەس و لایەنانە دا کە زیاتر پەنا بۆ کەڵک وەرگرتنی بێ سنوور لە وەسیلەی ئاوا دەبەن هێز و دەوڵەتە داگیرکەر و پەلاماردەرەکان دەبینرێن کە لەپێناو مانەوەی خۆیان دا دەست بۆ هەر کارێکی ناشایست دەبەن و لەکەڵک وەرگرتن لە وەسیلەی ناموقەدەسیش هیچ دوودڵییەک لە خۆیان نیشان نادەن.

غەدری بەشەر لە هاونەوعی خۆی هەر ئەوە نیە کە لایەنێکی شەڕ دەست بۆ وەسیلەی پڕ مەترسی بە دژی لایەنی بەرامبەری دەبا. چونکە ئەو غەدرە ڕەنگە بەوە پاساو بدرێ کە لە شەڕدا هەڵوا دابەش ناکرێ. واتە دوو تەرەف بۆ بەچۆک داهێنانی یەکتر لەکاریگەرترین وەسیلەی مومکین کەڵک وەردەگرن. بەڵام لایەنی هەرە دزێو و دژی ئینسانی و بێ بەزەییانەی ئەو جۆرەکردەوانە ئەو کاتانە خۆ نیشان دەدەن کە کۆمەڵە خەڵکێک بەپانەوە وەبەر پەلامار دەکەون و بێ جیاوازی قڕ دەکرێن. لەوەش ناخۆشتر و جەرگبڕتر ئەوەیە کە پەلامارەکە بەکەرەسەی زۆر نائاسایی بەڕیوە بچێ و لە کەمترین کاتی مومکین دا زیاترین ژمارەی قوربانی لێ بکەوێتەوە. کارەساتی شیمیا باران کردنی خەڵکی سەردەشت لەو ڕووداوانەی مێژووی بەشەرییەتە کە بێ بەزەییانەترین بڕیاری بۆ دراوە و لە پڕمەترسیترین وەسیلەی قڕ کردن کەڵک وەرگیراوە و بێ بەشترین و بێ دیفاعترین کۆمەڵە خەڵکی پێ لەنێو براوە. لێرەدایە کە لووتکەی دڵڕەقی و بێ بەزەیی و بێ ئینسافیی ئینسان وەدیار دەکەوێ. ئەوە ئەو لایەنە نەناسراوەی سروشتی بەشەرە کە پێشتر باسم کرد.

پێم سەیرە زۆر جار بە کردەوەی بێرەحمانە و پڕ لەتوندو تیژی دەگوترێ کردەوەی غەیرە ئینسانی، یان حەیوانی، یان وەحشیانە. من ئەوە بە ڕاست نازانم. لە مێژە ڕوون بۆتەوە کە هیچ گیانلەبەرێکی کێوی، ئاوی، جەنگەڵی یان هیچ باڵدارێکی ئاسمانی بە قەت ئینسان و وەک ئینسان لەبێرەحمی نواندن دا دەستی نیە. ئەوە زۆر هەڵدەکەوێ کە دڕندەیەکی بەهێز پەلاماری گیانلەبەرێکی لاوازتر لە خۆی بدا و بیکاتە پارووی جەمە خواردنێکی. بەڵام ئەوە لە لایەک ڕازی بەقایە چونکە تەنیا ڕێگای مانەوەی ئەو حەیوانە خواردنی حەیوانی دیکەیە. لەلایەکی دیکەش قەت دڕندەیەک ناتوانێ یان ناخوازێ بە یەک جار ڕەوەیەک گیانلەبەری دیکە بەسەر یەکەوە قڕ بکا. بەڵام کە دەکردەوەی ئینسان دەفکرین و چاو لە ئاکامەکانی دەکەین دەبینین جیاوازیی دڵڕەقی و بێ بەزەیی ئینسان و غەیری ئینسان عەرز هەتا ئاسمانە. هەر بۆیە ڕێگام بدەن کە بەشی ئینسان لەکۆی دڵڕەقییەکان، تالانچیەتییەکان، خوێن ڕشتنەکان، وێران کردنەکان، سووتان و کاول کردنەکان، کوشت و بڕەکان و بەگشتی خراپە کارییەکانی سەر گۆی زەوی لە سەرەووی باقی گیانلەبەرانی دیکە دابنێم.

ئێستا کاتی ئەوەیە بە یەکەوە دیمەنی کردەوەیەک وەبیر بێنینەوە کە بەدەستی ئینسان و بەدژی ئینسان بەڕێوە چوە. بیر لەو چرکەساتە بکەنەوە کە زاڵمێک، دیکتاتۆرێک، خوێنرێژێک، یان بوونەوەرێک کەناوی ئینسانی لەسەرە کۆمەڵێک دەست و پێوەند و فەرماندە و بەرپوەبەری کۆ کردوونەتەوە و داوایان لێ دەکا پلانی بەتاڵ کردنی ئەو بۆمبە پڕ لەگازی ژاراوییانە دابڕێژن و لە شوێنێک تاقییان کەنەوە. گرینگیی ئەو بڕیار و داوایە لەوە دایە کە هەم رادەی کاریگەریی گازەکە بەجوانی دەرکەوێ و هەم لەسەر کسانێک تاقی کرێتەوە کە زاڵم بە دژی خۆیان دەزانێ. دوای ماوەیەک چەند فرۆکەی شەرکەر لە ئاسمان وەدیار دەکەون، تیژ دەڕۆن و شار و گوندان جێ دێڵن، وردە وردە لە شوێنی جێ مەبەست نیزیک دەبنەوە، خوار و پێچەی دەکەن و بەرەو نوختەی دیاریکراو دادەگەڕێنە خوارێ. لە سەرێرا کۆمەڵە ماڵ و بینا و بازار و چەند شەقامێک وەدیار دەکەون کە لە داوێنی ریزە گردێکی سەرسەوز دا هەڵ کەوتوون. شار پشتی بە شاخ و بە بەرزگیدا رووبارێک وەک مار خواروپێچەی داوەتێ و بەرەو خوار دەخوشێ. لە نێو شار دا هەموو شتێک ئاسایی دێتە بەر چاو. دووکان و بازار کراوەیە و خەڵک خەریکی سەودا و کڕین و فرۆشتنن. تاق و لۆق ماشێن لە سەر شەقامەکان لە هات و چۆ دان. بە هۆی تەعتیلیی قوتابخانەکان کووچە و کۆڵان پڕن لە منداڵ و هەمووی خەریکی یاری و گەمەن. ژنان بە کاری بەردەوامی ماڵ و منداڵەوە خەریکن و چاوەڕێی هاتنەوەی مێرد و کوڕ و براکانیان دەکەن. ئاسمان ساوە و کزەی بایەکی نەرم لە گەرمیی سوورە تاوی هاوینی کەم دەکاتەوە. کوێرەوەریی رۆژانە ئاگای لە خەڵک بڕیوە و هەر بۆیە هاتنی فرۆکە بۆمب هاوێژەکان زۆر هەست پێ ناکرێ. لە سەرەوە بەڵام کار تەواوە. دەستوور پێشتر سادر کراوە. بۆمبی پڕلە گازی ژاراوی بە بەرزگی فرۆکەوە هەڵاواسراوە. فرۆکەوان قامکی لە سەر دوگمەی فشارە و هەر بینا چەند گۆزەی زۆر گەورەی ئاسنین کە ناوی بۆمبیان لە سەرە فرێ درانە خوارەوە. ئێستا کاتی داگرتنی دوگمەی فشارە. فرۆکەوان سێ و دووی لێ ناکا. دوگمە فشار دەدرێ و بۆمب بەردەبنەوە. پاش تەنیا چەند چرکە، فرۆکە دوور دەکەوونەوە و لە خوارەوە لە سەر شار، لە نێو بازاڕ، لە نیو ژن و منداڵ و پیر و لاو دووکەڵێکی سپی رەنگی خەستی نائاسایی بەرز دەبێتەوە. ئەوە و ئیتر هیچ. ئەوە و ئیتر هەموو شتێک. هەر پێست بوو دەسووتا و سوور هەڵ دەگەرا. هەر گەروو بوو وەقرخە دەکەوت و دەبەسترا. هەر چاو بوو وێک دەکەوت و لە بینایی بێ بەش دەکرا. هەر نەفەس بوو لە قووڵایی سینگ دا قەتیس دەما و دەخنکێندرا. هەر منداڵ بوو دەکەوتە سەر هەرد و هەر دایک بوو منداڵ لە باوەش دا بێ هەناسە دەکرا. هەر ئاه بوو بەرز دەبۆوە و هەر هاوار بوو لە گەروودا دەمایەوە. هەر گیان بوو دەبەخشرا و و هەر جەستەی رۆڵە کورد بوو سوور و شین هەڵدەگەڕا. ئەوە و ئیتر هیچ...

ئەوە ئەو رۆژە بوو کە بە بڕیاری نەسلی بەشەر و بە کەرەسەی دروست کراوی دەستی مرۆڤ، نەسلی ئینسان لەخاک و خۆڵ وەردەدرا و بێ گیان دەکرا. ئەوە کارەساتی شیمیا باران کردنی خەڵکی سەردەشت بوو. ئەوە یەکەم تاقی کردنەوەی ئەو گازە بوو کە نەسلی بەشەر بۆ نابوودیی هاو نەوعی خۆی پێویستی پێی هەبوو. سەردەشت یەکەم تاقیگای ئەو ژارە و خەڵکی سەردەشتیش یەکەم قوربانیانی ئەو تاقیکردنەوەیە بوون.

چاوم لێتانە

دڵم دەگەڵتانە

مێشکم ئاگای لێتانە و

ویژدانم مەعزووبی عەزابتانە

ئەی سەردەشتییە ناز لێشێواوە بە گاز خنکێنراوەکان

شارتان بوو بە یەکەم سەکۆی شانۆی مەرگ و

بۆ خۆشتان سەمای نەفەس بڕانتان لەسەر ساز کرد.

دە بخەون, خەوتان خۆش

چونکە ژیان بەڕێوەیە.

تێبینی: ئەم بابەتە رۆژی ٤ی جوڵای ٢٠١٠ لە کۆڕیادی شیمیاباران کردنی شاری سەردەشت لە شاری ئادلایدی ئوستڕالیا خوێندرایەوە.

---

## دەبینم شەهێن و باز و هەڵۆ بەرزەفڕەکان شاپەڕی توانا و هێز لێدەدەن



فەوزی ڕەمزی مەلا مارف

وتاری بەرێز فەوزی ڕەمزی مەلا مارف بۆ یادای تاوانە گەورەکەی شیمیابارانی شاری سەردەشت لە وڵاتی سویس.

**بەڕێزان و ماتەمگێڕان**

**پێشەکی بەخێرهاتنێکی گەرمتان لێدەکەم و ئامادەبوونتان پێزانینە و هاوخەمیە لەتەک گشت شەهیدان و زامداران و لێقەوماوانی شارە قارەمانەکەی شەردەشت.**

**ئەز گلەییەکم لە هەندێ لەو بەڕێزانەیە کە لە باسەکانیاندا دەڵێن " کارەسانی سەردەشت و هەڵەبجە و ئەنفال و قاڕنێ و .... کە لە خۆیدا وادەزانم ئەمە هەڵەیەکی زەقە و "دەبێت بڵێین "تاوان."**

**هیوادارم بە سینگ و دڵێکی فراوانەوە لێمی قبووڵ بفەرموون.**

**"کارەسات" ئەو ڕووداوانەن کە لەوانەیە مرۆڤ ڕۆڵێکی تێدا نەبێت و لە لایەن هێزێکی بە توانای دەرەکییەوە ئەنجام درابێت کە مرۆڤ خۆی بۆ خۆی دەستەوسانە بەرامبەری، وەک بوومەلەرزە و لافاو و هەرەسی شاخ و بەفر..و..و... لە هێڵ دەرچوونی شەمەنەفەرێک و ...هتد. کە ببێتە فەوت و زیانێکی زۆری بێئەنداز. بەڵام ئەو کارانەی کە مرۆڤ پێی هەڵساوە و بۆتە هۆی کوشتن و بێ سەرووشوێن کردنی چەندین و چەندین مرۆڤی بێ تاوان وەک ڕەشەکوژی و ئەنفال و کیمیایی وەشان و تیرۆر...و...و...کە هەر هەموویان وەک فشار خستنە سەر بەرامبەرە (سیاسی بێت یاخود سەربازی) بۆ مەبەستێکی دیاریکراو کە ئەوەی پێی هەڵدەستێت گەرەکیەتی، دەوترێت "تاوان".**

**بۆیە دەڵێم ئەو هەموو تاوانانەی کەدوژمنانمان بەکاریانهێناوە لە ئاستی میللەتەکەماندا، هێند وشە و زاراوەیەکی ترسناکن، کە مرۆڤ دەبێت و دەبێت هەر لە گوتنی ڕاستیە گەورەکاندا بەکاریانبهێنن.**

***بەڕێزان:***

**ئەز نامەوێت وەک لێدانەوەی شریت و باسێک کە بەردەوام دووبارە دەبێتەوە و هەمووان پەیڕەوی دەکەین، باس لە چۆنیەتی ڕووداوەکە و چەند گیان لە دەست چوە و چی و چی... بەڵکە دەمەوێت دوای ئەم هەموو ساڵە پڕ لە ئازار و مەینەتیە ( ٢٣ ساڵ )... وەک پەخشانە تراجیدییایەک باس لەو تاوانە و گشت تاوانەکانیتر کە دەرحەق بە خاک و نەتەوەکەمان لەسەر بەرنامەیەکی داڕێژراو کە دوژمنانمان پێی هاڵساون یان هەڵدەستن بکەم.**

**ئەم باسەم دەمەتەقە و گفتووگۆیەکە لە نێوان کەسێکی تازە ڕزگاربوو لە دەستی تاوانە نا هەموارەکان و دڵسۆز بە خاک**

و گەلەکەی وە کوردێکی تری خەمساردی بێ پەروا.

لەناو ئەم هەموو کاولکاری و وێرانکاریەو و تاوانانەدا... لە ناو ئەم هەموو بێدەنگی و گوێ کەڕییەی گێتیدا... ئەی هاو هۆزەکەم... هاو خوێنەکەم... پشت و پەناکەم... توخوا چیتر لێم مەپرسە... لە حاڵم مەپرسە؟.. کێ ماوە و کوێ نەماوە؟ ئاخۆ خوێندنگا چکۆلەکە و منداڵەکان چیان بەسەرهاتوە؟

ئا توخوا حاجی مامۆستا و فەقێکانی و کانیاوە ڕونەکەی بەردەم حوجرەکەیان چییان لێهاتوە؟

سەکۆی بەرماڵە گەوران هەر جمەی دێت؟ میمکە گوڵیزار و تەشیلەکەی ماون؟

پێم بڵێ مام هۆمەری نیکتەخوان ماوە؟ ڕەشە شاخی شوان چی بەسەرهاتووە چی؟

کوڕگەل چیان لێ بەسەر هاتوە؟...؟....؟....؟

سا تووبی خوا لێم مەپرسە ...بۆ خۆ تۆش هەر وەک من سینە سووتاو دڵ زامدار نیت... پەژمووردە و... ئاوارە نیت... بە دوای هۆزە سەرگەردانەکەتدا وێڵ نیت.؟

بە دوای هەواڵ و سۆراخی زاڕۆڵە و ژن و کەسوکارە پێ خاوس و ڕووت و ڕەچاڵ و بێ دەرەتانەکاندا، شێت و وێڵ نیت... ئێمە ئیمڕۆ لە هەموو کەس وێرانەماڵترین... بێکەس و دەربەدەرترین... زامارترین، برینەکانمان ئاسایی نین و لە هی کەسانیتر ناچێت... بینابیم لێڵە و دیدەم وێنەی لێدەشێوێت خەریکە تارمایی دادێت...

کێو و دەشت و سارا بۆتە خانەمان و ئاسمان بالیف و زەوی ڕاخەر و بەر سەرینە ئەوەشمان پێ ڕەوانابینن و لەوێش زاڵمان و دەستی ڕەشی تاوان هەر بە دواوامانەوەن

غەریب و بێکەس لەم دێ بۆ ئەو دێ لەو شار بۆ ئەو شار... غوربەتی ئێستامان شارەکەی خۆمانە... عەوداڵی کەسێکم... تەنیا

کەسێک کە بە خوێ چێشت بمانگاتێ... یان خێر خوایی بە هانامەوە بێت... هەواڵێکم پێ بدات گەرچی ناخۆشیش بێت .. شارەکان... گوندەکان... شەلالی خوێن کراون... کارەسات دوای کارەسات... تاوان دوای تاوان... ئیمڕۆ خاکەکەم خوێناویترین خاکی سەر ئەم زەمینەیە... ئاسمانیش بەرگی سووری پۆشیوە و بە خوێنی هاوهۆزانم بێزوو دە.....

ئەی هاو هۆزە بێ ئاگا لە ڕووداوەکان ... هەواڵ و پرسیاری چیم لێدەکەیت... خەمەکان بەرۆک و دووکەڵی شار و گوندە سووتێنراوەکەم و بۆنی گازە بۆنخۆشە کوشەندەکان گەرووی گرتوە... چیت بۆ باسکەم ... چی؟ دەنگی مامۆستای مەکتەب!!...گووتنەوەی "دارا دوو داری دۆزیەوە و بەرخۆلەکەی دادە وازی دەکا و دۆی دادە ڕژاوە " و وتنەوەی بەیانییانی گۆرانیەکانی حەسەن زیرەک ئیتر نابیستریین و نابیسرین لەو خوێندنگا خاپوورەدا ...

دەرکی حوجرە والآیە و مات و بێدەنگ... ئەمجا کانیە پاک و بێگەردەکەی ناو حەوشی مزگەوت، کە هەر

جامووڵکەیەکی وەک ئیکسیری ژیان بوو... داپۆشە لە جەستەی بێ تاوانی مەلاو فەقێکان، کتێب وشەی پیرۆز بەسەر جەستەی شەکەت و ماندوویاندا پەرش و بڵاوە، بێ ئەوەی خاوەنی وشەی پیرۆز لە بارەگا مەزنەکەیدا بلەرزێت و بێتە دەنگ ...

بەڵێ بەر ماڵە گەوران هەر وەک جاران جمەی دێت... جەستەی ساردەوەبوو سەر سەکۆکانی داپۆشیوە... بێ دەنگیەکی ترسناک باڵا پۆشیانە ورتەی کەس نایە... میمکە گوڵیزار و یا خاوەر بە خۆیان و تەشێلە و کڵافە خوریە ڕێسراوەکەی ناو کۆشیان... وەک پیشەی جارانیان پاڵیان داوەتەوە بە دیواری ماڵەکەیاندا و ساردوسڕ و بێدەنگ چاوی نەترووکاویان لە گشت جەستەکانە... وەک ئەوەی پێیان بڵێن !! سەبرگرن دوو ڕۆژی تر وەرنەوە بۆ شاڵ و لیفکەکانتان...

چیت بۆ باس کەم پێم بڵی توخوا چی وەی بێ ئاگا لە دردومەینەتی گەلەکەت؟
دەپرسێت لە کێ و کێ ؟؟
قسە خۆش و بە توێکڵ و بەیت و بالۆرەکانی مام هۆمەر هەمووی چوون چوون و ئیتر ناگەڕێنەوە و کەسیش نییە جێی پڕکاتەوە.... هەواڵی ڕەشە شاخی و بلوێرەکەی...!!!
مێگەل و دەوڵەت بەدەوریا هەر هەموو ڕۆچووی خەوێکی دووری درێژخایەنن... بلوێر و مێگەل بی وەفا نین...خاوەن هەستن... وەک زاڵمانی بێ ویژدان نین بۆیە مۆڵیان داوە بە دەوریدا....
ئەوەتا فریشتەکانی ئاسمانیش بە هانامانەوە نەهاتن و نایەن؟
ئەی هاوهۆزی بێ پەروا... هەر لەم دەورووبەرەدا چەندین کۆرپەلە بە وێڵداشەوە و دایک بە منداڵەوە و کوڕ و کاڵ و گەنج و پیرمان بەدەستی خۆمان بی کفن هەر بە بەرگی خوێنینیانەوە لە ژێر گڵ نا... ئاخر بۆ ناپرسیت چ گڵێک؟ ...

بەڵێ گڵێک کە تەنیا و تەنیا مەگەر هەر بۆ شاردنەوە بوو بێت و بەس ....
کراسی سپی ئەوەڵ شەوی بووکێنیان بووە تارای سووری گواستنەوە بۆ بەردەم یەزدانی مەزن لە بۆ شکایەت..... چی و چی .... چیترت بۆ باس کەم... دۆزەخێکەو بۆمان داخراوە... چەندینی ترێش و هیتریش هەروا لە چال دەنێین ....
خۆ دەڵێن لە تەورات و ئینجیل و قورئاندا... باس لەوە کراوە کە یەزدانی مەزن، هەر لەبەر زوڵم و زۆر و گومڕایی پاشایەک چەندین شار و گوندی خاپوور کردوە بەسەر زاڵمانیدا ...
ئەی کەی ئەم بارەگای یەزدانیە بۆ ئەم هەموو ستەمەی پاشایانی زەمان لێمانی دەکەن دێتە لەرزە؟
خۆ دەڵێن بێ تاوان شەهیدە... ئای شەهید چ ناوێکی گەورە و گرانی... تۆ لە کوێی... تێناگەم هەر یەکە بە جۆرێک باست لیوە
دەکەن... بەڵی ئیتر هەواڵی چیم لێ دەپرسیت .... چی!!

هاوهۆزە دوور لە بیستن و دیتنی زامەکانمان... نازانم بڵێم چی!! ئاخ و داخ و وەی وەی و ڕۆڕۆ و هاوار و گریە وەک کارک لەبەردەممان‌دا هەڵدەتۆقی... بۆ هەر لایەک دەچووین، لەبەردەم و چاوانمان‌دا بوون، لەهەر خانە کاولەیەکدا و لەسەر هەر کۆڵانە شێواوێکدا باوکە ڕۆ و ڕۆڵە ڕۆ و دایکە ڕۆ بوو...

کاکی هاوهۆزی بێ ئاگا لە خەمەکانی گەلەکەت... ناحەقت ناگرم... تۆش حەقتە... وا سادە سەیرکەیت..

فێریان نەکردووین کە بە خەمی یەکترەوە بین .... تەنیا و تەنیا هەر ئاغاکانمان و خۆمان دەناسی...

ئای کە دڵمان ڕەقە لە ئاست یەکتر، بەردین بەرد، چاومان قایمە... پڕ بە زار هاوارمان دەکرد و دەمانگووت ئێمە لە پێناو ئەو ئارەزوانەی کە نەمردوون، ئەو سینانەی کە هەڵنەقرچاون، ئەو جەرگانەی نەسووتاون لە پێناو ئەو تازە نەو بووکانەی شەوقی چاوەڕوانی پرچی سپی پێ هۆنینەوە یا بەرگی بووکێنی و زاوایەتی کفنی شەوی حوجلەیان بوو... دەمان وت و دەمان وت....

هاوهۆزە بێ ئاگا لە خەم و سەرگەردانی کەسوکار... لە وڵاتەکەی من... لە وێرانەکەی من.....

ئەوەی ماوە پێت بیڵێم...ئەوەیە کە... گشت خۆشییەکان باریان کردوە... عەشقی شەهادەت لە دڵ و سینەی هەمووان‌دا تابلۆی گرتوە... تۆڵە لە تاوانکار و ستەمکاران لە داگیرکەران، بۆتە ویردی سەر زمانی هەمووان و ڕێبازی نیشتمانپەروەری و یەکڕیزی و یەکتر قبووڵکردن بۆتە باسی ڕۆژانەی هەمووان.... ئەمە هیوایەکە و چەکەرە دەکا....

ئیتر لێم مەپرسە... دڵم وا شەق دەبات ئەی خەمساردی گوێ کەڕ لە ئاستی نەهامەتی هۆزەکەت... بەسە بەس... دڵم هێند شکست و غەمبارە... بڕوام نیە کەس لە وێنەی ئێمە هەبێت...

دەبا ئیتر ڤامبێژەکانمان، داستان و لاوک و بەیت و حەیرانەکانمان... و... با بە زیندوویی باسیان لێوەبکەن...لە گشت باس و دانیشتن‌دا یەک بۆ یەکی بگێڕنەوە، پشت بە پشت وەیگێڕنەوە...

با بزانن کە کەس هەیە وەک ئێمە ئاوا ماڵ کاول و خانە وێران و پەڕاگەندە......

با لاوان و جوانان ئاگادار بکرێنەوە کە ڕۆژگار بە دەستی زاڵمان چ مەرگەساتێکی گێڕاوە بەسەر باو و باپیرانیان‌دا بە بەرچاو بەڵێ چاوی دوونیای مرۆڤدۆستەوە .....

ئازیزەکە ..... پشت و پەناکەم ... گوێم لێبگرە!!!!

ئەمەی دەیڵێم برۆ بۆ هەمووانی بگێڕەوە و دەبا ئەوانیش بۆ نەوەکانی تری بگێڕینەوە.... پڕ بەزار بچریکێنن و بڵێین گوێ ڕادێرن !!! داپیرەی سک سووتاو و جەرگ بڕاو وەی پیرەمێردەکەی خاوەن چەندین کەسی سەرتێداچوو... گوێتان لێبێت... ئەی هەموو خەڵکی خاوەن ویژدانی مرۆڤدۆستی سەر ئەم زەمینە.. گوێتان لێبێت !!! ئایا ئەمەی بەسەر ئێمەدا هاتووە و لە ئێمە کراوە و دەکرێت لە کاتی ئێوەدا یان لە کاتی باو و باپیرانتان‌دا توخوا ڕووی داوە؟

دەسا توخوا.. هەر هەموو ئەمانە بۆ منداڵەکانتان بگێڕنەوە... پێیان بڵێن.. با ئەوانیش بۆ منداڵەکانی خۆیانی بگێڕنەوە و ئەوانیش بۆ منداڵەکانی نەوەی دواتر... کە ئاوا لە خاکێک و نەتەوەیەکی سەر ئەم زەمینە کراوە کە پێی دەڵێن "کورد و کوردسان."

هاو هۆزەکەم... توو پاک و بگەردی پیران و پێشەوایانی ڕێگەی ڕاست خوازان... پێم بڵێ بۆ بێدەنگ بوویت بۆ؟ دیارە باسەکانم کاری تێکردوویت... دە توخوا ئەو دیواری بێدەنگیە بڕوخێنە و دەست بدە دەستم و گوێم بۆ ڕادێرە...

هەرگیز مەڵێ گشت ڕێگەکان بەستراون و پڕ مەترسییە و ئەمە دوا ڕێگەیە پێدا دەڕۆم.

گەرچی ئاسمان ئێستە ڕەش و تاریکە و هەوری چڵکن بەری ساماڵی شینی جوانی گرتوە ...

ئەو ڕۆژەی هەمووان بەتەما و هیوایین بێشک هەر دێت و دێت ...

بیروبۆچوونەکانمان، هەنگاوەکانمان دەنگەکانمان دەنگدەدەنەوە، بە دەنگی زوڵاڵی ئێمە دوژمن دەتۆقێت، ئێمە هەین و لێرەین و هەر دەمێنین... ئێمە گۆرانی بۆ ئازادی و

سەربەستی و سەربەخۆیی و یەکسانی و بۆ خۆشەویستی دەچڕین...

دەزانم هەستت بزواوە و غیرەتولآت تێدا هاتۆتە جۆش... با هەموو ئەوانەی چوون لە ڕێی شەرەفمەندیدا بکەینە سومبول و چرای ڕێگەی تێکۆشان و ژیان و یەکتر قبوولکردن...

ئەمجا هاوهۆزە بە وەفاکەم... ئەز گیانم یەکپارچە پڕ لە هیوایە... لە ناو ئەو ئاسمانەی کە هەوری ڕەشی چڵکن سایەقەی داپۆشیبێت ... من خۆری پڕ هیوا و ئومێد دەبینم... تەم و مۆژ و هەوری چڵکن دەڕەوێنێتەوە... ئاسۆی سوور گەڕاڵ بە خوێنی شەهیدانمان ڕۆشنە و هاوارمان لێدەکەن بۆ باوەڕ نەکردن بە دووژمنانمان، بۆ یەکگرتن و یەک دەستی و یەک هەڵوێستی و یەکتر قەبووڵکردن...

دەبینم شەهێن و باز و هەڵۆ بەرزەفڕەکان شاپەڕی توانا و هێز لێدەدەن و بەرەو چیا سەرکەش و بڵندەکانمان لە شەقەی باڵ دەدەن... قاسپەی کەوە خۆشخوانەکان لەم کەل بۆ ئەو کەل، لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ لەسەر ئەو گاشە بەردانە بە دەنگیان خەبەردارمان دەکەن و مۆژدەی ڕۆژێکی نوێمان پێدەدەن و دەڵێن ئیتر بەسیە خەو، بەسەرچوو شەو، ماڵاوایی لە تاریکی کەن، بەخێرهاتنی ڕۆژێکی نوێی بەڵێ نوێ، ڕۆژێکی پڕ لە هیوا و سەرکەوتن کەن.

ئەی نەت بیستوە کە وتراوە، هەموو شەوێک ڕۆژێکی ڕووناکی بەدوادا دێت..

ئەی هاوهۆزە دڵسۆز بە خاکەکەم .. پێویستە هەر لەگەڵ یەکەم زەڕتای گزنگدا ڕاپەڕین و دەست دەیتە دەستم.... سوێندم بە هاوڕێیانی ئاوارە، بە ماڵ و حاڵی خاپوور و سووتێنراو، بە خوێنی ئاڵ و گەشی شەهیدانی بێ گۆڕ و کفن. سوێند بە خاکی پارچە پارچە کراوم، بە میللەتی هەر بەشە لە لایەک سوێند بە پێشەوایانی خۆبەخت و گیان فیداکار، سوێند بە شاخ و چیا و گا بەرد و بن ئەشکەوتان، کە تێیاندا نییە خوێنی تاکێکی ئەم میللەتەی تێدا نەڕژابێت و نە پژابێت...

دەبی هەر بەو هیواوە ئەم هۆزە سەرگەردانە بگەڕێتەوە سەر لانە شێرانە سەر بڵندەکەی خۆی کوردستان... بەڵێ ئەو کوردستانەی چەند کیمیای وەشان و ئەنفال و ڕاگوێزان و کاوڵکاری و تاوانی تێدا ئەنجام درابێت و بدرێت، هێندەیتر ڕەگ و ڕیشەی بە قووڵایی و ئەستوورایی زوقمستانی تاوانەکاندا ڕۆ دەچێت.

هەردەم دەنگی زوڵاڵی ئەو پێشەوایانە و سیمبولانەی گیانیان بەخشی لە پێناو خاک و گەلدا دێتە گوێم و پێمان دەڵێن.....

**بۆ شارەکەم سەردەشتی سەرسەوز**

**هەرگیز باوەر بە دووژمنەکانتان مەکەن و یەکگرتووبن و پێویستە لە بەردەم تۆفانەکاندا خۆڕاگر بن و یەک هەڵوێست وەک سەدێکی پۆڵایین بنوێنن**

***ڕۆژێک لەسەر هۆلۆکۆست و ڕەشەکوژی ئەرمەنەکان شتێکم خوێندەوە، هێند کاریگەر بوو لەسەرم کە ڕایکێشامە سەر نووسینێکی وەک ئەو شێوەیە و باسەکەمی پێ بە پێزتر کەم. چونکە میلەتانی ستەم دیدە هەر هەموو هاوخەمن .**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٠**

---

## ئەو ئێوارەیەی کە شارەکەم "سەردەشت" زامی هەڵگرت



**عەزیز شێخانی**

**سەردەشت یەکێک لەو شارانەیە، کە هێشتا بە گەورەیی کارەساتەکە نەناسراوە و لە ژێر باری قورسی تەم و مژی سیاسیی دەوڵەتە دزەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا ئەو کارەساتە پووش بەسەرکراوە. لە ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ هەتاویدا (٢٨ی ژوئەنی ١٩٨٧ زایینی)، شاری سەردەشت زامدار دەکرێ و بە چەکی شیمیایی پەلامار دەدرێ.**

**پێشکەشە بە قوربانییەکانی ٧ی پووشپەڕ**

**ژیان گەڕانە و گەڕانیش ژیان، بەڵام تۆ بڵێی هاوار، شەڕ، وێرانی و کۆچ چی بن؟ ئەوانەی کە لە منداڵدانی دایکیانەوە و لە سەرەتای ژیانەوە گوێیان بە دەنگی ماڵوێرانکەری شەڕ ئاشنایە، پاش لە دایکبوونیان چاو و بیریان وردتر لەو**

کارەساتانە دەڕوانن، کە لە دەوروبەریان ڕوودەدەن. مردنی بە کۆمەڵ و قڕکردنی کۆمەڵە خەڵکێک لە نهێنیەکانی ژیان و چیرۆکە هەردەم سەوزەکانی مرۆڤایەتین. مرۆڤەکان زۆرجار لە بەرگی مرۆڤدا دەبنە ئەو گورگانەی، کە بۆ ڕژاندنی خوێنی مرۆڤەکانی دیکە لە پشت چیاو و لوتکەی ژیان و ئاوەدانیەوە لورەیان دێ. ئەوان تینوی خوێن و دەسەڵاتن و بۆ گەیشتن بە ئامانجە گڵاوەکانیان پێویستیان بە قوربانی و سووتەمەنی هەیە. لورەی مرۆڤە گورگەکان بۆ وێرانیی و ئاگرنانەوەیە و بە هەرزمان و دەنگێک بدوێن، ئاوازیان تەنیا مانای کوشتن و قەڵاچوکردن دەدا.

تۆپی زەوی سووڕدەخوا و هەرجارەی ڕەوەگورگێکی دڕندە بە ناوی جیاواز و لە ژێر دروشمی ڕەنگاوڕەنگدا بۆ قەڵاچۆکردنی مرۆڤەکان پلان دادەڕێژێ. لە کەرتی ڕەشی ئەفریقاوە هەتا دەگاتە ئەمریکای لاتینی ژێر چەکمەی سیاسەتی کۆلۆنیالیزم، لە هیرۆشیمای ژاپۆنەوە هەتا دەگاتە شارەکەم "سەردەشت" و دەستەخوشکەکەی هەڵەبجە، هەموویان خاوەنی سەدان ڕووداوی جەرگبڕ و تاسێنەرن.

لەو کارەساتانەدا مردن ئەو ڕەمزە نییە، کە چاوەکانمان نەیبینی، بەڵکو باڵای مەرگ و سیمای مردن لە سەر شەقام و کۆڵان و تەنانەت لە چوارچێوەیماڵەکاندا پیاسە دەکا. ڕۆژانێک هەن، کە مەردن بۆنی دێ و گۆڕستان بانگی دیدار و کۆبوونەوە دەکا. ئەو ڕۆژانەن، کە مردن دەبێتە تەختەڕەشەی قوتابخانەی ژیان و مرۆڤیش دەبێتە ئەلفوبێی نووسین. مێژووی مرۆڤایەتی پڕن لەو کارەساتانەی، کە ئاسمان لە هەژمەتی ژان و ئازاریان خۆی هەڵدەپازێ و لە ئاسۆی بوونیدا ئاخی هەتا سەری هەڵدەکێشێ.

ئێوارەیە و هێدی هێدی خەریکە سێبەر شۆڕدەبنەوە. کرێکاران لە سەر چاخواردنی عەسرانە هەستاونەوە و وەستا هاواری کەرەستە دەکا. میوەفرۆشەکانی شار خۆیان بۆ ئێوارەبازاڕ ئامادە دەکەن و لە شەقامی سەرەکی شار داشقە و چەرخی تایبەتیان داناوە. ژمارەیەک لەو میوە و سەوزەفرۆشانە ئاوڕشێنی دەوروبەری شوێنگەی خۆیان دەکەن و دەنگیان بۆ هاواری ئێوارە بازاڕ ساف دەکەن. ماوەیەکە دەرگای قوتابخانەکان داخراون و لە ژێر تیشکی خۆرەتاودا منداڵانی گەڕەکەکانی شار دەستە دەستە بەرەو پارکی شار شۆڕ دەبنەوە،

تاکو لەو شوێنە بەرتەنگ و پڕ لە هەرایەدا ڕۆژگاری منداڵانە و لاوەتی بە خۆشی تێپەڕ بکەن. بەشێک لە منداڵ و مێرمنداڵان لە دەوروبەری پارکی شار وێڕای بە سەربردنی کات خەریکی فرۆشتن و بە کرێدانی کەل و پەلی یاری منداڵانەن. مزگەوتەکانی شار خەڵک بۆ کۆبوونەوە لە دەوری یەک بانگ دەکەن و دەرگایان خستۆتە سەر پشت بۆ ئەوەی باوەڕداران نوێژی عەسرانەی خۆیان بکەن. ژنانی گەڕەکەکانی شار لە بەردەرگای ماڵەکانیان خەریکی دوان و قسەکردن لە گەڵ جیرانەکانیان و چاوەدێری منداڵەکانیان دەکەن. سەرچاوی شار لە ئێوارەدا شوێنی کۆبوونەوەی بەشێک لە

پیاوانە و خوڕەی ئـاوی سەرچاوە سرنجی ڕێبـواران بـۆ لای خـۆی رادەکێشـێ، کە بـە دوو جۆگەی تەنیشت شەقامی سەرەکی شاردا دەکشێن. لە کاڕێژی شار دەنگی چەند خاوەن ماشێنێک دێ، کە بە دەنگی بەرز هاوار دەکەن مەهاباد سەواریی. مەلای نەترس،

مەلا باقی لە سەر شەقامی شـار پیاسە دەکـا و لـە کۆنجێکـدا نوشـتوو بـۆ خوازیـارانی دوعـا و چاکبوونـەوە دەکـا، بێخەبـەر لەوەی ببێتە خۆراکی کارەساتێکی شاراوە. حەمە، ئەو پیرە پیاوەی بە بەقە ناسرابوو، لە تەنیشت سەرچاوەی شار لـە گـەڵ چەند کەسێک لە خاوەن دوکانـدار و پیـاوە بـە سـاڵداچووەکاندا خـەریکی گەمە و شـەڕەجنێو و گوچـان هاویشـتنە. ژنـی بـە ساڵداچوو، عەبـداڵی لـە دەوری پـارکی شـار هـاتوچۆ دەکـا و لـە یـادی کـوڕە لـە دەست چووەکەی دا هـاوار و گـازنـدە دەکـا. ئەحمەد شەریفی، ئـەو پیـاوەی کـە سـەردەمێک لـە دوڵتانچـک کـاری جـۆلایی دەکـرد، ئێسـتا لـە کـۆلان و شـەقامەکانی شـاردا دەگەڕێ و بە دەنگی بەرز هـاوار دەکـا، زەلام، زەلام ئـەوەتـا زەلام... لـە بـەردەم پـادگـانی شـار و لـە راستەی شەقامی شـار مینە بێتوشی بە بڵێنـدگۆی دەسـتی هـاوار دەکـا و پەیامەکـانی بـە نـاو فەرمانـداریی بڵاودەکاتـەوە. لـە شـەقامی میوەفرۆشـان محەممـەی عەباسـی بـە دەنگـی بـەرز هاواردەکـا و پـەیامی هـەراجکردنی فـەڕش و بـەڕە بـە گـوێی بیسـەران و ڕێبـواران دەگەیەنێ...

گەڕەکانی شار لە سەمای خۆشی ژیاندان، بـەڵام سێبەری نەهامەتی شەڕی دیکتاتۆرەکـان هێشـتا هـەر مـاوە. کەنەکـە سپی، وەک مەیتێکی مۆمیای کراو رووبەڕی شار درێژ بووە و لە سەر پشتی ئەو تەرمە چەند ناوەندێکی چەکی قـورس و تۆپخانـەی ڕێژیم مۆڵیان خواردوە. شار چارەی قورسی پادگانی ناوێ، کە هـەر چواردەوری بـە چەکی دژی ئاسمانی و تەلبەنـدکراوە و وەک سێبەری سـەرکوت بـە سـەر شـان و پیلـی شـار قورسـایی دەکـا. گردەسـوور لـە داخـی مۆڵخـواردنی نـەیارانی گـەل و دژی گەلییەکان لە سەر تروپک و بەرزاییەکی، نێوچاوانی سوور هەڵگەڕاوە و پڕ بە سـەختی گاشەبەرد و ڕقنـەکانی لـە نـەیاران بێزارە. شێوەبرایمە و گەڕەکەکانی نێزەڕۆ زۆر لە مێژە کانگای چاوەکانیان تەقیوە و گۆڕستانی شەهیدان و دوڵتـانچکیش لـە ژێر بارانی بۆمب و ناپاڵمەکاندا جەستەیان خاراوە. گفەی بـای ئێـوارە پـڕە لـە هەسـت و نهێنـی و گـژ و گیـای وشکە بـووی پووشپەڕ لە سەر باڵەکانی بای شەماڵ بە ئاسمانی شـاردا دەسووڕێنەوە و بەشێکیان پـەڕیوەی دۆڵ و شیوەکانی دەوروبـەری شار دەبن. ئێوارە پڕە لە جموجۆڵی ژیان و بۆن و بەرامەی سەوزەلانی شاری داگرتووە.

لە ژێر دەواری ئاسمانی ساماڵ و تۆزگرتوودا، ئەو ئێوارەیە دڵم تەنگە و لە پەنـای ئارەقەهەڵڕشتندا پەنجەی خـەیاڵم لـە دەرگای کۆشکی بیرەوەریەکانم دەدا. کۆشکی بیرەوەریەکانی مێرمنداڵێک پڕە لە ژان و ئـازاری ژیـان. لـە ١٤ی سـەرماوەزی ١٣٥٦ دا هـاتنی تـانکەکانی ئەرتەشی شاهەنشاهی بۆ سەر شەقامەکانی شارم دێتەوە بیر، کە کوێرانـە کەوتبوونـە ویـزەی خـەڵک. ئێوارەی ١٤ی سەرماوەز پـڕ بـوو لـە بـۆنی بـاڕوت و دوکـەڵ و پـەیامی خـەم و کۆست، بـەڵام لـە پێنـاوی رووخـانـدنی نیزامی

پاشایەتیدا بوو. تەسلیمبوونی ئەرتەشی شاهەنشاهی لە سەردەشت و قۆناخی سەرکەوتنی شۆڕش و بۆمباران و تۆپباران کرانی شار لە لایەن هێزەکانی ئێران و عێراق و کۆچی بە کۆمەڵی دانیشتوانی شارم بۆ چەند جار بە خێرایی هاتەوە بەر چاو. شەڕی پێشمەرگە و هێزەکانی ڕێژیم لە نێو شار و دەرەوەی شار هەموویان لە خانەی تایبەتی کۆشکی بیرەوەریەکانی مێرمنداڵێکدا کۆبوونەوە، کە بەرامبەر بە چارەنووسی نەتەوە و خاک و نیشتمان خۆی بە بەرپرس دەزانێ. منداڵێک، کە کەلوپەلی یاریەکانی بریتی بن، لە فیشەک و نارنجۆک و گوللە خۆمپارە و مینەکانی دژی نەفەر و جۆری تفەنگەکان بێ، مەگەر دەکرێ کۆشک و تەلاری بیرەوەرییەکانیی بە دوور بێ لە وێرانی و شەڕ؟

لە جەرگەی ئەو جوڵە و خەیاڵانەدا بوو، کە فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراقی بۆ لێدانی بۆمبەکانیان خۆیان شۆڕکردەوە و نێوەڕاستی شاریان پێکا. چاوەڕوانی بەردەوامبوونی بۆمباران بووین، بەڵام تەقینەوەی بۆمبەکان لە گەڵ ئەوانی رابردوو جیاوازیان زۆر بوو. دەنگی ئەو بۆمبانە کپتر بوو و دوکەڵێکی سپی و زەردرەنگ بەرەوە بەرزای ڕوومەتی شار بەرزبۆوە. هێشتا چەند خولەکێک تێنەپەڕیبوو، کە بە هاوکارێکم گوت ئەو بۆمبارانە شیمیاییە و بۆنی دێ. لە ساڵانی رابردوودا زۆرجار لە دەیان میتری شوێنی بۆمب و ناپاڵمەکان بووین، بەڵام هەرگیز بۆنێکی لەوجۆرەمان بەرلوت نەکەوتبوو. جوڵەی شار وەستا و بێدەنگی و هاوار تێکەڵ بە یەکبوون. لە گەڵ ئەوەی هەستم دەکرد، کە گازی خەردەل رەنگێکی مەیل و زەردی هەیە، بەڵام بۆ دڵنیابوون لە ئازارەکانی ئەو رووداوە لە شوێنی کارەوە بەرەو شەقامی سەرەکی شار و گەڕەکی سەرچاوە وەڕێکەوتم. تا نیزیکتر دەبوومەوە هاواری ماڵوێرانی بەرزتر دەبۆوە و خەڵکێکی زۆر پاش ئاگاداربوون لە بۆمبارانی شیمیایی ڕێچکە و ڕێگای دەرەوەی شاریان دەگرتە بەر. لە سەر یەک زانیاری لە سەر چۆنیەتی بەرگریکردن بەرامبەر بە چەکی شیمیایی کەم بوو، بۆیە هێندێک کەس لە پاش لێدرانی شار و وێرانبوونی ماڵەکانیان هەوڵیان دەدا بە کۆڵ بارگە و بنەی خۆیان بگوازنەوە. کارەساتەکە لەوە گەورەتر بوو، کە مرۆڤ ئەو کات بە چاوی خۆی دەیدی. وەک مێرمنداڵێکی عەوداڵ بە دوای رووداوەکاندا سەردانی شوێنی بۆمبەکانم کرد، بەڵام خەڵکێکی کەم و بە دگمەن لە شەقامەکانی شار دەبینران. لە گەڕەکی سەرچاوە پیرە پیاوێک و پیرێژنێکم بینین، کە خەریکی راگواستنی نوێنەکانیان بوون، کە لە جاجمەیەکی رەنگاورەنگدا پێچرابوون. هاوارم کرد، بێجگە لێرە لە کوێی دیکەی داوە. پیرە پیاوەکە هەڵوێستەیەکی کرد و گوتی لای فەرمانداری. رێگەی خۆمم گرت و بەرەو لای فەرمانداری چووم، کاتێک چاوم بە شوێنی بۆمبەکان دەکەوت، بە رواڵەت وێرانیەکی زۆریان بە دیاری نەهێنابوو. لە نیزیک فەرمانداری حەشیمەتێکی زۆری لێبوو، کە لێیان نیزیک بوومەوە سەدان بریندار ی چەکی شیمیایی بوون کە لە بەر نەبوونی جێگا و ڕێگا لە هەوای ئازاد و لە ساڵۆنی تایبەت بە وەرزشی شار خەوێندرابوون. نیشانە سەرەتاییەکانی ئەو رووداوە زۆر ترسێنەر نەبوون، بەڵام هێدی هێدی گازی خەردەل کاری خۆی دەکرد و رێژەی قوربانییەکان زیاتر دەبوون.

پاش سووڕخواردنێک زۆر لە دەوری بریندارەکان و رامان لە ژیان رێگای ماڵەوەم گرتە بەر. شەقامەکان چۆڵ بوون و تەنیا

جریەوەی چوێلکە و هێندی باڵندی دیکە و جار و بار دەنگی ماشێنێک رایاندەچڵەکاندم. بۆنی گازی خەردەل هەر بەردەوام بوو، بەڵام لە کاتی لێدانی بۆمبەکاندا گڕە بایەکی توندی هەڵیکرد، کە بوو بە هۆی بڵاوکردن و دوور خستنی خێرای گازەکە لە سەر ئاسمانی شار. بە تەنیشت گۆڕستانی شاردا تێپەڕیم و وردە وردە لەماڵەوە نزیک بوومەوە. گەورەساڵەکان تاسابوون و منداڵەکان هێشتا لە خەمی گەورەکان تێنەدەگەیشتن. لە گەڵ ئەوەی مردن بۆی هەبوو میوانی هەر ماڵێک بێ، بەڵام ژیان لە تەواوییەتی خۆیدا ئاوێتەی مەردن ببوو. منیش سەرەڕای مەترسیداربوونی دیدار و دیتنی شوێنی بۆمبەکان، هێشتا لە خەمی ئەوەدا بووم کە بەیانی جارێکی دیکە سەردانی ئەو شوێنانە بکەمەوە. ئەوە سوننەتی ژیانە، کە مرۆڤ لەو تەمەنەدا کەمتر دەچێتە قوڵایی مانای مەرگ و ژیان و مەترسییەکان وەک هەن تێناگات. گەڕەک و بە گشتی شار لە باوەشی گردەسووردا لە سووکە خەوی سەفەر بەرەو گۆڕستاندا بوون. تاریکی باڵی کێشا بە سەر ئەو مەڵبەندەی، کە چەند کاتێک پێشتر لە لایەن نوێنەرانی ئەهریمەنەوە کەوتە بەر هێرش و پەلاماری گازی خەردەڵ و بە چەکی قەدەغەکراو پێکرا.

لە تاریکی شەودا هاواری زامەکان زیاتر دەبیستران و گەورەیی کارەساتەکە تا رادەیەکی بۆ خەڵک روون بیۆوە. ئەستێرەکانی لە سەر تەختەی سینگی ئاسمان دەدرەوشانەوە، کە بە رێژەی تروسکانەوەی ئەو ئەستێرانە پرسیاری بێوەڵام لە ئارادابوون. لەو شەوەدا کێ بوو وڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، کە ببێتە مایەی ئارامکردنەوەی دڵی ئەو بنەماڵانەی کە زۆربەی ئەندامانیان لە دەستدابوو. کام هێزو ئیرادە لەوساتە وەختەدا، بۆ زامی هەزاران زامدار خاوەنی چارەسەرە. هەڵپروکانی گوڵی ژیانی سەدان کەس و ژاکانی گوڵی هیوای سەدان بنەماڵە کۆستێکی هێندە کەم و سانا نییە، کە مرۆڤ و تەنانەت مەڵبەندێک بە ئاسانی پشتگوێی بخات. هەڵپرووزاندنی مرۆڤە بێتاوانەکان و بە تایبەت ژن و منداڵ و بە ساڵداچووەکانی نەتەوەیەک، لە بەردەم مرۆڤایەتی بە دروشم خاوەن هەڵوێستدا،

**زەبرێکی بە ژانە، کە زۆر جار نیشتمان و نەتەوەیەک دەهەژێنێ.**

کزەبایەکی نەرمی هاوین دڵەماندوەکەی شار باوەشێن دەکا. دارستانی گۆڕستان بە دەم کزەبای هاویندا، پرچی رنراوی شۆڕدەکاتەوە. لقی دارەکان لە خەمی قوربانییەکانی ئەمجارەدا لە سەر پشت وەستاون و لە گەڵ نەرمە بای شەو خۆیان رادەژێنن. روحی خەوتووی کۆچکردوەکان لە گۆڕستاندا شڵەژاون و بۆ زگ سووتانی شار بە پەرۆشن. شینی بە کۆمەڵ زۆر ماڵی هەژاندووە و بانگی مزگەوتەکان لە سەر یەک دەرمانی دەردەدارانی ئەو شەوە نییە. لە جەرگەی شەودا هاوار و بانگەوازی تایبەت بڵاودەبێتەوە، کە هانی دانیشتوانیی شار دەدا، کە بۆ کەمکردنەوەی شوێنەواری گازی شیمایی پێویستە جل و بەرگ و لەشیان بشۆن. شارو ژیانی دانیشتوەکانیی لە تەنگەبەری شەوە پڕ لە ژانەکەدا بەرەوە ئامێزی بەیانیەکی پڕ لە فرمێسک و رۆژێکی خەماوی دەڕون. لە یەکەم چرکەساتەکانی بەیانییدا هەواڵی زۆربوونی رێژەی شەهیدەکان رومەتی گەورەساڵانی پڕ لە چین و رق دەکرد. لە مردووشۆرەکەی لای مزگەوتی سەرچاوەی شار هەتا گۆڕستانی داوێنی گردەسوور

ڕێگا و شەقام لە بەردەم قوربانیەکاندا بێدەنگ ڕاکشاون. تەرمەکان زۆرن و بەشدارانی بە خاکسپاردنی شەهیدەکان شەکت و دڵشکاو. دەفەژەنەکانی شار هاوڕێیەتی شەهیدەکان دەکەن و هەتا سەر گۆڕستان بە قامکی دەستەکانیان دەنگ و سۆزی بێتاوانەکان بە گوێی سروشت دەگەیەنن.

شاری بسکی سەوزی ئاڵۆسکاوە و ڕوومەتی زەرد هەڵگەڕاوە. سەرچاوەی شار پڕ بە گەرووی هاواری خنکانی شار دەکا و لە ژانی ئەو کارەساتە سەری خۆی هەڵگرتووە و بە قەدی شاردا تێپەڕ دەبێ، بۆ ئەوەی هەواڵی ئەو کۆچە بە کۆمەڵە بە دۆڵ و چیاو و کەڵوێی سنوور شکێن بگەیەنێ. کۆچی ناچاری و کورتماوە هانی دانیشتوانی شار دەدا، کە بۆ هەستانەوەی سەر لەنوێ و کۆکردنەوەی تواناکان دەستەوداوێنی گوند و ناوچەکانی دەورەبەری سەردەشت بن. تەپوتۆزی زەردهەڵگەڕاوی سەر شەقام و بانەکانی شار ژەهراویە و بۆنی مەرگی لێدێ. مەرگ ئیدی ئەو نهێنییە شاراوە نییە، کە جار و بار سەر بە باوەشی بنەماڵەیەکدا دەکا، بەڵکو لە ڕوناکی ڕۆژ و تاریکی شەودا و لە کۆڵان و شەقامی شاردا ئامادەیە. سام و ترسی مەرگی شاراوە ژیان دەخاتە لەرزین و قەلافەتی مرۆڤ دەخاتە ژێر پاڵەپەستۆی دڵەڕاوکە و ترسی گەورە. لە پانتایی شاردا دەگەڕێم و پرسیاری بۆچی و لە پێناوی چیدا، لە سەر لێوەکانم لەدایک دەبن و بە هێواشی لە تارمایی بیرەوەریەکانمدا ون دەبن. هەواڵی کارەساتەکەش لە بێدەنگی سەردەمدا کپ دەکرێ و لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی ناوچەدا گرینگی پێنادرێ. چارەنووسی کورد وایە، کە بە بێدەنگی لە ژێر پاڵەپەستۆی مێژووی گورگەکانی سەردەمدا گیانی لێ بستێندرێ و سروشت و ژینگەکەشی لێ بسوتێندرێ.

لە کاتێکدا سەردەشت خەریکی وەسەرپێکەوتنەوە بوو و هێشتا لە ژێر باری گران و قورسی گازی خنکێنەر پشتی ڕاست نەکردبۆوە، لە بەرزاییەکانی دووپەزەڕا بە کاتیۆشا ئاورباران کرا. شەڕی دیکتاتۆرەکانی جەماران و بەغدا لە ساڵەکانی کۆتایی خۆیدا بوو، هەر بۆیە شەڕی شارەکان و لێدان لە خەڵکی بێدیفاع زۆر پەرەی گرتبوو. سەردەشت لەو شەڕەدا پشکی شێری بەرکەوتبوو و بەردەوام لە ژێر ڕهێڵەدا بوو.

گورگەکانی تاران و بەغدا بۆ تێرخوێنکردنی هەست و ویستی دڕندانەیان پەنایان بۆ هەموو چەکێک دەبرد و کوشتنی خەڵکی سیفیلیان وەک تاکتیکی پاڵەپەستۆخستنە سەر یەک دەکار دەهێنا. لە نیشتمانێکدا کە مرۆڤ خۆی ئاوارە و داگیرکەر خاوەنی ماڵ و بڕیاردەرە، پاراستنی گیانی مرۆڤەکان نرخی نییە. لەو وڵاتانەدا مرۆڤ بە کۆیلە دەکرێ و ئازادی بە ڕۆژی ڕوناک لە بەردەم چاوەکان لە دار دەدرێ و مافی مرۆڤ بە پیلانی ڕۆژئاوا پێناسە دەکرێ. هەربۆیە لە قۆناخی سەرەتادا بۆ بریندارەکانی ئەو کارەساتە و تەنانەت قوربانییەکانی دیکە خزمەتێکی دەرمانی و ڕاگواستن پێشکەش نەکرا، کە شیاوی ئەو خەڵکە زوڵملێکراوە بێ. کاروانی شەهیدە کانی ٧ی پووشپەڕ هێشتا بە ڕێگاوە، چوونکە شوێنەواری ئەو چەکە دەکار هاتوە هێشتا گیانی مرۆڤەکان دەستێنێ.

سەردەشت، قوربانیەکی زیندووی چەکی کۆمەڵکوژە، کە لە کوردستان و ناوچە و جیهاندا هێشتا وەک پێویست باسی نەکراوە. هیوادارم پاش رمانی قەڵای زۆرداری لە تاران، لە پێناوی قەرەبووکردنەوەی زیان و ئازارەکانی ئەو کارەساتە کاری جیددی بکرێ. بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتوو لە گەڵ رابردوو نامۆ نەبن، جێگای خۆیەتی ئەو کارەساتە ئەوەندەی دەلوێ بە دۆکومێنت بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٠

---

## لە یادی بیست و سێ ساڵەی شیمیابارانی شاری سەردەشت.



حاجی حوسێن حەدداد

هۆشارەکەم، سەردەشتەکەم، بەهەشتەکەم
ئەتۆ لانکی ئەوینم بووی
تۆ تاسەو خۆشی ژینم بووی
تۆ سەنگەری ڕێی ئازادی و
تۆ هەتوانی برینم بووی
لە ساڵانی دەربەدەریم
لە ژیانی پڕکوێرەوەریم
بە دەیان جار یادم کردووی
بە کوڵ فرمێسکم بۆ ڕشتووی

سەدان خەونم پێوە دیوی
لە خەونم دا ڕام مووسیوی
پەسنی ڕەز و باخ و گوندم کردووی
ناوی چەم و چیاو لووتکەم بردووی
شێعرم بۆ باڵات چڕیوە
پەخشانە گوڵم بۆت چنیوە
گەرچی شادیت قەت نەدیوە
بۆشینت یەخەم دادڕیوە
بۆکارەساتی کتوپڕ
شیمیابارانی جەرگبڕ
بۆتم گێڕاوە گەرمە شین
سۆرانیم بە خم کردووە شین
ئێستاش بۆیادی شێواوت
باڵای شێمیا لێدراوت
لە دوای سەدان مانگ و حەوتووان
دوای هەزاران ڕۆژو شەوان
برینت گیانم دەهەژێنێ
یادت مێشکم دەوروژێنێ
تەمەن سەرکەوت بە ژانەوە
بە دەردی بێ هەتوانەوە
خۆم پیر بووم تۆلام هەرجوانی
بەهەشتی گشت کوردستانی
هیوادارم بتبینمەوە
لە کۆشتا بحەسێمەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٠

# لە یادی ٢٣ ساڵەی کیمیابارانی شاری سەردەشت کۆڕێک بە بۆ بەڕێزان شاخەوان شۆرش و دکتۆر حوسەینی خەلیقی



**با یادی شەهیدانی کارەساتی سەردەشت هەموومان بە تەبایی کۆبکاتەوە**

**چاودێری کوردۆساید - ناوەندی چاک لە دانمارک بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٢٣ ساڵ بەسەر کیمیابارانی شاری سەردەشتدا بانگهێشتی هەردوو بەڕێز شاخەوان شۆرش و دکتۆر حوسەینی خەلیقی کرد بۆ بەستنی کۆڕێک دەربارەی ئەو کارەساتە.**

**کۆڕەکە لە یەکێک لە هۆڵەکانی کولتورهوسی ڤالبیو لە نزیک شاری کۆپنهاگنەوە لە نهۆمی پێنجەم بە ئامادەبوونی هەندێک لە کوردانی ڕۆژهەڵات و باشور لە کاتژمێری ١٣:٣٠ی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٤ی تەموز بەڕێوە چوو.**

**سەرەتا بە دەقیقەیەک وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی شاری سەردەشت و تەوای گوندو شارەکانی تری کوردوستان دەستپێیکرد. دوابەدوای ئەو ڕێزلێگرتنە شاخەوان شۆرش دەتیکرد بە پێشکەشکردنی بابەتەکەی خۆی.**

**شاخەوان شۆڕش، کە بەکالیریۆسی لە زانستەکۆمەڵایەتیەکان و بەشی ڕامیاریدا هەیە و ئێستاش خەریکی دەرکردنی کتێبێکە لە سەرجینۆساید و مافی نەتەوەکان تیشکی خستەسەر لایەنە شۆڤێنیستی و سەربازیی و سیاسییەکانی ئەو کیمیابارانە لەلایەن حوکومەتی بەعسی شۆنییەوە لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٧دا، ئەم کیمیابارانە تەنها بەشاری سەردەستەوە نەوەستاوە بەڵکو گوندولادێکانی دەوروبەیشی گرتووەتەوە سەرجەمی قوربانیانی ئەو کارەساتە کۆمەڵکونییەی بە دەوروبەری ٥٠٠٠ لە نێوان کوشتارو برینداردا خەملاند.**

لە درێژەی باسەكەیدا كاكە شاخەوان باسی لەخەملاندنی یاسایی ئەو كارەساتە كردو ئاماژەی بەوە دا، كە ئەم هێرشە كیمیاییە بە كاری جینۆساید نەژمێردراوە بەڵكو بە تاوان دژی مرۆڤایەتی لە قەڵەم دراوە. هۆكارەكەشی ئەوەیە، كە ئەم هێرشە شۆڤێنییە لەكاتی جەنگی ئێران و عێراقیدا بەڕێوە چووە و لە گەڵ ئەوەشدا هیچ دۆكومێنتێكێ وا دەستنەكەوتووە كە نیازی ئەو ئەوكاتەی حوكومەتی عێراق بسەلمێنێ بە چ مەبەستێك ئەم كارەی كردووە. ، ئەمە بە بەراورد لەگەڵ ئەنفال و كیمیابارانی كوردوستانی باشوردا، كە دەیان و بگرە سەدان دۆكیومێنت دۆزراونەتەوە و هەمووشی ئاماژە بەوە دەكەن، كە ئەوانە بەمەبەستی پاكتاوی ڕەگەزی ئەنجامدراون جیاوازییەكەی جەوهەری هەیە.

لە درێژەی قسەكانیدا كاك شاخەوان باسی لە خۆلادانی دادگای باڵای عێراقی كرد لە بابەتی كۆمەڵكوژی و گەلكوژی بە هۆی هەندێك هۆكاری سیایسی ڕوتەوە.

لە دوای كاك شاخوان بەڕێز دكتۆر حوسەینی خەلیقی دەستی دایە بابەتەكەی خۆی و ئاماژەی بەوەكرد، كە بابەتەكەی ئەم بابەتێكی فەلسەفی، كۆمەڵایەتی و لەهەمانكاتدا مافناسییە. دكتۆر زۆر بە زمانێكی سادە و لە ڕێگەی كۆمەڵێك نمونەی زیندووەوە توانی تیشكێكی باش بخاتە سەر بابەتی ماف واتە مافی مرۆڤ. دكتۆر بە شێوازێكی فەلسەفی جوان و سادە، لە ڕوانگەی فەیلوسەفە كۆنە یۆنانییەكانەوە نمونەی سۆقرات و ئەرەستۆ ڕوونی كردەوە، كە چۆن مرۆڤ ناتوانێ مافی هەبێت و دەرك بە مافەكانی خۆی بكات ئەگەر ئەو مرۆڤە گیرۆدەی جادو و مەزهەب بێت. بوونی هێزێكی نادیاری بەناو خالیق، پاڕانەوە لەو هێزە و چاوەڕوانبوون لێی وەكو ڕزگاركەرێكی گلۆبی وا لە مرۆڤ دەكات، كە هەست بە بوونی خۆی نەكات چجای هەستكردن بە مافەكانی.

لەدوای ئەو باسە چڕ و بەپێزە پشوویەكی ١٠ خولەكی ڕاگەیێنرا، كە دواتر دەرگای پرسیار و گفتوگۆ كرایەوە بۆ ئامادەبووان. لە میانەی ئەو پرسیاروگفتوگۆیەدا ئامادەبووان بە پرسیارو موداخەلاتەكانیان ئەوەندەی تر كۆڕەكەیان دەوڵەمەندتر كرد و بابەتی جوان و بەپێزیان تیادا وروژاند.

چاودێری كوردۆساید - چاك ٤ی تەموزی ٢٠١٠

## با یادی شەهیدانی کارەساتی سەردەشت هەموومان بە تەبایی کۆبکاتەوە




لە کاتێکدا ئێمە یادی ٢٣ ساڵەی ئەو تاوانە دەکەینەوە، هێشتا مەرگەساتی سەردەشت نەبۆتە دۆزێک بۆ تاوانبارانی بەغدا، هێشتا بریندارەکانی ئەم شارە لە ئێش و ئازاردا دەژێن و چارەسەری پێویستیان بۆ نەکراوە، هێشتا ونبوەکان نەدۆزراونەتەوە.

***ئامادەبووانی خۆشەویست***
***نوێنەرانی پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان***
***کەس و کاری قوربانیانی شاری سەردەشت***

وەک هەموومان ئاگادارین ٢٣ ساڵ پێش ئێستا، لە بەرواری ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧ فڕۆکە مەرگهێنەرەکانی بەعس، کاتژمێری ٤،٣٠ سەر لە ئێوارە ژەهری قینی خۆیان بەسەر خەڵکی شەهید پەروەر و کورد پەروەری شاری سەردەشتی قارەمان و گوندی ڕەشە هەرمێ و دەوروبەریدا باراند, ٤ فڕۆکەی مەرگهێنەر، بەم تاوانەیان , زیاتر لە هە شت هەزار هاووڵاتی سڤیلی ئەم دەڤەر و شارەیان شەهید و بریندارکرد, چەندین خێزانیان لە بنەچەوە قەلاچۆکرد، تاکو ئێستا زیاتر لە ١٠٠٠ هاووڵاتی بونەتە قوربانی ئەو تاوانە نامرۆڤانە. ئەوەی لەم تاوانەوە زیاتر و زۆرتر بۆمان ئاشکرا دەبێت ئەوەیە، کە دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان بەلایانەوە کە کورد بکوژن، جا لە هەر بەشێکی کوردستان و شار و گوندێکی نیشتمانەکەماندا بێت، ئەوان دوژمنی هەموو گەلەکەمانن، جا لە باشور بێت یان باکور، ڕۆژهەلات بێت یان ڕۆژئاوا، جیاوازی و فەرقێکی بۆ ئەوان نییە.

لە کاتێکدا ئێمە یادی ٢٣ ساڵەی ئەو تاوانە دەکەینەوە، هێشتا مەرگەساتی سەردەشت نەبۆتە دۆزێک بۆ تاوانبارانی بەغدا، هێشتا بریندارەکانی ئەم شارە لە ئێش و ئازاردا دەژێن و چارەسەری پێویستیان بۆ نەکراوە، هێشتا ونبوەکان

نەدۆزراونەتەوە، هێشتا لە لایەن ڕەوەندی کوردی و لایەنە سیاسییەکان بە تایبەت لە خۆرهەڵاتی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە گرنگی بەم مەرگەساتە گەورەیە نادرێت، هێشتا سەردەشتییەکان بە تەنها یادی قوربانییەکانیان دەکەنەوە و لە شیندا بێکەس و بێ هاوڕێن.

ڕژێمی ئیسلامی ئێرانیش وەک داگیرکەرێکی دڕندە و دڵڕەقی ئەو بەشەی کوردستان، جگە لەوەی وەکو پێویست چارەسەری بریندارەن و پاشماوەی بەرکەوتوانی ئەو کارەساتەی نەکردوە، ڕۆژانە بە گرتن و زیندانیکردن و شەهید کردنی ڕۆڵەکانی ئەم دەڤەرە و چەوسانەوەی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی و ئەو ناوچەیە بەتایبەتی، سەردەشت و دەوروبەری جارەهای تر شەهید دەکاتەوە، بە جۆرێک لەبەر ئازار و سەرکوتی ئەم ڕژێمە دژ بە مرۆڤ و مرۆڤایەتییە، خەڵک تا ڕادەیەک ئازارەکانی کارەساتی سەردەشتی بیر چووەتەوە.

ماوەی چەند ساڵێکە ئێمە لە چاودێری کوردۆساید و چەند حزبێکی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک حزبی دیموکرات و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و سازمانی خەبات گرنگیمان بەم یادەوەرییە داوەو هەوڵمانداوە، ساڵانە یادێک لە قوربانیانی سەردەشت بکەینەوە، لە یادی ٢٣ ساڵەی ئەم تاوانەدا، داوا لە هەموو لایەک دەکەین، کە بۆساڵانی داهاتوو یادێکی گەورەو شکۆمەندانەتر لەو تاوانە و و لەو قوربانیانەمان بکرێتەوە ,کە شایانی گەورەیی یادەوەری ئەو کارەساتەکە بێت, ڕۆژی یادەوەرییەکە بکرێتە ڕۆژێک بۆ ڕسواکردنی دوژمنانی گەلەکەمان و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی کیمیاوی و هاوپشتی لەگەڵ داواکارییەکانی خەڵکی ئەم شارە و پاڵەپەستۆکردن بۆ کردنەوەی دۆسیەی ئەو تاوانە لە دادگای باڵای تاوانەکان.

جێگەی خۆیەتی هەر لەم بۆنەیەدا یادی کیمیابارانی گوندێکی ڕەسەنی شەهیدی تریش هەر بە کیمیابارانی ڕژێمی سەددام بکەینەوە، کە گوندی (زەردە)ی سەر بە شارستانی کرندی پارێزگای کرماشانە، لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٣١ی پۆشپەڕی ساڵی ١٣٦٧ دا فرۆکە مەرگوەشێنەکانی سەددامی دیکتاتۆر کیمیابارانی ئەم گوندە جوانەیان کرد و لە ئەنجامدا ٢٧٥ کەس لە خەڵکی سیڤیلی گوندەکە شەهید و ١١٤٦ کەسیش بریندار بوون.

تاوانی کیمیاباراکردنی شاری سەرەشت وەک لەدادگای تاوانباری بازرگانی مەرگ فرانس ڤان ئانرات لە وڵاتی هۆڵەند دیاریکرا بەتاوانی جەنگ ناونرا، هەردوو تاوانی نێونەتەوەیی جەنگ وتاوانی دژ بەمرۆڤایەتی لەخۆ دەگرێت، سزا نەدانی بکەرانی ئەم تاوانە نێونەتەوەییە تاوانێکی دیکەیە بەرامبەر بەخەڵکی ئەمشارە.

ئەم بەڵگەنامەیەی لامانە (لێرەدا بەڵگەنامەکە نیشانی ئامادەبووان دەدرێت)، کە بۆ یەکەمجارە بڵاوبکرێتەوە، ڕاپۆرتێکی

ئیستخباراتی عێراقییە و بۆ بەڕێوبەرایەتی گشتی ئیستخباراتی ئێراقی لە ٢ی ئابی ١٩٨٧ دا بەرزکراوەتەوە، راپۆرتەکە زۆر تایبەتی و نهێنییە و باس لە لێدانی شاری سەردەشت و دەوروبەری لە لایەن رژێمی عێراقەوە دەکات، هەروەها ئاماژە بۆ زیانەکان دەکات. دەکرێت بەم بەڵگەنامەیە لە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا یان دادگایەکی نێودەوڵەتی کەیسی سەردەشت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت و تاوانبارانی بە دادگا بگەیەنرێن تا سزای رەوای خۆیان وەربگرن.

خۆشبختانە لەکاتێکدا بەرەو یادی ٢٣ ساڵەی ئەم تاوانە دەڕۆین ,لەکۆنگرەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەشاری کەمپالای ئۆگەندا "٣١.٥ بۆ ١٠.٦",بەکار هێنانی چەکی کیمیاوی لەململانێ ناوخۆییەکان وەک تاوانی جەنگ پەسەندکرا، ئەمەش بە هەنگاوێکی گەورە بۆ مرۆڤایەتی دەزانین، بۆ قەدەغەکردنی چەکی کیمیاوی لە تەواوی جیهاندا، هەنگاوێکی مەزنە بۆ دوبارە نەبونەوەی (هەڵەبجەکان و سەردەشتەکان, شێخ وەسانانەکان و گۆپتەپەکان و زەردەکان، سوێیسنانەکان و...هتد لەئایندەدا .)

هەر لێرەوە گلەیی خۆمان لە هەندێک لە پارت و رێکخراوە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانمان دەردەبڕین، کە وەکو پێویست گرنگی بەم کارەساتە گەورەیە بۆ بە دادگاگەیاندنی تاوانباران و گەیاندنی دۆسییەکەی بە دادگای باڵای تاوانەکان لە بەغدا یان دادگایەکی نێودەوڵەتی نادەن. لە راستیدا بێدەنگی ئەوان لە ئاست ئەم دۆزە گرنگە و گرنگی نەدانیان بەم کارەساتە گەورەیە, مایەی نیگەرانی ئێمەو خەڵکی شاری سەردەشت و گوندی ڕەشە هەرمێ و تەواو قوربانیانی کۆمەڵکوژییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان, بۆیە داواتان لێدەکەین با هەموومان یەکگرتووانە ساڵانە بەرەو یادکردنەوەی کارەساتی قوربانیانی شاری سەردەشت، یادێکی وای ئەو تاوانە بکەینەوە، لە ئاستی گەورەیی تاوانەکە و ژمارەی قوربانیانی و تێکۆشەری و مێژووی پڕ لە شانازی شاری سەردەشتدا بێت.

بەڕێزان ئێمە ئەو لایەنانەی کە لەخوارەوە ناومان هاتوە و بە سازدانی ئەم مەراسیمە هەستاوین، لە هەموو لایەنە کوردی و ئێرانی و مرۆڤدۆستەکان، بەتایبەتی رێکخراوەکانی مرۆڤدۆست و ژینگەپارێزی جیهانی داواکارین، کە:

١- دۆسیەی ئەم کارەسات و تاوانە گەورەیە بگەیەننە دادگایەکی نێودەوڵەتی. بۆ سزادانی تاوانکاران و ئەنجامدەرانی ئەو کۆمەڵکوژییە گەورەیە.

٢- هەوڵدان بۆ کردنەوەی نەخۆشخانەیەکی تایبەت بە چارەسەرکردنی برینداران و بەرکەوتوانی ئەو کارەساتەوە لە شاری سەردەشت، کە تا ئێستاش بەدەست پاشماوەی برین و ئازارەکانی ئەو تاوانەوە دەناڵێنن.

٣- دروستکردنی مۆزەخانە و مۆنۆمێنتێک بۆ یادەوەری ئەو کارەساتە لە نێو جەرگەی شاری سەردەشت،

کە شایانی گەورەیی و ڕێزی شەهیدان بێت.

٤- قەرەبووکردنەوەی گیانی و دارایی (ماڵی) ئەو کەس و خێزان و بنەماڵانەی کە کەسوکاریان لەو کۆمەڵکوژییەدا تێداچوونە.

٥- برینەوەی موچە بۆ کەسوکار و بریندارانی کارەساتەکە و دابینکردنی ژیانێکی شایستە و گوزەرانێکی باش بۆیان.

هیوادارین ساڵێکی تر لە ڕەوشێکدا یادی ئەم کارەساتە بکەینەوە، کە هەموو کوردستان بە گشتی و ناوچەی سەردەشت و دەوروبەری بە تایبەتی لە کەشێکی ئازادی و ئاشتی و ئارامدا قەراری گرتبێت. دە با یادی کارەساتی سەردەشت و ڕەشە هەرمێ و زەردە و شوێنەکانی تر هەمووماں بە جیاوازی بیرو بۆچون و ڕەنگ و ئایدۆلۆژیاوە بە تەبایی و برایەتیی کۆبکاتەوە، تا ببێتە هاندەرێک بۆ ئەوەی جیاوازی و ناکۆکییەکانمان وەلا بنێین و لە پێناو چارەنوسی گەل و نەتەوەکەماندا بۆ یەک ئامانج، کە ئازادی و سەرفرازی کورد و کوردستانە، تێبکۆشین، تەنها بەمەش ڕۆحی شەهیدانی کورردستان شاد دەکەین.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی سەردەشت و تەواوی شەهیدانی کوردستان.

مردن و سەرشۆڕی بۆ ئەنجامدەرانی کارەساتی سەردەشت و دەوروبەری.

کۆمیتەی سویسی هەر یەک لە:

حزبی دیموکراتی کوردستان

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

چاودێری کوردۆساید - چاک

٢٧ی جۆنی ٢٠١٠

تێبینی: ئەم وتارە لە یادی ٢٣ ساڵەی ٢٧ی جۆنی ٢٩١٠

دا خوێنرایەوە...

سەرچاوە: سایتی هاوپشتی - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠١٠

## کیمیا باران کردنی سەردەشت، مەرگەساتێکی لە بیر نەکراو



**مادێح ئەحمەدی**

ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، لە گەرمەی شەڕی نێوان دوو ڕێژیمی دژە کوردی کۆماری ئیسلامی و بەعسی عێراق دا، شاری سەردەشت کەوتە بەر پەلامار و لە لایەن ڕێژیمی روخاوی بەعسەوە کیمیاباران کرا. لە ئاکامی ئەم کیمیا بارانەدا، زیاتر لە ١٠٠٠ کەس بوونە قوربانی و بەهەزاران کەسی دیکەش بریندار بوون.

مەرگەساتی کیمیاباران کردنی سەردەشت لە ساڵی ١٣٦٦ دا لە ئاکامی ململانێ و شەڕی ناڕەوای دوو ڕێژیمی بەعس و کۆماری ئیسلامیدا خوڵقا. بە واتایەکی دیکە سەردەشت لەو کاتەدا بووە گۆڕەپانی شەڕەکە و بەم جۆرە بووە قوربانی سیاسەتە شەڕئامێزەکانی دوو ڕێژیمی دژە کوردی بەعس و کۆماری ئیسلامی. هاوکات نابێ ئەوەش لە بیر بکەین کە ئەو کاتە شاری سەردەشت وەک گۆڕەپانێک بۆ ململانێ نێوان بەعس و کۆماری ئیسلامی زۆر مەبەستدارانە دیاری کرا بوو. ئەو کات هەر دوو ڕێژیمەکە بە جیا وەک هەمیشە بە توندی سەرکوتی بزووتنەوەی کوردیان هەم لە باشوور و هەم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرد، بۆیە بۆیان گرنگ بوو کە مەیدانی شەڕەکەیان کوردستان بێ. ئەمەش لە مێژوودا سەلماوە کە هەمیشە ئەو داگیرکەرانەی کە کەوتوونەتە شەڕ و کێشەوە لەگەڵ یەکدتر کوردستانیان کردۆتە مەیدانی شەڕی خۆیان و لەو نێوانەدا هەر کورد بۆتە قوربانی.

کارەساتی کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت لە ساڵی ١٣٦٦ دا بە پێی یاسای نێودەوڵەتی دەچێتە خانەی تاوان دژی مرۆڤایەتی و ژینۆسایدەوە. چونکە پاش جەنگی جیهانی یەکەم، لە ساڵی ١٩٢٥ دا بە پێی پرۆتۆکۆلی ژێنێف کەڵک وەرگرتن لە چەکی کیمیایی قەدەغە کرا. کەچی دوای ٦٢ ساڵ بە شێوەیەکی دڕندانە و بێ بەزەییانە و بەربلاو ئەم چەکە دژی خەڵکی بێ تاوانی سەردەشت بەکار هێنرا. جگە لەمەش کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت بە پێی بڕیارنامەی ساڵی

١٩٤٨ دەچێتە خانەی ژینۆسایدی سوورەوە و دەبێ ئەنجامدەران و خۆڵقێنەرانی تاوانەکەش لە دادگایەکی نێونەتەوەیی یان نێوخۆییدا سزا بدرێن.

بەرانبەر بە کارەساتی کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت، وڵاتانی جیهان و ناوچەکە بێدەنگ و بوون و هەڵوێستێکی ئەوتۆ نەهاتە گۆڕێ کە رێگا لە دوو پاتبوونەوەی ئەم جۆرە تراژێدیایانە بگرێ و هەر ئەم بێدەنگیەش بووە هۆی ئەوەی کە رێژیمی بەعس ساڵێک دواتر ئەم چەکە قەدەغە کراوە لە ئاستێکی بەرفراوانتردا دژی خەڵکی بێ تاوانی هەڵەبجە بە کار بهێنێ.

تا ئێستا کە چەندین ساڵ بە سەر ئەو مەرگەساتەدا تێدەپەرێ، لە هیچ دادگایەکی نێوخۆیی و نێونەتەوەییدا دۆسیەی کیمیاباران کردنی شاری سەردەشت نەهاتۆتە گۆڕێ، تا ئەوەی خۆڵقێنەرانی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە بە سزای خۆیان بگەیێندرێن.

ئێستاکەش کە چەندین ساڵ بەسەر ئەو مەرگەساتەدا تێدەپەڕێ، کاریگەری کیمیاباران کردنی ٧ی پووشپەڕ بە سەر شاری سەردەشتەوە ماوە و زۆرن ئەوانەی کە بە هۆی ئەو کیمیابارانەوە کەم ئەندامبوون و ئێستاش بە دەست ئێش و ئازارەوە دەناڵێن.

لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین کە دروستە وڵاتانی ناوچەکە و دەوروبەر بەرانبەر بەو مەرگەساتە بێدەنگ بوون و تا ئێستاش خۆڵقێنەرانی ئەم کردەوەیە لەم پێوەندییەدا بە سزای خۆیان نەگیشتوون، بەڵام بۆ هەمیشە یادی ئەو مرۆڤانەی کە رۆژی ٧ی پووشپەڕ بوونە قوربانی دەستی خوێنمژانی کورد لە دڵی هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەردا دەمێنێ و ئەو مەرگەساتە تاڵە لە مێژووی کورد دا لە بیر ناکرێ.

لە رێورەسمێکی تایبەت دا یادی بیست ساڵەی بۆردمانی شیمیایی سەردەشت کرایەوە
لە رێورەسمێکی تایبەت دا یادی بیست ساڵەی بۆردمانی شیمیایی سەردەشت کرایەوە
لە رێورەسمێکی تایبەت دا لە بنکەی دەفتەری سیاسی یادی بیست ساڵەی بۆردمانی شیمیایی شاری سەردەشت لەلایەن رێژیمی بەعسەوە کرایەوە .

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - رێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠١٠

## یادی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت لە ولاتی سویس بەرز ڕاگیرا



ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ - ٦ لە بنکەی کۆمەڵەی کوردان لە نزیک شاری ئاراو، کۆمیتەی سویسی هەریەک لە چاودێری کوردۆساید . چاک، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دێموکراتی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران یادێکی پڕ شکۆ بۆ بیستوسێ ساڵەی کارەساتی کیمیابارانی شاری سەردەشت و ڕەشەهەرمێ و ناوچەکانی دەوروبەری، سازکرا، کە لە بەرواری ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧ دا و لە لایەن فرۆکە مەرگوەشێنەکانی رژێمی بەعسی روخاوەوە رویدا.

سەرەتا مەراسیمەکە بە چەند خولەکێک وەستان بۆ گیانی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای رزگاری کوردستان بە گشتی و شەهیدانی ئەو کارەساتە بە تایبەتی دەستی پێکرد، پاشان وتاری هاوبەشی هەرچوار لایەنی ڕێکخەری مەراسیمەکە لە لایەن هیوا ناسیحەوە خوێندرایەوە، دواتر کاک فازڵ عوسمان بە دەنگە خۆشەکەی و بە یارمەتی کۆرێک هۆنراوەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد، کە جێگەی سەرنجی ئامادەبوان بوو. ئینجا مامۆستا فەوزی رە رمزیی بابەتێکی لێکۆڵینەوەی لەسەر کارەساتەکە خوێندەوە. پاشان کاک رەحمان. ئیبراهیم زادە. هەندێک یادەوەری کاتی کارەساتەکەی گێرایەوە و هۆنراوەیەکیشی لەسەر ئەو مەرگەساتە پێشکەش کرد. پاشان فیلمێکی دۆکیۆمێنتی لەسەر کیمیابارانەکە بە پرۆژێکتۆر نمایشکرا، دواتر هەڤاڵ مەمەد نوێنەری کۆمەڵەی کەلتوری کوردان لە ئاراو وتارێکی پێشکەش کرد، بە دوای ئەودا کاک کاوە ورمێ هونەرمەند وسیاستوانی رۆژهەلات وتارێکی دا و بە دەنگە زولاڵەکەشی لاوانەوەیەکی هەستهەژێنی پێشکەشی ئامادەبووان کرد.

نوێنەرانی هەر یەک لە پارتی دیموکراتی کوردستان، بزوتنەوەی گۆڕان، یەکگرتوی ئیسلامی کوردستانیش پەیامی خۆیان ناردبوو، لەبەر کەمی ماوە نەخوێندرانەوە.

شایەنی باسە مەراسیمەکە بە گیانێکی کوردانەی بەرز و لە نێو پیشانگایەکی تایبەتی شەهیدانی کیمیابارانی بەڕێوەچوو.

جەماوەرێکی بەرچاویش لە کوردانی هەر چوار پارچە ئامادەی یادەوەرییەکە بوون.

دەکرێت بڵێین لە وڵاتی سویسدا ئەمە بۆ دووەم جارە لە مێژووی ئەو کارەساتەدا یادی دەکرێتەوە، کە هەمان ئەو لایەنە ناوبراوانە سازیان کردبوو. ئەمساڵیش لەسەرتاسەری وڵاتانی ئەورووپادا تەنیا لەم وڵاتەدا ئەو یادە کرایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

چاودێری کوردۆساید - چاک

---

## ٢٢ ساڵەی یادی کیمیا بارانی سەردەشت

٢٢ ساڵ لە مەوبەر شارە خنجیلانەکەی سەردەشت و چەند گوندی دەوروبەری کەوتە بەر هێرشی دڕندانەی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕژێمی بەعسی عێراق و کیمیا باران کرا. لەو جینایەتە دڕندانەیە دا سەدان کەس گیانیان لە دەست دا، هەزاران کەس بریندار بوون و هەزارانیش تا درێژایی تەمەنیان ئاسەواری ڕەوانیی ئەو کردەوە دژی مرۆڤایەتییەیان لە ڕەوانیان دا دەمێنێ.

شاری سەردەشت و دەوروبەری هەمیشە مەڵبەندی ئازادیخوازانی گەلی کورد و تەنانەت گەلانی دیکەی ناوچەش بووە. لە هەمو گۆشە و کەنارەکانی کوردستان ڕا پیشمەرگەی کورد بۆ حەسانەوە و خۆ ئامادە کردنەوە پاڵی وە چیا سەر بەرزەکانی

ئەو ناوچەیە داوە. ناوچەی سەردەشت مەڵبەندی گەلێک قارەمانی ڕێگای ڕزگاری گەلی کوردە و تا ئێستاشی لە گەڵ بێ بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی، دەتوانین بڵێین زۆرترین ڕێژەی کادری سیاسی و پێشمەرگەی لە نێو ڕیزی تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاریی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دا هەیە.

ناوچەی سەردەشت لە سەردەمی کۆماردا یەکێک لە ناوچەکانی شەڕی ڕزگاری بو. لە جوڵانەوەی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ دا ناوەندی جوڵانەوە بو. لە شۆڕشی ئەیلولی باشوری کوردستان دا پشتی جەبهەی شۆڕش و مەڵبەندی کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ شۆڕس بوو. لە سەر هەڵدانەوەی شۆڕشی نوێی باشوری کوردستان لە دوای قەرارداد شومەکەی ئەلجەزایردا، ناوەندی شۆڕشی تازە بوو سەر کردایەتی جووڵانەوەی باشوری کوردستان لەوێ بوو.

ناوچەی سەردەشت لە شۆڕشی گەلی کورد لەدوای ڕوخانی ڕژیمی پاشایەتی لە ئێران دیسان بو بە ناوەندی جووڵانەوە و سەرکردایەتی شۆڕش تا ئەو کاتەی کە ناوچەی پێ دەپارێزرا هەر لە ناوچەی سەردەشت بوو.
ئەو ڕقەی دوژمنانی گەلی کورد لە سەردەشت و دەوروبەریان هەڵگرتبو بە خۆڕایی نەبوو. هەم ڕژیمی جینایەتکاری بەعس و هەم ڕژیمی کۆنە پەرەستی کۆماری ئیسلامی لەو ناوچە سەر بەرزەی کوردستان لە بەهانە دەگەڕان. بۆیە یەکێکیان ئەو مەڵبەند و شارە خنجیلانەیەی کردبو بە مۆڵگەی ژمارەیەکی زۆر لە هێزە سەر کوتکەرەکانی و ئەوی دیکەشیان بەهانەی بۆ هەڵکەوتبو تا زەهری ڕق و کینەی خۆی بەو مەڵبەندە شۆڕشگێرە و سەنگەرە لە گیران نەهاتووە بڕێژێ.

هەر بۆیە ڕۆژی ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧ ڕژیمی بەعسی خوێنخۆر لافاوی کیمیایی بە سەر شارەجوانەکەی سەردەشت و دەوروبەری دا باراند و دڵی پڕلە ڤینی خۆی ئاسودە کرد و هەزاران خێزانی کوردی بۆ هەمو ماوەی ژیانیان داخدار کرد.


لە یاد و بیرەوەری ئەو ڕۆژەدا جێگای خۆیەتی وەک هەمو ساڵی لە غەم پەژارەی خزم و کەس و کاری قوربانییەکان دا بەشدار بین و بەڵێن بە شەهیدەکان بدەین کە تا ڕزگار بونی وڵاتەکەمان لە دەستی هەمو دوژمنە ڕەنگاوڕەنگەکان هەدا نادەین و نایەڵین خوێنی بە نا حەق ڕژاویان بە فێڕۆ بڕوا.

ڕووحی شەهیدە سەربەرزەکان شاد

کومیتەی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

سەرچاوە: ماڵپەڕی حدک میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی جۆنی ٢٠٠٩

# سەردەشت ١٩٨٧



## باقی تالبولعیلم

٢٦ی مانگی یونی ٢٠٠٩ی زایینی ئێران و عێراق شەڕێکی خوێناوی و درێژخایەنیان لە ڕێکەوتی ٢٢ی سێپتامبری ١٩٨٠ی زایینی، دەستپێکرد کە هەتا ڕێکەوتی ٢٠ی ئاگۆستی ١٩٨٨ی زایینی، خایاند. ئەم شەڕە تەنیا شەڕ لە نێوان دوو هێزی نەیاری چەکداری دوو لایەن نەبوو، بەڵکو ئەم شەڕە کوژرانی خەڵکی بێ تاوانی وماڵوێرانی قورس هەر دووک وڵاتی بە شوێنەوە بوو.

ڕاپەڕینی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی، بوو بە هۆی سەرهەڵدانی کێشەو ناسەقامگیری بەرین. کاربەدەستانی ئێران لە لایەک بە بڵاوکردنەوەی ئیسلامی سیاسی هەڕەشەیان لە هەموو ناوچە و بەشەکانی دیکەی دنیا دەکرد، و لە لایەکی دیکە نەیاران و ڕەخنەگرانی نێوخۆ، کە خوازیاری مافەکانی خۆیان لەدوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین بوون، سەرکووت دەکرد.

کۆمەڵێکی زۆر لەڕەخنەگرانی سیاسی ماوەیەکی کورت دوای سەرکەوتنی ڕاپەڕین لەلایەن صادق خلخالی کە دەسەڵاتی تەواوی لەلایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئەوکات ئایەتوڵڵا خومەینی پێدرا بوو، لە سێدارە دران. خەڵک لە دژی شا ڕاپەڕینیان کرد، بۆ ئازادی و دەستەبەر کردنی دیمۆکراسی، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئێران هەوڵیاندا بە گەورە کردنەوەی مەترسیەکانی دەرەکی، بانگەشەی هەموو موسڵمانان، بە تایبەت لەعێراق، عەرەبستانی سعودی، کووەیت، و وڵاتانی دیکەی ئیسلامیان دەکرد بۆڕاپەڕین لە دژی دەسەڵاتدارانی وڵاتەکانیان. ئەم دۆخە هەموو ناوچەکە تووشی قەیرانی ناسەقامگیری کرد، و بوو بەهۆی خوڵقانی کێشەی گەورە بۆ هەموو ناوچە. سەرکووتی نەیارانی سیاسی هاوکات بوو لەگەڵ ئەو کەشوهەواتووندە کەکۆماری ئیسلامی لە هەموو ناوچەدا خوڵقاند بووی.

عێراق کە خاوەنی زۆرینەیەکی شیعە، و هاوسێی ئێران بوو، یەکەم وڵات بوو کە لەهەمبەر مەترسی و هەڕەشەکانی ئێران هەڵوێستی گرت، و دەستیکرد بەداگیر کردنی بەشێکی زۆر لەخاکی ئێران. ئامانجە نیزامی و سیڤیلیەکانی بە توونـدی، و بەهەموو کەرەستەکان لە هەموو وڵات، دایە بەر پەلاماری چەکی قورس، خۆمپارە و هێرشی ئاسمانی. لە ماویەکی زۆرکورت بەشێکی بەرچاو لە خاکی ئێرانی داگیرکرد، سەرەتا شەڕ لە خاکی ئێران بوو، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٢ی زایینی، بەولاوە کە هێزەکانی عێراق لە ناوچە داگیرکراوەکان پاشەکشەیان کرد، یان وەدەرنران، شەڕەکە کێشرایە ناو خاکی عێراق. هەر دووک لایەن، لە عێراق، بە کەڵک وەرگرتن لە نیشتیمانخوازی، و لە ئێران لە ژێر ناوی ئیسلامگەرایی بە هەزاران کەسیان خستە ناو ئاگری شەڕ، و لە بەکارهێنانی هیچ جۆرەچەکێک، و هیچ ڕەوشێکی مرۆڤکوژانە، خۆیان نەپاراست. بە هەزاران ملیارد دۆلار لە داهاتی نەوت و سەروەت و سامانەکانی دیکەیان بۆ کرینی چەک لە ڕوسیە، فەرانسە، ئاڵمانی ڕۆژئاوا، چین، میسر، ئیتالیا وئەمریکا بەکار هێنا. هەنووکە ئەو قەرزانەی کە لە وڵاتانی هاوپەیمان یان بانکە نێونەتەوەییەکان وەریان گرتبوو، بە تەواوی بۆ نەدراوەتەوە. لە ماوەی ئەم شەڕە هەر دووک لایەن هەوڵیاندا بۆ دەست پەیدا کردن بە چەکی شیمیایی، و لەم ماوە دووردرێژە، و لەبەر چاوی بیرورای گشتی دەرفەتی قڕکردنی لایەنی بەرامبەر، بە تایبەت خەڵکی بێ تاوانی سنوورەکانیان پێدرا.

لە ساڵانی پێش، و دوای تەواو بوونی شەڕەکەش، دەستیاندایە کرینی چەکی پێشکەتوو، وەک تانگ، کەشتی و فڕۆکەی جەنگی، و دەستگەیەکی مۆدێرنی جەنیگان پێکەوەنا، کە تەنیا کوشتن و کاولکردنی هەرچی زیاترو بەربڵاوتر مەبەستیان بوو. ڕاستە شەڕ لە ئاکامی کێشەیەکی کۆن وچارەسەر نەکراو سەری هەڵدا، بەڵام هەڕەشەی ناردنی شۆڕشی ئیسلامی بۆ هەموو ناوچە، کە لە دوای ساڵی ١٩٧٩ی زایینی، دەستی پێکرد بوو، ڕۆڵی سەرەکی هەبوو ئاکامەکانی دوایی، بەتایبەت هەڵایسانی شەڕی خوێناوی لە نێوان ئێران و عێراق.

کەڵک وەرگرتن لە چەکی کۆمەڵکوژ: عێراق لەم شەڕە بەشێوەیەی بەربڵاو چەکی ژەهراوی، شیمیایی وعەسەبی هەم لە دژی نەیارانی خۆی، بەتایبەت لە کوردستانی باشوور، و هەم لەدژی خەڵکی بێ تاوان، بەتایبەت ناوچە کوردنشینەکان ڕۆژهەڵات بەکارهێنا. هێزەکانی ئێران، پێشووتر شەڕێکی سازماندراویان لە دژی کوردەکان، بەر لە هەڵایسانی شەڕی ئێران وعێراق دەستپێکرد بوو، و لە ماوەی شەڕ، و دوای شەڕیش لە سەری بەردەوام بوون.

سەردەشت یەکێک لەو کۆمەڵە شارانە بوو کە لە ماوەی ئەم شەڕەدرێژخایەنە چەند جاران لە لایەن هێزەکانی عێراق وەبەر پەلاماری هێزی زەمینی وئاسمانی عێراق کەوت. لە ڕێکەوتی ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٢٨ی مانگی یونی ١٩٨٧ی زایینی، شاری سەردەشت کەوتە بەر بۆمبارانی شیمیایی فرۆکەکانی عێراق. لە ئاکامدا بوو بەهۆی ئەوە کە سەدان کەس گیانی خۆی لە دەست بدەن، و هەزاران کەسیش بریندار بن، کە هەنووکە ئازارەکانی ئەم هێرشە لە سەر

جەستەیان هەرماوە. سەردشت شارێکی کوردستانە کە لە پارێزگەی ئازەربایجانی رۆژئاوادایە، ولە ٢٠ مایلی سنووری نێوان ئێران وعێراقدایە.

٢٢ ساڵ لەمەوبەر فرۆکەکانی عێراق رژاندنی بارانی ژەهری چەکی شیمیایی بەسەر ناوەندی ئەو شارە، کە رێژەی نزیکەی ٤٠٠٠٠ هەزارکەس دەبوو، سەدان کەسیان کوشت، و هەزاران کەسی بێ تاوان، بەتایبەت ژنان ومنداڵانی ئەو شارەیان برینداركرد. شەڕی ئێران و عێراق زۆر کارەساتی تراژێدیکی لە ناو سینگی خۆیدا حەشار داوە کە هەنووکە بەشێکی زۆریان هەروا بەنهێنی ماون و ئاشکرا نەکراون، سەردەشت یەکێک لەوانەیە کە بە دەگمەن لە مێدیاکاندا باسی لێوە دەکرێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠٠٩

---

## لە یادی ٢٢ ساڵەی کارەساتی کیمیابارانی سەردەشت دا



لە ساعەت ٤ تا ٨ی ئێوارەی رۆژی هەینی ٢٦ی جۆنی ٢٠٠٩، لقی نۆروێژی رێکخراوی چاک، کۆریادێکی بۆ ریز گرتن و زیندوو راگرتنی یادی شەهیدانی کارەساتی کیمیابارانی شاری سەردەشت، لە یەکێک لە سالۆنەکانی کتێبخانەی فروسەت سەنتەر لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی وڵاتی نوروێژ پێک هێنا.

سەرەتا بەرێز کاک رەفیق بەرپرسی رێکخراوی چاک لە نۆروێژ، کە بەرێوەبەری پرۆگرامەکەش بوو بە پێشکەش کردنی وتەیەک بەرنامەکانی کۆریادەکەی راگەیاند.

پاشان ئەم بەرێزانە وتار و بابەتیان پێشکەش کرد:

١- کاک عەلی رەحیمی کە لە وڵاتی هولەندا را بۆ ئەم کۆریادە دەعوەت کرابوو. ناوبراو لە ماوەی کاتژمێرێکدا وێرای پێشاندانی فیلم و وێنەو دیکۆمێنتی پێوەندی دار بە کیمیابارانی شاری سەردەشت، باسی ئەو مەرگەساتەی کرد کە بۆ خۆی لە کاتی بۆمبارانەکەدا لە نزیکەوە دیتبوونی.

٢- جێگری بەرپرسی رێکخراوی چەپی نۆرویژ لە ئوستانی ئۆسلۆ، سەبارەت بە هەوڵەکانی حیزبەکەیان سەبارەت بە بەرەسمی ناسینی کۆمەڵکوژی و ئەنفال و... قسەی بۆ بەشداران کرد.

٣- خاتوو پەخشان ئەحمەدی باسێکی سەبارەت بەوە کە چیمان بۆ زیاتر ناساندنی کارەساتی سەردەشت کردوە پێشکەش کرد.

٤- کاک ئەنوەر سولتانپەنا وێرای باسێکی کورت سەبارەت بە نەهامەتیەکانی گەلی کورد، بە خوێندنەوەی پارچە شێعرێک باوبەشی خەمی خۆی بۆ بنەماڵەی قوربانیانی کارەساتی سەردەشت راگەیاند.

٥- کاک هاشم رۆستەمی لە باسێکی ٢٠ خولەکی دا ئاماژەی بە بەشێک لەو هۆکارانە کرد کە لە کاتی خۆیدا بونەتە هۆی ئەوەی کە ئەم کارەساتە سامناکە وەک خۆی، نەک هەر لە دونیای دەرەوەدا، بەڵکوو لە ناو خۆی کوردستانیشدا وەک پێویست دەنگی نە دایەوە.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ناوبراو وێرای ئاماژە بە روداوکانی ئەم دوو دەیەی رابردوو و کاریگەریان لە سەر خەباتی خەڵکی کوردستان، ئاماژەی بە چەند خاڵی گرینگ کرد کە ناوبراو پێی وابوو رەچاو کردنیان دەبێتە بەربەستێکی بەهێز لە بەردەم دووبارەبوونەوەی ئەو کۆمەڵکوژیانەی بە سەر گەلەکەماندا هاتوون. هەروەها ناوبراو ئاماژەی بە ئەوە کرد کە هێچ پاساوێک ئەم جنایەتەی حکومەتی حیزبی بەعسی عێراق داناپۆشێت.

٦- لەم برگەیەدا شانۆیەک پێشکەش کرا کە کاک کەیوان پشدەری ئامادەی کردبوو.

٧- کاک نادر ئەمینی وەک بنەماڵەی شەهیدی ئەم کارەساتە، کە بۆ خۆشی لە کاتی شیمابارانەکەدا لە سەردەشت ببوو، باسی ئەو دیمەنە دڵتەزێنانەی کرد کە لە نزیکەوە بە چاوی خۆی دیتبوونی.

٨- کاک عەلی قادر، بە بابەتێکی ئەدەبی بەشداری کۆریادەکەی کرد. نابراو زۆر بە ئیحساسەوە بەسەر هاتی مام قادری خەڵکی گوندی رەشەهەرمێی نزیک شاری سەردەشتی کردبۆ چیرۆکێکی راسەقینە. مام قادرێک کە لەو کیمیا بارانەدا نزیک بە تەواوی ئەندامانی بنەماڵەکەی لە دەست دابوو.

شایانی باسە کە لە بەشی پێشانگادا ژمارەیەکی زۆر لە وێنەی برینـدارەکانی کیمیابارانی سەردەشت دەبینـدران، کە دڵێکی زۆر بە جورئەتی دەویست تا مرۆڤ بتوانی تەماشای ئاسەواری ئەو جنایەتە سامناکە بکات.

لە کۆتایی دا ئامادەبوانی کۆریادەکە کە ژمارەیان نزیکەی سەد کەس بوو سوپاسی رێکخراوی چاک یان کرد بۆ بەرێوە بردنی ئەم کۆریادە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠٠٩

# نیشتمان.



**نووسینی: مێهدی بیگزادە.**

**وەرگێرانی: عەبدوڵلا عەبدوڵلا پوور**

نیشتیمان گیان درانگە هەستە کاتی قوتابخانەیە

نیشتمان: ئاخ چەند جارم پێگوتی بەم نێوە بانگم مەکەن نێوی من ژینوسە، بۆ مەگەر لەبەر ئەو کۆخانەی باوکم خەوم بە چاوان دا دێ کە دەبێ لە کاتی خۆیشی لەخەم هەستم.

ژینوس لە سەر جێ خەوەکەی را بە نیوە هەستانەوە دەچێتە پێش ئاوێنە. "وەی رووخسارم چۆن هەڵمساوە". ئاوێک بە دەموچاوی دادەکات. "دایە شاڵوارە نوێیەکەم لەکوێیە"

دایک: مەگە نەمکوت گیرت پی دەدەن ئەگەر هاتیەوە لەبەری بکە

ژینوس: تۆ کارت بەم کارانە نەبێ من بۆخۆم دەزانم چۆن وڵامیان دەمەوە، شتێکی دیکە سندوقی جوانکاریەکەم دیار نیە لە لای کتێبەکان بوو.

دایە هیچ ناخۆم تەنیا بە بابم بڵێ کە پۆلەکەم خەریکە تەواو دەبێ پێویستم بە دە هەزار تمەنی‌یەکە.

دایک: دایکم، مەگەر پێرێ دەهەزار تمەنت لە من وەرنەگرت، شتێکیشت کە پێویست نەبوو کەمێک دەست پێوە بگرە ئێمە جیا لەو کەچە پووڵە کە باوکت وەری دەگرێ داهاتێکی ترمان نیە

ژینوس: جا من چ بکەم منداڵتان نەبایە ئەم هەموو مرۆڤەی زامداری شیمیایی لە شاردا کار دەکەن بەڵام بۆ بابی ئێمە ناتوانێ! بۆ ئێوە جیا لەم مۆبایلە شتێکی‌ترتان بۆ کڕیوم؟!!

بێ ویژدان مەبە بۆ خۆشت دەزانی کە بابت ناتوانێ کار بکات دوایش چ شتێکت ویستووە بۆمان نەکڕیوی، کۆمپیوتێرت ویستوە بۆمان کڕیوی، مۆبایلت ویستووە بۆمان کڕیوی، گوتت بۆ دیوی خۆم تیڤیم دەوێ ماهوارەم دەوێ نازانم دی وی دیم

دەویَ هەمومان بۆ کڕیوی کەوش و لیباسیش هەر کە مۆدەکەی گۆڕا ئی تۆش دەگۆڕیَ مانگیَ هەشتا، نەوەد هەزاریش کە خەرجی رۆژانەتە، زیاتر وەردەگری بەڵام کەمتر نا!

ژینوس: چاو لە کچی خەڵکی بکە بابیان چەایان کە بۆ ناکەن هەر ئەو ئاتوسایەی کچی جیرانمان بابی ماشێنی بۆ کریوە.

دایک: کامەی دەڵێی؟ گیارەنگی دەڵێی؟

ژینوس: ئاخ ماندوو بووم لەم هەموو نێوە کوردیانە نیشتیمان، گیارەنگ، فرمێسک، کانی، شۆرش خەبات بۆ دەنا دەمانهەویَ بچین بۆ شەڕ یان بۆ شاخ نێوێکی بەنازو باکلاستان دانابان.

دایک: ئەتۆ هاورێکانی خۆت دەبینی؟ لانیکەم چاوێکیش لە کچەکانی دیکە بکە کە مانتۆو شەڵوارەکانیان بە نۆرە لە بەر دەکەن.

دەنگێکی لەڕو لاواز لە سوچی دیوەکەوە دەبیستریَ "کچیَ لیَی گەریَ ها بیدێیە وەدرەنگ دەکەویَ".

ژینوس: قوربانی دەستت بابە، من رۆیشتم درەنگ دێمەوە کلاسی "تقویتی"مان هەیە.

هەر کە دەرکەکەی لەدوای خۆی پێوەدا مۆبایلەکەی کە دایم زەنگی لێدەدا وەڵامی دایەوە

ـ سڵاو کەیوان ئەگەر ولامم نەدەدایەوە واتە نەمدەتوانی!

کەیوان: سڵاو، ئاخر درەنگە دیسان درەنگ دەبیَ

ژینوس: ئەوە هاتم، راستی کێت لەگەڵە؟

کەیوان: مێهران

ژینوس: سڵاوی من بگەیەنە بە کاک مێهرانو پێی بڵیَ شەیدا لیَی تورەیە .

کە گەیشتە بەر دەرکیَ وەک هەمیشە شەیدا چاوەڕوان بوو

شەیدا: کچیَ تۆ چەندە دەنووی نالێی درەنگ دەبیَ وەرە با زوو بڕۆین ماڵتە ئەم کوڕانەش بێتامیان کردووە وەک پەیکەر لەویَ راوەستاون نە ئیشارەیەک نە پێکەنینێک نە

سڵاوێک مرۆڤ بێزار دەکەن

ژینوس: کوڕن دەی، دەڵێن کچ شەرمنن بەڵام کوڕەکان زۆر زۆر شەرمنترن چاو لێکە.

ژینوس دەستی بۆ لای کوڕەکان هەڵدێنیَ "سڵاو کوڕەکان"

کوڕەکان: چەندە شێتە ئەم کچە لە ناو ئەم هەموو خەڵکە خەریکە دەست بۆ ئێمە دەجولێنیَ.

کوڕەکانیش بۆ ئەوەی کە کەم نەهێنن بە ئیشارەی دەست وڵامیان دایەوە

ژینوس: ئەریَ شەیدا ئەم کوڕە، مێهران زۆری خۆش دەوێی

شەیدا: بۆ دەنا کوڕ نەماون تاکوو وڵامی ئەمە بدەمەوە وەریَ کەوە.

کچەکان پێش دەکەونو کوڕکانیش وەک هەمیشە بەدوایاندا دێن.

لە رێگای قوتابخانە چەند گەنج خەریکن بانگەوازێک لە دیواری دەدەن.

ژینوس: دیسان ئەو بێکارانە دەرکەوتنەوە

شەیدا: بەڵێ بێتامیان کردوە دیسانیش تیرۆژە، دادەی بزانم چ رووی داوە نە ئی ئەنجومەنی زامدارانی شیمیاییە داوای ناردنی بابەتیان کردووە بۆ ٧ی پووشپەڕ

ژینوس: بەڵێ بۆیان دەنێرم سی دی یەک لە دەنگی کۆخەکانی بابمیان بۆ دەنێرم، وەرە لێیان گەرێ ئەوان لەوان بێکارتر .

کوڕەکان وەپێش دەکەون بای کچەکان رێگاکەمان دیسان لێک جیا دەبێتەوە تاکوو زەنگی کۆتایی

ژینوس: بای. شەیدا، تۆ بۆچی وڵامان نادەیەوە؟

شەیدا: ئاخر بۆخۆت دەزانی کە من دۆستم هەیە بۆ دبێ لەگەڵ مێهرانیش بم

ژینوس: شێتە بۆ ئارەش جیا لە تۆ دۆستی دیکەی نیە گومانی تێدانیە کە هەیەتی تۆش دەبێ هەت بێ

شەیدا: بۆ دۆستی تۆ وایە؟

ژینوس: من بڕوای تەواوم بە کەیوان هەیە.

***

خانمی سەعادەتی: هەروەک ئاگادارن لە داهاتوویەکی نزیک دا هاوکات دەبین لەگەڵ ساڵرۆژی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت بە سەرنج دان بە بانگەوازێک کە ئەنجومەنی زامدارانی شیمیایی لە تەواوی شارو قوتابخانەکاندا بڵاوی کردۆتەوە داوای تەواوی هاوڵاتیانی هۆگرو هونەرمەند کردوە کە هاوکاریان بکەنو بە سەرنجدان بەوەی کە لەم کلاسەدا ٧ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەی ئێوە زامداری شیمیایین و هەروەها دوو شەهیدی شیمیاییمان هەیە چاوەروانم چالاکیەکی شایانو شیاوتان هەبێ.

وەرن ئەمرۆ سەبارەت بە ٧ی پووشپەر قسە بکەین دەرکو تێگەیشتنی ئێمەو هەروەها رادەی ناسینمان تا چ رادەیەکە هەر لە ریزی پێشەوەی کلاسەوە دەست پێدەکەم لەیلێ تۆ بڵێ؟

لەیلێ: بەراستی من زانیاریەکی ئەوتۆم نیە تەنیا دەزانم کە ٧ی پووشپەڕ هاوکاتە لەگەڵ بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت، هەرئەوە.

دەنگێک لە نێو کچەکاندا: زەحمەتت کێشا

ئاسیە: بە سەرنج دان بە زۆری کتێبەکان و تاقی کردنەوەکانی کۆتایی ساڵ تاکوو ئێستا بیرم لێ نەکردۆتەوە.

سەبری: بە درێژایی هەشت ساڵ شەڕ، سەدام حوسێن لە دژی ئێمە کەڵکی لە چەکە کۆمەڵکوژەکان وەرگرت کە بوو بەهۆی شەهید بوونی سەدان کەس و زامدار بوونی هەزاران کەس.

سەعادتی: نیشتیمان تۆ بڵێ؟

نیشتیمان: مامۆستا چەند جار بڵێم من ژینوسم

سەعادتی: ئەو دەفتەرەی کە بە منە نیشتیمانی نووسیوە من کارم بەوە نیە کە نێوەکەت گۆڕیوە بەڵام دەزانم کە واتای نێوەکەت نازانی کە ئاوا بێ بایەخە لەلات، دەڵێن وەتەن، خاک، نیشتیمان، دایکی یەک میللەتە. ئێستا وای بێننە بەرچاوتان ئێمە بۆ خاکەکەمان منداڵێکی باش بووبین، بۆچی کاتێ قسەیەک لە خۆتان، ناسنامەتان یان وشەیەکی کوردی دەبێ یان دەبیستن هەڵدێن بۆچی لە کورد بوون بیزارن زۆرم بەلاوە سەیرە کە کاتتان نەبووە کە مێشکی داخراوتان کەمێک خەریک بکەن ئێوە منداڵانی سەردەشت یان هەر شوێنێکی کوردستان چ بتان هەوێ چ نەتان هەوێ ٧ی پووشپەڕ یان بۆمبارانی هەڵەبجە بەشێک لە ناسنامەی ئێوەیە لەگەڵ ئەوەی کە ئەم کارەساتە هەر لەشاری ئێوە رووی داوە ناتوانن رستەیەکی بەکەڵکی سەبارەت باس بکەن.

سەعادەتی: لە کاتێکدا کە تۆنی دەنگی زۆرتر دەبوو درێژەی پێدا چاوەڕێی ئەوە نیم کە ئێوە هەر کامێکتان نوێنەری بنەماڵە زەجر کێشراوەکانی سەردەشت بن چاوەڕێی ئەوە نیم هاوار بکەن و لە مافی خوراوی خۆتان بەرگری بکەن هەرچەند کە ئەم چاوەروانیانە

غەیر مومکین نین و دەست وێراگەیشتنیان دوور نیە حەتمەن ئەوە بزانن و تێبگەن،

خەڵکی ساڵی ١٣٦٦ وەک ئێوە خەریکی ژیانی خۆیان دەکرد ئەوان هیچ خەتایەکیان نەبوو کە بە خراپترین شێوە مەرگ هاتە پێشوازیانو ئێستاش کە ئێستایە ئەم پێشوازیە لە مەرگە درێژەی هەیە بەڵام بەم جیاوازیە کە تا گەیشتن بە مەرگ سەد جار دەمرنو زیندوو دەبنەوە بروا بکەن ئەم کارەساتە لە هەر شوێنێکیتری جیهان رووی دابا بێدەنگ دانەدەنیشتنو لە پرۆتستۆ کردنی دا بە هەر شێوەیەک نکۆلیان نەدەکردو هۆلۆکاستێکیان لێ درووست دەکرد.

پرسیارێکم هەیە، پێت دەڵێن بە زووی دەمری، باشە تۆش دەڵێی هەمووی ئێمە دەمرین ئێستا ئێمە کەمێک زووتر کێشە نیە، بەڵام ئەگەر بڵێن تاکوو گەیشتنە بە مەرگ هەموو رۆژێ ژانت لەگەڵە ئەو جارە چ دەڵێن ئەم ژانە واژەیەکی بچوکە بەڵام لە خۆیدا جەهەننەمێکی گەورەی هەیە، ئێستا کە ئێمە دەمانهەوێ لە منداڵی زامدار یان شەهید شیمیایی بپرسین سەبارەت بە ٧ی پووشپەڕ شتێک و بۆ وتن پێیە ئەو رستەیەکمان پێبدات کە لەوانەیە ئەوی لە ئاگاداریەکدا بینیبێت ئەو مافەم دەنێ لۆمەتان بکەم مەگەر دەبێ ٧ی پووشپەڕێکیتر دووبارە بێتەوە تاکوو ئێوە ئاگادار ببنەوە.

بێدەنگی کلاسەکەی داگیر کردبوو دەستێک لە ئاخرین ریزی کلاسەوە بەرز بۆوەو ئیزنی خواست.

سەعادەتی: شێوا بڵێ؟

شێوا لە کاتێکدا کە زمانی گیرابوو وتی: "بابم زامداری شیمیایی بوو دوو ساڵ لەمەوبەر توانای نەماو شەهید بوو لە کاتی مەرگ دا پێی گوتین مەهێڵن مێژوو ئیزن بە خۆی بدات وەها زوڵمێک دووبارە بکاتەوە بەڵێ لە دوای دوو ساڵ کەم کەم رێگایەک دەتوانم بێنمە بەر چاوم کە وتەکەی بابم تا رادەیەک بکەمە کردەوە.

سەعادەتی: دڵخۆشم شیوا هیوادارم کە بە هاوکاری یەکتر نەهێڵین مێژوو ئیزن بە خۆی بدات وەها زوڵمێک دووبارە بکاتەوە.

دوانیوەرۆی ئەو رۆژە، زەنگی کۆتایی بوو مامۆستای ئەدەبیات خانمی محەممەدی کچی نا ساڵی خوێندن خەریکە تەواو دەبێ دەرسەکەمان کە تەواو بووە ئەمرۆ باسەکە ئازادە سەبارەت بە هەر شتێک کە پێتان خۆشە، ئێستا سەبارەت بە چی قسە بکەین.

ژینوس: ٧ی پووشپەڕ

محەممەدی: چی؟ بابەتێکیتر نەبوو کە بمانهەوێ قسەی لەسەر بکەین بۆچی سەبارەت بە خۆمان قسە نەکەین.

چرۆ: ئەمرۆ لە کاتی دەری خانمی سەعادەتی تەنیا باس لە سەر ٧ی پووشپەڕ کرا ئێستاش دەمانهەوێ زانیاریمان زۆرتر بێ.

محەممەدی: کەوایە خانمی سەعادەتی دووبارە مێشکی تێک داون، لەباتی دەرس وتنەوە ئەویش دەرسی شیمی دێت سەبارەت بە ٧ی پووشپەڕ باس دادەنێ، من دەڵێم مرۆڤ ئەگەر دیهەوێ پێش بکەوێ‌و هەمیشە دڵخۆش بێ نابێ بەلای ئیحساساتەوە بڕوات دەرسەکانتان بخوێنن، خەریکی خۆشی بن چتان بە ٧ی پووشپەڕ داوە.

شەیدا، بەڵام خانمی سەعادەتی دەڵێ ٧ی پووشپەڕ بەشێکە لە ناسنامەی ئێمە.

محەممەدی: ناسنامە، ناسنامەی من ئەمرۆ بە چ کەڵکی من دێت؟

محەممەدی دەیویست درێژە بە قسەکانی بدات کە لەرزەی دەنگێک لە نێوان کچەکاندا ئیزنی پێنەدا.

ناسنامە یان ٧ی پووشپەڕ بۆ ئێوە کە تەنیا بیر لە خۆشی خۆتان یان بە قەوڵی خۆتان بیر لە ژیانی با کلاس دەکەنەوە لەوانەیە واتایەکی نەبێ بەڵام ئیزنتان نیە لە کلاسدا فکری خۆتان بەسەر ئێمەدا بسەپێنن بەڵێ دەنگەکە، دەنگی شیوا بوو لە سەر کورسیەکەی هەستاو لە کلاس چۆدەرێ.

لە لای پیلکانەکانی هاتنە ژوورەوەی هۆڵی قوتابخانەکە شێوا لە کاتێکدا کە چاوی بریبۆ خالێکەوە دانیشتبوو.

ژینوس لە لای دانیشت

ژینوس: شیوا رات چیە گرووپێکی نەمایش پێک بێنین‌و هاوکاریمان لەگەڵ ئەنجومەن هەبێ.

شێوا بە سەر سورمانەوە چاوی لە ژینوس کرد چاوەروانی وەها پێشنیارێکی لە لایەن ژینوسەوە نەدەکرد

بەدڵخۆشیەوە ژینوسی لە باوەش کرد

ئەو رۆژە ژینوس زووتر لە رۆژان گەرایەوە ماڵێ، ویستی راست بچێتە لای بابی بەڵام کەس لە ماڵێ نەبوو لە سەر ئاوێنەی دیوەکەی کاغەزێک لێبوو، کە لێی نووسرابوو ژینووس گیان بابت تندروستی خراپ بوو بردمانە نەخۆشخانە ئەتۆ خواردنەکەت بخۆ ئێمە زوو دەگەرێینەوە. ژینوس تازە نەیدەویست هەل لەدەست بدا ئەو بە خۆی دەگوت لەوانەیە کات ئیزنم پێ نەدات کە رابوردوو لانیکەم سەبارەت بە بنەماڵەکەم قەرەبوو بکەمەوە هەر لەو فکرانەدا بوو کە گەیشتە

نەخۆشخانە دەیزانی کە دەبێ بابی لە ئۆرژانس بێ نەخۆشخانە زۆر قەرەبالغ بوو بە ناخۆشی توانی لەم کەشە چوکەدا بابی بیبینێتەوە بۆ لایان چوو سڵاوی کردو خۆی گەیاندە باوەشی بابی.

محەممەد: (لە کاتێک دا کە کۆخە هەلی نەدەدایە) ژینوس گیان هیچ نیە وەک هەمیشەم

ژینوس: بابە ئەورۆ کاتێک کە دەهاتمەوە ماڵێ تەرمێکیان دەبردە قەبرستان خەڵک دەیانگوت زامداری شیمیای بووە.

محەممەد: بەڵێ کچی خۆم دەزانم ویستیان منیش بچم بەڵام نەمتوانی

ژینوس: دایە بۆچی لێرە خەواندویانە؟

خدیجە: لە دیوی پیاوان جێگا نەبوو بۆیە هێنایانە ئێرە

ژینوس: بەڵی لە شارێک دا کە هەزاران زامداری شیمیایی دەستو پەنجە لەگەڵ مەرگ لێدەدەن دەبێ وەها نەخۆشخانەیەکیان هەبێ

دایکو بابی ژینوس سەریان سورمابوو ئەوە ژینوسە کە ئەو قسانەی دەکرد.

خەجیج: ژینوس گیان نانت خوارد؟

ژینوس: دەمویست شتێک بڵێم، دەمهەوێ بمبورن کە تاکوو ئێستا زۆرم کێشە بۆ درووست کردوون. شتێکی دیکە ئەگەر دەکرێ من بە نیشتمان بان بکەن. لەبیرم چوو، نانم

نەخواردوە کاتێک گەراینەوە ماڵێ بەیەکەوە دەخۆیین.

راستی بابە دەمانهەوێ گرووپێکی نمایش لە قوتابخانەدا پێک بێنین بۆ رێورەسمی ٧ی پووشپەڕ، منیش دەری تێدا دەگێرم خانمی سەعادەتی وتی لەگەڵ ئەنجومەنی زامدارانی شیمیایی هاوئاهەنگی دەکات، قەرارە کە من سەرپەرشتی گرووپەکە بم.

ئەوە فرمێسکی خۆشی بوو کە لە کوڵمەکانی دایکو بابی ژینوس، نا، نیشتیمان دەهاتە خوارێ.

راهێنانەکانی گرووپی نمایش بە تەواو بوونی تاقی کردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بە باشی بەرێوە دەچوو لەگەڵ ئەو هەماهەنگیانەی کە لەگەڵ ئەنجومەنی زامدارانی شیمیایی کرابوو بریار وابوو نمایش لە رۆژی ٧ی پووشپەڕ لە بەردەم بەشدار بووان بەرێوە بچێ.

***

هۆڵەکە پر بوو لە خەڵک دەرزیت هەڵدابایە نەدەکەوتە سەر زەوی زۆرێک لە بەشداربووان بە پێوە بوون کاتژمێرێک لە رێورەسمەکە رابردبوو کە بەرێوەبەری رێورەسمەکە داوای لە گرووپی نمایشی کچان کرد کە بێنە سەر شانوو.

بەڵێ ئەمانە هەر ئەو کەسانەی کلاسەکە بوون کە ئەم جارە دەیانهەویست نوێنەرێکی شیاو بۆ هاولاتیانی شاری خۆیان بن بێدەنگی زال بوو بەسەر هۆڵەکەدا کچەکان وەها بە هەستەوە دەوری خۆیان دەگێرا کە دەتگوت ٧ی پووشپەڕی سەردەشت

هاتۆتە سەر شانۆ تاکوو رازەکان باس بکاتو تاکوو بڵێ کە ئەو رۆژانە هەم ئەوین بوو ئەم ژیان هەبووو ئەوان کە بوونە قەڵغانی رووداوەکە تەنیا ژیانیان دەکرد.

کۆخە هەڵی نەدەدا کە محەممەد فرمێسکی خۆشی بە سەر کۆڵمەکانیدا بێنێتە خوارێ محەممەد بە رووخسارێکی گەشەوە رووی لە خەجیج کرد وتی بە ئاواتم گەیشتم هیچ شتێکی دیکەم لە خوا ناوێ دەزانم کە نیشتمان دەتوانێ هاودەمێکی باش دەبێ بۆت.

خەجیج: بەڵێ راستە بەڵام بێڵە بزانم کە کچەکەمان چۆن دەور دەگێرێ تاکوو ئێستا بەم شێوەیە ئەوم نەدیوە.

محەممەد: بێلە من بڵێم، راست لەو کاتانەدا بوو، ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦، خەریک بووم لە گەل هاورێکانم لە کار دەگەراینەوە لە ناکاو بوو، تازە ئەوانم نەدیتەوە، بەڵام نا بارودۆخێکی سەیرم هەیە شتێک پێم دەڵێ کە ئەورۆ لە دوای بیست ساڵ دەتوانم ئەوان ببینم، خەجیج زامدار بوونی من بۆ تۆ ژیانێکی قورسی بەدواوە بوو لە دوای رابردنی تەمەنێک لەگەڵ تۆ دەمهەوێ لێم ببوری، هەمیشە تۆم خۆش ویستووەو خۆشیشم دەوێی.

خەجیج کە دەتگوت ئاگاداری لە بارودۆخی هاوسەرەکەی نیە پێی گوت: کوڕە ئەو قسانە چیە کە دەیانکەی بێڵە نمایشەکە ببینین. بەڵام تازە محەممەد دەنگی لێوە نەهات خەجیج چاوی لە رووخساری بێ گیانی هاوسەرەکەی کرد دەتگوت جیهانیان لێ وەرگرتۆتەوە روخساری لەباوەش کردو گوتی منیش تۆم خۆش دەوێو خۆشیشم دەوێی. ئەمە خەجیج بوو کە سێکانسی کۆتایی نمایشی نا تەواوی شیمیایی سەردەشتی بە تەنیایی چاو لێدەکرد.

نمایش تەواو بوو دەنگە دەنگێک لە ناو هۆڵەکە پەیدا بوو کچەکان لە شانۆکە هاتنە خوارێ نیشتیمان ویستی بچێت بۆ لای بابی بەڵام نە محەممەد تازە لە ناو واندا نەبووو شەهیدێک بە شەهیدانی ٧ی پووشپەڕ، لەو رۆژەدا زیاد بوو، ئەو رۆژە خەڵکی سەردەشت دەیانهەویست هەدیەیەک ببەنە قەبرستانی شەهیدان دەزانین کە بە باوەشی کراوەوە لێمان وەردەگرن.

تێبینی: ئەم چیرۆکە لە وێبلاگی رێکخراوی ناحکومی لاوانی"تیرۆژ" وەرگیراوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠٠٩

## ئاوردانەوەیک لە سەر کێشەو گیروگرفتەکانی ژنانی بریندارو قوربانیی کیمیابارانی شاری سەردەشت،



ئامادە کردنی: چنوور قادری

پاش تێپەرینی ٢٢ ساڵ بە سەر ئەو کارەساتەداژنانی بریندارى سەردەشت پێویستییان بە هاوکاری دەرمانی هەیە.

٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، وەک بیرەوەرییەکی تاڵو ناخۆش لە بیرو مێشکی خەڵکی کوردستانی ئێران بە گشتییو بەتایبەت خەڵکی سەردەشت ماوتەوەو دەمێنێتەوە. لەم رۆژەداو لە گەرمەی شەڕی ئێرانو عێراقدا کە رۆژانە شارەکانی کوردستان بۆمباران دەکران، لە ناکاو بۆمبێکی کەمدەنگ لە لایەن فرۆکەکانی رێژیمی بەعسیی ئەو کات لە عێراقدا، هاوێژرایە سەر خەڵکی سڤیلو بێتاوانی سەردەشتو سەدان کەس گیانیان لە دەست داو بە دەیان هەزار کەسیش بریندار بوونو هێشتاش ئاسەوارەکانی خراپی ئەو برینانە بە سەر جەستەو رووحیان ماوتەوەو زۆربەی خەڵک هێشتا چارەسەریی دەرمانیان بۆ نەکراوە.

ئەوەی کە زۆر جێگای سەرسوورهێنەرو داخی منە، کارکردو ئاورنەدانەوەی میدیاکان بە گشتیو بە تایبەت راگەیاندنو میدیا کوردییەکان لە سەر ئێشو ئازارو گێشەکانی زیاتر لە نیوەی ئەو قوربانییانەیە کە لەو کارەساتەدا گیانیان لە دەست دا، یان بریندار بوونو ماون، ئەویش توێژی ژنانی سەردەشتە.

لە راپۆرتێکی بەم چەشنەدا ناکرێت ئاور لە سەر هەموو لایەنەکانی ژیان ئەو ژنانە بدەینەوەو بێ گومان هەڵسەنگاندنی ئەو بابەتە دەرفەتو کاتێکی زۆری دەوێو پێویستیشە لە نزیکیەوە لێکۆلینەوەیان لە سەر بکرێتو ژنانی قوربانیو بریندار لە زمانی خۆیانەوە لە سەر کێشەو گیرو گرفتەکانیان بدوێنو رایی گشتی ئاگاداری وەزعو بارودۆخی

ناڵەبارو تاقەت پرۆکێنی خۆیان بکەنەوە.

بەڵام نەبوونی ئازادیو دیموکراسیو بوونی جەوی سەرکووتو ترسو تووقاندن تەواوی بەستێنەکانی کار کردن لە سەر ئەم مژارانەی لە خەڵک و چالاکانی مافی مرۆڤ ئەستاندووە. بەڵام ئێمە لەم راپۆرتەدا ئاورێکی کورت لە سەر چەند کێشەکانی ژنانی قوربانی کیمیابارانی نامرۆڤانەی شاری سەردەشت دەدەینەوە:

لەو جینایەتە نامرۆڤانەیەدا، زۆر ژن گیانیان لە دەست داو بوونە قوربانیو زۆریشیان بریندا بوونو لە ساڵەکانی دوایی کیمیاباران، ئەوان منداڵی نەخۆشیان دەبووو زۆربەی ئەو ژنانەی کە بە جۆرێک تووشی ئاسەوارەکانی ئەو کارەساتە ببوونو کاریگەریی خستبووە سەریان، منداڵەکان ناتەواوو نەخۆش لە دایک دەبوون.

بە وتەی شیرین رەحیمی، بەرپرسی ژنانی ئەنجوومەنی داکۆکی لە مافی بریندارانی کیمیابارانی سەردەشت: "لە کیمیابارانی شاری سەردەشتدا، زیاتر لە هەزار کەس گیانیان لە دەست داو زیاتر لە هەشت هەزار کەسیش بریندار بوون کە زیاتر لە نیوەی ئەم قوربانیانە ژن بوون."

ناوبراو لەو بروایەدایە کە زیاتر لە ٥٠%ی بریندارانی کیمیابارانی ٧ی پووشپەری شاری سەردەشت، ژنانو کچان پێک دێنن، بەڵام شیرین رەحیمی رەخنەی ئەوە دەگرێ کە ئەو وێنەو بەڵگانەی کە بڵاو دەکرێنەوە، ناتونن دەبڕی دەردو ئێشو ئازارەکانی ئەو ژنانە بن. ناوبراو دەڵێ، هۆکاری ئەو بارودۆخە نەبوونی مەجاڵ لە میدیاکاندایە کە کەمتر ئاور لە نیوە قوربانیانی شاری سەردەشت، واتە کچانو ژنان داویانەو دەدەنەوە.

عوسمان موزەیەن، بەرپرسی کۆمیتەی حقووقی ئەم ئەنجوومەنەش بارودۆخی ژنانی شاری سەردەشت کە بە هۆی ئەم رووداوە تووشی برینداریی بوون، خراپو ناڵەبار دەزانێو دەڵێت: نیوەی حەشیمەتی شاری سەردەشت ژنان پێک دێننوئەو ناوچانەی کە ئەو کات بۆمبارانی کیمیایی کراون، ماڵو خانوو بوون، هەربۆیە بەداخەوە رێژەی ژنانی بریندار زیاترە. سەرەڕای ئەوە، ژنانی سەردەشت بە کەمی دەرفەتی چوونو سەردانی ناوەندەکانی دەرمانیان هەیە، بەم هۆیەوە ئاستی باش بوونی برینەکانیان بە ئارامی دەچێتە پێشو ئەوە نیشاندەری ئەو راستیەیە کە کیمیاباران کاریگەریی راستەوخۆو زیاتری بە سەر ژنانی ئەو شارەی کوردستانیان هەبووە".

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە شاری سەردەشتەوە بە دەستمان گەیشتوون، زۆربەی بنەماڵەکان توانایی مالیی ئەوتۆیان نیە کە یارمەتی بە چارەسەر کردنی ژنانی بریندار بکەنو ئەوان بەو حاڵەش کاری نێو ماڵو بە خێو کردنی منداڵو زۆر

کاری دیکەیان لە ئەستۆدایە.

ژنان بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی باش‌و پێویست دەرمانی لە نەخۆشخانەکان‌و ناوەندەکانی پزیشکی لە شاری سەردەشت، ناچارن بۆ دەرمان کردنی برینە قوولەکانیان بۆ شارەکانی وەک تاران‌و تەورێزو هتد بڕوون، کە زۆربەیان ئەو تواناییە ئابوورییەیان نیەو ئەوانەی کە بە زۆر زەحمەتی‌و دژواری دەتوانن سەردانی ئەو شوێنە دوورانە بکەن، تووشی کێشەگەلی بنەماڵەیی، بەتایبەت لە بواری پەروەردەو بارهێنانی منداڵان دەبن.

کەمترین یارمەتیی پزیشکی‌و دەرمانی بە ژنانی بریندارو زەربە لێکەوتوویی سەردەشت دەکرێت، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆر کچ‌و ژنی سەردەشتی بە هۆی چارەسەر نەکردنی برینەکانیان‌و تەنانەت نەبوونی ئیمکانات‌و پێداویستییەکانی سەرتایی پزیشکی بۆ دەرمان کردنی برینەکانیان، گیانیان لە دەست داوەو رەنگە ئەگەر ئەم وەزعە درێژەی هەبێت، شاهیدی قوربانی زیاتر بین. ژنانی سەردەشت پێویستییان بە یارمەتیی پزیشکی‌و دەرمانی هەیە.

ئاسەوارو کاریگەرییە خراپەکانی کیمیاباران ئەوەندە بە سەر خەڵکی بێتاوانی سەردەشت بە گشتیی‌و بەتایبەت کچان‌و ژنانی ئەم شارەی کوردستان گەورەو بەرچاو بووە، کە لە بواری کۆمەڵایەتییەوە زۆر کێشەو گیرو گرفتی خولقاندووە. زۆر کچی برینداری سەردەشتی بە هۆی نەخۆشیەکەیوە تووشی بێهیوایی دەبن‌و ئامادە نابن ژیانی هاوبەش پێک بێنن‌و ئەم بارودۆخە دەبێتە هۆی تەنیا مانەوەیان لە ژیانداو هاتنە ئارای کۆمەڵێک کێشەو گرفتی رووحی‌و دەروونی بۆ ئەوان.

لەگەڵ ئەوە کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی‌و میدیاکان لە بەرانبەر ئەو تاوانە دژە مرۆڤانەیە بێدەنگ مانەوەو بە گوێرەی پێویست لە مەڕ ئەنجامدانی ئەم کردەوەی رێژیمی بەعس هیچ هەنگاوێکیان نەهاوێشت، ئێستاش زۆربەی بریندارەکان‌و قوربانیانی بەجێماوی ئەم رووداوە، بۆ سەلماندنی بریندار بوونیان بە هۆی ئەو جینایەتیەوە ناچارن بەردەوام سەردانی کۆمیسۆنە پزیشکییەکان بکەن‌و تاکوو بتوانن بسەلمێنن کە قوربانی ئەو جینایەتەن. بە تایبەت زۆربەی ژنانی سەردەشتی لەگەڵ ئەم کێشەیە بەرەوروون.

ئەمانە کۆمەڵێک لە کێشەو گیروگرفتەکانی کچان‌و ژنانی قوربانیی کیمیابارانی شاری سەردەشت بوون کە کەوتنە بەرباس، بە هیوایی ئانالیزو خستنە بەرباسی وردو هەمە لایەنەی بارودۆخی ئەو ژنە قوربانییە لەبیرکراوو لە پەراوێزخراودا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان - رێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠٠٩

# لە یادی بیست و یەک ساڵەی شیمیابارانی سەردەشت



## سیروان حەدداد

به ناوی یەزدانی مەزن

ئەمساڵ بیستویەکەمین ساڵی تێپەڕبوونی تراژێدیای بە کۆمەڵ کووژی خەڵکی کوردستان لە شارە هەمیشە سەربڵندەکەی سەردەشتی خۆشەویستە.

ئەمساڵ زیاتر لە دوو دەیە بە سەر ژینوساید و قڕکردنی خەڵکی بێتاوانی شارەکەمان بە دەستی دێوەزمەی ڕەشی و چەپەڵی تێدەپەڕێ. ڕۆژانی پڕ لە ئێش و زامی بە گاز خنکانی شارەکەمان و دەیان پەپولەی باڵ زێڕین و فرشتەی چاو گەش و ڕۆڵە جگەرگۆشەکانمانە. ساڵانێک بە درێژایی بەرەی نوێ بە سەر ئەم کارەساتە نامرۆیانەدا تێپەڕی و حەوتی پووشپەڕێکی دیکەمان بەرەوپیر هاتەوە.ئەو ڕۆژانەی کە وەبیرهێنەرەوەی ڕۆژانێکی تاریک و ترسێنەری شیمیابارانی شارە سەربڵندەکەی سەردەشتە. ئەو ساتەی کەبەرۆکی دایکی نیشتمانی ڕنی و بەخوێنی گەش و ئاڵی ڕۆڵەکانی گەڵ داری ئازادی و سەربڵندی ئاودا.

کۆمەڵانی بەشەردۆست و خەڵکی بەهەست و ئازادیخواز،ئێمە بیستویەک ساڵ لەمەوبەر کەوتینە بەر ڕق و قینی شێتێکی پەتکراو و شەوەیەکی ئەهریمەنی، دەستی دێوێکی ترسێنەر قوڕگمانی گوشی و هەناسەی لێ پساندین، پیرە باب و پیرە دایە،کیژۆڵەی چاو ڕەش و کوڕە چاکلاوی بە ئاوات نەگەیشتوو،جگەرگۆشە خنجیلانەکانمانیان بێبەزێیانە لە چرکە ساتێکدا بۆ هەمیشە لێیان ستاندین و بەرەو گۆڕی نەمانیان بردن.سەدان شەهید و بەهەزاران زامدار و برینداریان کردین،بەوەش نەوەستان و داروبەرد و کێو و هەرچی زیندەوەری وڵاتەکەم بوو بە گازی شیمیایی خنکاندیان و شارێکی پڕ

لە خۆشی و ئاوات و شادیان کردە گۆڕەپانی ململانەی نێوان مانونەمان.

حەوتی پووشپەڕی ئەمساڵ ساڵوەگەڕی بیست ویەک ساڵەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەیە کە سەددامی لەناوچوو بەسەر خەڵکی سەردەشتی هێنا،هەڵبەت ئەو کردەوە نەگریسە ئاخرین دەستدرێژی بۆ سەر گەلەکەمان نەبوو و هەر بە دوای کارەساتی سەردەشت، کارەساتە دڵتەزێنەکەی هەڵەبجە و باقی شار و گوندەکانی کوردستانیان خۆڵقاند و دووبارە بە هەزاران شەهید و بریندارى لە نەتەوە بێتاوانەکەمی گرت و بە سەدان ڕوڵەی کردە قوربانی ئاوات و ئارەزۆ چەپەڵەکانیان.

دوژمنانی گەلەکەم وایان دەزانی بەم چەشنە کردەوە کۆمەڵکووژیانە دەتوانن بە ئاواتی دێرینەی خۆیان بگەن بەڵام خەیاڵی خاو و خەونێکی بەتاڵ بوو، چاوی مرۆڤدۆستی کراوەیە و ویژدانی ئاشتیخوازان وەخەبەر،هەر بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ من بە چاوی خۆم نەمان و زەبوونی سەددام و سەددامەکان دەبینم، نەوە و بەرەی داهاتوو منیش مێژووی قارەمانەتی و هەرمانمان، داستان بە داستان و کتێب بە کتێب دەڵێنەوە و نەمان و سەرشۆڕی زلهێزانی شەڕخواز بۆ رۆڵەکانیان دەگێڕنەوە.

لە ساڵیادی ئەم رۆژە پڕێشەدا چاوەڕوانین خەڵکانی بەشەردۆست و کۆڕوکۆمەڵانی ئاشتیخواز لە سەرانسەری ئەم جیهانە بەتایبەت هاوشاریان و هاووڵاتیانمان لەگەڵماندا بن و بە یاد کردنەوی حەوتی پووشپەڕ روحی شەهیدانمان شاد بکەن و بۆ چەند ساتێکیش بێ زامی زامدارانی شیمیایی ساڕێژ بکەن. با لە سەعات ٤:٣٠ دقیقەی دوانیوەڕۆی رۆژی حەوتی پووشپەڕی ئەمساڵیش بە دەقیقەیەک بێدەنگی یادی شەهیدانی هەمیشە زیندووی شیمیابارانی سەردەشتمان کردبێت و نەهێڵین یادی ئازیزانمان لە یاد بچێ.

بەرز و پیرۆز بێت یادی شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشت و گشت شەهیدانی گەلەکەمان
بە ئاواتی ساغی و سەلامەتی هەرچی زووتری بریندارانی شیمیایی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠٠٨

## کیمیابارانی شاری سەردەشت



عەزیز ئەحمەدی

بیست ساڵ لە مەوپێش لە ڕۆژی ٧ی پوشپەڕی ٢٧٠٧ی کوردی بەرانبەر بە ٧ی تیری ١٣٦٧ی هەتاوی دا بیست ساڵ بە سەر شارە جوان و خنجیلانەکەی سەردەشت و چەندگوندێکی دەوروبەری دا تێپەڕ دەبێ شاری سەردەشت و بە تێکڕای دێهاتی سەردەشت مەکۆی میوانداری وناوەندی کۆبونەوە و حاشارگەی، ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی تێکۆشەرانی کورد و سەرچاوەی یارمەتی و پشتیوانی بە هێزی جوولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردی بەش مەینەت بووە. خەڵکی سەردەشت و ناوچەکەشی هیچ کاتێک جیاوازیان لە بەینی تێکۆشەرانی ئەم دیوو ئەودیودا نەکردوە، هەموو شۆڕشگێڕانی کوردیان وەکو یەک خۆشویستوە وبێ جیاوازی یارمەتیان کردون و لە کاتی تەنگانە دا پاراستویانن.

ناوچەی سەردەشت خاوەنی سروشت و جوانیەکی بێ وێنەیە، وەکوو دایکێکی نیشتمان پەروەر بە هەزاران ڕۆڵەی هەڵکەوتوی لە داوێنی پاکی خۆیدا پەروەردە کردوە بە سەدان شەهیدی پایەبەرزی لە پێناوی ڕزگاری کوردو کوردستاندا پێشکەش بە بارەگای ڕزگاری نەتەوەکەی کردوە.

لە هەر گوندو چیاو دوندێکی ئەو ناوچە تێکۆشەرە بیر بکەیەوە شە هیدێکی مەزن و قارەمانت دێتەوە بیر لە ڕاستی دا لە تەواوی ناوچەی سەردەشت، شوێنێک نابینی خوێنی قارەمانێکی لێ نەڕژا بێ سەردەشت هەر لە سەر کەنەکان بگرە تا گردەسوور و بە دەوری تەواوی شارستاندا بگەڕێ بە خوێنی ڕۆلەکانی پێشمەرگە و شیمیاباران ڕەنگاوە، هەر لە تیرە بارانی مامۆستا ئاوارە و ڕە حمان چاوشین و مەلا کەچە لە ساڵەکانی ١٣٤٦ - ١٣٤٧ ئیعدامی ملا عوسمان ناسراو بە شەهید جەلال میراوەیی، کە بە دەستی ڕێژیمی تێرۆریستی ئاخوندی و ڕێژیمی چەپەڵی پاشایەتی لە سەر کەنەکان و لە ناو پادگان لە ناوە ڕاستی شار بێ بەزەیانە گولله باران کران، کیمیاباران هەڵوەرێنی گیانی سەدان نەمامی تازە پێگەیشتو و بە ئاکام

نەگەیشتو دینێتە وە بیر، باوەشی خەڵکی ناوچەی سەردەشت بۆ لە باوەش گرتنی شۆڕشگێڕانی کورد هەمیشە ئاواڵا بووە. لە سێ بەشی کوردستانی داگیرکراو هیچ حیزبێکی کوردی نییە کە سەردەم یا سەردەمانێک لە ژیانی ئاوارەیی خۆی لەو ناوچەیە نەحەسابێتەوە لە یارمەتی و دلسۆزی ئەو خەڵکە بەهرەمەند نەبووبێ.

بە هەق هەڵدەگرێ کە نازناوی سەنگەری ئازادی کوردستان بدرێ بە سەردەشت، ناوچەی سەردەشت شۆڕشگێڕی وای لە باوەشی خۆی دا پەروەردە کردوە، کە بە بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە ڕێبازی پێشەوای مەزنیان زیندو کردەوە، ئێستاش ناوچەی سەردەشت یارمەتیدەری بەشەکانی دیکەی کوردستانن بە هەموو توانایانەوە دەسکەوتەکانی گەلەکەمان دەپارێزن.

لە خۆڕا نەبوو کە ڕێژیمی بەعسی فاشیست لە بەهانە دەگەڕا تا ڕقی دوژمنانەی بەو خەڵکە نیشتمانپەروەرە بڕێژێ، ئەوە بوو لە ڕۆژی ٧ی پوشپەڕی ٢٧٠٧ی کوردی دوژمنی گەلەکەمان بەعسی خوێنڕێژ ڕقی لە مێژینەی خۆی بە خەڵکی سەردەشت و ناوچەکەی ڕشت و هێرشێکی دڕندانەی کردە سەر شاری سەردەشت و بە چەکی کۆمەڵکوژی کیمیایی شاری بۆمباران کرد، بە سەدان کەس خەڵکی شارو دێهاتی دەوروبەر شەهید و بە هەزارانیش بریندار و کەم ئەندامی لێکەوتەوە، بە هەزارانی گیرۆدەی مەرگێکی واکرد، کە پاش ٢٠ سال ئێستاش لایە زال بریندارەکان یا بە هۆی بێ ئیمکاناتی شەهید دەبن، یا بە دەس ئازارەوە دەناڵێنن و گیرۆدەی شەلەل و کەم ئەندامی دەبن، ڕێژیمی تێرۆریستی کۆماری ئیسلامی نەک هەوڵی چارەسەر کردنی بریندارەکانی نەداوە و ئاورێکی بە خێری لە بنەماڵەی شەهیدان نەداوە، بە زوڵم و زۆر درێژەی داوە و لەو ڕوداوە دڵتەزێنە تەنیا بە قازانجی ڕێژیمە گلاوەکەی خۆی کەڵکی تەبلیغی لێ وەر گرتوە.

لە ئەنجامی ئەو شیمیا بارانە سامناکە دا ئێستاش تەمو مژی بۆمبی شیمیایی بە سەر ناوچە جوانەکەی سەردەشتی سەر سەوزەوە دیارە. هەموو سالێ کاتی بیرەوەری ئەو ڕۆژە برینی ناوچە ی سەردەشت تازە دەبێتەوە و ئێش و ئازاری ئەو ڕۆژە ڕەشە ئازاریان دەدا.

خەڵکی سەردەشت کە ٢٠ ساڵە بەو ئازارەوە دەناڵێنن، تا ئێستاش لە لایەن هیچ ڕێکخراوێکی خێرخوازەوە ئاورێکی بە خێریان لێ نەدراوەتەوە، بنەماڵەی شەهید و بریندارەکان ئێستاش لە چاوەڕوانیدا دەژین، کە ڕۆژێک بێ بە کۆمەڵکوژی چەکی کیمیایی بناسرێن، بەشێک لە زیانەکانیان بۆ قەرەبوو بکرێتەوە.

لەوەش دڵتەزێنتر ئەوەیە کە بەداخەوە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکانیش هیچ گرینگیەکی وایان بەو جینایەتە نەداوە ئەوانەی لە ڕۆژانی سەخت و تەنگانە دا لە باوەشی ئەو خەڵکە دا حاوانەوە، ئەو خەڵکە دڵسۆزو تێکۆشەرەیان لە بیر بردۆتەوە، لانی کەم هەوڵێکی جیددیان نەداوە بۆ ناساندنی ئەو جینایەتە بە بیروڕای گشتی نێو نەتەوەیی.

سڵاو لە شەهیدانی کوردستان سڵاو لە شەهیدانی هەڵەبجە، بالیسان، کرماشان و مە ریوان بادینان، دۆلی شاوری، گوندی زەردە لە باشوری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٨

## ٢١ ساڵ دەردو ئازاری بێ بڕانەوە



ن: وریا ساڵح زادە

لە ڕێکەوتی حەوتی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بەرامبەر بە (١٩٨٧ی زایینی) شاری سەردەشت لە لایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی بەعسی عێراقەوە کەوتە بەر پەلاماری بۆمبە شیمیاییەکان کە لە ئاکامی ئەم هێرشە دڕندانەیە دا نزیکەی ١٢٠ کەس شەهید و ٧ تا ٨ هەزار کەس بریندار بوون.

ساڵیش نیە ژمارەیەک لەو بریندارانە گیانیان لەدەست نەدەن. بە بێ ئەملاو ئەولا شیمیایی بارانی شاری سەردەشت پەیوەندیی بە پرۆژەی مێژوویی ژینۆسایدو قڕکردنی گەلی کوردەوە هەیە، هەروەک شاراوە نیە دوژمنانی کورد هەمیشە زێدو نیشتمانی کوردانیان کردۆتە گۆڕەپانی ململانێو تێک چرژانی هێزە دڕندەکانیان، یان بەرانبەر بە هێزە دژبەرەکانیان. لەم نێوەدا بێگومان تەنیا کەسێکو تەنیا خاکێک کە بووبێتە قوربانیی سیاسەتی چەوتی دوژمنکارانەی دوژمنان، هەمان خاکی کوردستانو هەمان تاکی کوردی ئەم خاکەیە. بەڕاستی سەرمان لێ شێواوەو نازانین کام برین سارێژ بکەین، برین و داخی

راگوێزان و قەڵا چۆلکران، برینی نکۆڵی و ئینکار کردن،

برین و داخی ئەنفال و ڕەشەکوژی یان سەردەشت و هەڵەبجە.

گومانی تێدا نیە کە دیکتاتۆرترین و مرۆڤ کوژترین حاکمێک کە جیهان لەم سەدەی دواییدا بە خۆیەوە دیتوە، هەمان دەسەڵاتی خوێن مژی بەعسی بوو. بەتایبەت ئەو جینایەتانەی کە لە هەمبەر وڵاتیی دراوسێ و تەنانەت خەڵکی مەدەنی خۆشیدا ئەنجامی داوە کە نموونەکەیان دوو شاری سەردەشت و هەڵەبجەن. بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت لە لایەن سەدام حسێن و دارودەستەکەی داخێکە کە ئێستاش دڵی خەڵکی ستەم لێکراوی ئەم شارە ئازار دەدا. کوژرانی لانی کەم ١٢٠ کەس و برینـدار بـوونی ٧ تـا ٨ هـەزار کـەس لـە حەشیمەتی بیست هـەزار کەسیی ئـەو کـاتی سەردەشت دا ئـەژمارێکی سەرسوڕهێنەرەو نیشانەی ڕوودانی کارەساتێکی بە تەواو مانا دژ بە مرۆڤایەتیە.

لێرەدا لە ڕوانگەی مافی نێونەتەوەییەوە بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بە کورتی هەڵدەسەنگێنن. بۆمبارنی شیمیایی شاری سەردەشت لە حالێک دا دژ بە خەڵکی ئەم شارە ئەنجام درا کە تەواوی دانیشتوانی ئەم شارە غەیری نیزامی بوون و لە بواری یاسایی یەوە هێرشی کردنە سەر شوێنە گشتی یەکان قەدەغەیە. بە پێی ماددەی ٢٣ی پەیمانی چوارەمی ١٩٠٧ی لاهە ئەو چەکانەی کە دەبێتە هۆی ئازارێکی بێ بڕانەوە، زۆر بە بۆتووندی قەدەغە کراوەو تەنانەت لەماددەی ٣٠ی "پروتکل الحاقی" ساڵی ١٩٧٧ ئەم مەسەلەیە لێبڕاوانەتر دووپاتکراوەتەوە.

دەوڵەتی عێراق ئەم پەیماننامەیەی ئیمزا کردوە، هەر چەند کە بڕیارنامەی ٥ی دیسامبری ١٩٦٦ی نەتەوە یەکگرتووەکان، وڵاتانێک کە تەنانەت ئیمزاشیان نەکردوە دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەم یاسایە لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە واتایەکی نەدەبوو.

کارەساتی شیمیایی بارانی شاری سەردەشت یەکێک لەو تاوانە جەنگییە گەورەکانی جیهانە. بۆیە ئێمە پێویستە خوازیاری ئەوە بین کە لە ڕوانگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە جیهانیەکان شیمیایی بارانی شاری سەردەشت لە کارەساتو ژینۆسایدی مێژوویی جیا نەکرێتەوەو بە درێژ کردنی دەستی یارمەتی بۆ هەزاران بەرکەوتووی شیمیایی لەم شارەدا چەشنێک لە ئارامی بەم خەڵکە ببەخشرێت.

لەم نێوەدا پێویستە وەبیر بێنینەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە ڕوانگەی سیاسەتی دوژمنکارانەی خۆیەوە دەڕوانێتە کورد جگە لە ساتو سەودا کردن بە قوربانیانی ئەم کارەساتە جگە لە کۆمەڵێک یارمەتیی سەرەتایی هیچ هەنگاوێکی ئەوتۆی بە قازانجی بەرکەوتووانی چەکی شیمیایی هەڵ نەهێناوەتەوە. تەنانەت کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە جگە لەوەی

یارمەتی وڵاتـانو ڕێکخـراوە خێرخوازەکـان بـە بەرکـەوتووانی چەکی شیمیاییان بـە تـاڵان بـردوە، ڕێگـە نـادەن ئـەم جـۆرە ڕێکخراوانـەو تەنانـەت کـوردی پارچـەکانی دیکـەش لـە سـاڵیادی ئـەم کارەسـاتە لەگـەڵ خـەڵکی شـاری سەردەشت هـاودەردی بکەن.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠٠٨**

---

## کارەساتی ٧ی پووشپەڕی ٦٦ی شاری سەردەشت، هەوڵێکی دیکە بۆ کورد قڕان.



**ڕەحیم ڕەشیدی**

مێژووی دوورو نزیکی خەڵکی بەش مەینەتی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژانی پڕ لـە سـەرکەوتنو بـەرەوپێش چـوونی تێدایـە کە کورد شانازیان پێوە دەکات و پێیانەوە سەربەرزە، هاوکات ڕۆژانی ڕەشو پڕ لە کارەسـاتی واشـی تێـدا بـەدی دەکـرێ کـە وێـرای ئـەوەی وەکـوو تراژیـدیاو کارەسـات دێتـە ئـەژمارو بەسەرشـانی خـەڵکی بـێ بـەش لـە ئـازادی و ژیـانی سـەردەمیانەی کوردستان قورسایی دەکات، بەڵگەشن بۆ بوونی فرە چەشن کە لە لایـەن داگیرکـارانی کوردسـتانەوە دەرحـەق بـە وردو درشـتی وڵاتەکەمان بەردەوام بەرێوە دەچێت. چۆنێەتی قەومانی ئەم ڕۆژە ڕەشانە بە ئاشکرا ئەو ڕاستی یە دەسـەلمێنن داگیرکـەرانی کوردسـتان بۆیـان گرینگـە، سیاسـەتێک بەرێوەبـەرن کـە خـاکو خـەڵکی کوردسـتان زۆرتـرین زیـان و زەرەری بەرکـەوێت. جـا کەوایە کورد لەمەبەر یان ئەوبەر بێت، لە گەرمێن بێت یان لە کوێستان زۆر بایەخدار نیە، گرینگ ئەوەیە کورد بـێو زیـانی وێکەوێت. بکوژرێ، مالوێران و دەربەدەر، ئاوارەو ماڵ بە کۆڵ بکرێت. ئەم گەلە لەسـەر خـاکی خـۆی تـەنیا بـە تـاوانی مـاف خوازی و گرتنە دەستی چارەنووسی خۆی، پەلامار دراوە، هێرشی کراوەتـە سـەر، زێـدو نیشـتمانەکەی کێومـاڵ کـراوەو، کێـو، مەزراو ڕەزو باغەکانی سوتێندراون، گونـدەکانی وێـران کـراوە، شـارەکانی بـەر بـۆب و نـاپـاڵم دەدرێـت تـاکوو دەنگـی ئـازادی

خوازی و هاواری پەنگ خواردووی نەگاتە گوێو نەبیسترێ. شەڕی بێ ئاکام و زیانباری ٨ ساڵەی دوو دەوڵەتی دیکتاتۆرو شەڕخوازی ئێران و عێراق کە پتر لە یەک ملیۆن کوشتەو برینداری، بە ملیارد دۆلار زیان و زەرەری مادی و مەعنەوی لێکەوتەوە، دەرەتانێک بوو تا دوو دەوڵەت لە بەستێنی ئەم شەڕە کۆنەپەرەستانەدا، زیان و زەرەرێکی زۆر بە خەڵکی کوردستان بگەیەنن. شەرێک لەگەڵ زەرەرمەند کردنی کوردو باقی گەلانی ناوچەکە، سێبەری ڕەشی لەسەر خەباتی بزوتنەوی میللی - دێمۆکراتیکی کوردستان دادەناو ئەو تێکۆشانە چڕوپڕە حەقخوازانەی کە ڕۆڵەکانی کورد بۆ بەرگری لە مان و ماوجودیەتی خۆیان بەڕێوەیان دەبرد، کەمرەنگ دەکردەوەو، لە چاوی راگەیاندن و ناوەندە جیهانی یەکانی دەشاردەوە، لە راستی دا ئەم دۆخەش دەرفەتێکی لەبارتری دەخستە بەردەم شەرخوازان تاکوو باشتر گەلی ئازادی ویستی کورد قەلاچۆ بکەن. یەکێک لەو ڕووداوە دڵتەزێنانە کارەساتی شیمیایی باران کردنی شاری سەردەشتە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کە رێکەوتی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٨ی ژوئەنی ١٩٨٧ی زایینی هاتە ئاراوە. فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی دەوڵەتی بەعسی سەر شێت، لە کردەوەیەکی قیزەون و سەرەرۆیانەدا، پەلاماری شاری سەردەشتیان داو بۆردمانی شیمیایان کرد. هەرچەندە شارەکانی کوردستان هەر جار ناجارێک لە لایەن فرۆکەکانی هەر دوو لا دەدرانە بەر هێرش، بەلام کارەساتی ٧ی پووشپەر زامێکی وەهای خستە سەر جەستەی و بالأی شاری خەباتگێری سەردەشت و دەوروبەری کە مەحالە لە بیر بکرێت. ئەگەر سەرانی رووخاوی بەعس بە خولقاندنی ئەم جنایەتە پەڵەیەکی ڕەشیان بە کارنامەی دەوڵەمەندی تاوانکاری خۆیان زیاد کرد، ئەوە کاربەدەستانی ئێرانی بە کەمتەرخەمی و بێ دەروەستی لە ئاست بریندارو قوربانیانی ئەم رووداوە دا، بوونە هۆی ئەوەی رێژەی شەهیدو بریندارەکان بەرەوو ژوور هەڵکشێتو ئاست و مەودای تاوانەکە بەرفراوان تر بێتەوە. سەرەڕای بە پێت بوونی ناوچەکە، ئێستاش پاش سالأنێک لە هاتنە ئارای ئەم رووداوە کارەساتبارە، بێ کەرەستەیی، نەبوونی ئیمکاناتی پزیشکی و مادی، کەم بوونی دەواو دەرمان، پاشکەوتویی نەخۆشخانەو ولأم دەر نەبونی بۆ خەڵکی شاری سەردەشت بە گشتیی و لێقەوماوان و زامهەڵگرتووەکانی جەستە زامداری ئەم ڕووداوە،بە ڕوونی پشت گوێ خستنی خەڵکی کورد لە لایەن کاربەدەستانەوە نیشان دەدات. گومانی تێدا نییە بەشێک لە بەڕێوەبەرانی تاونباری خولقێنەری تراژیدیای شیمیایی کردنی شارەکانی کوردستان لە دادگاکانی پاش پرۆسەی ئازادی عێراق حوکمی شیاوی خۆیان وەرگرت و ئەوانی دیکەش بە حوکمی بەرەپێش چوونی مێژووو کە دابین بوونی دێموکراسی و مافی گەلانی تێدا مسۆگەر دەبێت، چارەنووسێکی باشتر لەوانیان نابێت. تیشک تی ڤی لە بیرەوەری تاڵی ئەم تاوانە سامناکە دا، وێرای دەربڕینی داخ و کەسەری قوڵی خۆی بۆ قوربانیەکان، هاودەردی لەگەڵ تێکرای خەڵکی کوردستان دەکات و ئاواتی چاکبوونەوە بۆ بریندارەکانی ئەم رووداوە لە بیرنەکراوە بە ئاوات دەخوازێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی خاکەلێوە - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠٠٨

# کەڵکی سیاسیی لێ وەرمەگرن



**نووسینی: سامان رەسووڵپوور**

**وەرگێران لە فارسییەوە: عەلی بداغی**

**کاتژمێر ٢٠ - ٤ی رۆژی یەک شەممە ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی شەش فرۆکەی شەڕکەری عێراق بەگازەکانی" خردل"، سیانور دژە ئەعساب بوردومانی شاری سنووریی سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارەیان لە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا کرد. دوابەدوای ئەو بوردومانەو تەنیا لە ماوەی ٨ کاتژمێر دا سەدان کەس گیانیان لە دەست داو هەشت هەزار کەسیش بریندار بوون.**

**دوا دەرئەنجامەکانی ئەم رووداوە دوای تێپەڕینی ٢١ ساڵ هەروا دیار و بەرچاون. سەبارەت بەو رووداوەو هەروەها باس کردن لە کێشەو گرفتەکانی بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت و وتووێژ ێکمان لەگەڵ کاک عوسمان موزەییەن، مافناس و سکرتێری حوقووقیی ئەنجومەنی پشتگیری لە بریندارانی شیمیایی سەردەشت پێک هێناوە. بەرێزیان وێڕای رەخنەگرتن لە پێڕانەگەیشتنی بریندارنی ئەم رووداوە لە لایەن لایەنە بەرپرسیارەکانەوە گلەیی ئەوەدەکا کە تەنانەت کەڵکی خەراپیش لەو مەسەلەیە وەرگیراوەو دەڵێ: ئەوەی کەسێک بۆ ئیدانە کردنی ئەو رووداوە راگەیاندراو دەرکاو پاش ساڵێک حازر نەبێ وەڵامی سلاوی بریندارنی ئەو رووداوە بداتەوە چ پاساوو روونکردنەوەیەک هەڵ ناگرێ، ئەوەش دەقی وتووێژەکەیە:**

**کاک عوسمان ٢١ ساڵ لە بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە تێپەڕی. ئایا ژمارەی وردو دروستی بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت لە بەر دەست دا هەیە؟**

**بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت لە سێ گرووپ دا جێ دەگرن: یەکەم: بەر چاوترین گرووپ لەو کەسانە پێک دێ کە بریندار کاتی بوودومانەکان و ژمارەی ئەو کەسانەش بە پێی ئاماری پزیشکانی پسپۆرو جێی متمانەی ئۆرگانە**

پێوندیدارەکانن، هەشت هەزار کەس گەیەندراوە.

دووهەم گرووپ ئەو کەسانەن لە ژێر چەتری بنیادی شەهیدوکاروباری"ایپار گران" دان و بنیاد ئەو کەسانە وەک گیانباز دەناسێنی و رادەی گیانبازیی ئەو کەسانە لە ٥% تا ٧٠% دەگرێتەوە کەزۆربەیان رێژەی گیانبازی یان کەمتر لە ٢٥ لە سەدە. دوا گرووپیش ئەو بریندارە شیمیایی یانەن کە بەپێی لێکدانەوەی بنیاتی شەهید و کاروباری "ایپار گەران " گیانبازی سەروو ٢٥ لە سەدن و بە پێی ئەو دەرسەدە دیاریکراوە یارمەتیی ماددی و دەرمانی وەردەگرن و ئەولەوییەتی دامەزران لە ئیدارە دەوڵەتی یەکانیان هەیە. دیارە ئەو پێڕاگەیشتن و خزمەتانە گیانبازانی کەمتر لە ٢٥% ناگرێتەوە.بەو پێیە بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت پترلە هەشت هەزار کەسن کە کەمتر لە ٤٠٠ کەسیان گیانبازی سەروو ٢٥ لە سەدنو ئەوانی دیکە هەموویان بە بریندارن خوار ٢٥% تۆمار کراون.

**ئێستا بریندارانی ئەو رووداوە پاش تێپەڕینی هەموو ئەو ساڵانە لە چ بارودۆخێک دا دەژینو لەگەڵ چ جۆرە گیروگرفتێک بەرەوروون؟**

هەموو بریندارانی شیمیایی بەدەست کاریگەریی و دەرەنجامەکانی ئەو شیمیابارانەوە دەناڵێنن کە دیارە ئەوە پێوەندی بە رادەی برینداریی ئەوان و رادەی کارتێکەریی گازی خەردەڵ " لە سەر پێست، چاو، گەدەو ئەعساب و دەروونی ئەوانەوە هەیە. جگە لە گیروگرفتی ئەو کەسانە سەبارەت بە کێشەی دەواو دەرمان و زۆربوونی ئێش و ئازارە جەستەیی و دەروونی یەکانیان سەرەکیترین کێشەی ئەوان کێشەی ماددی و دارایی کە بە هۆی کەمبوونی تواناو هێزی کارکردنی بریندارەکان و چوونەسەری تێچووی دەرمانی تووشی ئەم ئاستەنگە بوونەتەوە. برینداری شیمیایی جگە لەوەی زۆر کێشە و گرفتی جەستەیی و دەروونیی هەیە، ناشتوانێ ئەو جۆرەی پێویستە کار بکاو لە هەموو لایەکەوە تووشی کۆسپ و تەگەرە دەبێتەوە. جیا لەوەش پێڕانەگەیشتنی ئۆرگانەکانی لێپرسراوو پێوەندیدار بۆ تۆمار کردن و ناسینی هەموو بریندارانی شیمیایی و لێپرسینەوەو بە دواداچوونی ئەوان بۆتە کۆسپێکی دیکەش لەم پێناوەدا.

**بەرپرسان چەندە ئاوڕیان لەو بریندارانە داوەتەوە؟ چەندە یارمەتی یەکانی دەوڵەت بۆ ئەو کەسانە جێی رەزامەندی یە؟**

یارمەتیی قانوونی تەنیا ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە برینداری پتر لە ٢٥ لە سەدن و کەسانی خوار ئەو رێژەیە لەو یارمەتی یانە بێبەشن. ئەو کەسانەش کە لەلایەن کۆمیسیونە پزیشکی یەکانەوە وەک گیانبازی شیمیایی نەناسراون هیچ چەشنە مافێکیان نیەو بونیادی پێوەندار خۆی لە بەرامبەر ئەو کەسانەدا بە بەرپرسیار نازانێ. جیا لەو یارمەتی یانەی بۆ بریندارانی سەروو ٢٥% لەبەرچاو گیراوە کە ئەو کەسانە ٤% ی هەموو بریندارەکان پێک دێنن، یارمەتی یان پشگیری

یەکی دیکە بۆ ئەو کەسانە لە گۆڕێ دانیە.ئێمە جیا لە دەربڕینی نارەزایەتیمان سەبارەت بە شێوەی دیاریکردنی دەرسەدەکان و گرینگی نەدان بە دەرەنجامەکانی برینداریی ئەو کەسانە داوا دەکەین کەوا باشە کەسانی بریندار بەپێی دۆخی تایبەتی یان پشتگیری یان لێ بکرێو یارمەتی بدرێن، نەک ئەوەی سنووری ٢٥% بۆ دابنرێ.

چونکە بەپێی تیروانینی ئەنجومەنی داکۆکی لە مافی بریندارانی شیمیایی شاری سەردەشت جیاوازی یەکی ئەوتۆ لە نێوان گیانبازێکی ٢٠% یا ٢٥ %دا نابینرێ و ئەگەر جیاوازی یەکیش هەبێ بەو رادەیە نیە کە بە ٥% جیاوازی لە گیانبازی دا یەکیان هەموو ئەو یارمەتی و پێراگەیشتنانەی پێ ببرێ و ئەوی دیکەشیان بێبەش لە هەمووی ئەو شتانە بێ. دیاریکردنی سنوورو چوارچێوە بۆ ئەو یارمەتی و مافە قانونی یانە جوان و پەسند نین.

**ئیمکانانی دەرمانیی نێوخۆی ولات چەندە کفایەتی دۆخی بریندارا ن دەکا؟**

سەربارەت بە ئیمکاناتی دەرمانی دەبێ بڵێم کە لە کاتی شەڕداو بە هۆی زۆرگرفتی ماددی و زانستی پزیشکی، کەرەستە و تیکنۆلۆژیی دەرمانی گونجاومان بۆ بریندارانی شیمیایی لە بەردەست دا نەبوو. بەلام دوای کۆتایی هاتنی شەڕو بەسەرنجدان بەوەی کە زۆر هێزی نیزامی و غەیرە نیزامی بریندارى چەکی شیمیایی بوون و چارەسەر کردنی ئەو بریندارانە وەک پێویستی یەک خۆی دەنواندو ئیمکانی ناردنە دەرەوەی هەموو ئەوانە بۆ ولاتانی ئورووپایی نەبوو، زانستی پێویست بۆ چارەسەریی بریندارانی شیمیایی لە ئێران دا پەرەی پێداو پزیشک و پسپۆری زۆر هاتنە نێو ئەو گۆڕەپانەوە. بەجۆرێک کە ئێستا ولاتی ئێران یەکێک لە پێشکەوتووترین ولاتان لە بواری چارەسەریی بریندارانی شیمیایی یە. ئەگەر ئەو پێشکەوتنە نەبوایە پێراگەیشتن بە گیروگرفت و کێشەکانی گیانبازان و بریندارانی شیمیایی کە خۆیان لە ١٠٠ هەزار کەس دەدەن، زۆر ئاستەم و دژوار دەبوو. هەر لەو پێوەندی یەدا چەند نەخۆشخانەیەکی تایبەتی بۆ چارەسەریی بریندارانی شیمیایی دروست کراون و پزیشکی پسپۆر و کەرەسەو تێکنۆلۆژیی زۆر پێشکەتووو مودێرنیان بۆ دابین کراوە.

**بریندارانی شاری سەردەشت زۆربەیان کام بەشی لەشیان تووشی ئازارو ژان هاتوە؟**

ئەو جۆرە گازەی بۆ بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بە کارهاتوە، نابێتە هۆی کوشتنی کوت وپڕی ئەوان. بەلام ئێشو ئازار و گرفت و نەخۆشی گەلێکی دیکەیان تا کاتی مردن تووش دەکا. بریندارانی شاری سەردەشت زۆربەیان لە بەشەکانی چاو، سی و سیپەلاک، پێست و ئەعساب و دەروونەوە پێکراون و ئەو برینانەشیان رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر قووڵ دەبێتەوە و لەشساغی و تەندروستیی ئەو ئازیزانە تازە بۆیان ناگەڕێتەوە. هەروەها راپۆرتو هەواڵی ئەوەش بە ئەنجومەن گەیشتوە کە هێندێک لە شوێنەکانی شار کە کەوتونەتە بەر رەهێڵەی بۆردومانەکان ئێستاش هەر ئالوودەن و کاریگەریی ئەو پیس

بوونە لە سەر وەچەی داهاتووش دیار دەبێ کە هیواداریین ئەو هەولانە راست نەبن.

**جگە لە کارتیکەریە یە جەستەیی یەکان، کاریگەریی دەروونی ئەو شیمیابارانە چین؟**

گرفتی هەناسەدان و هەروەها زۆرترین کاریگەریی خۆی لە سەر دەروونی مرۆڤ دادەنێ، لە سەرەتایی ترینی ئەو خەسارانەیە. ئەو بریندارە پێکراوەی کە بە هۆی پێکانی بە گازی شیمیایی لە سەیران و تەفریحێکی زۆر چووکەش بێبەشە، بێگومان تووشی نەخۆشی ئەعساب و دەروونی دەبێ. ئەو نەخۆشەی زۆربەی رۆژەکانی تەمەنی لە ژێر چاوەدێری پزیشکی و دەوادەرمان دا تێپەڕ دەکا دیارە هیوای چارەسەریی یەکجاری لە دڵ دا نامێنێ‌و کە دەبینێ هەموو ساڵێک ئازیزترین و نزیکترین کەسوکاری خۆی کە ئەوانیش وەک ئەو بریندار چەکی شیمیایین، دەمرن، پێویستی بە یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی و پزیشکی دەروونی دەبێ  کە بە داخەوە لەمبارەوە ئۆرگان و ناوەندەکانی لێپرسراو هیچ هەنگاوێکیان هەڵ نەهێناوەتەوە و هەموو ئەرکی خۆیان لە تەرخانکردنی مانگانەیەک بە بریندارانی سەروو ٢٥%دا دیتۆتەوە. یان ئەوە لە بەرچاو بگرن کە دایکێک پێکراوی چەکی شیمیایی یەو بە جێی ئەوەی سۆزو خۆشەویستی خۆی پێشکەشی منداڵەکانی بکا، دەبێ لە نەخۆشخانە چاوەڕوانی چاو پێکەوتنی جگەرگۆشەکانی بێ .

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ  -  ڕێکەوتی: ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧

# دوای تێپەرینی ٢٠ ساڵ بە سەر بومبارانی شیمیایی سەردەشت دا، ئێستاش ڕێژەی قوربانیانی ئەو کارەساتە دیار نیە



**حەمەرەسووڵ کەریمی**

**هەموو ساڵێک خەڵکی شاری سەردەشت بۆ کارەساتی جەرگبڕی حەوتی پوشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی بەرامبەر بە ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧ی زائینی دێنە سەر شەقامو کۆلانەکانی شار و بە چەند چالاکی‌یەکی هونەری و ئەدەبی یادی شەهیدان و قوربانیانی ئەم کارەساتە دەکەنەوە، ئەو ساڵ بیستەمین ساڵی ئەم تراژیدی‌یە گەورەیە و خەڵک دیسان دەیان هەوێ ڕێز لە خۆشەویستانی لە دەست چوویان بگرن و وەک ساڵانی پێشوو و بگرە هێندێک باشتریش یاد کردنەوەی ساڵانەی خۆیان بەرێوە بەرن.کاتژمێر چواری دوا نیوەرۆی ڕۆژی حەوتی پوشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی چوار شوێنی پڕ حەشیمەت لە شاری سەردەشت کەوتنە بەر هێرشی فرۆکەکانی عێراقی و بە بومب و گازی خەردەل بە خەستی بۆردوومان کران، دیارە هاوکات لە گەڵ بۆردوومانی شاری سەردەشت گوندی "ڕەشەهەرمێ و دەشتی کەپران"یش کەوتبوونە بەر ئەو پەلامارە. لەو کارەساتە سامناکە دا زیاتر لە هەشت هەزار کەس لە دانیشتوانی "سەردەشت" ئەو شارە کوێستانی‌یەی ڕۆژهەلاتی کوردستان شەهید و بریندار بوون، ئێستا دوای ٢٠ ساڵ بە سەر ئەو تراژیدیایە دا هیچ کەس ئاوڕی لە خەڵکی شاری سەردەشت نەداوەتەوە و تەنانەت ڕۆژی حەوتی پوشپەر کە ڕۆژی بوردومانی شاری سەردەشتە لە ڕۆژمێرەکانی ئێرانی دا بە هەشتی پوشپەر نووسراوە، بۆ ئەوەی لە گەڵ یەکێک لە ڕۆژەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران یەک بگرێتەوە، دیارە هەتا ئەمرۆش ناوی تەواوی شەهید و برینداەکانی ئەو کارەساتە تۆمار نەکراوە و هیچ ڕێز و حورمەتێک لە کەس و کاری بە جێ ماوی ئەو قوربانی‌یانە ناگیراوە و ناگیرێ، هەر بۆیە خەڵکی شاری سەردەشت لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە بێ کەسی و لێنەپرسینەوە دەکەن و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە ئازاری زۆر بەم بێ موبالاتی‌یەوە بکێشن.**

**ئەگەر ئاوڕێک لە ٢٠ ساڵ لەمەوبەری شاری سەردەشت بدەینەوە، ئەو کات دانیشتووانی سەردەشت نێزیک بە ٢٥هە زار کەس**

بوو،

ماوەی ٨ ساڵ بوو، لە نێوان دوو دیکتاتۆری بە خوێن تینوی کوردان "ئێران و عێراق" شەر داگیرسا بوو، پێش ئەو کارەساتە چەندین جار لە لایەن عێراقەوە ناوچەی پڕ سەوزەڵانی سەردەشت بۆمباران کرا بوو و هەر جارەی چەندین کەسی لێ ببوونە قوربانی. بەڵام پەلاماری ڕۆژی حەوتی پوشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی، وەک هێرشی جارەکانی دیکە نەبوو کە تەنیا بە دانی چەند قوربانی‌یەک ئەو ڕۆژە بە فەرامۆشی بسپێردرێ و یا چەند ڕۆژ دواتر دانیشتوانی شار و ئەم دەڤەرە، دەست بکەنەوە بە کاری ئاسایی و ڕۆژانەی خۆیان، بەڵکوو ئەو پەلامارە دڕندانەیە ئەوەندە قورس و بە ژان بوو کە ئێستاش دوای ٢٠ ساڵ بە سەر ئەو کۆمەڵکوژی‌یە دا، زامدارانی ئەو کارەساتە بە ئێش و ئازارەوە دەتلێنەوە و هەموو ساڵێک چەندین کەس بەرەو مەنزڵگەی ئاخرەت کۆچ دەکەن و لە تەنیشت قوربانی یەکانی دیکە لە گۆرستانی گردەسوور مەنزڵ دەگرن.

ڕۆژی حەوتی پوشپەر کە شاری سەردەشت بوردومان کرا، تەنیا چەند کەسێک نەبوونە قوربانی بەڵکوو شارێک خنکێندرا و شارێک ژەهر خواردوو کرا. بە داخەوە لە بەر ئەوە شاری سەردەشت تەنیا یەک ڕێگای هاتوچۆی ماشێنی هەبوو بۆ چوونە دەر لە شار، خەڵک زیاتر تووشی گیرۆدە بوون بە سەم و گازی خەردەل بوون، لە بەر ئەوە ئەم ڕێگایەی هاتووچۆی پێدا دەکرا، تاقە ڕێگای پەیوەندی بوو لە نێوان شارەکانی مەهاباد و بانە و پیرانشار دا، ئەویش کەوت بوو بەر یەکێک لە بۆمبەکان و ئەو شەقامە سەرەکی‌یەش ژەهراوی ببوو، هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە لە ماڵەکانی خۆیان دا بوون و بە ساخی ڕزگاریان ببوو و دەیان هەویست لە شار بچنە دەر و خۆ لەو نەهامەتیە ڕزگار بکەن، لە کاتی دەرچوونیان بەم ڕێگایە دا و لە کاتی هەناسە کێشان دا، تووشیان بە تووشی گازی خەردەلەوە دەبوو و پاش چەند کاتژمێرێک دەچوونە ڕیزی زامدارەکانی دیکەی شارەوە، هەر بۆیە جیا لەو کەسانەی کە لە یەکەم چرکەکانی ئەو پەلامارە دا شەهید و بریندار ببوون، کەسانی دیکەش هەبوون کە لە کاتی دەرباز بوون دا بۆن و هەوای ژەهراوی شەقام و کۆڵانەکانی دیکەی شاریان هەڵمژی بوو و تووشی زامداری ببوون.

دانیشتووانی شاری سەردەشت زانیاری تەواویان لە سەر ئەو بۆردوومانە نەبوو و پێیان وابوو کە بومبەکان تەنیا بۆمبی ئاساییین و نەک بۆمبی شیمیایی، هەر بۆیە زۆربەی خەڵک بۆ ئەوە کە قوربانی‌یەکان لە ژێر دارو پەردووی ڕووخاو و خانوە تەپیوەکان بێننەوە دەر، چووبوونە گەڕەکەکانی بوردوومان کراو و یارمەتی کەس و کاری قوربانی‌یەکان و زامدارەکانیان دەدا و ئەوەش یەکێک لە هۆکارەکانی زیاتر بوونی قوربانی‌یەکان بوو، دوای زیاتر لە ٤٠ خولەکێک پاش تەقینەوەکان خەڵک بەرەبەرە هەستیان کرد کە دەم و چاویان ئاوی لێدێ و لەشیان تووشی خوران و ئەستوور بوون و بلۆق دەر کردن بووە و لە کاتی هەناسە کێشان دا تووشی ڕشانەوە و تەنگە نەفەسی بوون، ئەو کات زانیان کە بۆمبەکان بۆمبی ئاسایی نین و

هاوار و ناڵەی خەڵک زیاتر بوو، دارەکان و بەر پەنجەرەکانی ماڵان و ئاوەکانی نێزیک تەڤینەوەکان تۆزی سپی ژەهراویان لە سەر نیشت بوو، سەرچاوەی گەورەی شاریش چەند میترێک لە شوێنی بوردومانەکان دوور بوو، هەر ئەم ئاوەش بوو کە دەچوو بۆ حەمامی شار و حەوزی مزگەوتەکان و شێرەی ئاوی تەواوی ماڵەکانی شار، خەڵک بۆ ئەوەی تووشی نەهامەتی و زامداری زیاتر نەبن بۆ خۆ پاراستن لە مردن کەڵکیان لەم ئاوانە بۆ خۆ شتنەوە وەر گرت و لە ئاکام دا بەشێک لە خەڵکیش هەر بە ئاوی سەرچاوەی شار و ئاوی حەمامەکانی شار تووشی زامداری پێستی و دەروونی بوون، جیا لەم حاڵاتانەش لە بەر نەبوونی نەخۆشخانەیێکی باش لەم شارە و نەبوونی دوکتوری پسپۆر و کەوتنەوەی بە سەر یەکی قوربانییەکان لە تەنیشت یەک و درێژ بوونیان لە داڵان و ژورە کەمەکانی نەخۆشخانە دا زیاتر تووشی گیرۆدە بوون بەو گازە بوون، دیارە زۆربەی زۆری بنەماڵەی قوربانییەکان بۆ خۆیان برینندارەکانی خۆیان بەرەو نەخۆشخانەی شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێران ڕادەگوێزت.

شاهیدانی ئەو کارەساتە گێراویانەتەوە کە ڕۆژی دوای بوردومانەکە هۆڵی وەرزشی شار واتە "هۆڵی پاڵەوان تەختی" کراوەتە شوێنی حاواندنەوەی بەشێک لە قوربانی یەکان و چەندین تەختیان لە هۆڵەکە بۆ برینندارەکان داناوە و لەو هۆڵە دا تەنیا یەک دوکتور هەبووە لە گەڵ چەند کەس لە پەرەستارانی لە خۆبردووی شار، کە تەنیا ئەرکیان دەرزی لێدان و بلۆق دڕین بووە و بەشی هەرە زۆری زامدارەکانیان بۆ نەخۆشخانەی شارەکانی مەهاباد، ورمێ، تەورێز، تاران و شیراز بەڕێ کردووە.

بە داخەوە لە بەر ئەوە ئەو کات هیچ کەس و یا هیچ ئۆرگانێکی حکومەتی نەبووە کە ناوی قوربانی یەکان و یا بەڕێ کراوەکان و شەهیدەکان لە کاتی خۆی دا ناونووس بکات، ئێستاش ڕێژەی تەواوی ئەو کەسانەی کە بوونە قوربانی دیار نی یە، زۆرجار دوای ئەو کارەساتە، زامدارانی ئەو ڕووداوە بۆ چارەسەری نەخۆشی یەکانی تەنگەنەفەسی و بێ ئیشتیایی لە خواردن دا و زۆر نەخۆشی دیکە کە دوای گیرۆدە بوونیان بە گازی خەردەل تووشی هاتوون پەیوەندی یان بە بنکەی بە نێو "جانبازان"وە گرتووە بۆ ئەوەی کە لە لایەن بەرپرسانەوە کارێکیان بۆ بکرێ، بەڵام لە بەر ئەوە هیچ بەڵگەیەکی تایبەتیان لە بەر دەست دا نی یە و لە کاتی خۆشی دا ناویان تۆمار نەکراوە ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و لە ئاکام دا لە بەر بێ دەرەتانی و هەژاری لە جێگا دا کەوتوون و یا بە ئازارەوە سەریان ناوەتەوە.

تاقە بەڵگەیەکی کە بۆ بە کار هاتن دێت و بەشێک لە زامدارانی ئەو کارەساتە کەڵکی لێ وەر دەگرن، بەڵگە یا پێناسەیەکە کە لە لایەن بنکەی "جانبازان"وە دراوە بە هەندێک لەو زامدارانە، دیارە ئەو بەڵگەیە ڕێژەی تووش بوون بە گازی خەردەلی بە شێوەی % دەرسەد دیاری کردووە و هەر بە پێی ئەو ڕێژەیەش لە بەشێک لە خزمەتگوزارییەکان کەڵک وەر دەگرن، بەڵام ئەو کەسانەی کە ناویان تۆمار نەکراوە و ئەو پێناسەیان پێ نییە لە خزمەتگوزارییەکان بێبەشن و

خەرجی و کرینی داو و دەرمان لە ئەستۆی خۆیان یان بنەماڵەکەیانە، کە وابوو قوربانییەکان دوو دەستەن، دەستەیێکیان ئەو کەسانەن کە بەڵگە و پێناسەیان پێ نییە و دەستەیەکیش ئەو کەسانەن کە بەڵگەی ڕەسمی و تایبەتیان وەر گرتووە،

ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەی درووستی قوربانییەکان دیار نەبێت و بەشێک هەر بە مەزلوومی و بە بێ ناوی بمێننەوە، لەوەش خەراپتر دەست نەکەوتنی داو و دەرمانی تایبەتی بۆ چارەسەری نەخۆشییەکانی سیپەلاک و هەناسە کێشان و کۆمەڵێک نەخۆشی دیکە، کە لەو بۆردوومانە دا بۆ خەڵکی هەژار و دەست تەنگی ناوچەکە بوو بە دیارییەکی ماڵوێرانکەر، بۆتە کێشە و گرفتێکی گەورە، دیارە کۆماری ئیسلامی ئێران بە ناوی زامدارانی کارەساتی شیمیابارانی سەردەشتەوە، ساڵانە چەندین تۆن داو و دەرمانی تایبەتی لە ڕێکخراوە بە شەردۆستەکان وەر دەگرێ و لە لای خۆیان ڕایدەگرن و یا دەیدەنە شوێنی دیکە، و بۆ شوێن بزر کردن، ڕێژەیەکی زۆر کەم لەو دەرمانە دەنێرنە شاری سەردەشت و ئەو بڕە دەرمانەش نادەن بە هەموو کەس وئەگەریش دایان ئەوە پێیان دەفرۆشن.

ئەگەر چاوێک بە نووسراوەکانی بەڕێز عوسمان موزەیەن بەرپرسی ئەنجوومەنی زامدارانی شیمیایی دا بخشێنی بە پێی لێکۆلینەوەیەک کە ناوبراو کردوویەتی و لە زمان دوو بەرپرسی پایەبەرزی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بیستوویەتی بۆمان دەر دەکەوێ کە ڕێژەی شەهید و زامدارەکانی ئەم پەلامارە زیاتر لە ٨٠٠٠ کەسن. ڕێژەی شەهید و بریندارەکانی ئەو کارەساتە لە زمان ئایەتووڵڵا ڕەفسەنجانییەوە کە لە نوێژی هەینی مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٨٢ دا باس کرد بوو ٨٠٢٤ کەسن و پارێزگاری ورمێ لە ساڵی ١٣٦٦ و ١٣٦٧ دا لە وتارێکی خۆی دا ئاماژە بە شەهید و بریندار بوونی ١٠٠٠٠ کەس لە دانیشتووانی شاری سەردەشت دەکات و هەروەها وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر ئەو کات لیستەیەکی ٤٦٠٠ کەسی لە برینداران و شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشتی دا بوو بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان. هەر بە پێی ئەو بەڵگانەش کە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی دابوونی بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، قوربانییەکان خەڵکی مەدەنی و ئاسایی بوون و پادگان و بنکە سەربازییەکانی حکومەت نەکەوت بوونە بەر ئەو پەلامارە و زەرەر و زیان بە بنکە و بارەگاکانیان نەکەوت بوو و داوایان لە خێرخوازان دەکرد کە بێن یارمەتی بە خەڵکی زامدار و بێ پەنای ئەم دەڤەرە بکەن، بەڵام ئێستا بۆ خۆیان هیچ ئاوڕێک لەم شارە بە گاز خنکێندراوە نادەنەوە و بە تەواوی دوای ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی بە فەرامۆشیان سپاردوە.

دیارە ئەگەر هەر ئەو کات بە پەرۆشەوە سەیری ئەو کارەساتەیان کرد بایە، ڕەنگ بێ ئێمە شاهیدی بۆردوومانی شاری هەڵەبجە نەبیاین و تراژیدیایە گەورەیە لە هەڵەبجەی باشوری کوردستان نەقەومابایە. ئەو گازەی کە بۆ بۆردوومانی شاری سەردەشت کەڵکی لێ وەر گیرا گازی خەردەل بوو، ئەو گازە لە کاتی بڵاو بوونەوەی دا کاریگەری زۆر خەراپی لە سەر مرۆڤ و گیانلەبەران هەیە و بە تێپەڕینی زەمانیش ئەو کاریگەرییە خەراپەی لە سەر گیرۆدەبووەکان هەر دەمێنێت، دیارە

بە پێی لێکۆڵینەوەی پزیشکی گازی خەردەل بۆ ژینگەش مەترسی زۆری هەیە، دوای تێپەرینی ٢٠ ساڵ بە سەر ئەو بۆردوومانەش دا ئێستا لە ناوچەی سەردەشت چەند شوێن کە کەوتبوونە بەر تەوژمی ئەو گازە، تا ئێستاش بە کەڵکی کاری کشتوکاڵ نایەن، ئەو لە کاتێک دایە کە زەوییەکانی دەورو پشتی ئەم کێڵگانەی کە کەوتبوونە بەر گازی خەردەل ساڵانە باشترین بەرهەمی کشتوکاڵی ناوچە دابین دەکەن .

لێ نەپرسینەوەی کاربەدەستانی حکومەتی ئێران لە زامدارانی شیمیای سەردەشت نەبۆتە هۆی نائومێدی بەشێک لە دڵسۆزانی شاری سەردەشت، بەڵکوو چەند کەسێکی دڵسۆز و لەخۆبردوو لە چەند ساڵی دوای بوردوومان و لە ساڵرۆژی بۆردوومانەکە دا دەهاتنە شوێنی رووداوەکە و دوایەش بە رێپێوان دەچوونە سەر مەزاری شەهیدەکان و بۆ چەند ساتێک بە بێ ئەوە هەست بە کەمی بکەن لە گەڵ ئازیزانی لە دەست چوویان راز و نیازیان دەکرد و هاواری مەزلوومەیەتی ئەوان و خەڵکی شاریان دەگەیاندە گوێی کاربەدەستانی شارەکە، چەندین ساڵ خەڵکی شار هەروا بۆ خۆیان ئەو یادوارەیان پێک دەهێنا تا وای لێهات کە بەشێک لە خەڵک و بنەماڵە قوربانییەکانی شار هاتنە سەر ئەو باوەرە کە دەبێ رێکخراوەیەکی تایبەت بە شیمیابارانی سەردەشت درووست بکەن، هەر بۆ ئەم مەبەستە و دوای وەدوا کەوتنێکی زۆر توانیان لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی دا ئیجازە بۆ ئەم کارە لە کاربەدەستان حکومەت وەر بگرن و ئێستا لە ساڵی ١٣٨٠ وە ئەنجوومەنی زامدارانی شیمیایی شاری سەردەشت دامەزراوە، ئەوئەنجوومەنە بە ئیمکاناتێکی کەم کارەکانی پەیوەندیدار بە زامدارانی شیمیایی سەردەشت رادەپەرێنێ و لە کاتی درووست بوونیەوە، بەردەوام بۆ باشتر کردنی باری ژیانی زامداران هەوڵ دەدەن، بەشێک لە کارەکانیان تەرخان کردوون بۆ ئەوەی ئەو کەسانەی کە تا ئێستا ناویان تۆمار نەکراوە بە پێی شاهید و بەڵگە وەرەقەی رەسمییان بۆ وەر بگرن بۆ ئەوەی بتوانن کە لە رێگای ئەو پێناسەوە، داو و دەرمانەکانی خۆیان بە هەرزانتر وەدەست بخەن و قەرەبووی بەشێک لە ئازار و زامەکانیان بدرێتەوە.

دیارە ئەو چەند ساڵە و بە تایبەت دوای ئەوە کە تاوانبار فرانس ڤان ئانرات بازرگانی چەکی شیمیایی خەڵکی هولەند گیرا و لە دادگای شاری لاهە کەوتە بەر لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە ساڵانە چەند جار وەڤدی ئەنجوومەنی زامدارانی شیمیایی سەردەشت هاتوونە وڵاتی هولەند و لە دادگایی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات دا بەشداریان کردووە و شاهیدیان لەسەر ئەو تاوانبارە داوە و بەڵگەکانیان تەحویلی دادگای نێونەتەوەیی لاهە داوە. هەر لە میانەی کارەکانی ئەو ئەنجوومەنە دا ئەو چەند ساڵێکە وەڤدەکانی ژاپۆن و هەڵەبجە لە ساڵیادی شیمیابارانی سەردەشت دا دێنە ئەم شارە و هاودەردی خۆیان لە گەڵ بنەماڵە و قوربانیانی ئەو کارەساتە دەر دەبرن، هەروەها ئەوە چەند ساڵێکە وەڤدی شاری سەردەشت بۆ هاودەردی لە گەڵ شیمیابارانی شارەکانی هەڵەبجەی باشوری کوردستان و ناکازاکی و هیرۆشیمای ژاپۆن سەردانی ئەو شارانە دەکەن و تا ئێستا توانیویانە کە تەنیا بۆ ئەوە نیشان بدەن کە دەرد و ئازارەکان یەکن و قوربانییەکان وەک یەک وان، لە شاری سەردەشت شەقامێک بە ناوی هێرۆشیما ناودێر کراوە و هەروەها قەرار بوو کە لە ژاپۆنیش شەقامێک بە ناوی سەردەشت

ناودێر بکرێ، ئەوەش زۆرتر میوانداری و هەست بە بەرپرسایەتی خەڵکی شار بووە کە وەفدەکانی میوانی دڵخۆش کردووە بۆ ئەوەی کە پێکەوە دەستە خوشک بن و ئازارەکانیان بەم شێوەیە کەم بکەنەوە، ئەوەی جێگای سرنجە ئەوەیە کە ساڵانە ئەنجوومەنی زامدارانی شیمیایی سەردەشت لە بەر نەبوونی ئیمکانات و بە تایبەت نەبوونی پووڵ و پارە ساڵەی شیمیابارانی سەردەشت گەنج و لاوانی شار و دڵسۆزانی سەردەشت خەریکی دارشتنی پلان و بەرنامەن بۆ ئەوەی لە یادی ٢٠ ساڵەی ئەم کارەساتە دا باشتر لە ساڵانی ڕابردوو چەند جار بە شەقامەکانی شار دا دەگەرێن و پووڵ لە دووکاندار و کاسبکارانی شار وەر دەگرن بۆ ئەوەی کە یادی کارەساتی شیمیابارانی شاری پێ بکەنەوە، ئەم ساڵیش بۆ یادی ٢٠ بێنە مەیدان و بە نیشان دانی چەندین چالاکی هونەری و خوێندنەوەی شێعر و پەیام و نیشاندانی چالاکی وەرزشی باشتر ئەم یادە بکەنەوە، بە پێی ئاگاداری و هەواڵ قەرارە چەند دەستە لە کاراتەکارانی چەند وڵاتێک کە بریتین لە پورتەقاڵ، ژاپۆن، فەڕانسە، ئۆزبەکستان و ئینگلستان بێنە شاری سەردەشت و لە گەڵ کاراتەکارانی شاری سەردەشت بکەونە کێبەرکێ، بە داخەوە فدراسیۆنی کاراتەی ئێران و پارێزگای ورمێ ڕایانگەیاندوە کە هیچ یارمەتییەک و کار ئاسانییەک بۆ میوانەکان ناکەن، هەر بۆیە دیسان ئەم ساڵیش ئەنجوومەنی زامدارانی شیمیایی سەردەشت ڕووی لە خەڵکی شاری سەردەشت و دەوروبەری کردووە کە یارمەتی بدەن بۆ ئەوەی ئەم ساڵیش وەک خانەخوێیەکی باش بتوانین میوانەکان و بە تایبەت دەستەی کاراتەکارانی ئەم پێنج وڵاتەی کە ناویان هاتووە بەرێ بکەن، هەروەک ئاماژەم پێداوە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەوە تا خوارێ و بە تایبەتیش ئی شاری سەردەشت هیچ کات یارمەتی دەر نەبوون بۆ بەرێوەبردنی کارو چالاکییەکانی تایبەت بە شیمیابارانی شاری سەردەشت، هەموو ساڵێک دوای ئەوە کە زانیویانە ناتوانن ئیرادە و هیممەتی خەڵک سست بکەن و خەڵک وەڵامیان ناداتەوە، ئەوجار بە لارە ملی هاتوون لە سەفەکانی پێشەوەی ڕێوڕەسمەکە دانیشتوون و فەرماندار و یا نوێنەری فەرمانداری وتاری دوور لە ڕاستییان خوێندۆتەوە.

ئەم ساڵ لە کاتێک دا یادی ٢٠ ساڵەی شیمیابارانی سەردەشت دەکرێتەوە کە سەرۆکی پێشووی عێراق سەددام حوسێنی دیکتاتۆر لە دار دراوە و بە سزای تاوان و کردەوەکانی خۆی گەیشتووە و چەند تاوانباری دیکەی هاو دەستی سەددام چاوەڕوانی حوکمی لە سێدارەدانیان لە سەر دەکرێ، ئەگەر ڕێژیمی گۆر کراوی بەعس لایەنێکی شەری ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق بوو، نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێ کە ئێرانیش لایەنێکی بەرامبەر بووە لە شەری ماڵ وێرانکەری ٨ ساڵەی نێوان ئەو دوو دوژمنە سەرەکییەی کوردان دا. هەر دووکیان بۆ کاول کردنی ماڵ و حاڵ و ژیانی کوردان شەریان بە زۆر کێشایە کوردستان و بنکە و بارەگای سەربازی زۆریان بە ناوی پاراستنی سنوورەکان هێنایە کوردستان و لە ئاکام دا شەڕ و پێکدادانە سەربازییەکانی هەر دوو دیکتاتۆر کێشرایە خاکی کوردستان و ئاواتی چەندین ساڵەی ئەو دوو دیکتاتۆرە کە خاپۆر کردن و کێومال کردنی کوردستان بە بۆمب و ناپاڵم بوو هاتە دی و لە جیاتی سەربازگە و شەرگەکان بینە ئامانجی شەری ئەو دوو دیکتاتۆرە، بە داخەوە شار و گوندەکانی کوردستان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونە ئامانجی سەرەکی دوژمنانی گەلی کورد و خەڵکێکی زۆریان شەهید و بریندار کرد و لە ماڵ و شوێنی ژیانی خۆیان ئاوارە و بێ ماڵ

کردن.

با لە یادی ٢٠ ساڵەی شیمیابارانی خەڵکی بێ دیفاعی سەردەشت و گوندی ڕەشەهەرمێ لە چەند کیلۆمیتری سەردەشت و هەروەها شەهیدانی گوندی زەردە لە پارێزگای کرمانشان و گوندەکانی ناوچەی شلێر لە سەقز و شوێنەکانی دیکەی کوردستان دەنگمان بخەینە پاڵ دەنگی خەڵکی هەڵەبجە و بادینان و دۆڵی بالیسان و ناوچەکانی دیکە و داوای قەرەبوو کردنەوە و ئاوەدان کردنەوەی کوردستان لە ڕێژیمەکانی عێراق و ئێران بکەین و ئاوات بخوازین کە کاربەدەستانی خۆسپێنی ئێرانیش بکێشرێنە بەر دەم دادگاییێکی عادڵانەی خەڵکی و نێونەتەوەیی، بۆ ئەوەی هەموو دیکتاتۆرانی ناوچە دەرس و پەند لە سزاکانی ئەو کاربەدەستە خۆسپێنانەی ئێران وەر بگرن.

جێگای خۆیەتی لێرەدا بە هەموو هێز و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان و بە تایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڵێین کە چیدی لە ئاست ئەو کۆمەڵکوژی‌یە دا بێ دەنگ نەبن و چاو و گوێی خۆیان لە ئاست ئەو تراژیدیایە دا نەبەستن، مێژوو لە بێ دەنگی و چاو نوقاندنتان لە ئاست ئەم جەنایەتە سامناکە دا لێتان خۆش نابێت و خەڵکی کوردستان، چی دیکە دەلیل و بەڵگەی بێجێتان لێ قەبووڵ ناکەن و پسپۆران و نووسەران لە سەر بێ دەنگی و چاو نوقاندنتان لە ئاست ئەم مەسەلەیە لاپەڕەکانی خۆیان لە سەر ئێوە بە ڕەشی دەنووسن، با لە ٢٠ ساڵەی ئەم کارەساتە دا بە یەکدەنگ هەموومان هاوخەم و هاوپشتی شاری سەردەشت بین.

لە کۆتایی دا سڵاو لە خەڵکی خۆراگری کوردستان و شەهیدانی کارەساتی ٧ی پوشپەڕی سەردەشت، تەندرووستی و باش بوونەوە بۆ زامدارانی شیمیایی سەردەشت بە ئاوات دەخوازم و مەرگ نەفرەت بۆ خوڵقێنەرانی ئەو جەنایەتە سامناکە.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٠٧

## برینێکی بیست ساڵە کە قەت سارێژ نابێتەوە



**کەماڵ حەسەنپوور**

شار شار نەبوو، زۆرتر وەک مۆڵگەی سەربازی دەچوو.، سەیری هەر لایەکت کردبا پاسدار و بەسیجی و ئەرتەشیت دەدیت. جار جار تۆیۆتایەکی پاسداران پڕ لە پاسدار و بەسیجی بە پەڕۆیەکی سەوز لە دەوری سەریان کە شوعاری " کربلا ما آمدیم = کەربەلا وا ئێمە هاتین" یا "جنگ جنگ تا پیروزی = شەڕ شەڕ تا سەرکەوتن" لێ نووسرابوو بە بەردەم شوێنی کارەکەم دا تێپەڕ دەبوون و تەپ و تۆزی جادە وەک پەردەیەکی چڵکن روانگەی دادەپۆشی. لە راستی دا ماندوویی لە شەڕ نەک هەر لە سیمای هاوشاری یانەوە بەڵکو لە سیمای پاسدار و بەسیجی و ئەرەتەشیەکانیشەوە دیار بوو.

ماوەیەک بوو لە ناکاو دەنگی ئاژیری هێرشی ئاسمانی و بەدوای ئەو دا دەنگی پەدافەند لە پادگان و پایگاکانی دەوروبەری شار دیواری بێدەنگیان دەشکاند و ئەوە منی ترسنۆک بووم کە بە دڵە راوکێ ڕام دەکرد تا حەشارگەیەک ببینمەوە. شار کە حەشارگەی خۆڕاگر لە دژی هێرشی ئاسمانی لێ نەبوو، تەنیا چەند کونەتەیارەیەکی ساکار کە زۆرتر هێورکەرەوەی دەروون بوون تا پارێزەری گیان.

دەنگۆی هێرشێکی بەربڵاو لە ناوچەی ئالانەوە لە لایەن هێزەکانی ئێرانیەوە بۆ سەر عێراق لە ناوشار دا بڵاو ببۆوە. لە سەرەتای شەڕەوە تا ئەو کات سەردەشت چەندین جار کەوتبوو بەر هێرشی فڕۆکە و تۆپخانە، هەم لە لایەن رژێمی ئێرانەوە و هەمیش لە لایەن رژێمی بەعسی عێراقەوە.

دوانیوەرۆی ڕۆژی یەکشەممۆ حەوتی مانگی پوشپەڕ بوو. بۆ پیاسە کردن بەرەو سینەما وەرێ کەوتم، ئەوکات بە هۆی گیرۆدە بوون بە نەخۆشی دیسک دەبوو پاش تاوێک رۆیشتن لە شوێنێک دانیشم تا ئازاری پشت و تەزیوی لاقم هێور

بێتەوە.

لە کاتی گەرانەوەم بەرەو ماڵ بۆ پشوو گرتن لە پێش چێشتخانەی کاک رحمان حەدداد دانیشتبووم کە دەنگی فرۆکە و بەدوای ئەو دا دەنگی پەدافەند هێمنی شاریان ورووژاند. لە دەنگی فرۆکەکان ڕا دیار بوو کە ئەمجارەیان بەتەمای بۆمباران کردنی شارن، لە فکری ئەوەدابووم شوێنێک بۆ خۆ حەشار دان بدۆزمەوە کە دەنگی ٢ تەقینەوە کە زۆریش دوور نەبوون وای کرد کە بە پەلە بچمە ناو پاساژی واحیدی و دوای چەند چرکە ساتێک خۆم لە دوکانی هادی نەباتی دا دیتەوە.

فرۆکەکان هەر وا بە سەر شار دا دەسورانەوە و بۆمبەکانیان بەرەو شار نیشانە دەگرت و لە گەڵ ئەو دا دەنگی پەدافەند لە هەموو لایەکەوە دەهات. یەکێک بە پەلە خۆی کردە ناو دوکانەکە و لە کاتێک دا کە پەرۆیەکی بە بەر دەمی‌یەوە گرتبوو هاواری کرد:

* شیمیایی یە. بۆمبارانی ئەو جار شیمیایی‌یە. ماڵی حاجی عەولای واحیدی و ماڵی حاجی مینەی حەداد و فەرمانداری کەوتوونە بەر بۆمبی شیمیایی.

بە بیستنی ووشەی شیمیایی بێ ئیختیار وەبیر ئەو بڵاوکراوەیە کەوتم کە چەند رۆژ پێشدا پاسداران بە دووکان و بازار دا بڵاویان کردبۆوە و کە تێیدا باس لە چەکی شیمیایی و میکرۆبی کرابوو و هەندێک زانیاری لە سەر چۆنیەتی ناسینەوەی ئەو جۆرە چەکانە و چۆنیەتی خۆ پاراستن لە کاتی پێویست باس کرابوون. زۆر باشم لە بیر بوو کە لە بەشێک لەو بڵاوکراوە دا نووسرابوو کە بۆنی سەوزی رزیو یەکێک لە نیشانەکانی بەکار هاتنی چەکی شیمیایی یە.

هەروەها لە بیرمە کە بە بیستنی ناوی ماڵی حاجی عەولای واحیدی ترس دایگرتم. ماڵی ئێمە کەمتر لە سەد میتر لە ماڵی حاجی عەولا دوور بوو و دڵنیا بووم ماڵی ئێمەش زەرەری پێ گەیشتووە.

هێشتا گرمە گرمی فرۆکە و پەدافەند تەواو نەببوو کە لە دووکانی هادی هاتمە دەر. پەرۆیەکم بە بەر دەممەوە گرت و هێدی هێدی بە پێش دووکانی حەسەنی حافزی و کوچەی ئاسنگەران دا بەرەو ماڵ رۆیشتمەوە.

کە گەیشتمەوە ماڵ لە حەوشی ماڵەکەمان چاوم بە دایکم و شلێری خوشکم و خێزانم و ئامۆژنە هاجەرم کەوت. هەموویان پەشۆکا بوون... هەر وەک جارەکانی پێشوو دایکم تووک و دووعای لە سەددام دەکرد. ئەوان باسی گرمەی بۆمب و فرۆکانیان بۆ کردم. منیش پێم ووتن:

* لە وە دەچێ بۆمبی شیمیایی بێت. هەرکەسەی پەڕۆیەک تەڕ بکات و بە بەر دەم و لووتی‌یەوە بگرێت.

دیار بوو کە بۆمبێک بەر ماڵی حاجی عەولا کەوتبوو کە لە ماڵی ئێمە زۆر نزیک بوون. نێوان ماڵی ئێمەو ئەو ماڵە تەنیا ماڵی محەممەدی دەروێش کەریم و کووچەی چاکە چکۆڵە مابەین بوو.

ماوەیەکی پێ چوو ئەو کات باوکیشم هاتەوە. لە حەوشە راوەستاو و ووتی:

* بە خوای ئەو خەڵکە ترسنۆکە، کوڕە خۆ بەشێکیان دووکانیشیان دانەخست و هەر کە دەنگی فرۆکەکان هات ڕایان کرد. بە فەخری عالەم بۆمبێکی لە دووکانی حاجی رەسوڵ چاوەشی و یەکیشی لە سیلەی ماڵی حاجی مینەی دا. لە تەپ و تۆز دا هەر وون بووم بەڵام لە سەر خۆ دەررابەی دووکانم دادایەوە و وورده وورده بەکن دووکانی وەستا ساڵەی نەججار دا هاتمە خوار. وەستا ساڵەش وەک من دووکانەکەی جێ نەهێشتبوو. لەوێ دیتم کە ماڵی حاجی عەولاش بۆمبی وێ کەوتووە. تاوێکی لە گەڵ وەستا ساڵە بە یەکەوە راوەستاین و بە ترسنۆکی خەڵک پێکەنین.

بە دوای ئەو قسانەدا دەستنوێژی هەڵگرت و هاتە ڤاتی دووهەمی ماڵەکەمان، تاوی دایە رادیۆکەی تا بە پێی عادەتی خۆی گوێ بگرێتە ئێزگای خۆشەویستی خۆی بۆ بیستنی هەواڵەکان.

بە پێی عادەت لەو وەرزەی ساڵ خەڵک لە گەرمان پەنجەرەی دەکردنەوە. من لە یەکێک لە پەنجەرەکانی ڤاتی دووهەمی ماڵەکەمان دا دانیشتبووم و دەم ڕوانیە حەوشەکەمان کە جەلالی برام هاتەوە. جەلال ووتی:

* یەکێک لە بۆمبەکان کەوتۆتە بانی ماڵی حەسەنی واحیدی، بە تەوژمی ئەو زۆربەی شتومەکی ماڵی ئەممە فاتم (شەهید فاتمی حەدداد کە چەند ساڵ دواتر بە هۆی برینی شیمیایی گیانی بەخت کرد). لە دوای ڕۆیشتنی فرۆکەکانەوە من و تالبی کاک حەسەن (تالب حەدداد) خەریکی کۆ کردنەوەی ئەو شتومەکانەین.

ئەو تاوێک راوەستاو و ئەو کات ووتی:

* سەگبابێکی پاسدار لە ماشێنێک دا بە بازار دا دەهاتە خوار و هاواری دەکرد کە "دوژمن کەڵکی لە بۆمبی شیمیایی وەرگرتووە و داوا لە خەڵک دەکەین بۆ کۆنترۆڵ کردنی خۆیان بچن بۆ نەخۆشخانە". لە خۆڕا خەڵکی دەترسێنن.

منیش لە سەر خۆ ووتم: باشە جا خۆ زەرەر ناکەی. بچۆ بۆ نەخۆشخانە و خۆت کۆنترۆڵ بکە، ئەگەر شیمیایی بوو وا دەرمانت پێ دەدەن و ئەگەر نا دەگەرێیتەوە.

هەر لەو قسانە دا بووین کە رەحیمی خالۆزام (رەحیم مەحمودنیژاد) کە شۆفیری ئامبولانس بوو هاتە ژوری حەوشەکەمان و دوای چاک و خۆشی ووتی:- نیگەران مەبن دوکتور ...

(ناوەکەم لە بیر نەماوە بەڵام دەزانم کە دوکتورێکی هیندی بوو) دەڵێ شیمیایی نییە چونکو ئەگەر شیمیایی با تا ئێستا جەستەی مردوان رێگا و بانیان پڕ کردبوو.

خات ئامینی جیرانمان هاتە ژوور و دوای چاک و خۆشی ڕووی لە دایکم کرد و ووتی:

* بە خودای خات فاتم ئەوە رووحانیەتی چاکە چکۆڵەی بوو بە قوربانی بم. سەرەڕای ئەو هەموو بۆمبارانە تەنیا کابرایەکی قاوەچی لە دووکانەکانی حاجی عەولای غولامی دا کوژراوە.

رۆژ بەرەو کۆتایی دەچوو و تاریکی وورده وورده باڵی بە سەر شار دا دەکێشا. یەکێک لە دەرگای ماڵەکەمانی دا. کە دەرگایان کردەوە ناهیدی کچی کاک حەسەن حەدداد بوو.

* کاکە جەلال ئەوە بابم دەڵێ بێت بە ماشێنەکەمان بمان بات بۆ شینوێ. (شینوێ گوندێکی دەرەوەی سەردەشتە(

* ئەدی تالب؟

* تالب حاڵی باش نەبوو. لە نەخۆشخانەوە لە گەڵ دەستەیەکی‌تر بەرێیان کرد بۆ بانە.

جەلال ماڵئاوایی لە ئێمە کرد و لە گەڵ ناهید رۆیشت.

هەواڵی تێکچوونی باری تەندوروستی خەڵک پەیتا پەیتا دەهاتن. هەواڵی مەرگی عەزیز ئاغای ئاڵلاخانی و مەلا باقی بە هۆی بۆمبی شیمیایی لە شار دا بڵاو بۆوە. زۆری پێ نەچوو کە لە بڵیندگۆی مزگەوتی سەرچاوێ هاواریان کرد کە هەر کەس باری تەندوروستی خەراپە بچێت بۆ سالۆنی وەرزشی (باشگاە) کە لە نزیکەی ژاندارمێری هەڵکەوتبوو. هۆیەکەشی نەبوونی جێگا لە نەخۆشخانە بوو .

دوای نان خواردن من چوومە هۆدەی خۆم لە قاتی یەکەم. زۆری پێ نەچوو کە شلێری خوشکم لە دەرگای دا. کە کردمەوە ووتی:

* باوکم حاڵی باش نییە و دەبێ بیبەی بۆ نەخۆشخانە.

کە چووم بۆ لای باوکم ووتی:

* چاو و گەرووم زۆر ئازاریان هەیە دەبێ بم بەی بۆ لای دوکتۆر.

منیش دەستی باوکمم گرت و هێدی هێدی بەرەو باشگاه وەڕێ کەوتین. کە گەیشتینە باشگاه دیمەنێکی سەیرم کەوتە بەر چاو. لە ئەو مەیدانەی کە جاران وەرزشوانان زۆرەبانی و پینگ پۆنگ و وەرزشیتریان دەکرد بە ڕیز تەختی خەو داندرابوون و هەندێک لە تەختەکان خەڵکیان لە سەر راکشابوو. بەشێکیان سێرۆمیان بۆ هەڵواسرابوو و هەندێکیش چاوەڕوانی دەرمان بوون. بەشێک لە بەر ئازار هات و هاواریان بوو و بە شێکیش وەک باوکم بە بێدەنگی ئازاریان دەچێشت.

دوو کەس لە حاڵێکدا کە ماسکی تایبەتیان بە دەمەوە بوو یارمەتی برینداره‌کانیان دەدا و یەکێکیش چەند کەسی لە خۆی کۆ کردبۆوە و فێری لێدانی دەرزی و سێرۆم هەڵواسینی دەکردن.

چاوەڕوان بووم کە یەکێک یارمەتی باوکم بکات. پاش تاوێک کە هیچ خەبەر لە یارمەتیدەر نەبوو هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە مانەوە لەو شوێنە بە قازانجی باوکم نییە. بیستم کە حەمامی کەریمی عەزیزی بۆ برینداره‌کان ئاواڵەیە و برینداره‌کان دەتوانن لەوێ خۆیان بشۆن. بۆیە دەستی باوکمم گرت و بەرەو حەمامی عەزیزی کە لە باشگاه زۆر دوور نەبوو رۆیشتین. کە گەیشتینە ئەوێ خەڵکێکی زۆر کە ئازاریان هەبوو لەوێ لە سەرە دا ڕاوەستابوون.

پاش تاوێک یەکێک قەترەیەکی لە چاوی باوکم کرد و بە دوای ئەو دا سەرەی باوکم هات تا خۆی بشوات. چەند خولەکێک دواتر باوکم هاتە دەر بەڵام هەر هەمان بەرگی پێشووی لە بەر دابوو (دواتر تێگەیشتم کە بەرگی باوکم بە هۆی ئەو تەپ و تۆزەی کە دوای بۆمباران لێی نیشتبوو گیرۆدەی ماددەی شیمیایی ببوو و چەند رۆژ دواتر کاتێک کە دایکم ئەو بەرگانەی شتبوو هەر دوو باسکی سووتابوون). بە یەکەوە بەرەو ماڵ گەڕاینەوە و من بۆ خەوتن چووم بۆ هۆدەی خۆم و باوکیشم ڕۆیشت بۆ هۆدەی خۆی لە قاتی دووهەم بۆ ئەوەی کە بخەوێت.

چەند کاتژمێر دواتر واتە بەرە بەیانی زوو بە دەنگی دەرگا لە خەو هەستام. کە دەرگام کردەوە دیتم شلێری خوشکمە.

* چیە بەو بەیانی زووەی چیت دەوێ؟
* باوکم حاڵی زۆر خراپە. ئەمشەو لە بەر ئازاری لەشی هەر نە خەوتووە. ئەگەر نەیبەی بۆ نەخۆشخانە بێ شک دەمرێت.
کە چووم بۆ لای باوکم دیتم لە بەر ئازاری چاوو و سوتانی لەشی هاواری لێ بڵیند بووە. باوکم پیاوێکی زۆر بە جەرگە، قەت تا ئەو کات باوکمم بەو شێوەیە نەدیتبوو، تاوێک ڕاوەستا و ئەو کات ووتی:

* چیم لێ دەکەی؟ چاوم بۆ هەڵنایەن، گەرووم دەڵێی ئاوری تێ بەر بووە و شوێنی تریشم وەها دەکروزێتەوە دەڵێی داغت کردووە. ئەوشۆ هەر دەرو ژوورم بووە، ئازار تینی بۆم هێناوە.

دەستی باوکمم گرت و زۆر لەسەرخۆ کەوتینە رێ. بە زەحمەتێکی زۆر و دوای چەندین خولەک گەیشتینە کن سەرچاوێ کە تەنیا چەند سەد میترێک لە ماڵی ئێمە دوور بوو .

باوکم نەی دەتوانی چیتر بڕوات و هەر وا لە بەر ئازاری زۆر هاواری دەکرد.

چونکو نەخۆشخانە کەسی وەر نەدەگرت بە تەما بووم دیسان بیبەمە حەمامی کەریمی عەزیزی. دیمەنێکی زۆر سەیر بوو، هەر کەس ماشێن یا خود ئامرازی راگواستنیتری هەبوو پڕی کردبوو لە شتومەک و مرۆڤی نزیکی خۆی و شاری بەجێ دەهێشت. داوام لە چەند کەس کرد بمان بات بۆ حەمامی عەزیزی بەڵام کەس جوابی نەدواینەوە و کاتێک کە چاوم لە باوکم دەکرد دڵنیا بووم کە ناتوانێ بە پێی خۆی تا شوێنی ناوبراو بڕوات. دوای نزیکەی نیو سەعات تۆیۆتایەکی ئەرتەشی هات و داوام لێکرد سوارمان بکات. پرسی:

* کجا (بۆ کوێ)؟

* پدرم زخمی شده، چشاش نمیبینه. میخوام ببرمش حمام کریم عزیزی (باوکم بریندار بووە چاوەکانی نابینن. دەم هەوێ بیبەم بۆ حەمامی کەریمی عەزیزی).

* سوار شین (سوار بن).

بە پەلە باوکمم سواری پشتی ماشێنەکە کرد و خۆشم سوار بووم. دوای ماوەیەکی کورت گەیشتینە حەمامی عەزیزی.

دیمەنێکی سەرسوڕهێنەر بوو. لە پێش حەمامەکە کە مەیدانێکی ئاواڵە بوو تەختی خەویان دانابوون و برینداریکی زۆر لە سەر ئەو تەختانە خەوتبوون و خەڵکێکی زۆریش کە وەک من زیانیان پێ نەگەیشتبوو لە دەورەیان هەڵدەسوڕان. خەبەرێک لە پزیشک و دەرمان نەبوو. جگە لە سێرۆم و قەترەی چاو. تەختێکم بۆ باوکم دیتەوە و هەوڵم دا پزیشکێک یا خود نێرسێک بدۆزمەوە تا کو یارمەتی باوکم بدات. بە دوای سێرۆم یا قەترە بۆ باوکم دەگەڕام کە چاوم بە جەلالی برام کەوت کە لە سەر تەختێک ڕاکشابوو. لام سەیر بوو چونکو جەلال رۆژی پێشدا رۆیشتبوو بۆ شینوێ. لێی چوومە پێش ووتم:

* ئەوە تۆ چ دەکەی لێرە؟

* شەوی رابوردوو حاڵم زۆر خراپ بوو. چاوم زۆر ئازاریان هەبوو، نیوەشەو هێنایانم بۆ ئێرە. ئێستاش چاوەکانم زۆر ئازاریان هەیە.

ئەو شوێنەی برینداراەکانیان لێ راگرتبوو بە هیچ شێوەیەک شیاوی ئەو مەبەستە نەبوو. هەتاو لە ئاسمان بوو و تیشک و گەرمای ئەو ئازاری برینداراەکانی زۆرتر دەکرد. تەپ و تۆزی هاتوچۆی ماشێنەکان یارمەتی یەکی بەو وەزعە نەدەکرد. جارجار دەنگی فرۆکە لە بەرزایی ئاسمان دەهات کە بە ئاسمانی سەردەشت دا تێپەڕ دەبوون و بە دوای ئەو دا گرمەی پەدافەند گوێی پیاوی کەڕ دەکرد.

خەڵکێکی زۆر بۆ شارەکانی دەوروبەر بەڕێ کرابوون. دڵنیا بووم کە ئەو شوێنە بۆ باوکم و جەلالی برام باش نییە و لە فکری ئەوە دابووم کە هەر چۆنێک بێت ئەوان بۆ شارێکیتر راگوێزم. وا دیار بوو کە حوکومەت بە تەمای بەڕێ کردنی ئەو خەڵکەی کە لە بەر دەرگای حەمامی عەزیزی مابوونەوە نەبوو و خۆشم ماشێنم نەبوو. لە ناکاو چاوم بە رەحیمی خاڵۆزام کە شۆفیری ئامبوڵانس بوو کەوت. دوای چاک و خۆشی ووتی:

* ئەگەر رەحمانی شەکرەی (ناوبراو ئەوکات سەرباز پاسدار بوو و کردبوویانە بەرپرسی نەخۆشخانەی سەردەشت) ئیزنم بدات من باوکت و جەلال بە دوو سەعات دە گەیەنمە ورمێ.
* من رەحمان لە کوێ ببینمەوە؟
* لە دەرمانگای سوپای پاسدارانە.

ئەو شوێنە لە پشت شێر و خورشیدی قەدیم کە ئەو کات کردبوویانە فەرمانداری هەڵکەوتبوو و نزیکی حەمامی عەزیزی بوو. بە پەلە خۆمم گەیاندە دەرمانخانەیسوپا و رەحمانم دیتەوە. جێگای باسە کە من لە گەڵ رەحمان چەند ساڵ لە قوتابخانە هاوپۆل بووم و بە باشی یەکترمان دەناسی بە تایبەت کە ئەو برادەرێکی نزیکی دڵشادی ئامۆزام بوو دڵنیا بووم کە داوایەکەم رەت ناکاتەوە. دوای سڵاو کردن زۆر بە تێرادیویەوە ووتم:

* کاک رەحمان وا باوکم و جەلالی برام بە هۆی بۆردومانی دوێنێ بریندار بوون و ئێستا لە بەر دەرگای حەمامی عەزیزی چاوەڕوانی چاودێریێ پزیشکی دەکەن. بەداخەوە کەس نییە پێیان ڕابگات هەر بۆیە دەبێ هەرچی زووتر بۆ شارێکیتر بەڕێ بکرێن.
* باشە من چ کارێکم لە دەست دێت؟
* بۆ خۆت دەزانی رەحیمی خاڵۆزام شۆفیری ئامبوڵانسە. ئەو ئێستا لە کن باوکم و جەلالە و دەڵێ ئەگەر کاک رەحمان ئیزن بدات من بە دوو سەعات دەیان گەیەنمە ورمێ.

* نابێت، من ناتوانم ئەو ئیجازەیەی پێ بدەم.

* بۆ نابێت. باوەڕ بکە وەزعی باوکم و براکەم زۆر خراپە. ئێمە دەتوانین چەند کەسیتریش کە حاڵیان باش نییە لە گەڵ خۆمان ببەین.

* نابێ کاکە نابێ. خۆ ئەو شتە هەر وا ئاسان نییە. ئەگەر بڕیاری پاسدار پێویستی یان بە ئامبولانس هەبێت و لێرە ئامبولانسی لێ نەبێت من بەر پرسیارم.

زۆر هەوڵم دا و زۆر پاڕامەوە بەڵام بێ سوود بوو. بە دڵێکی پڕ لە پەژارە و بە سینگێکی پڕ لە ڕق و قین لە بێ دەسەڵاتی خۆم و بێ وەفایی هاوڕێی پێشووم گەڕامەوە بۆ لای باوکم و براکەم.

لە فکری دیتنەوەی وەسیلەیەک بۆ گواستنەوەی باوکم و جەلال دابووم کە چاوم بە کاک قادر محەممەدی (قادری مستەفا ڕووزەی) کەوت. کاک قادر ئەو کات ماڵی لە شینوێ بوو. دوای چاک و خۆشی باسی باوکم و جەلالم بۆ کرد ووتم:

* دەمهەوێ هەر چۆنێک بێت بەڕێیان بکەم بۆ مەهاباد. ڕەحیمی خاڵۆزام حازر بوو بیان بات بۆ ورمێ بەڵام ڕەحمانی شەکرەی ئیزنی نەدا.

* من وا دەڕۆم بۆ شینوێ. ئەگەر پێت خۆشە سواریان دەکەم و دەیان بەم بۆ شینوێ.

* زۆر سوپاست دەکەم ئەگەر هەتا واوان (گوندێکی نزیکی سەردەشت) بمان بەی بەڵکو لە وێڕا ماشێنێکی دەربەست بگرم کە بمان بات بۆ مەهاباد.

* وەرن سوار بن.

هەر چۆنێک بێت باوکم و جەلالم سواری ماشێنی کاک قادر کرد و بەرەو واوان وەڕێ کەوتین. کە گەیشتینە واوان هیچ ماشێنێکی لێ نەبوو کە بمان بات بۆ مەهاباد. کاک قادر کە لە ڕێگا دا وەزعی باوکمی دیتبوو ووتی:

* قەی ناکا کاکە، بۆ خۆم دەتان بەم بۆ مەهاباد.

کاتێک کە گەیشتینە مەهاباد ووڵات تاریک ببوو. لە نەخۆشخانەی مەهاباد بریندارەکانمان تەحویل دان و بۆ نان خواردن و خەوتن چوومە ماڵی رابیعەی خوشکم کە ئەو کات ماڵیان لە مەهاباد بوو. ڕۆژی دواتر هەواڵمان بۆ هات کە شلێری خوشکم و ئامۆژنە هاجەرم لە گەڵ دەستەیەک لە خەڵکیتر بۆ نەخۆشخانەی مەهاباد نێردراون. بە پەلە خۆم گەیاندە نەخۆشخانە و ئەوانم دیتەوە. بە خۆشییەوە برینی ئەوان زۆر قورس نەبوو و بۆیە دوای ماوەیەکی کورت لە نەخۆشخانە هاتنە دەر. کە هەواڵی باوک و جەلالی برام لە بەرپرسانی نەخۆشخانە پرسی ووتیان هەر نیوە شەو بۆ تەورێز بەڕێ کراون.

سێ ڕۆژ بە دوای بۆمبارانی سەردەشت تێپەڕ ببوو. هەواڵی ئەو کارەساتە لە هەموو شوێنێک بڵاو ببۆوە. شار خەڵکێکی زۆر

کەمی تێدا مابوو و بە هەزاران بریندار بۆ نەخۆشخانەکانی چوار گۆشەی ئێران بەڕێ کرابوون. خەڵکێکی زۆریش تا ئەو کات شەهید ببوون، کەس نەی دەزانی ڕێژەی شەهیدەکان چەندە بەڵام بنەماڵەکانی قادری ئەسەد زادە، ڕەسوڵ و محی الدین جەنگدوست، مەلای سەرچاوێ، حاجی عەوڵای واحیدی و حاجی عەوڵای فەتتاحی کە لە کووچەی چاکە چکۆڵە نزیک بوون شەهیدیان زۆر دابوون. حەسەنی ڕەفیقم (حەسەن بەرهیممەت) لە مەهاباد هات بۆ لام و باسی وەزعی شاری بۆ کردم. باوک و برای حەسەنیش بریندار ببون و بۆ تەورێز نێردرابوون و حەسەن دەی هەویست بچێت بۆ لایان. من و شلێری خوشکیشم لە گەڵ حەسەن ساز بووین و بەرەو تەورێز کەوتینە ڕێ.

لە تەورێز بە یارمەتی کاک میرزا حوسێن پور بە نەخۆشخانەکان دا بە ئومێدی دیتنەوەی بریندارەکانمان گەڕاین. کاک میرزا دەیزانی کە لانی کەم لە سێ نەخۆشخانە برینداری سەردەشتی لێن بەڵام نەیدەزانی کە باوکم و براکەم لە کام نەخۆشخانەن. لە کۆتایی دا برینداڕەکانمان لە نەخۆشخانەی ٢٩ی بەهمەن دیتنەوە. بەشێک لە برینداڕەکان لە حەوشی نەخۆشخانە بوون. هەر هەموویان بە دەست ئازاری چاو دەیان ناڵاند، هەندێکیان ئێستاش توانای دیتنیان نەبوو. بەشێکیان گەروو و بن هەنگڵ و ناوگەڵێشیان سووتابوو. بۆ هێور کردنەوەی ئازاری سووتان پێویستیان بە پۆمادی کالامین هەبوو بەڵام ئەو پۆمادە بە پێی پێویست نەدەدرا بە برینداڕەکان.

کە جەلالم دۆزییەوە دیتم چاوی ئەستور ببوون و باسکیشی سوتابوون. دوای چاک و خۆشی هەواڵی باوکم لێ پرسی، ووتی:

* برینەکانی زۆر سەخت بوون، هەر یەکەم شەو کە گەیشتینە ئێرە بە هێلی کۆپتێر بەڕێیان کرد.

* بۆ کوێ؟

* نازانم، ڕەنگ بێ بۆ تاران.

لە نەخۆشخانە باوک و حوسێنی برای حەسەنیشمان دیتنەوە. بە خۆشی‌یەوە برینەکانیان زۆر ئاستەم نەبوون. جەلال داوای لێ کردبووم کە پۆمادی کالامینی بۆ پەیدا بکەم. لە گەڵ حەسەن سواری تاکسی بووین بۆ ئەوەی بچین لە ناو شار پۆمادی کالامین بکڕین. لە ناو تاکسی‌یەکە دا پیاوێکی‌تری تێدا بوو نازانم تەورێزی بوو یان نا، ئێمە باسی سەردەشت و برینداڕەکانمان بۆ کرد و ووتمان لە پۆمادی کالامین دەگەڕێین بۆ برینداڕەکانمان. ووتی:

* لە گەڵ من وەرن، یارمەتیتان دەکەم.

ئێمەش بەدوای ئەو دا ڕۆیشتین بۆ ئیدارەیەک کە ئێستا لە بیرم نەماوە کامە بوو. دوای چەند خولەکێک هات بۆ لامان و ٨ - ٧ قوتو پۆمادی بۆمان هێنا. زۆرمان پێ خۆش بوو و زۆر سوپاسمان کرد. ووتی:

*پێویست بە سوپاس ناکات، ئەوە بچوکترین کارێکە کە من دەتوانم بۆ یارمەتی ئێوە بیکەم.

بە پەلە بۆ نەخۆشخانە گەڕاینەوە و پۆمادەکانمان لە جەلال و حوسێن دابەش کرد .
مانەوەم لە تەورێز بێ سوود بوو هەر بۆیە گەڕامەوە بۆ مەهاباد. کە چوومە ماڵی خوشکم دیتم حاجی محەممەدی زاوامان دایکم و خێزانمی لە سەردەشتەوە هێناوەتە لای خۆیان بۆ مەهاباد.

ڕۆژی دواتر بۆ دیتنەوەی باوکم رۆیشتم بۆ تاران. لە تاران لە ماڵی کاک قادر قادرزادە بووین. بە یارمەتی ناوبراو چەند نەخۆشخانەمان کردن. لە یەکێک لە نەخۆشخانەکان چاومان بە شەهید فاتمی حەدداد کەوت (ناوبراو دوای چەند ساڵ ئازار چێشتن بە هۆی بۆمبی شیمیایی گیانی بەخت کرد) و هەر لەوێش بوو کە بۆ دوایین جار چاوم بە دۆست و هاوپۆلی پێشووم شەهید عەبدوڵلا مینایی کەوت. ئەو برینداراانەی کە لە تاران بوون هەر هەموویان وەزعیان زۆر خراپ بوو، بەشێکی بەرچاو لەوان ماوەیەک دواتر شەهید بون. گەڕانمان بە دوای باوکم بێ سوود بوو و بە داخەوە نەمان دیتەوە هەر بۆیە بە دڵێکی پڕ لە پەژارەوە گەڕامەوە بۆ مەهاباد.

هەواڵی ناخۆش پەیتا پەیتا دەهاتن. هەواڵی شەهید بوونی دۆست و جیران و هاوشاری. هەواڵی قارەمانەتی ساڵحی مەحمودی کەریمی و غەفوری حاجی شەخسەی کە لە رۆژی یەکەمەوە و سەرەڕای مەترسی زۆر ئەرکی ناشتنی شەهیدەکانیان گرتبۆ ئەستۆ. هەواڵی قسەکانی بوێرانەی مامۆستا مەلا عەبدوڵلای قاسمیانی کە لە مزگەوتی سوور لە ناو بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە کەم تەرخەمی کاربەدەستان لە فریاگوزاری بە خەڵکی سەردەشت دا کردبوونی. مامۆستا ووتبووی:

* حوکومەتێک کە دەیهەوێ تا فەتحی قودس درێژە بە شەڕ بدات، لە شاری سەردەشت کە دەبێتە یەکێک لە شارەکانی پشتی جەبهە نە حەشارگەی بۆ خەڵک درووست کردووە و نە نەخۆشخانەی پێویست بۆ برینداارانی شەڕ.

١٠ ڕۆژ لە بۆمبارانی سەردەشت تێپەڕ ببوو و ئێمە هەر وا لە شوێنی باوکم بێ هەواڵ بووین. پێش نیوەڕۆ حامید عێراقی (کوڕی برای ئامۆژنە فاتمم کە خەڵکی قەلادزێیە و دەمێکە لە سەردەشت سەرتاشخانەی هەیە) زەنگی بۆ ماڵی خوشکم لەمەهاباد لێدابوو و ووتبووی:

* ئێمە دەستەیەک لە برینداارەکانی سەردەشتی لە نەخۆشخانەی خورشیدی ئیسفەهانین، باوکتان لە لای ئێمەیە و وەزعی زۆر خراپە، ئەگەر لە فریای نەکەون لەوانەیە تێدا بچێت.

ڕۆژی دواتر من وەستا قادری ئامۆزام بە مەبەستی دیتنی باوکم بەرەو ئیسفەهان وەڕێ کەوتین. ئێمە پێشدا چووین بۆ

تاران و لە وێشەوە بلیتمان بڕی بۆ ئیسفەهان. لە قوم بۆ نانخواردن لامان دا و ئێستاش باشم لەبیرە کە ئاوی قوم سوێر بوو.

کە گەیشتینە ئیسفەهان نەخۆشخانەی خورشیدمان دیتەوە. لەوێش هەر هەمان دیمەنی دڵتەزێنی کە لە تەورێز و تاران دیتبووم کەوتە بەر چاوم. بەشێک لە بریندارەکان برینەکانیان زۆر قورس بوو. کە چاوم بە باوکم کەوت زراوم چوو. زۆر لاواز ببوو و ڕیشی هاتبوو و بە هۆی کەم تەرخەمی ستافی نەخۆشخانە برینەکانی چڵکیان کردبوو. بە ناڕاحەتی‌یەوە ووتی:

* تا دوێنێش چاوەکانم هیچیان نە دەدیت. مەمنوونی یۆسفی حاجی محەممەدی (یۆسف عەزیزپور) و حامیدم، ئەگەر یارمەتی ئەوان نەبوایە تا ئێستا دەمردم.

لە شێوەی قسەکانی باوکم تێ گەیشتم کە ئەو لای وا بوو ئێمە بە عەمد زووتر نەچووین بۆ لای. کە بۆم باسی هەوڵەکانمان بۆ دیتنەوەی ئەو کرد و ئەو ڕاستی‌یەی کە ئەگەر حامید تەلەفۆنی نەکردبایە ئێمە ئێستاش نەماندەزانی ئەو لە کوێیە هێدی بۆوە.

ڕۆژی دواتر وەستا قادری ئامۆزام گەڕایەوە بۆ سەردەشت و من لە لای باوکم مامەوە. لە وولاتانی پێشکەوتوو خزمەتکردنی یەکسان بە نەخۆشان لە لایەن ستافی نەخۆشخانەوە شتێکی ئاسایی‌یە بەڵام ئەوە لە وولاتی وەک ئێران نامۆیە. لە نەخۆشخانە ئەو ڕاستی‌یەم بۆ دەرکەوت کە چاک بوونەوەی باوکم پێویستی بە چاودێری لێبڕاوانە هەبوو. پۆمادی کالامین کە بۆ برینەکان پێویست بوو بەو جۆرە کە دەبوو نەدەدرا بە بریندارەکان و هەر وەها برینی باوکم پێویستی بە حەمامی پڕمەنگەنات هەبوو بۆ لەناو بردنی چڵکی برینەکان.

لە نەخۆشخانەکەدا کوڕێک وەک نێرس کاری دەکرد کە دەستی بە گشت جۆرە دەرمانێک ڕادەگەیشت. من زۆر زوو لە گەڵ ناوبراو بووم بە ڕەفیق. دەمزانی کە ئەو جگەرەکێشە و هەر چەند کە بۆخۆم جگەرەکێش نەبووم باشترین جگەرەم دەکڕین و هەر ڕۆژی ٣ - ٢ دەنک جگەرەم دەدایە و ئەویش هەر کات داوای پۆماد و پرمەنگەناتم کردبا بۆی دەهێنام. جگە لەوەش بۆ بردنە سەری توانای باوکم هەموو ڕۆژێک قوتوویەکم شیرعسل (بەرهەمێکی هۆڵەندی بوو کە تێکەڵاوێکی شیر و هەنگوین بوو) بۆ باوکم دەکڕی و ئەویش زۆری پێ خۆش بوو و دەی خواردەوە. هەموو ڕۆژێک من حەمامی پڕمەنگەناتم بە باوکم دەکرد و پۆمادم لە برینەکانی دەدا.

لە ئیسفەهان بۆم دەرکەوت کە یەکێک لە هۆ سەرەکی‌یەکانی دواکەوتوویی شوێنی وەک کوردستان، تەرخان کردنی زۆربەی

ئیمکاناتی وولاَت بۆ شوێنی وەک ئیسفەهانە. تا ئەو کات من شوێنی وەها ئاوەدان و پێشکەوتوو وەک ئیسفەهانم نەدیتبوو.

چل رۆژ دوای مانەوەی باوکم لە نەخۆشخانەی خورشید حاڵی باوکم ئەوەندە باش بوو کە ئیزنیان دا نەخۆشخانە جێ بهێڵێت.

بەرگی کوردی باوکمیان هەر لە تەوریز لێ فڕێ دابوو هەر بۆیە کاتێک کە نەخۆشخانەمان جێ هێشت کراسێک و پانتۆڵێکی عەجەمییان دا بە باوکم. ئەوە یەکەم جار و دوایین جار بوو کە باوکمم بە بەرگی غەیری کوردی‌یەوە دیت.

بە خۆشی‌یەوە باوکم ئێستاش لە شاری سەردەشت دەژی و هەرچەند بۆمبی شیمیایی نەیتوانی گیانی بستێنێت بەلاَم ئەوە بیست ساڵە کە باوکم بە دەست ئاسەوارەکانی بۆمبارانی شیمیایی‌یەوە دەناڵێت. مانگی رابوردوو شەوێکیان هەناسەی باوکم رادەوەستێ کە بە ئامبولاَنس بە پەلە دەیگەیەننە نەخۆشخانە و چەند رۆژ لەوێ دەمێنێتەوە. پزیشکێک پێی دەڵێ:

* مامە گیان، بۆمبی شیمیایی سیپەلکەکانی خراپ کردووی و چڵکی زۆری سیپەلکەکانت ببووە هۆی راوەستانی هەناسەت.

تا ئێستا پتر لە ١٥٠ کەس لە خەڵکی شاری شەهید بوون و بە هەزاران کەس ئێستاش بە دەست ئاسەوارەکانی بۆمبارانی شیمیایی‌یەوە دەناڵێن.

جێگای داخە کە ٢٠ ساڵ دوای کارەساتی ٧ی پوشپەڕ ناوەندی خزمەتگوزاری پزیشکی بە شێوەی شیاو لە شاری سەردەشت دروست نەکراون. خەڵکی بێ هانای سەردەشت ئێستاش بۆ پەیدا کردنی دەرمانی پێویست دەبێ ئێران و عێراق بگەڕێن و پێویستی فەوری‌یان بە کلینیکی پزیشکی دەروونناسی و کلینیکی تایبەتی بە چارەسەری نەخۆشی دەزگای هەناسە و پێست هەیە.

لە بیستەمین ساڵیادی کارەساتی ٧ی پوشپەڕ سەری رێز بۆ گشت شەهیدانی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دادەنەوێنم و هیوای سارێژ بوونەوەی برینی بریندارەکان و باشتر بوونی بواری تەندوروستی ئەوان بە ئاوات دەخوازم.

٦ی پوشپەڕی ٢٧٠٧ لینشۆپینگ - سوێد

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٠٧

## ژیان دەگەڵ مردن دا، بیرەوەری کچێکی بریندای چەکی شیمیایی لە سەردەشت



خوشکی شوانە

ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ هیچ کەس بیری لەوە نەدەکردەوە کە ئەو کارەساتە گەورە دژی مرۆییە تووشی شاری جوانی سەردەشت بێ.

هەموو خەڵک دەگەڵ تۆپو بۆمبارانی هەوایی ڕاهاتبوون بەڵام ئەو جارە جیاوازیی هەبوو ئەهریمەنی مەرگ سێبەری بەسەر شاردا کێشا بوو.

من وەک کەسێک کە قوربانی ئەو جینایەتە بووم پێم وایە گێڕانەوەی بیرەوەری ئەو جینایەتە بۆ من مەرهەمێک بێتو خوێنەرانیش دەگەڵ گۆشەیەک لەم جینایەتە دژی مرۆڤایەتی‌یە ئاشنا دەکەم.

لەو ڕۆژە ڕەشەدا تەنیا دوازدە ساڵانە بووم دەگەڵ دوو برای چووکتر لە خۆم بۆ شت کڕین چووبووینە بازاڕ تاکوو شت بکڕین، ئەوان لە من جیا بوونەوەو چوونە پارکی ناو شار منیش چوومە گۆڕەپانی "سەرچاوێ" کە لە نێوەندی شار دایە، لە ناکاو فڕۆکەکان هاتنو شاریان بۆردمان کرد. خەڵک لە ترسان هەر کەسەو بۆ لایەک هەڵدەهات، هیچ کەسێک بیری نەدەکردەوە کە شار بۆردمانی شیمیایی کراوە بەڵام کەم کەم وەدیار کەوت کە شیمیایە و بەو هۆیەوە خەڵک زۆرتر هەراسان بوون و ئاویان بەدموچاویان دادەکرد. منیش هەرجۆرێک بوو خۆم گەیاندەوە ماڵێ. دیتم بەشێک لە خەڵک بۆ سەر تەپۆڵکەکان هەڵاتوونو بەشێک لە خەڵکیش لە ژێر زەمینەکاندا خۆیان شاردۆتەوە. تەنیا بابم لە ماڵ بوو لە براکانمی پرسی وتم لە من جیا بوونەتەوە، بە خێرایی بۆ دۆزینەوەیان چوو بۆ بازار. بە بابم وت بابە گیان شار بۆمبارانی شیمیایی کراوە ترسناکە، وتی نا کچم بۆنی باڕووتەو ڕۆیشت ئەو تەواوی شار گەڕابوو بەڵام نەیدیتبوونەوە کاتێک گەڕایەوە زۆر

ناراحەت بوو. بەڵام بەخۆشیەوە دوای ماوەیەک ئەوان هاتنەوە. کەم کەم فرمێسک لە چاوانم هاتنە خوارێ وەک ئەوەی کە ئاوریان گرتبێت. چاوم خەریک بوون تاریک دەبوون، حاڵەتی رشانەوەم هەبوو و دەکۆخیم پێستیشم کەمێک بلۆقی کردبوو، هەر زوو بابم منی گەیاندە نەخۆشخانە.

نەخۆشخانە وەک سەحرای مەحشەر وابوو پڕ بوو لە بریندارو بەرکەوتە، سێرۆمیان لێ پێوەند کردمو خەریکی چارەسەر کردنم بوون. زۆربەی نەخۆشەکان لە حەساری نەخۆشخانە خەوێنرابوون چونکە ئیمکانات نەبوو ئەو نەخۆشانەی کە وەزعیان خراپتر بوو بۆ شارەکانی دیکەیان رادەگواستن. لە دواییدا دەگەڵ بابم گەرامەوە ماڵێ.

نەخۆشیەکەم رۆژ بەرۆژ زیاتر ئازاری دەدام، دەکرێ بڵێم شار چۆل ببوو، رۆژ رابرانو خەڵکی شار تووشی کارەساتێک بوون کە ئێوە خوێنەرانی خۆشەویست تا رادەیەک لێی ئاگادارنو دووبارەکردنەوەی باش نیە، نزیک بە سەدان شەهید و نزیک بە دەهەزار بریندار.

هاوین رابردو کاتی کرانەوەی قوتابخانەکان هاتو منیش چومەوە قوتابخانە بەڵام هەناسە سواریو کۆخەی زۆر ئازاریان دەدام نەمدەتوانی وەرزش بکەم، تەنانەت بەداخەوە کەشی ئەوکات بە جۆرێک بوو کە هێندێک کەس خۆیان لەمن دوور رادەگرت و منیش پێم خۆش نەبوو هیچ کەس پێم بڵێ شیمیایی بوویی چونکە ئەو کات خەڵک بە چاوێکی سووک چاویان لەو جۆرە کەسانە دەکرد.

چەند مانگێک لە قوتابخانە رابردو منیش هەرچۆنێک بوو دەچومەوە بۆ قوتابخانە بەڵام نەخۆشیەکەم هێندەی ئازار دەدام کە هێزی چوونە قوتابخانەی لێگرتم هێندێک جار لە رێگای قوتابخانە بە هۆی هەناسە سواری زۆر هێزی هاتنەوە ماڵەوەم نەبوو کە هاوپۆلییەکانم دەیانهێنامەوە ماڵێ. بەداخەوە کەم دەرامەتیی بابم و خێزانداری هەڵی ئەوەی نەدەدا بە بابم بۆ چارەسەر کردن بۆ شارەکانی دیکەم ببات. بەڵام دواتر بە هەر شێوەیەک بوو هاوکاری هێندێک لە خزمان و دراوسێکان بوو بە هۆی ئەوەی کە بابم من ببات بۆ ورمێ و ماوەیەک لەوێ لەژێر چاوەدێری دا بووم. کەمێک باش ببومەوە بەڵام لە دوای چەند مانگێک دووبارە وەک خۆم لێ هاتەوە.

دوو ساڵو ماوەیەک رابردو نەخۆشی ژیانی لە من تاڵ کردبوو، هێندێک جار تەنانەت نەمدەتوانی لە حەساری ماڵی خۆمان را بچمەوە بۆ ژورێ، هێندە هەناسەم سوار دەبوو کە منیان دەبردە لای دوکتۆر. بە هۆی داواکاریی یەکێک لە دوکتۆرەکان بابم بە هەر بەدبەختیەک بوو منی بۆ نەخۆشخانەیەکی تەورێز برد. لە دوای پشکنین دوکتۆر پێی وتم کە شیمیاییم و منیش زۆر گریام و بابیشم وتی دوکتۆری بەرێز مافی ئەوەت نیە قسەی وا بە کچەکەم بڵێی ئەو نەخۆشیەکی دیکەی هەیەو

بەهۆی سەرما وای لێهاتووە. دوکتۆر وتی من دوکتۆرم نەک ئێوە و کچەکەت دەبێ ماوەیەک لێرە بمێنێتەوە تاکوو باشتر بێت. لە ماوەی مانگێک دا کە لەوێ بووم کەمێک باشتر ببووم بابم ویستی بمباتەوە سەردەشتێ بەڵام دوکتۆر وتی کە دەبێ ماوەیەکی زۆرتر لێرە بمێنێتەوە. بەڵام من پێم خۆش نەبوو لە شاری غەریب وەمێنم، دەگەڵ بابم گەڕاینەوە بۆ سەردەشت. ویستم درێژە بە خوێندن بدەم بەڵام نەمتوانیو بە ناچاری وازم لە خوێندن هێناو لە هاوپۆلییەکانم جیا بوومەوە. کات وەک هەور رادەبرد، من هەروا بەهۆی نەخۆشیەکەمەوە ئازار دەچێژم چەند جاری دیکەش بۆ شارەکانی مەهاباد و ورمێ رۆیشتم بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو.

هاوینی ساڵی ١٣٧٢ بوو لەگەڵ بنەماڵەکەم بۆ دابین کردنی بژێوی وەکوو خەڵکی کەم دەرامەتی ناوچە چووبووینە کورەخانەی خشت بڕی لە "مەرەند". ئاخری هاوین دەگەڵ براکانم کە دەیانویست بچنەوە قوتابخانە ویستم بچمەوە بۆ سەردەشت تا ئەو کات بۆ هەناسە سواریەکەم کەڵکم لە ئیسپێری (سالبوتامول) وەر دەگرت . هەڵبەت ئێستاش ناتوانم بە بێ ئەو هەناسە هەڵکێشم. لە تەورێز سواری ئوتوبوسی مەهاباد بووین دەخولەک دەبوو کە ئوتوبوسەکە وەرێ کەوتبوو من ویستم کەڵک لە ئیسپیریەکە وەرگرم بەڵام لە ناو تاکسی شار دا لێم بەجێ مابوو. هێندەم فشار بۆ هات کە خەریک بوو دەخنکام براکەم مەسەلەکەی بە شۆفیرەکە وت و پێی وت کە وەگەرێ بەڵام بە قسەی نەکردین، کەم کەم مردنم بەچاوان دیت یەکێک لە موسافیرەکان بە براکەمی وت کە خوشکت چیەتی خەریکە دەمرێ. ئەویش وتی کە هەناسە سواریەتی و ئیسپێریی هەناسەکەی لێ بەجێ ماوە. ئەو رۆژە گەورەیی خوام بۆ دەر کەوت چونکە ئەو موسافیرەش نەخۆشیی هەناسە سواری هەبوو ئەو ئیسپیریی هەناسەی پێبوو ئەوی دا بە من و من لە مردن رزگارم بوو.

خوێنەری خۆشەویست نامهەوێ بە باس کردنی ئازارەکانی خۆم کە نموونە گەلێکی زۆر بچووک لە کارەساتدیتوانی ئەو شارەن کاتی بە نرخی ئێوە بگرم. هەر رۆژ کە بە تەمەنمەوە زیاد دەبێ تووشی نەخۆشی گەلێکی دیکە وەک نارەحەتی دەمار و لاوازی ئێسک بووم و هەمیشە لە ژێر چاوەدێریی دوکتۆر دام کە تەنانەت ناتوانم کارەکانی ماڵەوەش بە تەنیا راپەڕێنم و هاوسەرەکەم هاوکاریم دەکات. ئێستا کە خەریکی نووسینی ئەو بیرەوەریانەم هاوکاتە دەگەڵ ساڵرۆژی بۆمبارانی سەردەشت، دوای ماوەیەک کە لە نەخۆشخانە کەوتبووم ئەمرۆ هاتوومەتەوە ماڵێ. بەڵام ئێستاش کە ئێستایە دوو پرسیار بە تەواوی لە لام بێ وەڵام ماونەتەوە کە بۆ تەنیا ناوچە کوردنشینەکان هێرشی شیمیاییان کرایە سەر؟ و دووهەمیش بۆچی لەدوای تێپەر بوونی ئەو هەموو ساڵە تازە باس و قسە لەو رووداوە دەکرێ و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بێدەنگییان لەو کارەساتە دژی مرۆییە کرد.

تێبینی: ئەو بیرەوەری یە لە ١٩ ساڵەی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت دا نووسراوە.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٠٧

## لە یادی کارەساتە مێژووییەکەی شاری سەردەشت



شاخەوان عەزیزی

بیرەوەریەک لەو رۆژە دا کە قەت لە بیرم ناچێتەوە .دوانیوەرۆی رۆژی حەوتی پووشپەریساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بوو. من مناڵێکی ١٠ ، ١٢ ساڵان و گەلێک هار و سەربزێو بووم،

بە ڕادەیەک کە لە نێو هەموو مناڵانی گەرەک دا سەربەدەرە و دیار بووم. ئەو رۆژەش وەکوو هەموو رۆژانی دیکە لە گەڵ کۆمەڵێک لەو منداڵانە، لە گەرەکەکەمان دا واتا گەرەکی هەنداوەیان، خەریکی یاری و گەمەی منداڵان و هات و هاوار و نارەحەت کردنی دەر و جیرانان بووین. ئەو رۆژە قەت لەو هەڵبەز دابەز و ڕاکە ڕاکە تێر نە دەبووم. لە بیرمە چەندین جار دایکم بە دوام دا هات کە وەکوو سەر لە ئێوارانی رۆژانی دیکە بمنێرێ بۆ وێنجە کڕین بۆ مانگاکەمان، لە دەورو بەری سەرچاوەی نێو شاری سەردەشت . رۆژانە خەڵکی دەوروبەری شار و بە تایبەتی لای باسکەدوو، جێ جێ باقە وێنجەیان لەو دەوروبەرە بۆ فرۆشتن دادەنا. بەڵام هەرچی من بووم بە پێچەوانەی رۆژانی پێشوو هەر جوابم نەدەدایەوە و لاساریم دەکرد و دەمگووت دوایە دەچم. دوایین جار کە داوای لێ کردم، بە ناڕەحەتی منداڵەکانم جێ هێشت و بەرەو لای سەرچاوە وەرێ کەوتم. هێشتا چەند سەد مەترێک دوور نەکەوتبوومەوە کە دەنگی تەیارەکان ڕایان گرتم. ئەمجارە دەنگی فرۆکەکان و دەنگی ئەو چەکانەی کە هەڵیان ڕشت هاوکات بوو. زۆری پێ نەچوو دوای تەقینەوەی بۆمبەکان، خەڵکێکی زۆر لە نێو شارەوە وەکوو جارانی پێشوو ڕوویان لە گەرەکی ئێمە کرد و، هاواریان دەکرد شیمیاییە. داوایان لە خەڵکی دیکە دەکرد کە بچنە سەر شوێنە بەرزەکان و ئاگر بکەنەوە و پەرۆی تەر بە دەم و چاوەوە بگرن .لەو دەمە دا بە پەلە گەرامەوە لای ماڵێ. وەکوو جارەکانی دیکە کە شار تۆپباران دەکرا یان تەیارە لێیدەدا، بە شێکی بەرچاو لە خەڵکی گەرەک ڕوویان دەکردە ئەو ژێر زەمینەی ئێمەوە کە دەیان گووت تۆپ کاری لێ ناکا و قایمە. ئەو دەمەش ژێر زەمینەکە پڕ لە خەڵک بوو. ئەوان نەیان زانی بوو کە بۆمبی شیمیایی لێدراوە و تەنانەت هەر نەشیان دەزانی کە شیمیایی چیە و لە کاتی لێدانی

ئەو چەکە دا دەبێ چی بکرێ. کە چوومە ژوورەوە گووتم وەرنە دەرەوە، خەڵکی شار هەموو ڕووی لێرە کردووە و وا خەریکن تەگەرە ماشێن ئاور دەدەن و هەموو پارچە پەڕۆ و پەتووی تەڕ کراویان پێیە و دەڵێن شیمیاییە. کە وام گووت هەموویان هاتنە دەر و کەوتنە دوای ئەو خەڵکەوە کە بەرەو چەند تەپۆلکەی گەرەک دەچوون، کە ئاگریان لێ کرابۆوە. ئەو ئێوارە خەڵک لە ترسان نە دەوێران بچنەوە ماڵەکانیان، دەیانگووت بۆنی شیمیایی تێدا کۆدەبێتەوە و ئینسان دەکووژێ. تا هەوا بەرەو درەنگانێ دەچوو، خەڵکێکی زۆرتر لە ناوەندی شار و بە تایبەتی ئەو جێیانەی لە شوێنی کەوتنی بۆمبەکانەوە نزیک بوون، ڕوویان لەو گەڕەکەی ئێمە و شوێنە بەرزەکانی دەکرد و بەشێکی بەرچاویش هەر لەوێ نە دەگیرسانەوە و سەر بەرەو ژێر بەرە و گووندەکانی، قووڵتە و باغی و شینوێ و ...، کە لە خوارووی شار هەڵکەوتبوون دەچوون و شاریان چۆل دەکرد. ئەو ئێوارەیە تا درەنگانی شەو لە دەرەوەماینەوە و لە پەنا دووکەڵی ئاور بە سەرمان برد و لێکدا لێکداش پەڕۆ و پاڵمان تەڕ دەکرد و بە دەم چاومانەوە دەگرت. شەو دایک و بابەکان زۆر منداڵەکانیان ئامۆژگاری دەکرد کە نابێ لە شوێنی بۆمبەکان نزیک ببنەوە دەنا شیمیایی دەبن و دەمرن. ئێوارەی ڕۆژی دوایی، کەڵکەڵەی ئەوە کەوتە سەرمەوە، کە دەبێ هەر بزانم بۆمبی شیمیایی چییە و دەبێ ئەو جێیەی لێی تەقیوەتەوە چۆن بێ. لە لایەکیتریش دڵم بەوە خۆش بوو کە دەمگووت فافۆن و نایلۆنە شکاوێکی زۆر کەوتووە و کۆی دەکەمەوە و دەیفرۆشم. چونکوو جارجارە هەندێ ڕۆژ بە دوای فافۆن و کەوشە کۆن و شتی لەو بابەتە کووچە و کۆڵانی شار دەگەرام. بۆیە ئەو ئێوارەیە بە دوور لە چاوی دایک و بابم، تاوم دایە تێلیسێک و لە گەڵ برایەکەم کە ساڵێک لە خۆم بچووکتر بوو، بەرەو دەورووبەری سەرچاوە وەرێ کەوتین. سەربزێوی و هاری و هەدا نەدان و پێک هێنانی ناڕەحەتی بۆ ئەم و ئەو و تەنانەت بۆ ماڵەوەمان، لە مندا بە ڕادەیەک بوو، کە لە هەموو منداڵێکی دیکە زیاتر لە بەر چاوان بووم. ئێستا کاتێک بیر لەو سەردەمی منداڵیم دەکەمەوە و ئەو خوو و خدە و ئەخلاقەم دێتەوە بەرچاو و لە گەڵ ئێستای بەراورد دەکەم، کە چەندە لە سەرەخۆ و ئارامم و تەنانەت زۆر کەس ڕەخنە لەو هەموو ئارامیەم دەگرن، سەرم سووڕ دەمێنی و دەڵێم ئەوە قەت من نەبووم. سەرتان نەیەشێنم، گەییشتینە جێی بۆمبەکان. تاق ولۆقە خەڵک لەم لاو ئەو لا دەبیندران. بەلا پەسیوان دا و بە دوور لە چاوی خەڵک لە شوێنەکە نزیک بووینەوە. ئەو چاڵەی کە بە بۆمبەکە هەڵکەندرابوو، تا ئەو دەمیش، سووکە دووکەڵێکی لێ هەڵدەستا و بۆنی هەروا دەهات. لەو دەمەدا کە دیتم ماڵەکانی دەورووبەر هەموو ڕووخاون و کەلوپەلی ناو ماڵەکان پەرش و بڵاو بوونەوە، تۆزێک ترس دایگرتم. بۆیە تێلیسەکەم فڕێ دا و بە ڕاکردن بەرەو ماڵ گەڕاینەوە. لە ماڵەوە دەستی خۆم ڕە پێش خست و لە لای بابم شکایەتم لە براکەم کرد و گوتم ئەمڕۆ چۆتە جێی شیمیاییەکە. کە وام گووت هەر زوو تێی ڕۆ هاتن و ڕووت و قووتیان کردەوە و بەو ئێوارە تاریکە، چواردەستەکی وەژێر تروومپای ئاومان نا. ئەو دەگریا و هاواری دەکرد و منیش بە دەم لێدانی تروومپاکە، لە ژێرەوە پێدەکەنیم. دوای شووشتنی وشک کرایەوە و جل و بەرگی دەبەر کرایەوە. ماوەی سەعاتێک دواتر ئەو برایەم گوتی خۆ کاکیشم لە جێیەکە لە گەڵ بوو.

ئەو مەبەستی لە من بوو . بۆیە بە پەلە پەل منیشیان ڕووت کردەوە و هەر بە شێوەی ئەو وەبەر تروومپای ئاویان نام.

ئێستا کە ساڵ لەو سەردەمە تێدەپەڕێ، قەت بۆ جارێکیش چووکترین نیشانەی شیمیایی نە لە سەر لەشی من و نە لە هی براکەم پەیدا نەبوو. ئەمە لە حاڵێکدایە کە خۆم چوومە ناو چاڵی بۆمبەکەشەوە کە تەنانەت هەم بۆنی مابوو، هەم دووکەڵە شینکەی لێ هەڵدەستا. ئەمە جێگای خۆشحاڵی و هەر لەو کاتەش دا جێگای سەرسووڕمانی خۆمە. بەڵام لە لایەکی دیکەوە، بە داخەوە دەبێ بڵێم کە سەدان کەس لە خەڵکی بێ دیفاعی شار گیانیان لە دەست دا. بە هەزاران مرۆڤ گیرۆدەی ئەو چەکە شیمیاییە بوون و بەشیکی بەرچاویش لە ژینگە و بوونەوەرانی دیکە ئاڵوودەی ئەو ماددە بوون.

لە بیستەمین ساڵرۆژی ئەم کارەساتە مێژوویی و جەرگبڕە دا سەری ڕێز و خۆشەویستی دادەنوێنم لە حاستی قامەتی بەرزی شەهیدە بێ تاوانەکانی شارە خۆشەویستەکەم، شاری هەمیشە سەرسەوز و سەربەرزی سەردەشت و پێیان دەڵێم: ئەی شەهیدانی بێ تاوان! ئارام بنوون، موژدەتان لێ بێ، لە کاتێکدا یادی ئێوە و ئەو کارەساتە دە کە ینە وە ، کە جینایەتکارانی ئەو مەرگەساتە سامناک و درندانەیە لە ڕژیمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ کراوی ئێراق دا یەک بە دوای یەکدا دێنە بەردەمی دادگا و بە تاوانی ئەو هەموو جینایەتانە کە لە سەردەمی دەسەڵاتیان دا پێی هەستابوون، مەحکەمە دەکرێن و بە سزای جینایەتەکانیان دەگەن. سەرانی خائینی ئەو ڕژیمە دیکتاتۆرە کە سەرەکیترینیان سەدامی دیکتاتۆر بوو، لە دار دراوە. دوایەمینیشیان تا ئێستا کە عەلی شیمیاییە، چەند ڕۆژ لەمەو بەر بە تاوانی ئەنفال و شیمیاباران کردنی خەڵکی کوردستان، دادگایی کرا و چاوەڕوانی لە سێدارە دانە.

ئەی شەهیدانی سەربەرز! دڵنیا بن دیکتاتۆر و جینایەتکاران هەر دەبێ بڕۆن و بە سزای تاوانەکانیان بگەن. ئەوان تەنیا ڕووڕەشی مێژووییان بۆ دەمێنێتەوە و سەربەرزیش نسیبی خەڵکی ماف پێشێل کراو و شیمیایی لێدراو و چەوساوەکان و نەهامەت دیتوەکان دەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠٠٧

## کۆنگەرەی شیمیایی شاری سەردەشت




**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

ئەمرۆ ٦ی پوشپەری ١٣٨٦ی هەتاویی بەرامبەر بە ٢٧ی ژوئەنی ٢٠٠٧ی زائینی لە سینەمای شاری سەردەشت، لە یادی ٢٠ ساڵەی شیمیابارانی سەردەشت دا بە بەشداری سەدان کەس لە دانیشتووانی شاری سەردەشت و دەوروبەری و بە بەشداری چەند کەس لە بەرپرسانی پایەبەرزی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە تەنیا لەم ڕۆژانە دا بۆ بازار گەرمی خۆیان دێنە سەردەشت، کۆنگەرەی شیمیایی سەردەشت بەڕێوە چوو.

خەڵکی شاری سەردەشت و دەوروبەر هەموو ساڵێک یادی کارەساتی شیمیابارانی سەردەشتیان کردۆتەوە و هیچ پێویستیان بە نوتقە بێ جێ و پڕ لە درۆکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران نەبووە. هەموو ساڵێک نوێنەرەکانی ئەو بەرپرسانە بەڵێنی درۆ و وەعدە و وەعیدی جۆراوجۆریان بە خەڵک داوە و دوای تەواو بوونی ڕێوڕەسمەکە قسەکانیان بوونە بڵقی سەرئاو، ئەمرۆش وەک یەکەم ڕۆژی ئەم یادە، چەند کەس لە بەرپرسانی بەشدار بوو کە لە شارەکانی دیکەی ئێران را هات بوون قسەیان بۆ خەڵک کرد و خۆیان بە خەمخۆری ڕاستەقینەی قوربانیانی شیمیابارانی سەردەشت لە قەڵەم دا و کۆمەڵێک بەڵێنی دیکەیان بە خەڵک دان، کە ئەو بەڵێنییانەش هەر وەک بەڵێنییەکانی ساڵانی ڕابردوو چاویان لێدەکرێ.

هەر لە درێژەی ئەو کۆنگەرەیە دا لە سەر سەرچاوەی شاری سەردەشت کە ناوەندی شارە و یەکێک لەو شوێنانەش بوو کە لە کاتی بۆردوومانی شاری سەرەشت دا کەوتە بەر ڕەهێڵەی فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی بەعس و بەشێکی زۆر لە دانیشتووانی ئەو گەڕەکە شەهید و بریندار بوون، مۆنیمێنتی تراژیدیای شیمیابارانی سەردەشت کرایەوە و وەک یادگار و بیرەوەری شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشت چاوی لێدەکرێ و لە داهاتوو دا دەبێتە شوێنێک بۆ یادکردنەوە لەو کارەساتە پڕ لە خەمە، هیوادارم کە مۆنیمێنتی تازە درووست کراوی سەردەشت ببێتە هۆی وەبیر هێنانەوەی ڕۆژە ڕەشەکانی ئەو کارەساتە و خەڵک هان بدات

کە بە دوای بە ڕەسمی ناسین و جیهانی کردنی ئەم کارەساتە دا بڕۆن و چیدی ماف و حەقەکانی ئەو زامدارانە لە لایەن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پێشێل نەکرێن.

ئەوەی لە پەیوەندی لە گەڵ ئەو مۆنێمێنتە دا بێت، دەبێ ئەوە بڵێین کە خەڵکی شاری سەردەشت چاویان لە بینا و چەند دەروازەیەکی بچکۆلانە نییە، بەڵکوو چاویان لە پێ ڕاگەیشتن بە زامدارەکانە و ئاوڕ لێدانەوە لە زەرەرمەندانی ئەو شارەیە، ئەگینا لە شاری هەڵەبجەش مۆنێمێنت ساز کرا و ئاوڕیان لە قوربانیان نەدایەوە و لەئاکام دا بوو بە هۆی ئەوە کە خەڵکی شار و دەوروبەری هەڵەبجە مۆنێمێنتەکەیان ئاگر دا و بەم شێوەیە نارزایەتی خۆیان دەربڕی.

با لە جیاتی مۆنێمێنت ساز کردن نەخۆشخانەی دەرەوەی شار تەواو بکەن کە ۱۵ ساڵە لە ژێر کاردایە و هەر جارەی بە شێوەیەک و بە تەحویل دانی درۆ و فێڵ بە خەڵک خۆ لە تەواو کردنی دەبوێرن، لە جیاتی مۆنێمێنت ساز کردن با چاوێک لە شەقام و کۆڵانەکانی شار بکەن و داو و دەرمان بگەیێنە خەڵکی زامدار و وەزاڵە هاتووی شار.

لە زۆربەی وڵاتانی جیهان ئەگەر سیمبولێک لە شار و یا شوێنێک دا دەنێن و یا دەیکەنەوە، دەیدەن بە کەسێک کە شیاوی ئەو کردنەوەیە بێت، بەڵام لە وڵاتی بەلا لێدراوی ئێمە دا کەسێک مەقەستی کردنەوە بە دەستەوە دەگرێت کە هیچ پەیوەندی یەکی بە شار و کارەساتەکەوە نی یە و هەر ئەوەش وا دەکات کە ئەو سیمبولە لە لایەن زۆربەی خەڵکەوە نەبێتە جێگای ڕێز، وەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد مۆنێمێنتەکە با ببێتە سیمبولێک بۆ وەبیر هێنانەوەی ئەو ڕۆژە ڕەش و پڕ ئازارە، بەڵام حەق وابوو کە مەقەستی کردنەوەی ئەو مۆنێمێنتە بدرابایە بە کەسێک کە شیاوی کردنەوەی مۆنێمێنتەکە بێت و زامدارنی سەردەشت و بنەماڵەی قوربانییەکان لە هەموو کاربەدەستانی بەشدار بوو کە تەنیا بۆ قسەکردن هاتوونە سەردەشت شیاوتر و موستەحەقتر بوون بۆ کردنەوەی ئەو مۆنێمێنتە.

دیارە ئەمساڵ بریار وایە کە یادی کارەساتەکە ۳ ڕۆژ بێت و لە ڕۆژەکانی دیکە دا چالاکی‌یە هونەری و وەرزشی و ئەدەبی‌یەکان و کۆمەڵێک چالاکی دیکە بەرێوە ببن و ئەم یادە شکۆدارتر بکەن.

شکۆدار بێت یادی ۲۰ ساڵەی شیمیابارانی سەردەشت.

هەواڵنێری گیارەنگ - پێداچوونەوە: حەمەڕەسووڵ کەریمی

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ۲۷ی جوونی ۲۰۰۷

## بیست ساڵ ئازاری ناوچە جوانەکەمان سەردەشت.



**مستەفا شەڵماشی**

ڕۆژی حەوتی پوشپەڕی ٢٧٠٧ی کوردی، بیست ساڵ بە سەر شیمیابارانی شارە جوانەکەی سەردەشت و چەند دێیەکی دەوروبەری دا تێدەپەڕێ، شاری سەردەشت و دەوروبەری هەمیشە ناوەندی کۆبونەوەی ڕێبوارانی ڕێگای ئازادی کوردستان و سەرچاوەی بەخشینی هێزو توانا بە جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بووە.

ئەو ناوچە خنجیلانەیە کە خاوەن جوانیەکی سیحراوی سروشتیشە، وەک دایکێکی نیشتمان پەروەر، هەزاران ڕۆڵەی هەڵکەوتوی لە داوێنی پاکی خۆی دا پەروەردە کردەوە و سەدان شەهیدی پایەبەرزی لە پێناوی سەرکەوتنی کورد و کوردستان دا پێشکەش کردوە. لە هەر گوند و چیاو دوندێکی ئەو ناوچە ئازادیخوازە بیر بکەیەوە، شەهیدێکی سورخەڵاتی کوردستانت وەبیر دێتەوە. شاری سەردەشت هەر لە"سەرکەنەکان" بگرە تا "گردەسور" بە خوێنی ڕۆڵەکانی پێشمەرگە و شیمیاباران ڕەنگاوە، ووشەی تیرباران" شەهید کردنی مەلا ئاوارە و ڕەحمان چاوشین و مەلا کەچە وەبیر دێنێتەوە کە بەدەستی ڕێژیمی چەپەلی پاشایەتی لە سەرکەنەکان ئیعدام کران و کیمیاباران هەڵوەرینی گیانی سەدان نەمامی تازە پێگەیشتوو، بە هۆی بۆمبارانی شیمیایی یەوە دەخاتەوە بیر.

ئەو ناوچەیە هەمیشە داڵدەی شۆڕشگێڕانی کورد بووە، لە هەر چوارپارچەی کوردستان و هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی کوردی نەماوە کە سەردەمێک لە ژیانی ئاوارەیی و شۆڕشگێڕی خۆی لەو ناوچەیە دا بەسەر نەبردبێ و لە دەستی یارمەتیدەری خەڵکی بە وەفا و نیشتمانپەروەری ئەو ناوچەیە کەڵکی وەرنەگرتبێ. بە حەق هەڵدەگرێ لەقەبی" سەنگەری ئازادی کوردستان" بدرێ بە ناوچەی سەردەشت. ناوچەی سەردەشت و دەوروبەرێ تەنانەت داڵدەی شۆڕشگێڕی ئەوتویان داوە، کە ڕێگای سەرکەوتنیان لە چیاکانی ئەو ناوچەیەوە بەجل وبەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیەوە دەست پێ کردوە و ئێستاشی لە

گەڵ بێ خەڵکی سەردەشت و دەروبەری داڵدەی شۆڕشگێڕانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەدەن و بە هەموو هێزیانەوە پشتیوانی لە دەسکەوتەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان دەکەن.

بە خۆڕایی نییە، کە دوژمنانی گەلەکەمان لە هەر بەهانەیەک دەگەڕێن تا ڕقی خۆیان بەو ناوچە نیشتمانپەروەرە و شارە خنجیلانەکەی سەردەشت بڕێژن. هەر بۆیە لە ڕۆژی ٧ی پوشپەڕی ٢٧٠٧ی کوردی دا دوژمنی سوێندخواردووی گەلەکەمان، ڕێژیمی فاشیستی بەعسی رووخاو، ڕقی دێرینی خۆی بە خەڵکی سەردەشت و دەوروبەری ڕشت و بە هێرشێکی دڕندانەی کیمیایی، واتە بە چەکی کۆمەڵکوژ سەدان کەس لە ژن و منداڵی و پیرو لاوی ئەو سەنگەرە لە گیران نەهاتوەی کوردستانی شەهید کرد و هەزاران کەسیشی گیرۆدەی مەرگێکی لە سەرخۆ کرد کە ئێستاشی لە گەڵ بێ، پاش تەحەمول کردنی دەیان ساڵ ئازار و نەخۆشی گیان دەدەن. ڕژیمی جینایەتکاری کوماری ئیسلامیش کە دەستی بە خوێنی سە دان ڕۆڵەی ئەو ناوچەیە سوورە، نەک تەنیا هەوڵی سارێژ کردنی برینی قوربانیەکانی ئەو جینایەتە سامناکەی نەداوە، بەڵکو زۆرتر هەوڵی داوە بە قازانجی ڕژیمەکەی کەڵکی تەبلیغاتی لێ وەر بگرێ.

لە ئەنجامی ئەو هێرشە دڕندانەیە دا، ئێستاش تەم ومژی بۆمبارانی شیمیایی بە سەر ناوچە جوانەکەی سەردەشتەوە دیارە و هەموو ساڵێ لە بیرەوەری ئەو ڕۆژە دا خەڵکی ناوچەی سەردەشت برینیان دەکولێنەوە و لە هەر جێگایەکی ئەو دنیا یان و بەرینە دا بن، بۆنی سێویان بەبەرلوتی دا دێ و بۆ چەند سەعاتێک بەشداری لە ئازاری قربانیەکانی چەکی کۆمەڵکوژی شیمیایی لە ناوچەکەیان دا دەکەن. قوربانیەکانی چەکی کۆمەڵ کوژی شیمیاییش لە شاری سەردەشت و دەورو بەری تا ئێستاش لە ژێر باری زوڵمی داگیرکەرانی کوردستان و بێ دەنگی ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی جیهان لە بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیە داچەماون و لە چاوەڕوانی دان تا ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک قوربانی چەکی کۆمەڵکوژی بناسرێن و تا ڕاددەیەک برینەکانیان سارێژ بکرێ و زیانەکانیان قەرەبو بکرێتەوە. بەڵام مخابن تا ئێستاش ئاورێکی پڕ بە پێستی ئەو جینایەتە لە قوربانیەکانی کیمیایی سەردەشت و دەوروبەری نەدراوەتەوە و برینەکانیان سارێژ نەکراوە.

لەوەش دڵتەزێنتر ئەوەیە کە بەداخەوە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکانیش هیچ گرنگیەکی ئەوتۆیان بەو جینایەتە گەورەیە نەداوە و هەموو ئەوانەی کە ڕۆژە سەختەکانی خەباتی خۆیان لەو ناوچەیە دا بەسەر بردوە، ئەو خەڵکە لەخۆبووردوەیان لە بیر بردوتەوە و هەوڵێکی ئەوتۆیان بۆ ناساندنی ئەو جینایەتە گەورەیەی دەرحەق بەو خەلکە تێکۆشەر و بەوەفایە کراوە، نەداوە. حەق وابو ئەوانەی لەبن دەوەنەکانی ئەو ناوچەیە ڕا بە لوتکەی سەرکەوتن گەیشتوون و لەسەر تەختی سەرۆکایەتی وەڵاتێک یا هەرێمێک گیرساونەوە، یا پۆستی وەزیرو پەرلەمانتار و سەفیریان بەدەست هێناوە، ئاورێک لەو قوربانیانە بدەنەوە و هەر نەبێ هەوڵ بدەن قەرەبوی زیانەکانیان بکرێتەوە، کە گیانەکانیان تازە بۆ ناگەڕێتەوە.

هیوادارم بیرەوەری ساڵوەگەڕی بیستەمی ئەو جینایەتە سامناکە ببێتە هۆی وەخەبەر هاتنی هەموو لایەک و ئاوڕدانەوەیەکی هەموو لایەنە بەرەو قوربانیەکانی شاری سەردەشتی کوڵنەدەر و ناوچەی سەردەشتی هەمیشە سەنگەر.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٦ی پووشپەڕی ٢٧٠٧

## کارەساتێکی دڵتەزین و دژی مرۆڤایەتی



ڕەحمان نەقشی

ڕۆژی ٧ی پووشپەڕی ٢٧٠٧ی کوردی ڕۆژی بیرەوەری کارەساتێکی دڵتەزین و دژی مرۆڤایەتی یەکی دیکەیە، کە داگیرکەرانی کوردستان دەرحەق بە نەتەوەی کورد ئەنجامیانیان داوە.

هەموو ساڵێک خەڵکی شاری سەردەشت و دەوروبەری یاد و بیرەوەری شەهیدانی شیمیایی بارانی شارە کەمان دەکەنەوە و هاودەردی و هاودڵی لە گەڵ بنەماڵەی قوربانیانی ئە و کارەساتە سامناکە دەردەبرن.

٢٠ ساڵ لەمەوپێش فرۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی فاشیست و دژی گەلی سەددام حوسێنی گۆڕ بە گۆڕ بە بۆمبارانی شیمیایی شاری سەرسەوزی سەردەشت، جینایەتێکی سامناکی دیکەیان خستە سەر مێژووی پڕ لە شەرم و شوورەیی و ئینسان کوژی خۆی و دارو دەستە خوێنرێژەکەی. لەم ڕۆژە دا بەداخێکی زۆرەوە، کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی مەدەنی و بی دیفاع ناجوانمیرانە و بێ بەزەیانە شەهید و برێندار کران. ئەو شارە جوان و بۆن خۆشەیان بە بۆنی پیسی و گەندەڵی گازی ژهراویی تاریک و ماتەم بار کرد. ئەم ڕۆژە یەکێکە لە تاریکترین و ناخوشترین بیرەوەریەکانی مێژووی کۆمەڵانی خەڵکی ئەو شارە بە گشتی

و بیرەوەریەکی تاڵ و جەرگ بڕە بۆ بنەماڵەی شەهیدانی ئەم رۆژە تاڵە. ئەوان و قوربانیەکانی زامدار و کەم ئەندامی ئەوکارەساتە دڵتەزێنە ، کە ٢٠ ساڵە دەرد و ئازار دەچێژن؛ هەتا زیندوون ئەو جینایەتەیان لە بیر و میشکیان دا دەمینێتەوە، و قەت لە بیر ناچیتەوە.

ئێستاش پاش تێپەر بوونی ٢٠ ساڵی تەواو بە سەر ئەو کارەساتە ماڵ ویرانکەرە و جەرگ بڕە دا، نەتەنیا ئاسەواری ئەو بۆمباران و زامە دەروونی یەکانیان چارەسەر نەکراوە، بەڵکوو رۆژ بە رۆژ هەرەشەی مەرگ و لە دەست دانی رۆڵەیەک لە برینداراني ئەم بۆمبارانە زام و برینەکانی کۆنی ئەم جینایەتە تازە دەکاتەوە. شایانی باسە ژمارەی قوربانیانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بە سە دان شەهید و هەزاران بریندار گەیشتوە. بەشێکی زۆریان ماوەی ٢٠ ساڵە بە ئێش و ئازارەوە ژیانی پڕ لە چەرمەسەری خۆیان درێژە دەدەن و لە خراپترین و نالەبارترین وەزعی ژیانی رووحی و رەوانی دا، چارەنووسیکی نادیار و داهاتوویەکی تاڵ و تەم و مژاویی دەست و داوێنی ژیانی گرتوون بە داخێکی گرانەوە ئەم وڵاتانەی کە ئیددعای داکۆکی لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ دەکەن، نە تەنیا ئەم جینایەت و کردەوە دژی گەلی یەیان سەرکۆنە و ئیدانە نەکرد، بەڵکوو چەک و تەقەمەنی و بۆمب و کەرسەی پێشکەوتووی ئینسان کوژی و ماڵ ویرانکەری زیاتریان پێشکەش بە داگیرکەرانی کوردکوژ کرد. ئەوانێش هەموو ئەو بۆمب و کەرەسانەیان لە سەر خەڵکی بێ دیفاعی کوردستان تاقی دەکردەوە و خەڵکیان پێ قەلاچۆو و پاکتاو دەکرد. ئەو دەوڵەتانە قازانج و بەرژەوەندی ئابووری خۆیان لە سەروی هەموو شتێک دانابوو و دایدەنین، پێوانەی بەرگری لە مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی و ئازادیش تەنیا لە چوارچێوەی دروشم و پڕۆپاگەندە دا قەتیس ماوەتەوە.

بۆ شەهیدێکی کە گە وزێوە لە نێو خوێن دەگریم
بۆ هەڤاڵێکی کە چوو بێ سەرو بێ شوێن دەگریم
بۆ هەموو پیر و جوانێکی لە سەر کوردستان
چوونە بن داریَ بە بێ وە ی کە بشلوێن دەگریم

"هێمن"

سڵاو لە شەهیدانی شیمیا بارانی شاری سەردەشت و هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠٠٧

## من کۆرپەیەکی شیمیایی کراوی کوردم.



**ئەیوب ڕەحمانی**

ڕۆژی پێنج شەممەی حەوتوی داهاتو واتە حەوتی پوشپەڕ (تیر) بیستەمین ساڵڕۆژی بۆردومانی شیمیایی هەڵەبجە و گوندی ئالانی بانەیە. خوێنەرانی خۆشەویستی ئەم بابەتە ئاگادار دەکەمەوە کە، ئەم نوسراوەم ۲ مانگ لەمە پێش لە سەر سایتە ئینتێرنێتیە کوردیەکان بە بۆنەی ئەم یادەوە بلاو کردوتەوە. ئێستاش بە هۆی نزیک بونەوەی یادی سەردەشت جارێکیتر بە ئاڵ و گۆڕێکی چکۆلە کە تێیدا کراوە دەیخەمەوە بەر دەستی ئێوەی خۆشەویست!

چەند دێڕێکیش بۆ بۆردومانی شیمیایی شار و گوندەکانی رۆژهەلاتی کوردوستان بە بۆنەی ۲۸ی جۆنی ۲۰۰۷ (۷ی پوشپەڕی ۲۷۰۷) بیستەمین ساڵوەگەری بۆردومانی شیمیایی شاری سەردەشتی خۆشەویست!

هۆ هۆ پارێزەران، پارێزەرانی نەزمی کۆن: ئەو کاتانەی کە ئێوە ئاو و حەوزی ئاوەکەشم۱ لێ دەکەنە دوژمن، ئەو کاتانەی کە مایەی حەیات، واتە ئاو و هەواش دەبنە مایەی مەرگ و نەمان، ئەو کاتانە، کاتێکن کە دەیان هەزار مرۆڤی بێ تاوان دەبنە ئەسیری ژەهرو و مەرگ. بۆ کێ؟ بۆ چی؟ بۆ کام مەبەست؟ ئاخر خۆ من کۆرپەیەکی ٦ مانگان و ۱ ساڵان و بچکۆلەتر بوم لەوەی کە جارێ بتوانم تاج و تەختتان داڕوخێنم. بۆ ئاخر بۆ؟ مەگەر خوداکانی ئێوە پێتان دەڵێن شیعە و سوننەم بە خوێنی کۆرپە بۆ بێنن؟ باشە ئەگەر وابێ خۆ ئیمەی کۆرپەش هەر هی ئاینی ئێوە بوین! ئێمە ئێستا سەدان ساڵە کە سەر بە خێڵی کوفر نین!! دایک و باب و ئەجدادیشمان سەدان ساڵە، رۆژی ٥ جار سوجدە دەبەن بۆ ئەو خودای کە ئێوەی دڕ، بۆی چونە شەڕی ئیسلام و کوفر!

بەڵام پارێزەرانی نەزمی کۆن! پێم وا نیە هیچ خودایێک لە هیچ کوێیک فەرمانی مەرگی کۆرپەیک لە هەڵەبجە و لە سەردەشت و لە ئاڵۆت و هێرۆشیما و ناکازاکی و هیچ قوژبنێکی ئەم جیهانە بدات بە تۆێکی کەلە وشکی کەلە شەقی

تاوانبار، ئەوە خۆتی و ئاغای لای سەروی دیوە خان کە بۆ تۆزیک نەوت و بستێک عەرز و میدالیایێکی بێ نرخ و مشتێک دۆلار، سەدان کۆرپەی وەک منت بۆی ژێر گڵ خست! خۆ هەر من بە تەنیا نیم، ئەو کۆرپانەش کە ئەنفال و زیندانی و بە زیندوویی کرانە چاڵ، ئەوانەش کە لە قارنێ و قەلاتان و هەمو کوردوستان بە تیر پێکران و سوتێنران و مەکتەبە و ماڵیان بە سەردا روخا، بە بۆمبای لاپالم و خوشە لە ناو ماڵ و لە حەشارگەو و تەنانەت لە کایەی شەش خانی بەر دەرگا دەست و قاچ و سەریان پەڕی، و دەیان و سەدان هاو شێوەی تر کە بۆ وتن ناشێن ئیتر، مانای چییە؟ تاج و تەختێک کە ئاوا بێت، ڕوخێنەرە و تۆقێنەرە، نابێ بێ، دەبێ بمرێ، دەشێ بمرێ!

## کات و شوێنی بۆردومانە شیمیاییەکانی رۆژهەلاتی کوردوستان

بە داخەوە و لە بەر ئەوە کە رژیمی کۆماری ئیسلامی بۆی گرینگ نەبوە کە خەڵک و شارەکانی کوردوستان بۆردومان دەکرێن، کات و رۆژی زۆربەی بۆردومانەکان نەزانراوە و نەنوسراونەتەوە یا خۆ باسیان ناکرێن و بۆ گەورە نەبونەوەیان دەشاردرێنەوە، نزیک بە هەمویان لە ٢ ساڵی پێش تەواو بونی شەڕە نیگریسەکەی ئێران و عێراق و پێش سەرکێشانی جامی زەهرەکە، واتە لە ساڵەکانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ رویان داوە. بەس کاتی بۆردومانی سەردەشت بە هۆی برینداراکان و خەڵکەوە و کۆمەڵە نێونەتەوەیەکانەوە زانراوە.

گەرکی سەرچاوەی (سەرچشمە) شاری سەردەشت و چەند گوندی دەور و بەری لە رۆژی یەک شەممە، ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧، کاتژمێر چەند ساتێک دوای سەعات ١٦ بە چوار بۆمبی شیمیایی هەڵگری گازی خەردل خنکێندرا. (یەکەم شاری مەدەنی لە تاریخدا کە بۆردومانی شیمیایی کراوە)

* گوندی گەرماوان سەر بە شاری سەردەشت.
* چەند گوندی دەور و بەری بانە لە وانە ئالۆت و هەروەها میک و باینجان لە دەشتی شلێر.
* چەند گوندی دەور و بەری مەریوان لەوانە قلاجی کە تەنها لە ١ رۆژ دا ١١ بۆمبی لێدرا
* چەند گوندی دەور و بەری شاری شنۆ.
* چەند شار و گوندی دەور و بەری کرماشان لەوانە: گوندی زەردە.
* نەخۆشخانەی سەرپێیی لە سومار سەر بە شاری قەسری شیرین.
* مەنتەقەی شێخ سڵە لە سلاس و باوەجانی سەر بە شاری جوانرۆ.
* مەنتەقەی دێرە گوندەکانی سامار و شامار.
* مەنتەقەی کەربعەلی سەر بە گوندی ویژاب لە دالاهوی کرماشان.

* هەروەها لە بەشە غەیرە کوردیەکان، دەور و بەری ئابادان و گیلانی غەرب

### ڕێژەی(ئاماری) گیانبەختکردوان و بریندارەکان

شاری سەردەشت: ڕێژەی رەسمی گیانبەختکردوانی مەدەنی شاری سەردەشت لە رۆژی بۆردومانەکەدا ١٢٠ کەس و ٨٠٢٤ کەس بریندارى شیمیایی ناو براوە٢، کە ئەم ڕێژەی بریندارانە بە غەیرە رەسمی تا ئەمرۆ بە قسەی کارمەندێکی نەخۆشخانەی سەردەشت، کە ئێستا لە دەرەوەی ولات ئەژی خۆ لە ١٤٠٠٠ بریندار ئەدات. هەروەها ڕێژەی گیانبەختکردوان هەر لە زیاد بوندایە و لەم ٢٠ سالەی ڕابوردودا، سال نیە کە دەیان بریندار گیانی لە دەست نەدابێت، کە تا ئێستا ڕێژەی گیانبەختکردوان خۆ لە سەدان ژن و مندال و لاو و پیری کورد ئەدات.

### ڕێژەی بە کۆمەڵ

ڕێژەی گیانبەختکردوان تا ئێستا بە روونی و ئاشکرا (بێجگە لە سەردەشت) دیار نیە، بەلام تا ئەمڕۆ خۆ لە هەزاران کەس دەدات. ڕێژەی بریندارەکان تا ئێستا بە رەسمی و بەس بە پێی ئاماری کۆماری ئیسلامی ٥٢٠٠٠ بریندارى بە ڕێژە برین قورسی مەدەنی و هەروەها بە ڕادەیێکی کەم نیزامیش لە رۆژهەلاتی کوردوستان سەبت کراون و ٤٠٠٠٠ بریندارى تری سەتحی، واتە بە برینی ڕێژە کەمەوە ناسراون، کە ئەمانەش رۆژ نیە بە دەردێکی تازە سەر هەلداوەوە شکایەت نەکەن و برینێکی قورس لە شوێنێکی تریان پەیدا نەبێت. بە پێی ئەو زانیاریانە کە ئەنجومەنە مەدەنیەکانی پشتیوانی لە بریندارە شیمیاییەکانی رۆژهەلاتی کوردوستان باسی دەکەن، رژیمی کۆماری ئیسلامی لە کوردوستانی رۆژهەلات زۆر ئەهمیەت نادات بەو کەسانەی کە خۆیان بە بریندارى شیمیایی دەناسێنن، و دوکتۆرەکان بەس ٣٠ تا ٤٠ سانیە معایەنەیان دەکەن، لە کاتێکدا کە نەخۆش یا بریندارى شیمیایی پیویستی بە لێکۆڵینەوەیێکی زۆرە نە تەنیا لە پێستی بەڵکو لە ئەندامەکانی ناواوەی لەشیشی واتە سیەکان و حەنجەرە و ڕێگاکانی هەناسە هەڵکێشان و هتد. سی تی سکان و ئازمایشی ریەکان لەو کارانەن کە دەبێت بکرێن و پێویستیان بە کاتە، بەلام بۆیان ناکەن، هەر بویە ئێستاش دوای ٢٠ سالان زۆر بریندارى شیمیایی هەن کە چکۆلەترین یارمەتی پزیشکی و شتی تریان پێنەدراوە و لە هیچ کوێیک ناویان نەنوسراوە، کە بە داخەوە زۆریان لە بێ ئیمکاناتی و ئەهمیەت پێ نەدانیان، گیانیان لە دەست ئەدەن! جێگای سەرنجە کە بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە سەر هێزە نیزامیەکانی ئێران هەیە، ئەوان خۆیان بۆ بەربەرەکانێ لە گەڵ هێرشی شیمیایی پێشتر ئامادە کردوە و هەمو سەربازێک دەرزی دژی شیمیایی و ماسکی شیمیاییان پێدراوە و توانیویانە بە دوای بۆردومانی شیمیایی خۆیان بپارێزن. لەم بەینەدا ئەوە خەلکانی مەدەنی بون کە لەم شتانە بێ بەش بون و نەیان توانیوە بەرگری لە خۆیان بکەن. هەر بەم پێیەش ڕێژەی کوژراو و بریندارى نیزامی زۆر کەم بووە. بەم جۆرە بە ڕەسمی سەرجەم ٩٢٠٠٠ بریندارى

شیمیایی لە رۆژهەڵاتی کوردوستان هەیە، کە لەم بەینەدا بەس ۳۰۰ تا ٤٠٠ بریندار لە لایەن رژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کارتی "جانبازی ۳" یان گیانبازیان پێدراوە! باقییەکەیان موشکیلەی خۆیانە و دەبێ لە گەڵی دەستە و یەخە بن و رێژە نا رەسمیەکان زۆر لەم رێژانەی رژیم زیاترن! شایانی باسە کە ئەو رێژەیە بە غەیرە رەسمی خۆ لە زیاتر لە ۱۰۰۰۰۰ کەس دەدات.

## کورت کراوەی قسەکانی تەنیا چەند زامدارێکی شیمیایی لە رۆژهەڵاتی کوردوستان



خانمی پەروین واحدی ۳۹ ساڵە، کاتی بۆردومانەکە ۱۹ ساڵە بووە، یەکێک لە بۆمبەکان لە بەر دەرگای ماڵەکەیان کەوتوتە خوار. ناوبراو بەو شێوەی کە ئاغای کامین موحەممەدی نوسەری واشنگتۆن پریزم نوسیویەتی، دەڵێ: "ئەو گازە هەمو لەشمی تەنیوە و زۆربەی ئەندامەکانی لەشمی لە کار خستووە، دوکتۆرەکانیش نازانن من چۆن ئێستاش دەژیم"پەروین خانم هەروەها دەگێرێتەوە دەڵی: " تەیارەکان هاتبون، ئێمە خۆمان لە ژێرخان حەشار دابو، لە پڕ ئاژیری خەتەر لێدرا و وتیان ئاژیری شیمیاییە، ئێمە نەماندەزانی چی بکەین، ئاخر پێشتر هەر بۆمب دەباری، ئەم جارە ژەهر دەبارێت. خەڵک هاواریان کرد بەری دەم و لوتمان بە شتێک بگرین، منیش هێندێک جلی تازە شۆراو کە لە حەوشەکامان هەڵمانواسیبون وشک ببنەوە، لە ئاوی حەوزەکە هەڵکێشاو دابەشم کرد بە سەر هەموماندا. هەوا شیرین بو و بۆنی سیریش دەهات "

ئەم کارە نەدەبو کرابا، لە بەر ئەوە کە گازی خەردەل قورسە و زوو دەنیشێت، هەم ئاوەکە و هەم جلە نیوەتەرەکان ژەهراوی بون و بەری ژەهرەکەیان نەگرتووە. ئەلبەت هەواکەش هەر مەسموم بووە، لەم کاتەدا بەس دەرزی شیمیایی و ماسک بەری مەسموم بون دەگرێت. پەروین خانم ۱۸ رۆژ لە تاران رادەگیرێت و بە تەمای گیان لە دەست دانی بۆ هیچ کوێی نانێرن. پاشان بە زۆری کەس و کاری لە گەڵ ۲۱ کەسی تر دەیان نێرنە وڵاتی بلژیک ۳ هەفتە دوای رۆژی بۆردومانەکە لە نەخۆشخانەیکی بروکسل لە وڵاتی بلژیک دێتەوە هۆش خۆی. ۸۵ دەرسەدی پێستی لەشی سوتابو. پەروین خانم لەم روداوەدا ۱۱ کەس لە بنەماڵەکەی لە دەست دەدات، لە وانە دایک و باوکی و ۲ برای و ۳ برازای، کە زۆربەیان بە دوای مانگ و ساڵ

زەجر و عەزاب کێشان گیانیان لە دەست داوە. لە بروکسل یەکێک لە ریەکانیان دەر هێناوە و بە داخەوە رۆژ بە دوا رۆژ حاڵی خراپتر دەبێت.

خانمی شەهلا کەریمی واحید یەکێکیتر لە بریندارەکانی شاری سەردەشتە. ناو براو لە سێهەمین کۆنفرانسی بریندارە شیمیایەکان لە تاران وتبوی " ١١ کەس لە کەسوکارە نزیکەکانم لە سەردەشت لە دەست داوە" ئەویش هەر وەک بریندارە شیمیایەکانیتر کە زۆر دەکۆکی و بە حال دەیتوانی قسە بکات بە ڕەخنەی توندی خۆی بۆ کۆماری ئیسلامی دەی وت " ئێمە بریندارانی شیمیایی هەر جارە و بەڵێنێکمان پێ دەدرێ لە لایەن کاربەدەستانەوە، بەلام تا ئێستا هیچیان نە بۆ خۆمان و نە بۆ شارەکەمان نە کردووە، دەبێ بودجەیکی تایبەت بۆ ئەم کارانە تەرخان بکرێت" لەم کۆنفرانسەدا بە شارەداری ژمارە ٢ی تاران پێشنیار کرابو کە بەس بە قەد بودجەی گەڕەکێکی تاران، بۆ سەردەشت تەرخان بکرێت. ئاخر تەپو تۆزی سەر جادەی ناو شاری سەردەشت بۆ بریندارە شیمیایەکان خراپە و دەیان خاتە کۆکە، هیچ نەبێت جادە و کۆلانەکانیشیان بۆ ئیسفالت ناکەن چ بگات بە ئیمکاناتی رفاهی و پزیشکی و دەرمانی لەو شارە و شار و شارۆچکە و گوندەکانی تر!

خانمێکی بە تەمەن لە گوندی قەلاجی مەریوان، بە پێی نوسراوەیکی ئاغای کامین موحەمەدی رۆژنامەگەر دەڵێ: "من قوربانییەکی شیمیاییم و هیچ یارمەتییێک وەرناگرم، دوکتۆریش تەئیدی کردووە، یارمەتییێکم بەن، دێم بۆ شار ولام وەرناگرم، تکا دەکەم یارمەتیم بدەن و وێنەی کاتی شیمیایی کرانەکەی و نوسراوەی دوکتۆرەکان نیشان دەدات.

خانمی شەهلا شافیعی کە ٢٣ سالیەتی، لە کاتی بۆردومانەکەدا تەنها ٣ ساڵی بوە. خوشکێکی ١٨ مانگانی هەر لەوێ گیانی لە دەست دەدات. بنەماڵەکەی ناچار دەبن کۆچ بکەن بۆ شارێکی تر. بەلام لەو شارەش شەهلا خانم کێشەی هەیە لە بەر ئەوەی کە هاو ساڵەکانی لە مەدرەسە تێناگەن کە بۆچی ئەم ناتوانێت وەک ئەوان ڕا بکات، بۆ زو زو نەخۆش دەکەوێت و نایەتەوە مەدرەسە، بۆ لەشی زۆر دەخورێ، بۆ هاوکات ٣ لولەی هەناسە هەڵکێشانی پێوەیە، تەنانەت دوکتۆرەکانیش بە هەمو کێشەکانی و ئێش و ئازارەکانی نازانن، لە کتوپڕ لە ناو قسەکانیدا توشی هەناسە توندبون دەبێت، بە لولەکان هەناسە تازە دەکاتەوە و داوای لێبوردون دەکات و دەڵێ گوێ بگرە چەندە دەنگم خسە خس دەکات.

خانمی لەیلا فەتحی، کە تاقە کوڕ و کچەکەی لە دەست داوە، دەڵێ: " ئەگەر مندالەکانم زیندو بونایە، ماڵەکەم هێندە بێدەنگ نەدەبو. دەرد و ژان زۆرن، هەر چی چاوم دەبەستم حەوتی پوشپەڕ (٢٨ ی جۆنی ١٩٨٧) دێتەوە بەر چاوم. کورەکەم لێرە نوستبو، کچەکەم لێرە کایەی دەکرد بە بوکەکەی" و...
خانمی تیمن سعیدپور (لە هێندێ شوێن ناوی بە شیمن نوسراوە) تەمەنی ٢٠ سالانە، خەڵکی ئالۆتی بانەیە و هاوتەمەنی بۆردومانەکەی ئالۆتە، ئاخر ئەو لە کاتی روداوەکەدا کۆرپەیێکی ٦ مانگان بووە، دایکی و خوشکە ٥ سالەکەی بە ناوی

سەبیەی هەر ئەو کاتە مانگێک دوای ئازار و ئێش لە نەخۆشخانە گیانی لە دەست دابو. شیمن لە گەڵ ئێش و ئازار گەورە بووە و لە تەمەنی ١١ ساڵان بە هۆی زیاتر بونی ئێش و ئازارەکانی و توندتربونی برینەکانی و خراپتر بونی چاوی واز لە خوێندن دینێت.

کاک خەلیل سەعیدپور باوکی تیمن لە کاتی بۆردومانی گوندی ئاڵۆت لە سەر زەویەکەیان کاری دەکرد، کە زانی بۆردومان کروان ڕای کردبوە مالەوە فریای ژن و ٢ کچەکەی و باقی کەس و کاری بکەوێت و هەمویان دەچنە ژێرخانی ماڵەکەیان، نەیانزانیبو کە ئەمجارە ژەهریان بۆ هەڵرژاوە. خێزانی و کچە ٤ ساڵانەکەی مانگێک دوای بۆردومانەکە بە ئێش و ئازارێکی زۆرەوە گیانیان لە دەست دەدەن. کاک سەعید لە گەڵ تیمن خانمی کچی ساڵی ٢٠٠٥ لە دادگاکەی فرانس وان ئانرات، بازرگانی مەرگ کە ماوەی ١٣ ساڵ بە ناوی "فاروس المنسوور" بە شێوەی نهێنی لە هوتێلی "الرەشید" لە شاری بەغداد دەژیا لە لاهەی (دێنهاخ) هوڵەند کە بە ١٥ ساڵ حەپس مەحکوم کرا بەشداریان کردبو. ناوی ئەم بنە ماڵە لە ڕاپۆرتێکی سازمانی ملل دا هاتووە و ڕاپۆرتەکە دەڵێ: " ئێمە ئەسەراتی گازی خەردەلمان لە سەر بنەماڵەیکی گوندێکی ڕۆژهەلاتی کوردوستان بەر چاو کەوت، بە تایبەت دایکێک و ٢ کچەکەی، ئێمە ئەم تەجروبە تالەمان دیت کاتێک کە کچە ٤ ساڵانەکەمان ٢ سەعات پێش مردنی چاو پێ کەوت، ئەو پەڕی ئێش و ئازارمان لەو تفلە ٤ ساڵە دا بینی"

خانمی فەرخوندەی شافیعی ٤٢ ساڵیەتی، ٢٢ ساڵی بو کە شیمیایی کرا. مانگێک دوای بۆردومانەکەی سەردەشت دەچێ بۆ وڵاتی کانادا، ناهیدی خوشکی کە ٢ ساڵ تەمەنی بو دوای مانگێک گیانی لە دەست دەدات، فەرخوندە خانم دەڵێ: " کە زانیمان شیمیایی کراوین هەمومان چوین و دەست و دەموچاومان شت، نەمان زانیبو کە ئاوەکەش مەسموم کراوە، ڕامان کرد بەرەو بانە ئیتر لە نزیک بانە هیچمان چاومان نەی دەدیت. لێرە لە سەردەشت هیچ ئیمکاناتێک نیە، من دەبێ سالی ٢ جار بە لەیزڕ حەنجەرەم گەورە کەمەوە، چاوم کریستال دروست دەکەن و تەپ و تۆز زۆر ئازارم دەدەن، بەلاّم لە سەردەشت جادەکانێش چاک ناکەنەوە بۆ ئەوەی بەری تەپ و تۆز بگرێت! ڕۆژ نەبو کەسێک گیانی لە دەست نەدات، گۆڕستانی سەردەشت هەر دەهات و گەورەتر دەبووەوە. خەڵک کوێر دەبون، ژنان منداڵیان بە مردوویی دەبو و تەنانەت ماوەێک لێرە گژ و گیاش نەدەڕوان.

کاک فەرزادی میرانی کە مامۆستایە و ٢٨ ساڵیەتی دەڵێ: " لە کاتی بۆردومانەکان منداڵێک بوم" ناو براو کە ١٤ کەسی لە بنەماڵەکەی خۆی لە دەست داوە دەڵێ: " لە نزیک گوندی ئێمە پایەگەیکی نیزامی لێ بو، ئەوان لە بەر ئەوە کە ماسکی شیمیایی و شتی تری برگری کردنیان لە خۆیان پێ بو، هەمویان ساغ مانەوە، بەلاّم خەڵکە مەدەنیەکانی ناو گوندەکان زۆرترین کوژراو و بریندار یان لێ کەوتەوە. ناوبراو هەروەها دانە دانە دەرگای ماڵەکان نیشان دەدات و دەڵێ، ئەم ماڵە ٥، ئەویتر ٩ و هەروا دەڕوا و ماڵە شەهیدەکان نیشان دەدات و ژمارەی گیانبەختکردوانیان دەڵێت.

ئەم ئێش و ئازارانە تەنیا دلۆپێکن لە دەریای ئێش و ئازاری بریندارانی شیمیایی، بە تایبەت ئەوانەی کە دەرسەدی برینەکانیان لە ٤٠ و ٥٠ تیدەپەڕێت و هەتا ئەو دەرسەدە زیاتر بێت، ئەو ئازارانەش توندتر و کوشەندە ترن. ئەڵبەت بە دەگمەن ئەو ئازارانە کەم دەبنەوە، بە داخەوە هەر ڕو لە زیاد بون دەکەن. ماهییەتی گازی خەردل وایە کە هەر جاری لە شوێنێکەوە سەر هەڵدەداتەوە و وەک خۆرە دەکوێتە لەشی ئەو مرۆڤە گیرۆدە بێگوناهانەوە و دەرسەدی برینەکانیان هەر زیاد دەکات، مەگەر ئەوە کە شانسی عەمەلیاتێکی باش و بنەڕەتیان پێبدرێت، کە ئەمەش لە ڕژیمێکی تۆتالیتێر و دژە کورد و دژە مرۆڤی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ خەڵکی کورد چاوەڕێ ناکرێت! بۆ خوێندنەوەی زیاتر و کامیلتری ئەم قسە و باسانە، بچنە سەر سەرچاوەکان کە لە ئاخری ئەم نوسراوەدا ناویان و ئادرەسی ئینتێرنێتیەکەیانم هێناوە!

## مێژو دوپات دەبێتەوە

بۆمبە خەردەلیەکانی ڕژیمی پێشوی عێراق جۆرێک دروست کرابون کە لەو بۆمبە شیمیایانەی کە یەکەم جار لە شەڕی یەکەمی جیهانی لە "ئیپێر"ی وڵاتی بلژیک بە دژی نیزامیەکان بە کار هێنرابون، کاریتر و قەویتر بێت. ئەوە یەکەم بۆردومانی شیمیایی هێزێکی نیزامی بو کە لە جیهان ڕوی دابو، بەڵام هەر وەک پێشتریش لەم نوسراوەدا ئاماژەم پێکرد، یەکەم بۆردومانی شیمیایی لە مێژودا بە سەر خەڵکی مەدەنی هاوکات لە شاری سەردەشت و گوندی ئالۆتی سەر بە شاری بانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردوستان ڕوی داوە کە بابەتی باسی ئەم نوسراوەیە.

تەقریبی ٨ مانگ و نیو بە دوا ئەم ڕوداوانەدا و لە گەرماو گەرمی شەڕی دواکەوتوانەی ئێران و عێراقدا، کاتێک کە جەبهەکە کەوتبووە دەشتی شارەزور، و ئێران شاری هەڵەبجەی لە باشوری کوردوستان خستبووە گەمارۆی خۆیەوە و دەیویست شارەکە ئەشغال کات، هەم ئێران و هەم عێراق بۆ بەرگری لە پێشرەوی یەکتر چەکی شیمیاییان دژی یەکتر بە کار هێنا و زیاتر لە ٥٠٠٠ هاووڵاتی مەدەنی ژن و منداڵ و لاو و پیر بونە قوربانیانی ئەم شەڕە و هەزاران هاووڵاتی تر بریندار بون. بە پێ قسەکانی پرۆفیسۆر شتێفن س. پێلێتیرە - کۆنە جاسوسێکی سازمانی سیای ئەمریکا و پسپۆڕی عێراق کە من پێشتر نوسراوەێکم لەم کەسە بە ناوی " کێ لە ڕوداوی هەڵەبجەدا تاوانبارە" وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە چەند سایتی ئینترنێتی کوردی بڵاو کراوەتەوە - هاووڵاتیانی شاری هەڵەبجە بە گازی **Cyanid** گیانیان لە دەست داوە، لە حالێکدا کە ڕژیمی دیکتاتۆری پێشوی عێراق بەس گازی خەردلی هەبووە و ئێران خاوەنی گازی سیانید بووە. ئەمە ئەوە دەگەیێنێت کە خەڵکی بی تاوانی هەڵەبجە و دەشتی شارەزور بەر بۆمبە شیمیایەکانی ئێران کەوتون و نەک عێراق. ئەم لێپرسراوە کۆنەی سازمانی سیا هەر لەو نوسراوەی دا کە ئاماژەم پێ کرد ئیشارەێکی چکۆلەش دەکات بەوە کە ئەوە پارتیزانە کوردە ئیرانیەکان بون کە بە گازی خەردل گیانیان لە دەست دابو. مەبەستی ناوبراو، زیاتر لە ٧٠ پێشمەرگەی شۆڕشگێری گوردانی شوانی کۆمەڵەیە کە هەم کەوتنە ناو جەبهەی ٢ شەڕی وێرانکەر و دواکەوتوانەی ئێران و عێراق و هەم

بە گازی خەردل ژاراوی کران و لە کاتێکدا کە ژەهر تاقەت و توانایی لێ بریبون و هیچ کەرەستەی دژی شیمیایان نەبو کە بەرگری لە خۆیانی پێ بکەن و بەو حاڵەش کەوتنە گەمارۆی هێزە تا بێخی دیان موسەلەحەکانی کۆماری ئیسلامی و لە شەڕێکی حیماسی و نابەرابەردا و لە کاتێکدا کە کەوتبونە پەراوێزی چەمی سیروانەوە، تا دواین فیشەکەکانیان شەڕیان کرد. ئەوان قارەمانانە هەم دژی برینە شیمیاییەکانیان و هەم دژی نیزامی کۆن موقاومەتیان کرد و گیانی ئازیزیان فیدای ڕێبازە پیرۆزەکەیان کرد. کە جێی خۆیەتی هەر لێرەدا سەری ڕێز و نەوازش بۆ گیانی پاکی ئەو ژن و پیاوە تێکۆشەرانە دانەوێنم، ڕۆحیان شاد و ڕێگایان پڕ ڕێبوار بێت.

شایانی باسە، کاتێک کە باسی مێژوی بۆردومانە شیمیایەکان دەکرێن، ناشێ ئەوەش لە بیر کەین کە کۆمەڵە لە ئوردوگای بۆتێ سەر بە باشوری کوردستان جارێکی تریش کەوتۆتە بەر شاڵاوی بۆمبارانی شیمیایی ڕژیمی پێشوی عێراق و لەوێش ٢٣ ڕۆڵەی تێکۆشەری خۆی لە دەست داوە و گیانی ئازیزی ئەوانیش چۆتە ریزی کاروانی گیانبەختکردوانی ئەم ڕێبازە و هەر لێرەشدا سەری ریز و نەوازیش بۆ ئەو ژن و پیاوە شۆڕشگێڕانەش لە گەڵ هەمو گیانبەختکردوانی کۆمەڵە و کوردوستان دادەنەوێنم.

### کۆمەڵی نێونەتەوەیی و بڕیارنامەکانی سازمانی ملل

هەم ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەم ڕژیمی پێشوی عێڕاق بەم کارانەیەن بە ئاشکرا، پرۆتۆکۆلی دژی بە کار هێنانی چەکی کۆمەڵ کوژی سازمانی ملل کە لە ساڵی ١٩٢٥ لە شاری ژنێف بە ئیمزای هەمو وڵاتانی ئەندامی ئەو سازمانە لەوانە ئێران و عێراقیش گەیشتووە، ژێر پێ نا و لەم بارەشەوە تاوانباری نێونەتەوەین (عێڕاق ئەم پەیمانەی لە ساڵی ١٩٣٠ دا کاتێک کە هێشتا وڵاتی ئیستیعمارگەری ئینگلیس قەیوم یا سەرپەرەشتی ئەم وڵاتە بو، ئیمزا کردووە). ڕژیمی ئێران لەم بارەوە وتویەتی: " لە بەر ئەوەی کە ئەوەڵەن عێراق دەست پێکەری شەڕ بووە و هەرواها یەکەم جار عێراق چەکی کۆمەڵکوژی دژی ئێران بە کار هێناوە و شکایەتەکانی ئێمە بۆ سازمانە نێونەتەوەیکان جوابی وەر نەگرتۆتەوە، جا ئێمەش ناچار بوین چەکی کۆمەڵکوژی دژی عێراق بە کار بێنین و لەم بارەوە خۆمان بە تاوانبار نازانین" کە ئەمە بە بڕوای من قسەی مفتە و هیچ پاتاوێک بۆ بە کار هێنانی چەکی کۆمەڵکوژی نابێت ببێت. ڕەفسەنجانیش کە ئەو کات ڕەئیسی مەجلیسی شۆڕای ئیسلامی ئێران بو ٢ مانگ بە دوای سەرکێشانی جامی ژەهرەکە لە لایەن خومەینیەوە، واتە قەبولکردنی ڕاگرتنی شەڕ، لەم بارەوە وتویەتی کە: " شەڕ ئێمەی فێر کرد کە یاسا نێونەتەوەییەکان لە لاپەڕە دراوێک زیاتر شتێک نین" هەر بویە ئێستاش لە سەر کێشەی ئەتۆمی وڵامی یاسا نێونەتەوەیەکان نادەنەوە، کە ئەم بابەتە جێگای باسی ئەم نوسراوە نیە و درێژەی پێ نادەم.

ئاغای ژۆست هیلتّرمن لە گروپی قەیرانە نێونەتەوەیەکان لەم بارەوە وتبوی کە: " ئێران فێر ببو کە خۆی بپارێزێت و ئەهمیەت بە کۆنوانسیون و عەهدنامە نێونەتەوەیەکان نەدات!"

بە پێی کۆنوانسیونە چوار لایەنەکانی سازمانی مللی ساڵی ١٩٤٨ی ژنێف، وڵاتی داگیرکەر و هێزە نیزامیەکانی، بەرپرسی گیان خەڵکی وڵاتی داگیرکراون و بۆیان نیە ئازاریان بەن.

مادەی ٢٢ی پەیمانی چوارەمی کۆنفرانسی لاهە کە ساڵی ١٩٠٧ بەستراوە، دەڵی کە لە شەڕی دو وڵاتدا، هیچ لایەنێک بۆی نیە بە ئیشتیای خۆی لە هەر کەرەستەیێک بۆ زەرەر گەیاندن بە دوژمنەکەی و بۆ بردنەوەی شەڕەکە کەڵک وەربگرێت. بۆ کامیل کردنی ئەم خاڵە، بەندی یەکەمی مادەی ٣٥ی یەکەمین پرۆتۆکۆلی ساڵی ١٩٧٧ کە لەمەڕ تەکمیل و ئیسلاحی کۆنوانسیونە چوارلایەنەکەی ساڵی ١٩٤٩ی ژنێف نوسراوە دەڵێ: لە هەر شەڕێک یا پێداهەڵپرژانێکی چەکدارانە، لایەنی شەڕەکان بۆ هەڵبژاردنی چەند و چۆنی چەک و چۆڵەکان و ڕێگای بەکار هێنانیان، ئیختیاری موتڵەق و نامەحدودیان نیە.

بە پێی مادەی ٢ی کنوانسیونی بەرگری لە بە کار هێنانی چەکە کۆمەلکوژیە شیمیاییەکانی ساڵی ١٩٢٥، "بە کار هێنانی چەکی کۆمەڵکوژی شیمیایی تەنانەت لە جەبهە کانی شەڕ و دژی هێزی نیزامیش قەدەغەیە و هەر لایەنێکی شەڕیش بە کاری بێنێ تاوانبارە". بەم پێیە بەکار هێنانی ئەم چەکانە دژی خەڵکی مەدەنی تاوانێکی لە ڕادە بەدەرە و بەکار هێنەرانی بە بێ ئەم لاو ئەولا دەبێ لێکۆڵینەوەیان لە سەر بکرێ! ئەی کە واتە قسەکەی ڕەفسەنجانی ڕاستە کە وتبوی "یاسا نێونەتەوەییەکان لە لاپەڕە دڕاوێک زیاتر شتێک نین" ئەگەر وانیە ئەی بو بە چی ئەم هەمو تاوانە و ئەم هەمو تاوانبارە چیان لێ هات؟

بە پێی ئەوقەرار و مەدارانەی کە لە کۆنفرانسی بروکسل لە ساڵی ١٨٧٤ و هەروەها کۆنفڕانسی لاهە ساڵەکانی ١٨٩٩ و ١٩٠٧ نوسراونەتەوە، "وڵاتە لە حاڵی شەڕەکان، بە هیچ جۆرێک بۆیان نیە کە شەڕەکەیان توشی خەڵکانی مەدەنی یەکتر بکەن و دەبێ هاووڵاتیە مەدەنیەکانیان لە شوێنی شەڕەکان دور بخەنەوە و دەبێ هەمو هەوڵی خۆیان بدەن کە لە گەیاندنی شەڕەکان بە شوێنە مەدەنیەکان بەرگری بکرێت "

دیارە ئەم خاڵانە و سەدان خاڵێتریش نە لە لایەن ڕژیمی کۆنەپەرەستی ئیسلامی ئێرانەوە و نە لە تەرەف ڕژیمی کۆنەپەرەستی بەعسی عێڕاقەوە لە تەواوی شەڕە ٨ ساڵەکەیاندا ڕەچاو نەکران و بگرە بە عەمد شەڕەکەیان دژی خەڵک دبردە پێش و بە میلیۆنها هاووڵاتی مەدەنی لە هەر دو وڵات توشی خەساری گیانی و جسمی و ڕۆحی و هتد بون، ئێمە و مانان شایەدی ئەوەین کە چۆن میگ و فانتۆمەکان لە ناو شارەکاندا بە سەرماندا دەهاتن و بە دەیان و سەدان تۆن بۆمبیان

بە سەردا دەباراندین، تۆپ و خومپارە(هاوەن) بارانیان دەکردین و لە هەر شوێنێکیش کە کەمیان دەهێنا بۆمبی ژەهراوی و شیمیایی خەردل و سیانیدیان بە سەردا دەکردین.

ئەم دو وڵاتە داگیرکەرە و حکومەتی فاشیست و میلیتانتی تورکیا و سوریەشیان لەگەڵ بێت، ئەوە دەچی بۆ ۹ دەیە کە لە شەڕ لە گەڵ حیزبە ئوپوزیسیۆنەکانی کوردوستان لە هەر چوار پارچەی ئەم وڵاتە داگیرکراوە بە دڕندانەترین شێوە و ڕەوشت و خوی نا مرۆڤانە شەڕمان لەگەڵ دەکەن و لە بیرمان ناچێتەوە کە چۆن بۆ گرتنەوەی شارەکەن لە دەست پێشمەرگە، شارەکانی کوردستانیان بە تۆپ و خومپارە و ڕاجیمە و هاوەن و کاتیۆشا و هێلیکۆپتەر و فانتۆم و میگ و هتد و قورسترین چەکەکان لە عەرز و ئاسمانەوە دەکوتا و هێزی بەرەی شۆڕشیان وادار دەکرد کە شارەکان چۆڵ کەن و ئەم حاڵەتە لە گوندەکانیش هەر بەردەوام درێژەی کێشا تا ئەوەی کە هێزی بەرەی شۆڕشیان ناچار کرد کە بڕۆنە ئەودیوی حدودەکانی یەکتر و پاشانیش بۆ بەرگریکردن لە چالاکی پێشمەرگانە حدودە دەست سازەکانیان دەسوتاند و ئەم پیلانانەیان هەر درێژە پێ دا، تا ئەوەی کە شۆڕشی کوردیان بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کزی و لاوازی کێشا. کە ئێستاکەش بە داخەوە هێزەکان لە تەبعید بە جێی قەرەبو کردنەوەی ئەم هەمو خەسار و جێ خاڵی بونە و بە جێگای یەکگرتن و هاوکاری و هاوپەیمانی، خەریکی خۆ خۆری و دژی یەک فیگوڕ گرتنن، کە ئەمەی ئەمڕۆ ئێمە دەیکەین مێژوێکی ناشیرین دەبێت بۆ داهاتومان!! مێژوێک کە وڵاتانی ڕۆژئاوا زیاتر لە سەدساڵ لەمەوبەر پشت خۆیان خستوە و ئەمڕۆ نەفرەتی لێدەکەن، ئێمە بەڵام هێشتا ئەو قۆناغەمان تێنەپەڕاندووە و هێشتا بە کردەوە و بە فیکر لە قۆناغی پێش مودێرنیزمدا دەژین. بە داخەوە!!! ڕژیمی خۆدکامەی ئێران چی کردووە بۆ بریندارەکان با ئێمە سەرتیتری قسەی چەند بریندارێک و کەسایەتی بە بی ئیشارە بە ناوەکانیان لەم بارەوە بخوێنینەوە با بزانین چی دەڵێن:

١- هەلسوکەوتی بونیادی گیانبازان ٤ لە گەل بریندارە مەدەنیە شیمیایی کراوەکان فەرق و جیاوازی تێدایە "

٢- ڕژیمی ئێران تەنیا گروپێک کە بە دوای ڕاستیەکانی بۆردومانە شیمیاییەکەی سەردەشت ناردی، پاش یەک ساڵ لە ڕوداوەکە بو، تازە ئاسەوارێک لە ژەهرەکە نەمابو"!

٣- دوکتۆرەکان بۆ موعایەنەی بریندارەکان بەس ٣٠ تا ٤٠ سانیەیان کات دادەنا"

٤- بەڵام بەرپرسانی حکومی هیچ وڵامێکیان بە داخوازیەکانی ئێمە نەداوەتەوە"

٥- ئەنجومەنی بەرگری لە مافی بریندارە شیمیاییەکان بە تەمایە کە خۆی بە تەنیا بێتە پێش و داواکاریەکانی مافخوراوانی بۆردومانە شیمیاییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردوستان لە کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بەرز بکاتەوە"

٦- تەنانەت یارمەتی زۆر لاوازیش لەوانە دانی پەتوێک (پێخەو یا بەتانی) بە بریندارەکانیش هەر یارمەتیدەرە، چونکە لێرە هەواساردە و ئەو بریندارانە جسمیان زەعیف بووە و زو بە سەرما نەخۆش دەکەون.

٧- دەوڵەت گیانبەختکردوە شیمیاییەکان بە شەهید سەیر ناکات، بۆ ئەوەی کە دوارۆژ بنەماڵەکەی نەکرێن بە بنەماڵەی شەهید و ناچار بێت حقوقیان بۆ وەبرێت و دەیان نمونەی تر !ئەگەر بێت و ئێمە بەس چاوێک بە قسەی بریندارە شیمیاییەکان، فەعالە مەدەنیەکانی ئەم بوارە، وەکیلی بریندارەکان و هتددا بخشێنین بۆمان دەردەکەوێت کە رژیمی کۆماری ئیسلامی لە عەینی حاڵدا کە حەول دەدات روخساری ناشیرینی خۆی داپۆشێت و کەسانیتر وەک رژیمی بەعس، ئەمریکای هاو پیمانی عێراق لە کاتی شەرەکاندا، کۆمەڵی نێونەتەوەیی و ئیلا ئاخر بە تاوانبار بزانێت و لەم پەیوەندەشدا هێندێک ئیمکاناتی خستوتە ئیختیار رێژەیکی زۆر کەم لە بریندارە شیمیاییە کانی کوردوستان و دەیاننێرێت بۆ دادگای لاهە و سایتی ئینترنێتی دروست دەکات و وێنەی بریندارەکان بلاو دەکاتەوە، بەلام لە ئەساسدا هیچکارێکی بۆ کۆمەڵی بریندارەکان نەکردووە. تازە دوای ٢٠ ساڵ، بە قسەی ئوپوزیسیۆنێکی کوردی ناو خۆیی سەر بە رژیم و سایتی ئافتاب بەتەمایە ئەمساڵ پەیکەرێک بۆ یادی بۆردومانەکەی سەردەشت لە تاران لە رۆژی ٧ی پوشپەڕ واتە ٢٨ی جۆنی ٢٠٠٧ پەردەی لێ هەڵبدرێتەوە و بەم شێوە رژیم بە شاخ و باڵی خۆیدا هەڵبدات و قەلاچۆ کردنی کوردانی رۆژهەلات داپۆشێت!

### ئوپۆزیسیۆن چیان کردوە؟

ئەوەی ڕاستی بێت ئوپۆزیسیۆنە واقیعیە کوردوستانیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێستا هەر هەمویان لە تەبعید دەژین و بە چەندەها هۆی دورخرانەوەیان لە کۆمەڵگای کوردوستان، موشکیلات و ئەو مەحدودیەت و برگریانەی کە لە لایەن ولاتە میواندارەکانەوە لە سەریانە، موشکیلی ئابوری، وەزعیەتی ژئوپۆلیتیکی ئەو مەنتەقانەی ئەوانی لێ دەژین و هەروەها حوزوری نیزامی ئەمەریکا لە مەنتەقە و شتی ناوخۆیی خۆیان و هێندێ شتی تریش، ئەوانی تا حەدێک لە ڕوداوە ناوخۆییەکان دورخستۆتەوە و زۆرتر بە شتە کوڵیەکانەوە خەریکن و هەر بەم پێیەش کەمتر لە سەر هێندێک ڕوداوی وەک سەردەشت چالاکیان هەبووە و بەس بە وتاری رادیویی و ئینترنێتی لەم بارەوە ئیکتیفایان کردووە. ئەمان پێشتر موشکیلی نەبونی میدیایێکی سەتەلایتیشیان لە سەر رێگە بو کە ئەوە خۆشبەختانە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە ئەم کۆسپە لا نراوە و ٣ کانالی جیهانیش بۆ رۆژهەلاتی کوردوستان ئێستا کار دەکەن و هیوام وایە کە ئەم ساڵ لەم بوارەشدا هەر وەک نەورۆز و یادە حیزبییەکانی خۆیان، پرۆگرامی تایبەت و رۆشنگەرانەیان لەم بارەوە بۆ خەڵکی کوردوستان هەبێت و لە پسپۆڕە شارەزاکانی ئەم بوارە کەڵک وەرگرن.

ئوپوزیسیۆنە ناو خۆیەکانی رۆژهەلاتی کوردوستان کە لە دوای جەریانی ٢ی جۆزەردان (سەرهەڵدانی خاتەمی و تەرەفدارنی ریفۆرم لەچوار چێوەی کۆماری ئیسلامی) سەریان هەڵدا و تاو تاو چرنوقێکی بە پارێز و یاسامەندیش لە رژیم دەگرن و دەردەکەوێت کە زۆر لە مێژە خۆیان بۆ ئاڵ و گۆڕەکانی دوای ڕوخانی کۆماری ئیسلامی و سات و سەودا و بەربەرەکانێ لەگەڵ ئوپوزیسیۆنە واقیعیەکان ئامادە کردووە، جارو بار و ئەویش رێک لە ساڵوەگەڕی ئەم ڕوداوانە دەست دەدەنە نوسین و باس

کردن لە بۆردومانە شیمیایەکان و هاوکات شەڕی ٨ ساڵە بە شەڕی بەرگری موقەدەس و موقاومەتی موقەدەس و ئەمانە ناو دەبەن و ئەگەر بۆیان بکرێت کۆنفرانس و کۆبونەوەشی بۆ دەبەستن و بە تەمان ئەمساڵ لە تاران هەمو پێکەوە پەیکەری یادبود بۆ سەردەشت دابمەزرێنن!

## قسەی کۆتایی

من پێموایە کە هێشتا هیچ لە سەر کارەساتە شیمیاییەکان، چ لە رۆژهەلات و چ لە باشوری کوردوستان نەکوتراوە و نە نوسراوە. زۆر بەلگە هەن کە هێشتا شاراوە ماون، هەزاران برینداز هێشتا نەناسراون، هەزاران نەخۆشی سەرهەڵدەدەن، کەس نازانێت بۆ؟ ٢ ساڵ لەمە پێش مەجموعەێک لاوی گوندەکانی سەردەشت لە کتوپڕ بە کۆمەڵ توشی نەخۆشی دەبون، کەس نەیدەزانی بۆچی؟ یا ڕاستیەکان دەشاردرانەوە. بێگومان کۆماری ئیسلامیش کە خۆی یەکێک لە تاوانبارەکانی ئەم ڕوداوانەیە حەز ناکات کە ڕاستیەکان دەرکەون و هەر بە شاراوەیی دەیان هێڵێتەوە

هەر بژین بە شادی و خۆشی ٣٠ی جۆزەردانی ٢٧٠٧

ئەیوب ڕەحمانی ١٠ی بانەمەڕی ٢٧٠٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠٠٧

# ئاوا تەیارەم ناسی



فایەق بەریاجی

ئای کە دوونیای منالّی شیرینە، منالّ دلّی بە هەموو شتێک خۆشە، بە زۆر شت دلّی دەگەشێتەوە و کەیفی پێدەکا. سالّی ١٣٥٩ی هەتاوی بوو، باش رۆژەکەم وەبیر نایە،

منی میرمندالّ لە گەلّ هاوالانی گەڕەک لە سەر شەقامی بلّوار پێش مالّی خۆمان یاریمان دەکرد، سەیر نییە شوێنی یاری دیکەمان نەبوو. ئەو کات سەیارەیەکی لەندەوێری ئیدارەی ئیتلاعات زۆر بە توندی لە ناو شار بەرەو زیندانی خانەی موعەلیم (ئەوەشتان پێ سەیر نەبێ دەکرێ خانەی موعەلیم زیندان بێ) هات وچۆی دەکرد. ئێمە لە سەر رێگای ماشێنەکە کاغەزمان ورد دەکردن تاکو دەهات و بە توندی بە سەریان دەرۆیی، وردە کاغەزەکان لە هەوا دا پرش و بلّاو دەبوون و ئێمە کەیفمان پێ دەکرد. بێ ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە رەنگە لە ناو ئەو سەیارە گەنجێکی بێ گوناە بەرەو زیندان بەرێ. ئێمە بەو یاریە خافلّا بووین کە لە ناکاو دەنگێکی سەرسووڕ هێنەر هات و دوایی دوو تەیارەی ڕەش زۆر نێوی بە سەرمان دا گرماندیان و دوایی رمبە و تەقینەوە و قیژە قیژی مندالان تێکەلاو بوو. من ئەوەندە دەزانم کە لە سەر شەقامەکە بە دەروازەی مالّی خۆمان دا درام، تەنانەت دانەیەک وردکە کاغەز لە سەر شەقام نەما بوو، بەلّام ئەوە ئێمەی خۆشحالّ نەکرد چونکە تەیارە نەگریسی بێ ڕەحم گەرەکی (سەر قەبران)ی بۆردوومان کرد بوو. بە یەکەم بۆردوومانی شارەکەم تەیارەم ناسی. ئەو رووداوە بەشێک لە شەڕی دەست پێکراوی ئێران وعێراق بوو، شەڕ درێژەی هەبو، رۆژ بە رۆژ شەڕ و تەقە ئاسایی‌تر دەبوو، شارە سەرسەوزەکەی سەردەشت هەموو رۆژێ تۆپ باران و بۆمباران دەکرا، بە دەیان جار یاری گەڕەکمان لە بەر تۆپ باران لێ تێک دەچوو، تەنانەت دوو هاورێ گەڕەکمان شەهید و چەندی کەشمان بریندار بوون. چەند سالّ بوو شەڕ درێژەی هەبوو و تەیارەی جەنگی بۆمان نامۆ نەبوو، ئەگەر رۆژێک تەیارە نەدەهات خەلّک پێی سەیر بوو و تەنانەت وەڕەزیان دەکرد.

٧ی پوشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بوو، ئەوکات من منداڵ نەبووم بەڵکو گەنجێکی ١٧ ساڵە بووم، من ئاگاداریم لە دوکانی بابم لە گەڕەکی بڵوار دەکرد، لە بەر دەرگای دوکان دانیشتبووم، زۆر ئاسایی وەک رۆژان دەنگی تەیارە هات و منیش وەک هەموو جارێک بۆ دەرباز بوون لە بۆمباران لە پشت دیواری بەردی روبەروی دوکان کە بە سەد ناسراوە خۆم پەنا دا. شریقەی تەیارە و ڕمبەی بۆمباران دەستی پێکرد، بەڵام ئی ئەمڕۆ تەقینەوەکان جیاوازیان هەبوو، بە باوەڕی من ناو شار بۆردومان نەکرا بوو چونگە دەنگی تەقینەوەکان دەت گووت دوورە. بە تەواو بوونی دەنگی تەیارە و تەقینەوە منیش لە پەناگا هاتمە دەرێ و کاتێک گەیشتمە سەر شەقام دیتم خەڵک لە لای ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش بەرەو خوارێ هەڵدێن.

زۆرم بە لاوە سەیر بوو، وەک گەنجێکی هەرزەکار کە دەبێ سەر لە هەموو شتێک دەرهێنم بەرەو سەروە هەڵاتم تا بزانم چی بووە، بە گەیشتنی یەکەم کەس لێم پرسی کە چی بووە؟ کابرا وتی: چوارڕای فەرمانداری بۆردومان کراوە. جەرگ و هەناوم بەر بۆوە چونکا لەوێ برایەکەم دەکەیەکی بچووکی سیگار فرۆشی هەبوو، من لە تاو ئەو زۆر بە پەلە بەرەو چوارڕا چووم. ئەوکات کە من گەیشتمە وێ چڕە دوکەڵ و بۆگەنێکی زۆر توند دەهات، لە هەر لایەک جەستەی بێ گیان و نیوە گیان کە وتبوون.

من لە ناو جەستەکان دەگەرام بەڵکو براکەم بدۆزمەوە، بەڵام بێ فایدە بوو. لەو کاتە دا ماشێنێکی سپا کە دەزگایەکی سەیری لە سەر بوو هات و دەرمانێکی سپی دەرشاند، بە بلێندگۆ هاواری دەکرد ڕا کەن شیمیایی لێداوە، پەڕۆی تەڕ بە زارتان بگرن، بەرەو بەرزایی هەڵێن. بۆگەنەکەی زۆر ناخۆش بوو. من بە پەلە بەرەو ماڵ هەڵاتم، ژێر زەمینی ماڵەکەمان پڕ بوو لە خەڵک، هاوارم کرد شیمیایی لێدراوە لە ژێر زەمین وەرنە دەرێ و پەڕۆی تەڕ بە زارتان بگرن. منیش دوو پەڕۆی تەڕم هەڵگرت و جارێکیتر بەرەو شوێنی بومباران کراو گەرامەوە بەڵکو سۆراغی براکەم بزانم، ئەو جارەش بێ فایدە بوو، بەرەو پەناگای ئیدارەی ئاموزش و پەروەرش چووم کە لێوالێو لە خەڵک بوو، دووکەڵێکی سپی وەک هەور لە سەر سەری خەڵکەکە بوو لەوێش بۆگەنەکە داوەستا بوو، هاواری محەممەدی برام کرد کە بە خۆشیەوە لەوێ بوو. پەڕۆی تەڕم دایە و بەرەو ماڵ هەڵاتین، دوای کاتژمێرێک کوڕە خاڵەکەم بە ماشێنەکەی هات کە لە شار بمان باتە دەرێ. کوڕە خاڵەکەم لە کاتی بۆردومانەکە دا لە چوارڕا بوو، باری ئاردی لە ماشێنەکەی دابوو کە بۆ دێهاتی بەرێ، دوای بۆردومانەکە چەند برینداری بەو ماشێنە برد بوون بۆ نەخۆشخانە و ماشێنەکەی بە تەواوی شیمیایی لە سەر کەوتبوو، بەڵام خۆ کەس نەیدەزانی تەنانەت ئەگەر ئەو دەرمانە دوای چەند رۆژیش تەماسی لە گەڵ بەدەن هەبێ کەسەکە شیمیاییدەبێ. هەر لە بەر نەزانی ئێمەش هەمووومان سواری تویتا بووین و بەرەو توژەڵ وەرێ کەوتین، تەپ وتۆزی شیمیایی سەر ماشێنەکە لە سەر و چاوانی دەداین.

هەمو ساغ و سەلیم بووین، گەیشتینە توژەڵ لە ماڵی خاڵم جێگیر بوین. شەو نان خورا و دوایی قسە و باسی بۆمباران بەردەوام بوو. کاتژمێر نێزیک ١٢ی شەو بوو کە ئەندامانی بنەماڵە وە هاوار کەوتن کە بەدەنیان وە خورو کەوتوە، هەتا ٢ی شەو هەموو بەدەنیان بلۆقی دەرکرد، کە ئی دوو خوشک و براکەم یەکجار زۆر و بەژان و ئازار دار بوون. بە ناچاری بەرەو شار گەراینەوە و هەر ئەو شەوە ئەندامانی بنەماڵە بەرەو شارە گەورەکان بەرێ کران. ژمارەی بریندارن ئەوەندە زۆر بوون لە هیچ جێگایەک جێیان نەدەبۆوە. چەند حەمام و قوتابخانە کرا بوون بە بێهداری و شوێنی دەرمان کردن. بە هەموو شێوەیەک بریندارەکانیان بەرەو شارەکانی‌تر بەرێ دەکرد.

هەر دەهات و بە ژمارەی بریندارانەوە زیاتر دەبوو، زیاتر لە پێنج هەزار کەس بەو بۆمبارانە شیمیایی ببوون. بە سەدان کەسیش هەروا سەرپێیی دەرمان کران. من بە شێوەیەکی سەرِ سوورِ هێنەر خەلاسیم هات و تەنیا دەستم بلۆقی کرد کە بە شێوەی سەرپێیی دەرمان کرام. درامێکی غەم هێنەر بوو، شارێکی بێ تاوان کیمیا باران کرا، لە هەمووی غەمناکتر ئەوە بوو کە چەند رۆژ دوای بوردوومان، تەرمی لاوان و منالان و ژنان و پیاوانی بێ گوناحی شاری سەردەشت و دەوروبەریان لە نەخۆشخانەکانی شارەکانی دیکە را بۆ ناشتن لە سەر زێدی باب و باپیران، بە ماشێنی یەخچاڵ دار و تایبەتی دەهێنایەوە شاری سەردەشت. منیش وەک هەموو ئەو کەسانەی مابوون هەموو رۆژێ شاهیدی ئەو تراژدیە بووم کە هەر رۆژێک دەکرێ داستانی لە سەر بنووسی. هیچ کات لە بیرم ناچێتەوە کاتێک کە تەرمی شەهید رەحیم پەناهی دەشۆردرا زەردە خەنەی لە سەر لێو بوو، مستەفای کوری بە دوو دەست بە خۆی دا دەدا و هاواری دەکرد خەڵکینە سەیری بابم بکەن لە کاتی مردنیش دا پیکەنینی لە سەر زارە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٥ی جوونی ٢٠٠٧

---

## لە بیست ساڵەی کارەساتا، ناسۆرەکان بۆ بێدەنگن

**سوهراب لەحافدوزی**

ئاماژە: بۆ دەست خستنی کۆمەڵێک زانیاری سەبارەت بە کارەساتی بۆردوومانی کیمیایی سەردەشت لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دەرباز بوون لە گنخان و بایکۆتی راگەیاندن و بە دوور لە هەر چەشنە چەواشەکاری و بە لارێ دا بردن، وەک چۆن نووسەری ئەم بابەتە مرۆڤێکی سەربەخۆیە و ئەندامی هیچ گرووپ و لایەن و دەسەڵات و حیزبێک نیە کە وابو هەوڵ دەدرێت

بەشێک لە راستیەکان چۆن بوون و هەن بیگوێزێتەوە بۆ خوێنەر و لە گواستنەوەی واقیعی بە سەرهاتی ئەم بیست ساڵە دا سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و جیا لە رەچاو کردنی بەرژەوەندی گەل و نیشتیمان چ بەرژەوەندیەکی‌تر لە ئارا دا نەبینێت. ئەم بابەتە لە چەند خاڵدا ئاراستە دەکرێت و سەرەتا کورتە راپۆرتێک:

**کورتە راپۆرت:**

لە رۆژی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ ی هەتاوی بەرابەر بە ٢٨ی ژوئەنی ١٩٨٧ی زایینی کاتژمێر ٤:١٥ خولەکی دوا نیوەڕۆ لە هێرشێکی ئاسمانی دا و لە رێگەی ٦ فرۆکەی جەنگی رژێمی بەعسی عێراق، شاری سەردەشت لە رۆژهەلاتی کوردستان و باکووری رۆژئاوای وەلاتی ئێران کەوتە بەر هێرشی بۆردومانی کیمیایی کە لە ئاکاما نزیکەی ٦ تا ٧ خاڵی ئەم شارە بەر پەلامار کەوتن کە ٤ خاڵی ناوەندی شار و یەک لەوانیش بۆری گواستنەوەی ئاوی سەرەکی شار لە گۆرەپانی سەرچاوە بوو. هەر وەک ئاشکرایە ئەم تاوان و جینایەتە دەر هەق بە گەلی بێ تاوان و بێ قەڵغانی کورد و شاری سەردەشت ئەنجام درا، چوار لە بۆمبە کیمیاییەکان بە سەر چوار خاڵی ناوەندی شاری سەردەشت بە بەرینایی و پانتایی سێ گۆشەی نێوان گۆڕەپانی سەرچاوە . چوارریانی بێوران و چوارریانی فەرمانداری کۆن ( مانگی سووری ئێستا ) کەوتنە خوار و لە ئاکاما کەسانێکی زۆر شەهید و بریندار بوون کە چەند خولەکێک دوای بۆردومانەکە بەشێکیان بەرەو هۆڵی پەروەردەی لەش هەڵکەوتوو لە پشتی فەرمانداری کۆن کە خەستەخانەیەکی کاتی لێدامەزرا بوو تاقمێکیش بەرەو خەستەخانەی ناوەندی شار دەگواسترانەوە.

بە پێی راپۆرتە فەرمیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شەرەکانی نێوان ئێران و عێراق دا، رژێمی بەعس کەڵکی لە چەند جۆر ماددەی کیمیایی وەر گرتبوو لەوان:

١- گازی سولفۆر موستارد (خەردەل)
٢- تابۆن
٣ - سوومان کە ئەم دوو دانەی دوایی بریتین لە گازی دژی مێشک و ئیفلیج کەری سیستێمی عەسەبین.

ئەو گازە کیمیاییەی کە لە بۆردوومانەکەی سەردەشتا بە کار هاتبوو بە گشتی گازی سولفۆر موستارد یان خەردەلە کە کاریگەریەکەی بە شێوەی رشانەوە، هەلامسان و بلۆق کردنی پێست، سووتانی شوێنە گیرۆدە بووەکان، کوێری چاو (درێژ خایەن و کاتی)، خەساری سیەکان و هەناسە، خەفە بوون و خەساریەکانی سیستەمی عەسەبی و... دەبێت ئەم ماددەیە ماوەیەکی دوور و درێژ لە ژینگە دا دەمێنێتەوە و بەردەوام شوێن دانەری لە سەر ژینگە دا هەیە. بە پێی بەراوردە فەرمیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان رێژەی بریندارانی ئەم کارەساتە ٥٠٠٠ کەس راگەیێندراوە و بە پێی ووتەکانی بەرێز

رەفسەنجانی (سەرۆک کۆماری پێشووی ئێران) لە خووتبەکانی نوێژی هەینی لە تاران لە حەفتاکاندا رێژەی بریندااران ٨٠٢٥ کەس مەزندە کراوە، هەروەها بە پێی رێژەی فەرمی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە رێگە ی دام و دەزگا پێوە ندیدارەکان شەهیدانی ئەم کارەساتە ١٢٠ تا ١٣٠ کەس مەزندە کراوە. بەڵام ئەوەیکە واقیعی روودا و ئاکامەکەیەتی هیچ کام لەم رێژانە راست نین و سەرەتاییترین بەڵگەش ئەمەیە کە:

١- ئەم رێژانە لە رێگەی سەرژمێری وپۆلێن کردنەوە نین و تەنیا مەزەندە و خەیاڵیین.

٢- لە رۆژان و مانگەکانی کارەساتەکە زۆربەی هەرە زۆری شەهیدان کە لە سەردەشت شەهید بوون یان لە کاتی گواستنەوە بۆ شارەکانیتر و دوای هێنانەوەی تەرمەکەیان

بۆ سەردەشت ناوەکەیان وەک شەهید لە هیچ شوێن و دەزگایەک دا تۆمار نەکراوە و لە لایەن بنەماڵەکانیانەوە لە سەردەشت و گووندەکانی دەورو بەر دا ئەسپاردەی خاک کراون.

٣- ئەمە وێرای ئەوەیکە دانیشتوانی شاری سەردەشت (لەساڵی کارەساتەکە دا) ١٢٠٠٠ کەس و کۆی جەماوەری سەردەشت ئەو کات پتر لە ٢٠٠٠٠ کەس بووە. لێرە دا بۆ بە دوا داچوونی باشتری کێشەکان بە وردە کاریەکی زیاترەوە سەرنجتان بۆ ئەم بەشانە رادەکێشم:

### ١- هەوڵ و چالاکی سەربەخۆ:

هەر لە یەکەم ساڵی کارەساتەکە و لە رۆژی ٧ی پووشپەڕی هەر ساڵێک دا و لە سەر دەستی هونەرمەندان و نووسەران و شاعیران و هەڵسوراوانی بوارە جیاکانی (کۆمەڵایەتی، کولتووری و...) و بە بێ هیچ پاڵپشت و تەنیا لە سەر ئەرکی نیشتیمانی و داهاتی لاوازی ئابووری خۆیان و بۆ رێز گرتن لە شەهیدان و بریندارانی یەکەم شاری قوربانی چەکی کۆمەڵ کوژی کیمیایی لە جیهان دا و دەربڕینی نەیاری و هەڵوێست نواندن لە بەرامبەر هەر چەشنە تراژێدیا و کارەساتێکی مرۆڤی هاوشێوە و مەحکووم کردنی تاوانباران، ئاهەنگی یاد و بیرانین و ماتەمینی پووشپەڕ لەم شارە دا بەرێوە دەچێت. و هەنووکەش بەو پەڕی گووشار و باندۆری حکوومی بەردەوامە و ئەو مۆمەی لە ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٧ هەتاوی دایان گیرساندوە ئێستاکەش نەکوژاوەتەوە و ئاوازی و بانگەشەی (بە تەنیا جێم مەهێڵن) یان هانا داوە و ئەم شارەیان بە تەنیا جێ نەهێشت. لەم بیست ساڵە دا زۆربەی پرۆگرامەکان بریتی بوون لە:

مۆسیقا، شانۆ، کۆڕی شێعر، چیرۆک، دەقی ئەدەبی، ووتار و... کە چەند ساڵێک لە هۆڵی سینەمای (قودس) و هۆڵی شارەداری و هۆڵی مەکۆی کولتووری ـ هونەری (مجتمع فرهنگی هنری) و بەشی سەرەکیش واتە رۆژی ٧ی پوشپەڕ لە گۆڕەپانی سەرچاوە بەرێوە چوون و خەڵک دەگەڵ نەبوونی جێگا و رێگای پێویست و کەرەستەی بەرێوەبردنی پرۆگرامی ناو

هۆڵەکان و باندۆری حکوومەت بۆ لاواز کردن یان هەر نەهێشتنی بەرێوەچوونی کۆڕی بیرانینەکان بەردەوام بەشداریان کردوە و هوونەرمەندان و رووناکبیرانیش ئاڵەکۆکی خۆیان بە پاراستنی سەربەخۆییەوە پێشکەش بە جەماوەری شارەکە کردوە بێ هیچ چاوەروانیەک بۆ پاداش و داهاتێکی تایبەتی و تەنیا عیشقێکی شێتانەی پڕ لە خۆشەویستی و دەروونێکی کەیلی خەیاڵ. هەر ساڵێکیش بەردەوام لە رێگەی دەزگا حکومیەکان هەوڵی شێواندن و نەهێشتن و رێگە گرتن لە بەرێوەچوون دراوە و تەنانەت کۆمەڵێک لە هونەرمەندان بانگهێشتی دەزگا ئەمنیەکان کراون و هەڕەشەیان لێکراوە و ئازار و ئەزیەت دراون. ئەم پرۆگرامانە بە شێوەی سەربەخۆ ئەنجام دراون و تا ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی کە ئەنجوومەنی بە رۆڤانی لە مافی بریندارانی کیمیایی سەردەشت دامەزرا کە بەشێک لە چالاکیەکان لە سەر ئەستۆی ئەنجوومەن و بە هاوکاری هونەرمەندان و جەماوەر بەرێوە چوون و ئەنجوومەن بوو بە دەلاقەیەک بۆ وەرگرتنی مۆڵەت!! بۆ پرۆگرامەکان. ئاکامی هەوڵ و چالاکی سەربەخۆی هونەرمەندان و رووناکبیرانی سەردەشت لەم بیست ساڵە دا جیا لە چەندەها کۆڕی شێعر و ووتار و چیرۆک و دەقی ئەدەبی و هەروەها چەندەها پارچە مۆسیقا و شانۆگەری جۆراوجۆر لە دنیای چاپ دا( کە لە دایکبوونێکی نوێیە) ئەم بەرهەمانە جێ ئاماژەن:

١- کتێبی بۆنێکی نامۆ (بویی ناآشنا) . بیرەوەری . نووسینی حوسێن محەممەدیان بە زمانی فارسی چاپی ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی.

٢- کتێبی بۆردومانی کیمیایی سەردەشت ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی (بمباران شیمیایی سردشت ٧ تیر ١٣٦٦) . دۆکیۆمێنت و... نووسینی عومەر لە حافدووزی بە زمانی فارسی چاپی ١٣٨٥ی هەتاوی

٣- گۆڤاری لە سەردەشتەوە بەرەو ناکازاکی (از سردشت تا ناکازاکی) . چەند بابەتی تێکەڵاو و تایبەت نامەی گۆڤاری مەهاباد . بە کوردی و فارسی . لە سەر ئەرکی کۆمەڵێک لە نووسەران و رووناکبیران و هونەرمەندانی سەردە شت . چاپی ١٣٨٥ی هەتاوی.

٤- کتێبی چاخی ئاگر - زانستی، لێکۆلینەوە... نووسینی ئەمیر رەشیدی بە زمانی فارسی چاپی ١٣٨٥ی هەتاوی..

### ٢- ساز دانی ئەنجوومەنی بە رۆڤانی لە مافی بریندارانی کیمیایی سەردەشت:

یەک لەو چالاکیانەی کە سەرەتا سەربەخۆ بوو پاشان و بە داخەوە لەم دواییانە دا کۆمەڵێک خاڵی نەگەتیڤ و نەشیاوی پێوە دیار بوو کە بوو بە هۆی لادان لە سەربەخۆیی و لە راستی دا بە لارێیان دا برد ئەم ئەنجوومەنە بوو هەر بۆیەش بە جیا باسی لێوە دەکرێت. دوای تێپە ڕ بوونی ١٤ ساڵ بە سەر کارەساتی کیمیابارانی سەردەشت و لە سەر دەستی کۆمەڵێک لە ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدانی ئەم کارەساتە کە زۆربەیان بریندار و گیرۆدە بووی ماددەی کیمیایی بوون ئەنجوومەنی بە رۆڤانی لە مافی برینداران کیمیایی سەردەشت لە ساڵی ٨٠ - ٨١ دا دامەزرا. هەر وەهک ئاماژەی پێکرا سەرەتا و بە هۆی

هەبوونی روحێکی پاک و دڵسۆزانە و هەوڵ بۆ پاراستنی یادی  پیرۆزی شەهیدان و بە دوا داچوونی کێشەکانی بریندارانی کارەساتەکە و... ئەم ئەنجوومە کەوتە چالاکی و لە لایەن چالاکان و ڕووناکبیران و... پێشوازی لێکرا بەڵام بە داخەوە دوای چەند ساڵێک و بە هۆی کەوتن لە  پێوەندی چڕ و پڕی حکوومی و دیاردەی گەندەڵی و هاتنە کایەی بەرژەوەندیەکانی تاکە کەسی ئەم پیرۆزیە نەماو خەڵک و چالاک ڤانان و... خۆیان دوورە پەرێز ڕاگرت. سەرەڕای هەبوونی کۆمەڵێک کار و چالاکی پۆزێتیڤ و باش لە کارنامەی ئەنجوومەن وەک بە شداری لە کۆبوونەوەکانی opcw لە ئەورووپا و بە دوا داچوونی دۆسیەی دادگای تاوانبار ئان رات هاورێ دەگەڵ ئەنجوومەنی چاک لە ئەورووپا و دەرکردنی بولتەنی پووشپەڕ (کە ناوەرۆکەکەی جێی باسە)، کۆمەڵێک چەواشەکاری و کاری نەگوونجاو گەندەڵیان پێوە دیارە، زۆر حەز دەکەم  ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەری ئەم ئەنجوومەنە وەڵامدەری کارەکانیان بن و ڕوون کردنەوە بدەن بۆ وێنە:

١-  بۆچی پێشیان گرت لە سازدانی شۆڕایەکی گشتی پێک هاتوو لە چالاکان و لانی کەم ٦ ـ ngo ی سەردەشت  بۆ باشتر بەڕێوەچوونی  پرۆگرامەکانی ساڵی ٨٥ ه

٢- ئەم ئەنجوومەنە بە کردەوە بۆتە دوو بەش ئەویش لهێپێناو پۆست و مەقام و پارە (بە دان پیانانی خۆیان)  با ئەم بەرێزانە  ڕوونکرنەوەیەک بدەن

٣- ئەمانە بوونە هۆی پەیدا بوونی  دیاردەیەکی زۆر نەشیاو ئە یش جێبەجێ کردنی دەرسەدی جانبازی لە ڕێگەی پارەوە ( هیوام وایە کە درۆ بێت بەڵام بە داخەوە شایەدحاڵ هەیە بەداخەوە رووحی پێکەوە کار کردن و سەربەخۆ کار کردن و... لە ناو ئەم ئەنجوومەنەدا نەماوە.

نووسەری ئەم بابەتە داوا لە ئەندامانی بەڕێوەبەری ئەنجوومەن دەکات یان هەوڵ بدەن لانی کەم ئەم چەند خاڵەی سەرەوە چارەسەر بکرێن، یان ئەوەتا واز بێنن و ئەنجوومەن هەڵوەشێنن و چیتر ئەم چەواشەکارییە درێژە پێ نەدەن.

ئەوەی ڕاستی بێت و بەبڕوای من هەموو ئەم کێشانە و بەتایبەت بێدەنگی لە ئاست تەنگژەو کردەوەو گوشارەکانی  کۆماری ئیسلامی لە ڕووی ناشارەزایی و بەزانستی و پرۆفێشناڵ نەبوونی کەسایەتی هیچکام لە ئەندامانی ڕێبەری و کار و چالاکیەکانیانەوە سەر چاوەدەگرێت. بێگومان پێوەندی دەگەڵ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە قوربانیانی کیمیایی (لەتاران) و وەزارەتی دەرەوە و دەزگا حکوومیەکانی وەک (بنیاد جانبازان) دەتوانێ رۆڵێکی بەرچاوی لەو کێشانەدا هەبێت (ئەگەر بێت و لەقەوارە دەرچێت). لێدوان و ڕوونکردنەوەی زیاتر دێڵمەوە بۆ دەستەی بەڕێوەبەری ئەنجوومەن.

### ٣- رۆڵی کۆماری ئیسلامی ئێران

راستە کە رژێمی بەعسی عێراق راستەوخۆ و لە هێرشێکی ئاسمانیدا شاری سەردەشتی کیمیاباران کرد، بەڵام بە هۆی ئاستی پرۆژەکە و ئاکامی کارەساتەکە، کەشوێنی هەڵکەوتن و بریتی بوو لە ١٥٥٠ کەس بێ بەڵگەنامەی کاتی بۆردومانەکە، کە لەوانە ٦٤ کەس لە سەرووی ٢٥ % و ٥٠٠ کەس لەخوارووی ٢٥ % وەک بریندارى کیمیایی (جانباز) ناسران کە کۆی هەردوو کۆمیسیۆنەکە ٤٥ % ئاکامی

پۆزێتیڤی هەبوو. لە رەزبەری ساڵی ٨٣ دا دیسانەوە دوو جار کۆمیسیۆن بەرێوەچوو کە نزیکەی ٣٥٠٠ کەسی گرتەوە، زیاتر لە ١٢٠ کەس لە خوارووی ٢٠ % بەبرینداری کیمیایی ناسران و کۆی هەردوو کۆمیسیۆنەکە ٧% بەشدار بووان بە برینداری کیمیایی (جانباز) ناسران. لە ساڵی ٨٤ی هەتاویدا لانیکەم دوو جار کۆمیسیۆن گیرا، کەبریتی بوو لە چاوخشاندنەوە بە شکایەت و سکاڵای نارازیانی کۆمیسیۆنەکانی ساڵی ٨٢ و ٨٣ کە یەکیان لە پاییزی ئەو ساڵەدا و ئەویتریان لە مانگی ڕەشەمێدا بەرێوەچوون .ئەوەی مانگی رەشەمێ بریتی بوو لە ١٦٠٠ کەس و کۆی کۆمیسیۆنەکانی ساڵی ٨٤ی هەتاوی ٣٠٠٠ کەس داواکاری هەبوو کە لە ئاکاما کۆی هەموو ئەو کەسانەی لە سەردەشت وەک جانباز ناسراون ٢١٢٨ کەس مەزەندە دەکرێن و لەوانە ١٦٠٠ کەس بە جانبازی کیمیایی دەناسرێن کە ٩٠٠ کەسیان لە سەرووی ٢٥% بریندار و گیرۆدەبووی مادەی کیمیایین .

شایانی باسە ئەوانەی لە ٢٥% سەرتر بن و لەهەمان کاتدا ٢٠% تووشی خەساری سییەکان هاتبن یانی حاڵەتی کە دەخرێنە ناو بازنەی هەقی پەرەستاری بەو مانایە کەسێک وەک پەرەستار لە ماڵەوە یارمەتییان دەدات و مانگانە بڕێ پارەی بۆ تەرخان دەکرێت (لەلایەن دەوڵەتەوە) بەڵام ئەوەیکە کۆمیسیۆن دەخاتە ژێر پرسیارەوە ئەوەیە کە هەر کەسێک دەچێتە ژووری کۆمیسیۆنەکان کە بریتین لەبەشەکانی چاو، هەناسەو سییەکان، پێست و مێشک... بۆ هەر کۆمیسیۆنە تەنیا ماوەی ٣ تا ٥ خولەکی کات پێ دەچێت وێڕای ئەوەیکە هیچ پسپۆڕێک ناتوانێت لەم ماوە کورتە دا بیسەلمێنێت کە کەسێک بەمادەی کیمیایی گیرۆدە بووە یان نا بەڵام ئەمان دەیسەلمێنن.

هەروەها گەلاڵەیەک هەیە لەژێر ناوی (تەرحی سەلامەت) کە هەرکەس بکوێتە ژێر ئەم گەلاڵەیە بە لەشساغ دەناسرێت، پەروەندە و بانگەشەکەی لەگەڕ دەکەوێت سەیر ئەوەیە کە کەسانێکی زۆر کە بەڵگەنامەشیان بەدەستەوە بووە خراونە ناو ئەم گەلاڵەیەوە. ئەمە دەلاقەیێکە بۆ خۆدەربازکردنی کۆماری ئیسلامی لە خزمەتگوزاری بۆ خەڵکی شارەکە. هەروەها ئەوەش بڵێین کە دەوڵەت کاتێک رەزامەندی لەسەر بەرێوەچوونی کۆمیسیۆن دەدات، کە خەڵک خۆی خەرجییەکانی کۆمیسیۆن

و پشکنینی دکتۆرەکان و... بدات کە بۆ هەر کەسە بە شێوەیەکی مام ناوەندی بڕی ٥٠٠٠٠ تمەنی ئێرانی لەخۆ دەگرێت (کەهەموو کەس توانایی نییە.)

### ٤- رۆڵی میدیا و پارت و لایەنەکان

#### ١- ناو خۆی ئێران

بەداخەوە ئێستاکەش پاش تێپەڕبوونی ٢٠ ساڵ لەم کارەساتە میدیا فەرمییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ چەشنە پرۆگرام، رێپۆرتاژ و تەنانەت راپۆرتی تایبەتیان ساز نەداوە و ئاوڕیان وەسەر ئەم خەڵکە بێتاوانە نەداوەتەوە. تەنیا یەک راپۆرتی چەند خولەکی و هەواڵێکی چەند چرکەیی نەبێ. لەم دواییانەدا و بە لەدایکبوونی بەڵاڤۆکە کوردییەکان، چەند جارێک بە نووسینی بابەت و هەواڵ یادێکیان لەم کارەساتە کردۆتەوە کە بەداخەوە ئەمیش هەر بەشێوەیەکی کەمڕەنگ و زۆرتر بەهۆی گوشاری خەڵک و نووسەران و....ی سەردەشت بووە. ئەوەش لە بیر نەکەین کە میدیا و راگەیاندنی کۆماری ئیسلامی بە تەواوی ئەم کێشەیەی بایکۆت کردووە کە رەنگە کشانی سێبەری رووداوی تەقینەوەی پارلەمانی ئێران بەدەستی موجاهیدینی خەلق لە ساڵانی شەستەکانەوە بۆتە بیانوویەک بۆ میدیاکانی ئێرانی. هەر چی بێت لە شەرمەزاری بێدەنگی کۆماری ئیسلامی لەم کارەساتە مرۆڤیە کەم ناکاتەوە.

#### ٢- دەرەوەی ئێران

لە دەرەوەی ئێران و لە پارچەکانی تری کوردستان تاکوو ئێستا شایەدی چ پرۆگرامێکی ئەوتۆ لەمەر ئەم کارەساتە نەبووین، ئەگەرچی ئەمان چەند ساڵێکە میدیای سەتەلایتیان هەیە بەڵام لە ئاست ئەم کارەساتە کپ و بێدەنگ بوون. هەروەها بوونی پارت و لایەنە سیاسییەکانی بەرهەڵستکاری رژێمی ئێران لە دەرەوەی سنووری دەستکردە نێونەتەوەییەکان (نێوان رۆژهەڵات و باشووری کوردستان) بۆتە ئەوەیکە لەم بەشەدا باسیان بکەین کە بەداخەوە جێگای باسیان نەهێشتۆتەوە، جیا لەیەک ساڵی رابردوودا و لەرێگەی سەتەلایتەکانیانەوە، ئەگینا بەردێژایی ئەم ساڵانە دەنگ لەبەرد هاتووە و لەوان نەهاتووە. جیا لەو پرۆگرامە چەواشەکارانە تێکوەردەرانەی کەکاناڵی roj tv لە پووشپەڕی ٨٥ی هەتاویدا بەرێوەیان برد، کە بەداخەوە بەبێ هیچ بەڵگە و شارەزایەتییەک بەرێوەچوو، بوو بە هۆی دڵسارد بوونەوەی خەڵک و کۆمەڵێک ئاستەنگی تر.

## ٣- سەردانەکان

جیا لەو هونەرمەند و نووسەر و شاعیر و رووناکبیر و هەڵسووراوانی کۆمەڵایەتی، کولتووری و... کە بەردەوام بە روحێکی پڕ لە خۆشەویستی و دلسۆزی، خەڵکی بێدەرەتان و زامدار و بێتاوانی ئەم شارەیان (بەتەنیا جێ نەهێشت) ئەمان باسیان لێوە ناکەین کە خۆیان خانەخوێ و ئەندامی بنەماڵەی گەورەمانن. سەردانەکانی تر لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەم شێوەیەبوون:

* ساڵی ٨١ی هەتاوی: هاتنی هەواڵنێری رۆژنامەی (کۆرییەرێ دێللا سێرا) ی ئیتالیا بەرێز پائۆلۆ کۆنتی بۆ سەردەشت و سازدانی راپۆرت.

* سەردانی کۆمەڵێک لە نوێنەران و ئەندامانی پارلەمان و دەستەی سەرۆ کایەتی پارلەمان هاورێ دەگەڵ راوێژکاری سەرۆک کۆمار لە کاروباری سوونیەکانی ئێران، و پارێزگاری ئازەربایەجانی رۆژ ئاوا و ... کە بەردی بناغەی پرۆژەیەکی کولتووری . سەیرانگایی بە رووبەری ٤٠٠٠ مەتر لە دەرەوەی شار (بەشێوەی ڤۆڵینگ لێدان) لێدرا و ئاماژە بەبوودجەی ٣٠ ملوێن تمەنی ئێرانی سەرەتایی کرا و بریار وابوو تا کۆتایی ئەم ساڵە واتە ٨١ پرۆژەکە تەواو بکرێت، ئێستاکە کەساڵی ٨٦ی هەتاوییە، شوێنی ڤۆڵینگ لێدانەکە پاک بۆتەوە و ٣٠ ملوێنەکەش یان هەرد ڤوتی داوە یان ئاسمان هەڵیلووشیوە.

ساڵی ٨٢ی هەتاوی: هاتنی هەواڵنێری کاناڵی **zdf** ی ئاڵمان بەرێز ئۆڵریش تیلگنێرساڵی ٨٣ی هەتاوی: سەردانی شاندی ناوەندی ئاشتی هیرۆشیما ٢٣ - ١ - ٨٣ ە

* سەردانی بەرێز کریس کۆچێرا (هاورێ لەگەڵ خێزانی) رۆژنامەوانی بەناو بانگی فەرانسی و، کۆ کرنەدەی زانیاری بۆ کتێبی داهاتوویان.

* ساڵی ٨٤ی هەتاوی: هاتنی بەرێز تتیفێن دادستانی پەروەندەی فرانس ڤان ئان رات و شاندی یاوەری

* هاتنی شاندی ڤەزایی هۆڵندی ١٠ - ٢ - ٨٤

* هاتنی شاندی ژاپۆنی و هەواڵنێری ژاپۆنی ٢١ - ٣ - ٨٤

* هاتنی شاندی هەڵەبجەی شەهید ٢٩ - ٣ - ٨٤

* هاتنی شاندی مەریوانی ٧ - ٤ - ٨٤

* ساڵی ٨٥ی هەتاوی : هاتنی شاندێکی نووسەران و شاعیرانی هەڵەبجەی شەهید ٧ - ٤ - ٨٥ (رەنگەکۆ مەڵێک لەسەردانەکان نەنووسرابن کەداوای لێبوردنم هەیە)

### ٦- کۆتایی و دەرئەنجام:

هەر وەک خوێنەری بەرێز بۆی دەر کەوت کۆمەڵێک زانیاری پێشکەش کرا. ئەوەی شایانی باسە ئەم تاوان و کارەساتە دژەمرۆڤییە بە ژێنۆسایدی گەلی کورد بۆ پاکتاوی رەگەزی و قەلاچۆ کردنی کورد بە هاوکاری و هاودەنگی داگیرکەرانی کوردستان پێناسە دەکرێت و کارەساتی بۆردومانی کیمیایی سەردەشت جیا نییە لە ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە و بالیسان و گۆکتەپە و زەردە و گەلاڵە و ... دەرمانداوکردنی ٣٠٠٠ پەنابەری باشوور لە ئۆردوگاکانی ماردین و هەکاری و خاپوور کردنی گوندەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و... بە قەولی شاعیردەفەرموێ:

ئەو رۆژەم قەت قەت لەبیر ناچێ
لە تاقە راستە شەقامی ئەم لەشە ساردو سڕەدا
چاوی زەقم بڕیبووە پاسدارێکی ڕیش نوورانی
بە سەر منی هەڵەبجەوە ئەگریا و
کەچی خێرا خێرایش دەستی ئەکرد بەگیرفانیدا و
لە دەنکە مێوژی گڵێنەکانی سنە و سابڵاخی ئەخوارد ٢

نووسەری ئەم بابەتەبەهۆی نزیکی و بەشداری کردن لە پرۆگرامەکانی سەردەشت جیا لە هەموو ئەو ئامار و رێژە و چالاکی و هەوڵانەی کە لەمەر چەواشەکاری و کارشکێنی و بەلارێدابردنی کێشەی کیمیابارانی سەردەشت و قەرەبوو نەکردنەوە و نەگەیاندنی خزمەتگوزاری دەوڵەتی بۆ خەڵک و شارەکە، دەدرێت خاڵێکی تر بە سەرەکی ترین کێشە سەبارەت بەبەردەوامی ئەم هەوڵە نەزۆکانەی دام و دەزگای حکومی لە مەڕ سەردەشت دەزانێ. ئەویش ناتەبایی و یەکنەگرتوویی خەڵکی سەردەشتە بۆ رێزگرتن و بیرئانین و بەرێوەبردنی کۆڕی یادەوەری هەر ساڵە و بە دواداچوونی داواکارییەکانی خەڵک لە حکوومەت و یەکدەنگ نەبوونی جەماوەری سەردەشت بۆ باندۆر خستنەسەر دەوڵەت سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوە و گەیاندنی خزمەتگوزارییە جۆراجۆرەکان. ئەو ناتەباییە گەیوەتە ئاستێک کە زۆربەی خەڵکی سەردەشت لە رۆژی ٧ی پووشپەڕدا دەرکەی دووکان و بازاریان کراوەیە و وەک رۆژێکی ئاسایی خەریکی ئیشی خۆیانن، لە جیاتی ئەوەیکە بەشداری پرۆگرامەکان بن و ئەم رۆژە دووکان و بازار داخەن؛ من ئەم کارە بەتاوان و خەیانەت دەرهەق بەشەهیدان دەزانم. کەوابوو سەرەتا دەبێ گلەیی لە خۆمان بکەین و ئەمە لەبیر نەکەین کە ئەم بۆشاییە بۆتە هۆی خۆ دوور خستنەوەی دەوڵەت لە خزمەت بە خەڵکی شارەکە. هەروەها دەوڵەتی عێراقی ئێستاکە دەبێ هەوڵی قەرەبوو کردنەوەی خەڵکی سەردەشت بداتەوە کە ئەمە لەرێگەی پرۆژەیەکی درێژخایەنی شکایەت و بەرزکردنەوەی سکاڵای خەڵکی سەردەشت بۆ دادگایی کردنی تاوانباران و وەرگرتنی مافی ئەم خەڵکە لە دادگای بەغدا دەکرێت. وەک ئەوەیکە لە مەر تاوانبار ئان راتەوە کرا

کە هەر نەبێ بەسزایەکی یاسایی گەیشت و ئێستاکە لەناو گرتووخانە دایە. هەروەها لە ئێرانیش و بەکۆی دەنگ و پشتگیری هەڵسوراوان و هونەرمەندان... و لەرێگەی بەرزکرنەوەی تۆمار و کۆکردنەوەی واژۆ بۆ بەردەم پارلەمان و بنکەی سەرۆککۆماریی و بە شێوەیەکی تەواو یاسایی، هیچ نەبێ بەشێک لە کێشەکان چارەسەری دەکرێن. لانیکەم ئەو ١٦ تا ١٧ هەزار کەسەی کە لە سەردەشت پەروەندەیان ساز داوە و بانگەشەی کیمیایی بوون دەکەن، دەتوانن لەم کارانەدا بە هاودەنگی بەشێک لەو چالاکیانە بنوێنن و هەر کەس لەخەمی خۆیدا نەبێت و بەرژەوەندی گەل و شارەکە بەسەر بەرژەوەندی تاکەکەسیدا زاڵ بێت و لانیکەم لە رۆژی کارەساتەکەدا هەوڵ و چالاکییەکان بەرفراوانترو هەموو لایەنە بکەن. با هەر نەبێت کارێک بکرێت دەرهەق و پڕ بە پێستی ناوی یەکەم شاری قوربانی چەکی کۆمەڵکوژیی کیمیایی لە جیهاندا.

بێگومان کێشەکە بەمەوە ناوەستێتەوە و یەکجار هەوڵ و خەباتی پێویستە. ئەم وتارەش بەشێکی بچووکە لە بەسەرهاتی ٢٠ ساڵ لە بێدەنگی مرۆڤایەتی و جیهانیان و ئەو رێکخراوانەی بانگەشەی مافی مرۆڤ دەکەن و لەسەرووی هەموانیشەوە نەتەوەیەکگرتووەکان و چاوەدێرانی مافی مرۆڤ. مەبەستی سەرەکی لەم وتارە زیاتر ئاشکرا کردن و دەستخستنی کۆمەڵێک زانیارییە هەر وەک گوترا لانیکەم بۆ هاتنەدەر لە بایکۆتی راگەیاندن. شرۆڤەو داوەری دێڵمەوە بۆ خوێنەری بەرێز و گەل و نیشتیمان بەو هیوایەی چیتر ناسۆرەکان بێدەنگ نەبن.

نووسینی: سۆهراب لەحافدووزی جۆزەردانی ١٣٨٦ هە - ٢٠٠٧ ز

١- ناسۆرەکان بۆ بێدەنگن ناوی یەک لەشانۆ نامەکانی هاوڕێی بەرێزم ( ع م ) ە لە کوردستان.

٢- مامۆستا بێکەس . دەربەندی پەپوولە. ل ١٠١

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠٠٧

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە بۆنەی بیستەمین ساڵیادی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشتەوە



بیست ساڵ لەمەوبەر لەم ڕۆژەدا واتە ٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ هەتاوی بەرامبەر بە ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧ی زایینی فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕێژیمی رووخاوی حیزبی بەعسی عێراق هێرشیان کردە سەر شارە سەرسەوز و خنجیلانەکەی سەردەشت و بەچەکی شیمیایی بۆمبارانیان کرد.

لەم هێرشە ناڕەواو جینایەتکارانەیەدا بە سەدان کەس لە ژن و منداڵ و پیرولاو لە خەڵکی ئەم شارە بوونە قوربانی و بە هەزارانیش بریندار و نەقوستان بوون. ئەم تاوانە نامرۆڤانەیە لە کاتێکدا بوو کە بەکارهێنانی ئەو جۆرە چەکانە واتە چەکی کۆمەڵکوژو شیمیایی تەنانەت لەشەری نێوان دوو دەوڵەت و چەند دەوڵەتیشدا لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە توندی قەدەغە کراوە، چ دەگا بەوەی کە دژی خەڵکی ئاسایی‌و مەدەنی بە کار بهێندرێ. بەڵام کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی شاری بێ دیفاعی سەردەشت لەبەر قازانجویستی و بەرژەوەند پەرستیی وڵاتە زلهێزەکان، کە بە هەر دوو لای شەڕەکە چەک و تەقەمەنیان دەفرۆشت، دەنگێکی ئەوتۆی بێزاری و نارەزایەتی دەربرینی لێ نەکەوتەوەو لە جیهان دەنگی نەدایەوە. هەر بۆیە ڕێژیمی تاوانباری عێراق بێ سڵەمینەوە لە بیروڕای گشتیی جیهانی، بێ گوێدان بە قەدەغەبوونی ئەم جۆرە چەکانە، بە شێوەیەکی بەرفراوان لەم دیوو ئەو دیوی سنوورە دەسکردەکانی کوردستان کەوتە بەکار هێنانی ئەو چەکە کوشەندەیەو لە مەودایەکی بەرتەسکتردا ناوچەکانی کرماشان و مەریوانیشی گرتەوە.

ڕێژیمی بەعسی عێراق بۆ بەچۆک داهێنانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە باشووری کوردستان و بە بیانووی شەڕ لە گەڵ ڕێژیمی ئێران بە شێوەیەکی بەر بلاو و کارا کەوتە بۆمباران و تۆپبارانی شیمیایی شارۆچکەو گوندەکانی باشووری کوردستان، کە لووتکەی ئەم تاوان و جینایەتانە بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجەی لێ کەوتەوە، کە بە هەزاران کەس ژن و منداڵ و پیاوی بێ تاوان شەهید و بە هەزارانیش بریندار بوون. بەڵام مخابن وڵاتە بڕیار بەدەستەکانی جیهان هەر

وەکوو لە پێشەوە ئاماژەی پێ کرا.

لەبەر بەرژەوەندی بازرگانی،یا بیدەنگەیان لێ کرد یان زۆر بەکزی و لاوازی نارەزایی خۆیان دەربری. بەڵام رێژیمی کۆنەپەرست و ریاکاری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە دژی رێژیمی بەعس لەشەڕ دابوو و کەمتەرخەمییەکی یەکجار زۆری سەبارەت بە بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت نواندبوو، چ لە باری قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی ئەو کارەساتەو چ لە باری زیندوو راگرتنی ئەو جینایەتە بە زۆری وای دەنواند کە لایەنگری خەڵکی لێ قەوماوی هەڵەبجەیەو بەرگرییان لێ دەکا.

دیارە ئەمە یەکەم جار نەبوو کە گەلی کورد لە شەڕی نێوان دوو رێژیمی داگیرکەری کوردستان دا زەرەرو زیانی دەدیت و تووشی کارەسات دەبوو، یان بۆ بەرژەوەندییەکانی داگیرکەران و زل هێزەکان بزووتنەوەکانی کورد دەبوونە قوربانی. لە شەڕی ئیمپراتۆریی عوسمانییەکان لەگەڵ سەفەوییەکانی ئێران دا، قەڵاچۆو ماڵوێرانی، دەربەدەری و بەشخوراوی و پارچە پارچە بوون بەشی کوردان بوو. لە زەمانی دەسەڵاتداریی رەزاشای پەهلەوی و کەماڵ ئەتا تورکیشدا ساتو سەودا بە بزووتنەوەی کورد کرا، لە زەمانی دەسەڵاتداری حەمەرەزاشای پەهلەویشدا بازرگانی بە بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان کراو بە شێوەیەکی دیکە سەدامی دیکتاتۆر لەگەڵ رێژیمی حەمەرەزا شا رێک کەوت بۆ زەبر لێدان لە بزووتنەوەی هەردوو بەشی کوردستان. رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش کە گلۆڵەی کەوتە لێژی پشتی لە بزووتنەوەی باشووری کوردستان کرد نەتەنیا بە تەنیای هێشتەوە بەڵکوو زۆر جارو ئێستاشی لەگەڵ بێ کەوتە دژایەتیی ئەو بزووتنەوەیەو تۆپ باران و کاتیۆشا بارانی گوندەکانی سنووری حکوومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام بە دوای رووخانی رێژیمی دیکتاتۆری بەعس و بوونی سوپای ئەمریکا و هاوپەیمانان لە عێراق هەتا رادەیەکی زۆر وەزعەکە گۆڕاوە، لە عێراق حکوومەتێکی فیدراڵی دامەزراوە، گەلی کورد لەو بەشە لە کوردستان دەسکەوتی بەرچاوی بە پێی یاسای حکوومەتی فیدراڵی عێراق بەدەست هێناوەو خۆی خاوەنی دەسەڵاتو پارلمان و حکوومەت و سەرۆکی هەرێمە. تاوانبارانی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت و هەڵەبجە و شوێنەکانی دیکەی کوردستان هێندێکیان وەک سەدامی دیکتاتۆرو دەوروبەرەکەی بە سزای جینایەتی خۆیان گەیشتوون و لە سێدارە دراون و کۆمەڵێکیش چاوەڕوانی سزادرانن و زۆرێکیش لە جەریانی دادگایی کردن دان. بەو حاڵەش کار بەدەستانی دوو رێژیمی دژە کوردی تورکیە و ئێران لە مێژوو دەرس وەرناگرن و چارەنووسی تاوانباران ناکەنە پەندو هەر رۆژ بە بیانوویەک هەڕەشە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستانی ئازاد دەکەن سنوورو گوندکانی ئەو هەرێمە تۆپ باران دەکەن و دەبنە هۆی کوشتنی هاو وڵاتیانی کورد و ئاوارەیی و زیانی ماڵی گەیاندن بە خەڵکی ئەو ناوچانە. ئێمەو لە رۆژە ماتەمینەدا کە یادی ٢٠ ساڵەی کارەساتی کیمیا بارانی شاری سەردەشتی پێشمەرگە پەروەرو خۆشەویست دەکەینەوە، سڵاو دەنێرین بۆ گیانی هەموو شەهیدانی ئەو کارەساتەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان و هیواداریین رۆژێک دابێ تاوانبارانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش، ئەوانەی دەستیان بە خوێندنی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستانو

گەلان و ئازادیخوازانی ئێران سووره لە دادگایەکی دادپەروەرانە دا دادگایی بکرێن و بە سزای تاوان و جینایەتی خۆیان بگەن.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان

٧ی پووشپەڕی ١٩٨٦ - ٢٨ی جوونی ٢٠٠٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد

---

## پەیامی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٠ەمین ساڵوەگەری بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت

هاووڵاتیانی بەڕێز:

ژنانو پیاوانی یەکسانی خواز! خەڵکی مافخوازی کوردستان!

ئەمڕۆ حەوتی پوشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ی هەتاوی، بیست ساڵ لە بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشتو دەوروبەری، لە لایەن ڕژێمی بەعسی عێراق تێدەپەڕێ.

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی ٧ی پەشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ فڕۆکە شەڕ کەرەکانی ڕژێمی سەدام حوسێن لە کردەوەیەک کە لە مێژوودا

بێ وێنە بوو، خەڵکی بێ دیفاع و بێ گوناهی شاری سەردەشتو چەند گوندی دەوروبەریان دایە بەر ڕەهێڵە بۆمبە شیمیایەکانی خۆیانو، بەمجۆرە هەزاران کەس لە خەڵکیان شەهیدو نەقوستان کرد. بۆیە دەڵێین نەقوستان، چونکە ئەم ژارانەی کە بەسەر خەڵکی مەدەنی ناوچەی سەردەشت دا ڕژان بە ڕادەیەک کوشندە بوون کە ئێستاشی دەگەڵ بێ بریندارەکانی ئەو کارەساتە دژی مرۆڤی یە دەگەڵ زۆر نەخۆشی نەخوازراوبەرە و ڕوون و ساڵ نییە شاهیدی شەهید بوونی چەند کەس لەو خەڵکە بێ تاوانە نەبین.

ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش وەک ئەوەی نیعمەتێکی وەچەنگ کەوتبێ، جارجار نەبێ ئەویش بۆ هەندێک مانۆڕی تەبلیغاتی، ئاوڕ لە قوربانیانی بەجێ ماو لەو جەنایەتە ناداتەوە و ئەوە بۆتە هۆی ئەوە کە ژمارەی ئەو کەسانەی کە ساڵانە بە هۆی ئەو بەمبارانە گیانیان لە دەست دەدەن ڕوو لە زیاد بوون دابێ.

بە گوێرەی ئەو ئامارانەی کە بڵاوبوونەتەوە هەر لە یەکەم ساتەکانی ئەو کارەساتەدا ١٢٠ کەس لە خەڵک گیانیان لە دەست داوە.

بەڵام ئەو ڕێژەیە پاش بیست ساڵ خۆی لە سەدان ژن و پیاو و پیرولا و و منداڵ و مێرمنداڵ داوە.

هەروەها بە پێی ئامارە نادەوڵەتییەکان زیاتر لە ١٤ هەزار کەس لە خەڵک بەهۆی جۆراو جۆر دەگەڵ نەخۆشییەکانی پاشماوە لەو بۆمبارانە گیرۆدەن.

**ئازیزان:**

ئەوە یەکەم جار نییە کە لە گەرمەی شەڕی نێوان دەوڵەتاندا خەڵکی بێ دیفاع دەکەونە بەر ڕەهێڵەکانی چەکە جۆراوجۆرەکانو دەبنە قوربانی شەڕێک کە لە لای ئەوان نەخوازراوو مەحکومە، بەڵام لە مێژوودا ڕەنگە ئەوە یەکەم جار بێ کە خەڵکی مەدەنی دەبنە هەدەفی چەکێک کە تەنانەت لە قاموسی شەڕیش دا قەدەغە کراو ڕاگەیاندراوە.

زۆر بە داخەوە دنیای ئەودەم سەبارەت بە بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت هیچ دەنگێکی لێوە نەهات. هەر ئەو بێدەنگی یە بوو بە هۆی ئەوە کە لە چەندین شوێنی دیکەی کوردستانی ئێران و عێراق ئەو چەکە ژاراوی یە گیانی مرۆڤە بێ تاوانەکان بستێنێ کە بەر چاو ترینیان کارەساتی هەڵەبجە بوو.

هەر بۆیە جێی خۆیەتی لە بیستەمین ساڵرۆژی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری دەنگمان بخەنە پاڵ دەنگی ژنان و منداڵانی بێ تاوان کە بە حەق قوربانیانی سەرەکی هەر شەڕێکن و نەفرەت و بێزاری خۆمان لە شەڕ و ماڵوێرانی دەرببڕین و داوا لە هەموو ئینسانە مرۆڤ دۆستەکانی دنیا بکەین کە هەوڵەکانی خۆیان بۆ هەرچی چڕو پڕکردنی خەبات بە دژی چەکەکۆمەڵ کوژەکان بخەنە گەر، تاچیدیکە شاهیدی مەرگو لە ناوچوونی خەڵکی بێ تاوان نەبین.

هەزاران سڵاو لە قوربانی کارەساتی بومبارانی شیمیایی شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری و هەموو شار و ناوچەکانی کوردستانی ئێران!

بە هیوای ساغی و ساڕێژ بوونەوەی زامەکانی بریندارانی ئەو جنایەتانە!

نەفرەت لە شەڕ و ماڵوێرانی و مردن بۆ شەڕویستان و شەڕفرۆشان!

یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران

٧ی پوشپەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی

# هەر دەمێنم گەر ناحەزانیش بمکوژن



سیروان حەدداد

بە ناوی یەزدانی مەزن

لە گەڵ نزیک بوونەوە لە وەرزی هاوین و مانگی پووشپەڕ جموجۆڵ و کۆڕ و کۆبوونەوەکان بە گەرمی خۆری گەلاوێژ گڕ دەگرن و لە هەر لایەکەوە وزەوزی هەژدە و نۆزدە و بیستەمینت بە گوێ دەگات.

ڕێکخراوەکان، ئیدارەکان هەر کامیان لە لایەکەوە، واش هەیە یەک و دوو کەسیش لە لایەکی دیکەوە سەرقاڵی وەک بڵێی کار و چالاکی نواندنن.

ناگەڕێینەوە بۆ ئەوەی کە چی کراوە و چی دەکرێ؟ کێ بەڵێنی زۆری لایە و کام قسەی خۆشی بۆمان پێیە؟ کام دڵسۆزە زۆر سەرقاڵی ئەم بۆنەیە؟ کام پیاو باشە لەمێژە دێ و دەڕوا؟ بەڵێ هەمووی ئەوانەش بەرەو ڕۆژێک لە مانگی پووشپەڕ بەڕێوەن.ڕۆژێک کە بۆ خەڵکی شاری سەردەشت ناخۆشترین و پڕ ئێشترین ڕۆژە لە مێژووی چەند هەزار ساڵەی خۆیدا.کە دەکرێ لە لاپەڕی بێتاوانی و سەرکووتکەری مێژوی گەلەکەماندا تۆمار بکرێ.

حەوتی پووشپەڕ ئەم ڕۆژە ڕەش و نەگریسە بوو کە ناحەزان و خوێنمژان دەستیان لە کۆمەڵێک مرۆڤی ئاشتی خواز بە رابردوویەکی پڕ لە شانازیەوە وەشاند. ڕۆژێکە کە دەستی ڕەش و چەپەڵی نەیاران، بەرۆکی هەزاران کوردی بێدیفاعی گرت و هەناسەی گەرمی ژیان و مانەوەیان لە گەروودا سارد کردنەوە. ڕۆژێکە کە نسێی قورسی مەرگ و نەمان باڵی بەسەر شارەکەماندا کێشا و بە دەیان ژن و پیاو و منداڵی بێتاوانی کردە قوربانی کارەساتێکی نەخوازراو.

شیمیابارانی شاری سەردەشت لە رۆژی حەوتی پووشپەڕی ١٣٦٦ دا تراژێدیایەک بوو کە دوای تێپەڕ بوونی بیست ساڵ بە سەر ئەم رۆژەدا ئێستاش قوربانی دەگرێ و هەر رۆژ و هەر ساتێک خۆشەویست و جگەر گۆشەیەکمان لێ دەستێنی و دایکی نیشتمانمان زک سووتاو دەکا. ئەمرۆش بە هەزاران کەسی زامدار و لەش سووتاو و هەناسەسوار، شەونخوونی ئێش و ئازارەکانی ئەم کاتن کە لە تۆماری ئەم بیست ساڵەدا هەر رۆژێکیان رۆژی مەرگە و هەر شەوێکیان تاریکە قەبرە.

بیست ساڵ تێپەڕ بوو، یەک و دوو... و بیست هاتن و رۆیشتن، بە دەیان و سەدانی دیش دێن و دەرۆن، بەڵام ئێش و ئازار و مەرگ و قوربانی ئێمەی بێتاوان، زامداری ماڵ کاول کراو و دڵ برینداری شەهیدانی جگەر گۆشەمان هەرگیز نایەنە ئاخر. هیچ رۆژێک و هیچ ساڵێک نەبووە و نابێ کە سوکنایی ئەم رۆژە پڕ ئێشە بخاتە دەروونمان. ئێمەین کە بیست ساڵ لەمەوبەر بووینە قوربانی، کڵۆڵ و لەش سووتاو و لە خوێندا شەلاڵ، لاپەڕی مێژوویان پێ نووسین. بەڵام بە شایەدی هەموو گیان لە بەرانی بیزمان و گشت مرۆڤی رویی جیهان و هەرچی لای ئێمەیە و لای ئاسمانیان، هەروا لە سەر پێین و ژیانمان ژیاندەوە، کەم و زۆر هەناسەمان گەرم و پڕ تین بەرەو ئاسۆی گەش و روون وەگەڕ کەوتین.

کوان ئەوانەی داری سێدارەیان بۆ دەناشتین؟ کوان ئەوانەی خەونی نەمان،ژینۆساید و گۆڕی بە کۆمەڵیان پێوە دەدین؟ کوان ئەوانەی کوێر بوون و تابلۆی رابردووی ئێمەیان نەدەبینی؟ کوان ئەوانەی کەڕ بوون و چیرۆکی قارەمانەتی کاوەکانی ئێمەیان نەدەبیست؟ دەرۆن ئەوانەی پاڵ پشتی رەورەوەی نەمانی من بوون، دەرۆن ئەوانەی بێژمار دۆلاریان کردە ژەهر و گازی شیمیایی بۆ خنکانی من.بەڵام من هەروا ئاشتیخواز و نەمر دەمێنم هەر چەند دڵپڕ و چاو بەفرمێسکی لە دەستدانی خۆشەویستترین خۆشەویستانم.

٥ی پووشپەڕی ١٣٨٦ی هەتاوی سەردەشت

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەتی: ٢٧ی جوونی ٢٠٠٧

# بیست ساڵ دەرد و ئازار



حەسەن حاتەمی

سەردەشتی جوان و رازاوە یە کێک لە شوێنە پڕ دیمەن و سروشتیەکانی کوردستان ؛ ٢٠ ساڵ لە مەو بەر لە پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی دا، کەوتە بەر هێرشی فرۆکە شەڕکەرەکانی رێژیمی بەعسی دژی کورد. لەو کاتەوە، تا ئێستا بە داخەوە هەموو ساڵێ کە هاوین دادێ، ئەو شارە بە سروشت جوانە، بە هەیبەت بەرز، بە شوێن پێگەیەکی گەورەی جووڵانەوەکانی ئازادیخوازانی کوردە، دەبێ باس لە دەرد و زامی ئەو خەڵکە بکرێ، کە ٢٠ ساڵە دەرد و ئازار دەکێشێ.

با دیمەنێک لە منداڵ گەلێک بێنییە بەرچاو، کە ئەو کات، ساڵی یەکەمی قوتابخانەیان تەواو کرد بوو. ئەوان چەندەیان خۆزگە و ئاوات هەبوو. ئەوان زۆریان هیوا بە ژیان بوو. دایک و باوکیان، پێیان چرای ماڵێ بوون و دڵ و گیانیان لە لایان بوو.

منداڵەکان لە قمارگەیەکی گەڕەکی خۆیان کۆ ببوونەوە. بە پێی تێگەیشتوویی خۆیان، باس و خواسی منداڵانەیان، هاوکات لە گەڵ کایە کردن دا دەکرد. لە پڕ چەند فرۆکەی شەڕکەری بۆمب هاوێژ، بە گرمە وهاڕە ودەنگ و بۆمباران، دنیای جوان و ئاسمانی ساماڵ و ژیانی ئاسایی لێ تێکدان. چەند کەس لە منداڵەکان، بەداخەوە، لەشیان لەت و پەت بوو. چەند کەسیان بلۆقیان دەرکرد و سووتان. یەکێک چاوی لە دەست دا. ئەوی دیکە لاقی پەڕی.

دوای چەند ساڵ تێپەڕین بە سەر ئەو کارەساتە دڵتەزێنە دا، ژمارەیەک لە منداڵەکان، کە بە سەقەتی، ژیانیان تێپەڕ دەکرد؛ یا دایکیان نەمابوو، یا باوک. یان هەردووکیان. هەروەها چەند کەس لە هاوپۆلەکانی ساڵی یەکەمی خوێندیان لە دەست دابوو. ئای گەلوو! رووداوێکی زۆر تاڵ بوو. ئەوە چارەنووسی زۆر کەس لە منداڵانی شارە خنجیلانەکەی سەردەشت بوو.

بازاری شار قەرەباڵغ بوو. خەڵک بە هەموو نارەحەتییەکی کە هەیانبوو، ژیانیان پێخۆش بوو. پۆلە ژنێک لە دووکانێکی کووتاڵ فرۆشێک، خەریکی هەڵگرتنی جل و بەرگی بووکێ بوون. فرۆشیار چەند تۆپ، پارچەی رنگاورنگی جوانی نەرم و ناسکی؛ مۆدی رۆژی، لە پێش ژنەکان دانا. هەر کەس رنگێکی پێ جوان بوو. کیژێکی بالا بەرزی چاو ئەستێرەی کوڵمە سووری رووگەشی خوێن شیرین، هێندێک دوورتر لە ئاپۆرەی ژن و کچەکان راوەستا بوو. پوور قڵەوە چالاک و جوانەکەی، سێ تۆپی سوور و سپی و سەوزی، تاو دایە و بۆ لای کچە جوانی برد هەتا یەکیان پەسند کا. کچەکە هەر سێکیانی پێ جوان بوو، بەڵام بۆ بووکیە نییە دەستی لە سەر سپییەکە دانا. هەر دەستی لە سەر قوماشەکە بوو، دەنگ و زرمە و دووکەڵێکی نەناسراو دووکانەکە و بازاری داگرت. هەر گریان و هەرا و دایە رۆ و بابە رۆ، پووریێ رۆ و خوشکێ رۆ دەبستران.

دوای چەند کاتژمێر، کچەکە لە نەخۆشخانەیەک کە دەست و باسکی لە تختە کە بەسترابوو، وە هۆش هاتەوە. هاواری دایک و باب و پوور و خۆشەویستەکەی دەکرد. نەی زانیبوو دایک و پوور و خۆشەویستەکەی، وایان لەهاتبوو هەر بۆ کەس نە ناسرابوونەوە. هۆشی دەستپەرینی خۆشی هەر نەبوو و...

ئەو دوو تابلۆیە، خەیاڵی من لە رۆژی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بوو. بەڵام بە داخەوە دەیان رووداوی لەوانە دڵتەزێنتر، لە هێرشی جینایەتکارانی، هێرش کەرانی بۆمبارابی شیمیایی سەردەشت، شاری تێکۆشەر پەروەرە و پەناگای لە شکان ناهاتووی ئازادیخوازانی کورد روویان دا.

ئەم ساڵ ئازار چێشتوانی ٢٠ ساڵ شیمیایی بارانی سەردەشت و ناوچەکانی، کە برینی زۆر قووڵی لەشی و دەروونیان هەیە کە بە قەولێک قت سارێژ نابن. دەبینن، ئەو ریژیمە ئازادی کوژەی، ئەو دەرد و مەینەتیانەی بە سەر خەڵکی سێڤیل( مەدەنی) هێناوە و تووشی ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی کردوون؛ رووخاوە و بە مێژوو سپێردراوە. سەرکۆمارە مرۆڤ کوژەکەیان لە دار درا و لە نێو تاقمە جینایەت کارەکەی دا؛ عەلی حەسەن مەجید ( عەلی شیمیایی) یەکێک لە کورد کوژان بە چەکی شیمیایی، چاوەروانی تاوانی سزا ئینسان کوژانەکەیەتی.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٠٧

## غەدری مێژوویی لە شاری خنکاوی سەردەشت



بە بۆنەی بیستەمین ساڵوەگەڕی بۆمبارانی کیمیایی سەردەشت.

وریا ز.محەممەدیان

سەرەتا دەمەوێ کورتەیەک لە مێژووی بە کار هێنانی چەکی کیمیایی لە کۆن و نوێدا باس کەم کە ڕەنگ بێ بۆ هەندێک کەس جێی سەرنج بێ.

بە کارهێنانی چەکی کیمیایی (ژاراویی) دەگەڕێتەوە بۆ شەڕی نێوان ئەتیناو سپارتا واتا چوار سەد ساڵ بەر لە زایین.

لە ڕووی مێژووییەوە چەکی کیمیایی لە سەرەتادا بە شێوەی ئاگر و گاز بە کار هێندراوە، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەم دا لە شەڕگەکانا بە پێچەوانەی کۆنڤاسیۆنی بروکسێل لەساڵی ١٨٤٧ و کۆنڤاسیۆنی هاگ(١) لە ساڵی ١٨٩٩ کە زۆربەی وڵاتان مۆریان کرد بوو بە شێوەی "ژار"یش بە کارهاتووە. (ناوەڕۆکی کۆنڤاسیۆنەکە: بە کارهێنانی گازی خنکێنەر و زیانبەخش قەدەغەیە)

لە شەڕی جیهانی یەکەم دا، دنیا شایەتی بە کار هێنانی بەرینی ئەو چەشنە چەکانە بوو.

سەربازەکانی ئاڵمان، یەکەم ڕێژەی گازی ژاراویان لە ٢٢ی ئەپیرلی ١٩١٥ لە سەر شاری یپرێس(٢)ی بلژێک بە بڕی ١٦٨ تەن کلۆرین(٣) بە کارهێنا کە بوو بە هۆی کوژرانی ٥٠٠٠ سەربازی بریتانی، فەرانسی و کەنەدی و ئەو ڕۆژە ناوی لێنرا " ڕۆژی لە دایک بوونی شەڕی چەکی کیمایی نوێ". هەروەها ئاڵمانیەکان بۆ یەکەمجار لەمێژوودا گازی خەردل لە سێپتامبری

١٩١٧ بە کارهێنا. لە کۆیایی شەڕی یەکەمی جیهانی دا ١٢٤٢٠٠٠ تەن چەکی کیمایی (کلۆرین، خەردڵ وهتد) باراندراکە بەو هۆیەوە ١,٢ میلوێن مرۆ زیانیان بەرکەوت و لە نێو وانشدا ٩٠٠٠٠ کەس تووشی ئازاری کوشەندە هاتن.

ئاکامەکانی ترسناکی سرووشتی و مرۆیی بە کارهێنانی چەکی کیمایی لە شەڕی جیهانی یەکەم دا وای کرد کە لە ساڵی ١٩٢٥ دا لە جێنێڤ پرۆتۆکۆڵێک (٤) مۆر بکرێ کە تێیدا بە کار هێنانی گازی خەردل و خنکێنەر و ئەو گازانەی زیانی مەزنیان لێ ئەکەوێتەوە قەدەغە کرا. بەڵام دیسان بە پێچەوانەی ئەو پرۆتۆکۆڵە، سەربازەکانی ئیتالیا لە ١٩٣٥ لە کاتی داگیرکردنی ئەبیسینا(٥) کەڵکیان لە چەکی کیمیایی وەرگرت. دواتر لە نێوان ژاپۆن و چین دا چەکی کیمیایی بە کارهات. لە شەڕی جیهانی دوهەم دا وڵاتە زل هێزەکان لە گەڵ ئەوەشدا بە ڕێژیەکی یەکجار زۆر کەرەسەی کیمیاییان لە جبەخانەکانا هەبوو بەڵام بە کاریان نەهێنا، ئەویش ڕەنگبێ لە ترسی تۆڵە سەندنەوە لە لەیەنەکانی بەرانبەر بوو بێ کە ئەگەر بە هاتبا و هەر یەک لە لایەنەکانی شەڕ بە کاریان هێنا با کارەساتێکی وێنا هەڵنەگری لە مێژووی مرۆڤایەتی تۆمار دەکرد.

لە ساڵی ١٩٦٢ - ١٩٧١ هێزی سەربازەی ئە مریکا گازی گەڵاڕێژ(٦) و گازی وشککەری گیا و گژ (٧) بە مەبەستی بە چۆک داهێنانی ڤییەتنام کەڵکیان وەرگرت کە پتر لە ٢ میلیۆن لە هەر دووک لا کووژا و بریندار بوون.

هێرشی بەرفراوانی کیمایی ڕژیمی دڕەندەی سەددام لە دژی هاووڵاتیانی کورد:

١- نۆڤامبری ١٩٨٣ خەڵکی بێ پەنای پێنجوێن بوونە ئامانج.
٢- لە ئۆگۆستی ١٩٨٣ خەڵکی بێتاوانی پیرانشار(خانێ) لە ڕۆژهەڵات و حاجی ئۆمەران لە باشووری کوردستان بوونە ئامانجی دڕەندانەی سەددام.
٣- ٢٨ی جونی ١٩٨٧ شار و گوندەکانی سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان بوونە قوربانی.
٤- بۆردمانی مەریوان و گوندەکانی دەوروبەری لە مارسی ١٩٨٨.
٥- کارەساتی هەڵبجە لە ١٦ی مارسی ١٩٨٨.
٦- بۆمبارانی کیمایی شاری سەرپێڵی زەهاو و گوندەکانی دەوروبەری، گیلانی ڕۆژئاوا و شنۆ لە مەی و جوونی ١٩٨٨.
٧- کیمابارانی دەڤەری بادینان و دۆڵی باڵەکایەتی و سەدان شوێنی دیکەی کوردستان کە بەداخەوە بە هۆی دەست نەگەییشتن بە سەرچاوەی پێویست نەمتوانی ئاماژە بە ڕێکەوتی دروستی ڕوداوەکان بکەم.

**کاریگەری چەکی کیمیایی:**

هەر چەند ئەم بەشە کاری پسپۆڕانە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە هەیە و لە توانای کەسێک و دوو کەس دا نیە بەڵام بە پێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان بە گشتی، ئەو کاریگەریانە بەر چاو دەکەون:

١- ژینگە و کشت و کاڵ؛ چاو پێداخشانێکی خێرا بە سەر ئەو ناوچانە ی کوردستان کە بەر کیمیایی کەوتوون بەڵگەی حاشا هەڵنەگر لە سەر زیانی بێ ئەژماری سروشتین بە شێوەیەک کە بە دوای تێپەڕ بوونی چەندین ساڵ هێشتا بەرهەمی نا تەواو لە کێڵگەکان هەڵدەگیرێتەوە و ئەوەش هەموو جووتیارانی کوردستان و شارەزایانی بواری کشت و کاڵ شایەتی لە سەر دەدەن.

٢- نەخۆشی ئەعساب.

٣- د ئن ئەی" و جێنێتیک: لێکۆلینەوەی پرۆفیسۆر "مستەفا سادات" مامۆستای کۆلێژی بایۆ لۆجی زانکۆی شیراز لە سەر قووربانیانی کیمیایی سەردەشت دەری خستووە کە بە دوای کیمیابارانی شاری "سەردەشت" نیسبەتی نێرینە و مێیینە گۆڕاوە و ١% ی لە دایکبوانی کچ زیادیان کردوووە.

٤- لە درێژ خایەن دا گازی خەردڵ کاریگەری خۆی لە سەر سیە و هانا دەر دەخات و هەروەها کاریگەری یەکجار زۆر لە سەر سیستەمی ئەمنی لەش دادەنێ(٩)

٥- شێرپەنجە بە تایبەت شێرپەنجەی سیەکان.

٦- شێواندنی رێکوپێکی جێنێتیک(١٠)

٧- دەروونی؛ تاکی زامدار هەست بە نامۆیی ئەکات لە ناو کۆمەڵگای خۆی دا ئەو هەستە رۆژ بۆ رۆژێ لە دەروونی تاک دا پەرە دەستێنێ (١١)

نەخۆشیەکی دەروونیـیە کە بە دوای ڕووداوێکی تاڵ دا بە دی دێت و وردە وردە پەرە دەستێنێ. لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە، کە بە دوای کیمیاباران دا، خەڵکانێکی زۆر تووشی ئەم نەخۆشیە دەبن و ڕێژەیان یەکجار زۆرە و کاریگەری ئەو نەخۆشیە لە هی کاریگەری برینی لەش زۆرترە بە جۆرێک کە لە درێژخایەندا دەبێتە هەرشەیەکی گەورە.

**لە زیان دیتوانێک کە بۆ ماوەیەک لە ژێر چاوەدێری دوکتۆراندا دا بوون ئەم زانیاریانە بە دەست هاتوون:**

١- چەکی کیمیایی لە سەر ژنان (کوورت خایەن درێژخایەن ) لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە لە بەراورد لە گەڵ پیاوان

زۆرتر کاریگەری لێکردوون.

٢- ئەو کەسانەی کە لە کاتی کیمیایی باراندا تەمەنیان لە ژێر ١٩ ساڵ بووە لە درێژ خایەن دا پتر مەترسی زیانی دەروونیان لێدەکرێ.

٣- بە پێی پێوانەی (ستاندارد) پی تی ئێس دی (١٢)٨٥%ی پیاوان و ٨٩%ی ژنان زیانیان بینیوە*.

ئەو کورتە باسەی من بە بۆنەی بیستەمین ساڵرۆژی بۆمبارانی شیمیایی شاری بێ ئەنوای سەردەشتەوە بوو کە بە داخەوە تا ئێستا لە هیچ لایەکەوە ئاوڕیان لێ نەدراوەتەوە و دەتوانم بڵێم کە غەدرێکی مێژوویان لێکراوە و ئەو غەدرەش لە سێ رووەوە دەبیندرێ:

١- لە ڕووی مافەوە: سەددام و دارو دەستەکەی گۆڕ بەگۆڕ کران و هەروەها لەو ڕۆژانەش دا عەلی کیمیایی بکەری سەرەکی وخوڵقێنەری دەیان کارەساتی وەک سەردەشت بە سێدارە حوکم درا بەڵام لە هیچ شوێنێکا هیچ باسێک لە قوربانیانی شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری نەکرا کە جێی خۆی بوو بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆسەی دادگایی مرۆ کوژاندا ئاورێکش لە خەڵکی بەشخوراوی شاری سەردەشت بدەنەوە.

٢- کەمتەرخەمی جڤات و ڕاگەیاندنی کوردی.

٣- هەوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ شێواندنی ڕێکەوتی کارەساتەکە.

من ئەو گلەیەم لە ڕاگەیاندن و میدیای کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان چ ڕادیۆ، تەلەفزیۆن، چ گۆڤار و ڕۆژنامە و بە تایبەتی ماڵپەڕە ئینتێرنێتیەکان هەیە کە لە گواستنەوەی ڕووداوەکان بۆ هاووڵاتیانی کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان کەمتەرخەمی دەکەن. ئێمە لە نەیارانی کورد چاوەڕوانی خێر و بێر ناکەین چونکە ئەوان سوێندیان خواردوە کە تا کوردێک بمێنێ نەسرەون بەڵام ئاخۆ کورد لە بەرامبەر ئ و هەموو دڵڕەشیەی ناحەزانی گەلەکەی چەندە تەبایە بۆ پووچەڵکردنەوەی پلانەکانی یەک بە دوای یەکی دوژمنان؟

بۆ دەبێ ئێمە سەبارەت بەو هەموو کارەساتانەی لە بنان گوێی ئێمە دەقەومێن هێندە کەمتەرخەم بین؟ بۆچی مرۆی کورد دەبێ ئەوەندە لە ماڵی خۆ و دەرد و ئازار و مەینەتە بە بەژن براوەکەی بێ ئاگا بێ؟ بۆ دەبێ ئێمە هەوڵ بۆ دروست کردنی ڕۆڵەیەک نەدەین کە هەست بە ئازار و مەینەتی گەلەکەی لە هەر شوێنێکی گۆی زەوی بکات؟ ڕەنگبێ هەندێک کەس بڵێن جا ئەوە چ پەیوەندییێکی بە غەدر لە شاری سەردەشتەوە هەیە بەڵام بە ڕای من کەمترین پەیوەندی ئەوەیە کە سەردەشت مشتێک لە خەرواری کوردستانە واتە لە بست بە بستی کوردستان دەیان کارەساتی لەو چەشنە بە دەستی دوژمنانی مرۆڤایەتی خوڵقاون کە تاکی کورد لێی بێخەبەرە. من ئەو بێ خەبەرییە لە خودی کارەساتەکە بە کارەساتتر دەزانم

چونکە تا ئێمە وەخەبەر نەیەن و لە خەوی قورسی نەزانی ڕانەبین، یەک هەستی و یەک ڕۆحی لە تاکی کورد بەدی نەیەت ئەو هەموو هەوڵ و پەلە قاژانە وەکوو بڵقی سەرئاو و ئاسنی سارد کووتانە!

لە سەر هەموو تاکێکی کوردە لە ڕۆژێکی ئاوا پڕ لە ئازار و پڕ لە مەینەتا قۆڵی کوردایەتی و مرۆڤدۆستی لێ هەڵماڵێ و بە بکوژانی گەلەکەی بڵێ ئێمە لە کوشتن، خنکان، قڕ کردن و کیمیاباران سڵ ناکەینەوە و هەر گەڵایێ کە بە تەرزەی ڕەشی نەیارانی کورد لە دارستانی کوردستان دەوەرێ دەبێتە چەقڵ و لە چاوی دوژمنانی ڕادەچێ و هەر زامێکی مرۆی کورد خاڵێکی ڕەشە لە سەر ناوچاوانی شەمشەمە کوێرانی نامۆ بە مەکتەبی مرۆڤایەتی.

زۆر لە مێژە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی گەلەکەمان بە دەستی ڕژدی دوژمنانمان دەنوسرێتەوە و بێ بەزەییانە لە هەوڵی ئەوە دابوون بە کێفی خۆیان جێ گۆڕکێ بە ڕاستیەکان بکەن و قارەمانەکانمان بە خایین، خایین بە نەتەوەکەمان بە قارەمان و سەرکەوتنەکانمان بە شکست پێناسە کەن و ڕووی ڕاستی مێژوو لێڵ و چۆنێک پێیان خۆش بێ ئاوای وێنا بکەن. ئەو جارەش بە تەما بوون ڕۆژی ڕێکەوتی کارەساتی بۆمباران شیمیایی شاری سەردەشت بگۆڕن بەڵام هەی هوو سەریان دای لە بەرد و بە خۆشیەوە لە گەڵ بەر پرچ دانەوەی تووندی خەڵکی زامداری شارەکە ڕووبەڕوو بوونەوە، ئەو پلانەشیان پوچەڵ بۆوە. (شایانی باسە کە ڕێک لە ڕێکەوتی بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت بەڵام لە ساڵێکی جیا دا نوسینگەی سەرۆک کۆماری ئێران تەقێندرایەوە و بوو بە هۆی کوژرانی چەند کەس لە بەرپرسانی کۆماری ئێسلامی ئێران، جا لە بەر ئەو هۆیە دەیانویست ڕۆژەکە دەستکاری کەن و ئێستاش لە میدیاکان دا بە ڕۆژی ساختەی خۆیان ناوی دێنن.)

بەڵام ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دوای ئەوە کە بێجگە لە ڕوو ڕەشی هیچی پێ نەبڕا ئەمجار هەوڵی دا ئاماری قوربانیان دەستکاری بکات و لە ناو کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیش هەر بەو ئامارە خۆ پەسەندە مامەڵەی لە گەڵ بکەن. من پێم وایە مەبەست لە هەڵبەستنی ئەو ئامارە درۆیینە لە لایەن ڕژیمی دژە مرۆی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەک کاڵ کردنەوەی ئاستی ئەو ستەمەیە کە بە سەر کورد دا تێپەر بووە و لە لایەکی دیکەش لە بە جیهانی کردنی پرسی کورد بە هەر شێوەیەک بێ نیگەرانە و بێجگە لە هەمووی ئەوانەش خۆ دزینەوە لە قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووانە لە ڕووی مادیەوە. بە داخەوە ڕژیم بە تەواوی لەو بوارە دا سەرەکەوتوو بووە، بە شێوەیەک کە خەڵکانێکی زیان دیتووی یەکجار زۆر هەن کە لە بەر نەبوونی توانایی ماڵی چەندین ساڵە ئازار دەچێژن و هیچ لایەنێکیش نیە بە هانایانەوە بچێت و تەنانەت کەسانێکیش بیانهەوێ خزمەتێکیان پێبکەن لە گەڵ کەندو کۆسپی نەبڕاوەی ڕژیم ڕوو بەڕوو دەبنەوە و بە کردەوە هیچیان پێ ناکرێ.

بە پێی ئاماری کۆماری ئێسلامی ئێران، لە بۆمبارانی شیمیایی شاری سەردەشت دا ١٠٩ کەس کوژران و ٨٠٠ کەس بریندار

لێ کەوتەوە. جێی وەبیر هێنانەوەیە کە لە ئێوارە ی ٢٨ی جونی ١٩٧٨ لە لایەن فڕۆکەوانە دڵڕەشەکانی ڕژیمی فاشیستی بەعس لە چوار لاوە شاری خۆشەویست و هەردەم سەر سەوزی سەردەشت گەمارۆ دراو لە ئاسمانە شین و بێ گەردەکەی ڕا ١٠٠٠ کیلۆ ماددە (١٣) ی کیمیایی بە سەر خەڵکی بێ گوناح دا باراندرا و زیاتر لە ١٥٠ کەس شەهید و پتر لە ٨٠٠٠ کەس بریندار بوون و ڕۆژ نیە بە ڕێژەی کاروانی شەهیدانەوە زیاد نەبێ.

لە کۆتایی دا بۆ هاتنە دەری ڕووداوەکان لە ژێر تەپووتۆزی مێژوو چەند پێشنیارێک دەخەمە بەردەم هەڵسووڕی مافی مرۆڤ، ڕووناکبیر و جڤاتی کوردی بە گشتی:

١- دانانی پلاتفۆرمێکی گشتی و هاوبەش کە تێیدا هەموو ڕووداو کارەساتەکانی کە بە سەر گەلەکەمان هاتووە دەست نیشان و ڕۆژمێر و ناسنامەی بۆ دابنرێت و بە گوتار، دۆکیۆمێنت و دەزگای ڕاگەیاندن بگوازرێتەوە بۆ نێو کۆمەڵگای کوردی لە هەر چوار پارچەی کوردستان و دوا جاریش کۆمەڵگای نێو دەوڵەتی.

٢- دامەزراندنی ڕێکخراوێک کە بە دانانی بۆنە و ساڵڕۆژی ڕووداوەکان هەستێ. ئەوەش دەبێ بەرین بێ بە شێوەیەک کە هەموو کۆمەڵگای کوردی بگرێتەوە بۆ ئەوەی گشت تاکێکی کورد بە ڕووداوە مێژوویی‌یەکانی خۆی ئاشنا و پردێک لە نێوان رابردوو ئێستا دا دروست بێ.

٣- لێکۆڵینەوە و بە دوا دا چوونی مافناسی و زانستی ڕووداوەکان و دواجاریش پێشکەش کردنی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بۆ ڕای گشتی کۆمەڵگای کوردی.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٠٧

# کارەساتی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی شاری سەردەشت



حەمەڕەسووڵ کەریمی

کارەساتی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧ی زائینی خاڵێکی ڕەشە بە ناوچاوانی ڕێژیم بەعس و ڕێژیمی ئێرانەوە هەموو ئەو کەسانەی کە شارەزای ناوچەی پڕ سەوزەڵان و لێرەواری سەردەشتن، دەزانن کە ئەم ناوچەیە جیا لەو سەرسەوزیە، چەندین تاڤگە و ئاو هەڵدێری جوان و سەر بە کۆڵکە زێرینە و باخ و باخاتی پڕ لە میوەی هەیە. سەردەشتی پڕ لە گوڵ و لالە، بە دەیان چیای سەرکەشی وەک بوڵفەت، دووپەزە، هۆمل، گیارەنگ، دۆلان و زەردکە و گەردنەی زمزیران و کەپری و مەیدان چۆغە و دەیان بەرزایی دیکە دەوریان داوە، ئەم بەرزایانە شاری سەردەشتیان لە زۆر بەڵای جۆراوجۆری ڕۆژگار و دەستی چەپەڵی دوژمنان پاراستووە، شاری سەردەشتیان وەک کۆرپەیەکی جوان و بە دیمەن بۆ دوا ڕۆژی نیشتمان لە باوەش گرتووە و پاراستوویانە بۆ نەوەی داهاتووی گەلەکەمان.

چاوی دوژمنانی گەلەکەمان، هەمیشە بۆ خاپوور کردنی نیشتمان و وڵاتی کوردان، بە زەقی و سووری دیار بوون و لە ئاست نەتەوە و نیشتمانی ئێمە دا لە هیچ کردەوەیەکی دزێو و نامرۆڤانە دریغیان نەکردووە و ناکەن. شاری سەردەشت یەکێکە لەو شارانەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە، کە مێژوویەکی سەدان ساڵەی لە بەرخودان و خۆراگری دا هەیە، هەر بۆیە لە ڕق و کینی دوژمنان بێ بەری نەبووە و زۆرجار بە باهۆزی ڕق و کینی نەیاران و دوژمنان خاپوور و وێران کراوە و دوایەش بە هیممەتی و خۆڕاگری دانیشتوانی ئەم دەڤەرە ئاوەدان کراوەتەوە. بەڵام هیچ یەک لە زامەکانی پێشووی بە قەد زامی شیمیابارانی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧ی زائینی بەژان و قووڵ نەبوون، بۆ خەڵکی هەژارو دڵسۆز و شۆڕشگێری سەردەشت و ناوچەی سەردەشتی ڕەنگین.

دوای هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ئێران و عێراق بۆ سەر یەکتر و بە خاک و خوێن کێشانی شار و گوندەکانی ئەم دوو وڵاتە بەڵا لێدراوە، کۆمەڵێک خەڵکی بێدیفاع و سێڤێلی کوردستان بوونە قوربانی شەری نێوان ئەم دوو دیکتاتۆرەی زاڵ بە سەر کوردستان دا. هەر لە سەرەتایی دەست پێکرانی شەری نێوان ئێران و عێراقەوە ناوچەی سەردەشت دەیان جار کەوتە بەر پەلامار و بۆردوومانی تۆپە گەورە و دوور هاوێژەکانی عێراق و زیاتر لە ١٠ جاریش بە فرۆکە هێرشی کراوەتە سەر، فرۆکەکانی عێراقی لە کاتی هاتن بۆ نێو خاکی ئێران و بەرێوەبردنی پەلامارەکانیان بۆ سەر بنکە وشەرەگەکان دا و دوای ئەوە کە بە حیسابی خۆیان کارەکەیان تەواو کردووە، ئەگەر بۆمبی زیادەیان پێ مابا لە گەرانەوەیان دا بە سەر سەردەشت دا بۆمبەکانیان بە تاڵ دەکرد و یا لانی کەم لە کاتی گەرانەوەیان دا دەنگ و هارەی ترسناکی خۆیان بە سەر شار دا بەردەدا و بە حیساب دیواری دەنگی خۆیان دەشکاند، ئەو کارەی فرۆکەکان لە لای خەڵک ببوو بە شتێکی ئاسایی و لەو کاتە دا ماوەیەک خەڵک خۆیان حەشار دەدا، بەڵام دوای ڕەوتی ژیان لە شار دا ئاسایی دەبۆوە. بەشێکی بەرچاو لە گەرەکەکان و گوندەکانی دەوروبەری شار و شاروچکەی ڕەبەت و ناوچەکانی ئالان و باسکی کۆڵەسە و بەری سوێسنایەتی و گەورکایەتی ئەو مەڵبەندە ڕازاوەیە، کەوتوونە بەر پەلاماری بۆمب و ناپاڵمی فرۆکە شەرکەرەکانی عێراق و لە ئاکام دا بە سەدان کەس شەهید و بریندار و کەم ئەندامی لە دوای خۆی لێکەوتوونەوە. تا کۆتایی شەری ئەو دوو دیکتاتۆرە خوێنرێژە چەندین جار سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەر چۆل کراون و خەڵک و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە پەریوەی شار و گوندەکانی دوورتر بوون و ماڵ و حاڵیان بە جێ هێشتووە و پاش ماوەیەکی دوور و درێژ ئاوارەیی و بێ دەرەتانی بە هیوای ژیانی نوێ گەراونەوە سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری ئەو شارە.

دوایین هێرشی فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی حکوومەتی بەعس هێرشی شیمیایی بوو بۆ سەر شار و گوندەکانی دەوروبەری سەردەشت، لە دوای شەری دووهەمی جیهانی ئەوە یەکەم جار بوو کە بۆمبی شیمیایی و گازی خەردەل و بە کۆمەڵکوژ دژی خەڵکی بێدیفاع و تەنانەت شەرگەکانیش کەڵکی لێ وەر دەگیرا، ئەوەش لە کاتێک دا بوو کە دوژمن زۆر چاک دەیزانی کە ئەم شارە جیا لە خەڵکی هەژار و بێ دیفاع نەبێ هیچ بنکە و کارگای گەورەی ئابووری و درووستکەری تێدا نەبوو بۆ ئەوە کە لایەنەکەی دیکەی شەر کە حکوومەتی نگریسی ئاخوندی بوو بە چۆک دابێنێت، بەڵام داگیرکەرانی کوردستان لە هەموو سات و وەختێک دا بۆ خاپوور کردنی کوردستان و لە نێو بردنی گەلی کورد لە هیچ پیلان و ئاژاوەگێری و هێرشێک خۆیان نەبواردووە و تا بۆیان کرا بێ بە چەکی قورس و تەنانەت ناپاڵم و بۆمبی شیمیایی و گازی خەردەل و چەکی کۆمەڵکوژ هێرشیان کردۆتە سەر دانیشتوانی کوردستان، هیچ کات بە ژن و منداڵ و تەنانەت بە گیان لە بەرانی دیکەشیان رووحم نەکردووە و هەوڵی لە ناو بردنی کوردان یەکەم ئامانجی داگیرکەر و دیکتاتۆرانی زاڵ بە سەر کوردستان دا بووە.

لە ئێوارەی ڕۆژی ٧ی پووشپەری ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویی بەرامبەر بە ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧ی زائینی دا و لەو کاتە دا کە دانیشتوانی شاری سەردەشت خەریکی ئیش و کاری ڕۆژانەی خۆیان بوون و دەیان هەویست کە هەوای فێنک و بێ گەردی

ئێوارەی شار هەڵمژن و بووکی ڕازەوی سرووشت لە ئامێز بگرن، ڕاست لەو کاتە دا کە هەموو لایەک لە بەر فێنکای و سێبەری گردەسووری خۆراگر و ڕازاوە دا هەر کەسەی بە کاری خۆیەوە خەریک بوو، لە کاتێک دا کە کۆڵانەکانی شار لە منداڵان کە یاری و کایەیان دەکرد جمەی دەهات و لە ساتە دا کە کرێکاران بەو برە پارەیەی کە لە کاری ڕۆژانە دا وەریان گرت بوو و بۆ شتوومەک و پێداویستیەکانی ژیان ڕۆژانەیان دەوری دووکانەکانی سەرچاوەی شاریان دابوو، لە پڕ کوندەبووی مەرگ ئاوازی مەرگی بە کۆمەڵی لە ناوەندی شار دا خوێند، چوار فرۆکەی ڕەش سێبەری شوومی خۆیان بە سەر شار دا کێشا و هێرشیان کردە سەر شار و چەند گەڕەکی ئەو شارە سەر سەوزەیان بە گڕ و دووکەڵی گاز و بە دەنگی بۆمب وێران و نووقمی خوێن کرد.

ناوەندی شار ئەو شوێنەی کە خەڵک و دانیشتوانی شار و ڕێبوار و مسافیرەکانی گوندەکان و شارەکانی دیکە لێ کۆ دەبنەوە کەوتە بەر هێرش و پەلاماری بۆمب و لە هەناسە کێشانێکی کورتدا، ئاسمانی پاک و بێ گەردی شار بە دووکەڵ ڕەش هەڵگەڕا و هەوای فێنک و سارد و بۆنی خۆشی گوڵ و ڕیحانەکانی ئەو باخچە ڕەنگینەی کوردستان، بوو بە خەڵووز و لە جیاتی بۆنی خۆش و هەوای فێنک، گەرمایەکی ترس هێنەر لە گەڵ بۆنێکی ناخۆشی گەنیو ئاسمانی شاری داگرت و خەڵکی بە تەواوی گیرۆدە و نەخۆش و زامدار کرد. دوای ئەوە کە گەڕەکانی سەرچاوە و بە تایبەت ماڵی شەهید ڕەسووڵ جەنگدووست و چوار ڕێیانەی فەرمانداری و ڕاستە شەقامی نێزیک ترمیناڵ کۆنی شار و گەڕەکێک لە گەڕەکەکانی نێزیک ڕەزی جۆلا و هەروەها نێزیک گوندی ڕەشەهەرمێ لە چەند کیلۆمیتری شاری سەردەشت کەوتنە بەر ئەو پەلامارە، بە گورج و گۆڵی خەڵکی گەڕەکانی دیکەی شار، وەک عادەتی هەمیشەیی خۆیان بۆ ڕزگار کردنی بریندار و هێنانە دەری شەهیدەکان لە بن خانووە رووخاوە و تەپیوەکان دا، خۆیان گەیاندە شوێنی تەقینەوەکان و دەستیان بۆ کۆ کردنەوەی شەهید و بریندارەکان کرد. بە پێی ئەزموونێک کە هەیان بوو، زۆریان پێ سەیر بوو کە چوار گەڕەکی شار کەوتوونە بەر پەلامار بەڵام شەهید و بریندار کەمن هەر بۆیە بە دڵەوە لەوە خۆشحاڵ بوون کە ئەو هێرشە شەهید و برینداری کەمن، خەڵک بە پەلە بریندار و شەهیدەکانیان بەرەو نەخۆشخانەی شار ڕادەگوێزتن.

لە کاتی ڕاگوێزتن و یارمەتی دان دا، خەڵک هەستیان کرد کە بۆنێکی ناخۆش و گەرم دڵ و دەروونی هەموو لایەکی پڕ کردووە و چاوەکانیان دەکرۆژێتەوە و هێندێک خەریکی ڕشانەوەن و لەشیان خەریکی دەر کردنی بلۆق و برینە، هەر بۆیە بەشێک لە دڵسۆزان هاواریان لە خەڵک کرد کە ئەو شوێنە بە جێ بێڵن، بە دەنگی نیوە نوساوەوە دەیانگووت: ئەو بۆمبانە بۆمبی شیمیایین و ناوچەکە چۆل بکەن، بەڵام تازە درەنگ ببوو و کار لە کار ترازا بوو و خەڵک بەشی هەرە زۆری تووشی ناسازیی دەروونی و زامداری ببوون و بە کۆمەڵ خەریکی ڕشانەوە و بە عەرز دا کەوتن بوون. چاوە پڕ لە هیواکانیان ڕوو بە زەردی هەڵگەڕان و لەشی شلک و ناسکی کیژانی دەم بە پێکەنینی شار و سینگ و بەرۆکی دایکانی دڵسۆز و بە ئەمەگ و باسک و مەچەکی شۆرە سوار و کوران و پیاوە بە ئەزموونەکانی شار ڕوو بە سووری و هەڵگەڕان و بلۆقی سەر دەست و سینگ

و پشتیان تا سەر ئێسقان پڕ بوون لە ئاو و کێم و هەوا و تووشی نابینایی و کۆخە و بە عەرز دا کەوتن بوون.

شار بوو بە وێرانە هیچ دەنگێک نەدەهات جیا لە ناڵە و هاواری بریندار و زامدارەکان نەبێ، شەقامی شار پڕ بوو لە جەستەی بریندار و نیوە لە هۆشچوو، دەنگ و زریکەی دایکان و منداڵان تێکەڵ بە هاوار و ناڵەی زامداران ببوو، وڵاتێکی سەوزی بەر لە بۆردوومان، ببوو بە وڵاتێکی وێرانە و سووتاو، ئاسمانی شار لە دووکەڵ و تەپوتۆز و بۆنی ناخۆشی ژەهر پڕ ببوو، بە دەیان باڵەندەی جوان و خۆشخوان کە پێشتر ئاوەدانی شاریان بە چریکەی خۆیان بە گوێی خەڵکی شار دا دەخوێند، لە شەقام و کۆڵانەکانی شار دا وەک پەلکە گوڵ هەڵوەری بوون، سەرچاوەی ئاوی بە ناوبانگی شار و دار و گوڵ و ڕیحانە بۆن خۆشەکانی سوێبان و بەر پەنجەرەکان، تۆزی سپی ژەهریان گرت بوو، خەڵک ڕووی لە هەر لایەک دەکرد ڕەشەی بای مەرگ بۆنی ژەهری بە گەروو دا دەکردن و بە کۆمەڵ بە عەرزی دا دەدان، هیچ دەستێک نەبوو کە بە فریا و هانای ئەو زامدار و گیرۆدە بووانەوە بێت، کەس و کاری شەهید و بریندارەکان ئەو کەسانەی کە تا ڕادەیەک حاڵیان لەوانەی دیکە باشتر بوو، پەتوو و مەلافە و جامانە و هەرچی لە بەر دەستیان بایە تەڕیان دەکرد و بە سەر خۆیان دا دەدا و بە هانای خۆشەویستانی خۆیانەوە دەچوون، بەڵکوو بتوانن ئازیزانیان لە مەرگی نا بەوەخت ڕزگار بکەن، کەم نەبوون ئەو کەسانەی کە بۆ ڕزگاری کەسانی دیکە گیانی خۆیان لە مەترسی هاویشت و پاش ڕزگار کردنی چەند کەسێک، بۆ خۆیان زۆر لەوان قورستر تووشی زامداری و ناسازی دەروونی بوون و هەتا ئێستاش بە زەحمەت و دژوارییەکی زۆرەوە ژیان تێپەر دەکەن و لە نەهامەتی و نەخۆشی دا دەژین.

ڕزگار کردنی زیاتر لە هەزار کەس لە زامداران لەو کاتە دژوارە دا کارێکی ئاسان نەبوو، بەڵام خەڵک بۆ خۆیان بە هانای یەکترییەوە دەچوون بە پەلە زامدار و بریندارەکانیان لە گەڵ خۆیان بەرەو شوێنی دوورتر لە شار ڕادەگوێزت و رزگار کردنی دۆستانیان پێ وەک زەماوەندی سەرکەوتن وابوو. خەڵک بە پەلە بوون بگەنە ئەو شوێنانەی کە ئاوی لێیە، حەشیمەتێکی زۆر لە دەوری حەوزی گەورەی شار و حەمامی گەورە و مزگەوتی سوور کۆببوونەوە و خۆیان لە ئاو هەڵدەکێشا، ئەو کارەش بوو بە هۆی ئەوە کە ئاوەکان زۆرتر ژەهراوی ببن و ئەو کەسانەی کە دوای ئەوان دەهاتن چاکتر تووش دەبوون و زامەکانیان قوڵتر دەبوون، چەند کەس لە دانیشتوانی شار دوای ئەوە کە تەرمی شەهیدە ئازیزەکانیان بۆ دواجار لە باوەش گرت بوو بە بۆن و تۆزی سپی ژەهراوی سەر جەستەی ئەو شەهیدانە زۆر بە سەختی بریندار ببوون، تەنانەت کەسی دیکە هەبوو کە لە کاتی بوردومان دا لە شار نەبوو بەڵام بە هۆی یارمەتی دان بە دۆستان و کەس و کاری، زۆر بە توندی تووشی ناسازی و گیرۆدە بوون ببوو. ئەوەی کە جێگای نیگەرانی خەڵکی شار بوو، ئەوە بوو کە ئەزموونێکی زۆر کەمیان لە بۆمبی شیمیایی هەبوو، هەر بۆیە بە داخەوە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی شار تووشی زامدار بوون و نەخۆشی سیپەلاک و هەناسە کێشان بوون و دەم و چاویان بای کردو تووشی ئەستوور بوون و بلۆق دەر کردن بوون.

نەخۆشخانەی شار ئەو شوێنەی کە دەبوو زامدارەکانی لە چارەسەر بکرێ ببوو بە شوێنێک کە خەڵکی شاری تێدا زیاتر گیرۆدە دەبوون، ئەوانەی ساخ بوون بە دوای کەس و کاری ون بوویان دا دەگەڕان و بە هیوای دۆزینەوەی ون بووەکانیان، بە ناچار دەبوو ڕوو لە نەخۆشخانەی شار بکەن، بەڵام سەد مخابن، هەر کە پێیان دەنا حەوشە و هاڵی نەخۆشخانە ئەوانیش وەک باقی بریندارەکان بە عەرز دا دەکەوتن. تاقە دوکتۆری پسپۆر کە لە ناوچەکە دا بوو، دوکتۆر حەسەن سەقەت فرۆش بوو، کە ناوبراویش لە سەرەتای بۆردوومانەکە دا لە نەخۆشخانە نابێت، نەخۆشخانەی شار، جیا لە چەند کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆر نەبێ کەسی پسپۆڕ و شارەزا لە بواری شیمیایی دا لێ نەبوو، ئەو دڵسۆزانەش لە توانایان دا نەبوو بە هەموو لایەک رابگەن، هەر بۆیە ڕێژەی بریندار و زامدارەکان هەر دەهات و زیاتر دەبوو.

چەند ڕۆژ پێش بۆردوومانی شار هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە ماسک و جلوبەرگی تایبەتی لە ناو شەقامی شار دا مانۆڕیان لێدا بوو، تەنها شتێک کە زۆر قسەیان لە سەر کرد بوو ئاژیر و سیگناڵی تایبەتی بوو کە چەند جۆریان لە سەر بڵیندگۆ لە ناو شەقامەکان دا لێدا بوو و بە خەڵکیان ڕاگەیاند بوو کە هەر کات گوێتان لەو جۆرە سیگناڵە بوو بزانن کە بۆمبەکان شیمیایین، کە بە داخەوە لە کاتی بۆردوومانەکەش دا زۆر بە دەرەنگی ئاژیر و سیگناڵەکەیان کەڵک لێ وەر گرت، بنکەیەکی گەورەی دژە شیمیایی لە نێزیک گوندی هاوار سێمان لە لایەن ڕێژیمەوە درووست کرا بوو، بەڵام ئەوان تەنیا بیریان لە هێزەکانی خۆیان کرد بۆوە و بەشی سەرباز و هێزەکانی خۆیان دەرمان و ماسک و جلوبەرگی تایبەتی شێمیایی هێنا بوو، و تەنیا دوکتۆرێکی شارەزایان هەبوو کە ئەویش دوکتۆر حەسەن سەقەت فرۆش بوو و نابراویش بە گووتەی خۆی ئەو کات لە ناو شار بووە و لە نەخۆشخانە نەبووە و هەر کە زانیویەتی بۆردوومانەکە شیمیاییە گەڕەواتەوە گوندی هاوار سێمان و تا خۆی ئامادە کردووە و گەڕاوەتەوە ماوەیەکی زۆری پێچووە، دوای گەڕانەوەی بۆ شار و نەخۆشخانە، لە گەڵ ئەوە دا ماسک و جل و بەرگی تایبەتی شیمیایی لە بەر دا بووە ئەویش لە کاتی دەرمان کردنی منداڵێکی ٥ ساڵە دا بریندار دەبێ و بەم شێوەیە دوکتۆری پسپۆڕیش زامدار دەبێ و ناوبراویش وەک تێکرای زامدارەکانی دیکە ڕەوانەی مەهاباد دەکرێ.

هێزی سەرکوتکەری ڕێژیمی ئاخوندی لە جیاتی بە هانای خەڵکەوە بچێت وەک ماری سڕ خۆیان لە چاڵە داپۆشراوەکانی لە پێش دا ئامادە کراو دا حەشار دابوو و ئەو ئیمکاناتەی کە دەبوو لە کاتی بۆردوومانی شیمیایی دا کەڵکی لێ وەر بگرن لە بەر دەستیان دا بوو. لە کاتی بۆردوومان دا زۆربەیان خۆیان پاراست و ماسک و جلوبەرگی تایبەتیان لە بەر کرد بوو. ڕێژیم زۆر چاک دەیزانی کە شاری سەردەشت دەبێتە ئامانجی شیمیایی دوژمن، هەر بۆیە بەشێکی بەرچاو لە هێزەکانی خۆیان لە شار ڕاگوێزت بوو و لە مۆڵگەی جوندوڵلا و نێزەرۆ و دەشتی کەپران و نێزیک گوندی هاوار سێمان و شوێنەکانیتر دا کۆی کرد بوونەوە، چەند ڕۆژ پێشتر ٣ ماشێنی تایبەتی کۆکەرەوەی مەوادی شیمیایی‌یان هێنا بوو بۆ ناوچەی سەردەشت و لە مۆڵگەی گوندی هاوار سێمان ڕایان گرت بوون، بەڵام بە داخەوە ئەوانیش لە کاتی خۆی دا بە

هانای خەڵکەکەوە نەهاتن.

خەڵکی دڵ پڕ لە هیوای شاری سەردەشت و گوندەکانی دەوروبەری شار پەڕیوەی شار و گوندەکانی دیکەی کوردستان بوون، هێندێک لە زامدارەکان لە لایەن نەخۆشخانەی شارەوە بۆ شوێنی دیکە بەڕێ کران، بەشێکی بەرچاو لە زامدارەکان بە خەرج و ئیمکاناتی ماددی بنەماڵەی خۆیان بۆ نەخۆشخانەکانی کوردستان و شارەکانی دیکەی ئێران ڕاگوێز کران و هێندێکیش بە یارمەتی دڵسۆزانی ناوچە بە بێ ئەوەی بزانن زامدارەکە کێیە بە ماشین و کەرەسەی خۆیان بەرەو نەخۆشخانەکان ڕەوانە کران. هێندێک لەو قوربانی‌یانە لە کاتی ڕاگوێزتن دا بە داخەوە گیانی شیرینیان بەخشی و لە ساردخانەی نەخۆشخانەکان دا ڕاگیران، لە هێندێک لە نەخۆشخانەکانی کوردستان کە چارەسەری زامەکان نەدەکرا، بە پەلە جەستەی نیوە گیان و سووتاوی زامدارەکانیان بە ماشێن بەڕێ دەکرد بۆ نەخۆشخانەکانی دیکە و نەشیان دەهێشت کە کەس و کاریان لە گەڵ زامدارەکان بچن و ئەوەش دەبوو بە هۆی ون بوونی زامدارەکە و کەس و کاری لە نیگەرانی و دڵەخورپە دا دەمایەوە، کەسی وا هەبووە کە چەند نەخۆشخانەیان پێ کرد بوو تا جێگای بۆ دۆزرا بۆوە، بەشێک لە کەس و کاری زامدار و شەهیدەکان عەوداڵی دیتنەوەی باقی وون بووەکانی خۆیان بوون و لە کاتی گەڕان و بە دوا داچوون دا شارە دوور و نێزیکەکانی ئێران و کوردستان گەڕان. چەند کەسێک لە زامدارەکان کە برینەکانیان قورس بوون لە ژووری تایبەت و لە پشت شووشە پەنجەرەوە ڕاگیرا بوون، لە هەر نەخۆشخانەیەک هەر کەس کە چاوی بە زامدارێک دەکەوت کە ئێستاش هەناسە دەکێشی مزگێنی مانی زامدارەکەی بە کەس و کاری دەدا و خەڵکە ون بووەکە بۆ کەس و کاری دەدۆزرایەوە، بەشێک لە زامدارەکان بۆ ماوەیەکی زۆر نەیان دەتوانی کە دەوروبەری خۆیان بە چاکی ببینن و تووشی چاو ئێشە و زگ ئێشە و تەنگە نەفەسی و ڕەشانەوەی بەردەوام ببوون و هێندێکیان تووشی لە هۆش چوون و نەناسینەوەی یەکتر ببوون، قەڵافەت و شێوەی بەشێک لە زامدارەکان بە هۆی دەر کردنی بلۆق و سوور هەڵگەران و با کردن بە تەواوی گۆڕا بوو هەر بۆیە بەشێکیان یەکتریان نەدەناسیەوە و لە کاتی یەکتر دیتنەوە دا خۆیان بە یەکتر دەناساند.

بە داخی گرانەوە لە بەر کەم داهاتی و هەژاری خەڵکی شاری سەردەشت بەشێکی بەرچاو نەیان توانی کەڵک لە نەخۆشخانە گەورە و بە ئیمکاناتەکانی شارەکانی ئێران و کوردستان وەر گرن و هەژاریش وەک ژەهرێکی دیکەی ئەو ڕۆژگارە دەستی خستە ناو دەستی زاڵمان و کۆترە سپی‌یەکانی ئاسمانی شین و بێ پەڵەی سەردەشتی لە شەقەی باڵ خست و داخێکی دیکەی نایە سەر دڵی لە لێدان نەکەوتووی شار. خەڵکی ئاوارە و پەڕیوەی شار ئەو کەسانەی کە کەمتر گیرۆدە ببوون بە بێ ئیمکاناتی لە ژێر سێبەری دار و لێرەوارەکانی ناوچە دا بە ئازار و ژانەوە ژیانیان تێپەر دەکرد، خەڵکی ئاوایی‌یەکانی ناوچە یارمەتی‌دەری ئاوارەکان بوون و خواردن و ئاوی پاک و شیر و شتوومەکی دیکە و پێداویستی‌یەکانیان بە بێ هیچ چاوەروانی‌یەک لە بەر دەستی ئەو خەڵکە دانابوو، دوای چەند ڕۆژ مانەوە و ئازار کێشان و چاو کروزانەوە دەستەی یارمەتی‌دەر پزیشکی بە کەل وپەلی سەرەتای‌یەوە بۆ دەرمان کردنی زامدارەکان هاتنە ناوچەکە و تا ڕادەیەک هێندێک

کەسیان لە گیرۆدە بوونی زۆرتر پاراست و چەند کەسێکیشیان بۆ سارێژ کردن بەرەو نەخۆشخانەکان دوورتر ڕەوانە کردن. بەشێک لە زامدارەکان لە نەخۆشخانە دا بۆ ماوەیەکی زۆر مانەوە.

لێرە دا مەبەست ئەوە نیە کە ناوی هەموو ئەو کەسانەی کە بوونە قوربانی بێنمە سەر لاپەرە، چۆن ئەو ئەرکە لە توانای تاقە نەفەرێک دا نیە و پێویستە کە چەند کەسێکی دڵسۆز کە لە شوێنی کارەساتەکە دەژین و ئیمکانات و لیستەکانیان لە بەر دەست دایە ئەو کارە بکەن و هەوڵی زۆرتری بۆ بدەن. کارەساتی شیمیابارانی شاری سەردەشت قوربانی زۆری لێ کەوتەوە، ژن و منداڵ و پیر و لاو، کەوتنە بەر ئەو پەلامارە ناجوانمێرانەیە و بە گشتی زەرەرو زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی بە دواوە بوو، چەند بنەماڵەیەک بۆ هەتا هەتایە چرای ژیانیان کوژایەوە و کەسیان لێدەر نەچوو، ماڵی وا هەبوو چوار کەسی شەهید ببوون و بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەشیان زۆر بە دژواری برینندار ببوون، هیوا بە ژیان لە نێو زامدارەکان دا زۆر بە قووەت نەبوو، بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا تروسکای هیوا لە دڵ و دەروونیان دا نەبرا بوو، هەروا بۆ مانەوەی ژیان خۆراگریان دەکرد و ئازاریان دەکێشا، بەشیک لە کەس و کاری زامدارەکان حەقی سەردانی ئازیزانی خۆیان نەبوو، لە بەر ئەوە مەترسی گیرۆدە بوونی زیاتری لێدەکرا، و یا ئەگەر بۆ سەردانیش چووبان دەبوو لە پشت شیشە پەنجەرە و بە تەلەفون قسەیان کرد بایە.

لە سەریەک بە پێی "بەیاننامەی ئەنجوومەنی بەرگری لە زامدارانی شیمیایی سەردەشت" لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوو دا نێزیک بە ١٥٠ کەس شەهید بوون و هەروەها ٨ هەزار کەسیش تووشی نەخۆشی جۆراوجۆر و زامدار بوونی دەروونی واتە "تەنگە نەفەسی و سەر ئێشە و کەم ئیشتیایی لە خواردن دا و نارەحەت بوون لە کاتی گەرما و سەرما دا و هەروەها سەردانی دائیمی بۆ لای پسپۆر و دوکتۆری تایبەتی" بوون، بەشێکی بەرچاو لەو زامدارانە لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوو دا بە ئێش و ئازارەوە ژیانیان بە سەر بردووە،

بە داخەوە ساڵانە چەندین کەس دوای ئێش و ئازارێکی زۆر ماڵئاوایی یەکجارەکی لە کەس و کاریان دەکەن و ڕۆژ بە ڕۆژ بە ڕێژەی شەهیدەکانەوە زیاد دەبن.

شار خاپوور کرا و خەڵک بە کۆمەڵ کوژران و ئاوارە کران، بەڵام ئەو تراژێدیایە لە مێدیاکانی ئەو کاتدا وەک شێوەی پێویست دەنگی نەدایەوە و سەرپۆشی لە سەر دانرا و لە ئاکام دا قوربانیانی شاری سەردەشت بە فەرامۆشی سپێردران و دەنگ و هاوار و ناڵەی کوژراو و برینندارەکان نەگەیشتە گوێی مرۆڤ دۆستان، هەر ئەو بێ دەنگیەش بوو بە هۆی ئەوە کە کارەساتی هەڵەبجە دوای شیمیابارانی شاری سەردەشت بەڕێوە بچێت. بە دڵنیایەوە ئەگەر ئەو کات ڕێژیمی نگریس و شەرخوازی ئێران، ڕووداوی شیمیابارانی سەردەشتی زەق کردبایەوە و ئیزنی بە دونیای دەرەوە دابایە بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر

ئەو کارەساتە دڕندانەیە، کە لە مێژوو دا کەم وێنە بوو، بێ شک ئەمرۆ کارەساتی هەڵەبجە و گەرمیان و بادینـان و دۆڵـی جافایەتی لە کوردستانی باشوور و گوندی زەردە لە پارێزگای کرمانشا نەدەخوڵقا و گەلی کورد بەم شێوەیە قەلاچۆ و ژەهـر خنکێن نەدەکران.

ئەگەر ڕێژیمی بەعسی ئەفلەقی و دیکتاتۆر دەستی چۆ گەروی دانیشتوانی شاری سەردەشت و باقی شوێنەکانی دیکەی کوردستان و خەڵکی بێ دیفاعیان ژەهر خنکێن کرد، ئەوە کۆماری ئیسلامیش وەک لایەنێک لە شەری نێوان ئەو دوو ڕێژیمە، تاوانبـار و خوڵقێنەرەی بەشێک لە کارەساتەکانە، ئەمرۆ سەددامی دیکتاتۆر و دارو دەستە خوێنرێژەکەی لە دەستی عەداڵەت دان و هەر بینا لاشەی بۆگەنیان بە دار دەکرا، بەڵام زۆر پێویستە بەر لە دار دانی ئەو دیکتاتۆرانە، دۆسیەی شیمیابارانی سەردەشت وەک خاڵێکی ڕەش و پڕ لە تاوان لە دادگایی سەددام دا بخوێندرێتەوە و ئەو جینایەتەش ببێت بە یەکێک لە خاڵەکانی لێپرسینەوە و محاکمەی ئەو تاوانبارانە، با خوێنی بە ناحەق ڕژاوی شەهید و زامدارانی شاری سەردەشت بە فیرۆ نەروات و بە ساتێکیش بێ چاوە پڕ لە فرمێسکەکانیان، تروسکەی شادیان تێگەڕێ و بەشێک لەو خەمە گەورەیەی سەر شانیان کەم بێتەوە.

کۆماری ئیسلامی ئێران داوای لە ڕێژیمی نوێی عیراق کردووە کە دۆسیەی شەرگەکانی شەریش لە دادگای سەددام دا وەک تاوانی گەورە لە سەر سەددام بنووسرێ، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە کارەساتی شیمیابارانی شاری سەردەشت لە گەڵ شەرگەکانی شەری ماڵ وێرانکەری ئێران و عێراق جیاوازی زۆری هەیە، چۆن شەرگەکان شوێنی پێک دادان و هێرش کردنە سەر یەکترە و لە ماوەی نێوان شەرەکە دا شتێکی ئاسایە کە ئەو دوو ڕێژیمە هێرش بکەنە سەر سەنگەر و بنکە سەربازییەکانی یەکتر، بەڵام شاری سەردەشت نە شەرگە بووە و نە سەنگەری بەرگری کردن، بەڵکوو بە پێچەوانە شاری سەردەشت شارێکی پڕ لە حەشیمەت و خەڵکی بێ دیفاع و کاسبکار و وەرزێری تێدا دەژیان. ئەوانەی کە بوونە قوربانی بە تێکرای خەڵکی بێ دیفاع بوون و بەشی بەرچاو و دیاریان ژن و منداڵ و پیر بوون. کۆماری ئیسلامی دەیهەوێ لەو نێوە دا جارێکیتر خوێنی بە ناحەق ڕژاوی خەڵکی شاری سەردەشت بکاتە کەرەسەیەک بۆ وەرگرتنەوەی قەرەبووەکانی خۆی لە دەوڵەتی عێراق دا، بۆیە دەبێ بە هەموو لایەک هەوڵ بدەین کە داواکاری بۆ ئەم مەسەلەیە، لە لایەن زیان وێکەوتووانی شاری سەردەشتەوە بێت نەک دامودەزگای کۆماری ئیسلامی کە هیچ کات قازانجی گەلی کوردی نەویستووە و بە دائیم هەوڵی لە ناوبردن و سرینەوەی گەلی کوردی لە کوردستانی گەورە و بە تایبەتی کوردستانی ڕۆژهەلات داوە، با یەک دەنگ لە گەڵ خەڵکی شاری سەردەشت و دەوروبەری داوا بکەین کە پەروەندی شیمیابارانی سەردەشت وەک پەروەندەی شەرگەکانی نێوان ئێران و عێراق چاو لێ نەکرێت، بەڵکوو وەک تاوانێک بە دژی مرۆڤایەتی سەیری بکرێ و لێبکۆڵدرێتەوە.

بە هیوای ئەوە کە زامدارانی شیمیایی سەردەشت لە نێوچوونی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش وەک ڕێژیمە پڕ لە تاوانەکەی

عێراق بە چاوی خۆیان ببینن و ئەو جار بزەی شادی یەکجارەکیان بکەوێتە سەر لێو و نەفرەت بنێرن بۆ تاوانباران و خوڵقێنەرانی ئەو کارەساتە.

یادی شەهیدانی ۷ی پووشپەر بە خێر و بە هیوای سارێژ بوونەوەی زامدارانی ئەو کارەساتە

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ١٥ی جوونی ٢٠٠٧

---

## شارەکەم سەردەشت



سەید ئەحمەد حوسێنی

ئێستا پاش نیوەڕۆیەکی گەرمی ڕۆژی ۷ی یەکەم مانگی هاوینە, سەردەشت تازیەباری ڕۆڵەکانی شاخە و ئازاری جەرگبڕی پۆستاڵی داگیرکەر دەچێژێ و لە باوش گردەسوور دا خۆ ڕادەژێنێ و دوور دەڕوانێتە هۆمل و گیاڕەنگ و دەشتی ڕەبەت. نێزەرۆ بە سەر ڕەزی جۆڵای دا شۆڕ بۆتەوە و لە مەلاپیرە ئالاوە مارەغانی داستانی قووچی بۆ نیسکاوێ دەگێڕێتەوە و باسکەدوو شێعری حەماسەی پردی بریسوێ و سێ ڕێیان دا دەڕێژێ. لاوانی شار دوان‌دوان و سێ‌سێ دێن و دەچن و قارەمانەتی پێشمەرگە لە شەڕەکانی نستان و دارساوێن و گرژاڵ و بیوران دا بۆ یەکتر دەگێڕنەوە، جوانە کیژێکی ڕەش پۆش فرمێسکی دووری دەزگیرانە پێشمەرگەکەی هەڵدەڕێژێ و دایکێک وێنەی تاقانە شەهیدەکەی لە پیش خۆ داناوە و پێی هەڵدەڵێ. منالانی گەڕەک بە دەم فرۆشتنی نوقڵ و شیرنیەوە باسی گیانبازی حوسێن شەمامی و میرزاعبدوڵای نێشکۆڵان و عەلی شوانە و ڕەسوڵ خەبات دەکەن. ژنانی لادێ لە دەوری سەرچاوێ گیا و گۆڵی کوێستان و ماست و پەنیرێ خۆماڵیان فرۆشتوە و سەرقاڵی کرینی پێداویستیەکانیانن، شۆرمەزە و بامێە و زولبیایی شیلەدار بازاریان

گەرمە، چاخانە و کەبابخانەکان جمەیان دێت و بۆن و بەرامەی ئالەت و زەردە چێوە و دارچینی دوکانی نەریمانی تۆمار تۆمار دەروات، محەممەدی هەباسی بەرەیەکی بە سەر شانی دا داوە لەو سەری شەقامەکان بۆ ئەو سەری شەقامەکان دێت و دەچێت و هەراجی دەکات، مینە بێتوشی بلێندگۆ بە دەست پەیتا پەیتا ئاگاداری بڵاو دەکاتەوە، قالە قەیسی پر بە زار لە بەر دەرگای گاراجەکەی شار هاوار دەکات، جگە لە قەڵافەتی خۆ سەپێنی پاسدار و جاش و سەربازەکان هەموو شتێک وەک جاران ئاسایە و شار دیمەنێکی تازەبار و هێمنی هەیە، چەند فروکەی شەرکەر بۆردومان، چوار پێنج تەقینەوە، دوکەڵ و تەپ و تۆزێکی سامناک سەر ئەنجام بۆنی سێو سەرانسەری شار دادەگرێ، هاوار و زیقە و هەڵات هەڵات و تێک هاویشتن شین و رۆرۆ و بڵاو بوونەوەی هەواڵی بۆمبارانی شیمیایی. خانووی روخاو بلێسەی ئاگر، بۆمب، پەنجەی بە هێزی گازی شیمیایی، لەشی بێ گیان، چاوانی لێڵ بوو، پێستی سوتاو و هەناوی گڕ گرتوو، قڕ بوونی بنەماڵە و سەدان شەهید و هەزاران بریندار لە چرکە ساتێکی گەلێک کورتدا دەبێتە چارەنووسی سەردەشت شاری ئارام گرتووی باوەشی گردەسور

### هۆ شارەکەم

کاتێک ئەسپی جوبرەئیل لە شەقام و کۆڵانەکانتدا حیلاندی و وحی گیان کێشانی دا بە ئیزرائیل لاشەی سەدان کەس لە سەر پشتی ماندوت ریز کران، کاتێک زەویەکەی پیش حەمامی ئازادی سینگی کردە بەرماڵی نوێژی بە جەماعەتی زامدارانت ئاسمان کوژایەوە و زەوی لە تاریکای دا و هەتاو لە شامی غەریباندا خەریکی تەلیلە بوون، منیش لێرەوە هاورێ لە گەڵ زکری با و شاخ لە پاڵ تاشە بەردیکی چیای هیوا دا دەستم بە قژی گردەسور داهێنا تا داوێنی فەلەک بۆ بارینی بارانیکی رەحمەت بگرێ بۆ شوشتنەوی ژاری فرۆکەکان و فرمێسکی کانیەمەڕی بکاتە دوا چۆڕە ئاوی سەر دەمی زامدارانت دەستە و داوێنی پەریەکان بووم تا کەزیەکانیان بکەنە باوەشینی زامدارانت

### سەردشتی زامدارم

رۆڵەکانت بەر لەوەی بچنە جێژوانی هەنارەکانی ئالان و بن سێبەری دارە گوێزەکانی رەزی جۆڵا و ئامێزی گەرمی نێزەرۆ بوونە چیروکی مەرگ، ئێستاش بولبول و قومریەکانی بێوران و مارەغانی هاورێ لە گەل شنەی باوە: داستانی ئەو رۆژە رەشە بۆ گوڵە سوورەکانی باغی بەهەشتی خوا دەگێڕنەوە و تاشە بەردەکانی گرژاڵ و بۆڵفەت و زردکە و هەرزنێ و کانیاوەکانی نستان و زمزیران و مێرئاوی گوێی بۆ رادەگرن.

ئەو رۆژە شمشێرە کۆنەکەی قابیل کاژەلاکی سەری ئەسحابەکەی قەراخ مزگەوتی سەرچاوەی شەق کرد و نوێژی حاجی و سوفی شاری برِی و "پیلا تۆ سانە" خۆی لە خوێنی تەلیلەیەکدا بسمیل کرد و بە سەر هەڵدانی تەکبیریک بۆ

بارەگای ئەڕحمەالڕاحمین ڕجۆع بۆوە, ئەو ڕۆژە خوێنی هابیلەکانیان کردە گوێزەبانەی لە دایک بوونی کوڕی ئەنفال و جیهاد و پەڵە هەورێکی چڵکنی ژاراویان ناردە سەر ڕومەتی فاتیحا تا فرمێسکی ژەهر ببارێنی, ژاریان ئاوێزانی سینگ و هەناوی خەڵکی شار کرد تا بەر لەوەی دەستیان بگاتە هێشوە ترێیەکانی ڕەزی بەختیاری، خەزانی خۆزگەکانیان لە بەهاری ژیاندا بوەرێنن و خەرمانەی خەونەکانیان بە سایەقەی وێشکی ژار سەر ببڕن, مانگی چاوەکانیان خستە خۆار, کەزیەی تریفەی بزەیان ڕنی, دەرگای هەناسەکانیان داخست و تاوانیان کردە داری حەد بۆ وەر گرتنی میداڵیای سەرکەوتن و پەرێنەوە لە پردی سیرات شارەدڵگرەکەم  کە تۆ ژار خۆر کرای, زمانی بێدەنگی کەنیسە و مزگەوتەکان لە دایک بوو، لاڵ بوون نەشتەرگەریەکی دیکەی مایکڵ جکسۆن بوو بە مانشیتی ڕۆژنامەکان, چەند سەروک کۆمار و وەزیری دەرەوی دونیا دەستی حاکمانی تاران و بەغدا و ئەنکارایان بە گەرمی گوشی یەکیەتی ئوروپا و ئینترناسیونالی سوسیالیست هەواڵی هاتنە خواری ڕێژەی بێکارانی ئوروپایان بە فەخرەوە ڕاگەیاند کوڕانی شاخت کە بیستیان دەرمانداو کراوی, وەک ئەگەرێکی نێوان گۆمان و حەقیقەت دیمەنی تویان لە بەردەم لەشکری تاعوندا هاتە بەرچاو کە بە چاو و سینگی زامدارەوە وەک دار چنار  وەستاوی و بە چۆک دانەهاتووی، پیشمەرگەکانت چەکەکانیان سوار کرد و تورەیی ئەو کارەساتەیان بە قرمژنی گوللە  کردە سمفونی سروودی کوردایەتی بۆ کۆڵان و شەقامەکانت, ئەوان لە غەمزەی چاوانی بریندار و هاڕەی هەناسەی سوار برینی سەر پیستی ڕولەکانت تابلویەکی بێ وێنەیان لە سەر روبەری دڵ کیشایەوە و لە سەنگەرەکانی ( گەڵو و بناوێ ) وە, لە مەتەریزەکانی بێوران و ئالانەوە لە بنکەکانی باژاڕ و مەزرایەوە سەر ئەنجام لە سەر چەپەرەکەی ئەمەر پاشاوە سوجدەیان برد بۆ قارەمانەتیت.

ئێستاش منی دورە وەڵات هەموو ڕوژێک ژەقنەمووتی غوربەت بە شیلەی یادی هەنجیرەکانی ئالانەوە دەخۆم و لە تاریکی شەوێکی ساردی وەڵاتێکی نامۆ دا هەنیسکی ژانی ئەو مەرگەساتە جاریکیتر دەکەمە، هەوێنی شینی بە کۆڵم بۆ تەرمەکانی کوژراوی ژار، لێرەوە سەفەرێک بەرەو تراژدیای بارانی ژار دەکەم و دەگەرێمەوە ناو کۆلان و شەقامەکانی.

خەونەکانم و چیروکی بێ کۆتایی ڕەشبەڵەکی مەرگی بە کۆی شارەکەم لە مەلبەندی حەسرەت و غوربەت دا دەنوسم, لێرەوە منی دوورە زێد پەیامی هەناسە سواری و ئازاری چاو و بلۆقی سەر پێستی زامداران دەخوێنمەوە و گوێ بۆ شیوەنی هەتاو و موناجاتی مانگ و دوا سرتە و چپەی دڵدارانی ناو شار رادەگرم کە بوونە بەرانی قوربانی خۆدایانی شەر, منی دوور کەوتە کوری ڕژد و لیرەوار دوا سەفەری پەپولەکان لە ئایاتی ئەنفالدا دەنوسمەوە و پرسە بۆ ئەو کوترانەی ئەوین دەگێرم کە (با)ی ژاراوی ئامبازیان بوو و سنوری پاریزگاری دەستی مووبارەکی ئایشە و فاتمان و عەزمەتی ئایەتەالکڕسی بەزاند و بە وتنی بسماللەیەک گڕی دان

سەردەشتی خوراگرم

هەر وەک لە مێژوی خۆتدا بە دەیان کارەساتی دڕندانەی دوژمنانت بە چۆک دا نەهاتووی دڵنیام قەت نابەزی و هەروا مەکۆی ئازادی و سەنگەری کوردایەتی و پاڵپشتی شورشگێران دەبی.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٨ی ئەپریلی ٢٠٠٧

## ئەمرۆ لە مێژوو دا.




حەمەڕەسووڵ کەریمی

ئەمرۆ لە مێژوو دا بەرنامەیێکە کە کاناڵە ئاسمانی‌یەکانی کورد دوای تەواو بوونی هەواڵەکانیان باسی ڕۆژە مێژوویەکانی کوردستان و تەنانەت دەرەوەی کوردستانیشی تێدا دەکەن،

ئەم بەرنامەیە لە جێدا زانیاری باش دەداتە دەست بینەران و جێگای دەستخۆشی لێکردنە و دەکرێ وەک بەرنامەیەکی باش و تا ڕادەیەک مێژوویی سەیری بکرێ.

لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو دا زۆر بە تامەزرۆیەوە بۆ ئەو بەرنامەیە دانیشتم و چاوم لە هەموو گۆشەکانی ئەو بەرنامەیە کرد، لە هەر کام لە تەلەفزیۆنەکان واتە کوردسات و کوردستان تی‌ڤی هەر کامەیان بە پێی ڕۆژمێری حیزبەکەی خۆیان باس لە ڕووداوە مێژووەکانی کوردستان دەکەن و جارجار باسێک لە ڕۆژانی مێژوویی وەک ڕاپەرینە مەزنەکانی

کوردستانی گەورە بە هەموو ڕاپەرینەکانی‌یەوە دەکەن و جارجار باسی چالاکی پێشمەرگەکانی سەر بە لایانی خۆیان دەکەن کە چۆن چالاکی و قارەمانەتی‌یان نواندوە و تەنانەت باسی سەردانی کۆمەڵیک لە کاربەدەستانی وڵاتانی ئۆروپایی و دەرەوە دەکەن و دیدار و چاو پێکەوتنەکانیش بوونە ڕۆژی مێژووی و ... هتد، و کاناڵە ئاسمانی‌یە کوردی‌یەکان بەم شێوەیە بەرنامەکەی خۆیانی پێ پڕ دەکەنەوە. بۆ ئەوە زیاتر لە سەر ئەو بەرنامەیە نەدوێم ڕاست دێمە سەر مەبەستی نووسینەکەم.

وەک ئاگادارن لە ماوەی شەری ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق دا چەندین شار و گوندی کوردستان لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتنە بەر هێرشی هەوایی و زەمینی سەرباز و عەسکەرەکانی هەر دوو دیکتاتۆری ئێران و عێراق و بە تۆپ و تەیارە بەشێکی زۆر لە کوردستانیان کاول و وێران کرد و خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی کوردستانیان شەهید و بریندار و ئاوارە کرد.

یەکێک لە دڕندانەترین هێرش و پەلاماری حوکومەتی گۆڕکراوی بەعس، هێرش کردن بۆ سەر شاری سەردەشت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو، ئەم هێرشە بە چەند فرۆکەیەکی بۆمب هاوێژ بۆ سەر شاری سەردەشتی خۆراگر دەستی پێکرد و لە ئاکام دا سەدان کەس شەهید و زیاتر لە هەشت هەزار کەسیش زامدار بوون، ئەم بۆمبانە بۆمبی ئاسایی نەبوون و بەڵکوو بۆمبی شیمیایی و کۆمەڵکوژ و بە تایبەت خەردەل بوون، بە هۆی ئەم گازە و تەوژمی بۆمبەکان خەڵکێکی زۆر بوونە قوربانی و چەندین بنەماڵە هەتاهەتایە چرایان کوژایەوە و بە سەدان کەس هەتیو و بێ دایک و باوک بوون و خەڵکێکی زۆریش زامدار و نەقوستان بوون و هەنووکەش بە زامەکانیانەوە دەناڵێنن و چاوەڕوانی مەرگ دەکەن.

لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوو دا جیا لە خەڵکی شاری سەردەشت و لە دوو، سێ ساڵی ڕابردووش دا جیا لە چەند نوێنەرێکی شاری هەڵبجەی دەستە خوشکی سەردەشت، هیچ کەس و لایەنێکی حوکومەتی و ناحوکومەتی لە ناو خۆی ئێران و دەرەوی وڵات و بە تایبەت هێزە سیاسی‌یەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دوو حیزبی سەرەکی باشوری کوردستان ئاوڕیان لە شاری سەردەشت و ئەو کارەساتە دڵ تەزێن و نامرۆڤانەیە نەداوەتەوە. لێرەدا نامهەوێ بڵێم کە خەڵک چی دەڵێن، بەڵام زۆر گرینگە کە ئەو کەس و لایەنانەی کە ئیدیعا دەکەن و دەڵێن کە جیاوازی لە نێوان کوردەکانی کوردستانی گەورە دا نی‌یە و هەموو برای یەکن، بە داخەوە لەم بارەوە ڕاست ناکەن و بەڵکوو تەنیا بۆ بازار گەرمی خۆیان ئەو شوعارەیان هەڵگرتووە و هەستی خەڵک بەم چەند وشەیە بۆ لای خۆیان رادەکێشن، ئەگینا کوا راستی ئەو قسەیەتان، باشە بەرێوەبەرانی کوردساتی بەرێز و سەرنووسەرانی ڕۆژنامەکانی کوردستانی نوێ و خەبات و کوردستان و ڕادیۆ سەربەخۆکان و هەموو مێدیاکانی‌تری کوردی ... خۆ ئەمرۆ لە مێژوو دا نابێ پشت گوێ بخرێ بۆچی ئەمرۆژە ڕەش و نەهامەتی‌یەی شاری سەردەشتان نەکردۆتە ڕۆژێکی مێژووی، یان هەر بە ئانقەست ئاوڕی لێ نادەنەوە، ئەگەر باوەڕیشتان بەوە نی‌یە کە نابێ

ببێتە ڕۆژێکی مێژووی، ئەوە ڕۆژگار نیشانی دەدات، ئەگەر ئێوە باسیشی نەکەن هەر بۆتە ڕۆژێکی لە بیر نەکراو بۆ شاری سەردەشت و دەوروبەری و ناوچەی موکریانی جێگای متمانەی شۆرشی ڕزگاریخوازنەی گەلی کورد.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت شاری سەردەشت و دەوروبەری، هەر لە سەرەتای دابەش کردنی کوردستانی گەورە دا و لە گەڵ یەکەم دەست پێکردنی بزووتنەوەکانی کورد بۆ ڕزگاری کوردستان، لە هەموو کات و ساتێک دا دلێرانە و ئەمەگناسانە پشت و پەنای بزووتنەوەکانی کوردستان و بە تایبەت باشورری کوردستان بوون و بە گیان و بە ماڵ لە خزمەت برا کوردەکانیان لەم دیوادیوی سنووری دەستکرد دابوون و ئێستاش هەروەک جاران پشت و پەنای شۆرشگێرانی هەر چوار پارچەی کوردستانن و بە دڵەوە بۆ ڕزگاری کوردستان تێدەکۆشن، هەر بۆیە حەق وابوو لە بیستەمینساڵیادی ئەم تراژیدیایە دا وەک ڕۆژێکی مێژووی لە بەرنامەی " ئەمرۆ لە مێژوو دا " دەبوو باسی لێوە کرابا و هاودەردی و هاوخەمی خۆتان و خەڵکی باشووری کوردستانتان وەک پەیامێک بۆ پشتیوانانی راستەقینەی خۆتان لە سەردشت ڕاگەیاندبایە و بەم شێوەیە یاد و بیرەوەری ئەم ڕۆژەتان لە گەڵ کردبایانەوە.

بە هیوای ئەوە کە ستافەکانی بەڕێوەبەری کوردسات و هەموو کاناڵە کوردیەکانی دیکەی کوردی و مێدیای کوردی بە گشتی لە بەرنامەکانی تایبەت بە مێژوو دا ئاوڕێکی چڕ و پڕ لە ڕووداوەکان بدەنەوە، با چیتر مێژووی گەلی کورد چەواشە نەکرێت و بۆ خۆشمان ڕێخۆشکەر نەبین بۆ وون کردنی ڕۆژە مێژوویەکانی گەلەکەمان.

بۆ ئەوەی نەوەکانی داهاتووی گەلەکەمان شارەزای مێژووی گەلی خۆیان بن، پێویستە کە ئەم ئەرکەی خستووتانە سەر شانی خۆتان دریغی لێ نەکەن و ئەمەگناسانە ئەو ئەرکە بەرێوە بەرن، ئەگەر ئەم ئەرکە بە باشی بەرێوە بەرن جیلی داهاتوو ئافەرینتان پێ دەڵێن و ئێوەش خزمەتێکی گەلێک بەرچاو بەگەلی کوردمان دەکەن، سەرکەوتنتان لەهەموو بوارەکان دا بۆ بە ئاوات دەخوازم.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٩ی جونی ٢٠٠٧

## پەیامی سەرکردایەتی پارتی سەربەستیی کوردستان، بەبۆنەی بیستەمین ساڵرۆژی بومبارانی شیمیایی شاری سەردەشت

پارتی سەربەستیی کوردستان،لە بیستەمین ساڵیادی ئەم کارەساتە هەرگیز لە یادنەکراوەدا سەرەخۆشی وداخ وپەرۆشی خۆی بۆخەڵکی ئەوناوچە زێڕینەی کوردستان دەردەبڕێت،هاو کات بەڵێن بە خەڵکی سەردەشت وسەرجەم شاروناوچە شیمیاباران کراوەکانی کوردستان دەدەین،

گەلی مافخوراو وڵاتداگیرکراوی کوردستان،خەڵکی کوردستانپەروەری شاری سەردەشتی سەرسەوز،

بیست ساڵ لەمەوبەر شارە شۆڕشگێڕو قارەمانەکەی سەردەشت بە چەکی کۆمەڵ کوژی دوژمنانی دژی گەلی کورد بەرهێرشی بومبای ژاراوی کەوت،وبە داخەوە کۆمەڵێکی زۆرلە هاووڵاتیانی کوردستانی لە شاری شەهیدکراوی سەردەشت دا گیانی پڕ لە هۆمیدیان لەدەست دا،و لاپەڕەیەکی دیکەی بە ژیانی پڕلە نەهامەتی خۆیان لە ژێر داگیرکەری دوژمنانی دا بە تراژیدیایٚ مێژووی خۆی تۆمارکرد،

دیارە هاوکات لەگەڵ ئەو بومبارانە شاری سەردەشتی سەرسەوز دەیان هەزارلە هێزە سەربازییەکانی رژێم لەوشارەداگیرکراوەدا بوون،کە تاکە سەربازێکیشیان بە ژاری ئەو بومبانە نەکەوتن وهەموویان هەڵگری ماسکی دژی ژاربون،بەڵام هیچ خەڵکی سەردەشتیان بۆئەو کارەساتە ئاگادار نەکردبووەوە، ئەمەش بۆخۆی پرسیارێکی بیٚ وڵامە،کە پێویستە ئێمەو سەرجەم داکۆکی کارانی کارەساتی سەردەشت بە دوای وڵامەکەیدا بگەرێین،کە ئایا ئەم کارەساتە لە لایەن رژێمی درندەوکورد کوژی بەعس بوو،یا هەمان کات کاری رژێمی دیکتاتۆرو دژەکوردی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو کە دەیەویست ئەو چەکە کۆمەڵ کوژەی بە سەرکوردا تاقی کاتەوە،چون بێگومان تاوانەکانی ئەو ٢ رژێمە کە لەو کاتەدا

لەگەڵ یەک بە شەرهاتبوون بەرامبەر بە گەلی کورد وەک یەک وهیچیان لە هیچی دیکەیان باشتر نەبوون، وێرای دژایەتی کردنی یەکتریان بەڵام هەموویان ئاواتیان سڕینەوە گەلی کورد بووە،لە ڕوانگەی ئەواندا ئێمەی کورد دوژمنی ئەوانین،مافی ژینمان لەسەر زێدی باب وباپیرانی خۆمان لە ڕوانگەی ئەوانەوە نییە.

پارتی سەربەستیی کوردستان،لە بیستەمین ساڵیادی ئەم کارەساتە هەرگیزلەیادنەکراوەدا سەرەخۆشی وداخ وپەرۆشی خۆی بۆخەڵکی ئەوناوچە زێڕینەی کوردستان دەردەبڕێت،هاو کات بەڵێن بە خەڵکی سەردەشت وسەرجەم شاروناوچە شیمیاباران کراوەکانی کوردستان دەدەین،کە ئەوپەڕی هەوڵی خۆمان دەخەینەگەڕو بە هاوکاری ڕێکخراو ولایەنەکانی دیکەی کوردستانی بۆ بە جیهانی کردنی ئەو کارەساتە.

پارتی سەربەستیی کوردستان چاوەڕێی یەکگرتووی ویەک ڕیزی خەڵکی سەردەشت و سەرجەم کوردستان دەکات،بۆ ڕاماڵینی تەواوی هیزەکانی داگیرکەر لە خاکی پاکی کوردستان، پێویستە هەموومان خۆمان بە باشی بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری یەکجاری ئامادە بکەین،

سەرکردایەتی  پارتی سەربەستیی کوردستان

**١ی پووشپەڕی ٢٧٠٧ی کوردی - ١١ی جوونی ٢٠٠٧**

## خنکاندنی شاری سەردەشت...



عەزیز شێخانی

له یادی ١٧ ساڵەی خنکاندنی شاری سەردەشت، لە لایەن داگیر کەرێکی کوردستانەوە، واتە رێژیمی بەعسی یەوە...

سڵاو و رێز، لە گیانی شەهیدانی بێ تاوانی ئەم کارەساتە،
سەر شۆڕی و شەرمەزاریش بۆ کورد کوژان
شار تەنیایە و دنیای مرۆڤایەتیش، لە بیستنی کارەساتدا کەڕ و بێدەنگە
ئێوارەیە و شنەی شەماڵی ئێوارەی پووشپەڕ
بسکی کیژۆڵەی شار دەبزوێنێت
باوەش باوەش، بۆنی گژ و گیای سرووشت و
بۆنی گوڵ و ریحانەی سەر بانیژەی گوندەکان
بۆ ئامێزی سەردەشتی بسک سەوز دێنێت
ئێوارەیە و چیرۆکی شار، لە هەنبانەی گردەسوور دا
خەریکە تیشکی خۆری پووشپەڕ
وەک سەرچاوەی ژیان و رووناکی
بۆ پێدەشت و دارستان و رەز و رووبار دەبات
ئێوارەیە و سێبەری مەرگ و ئاگری شەڕی دوو داگیرکەر
بەر بە سەوزەڵانی شار و سرووشت دگرێت
سێبەری نەهامەتی و مەرگ و وێرانی

بە گژ ئێوارەی پووشپەڕی ئاودەانی و مەزرادا دەچێتەوە
سەردەشت وێنە و نوێنەری ئەهورا مەزدایە و
شەڕی دوو دیکتاتۆری رەشپەرەست و بێ ئاگایە
شار نوێنگەی زەردەشتی رووناکی و دژی تاریکییە
ئاسمانیش تۆز گرتویی غەریبی شار و فرمێسکی نادیارە
ئاسمانی بێ نازی شار و گڤەی بایی ئێوارە
دێنە هەواری غەم و سەر بە باوەشی گۆڕستان دا دەکن
دەنگی ناسازی پەلاماری نامرۆڤانە و
گرمەی پڕژانی گازی خنکێنەر و شار کوژ، پەیامی مەرگە
شار خنکیندرا و سەوزەڵانی بوونی سەردەشت
کەوتە بەر پەلاماری خەردەلی وێرانی
سیمای پووشپەڕی ژیان و جووڵەی شار بوونەتە دیلی
نەیارانی ژیان و کورد کوژانی سوێند خواردو، بەرووحی ئەهریمنی
گەڵای سەوزی دارستانی گۆڕستان هاتنە سەما
باڵای گردە سوور هاتە سەر چۆکی خەم و کۆست
سەرچاوەی شار بو بە فرمێسکی بە خوڕی خەمباران و
رێچکەی شار بۆ هەموو گۆند و لایەک بوونە دەنگی هاوار
ئێوارەیە و ئێدی بۆنی گژو گیا و ریحانە هەموویان
لە بەردەم کۆستی گەورەی شار دا بێ بۆنن
کیژی شار و بسکەکەی بەرەو باوەشی ئێوارەی بێدەنگی و
بەرەو جیهانی نامۆیی راکێش دەکرێن
خۆری تیشک زەرد، لە دیتنی ئێوارەی ٧ ی پووشپەر دا
دەکەوێتە بەردەم هەستی شەرم و بێدەنگی و
بە هێمنی و کەسەرەوە شار جێ دێڵێت
شار تەنیایە و دنیای مرۆڤایەتیش، لە بیستنی کارەساتدا کەڕ و بێدەنگە

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠٠٧

## بۆ شارەکەم!



حەمەرەسووڵ حەسەنپوور

هۆ شارەکەم!
سەردەشتەکەم !
تۆ بەهاری ژینی من بووی
تۆ ئەستێرەی
ئاسمانی
تاری من بووی.
گەشاوە بووی وەک
گوڵی باخ
شەکاوە بووی
چەشنی بەیداخ
لە پڕ دەستێکی تاوان
دەیان خونچە و گوڵی تۆی
هەڵوەران.
بە بۆمبارانی شیمیایی
هێزی ڕەشی ئەهریمەنی
هەناسەی لە گەروودا

کوشی

-----

سەردەشتەکەم!

ئەی شارەکەم!

فێنکی دڵە بریندارەکەم

ڕووحم بۆ تۆ بە پەرۆشە

گشت کاتێکم

"حەوتی چواری شەست و شەشە"

لە هەر کوێ بم

لە نێو دڵمی

سوکنایی دڵی بە کوڵمی.

بۆمبارانی شیمیایی شارە جوانەکەم سەردەشت بە هۆی فرۆکەکانی بەعسی خوێنڕێژەوە.

یادی شەهید و بریندارەکان بەخێر.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٤ی ئەپریلی ٢٠٠٧

# گوللەی تایبەتی



**جەلال حاجی زادە**

**ئەوەی سەربەرزە لەم وێرانەدا تووشی خەم و دەردە**
**چیای سەرکەش ببینە قەت سەری بێ هەوروتەم نابێ**

(ماموٚستا هێمن)

لە نێو هەر کۆمەڵگاوشار و کۆمەڵێک، کارەسات و پێش هات و بە سەرهاتی خۆش و ناخۆش هەیە کە لە زەینی مێژوویی - دەروونی، جەماوەردا شوێن دانەرە و بەردەوامیش دەمێنێتەوە. بێگومان یەکێک لەو کارەساتە دڵتەزێنانەی شار و کۆمەڵگای سەردەشت، پرۆسەی کیمیا باران و کۆمەڵکوژی خەڵکی مەدەنی سەردەشت، دێتە ئەژمار. دیارە ئەو رووداوە ناسروشتی و نامرۆڤانە، خەڵکی لێ قەوماویی، لە گەڵ گەلێک چەرمەسەری و گرفتی جەستەیی، هەروەها کۆمەڵێک کێشەو ئازاری دەروونی دیارو نادیار، ئاسایی و نا ئاسایی، کۆتاو درێژ خایەن، ڕووبەڕوو کردۆتەوە.

بیر و بۆچوون لە مەڕ ئەو رووداوە گەلێک زۆرن، تەنانەت کۆمەڵێک ناتەبایش لە نێوانیادا وەبەر چاو دەکەوێت.

هەر کەس و کۆمەڵێک، ڕێکخراو و حیزبێک لە ڕوانگەی بەرژەوەندی خۆی سەیری ئەو مەسەلەیە دەکات، لە ڕوانگە گەلی چەپی چەپ بگرە تا دید و بۆچوونی ڕاستی ڕاست، بەڵام ئەوەی کە تا ئێستا ڕوونە ئەوەیە، هەموو ئەو ڕاو بۆ چوونانە هیچ خێرێکی ئەو تۆیان بۆ خەڵکی سیڤیلی شاری سەردەشت بە تایبەتی و بۆ نەتەوەی کورد بە گشتی نەداوەتەوە، بگرە لە زۆربەی کاتیشدا تووشی قەیران هاتوون و تەنانەت بوونەتە هۆی تێکشکانی کەسایەتی و کەرامەتی خۆیان و خەڵکی بەخت ڕەش و داماوی سەردەشت.

نۆزدە ساڵ لەمەوبەر، واتە لە ڕێکەوتی( ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦)ی هەتاوی، فرۆکەکانی ڕژێمی دڵ لە قین و خوێنرێژی دیکتاتۆری سەددام، بە ئاگاداری و ڕاوێژکاری، مەجلیسی قیادەی سەورە (سەرکردایەتی شۆڕش) لە هێرشێکی بێ بەزەییانەی ئاسمانی نامرۆڤانەدا شاری سەردەشت و گوندەکانی بە گوللەی تایبەتی (چەکی کیمیایی) بۆردومان کرد.

دوابەدوای ئەو ڕووداوە، دەنگۆی ئەوە هەبوو کە، خوێنرێژانی دڵ پیسی سەددام، ئەو چەکەیان نە لە سەر خەڵکی بێ دیفاعی شار، بەڵکو لە سەر دوژمنان و خایەنە کانی ناو خۆیی، واتە هێزەکانی ئێرانی و مام جەلال لە کار کردوە.

هەر ئەو پڕوپاگەندەیە لە شاری هەڵەبجەشدا وەک دەنگۆیەک بڵاو دەکرایەوە. بە پێی هێندێک بەڵگەو شایەد حاڵی حاشا هەڵنەگر، لە ڕۆژانی ١٣ی و ١٤ی مارچی ١٩٨٨ هێزەکانی ئێران گردەکانی دەورو بەری هەڵەبجەیان داگیر کرد، ١٥ی مارچی ١٩٨٨ پێشمەرگەکانی (یەکێتی - پارتی و سوسیالیست) و هێزی ئێران بە ناوی هێزی هاو بەشی ئێران و پێشمەرگەکان چوونەوە ناو شاری هەڵەبجە .(١)

بە هۆی ئەوەیکە ناوچەی هەڵەبجە لە ژێر دەستی ئیران دا بوو ، ڕۆژی ١٦ی مارچی ١٩٨٨ بە پێی بڕیاری سەددام حوسێن و سەرکردایەتی شۆڕش، هەڵەبجە بە بەشێک لە خاکی ئێران لە قەڵەم درا، هەر بەو بیانویەشەوە فەرمانی بۆردومان کردنی دەڤەری هەڵەبجە وەک پارچەیەک لە خاکی دوژمن ( ئێران ) بە گوللەی تایبەتی ( کیمیایی ) بە فڕۆکەوانەکان ڕاگەیەندرا.

دوای پاشەکشەی هێزی هاوبەشی ئێران و پێشمەرگە لە هەڵەبجە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ناوچەکانی تری کوردستان وەک گۆک تەپە، زێوە، فرجینی و قەڵا و قاڕنێ ، کەوتە بەر پەلاماری دڕندانەی ڕژێمی بەعس و هیتر...

ئەگەرچی ئەم وتەیەی سەروو، وەک هۆکارێکی سەرەکی ناتوانێت شرۆڤە و پاساوی ئەو جینایەتەو تاوانە گەورە یە بکات بەڵام ناشێت ئەوەیش بشاردرێتەوە کە کیمیا بارانی هەڵەبجە، زێوە، گۆک تەپە و سەردەشت، بە واتایەک، ناوچەکانی نێوان ئەو دوو شارەی کوردستان، پێوەندیەکی گرێدراوی بە دەنگۆیەکەوە هەبێت، بەو مانایە کە لە لایەکەوە ڕۆڵی زۆر زەقی هێزی ئێران وەک دوژمنی دەرەکی ( لە ڕوانگەی عێراقیەکان ) و هێزەکانی مام جەلال وەک خایەنێکی ناو خۆیی کە لەو سەردەمەدا بە پیاوی ئێران دەناسرا، لەو تاوان و کارەساتە دا نکوڵی لێ بکرێت و وە بەرچاو نەگیردرێت، لە لایەکی دیکەشەوە کێشەی کورد و کەش و هەوای دەوڵەتەکان لەو بەشەی کوردستاندا (ڕۆژهەڵات و باشوور) حەشار بدرێت.

هەروەک ئاماژەی پێدرا لە مەڕ شاری بە کیمیا کراوی سەردەشت وە (هەڵەبجەش) هەر گرووپ و دەستەیەک، تێڕوانینی

تایبەتی خۆی هەبووە، تاقمی ناو خۆ و تاقمی دەرەوەی وڵات، تەنانەت بۆ بەرژەوەندی کەسی، بنەماڵەیی و بگرە عەشیرەتی یان بەرژەوەندی حیزبی، کەڵکی نادرووست و دوور لە بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی تاکەکانی خەڵک و نەتەوەیی لێ وەردەگرن و چاوەڕوانی خێردانەوەیەکی حیزبی و کەسین.

بە داخێکی زۆرەوە، ڕووانگەی زۆربەی هەرە زۆری حیزب و ڕێکخراوەکانی سیاسی و مەدەنی هەروەها خەڵکی لێ قەوماو و ئازار پێدراوی سەردەشت ، لە سەر دوو ئاستی زۆر نزم و کەساسیەوە، دارێژراوە.

ڕوانگەی بەرژەوەندی تاکی و یارمەتیەکی بێ بایەخی ماڵی بگرە تەنانەت دۆسیەیەکی پزیشکی و کارتێکی جانبازی!

ڕوانگەی دووهەم کە هی کەسایەتی و ڕێکخراوەکانە، لە گۆشە نیگایەکی ماڵی و بازرگانی واتە وەک مامەڵەیەکی مادی سەرچاوە دەگرێ.

پڕ ئاشکرایە، پرۆسەی کارەسات و ڕوداوەکانی کیمیا بارانی هەڵەبجەو سەردەشت پێش ئەوەیکە، ڕووداو و ڕوخساری ناحەزی شەڕ و قۆناغێکی کاتی بژمێردرێت، پرۆژەیەکی درێژخایەن و گەڵاڵە دارێژراوی ژینۆ سایدی نەتەوەی کورد (کە تا ئەمرۆش درێژەی بووە) دێتە ئەژمار.

ڕاستە شاری سەردەشت بە یەکێ لە شارەکانی سنووری جۆگرافیای ئێران لە باری تۆپۆگرافیەوە دەناسرێت، کە لە کاتی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراقی دەستکرد، کەوتە بە پەلاماری ئاگر و گازی کیمیایی شۆڤێنیستەکانی عەرەب ، بەڵام لە هەمان کاتیشدا، لە گۆشە نیگایەکی ترەوە لە لایەن کار بە دەستانی قیادەی سەورە بەدی کراوە، ئەمەش ئەوەیە، سە ردەشت وەک بە شێک لە نەتەوەی کورد، کەوتۆتە بەر هێرش و پەلاماری کیمیایی بەعسیەکان.

خۆ ئەگەر هەڵەبجەی خوێناوی و ناوچە و گوندەکانی ڕەش کوژکراوەکانی نێوان هەڵەبجەو سەردەشت، واتە، ئەو شوێنە ڕەشە، وەبیر خۆمان بێنینەوە، بێ شک ئەوە لامان مسۆگەر دەبێت.

ئاشکرایە، لەو تراژێدیە تاڵە دا، تەنانەت جێ پێی بەعسیەکانی عێراق نابینرێت، بەڵکو، شوێنی پێی زۆربەی مڵهوڕ و دەوڵەتە زلهێزەکانی وەک : ئەمریکا، ئاڵمان، ئینگلیز، فەڕەنسە و میسر و... بگرە کۆمکاری عەرەبیش وەک ڕۆژ ڕوونە. جا هەر لەو سۆنگەیەوە، ئەو تاوانە نامرۆڤانە نە تەنیا نابێت وەک ئاسەوار و ئاکامی شەڕ و دیاردەیەکی ناحەزی جەنگ سەیری بکرێت، بەڵکو پێویستە بە چاوێکی ژیرانە و ورد بینانە، وەک پرۆسەیەک لە پرۆژەیەکی ڕەش بەدی بکرێت.

جێی حەشاردان نیە، ئەگەر کارەسات و ڕووداوەکانی دژ بە گەلی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا، بە تایبەت کە لە لایەن ڕێژیمە جۆراوجۆرەکان کەش و هەوای ئایدیۆلۆژیکی جیاوازی تورکیە، سوریە و عێراق و... لە ماوەی هەشت دەهە دا لە خۆمان نە شارینەوە و وەک پرۆسەیەک لە پرۆژەیەکی گەورە سەیریان بکەین، هیچ ئەگەر و پرسیارێک لە خۆیدا ناهێڵێتەوە.

ئەوەش ئاشکرایە، هەموو ئەو پرۆسە دڵتەزێن و نامرۆڤانە، بە هاو بیری، هاریکاری و چرای سەوزی مادی و مانەوی مل ئەستورانی ناوچەیی و نێونەتەوەیی بە ئەنجام گەیشتوە، تەنانەت کپ بوونیان بە ڕەزامەندی خوێندراوەتەوە.

بڕوا ناکەم کەسێک بدۆزینەوە کە پرۆژەکانی تواندنەوەو ئاسمیلاسیۆنی نەتەوەی کورد لە مێژوو دا ئینکار بکات.

نزیکەی (٧٠٠) ساڵە نەتەوەی کورد بەردەوام لە گەڵ ڕاگوێزان و قەلاچۆ کردن، توانەوەو ئینکار لێکردن، ئاشنایی هەیە، (٥٥٠) ساڵ لە مەو بەر (١٥١٤ز) بە دابەش کردنی نەتەوەی کورد لە شەڕی نێوان سەفەوی و عوسمانیەکان بە ڕەسمی پڕ ۆژەکە لە سەری داسەپێندراو دەستی پێکرد.

دەسپێکی ژینۆسایدو ئاسمیلاسیۆنی نەتەوەی کورد لە ژێر پرۆژەیەکی درێژ خایەن و گۆشە نیگای جیاواز و وێکچوو لە گەڵ بەرژەوەندی و بارودۆخی پێویست، هەر لەو کاتەدا هاتۆتە کایەوە کە کوردەکانی ڕۆژئاوای ئێران، بۆ ڕۆژهەڵاتی ئێران (خوراسان و قوچان و...) ڕاگوێزران و نەتەوەیەکی کۆچەریتر لە زێد و مەڵبەندی ئەوان، جێ نشین کران. هەر لە درێژەی ئەو پرۆژەیەشدا، لە پارچەیەکی تری کوردوستان، کوردەکان بە دەستی پان تورکیستەکانی تورکیە، لە وڵاتی خۆجێی باب و باپیرانیان شار بە دەر کران و هەر ئەو پیلانە ش کت و مت لە لایەن عەرەبەکانی عێراق و ڕەگەز پەرستەکانی سوریا ڕەچاو کرا .(٣)

لێک دابڕکردنی خاکی کوردوستانی گەورە لە لایەن ئیستیعماری ئینگلیس و فەرەنسەو بە فەرمی ناسینی ئەو دابەشکاریە لە لایەن کۆمەڵگای نێو نەتەوەیی بە تایبەتی ئەمریکا، جەمسەرێکی دیکەی پرۆژەی لە ناو بردن و پاک کردنەوەی نەتەوەی لە مێژینەو خاوەن کەلتوور و شارستانیەتی کورد دەستەبەر دەکرێت. ئاخۆ کێ هەیە نەزانێت، لە سێ دارەدان و ڕە شە کوژی و شار بەدەر کردنی سیاسەت وانان و پیاوە گەورەکانی کورد وەکوو شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ مەحمودی نەمر، سمکۆ، شێخ سەعیدی پیران و شەهیدان، قازی نەمرو قاسملوو، مەلا مستەفا و ئاپۆ و... هەر لە ڕەهەندی ئەو پرۆژەیەوە مانا پەیدا دەکات.

پێویست بە گوتن ناکات، ئەگەر کارەساتی کیمیایی سەردەشت بە ڕووداوێکی جەنگی لە قەڵەم بدەین و لە چوارچێوەی شاردا بوەستێت، یان باشتر بڵێین لە چوار چێوەی هەندێک دۆسیەی پزیشکی و ماڵی گیان بەخت کراوەکان! بەرژەوەندی لاوازی حیزبی و...

مەسڵەحەتی بێ دەلیل و نەشیاودا، سەری داپۆشین، جگە لە چەواشە کردن و بەلاڕێ دا بردنی ووشەیەکی تری ناتوانین بۆ بدۆزینە وە، دیارە ئەوەش لە پیلان و پلانەکانی خوازراوی نەیارانی نەتەوەی کورد دێتە ئەژمار و تەنانەت دەبێتە هۆ ی کەڵپ گر کردنی دوژمنان.

باسێک لە وە دا نیە، کیمیا بارانی سە ردەشت، کار دانەوەیەکی تریشی لە سەر دەسەڵات دارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران و کەش و هەوای سیاسی و دۆخی ناوچەکە، داناوە لە بەر ئەوە لە سەرەتاوە خوێندنەوەیەکی تایبەتیان لەسەر کردووە.

دەبێ بڵێین ئەگەر ئە گە ر ئە و کارە ساتە ڕە شە تەنانەت ڕووداوێکی جەنگی لە نێوان ئێران و ئێراق دا بوایە، دەشێت پاش تەواو بوونی شەڕ و پێکدادان، ئەو شارە بە تەواوی خاوێن کرابا، ئاوەدان کردنەوەی سەردەشت بە پێی بە رنامەیەکی تایبەتی و جیاواز لە بوودجەو بەرنامەکانی ئاسایی، دەستی پێ کردبا و بوودجەیەکی تایبەتی بۆ لە ناو بردنی ئاسە وار و کاریگەریەکانی شەڕ، هەروەها کەم ڕەنگ کردنەوەو قەرەبووی دەرئەنجامەکانی دەروونی و جەستەیی تەرخان کرابا، بەڵام نەتەنیا ئەو کارە نەکراوە، بەڵکو لە لایەکەوە لە بوودجەی دەوڵەت و پارێزگای ئاساییشدا، ئاورێکی لە سەر نەدراوەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە تە نانەت لە هەوڵی ئەو خاڵانەی خوارەوە دا بوون:

١- تا ئەو جێگەیەی بۆیان بووز دەخوات نەتەنیا کاردانەوەیەکی نێو نەتەوەیی بەڵکو ناوخۆیشی نەبەێت، لە چوارچێوەی شاردا دا پۆشرێت و تەنانەت بەرەی داهاتووی شار بە تەواوی لێی بێ خەبەر بێت و پێداچوونەوەی لە سەر نەکات.

٢- زۆربەی ئیمتیازات و کەرەسەی ماڵی وەکوو یارمەتی تەکنیکی و پسپۆڕی ئوروپاییەکان و ژاپۆنیەکان بۆ چاک سازی و گۆڕانکاری ڕووخساری شارەکە و هەڵگرتنی فەقر و نەداری خەڵک لە گەڵ پارە بگۆڕدرێتەوە و لە لایەن دەوڵەتی ناوەندی بۆ جێگاو شوێنێکی تری ناو وڵات ( جا با نەڵێین دەرەوەی وڵات ) بقۆزرێتەوە.

٣- مەخابن، زۆربەی بانگەوازو بانگەشەی ڕاگەیاندراوەکانی وڵاتانی دیکە بە مەبەستی هاوکاری و هاریکاری و ئامادە بوونیان بۆقەرەبوو کردن و ئاوەدانکردنەوەی بنەڕەتی شاری سەردەشت لە لایە ن دەوڵەتەوە، دەستی ڕەتی لێدراوە، هۆی قەبووڵ نەکردنیشی بە هۆکار و ئیستیدلالی ئەمنیەتی و بارودۆخی تایبەتی ناساندراوە.

٤- بەپێی زانراوەکانی ناوخۆی خەڵک، تاقمێکی بەرچاو ئاسانکاری و بوورسیەی خوێندکاری لە بواری پزیشکی، ئەندازیاری ئامێرەکانی پزیشکی و ڕشتە گەلی دەروون ناسی و هەروەها لە بەستێنی پسپۆڕی و زانیاری کیمیایی بۆ خوێندکاران و لاوانی شاری سەردەشت بە چە شنێکی تایبەتی لە لایان تاقمێک لە دەوڵەتەکانی ئەورووپایی و هی ترتەرخان کرابوو، بۆ بنەماڵە و نوورەچاوەکانی... قۆزراونەتەوە، کە زیاتر لە سەت فەقەرە بەراورد دەکرێت .

٥- تا ئەو جێگەیەی کە ڕێی هەبووە، هەوڵ دراوە سەردەشت وەکوو یەکێ لە شارەکانی دیاردەی شەڕی داسەپێندراو، ناو ببردرێت و زیاتر لە رادە زەق نەکرێتەوە تا مەبادا ببێتە هۆی هەڵچوونی هەستی نەتەوایەتی کوردەکانی ئێران و پارچە دابەشکراوەکانی دیکەی کوردستانی بن دەستی تورکیە و ئێراق و سوریا، لە هەمان کاتیشدا وڵاتانی پێوەندیدار لە گەڵ کێشەی کورد بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دا بوون کە مانای کیمیاوی کراوی شارەکانی سەردەشت و هەڵەبجە چەواشە بکەن تا نەخوازا لە داهاتوودا وەک بەڵگەیەک بۆ دابین کردنی مافی چارەنووسی خۆیان و بڕیارێکی حەق خوازانە کەڵکی لێ وەربگرن.

ڕەنگە جێی هیچ ئەگەرێک نەبێت کە کارەسات و تاوانی بە پیلان و بەرنامەی کیمیا بارانی نەتەوەی کورد (باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردوستان) خوێندنەوەیەکی نێو نەتەوەیی لە سەر بکرێت.

کیمیاوی کرانی کوردستان کتومت لە قالبی شەڕی داسەپێندراوی ئێران و ئێراق، خوێندنەوەو لێکدانەوەیەکی سەخت ئامێری و رواڵەتی لەسەر دەکرێت و بەیەکێک لە دیاردە ڕوخێنەرەکانی شەڕ و تێک هەڵپرژان لە قەڵەم دەدەن. بە دەگمەن دەبیسرێت و دەبینرێت کۆمەڵگای جیهانی و ڕێکخراوی نێو دەوڵەتی لەو بارەوە کارێکیان بۆ کورد، نە وەک نەتەوەو گەلێکی لێ قەوماو بەڵکو وەک مرۆڤێک، کردبێت.

خاڵێکی هەرە گرینگی ئەو ڕووداوە لەو ڕوانگە وە دێتە بەرچاو کە پرۆژەی تواندنەوەو قڕ کردنی گەلی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا وەک ڕۆژ روون و ئاشکر دەکات، بۆیە ڕەوایە ئەو کارەساتەش لەسەر جەمسەری ئەو پرۆژەیە توێژینەوەی لێبکرێت و بەرنامەی گونجاو و پێویستی بۆ دابرێژرێت.

لە باری یاسایی و سیاسیەوە، ژینۆساید و قڕکردنی نەتەوەی کورد (بە تایبەت کیمیا بارانی سەردەشت و هەڵەبجە) لە ماوەی یەک سەدەی ڕابردودا خاڵ و بەڵگەیەکی زۆر دان پێدا هێنەر و جێی سەرنجە؛ ئێمە وەک میللەتی کورد (وەک نەتەوەیەکی جیاواز) بۆمان هەیە لە هەموو بارێکدا داوای مافی دابین کردنی دیمۆکراتیکانەی چارەنووسی خۆمان بکەین و لەسەر مەسڵەحەت و سەقامگیر کردنی مافە ڕەواکانی خۆمان بڕیار بدەین. چوونکو مەخابن لەو چەشنە پرۆژانەدا واتا،

فەتوای شەڕ لە سەر کورد، ڕەش کوژی خەڵکی مەدەنی بێ چەک، بێ سەرو شوێن کردنی لاوان و هەستیارانی بە ئەمەگ، شار بە دەر کردنی گەلێک لە وڵاتی خۆجێی خۆی، ئاوارەو دەر بە دەر کردنی سەدان هەزار کورد، ئەنفال کردنی مرۆڤی کوردی کافر و بێ دین! شوشتنەوەی مێشک و زەینی لاوی کورد بە مەبەستی دابڕان لە ڕابردوی نەتەوەیی خۆی، قەلاچۆ کردنی زێد و مەڵبەندی کوردەکان، کیمیابارانکردنی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردوستان بە گوللەی تایبەتی و... بە شێوە گەلی جۆراوجۆر و بە پێی داب و دۆخی زەمان هەر درێژەی هەیە، جا هیچ جیاوازیەکی نیە، بە هەر ناوێک و لە سەر هەر شێوازێک بە ڕێوە بچێت.

شاعیرانەیە ئەگەر وا بیر نەکەینەوە کە گوللەی تایبەتی لە قاپۆڕی ژینۆسایددا بەرامبەر بە کورد، دابەستراوە و لە حاڵی جوڵانەوەدایە، بۆیە پێویستە ڕێگە چارەیەکی سەرەکی و هەمیشەیی بۆ پێشگیری و بەرگری کردن لە کیمیا بارانێکی تر و ژینۆساید و جەنایەتێکی دیکە، بدۆزرێتەوە.

بێ شک خوێنەرانی ئەو بابەتە لەو ڕاو بۆچوونە لە گەڵماندان کە، تەنیا کارێکی بەرچاو لە بەستێنی کیمیاوی کراوی شاری سەردەشت کراوە ئەوە بووە کە تاقمێک مرۆڤی نەشیاو لێنەزان، لە هەمان حاڵێشدا گرێدراو، لەسەر بەرژەوەندی تاکی و بنەماڵەیی و هەروەها گوێڕایەڵی ، هەڵسوڕانێکی لاوازیان هەبووە، عەینی ئەو کەرەسەیەش لە لایەن کوردەکانی بەشێکی تری کوردستان (واتە بن دەستی ئێراق)، بە شێوازێکی دیکە ڕەچاو کراوە ، کورد گوتەنی تا گیرفان و جانتایان خاڵی بووە، کیمیا بارانی هەڵەبجەو سەردەشتیان وەک کراسی عوسمان و بنێشتە خۆشکە، بەرز کردۆتەوە و پاش پڕ کردنی گیرفانی کەسی و حیزب حیزبێنەی خۆیان کپ بوون، بە واتایەکی تر نەتەوەیەکیان کپ و دەمکووت کردووە. چالاکی و هەڵسوڕانی حیزبە سیاسیەکانی کوردوستانی فێدراڵی ئێراق هەروەها گرووپ و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتیش لەو بوارەدا، کۆمەڵێک پرسیار و سەر سوڕمان دێنێتە کایەوە. قسەی لەسەر نیە کە بەرەها کردنی بنەما سەرەکیەکان و چەسپان بە هێندێک قازانجی ناسەرەکی و پەڕاوێزیەوە نەتەوەیەکی بن دەستیان فرۆشتووە و هەربە تەواوی مانای ووشەوە نووزەیان لێ براوە.

خۆ ئێستا کورد لە باشووری کوردوستان ئازاد بووە، تەنانەت ماوەیەکی زۆرە (١٥ ساڵە) چەکمەی دوژمنان خاکیان گڵاو ناکات، ئەدی بۆچی کاربەدەستەکان و ماقووڵەکان و سیاسەتڤانانی ئەو بەشەی کوردوستان هەر بە جارێکی نووزەو وزەیان لێ براوە، لەگەڵ ئەوەش هەر دەنگێکی حەق خوازانە و ڕەوا لە مەڕ بەئاکام گەیاندنی تاوانی کیمیا بارانی هەڵەبجە و بگرە سەردەشتیش کپ دەکەن و لەگەڵ کوت و زنجیر ڕووبەڕوویان دەکەنەوە. خۆ ئێستاکە کەس پێشی پێ نەگرتوون، سەددامی دڕندە لە سەر مێزی دەسەڵات دا نەماوەتەوە، ئایا جیا لەوەیە کە لە سەر خوێنی کوردی بێ تاوان و زوڵم لێ کراو، مامەڵەی نهێنی و ئاشکرای ماڵی و... دەکرێت. ئێمە بە قووڕسی لە سەر ئەو باوەڕەین کە، فیدا کردنی بەرژەوەندی

نەتەوەیی و ڕەوایی گەلەکەمان لە پێناوی بەرژەوەندی و مەسڵەحەتی کاتی حیزبی و کەسی خەیانەتێکی نەبەخشراو و زۆر گەورەیە. (٦)

دووپات کردنەوەی ئەو قسەیە دەبێتە هۆی سەر ئێشی کە سیاسەت وانان و چالاکانی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی هەڵسوڕ لە سەر ئەو پرۆسەیە، وا باشترە لە بیری بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەیی دابن تا لێڕوانین ولێکدانەوەیەکی بەرتەنگ و کاتی.

**دەر ئەنجام:**

کارەسات و تراژێدی دڵتەزێنی گازی کیمیایی لە سەر خەڵکی سەردەشت و بەشەکانی دیکەی کوردستان وەها گەورەیە کە لە مێژووی مرۆڤ دا، لەسەر مرۆڤ و بەدەستی مرۆڤ ڕووی داوە، بە جۆرێک کە مرۆڤایەتی و داهاتووی مرۆڤ بۆ هەمیشە دەبێت پەنجەی شەرم بگرێتە بەر ڕوخساری خۆی. مەخابن هیچ کەسیش لە مەڕ ئەو ڕووداوە ڕاناچڵەکێ، هەروەک بەرامبەر بە پرۆسەکانی دیکەی ژینۆسایدی کورد هیچ کەسێک تەنانەت داخێکیشی هەڵنەکیشاو دەستی سەر سووڕمانی لە بن چەناگەی خۆی نەچەقاند ! ئەگەر بە وردبینی هەموو کون و کەلێنەکانی مێژووی جیهان تاوتوێ بکەین، جینایەتێکی وا بەر بڵاو و ژینۆسایدێکی وەها نامرۆڤانە، کە بە درێژایی مێژوو، بەر دەوام و بێ پسانەوە لە سەر کورد کرابێت ناتوانین بدۆزینەوە.

ئەگەر بە کورتی چاوێک بە سەر دیاردە و ڕووداوی راستەقینەی هۆلۆکاست بخشکێنین و لە شیشەی ئەو ڕووداوە ئاوڕێک بدەینەوە سەر کارەساتی کیمیا بارانی سەردەشت (و هەڵەبجە) بۆمان دەردەکەوێت کە کورد چەندە چەوساوەتەوە و تا چ ڕادەیەک زوڵمی لێکراوە. دیارە بەرامبەر یەک دانمانی کارەساتی هۆلۆکاست لە گەڵ تاوان و ڕووداوی گازی کیمیایی سەردەشت و ژینۆسایدی نەتەوەی کوردبە هیچ شێوەیەک دروست نیە و ناش گۆنجێت.

ڕژیمێکی تایبەتی بە ئایدیۆلۆژیەکی کاتی و هەندێک مرۆڤی ڕەگەزپەرست بە دەستی هیتلێر کارێکی کردووە، تاکوو ئێستاش لە قازانجەکانی ئیسرائیل بە تایبەتی و یەهوودیەکان بە گشتی کەڵکی لێ وەر دەگرن و بەرهەمیان بۆ دەداتەوە، بەڵام ژینۆسایدی ڕەشی نەتەوەی کورد لە ماوەی (٧٠٠) ساڵ، بەتایبەتی یەک سەدەی هاوچاخدا بەردەوام وبێ قرتان لە لایەن ڕێژیم گەلی جیاواز و لەسەر بنەمای ناتەبا، هەر درێژەی بووە، ئاشکرایە دەم بەستن و کپ بوونی دەوڵەتە باڵا دەستەکان و ڕێکخراوەکانی نێو نەتەوەیی و کۆمەڵگای جیهانیش دەستیان بەم پرۆژەیە ڕەنگینە.

بە کار بردنی بۆمبی ئەتۆم لەمەڕ شلرەکانی هیرۆشیما و ناکازاکی ژاپۆن لەلایەن ئەمریکا، ئەگەرچی جێگەی شەرمەزاری و

مەحکومە، بەڵام ئاسەواری درێژخایەن و بەردەوامی نەبووە، گازی بە سەرداریژراوی سەردەشت جگە لە پێک هێنانی گیرو گرفت و ئازارێکی زۆری جەستەیی، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی لە سەر خەڵکی ئەو کات و منداڵان و بەرەی داهاتووی سەردەشت و گووندەکانی هەیە و هەردەشیبێت، ئەوەش بەبەڵگەیەکی زۆری زانستی و توێژینەوەیەکی لەسەر پێ، مسۆگەر دەبێت. جا ئەگەر نەوەی داهاتووی سەردەشت زوو تووڕەو عەسەبی دەبێت، ئەگەر بینیتان و بە گوێتان گەیشت کە منداڵێکی ناسرووشتی و سەقەت لە دایکبوو، بۆمان نیە، سەرمان سوور بمێنێ و بە گەڕان لە هۆکاری تایبەتی خۆمان ماندوو کەین، مانگە شەو سەر بە ئێوارە دیارە. ڕەنگە ئەگەر ئێستا ئەفلاتوونی حەکیم زیندوو بایە، پەرتووکی یاساکەی ( قوانین) خۆی بە شێوەیەکی ترو لەسەر میحوەرێکیتر دەنووسی. وەیان مووسا جۆرێکی تر لە مەڕ فیرعەونیەکاندا بەرەنگاری و بەربەرەکانی دەکرد، ئامۆژگاری پێغەمبەرەکانیش لەسەر شێوازو بنەمایەکی دیکە دادەڕێژرا، جا ئەرەستووش پێناسەیەکی دیکەی لەمەڕ فەیلەسووف، مرۆڤ و فەزیلەت دەهێنایە کایەوە.

بە بێ قسە تاوانی کیمیا باران کردنی شاری سەردەشت پێوەندیەکی پتەوی بە پرۆژەی مێژوویی ژینۆساید و قڕ کردنی کوردەوە هەیە. ئەوەی کە لە سەرووی گشت لێکدانەوەو بیروڕاکان لە مەڕ ئەو جینایەتە دەبێت لە بەر چاو بگیرترێ، ئەوەیە کە، کارەساتی وا دڵتەزێن و بێ وێنە لە مێژووی ژیانی مرۆڤدا پێش هەموو شتێک ژینۆسایدی نەتەوەیەکە، تەنیا بەڵا و رووداوێک لە سەر خەڵکی شاری سەردەشت بەدی ناکرێت.

بە درێژایی چەند سەد ساڵە کورد بەردەوام و بێ پچڕان لە ژێر چەرخی پرۆسەی ژینۆساید و لەت لەت کردن دایە، پرۆسەی سڕینەوەی بیری نەتەوەیی، کۆمەڵکوژی و ئەنفال، کیمیا باران کردن و کەوتنە بەر قامچی گوللەی تایبەتی و هەزاران بەڵاو بەسەرهاتی دیکە، لە لایەن دوژمنانی راستەو خۆ و بە ئاریکاری و ئیزنی چاوزەقکەران و ملهوڕەکانی سەردەم، بەردەوام و نامرۆڤانە لە ئارا دایە، جا کاری کوردی چارەڕەش و بێ کەس! بەو جێگایە گەیشتوە کە زرتە بۆزێکی ئەفریقایش لە کێنیا، لێیکەوتۆتە پیلان و بەر هەڵستکاری لە گەڵدا دەکات، هەر ئەو قوڵە ڕەشەی کە ئاپۆ و باکووری کوردستانی بە دوژمنانی گەلی کورد فرۆشت تا بەڵکو زۆرتر خۆی رووسپی بکات.

بە ڕاستی سەرمان لێ شێواوەو نازانین کام برینە سای ێژ بکەین، برین و داخی ڕاگوێزان و قەڵا چۆ کردن، برینی نکووڵی و ئینکار لێ کردن، برین و داخی ئەنفال و ڕەشە کووژی وە یان هەڵەبجەو سەردەشت. بە هیچ شێوەیەک ڕەواو دروست نیەو ناشێت کیمیا بارانی سەردەشت لە کارەسات و جینایەتەکانی مێژوویی خۆمان جیا بکەینەوە، بە بێ دوودڵی و ڕاڕایی دە بێ چاو لەو ڕاستیە بکەین کە ئەو پرۆژەیە بە شێواز و ئامراز و بەرنامەی کاتی بەرێوە چووە و بەرێوە دەچێت، بۆیە هەڵاواردنیان لە یەکتر هەڵەیەکی زۆر زەقی مێژووییە.

تاوانی کیمیا باران کردنی سەردەشت بە دادگایی نمونەی وەک ئەنرات و سەددام و گەدەو گودەکانی کۆتایی پێ نایەت، بە دابین کردنی ڕۆژێکی سەمبولیک و مۆنۆمێنتێکی بێ رووح! پێک هێنانی چەند دۆسیەیەکی پزیشکی و بیمەیی و گیان بەخت کراوەیی، کۆمەڵێک هۆنراوەو بەیانیە، دروشم و شوعاری ڕێکخراوو جەماعەتێکی حەق لە لایەن و لابیگەری کردن لەم لاو لا و خۆ دەپاڵ هاویشتنی ئەم و ئەو، ناتوانین و پێ ناچێت شانی خۆمان لە بن قورسایی و گرینگی ئەو جینایەتە بخزێنین و بۆ هەمیشە خاتر جەم بین و چاو داپۆشین.

تۆ بڵێی ئەو کارەساتانە هەمووی نەگەرێتەوە سەر ئەو ڕاستیە کە کورد وەک نەتەوەیەکی بن دەست لە گەڵیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە؟

با خۆمان لەو راستیە تفت و تاڵەش گێل نەکەین کە کورد لە هەموو لایەکەوە بە یەک چاو تەماشا دەکرێت و گشت دوژمنان یەک خۆێندنەوەو بۆچوونیان لە مەڕ کورد هەیە. ئەو وتەیە خۆی لە خۆی دا هەڵگری بەشێکی دیکەی ئەو ڕاستیەیە کە کورد تاکوو ئێستا وەک هە موو میللەتەکانی تر دانی پێ دانەنراوە، وێنەی نەتەوەیەکی خاوەن ماف لە لایەن سوریە و تورکیەو... هەروەها کۆمەڵگای نێو نەتەوەیش نەناسراوە و نە سەلمێندراوە.

لە دەر ئەنجامی ئەو بابەتەدا دەتوانین پەنجە بۆ هێندێک خاڵ رابکێشین کە پێویستە ڕەچاو بکرێت:

١- دەوڵەتی ئێستای عێراق وەک دەوڵەتێکی عێراق و بەرپرسی سەروەرایەتی دەوپەتەکانی پێشوو، پێوستە لە خەڵکی شاری سەردەشت بەڕەسمی داوای لێبوردوویی(عوزرخواهی) بکات، هەروەها پێویستە لە هەوڵی قەرەبوو کردنەوەی ئەو تاوانە ڕەشەی دا بێت.

٢- پێویستە لێژنەیەکی نێو دەوڵەتی بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی لە مەر ئەو تاوانە پێک بێت، بە شێوەیەک کە هیچ پابەندیەکی بە هیچ دەوڵەتێکەوە نەبێت و سەربەخۆ و راستەو خۆ کار بکات تا هەموو تاوان بارەکانی، راستەو خۆ و ناراستەو خۆ بداتە بەر دەستی عەداڵەت و لێ پرسینەوە.

٣- پێویستە خوازیاری ئەوە بین ڕۆژێکی دیاریکراو لە ژێر ناوی ڕۆژی جیهانی کیمیا باران و ژینۆسایدی گەلی کورد لە لایەن ( un ) ەوە و بە رەسمیەت بناسرێت و ئەو کردەوە دژ بە مرۆڤایەتیە مەحکووم بکرێت. چوونکو ئەو کارەساتە پێوەندی بە کۆمەڵگای جیهانی و بە مرۆڤایەتیەوە هەیە.

٤- ڕێکخراوی نێو نەتەوەیی، بە یارمەتی دانی ئابووری و زانستی و پزیشکی خەڵکی شارەکان لە هەوڵی قەرەبوو کردنی ئەو جینایەتە دابێت و ئەو کارەش هەر دەبێت ڕاستەو خۆو لە ژێر بەرپرسایەتی خۆیدا بێت.

٥- پێکهاتەو ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵات لە تاراوگەدا پێویستە ئەو جینایەتە وەک خۆی بە دەوڵەتەکانی دیکە بناسێنن.

٦- ئەرکی سەرشانی هەموومانە کە لە هەر چوارپارچەی کوردوستان و تاراوگەدا، بەردەوام لە سەر ئاسمیلاسیۆن و ژینۆساید کردنی گەلی کورد پێداگر بمێنینەوە تا مافی نەتەوەییمان لە لایەن کۆمەڵگای جیهانی و پێکهاتەی نێو نەتەوەیی بە فەرمی بناسرێت و دانی پێدا بهێنرێت.

٧- گشت ڕێکخراوو ئەنجومەنەکانی چالاک لە بواری کارە ساتی کیمیایی سەردەشت و هەڵەبجە دەشێت راستەو خۆ و سەربەخۆ بەرنامەی پێویست دابڕێژێت، پرۆسەو پێداویستیەکانی خۆی بەڕێوە بەرێت، بە بێ ئەوەیکە هیچ وابەستەیی و پێبەندیەکی بە کاربەدەستان وماقووڵەکانە وە هەبێت، بە مانایەکی دیکە، راستەو خۆ و بوێرانە بەرنامەکانی خوی، بۆ خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ. جێ گوومان نیە بەڕێوە بردنی بەرنامەکانی ساڵوەگەری کارەساتی کیمیایی بە کارگیی ی دەوڵەت و خۆتێ هەڵقووتێنەران، دەرئەنجام و بەرئەنجامێکی گرینگی هەبێت، جگە لە چەواشە کردن و بە لارێ بردنیدا، چی تری لێ هەڵناکەوێت.

٨- پێویستە هەموو ئازار پێ گەیشتوان و قوربانیانی شاری سەردەشت و تەواوی گوندەکانی سەردەشت بە بێ هیچ جیاوازیەک قەرەبووی ئەو تاوانەیان بۆ بکرێتەوە؛ حەق وایە بۆ هەموو خەڵکی شار و گووندەکان بە بێ هیچ جیاوازیەک، ئەوانەی ئێستا لە ژیان دان و ئەوانەی نەوەی داهاتووش، دەبێ بەو پەڕی ڕێز و حورمەتەوە، لە زێر چاوە دێری ڕێکخراوە نێو نە تە وە یيە کان دۆسیەی تایبەتیان بۆ ساز بکرێت.

٩- پێویستە دەفتەری ڕەهبەری، دەوڵەتی ئاغای ئەحمەدی نەژاد، مەجمەعی تەشخیسی مەسڵەحەتی نیزام، پارلەمان و.. بە بەرنامەو بودجەیەکی تایبەتی لە هەوڵی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی پیشە سازی و پڕۆژە خزمە تگوزاریە کان، زانکۆ و پڕۆژەی بنەڕەتی داڕشتن بۆ خەڵکی لێ قەوماوی سەردەشت بن، تا لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕوخساری ناحەزی شار و کۆمەڵگای سەردەشت بەرەو پێشکەوت و گەشە سەندن هەنگاو هەڵبنێتە وە.

**کۆتایی**:

**ئێمە لە سەر ئەو باوەڕەین تا کێشەی کورد لە سەر بنەمای دیاریکردنی مافی چارەنووسی نەتەوایەتی، بە شێواز و میتۆدێکی دیمۆکراتیانە، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناویندا چارەسەر نەکرێت، بە بێ دڕدۆنگی کارە سات و ڕووداوی لەو چەشنە، بەردەوام، بە شێوازگەل و لە ژێر سەردێڕی جۆراو جۆر لە جێی خۆی دەمێنێتەوە، واتە کێ بەرکێی نەیارانی کورد لە داڵدەدانی کوردی لێ قەوماو دا، ژینۆساید و قڕ کردن، جارێکی تر بە ناوێکی تر لە ڕۆژگارێکی تر بە سەری دا دەسە پێت و درێژەی پێ دەدرێت و کۆتایی پێ نایەت.**

**لە ڕاستیدا چەرمەسەری و ژینۆساید و خاشەبڕکردنی گشت نەهاتەکانی گەلەکەمان و قەرەبووی هەموو ڕووداوە تاڵەکانی مێژووییمان بۆ هەمیشە بە گەیشتن بەو مافە ڕەوایەوە بەستراوەتەوە.**

**٦ی پووشپەڕی ٢٧٠٦ - ٦ی پووشپەڕی ١٣٨٥ سەردەشت**

**سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٧ی جوونی ٢٠٠٦**

## کیمیاباران کردنی سەردەشت، تاوانێکی گەورەیە بە تەوێڵی دوژمنانی نەتەوەکەمانەوە.



### مەریوان نستانی

بە درێژایی مێژووی ململانێی هێزەکانی ناوچەیی و جیهانی کە لەسەر خاکی کوردستاندا بوون، گەلی کوردستان سەرەڕای ماڵوێرانی و دەربەدەری بەزۆر و بە ناچاری کراونە سووتەمەنی ئەو ململانێ ناڕەوایانە و زۆرترین زیانیان وێکەوتووە، شاری سەردەشت و کیمابارانکردنی ئەو شارەش لە لایەن ڕێژیمی لەنێوچووی بەعسی عێراقەوە دەکرێ بەیەکێک لە ئاکامەکانی ئەو ململانێیانە دابنرێ، دەکرێ ڕوونتریش ئاماژەی پێبکەین یەکێک لە ئاکامە تاڵەکانی شەڕی ناڕەوای نێوان عێراق و ئێران، کە نزیک بە دوو میلیۆن مرۆڤی هەڵلووشی.

ڕەنگە زۆر پاساو بۆ ئەو مەسەلەیە هەبن، مەبەستم بۆمبارانی کیمیاوی شاری سەردەشتە، لەوانە کاتێک دوو دەوڵەت لەشەڕدان ماڵوێرانی بۆ هەردوولا لێدەکەویتەوە، بەڵام من لەو بڕوایەدام هیچ پاساوێک نیە بۆ لەنێوبردنی دڕندانەی خەڵکی بێتاوان و بێچەک ئەویش بە بەکارهێنانی چەکێکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی، کە هیچ عورف و یاسایەک پشتیوانی لەبەکارهێنانی ئەو چەکە ناکا، لەبەرەکانی شەڕیشدا هەتا بگا بەوەی کە بەدژی خەڵکی مەدەنی بەکاربهێنرێ.

ڕەنگە دووبارە گێڕانەوەی ڕووداوەکە پێویست نەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی بەداخەوە ئێستا زۆربەی خەڵکی کوردستانیش لەم تاوانە گەورەیە وەکو پێویست ئاگادارنین بە پێویستی دەزانم هەرچەند بەکورتیش بێ، ئاماژەیەک بە ڕووداوەکە بکەم، ساڵی ١٩٨٧ ئێوارەی ڕۆژی ٢٨ی مانگی شەش (٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦) فڕۆکە جەنگیەکانی ڕێژێمی بەعسی لەنێوچوو هێرشیان کردە سەر شاری سەردەشت و چەند گوندێکی دەوروبەری و بە گازی خەردەل و بۆمبی کیمیاوی بۆردومانیان کردن، چەکێکی کاریگەر و بەکۆمەڵ کوژ بەو شێوە فراوانە بۆیەکەم جاربوو بەکار دەهات، بەتایبەت دژی خەڵکی بێچەک و سیڤیل، دیارە کەمتر لە ساڵێک دوای ئەو تاوانە هەمان چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە ١٦ی مارچی ١٩٨٨ لە

شاری هەڵەبجەدا بەکارهێنرا و ئەم جارەیان هەزاران کەسی کردە قوربانی. لە ئاکامی ئەو تاوانەی ڕێژێمی بەعس دژی مرۆڤایەتیی و دژی خەڵکی کوردستان و شاری سەردەشت، وێڕای وێرانی و خاپورکردنی چەند بینایەک بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی کە تۆمارکراون زیاتر لە ٢٠٠ کەس گیانیان لەدەست دا و دە هەزار (١٠٠٠٠) کەس برینداربوون، بێگومان ئێستاش ژمارەیەک لە برینداەکانی ئەو تاوانە چاک نەبوونەوە و لەو ژمارە زۆرەی بریندارەکان ژمارەیەکی زۆریان لە ئاکامی سەختی برینەکانیان و نەبوونی چارەسەری پێویست بۆیان و کەمترخەمی بۆ پێڕاگەیشتنیان تا ئێستا گیانیان لەدەست داوە و کەم ئەندام بوون، سەرەڕای ئەوەش کاریگەری بەکار هێنانی ئەو چەکە ئێستاش دوای هەژدەساڵ بەسەر خەڵکی ئەم شارە و سروشتی جوانی ئەو شارەوە دیارە، بە جۆرێک بۆتە هۆی وێرانی هەتا کانی و ئاو و ڕوەکەکانی ئەو ناوچەیەشی ژاراوی کرد.

دزێوی و سامناکی ئەو کارەساتە لەوەدایە کە کەسانێک بوونە قوربانی هیچ تاوانێکیان بەرامبەر لایەنی هێرش بەر نەبووە، هەر لەوکاتەدا لە لایەن ڕێژیمی حاکم لە وڵاتی خۆشیان دا مافەکانیان پشێل کراوە و زوڵمیان لێکراوە، ئەوان تەنها لەبەر ئەوەی کورد بوون بۆیە مەحکوم بوون بە مردن.

چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەداخەوە تا ئێستا کارێکی بەرچاو و شایان بۆ زیندوو هێشتینەوەی بیرەوەری شەهیدان و قوربانیانی ئەو کارەساتە و قەرەبووکردنەوەی زەرە ر و زیانەکانیان نەکراوە، بە بڕوای من ئەرکی هەموو مرۆڤێکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆستە کار بۆ ئەم مەسەلەیە بکا.

**بە دۆکیومێنت کردنی ئەو تاوانە:**

پێویستە کەسانی شارەزا و پسپۆڕ چ لەبواری یاسایی و چ لە بواری ئامار و پزیشکی و... هتد، ژمارەی دروستی قوربانیان، بریندااران و چەندێتی و جۆری گازە بەکار هێنراوەکان، زەرەر و زیانی ئەو گازانە بۆسەر ئاژەڵ، کانی و ئاو، ڕوەک و سروشتی ئەو ناوچەیە و وەزعیەتی ئێستای بریندارەکان و هەروەها ئاسەوارە درێژخایەنەکانی ئەو گازانە و جۆری نەخۆشیەکانی کە بەهۆی ئەم گازانەوە تا ئێستاش بەردەوامن و گیان لە بریندارەکان دەستێنن، پێویستە بەوردی لێیان بکۆڵرێتەوە و وەکو پەروەندەیەک ئامادەبکرێ، چونکە ئەوەندی من ئاگام لێبێ قوربانیانی ئەو کارەساتە لەهیچ لایەکەوە قەرەبوو نەکراونەوە.

### ناساندنی ئەو تاوانە و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی جیهان:

دیارە لە بازنەیەکی بەرتەنگ دا هێندێک لایەنی نێونەتەوەیی ئاگاداری ئەو مەسەلەیە هەن، بەڵام زیاتر ئەو ئاگاداریەش لە رووی پێراگەیشتنی پزیشکی و دەرمانیيەوە بووە، بەشی گەورەی خەڵکی جیهان یان ئاگاداری ئەو تاوانە نین یان وەکو یەکێک لە دەرەنجامەکانی شەڕی نێوان دوو وڵات سەیری دەکەن و ئەوەی کە لەو نێوەدا باسی ناکرێ و کەس ئاگای لێ نیيە قوربانیانی ئەو تاوانە و کوردبوونی ئەوانە.

بۆیە پێویستە ئەو مەسەلەیە گرینگی تایبەتی خۆی بدرێتێ و خەڵکی زمانزان و شارەزا لە وڵاتانی دنیادا پێویستە کۆڕ و سیمیناری تایبەت بەم مەسەلەیە لە دانیشگاکان، پارلەمانەکان و شوێنە شیاوەکانی ئەم باسانە بەرێوەبەرن و لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بابەت و لێکۆڵینەوەی پیوەندیدار بەم تاوانە بنووسن و بڵاو بکەنەوە.

### یادکردنەوەی ئەم کارەساتە:

بەداخەوە ئێستا هەموو خەڵکی کوردستانیش زانیاری تەواویان لە چۆنیەتی ئەو کارەساتە و سامناکیيەکەی نیيە، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی هەمووان و لە لایەکی دیکەوە بۆ لەبیر نەچوونەوەی قوربانیانی ئەو تاوانە بە پێویستی دەزانم ساڵانە یادی کیمیا بارانکردنی شاری سەردەشت و ناوچەکانی دەوروبەری لە سەر ئاستی کوردستاندا و فراوانتر لە ئاستە نێونەتەوەییيەکاندا بکرێتەوە هەر وەک چۆن یادی کیمیا بارانکردنی شاری هەڵەبجە و دۆڵی بالیسان و ..هتد دەکەینەوە، لەم پێوەندیيەدا ئەرکی حیزبە سیاسیيەکان و رێکخراوە مەدەنی و پیشەیی و کۆمەڵایەتییيەکانە رۆڵی کارای خۆیان بگێڕن.

حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەخۆشیەوە ئێستا هەردوو ئیدارەکانی یەکیان گرتۆتەوە و کەش و هەوایەکی تازە بۆ خزمەتی هاولاتیان لە سایەی بارودۆخی ئێستای ناوچەکەدا هاتۆتە ئاراوە، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ حکومەتی هەرێمی کوردستان فێستیڤاڵی ساڵانە بۆ یاد کردنەوەی قوربانیانی شاری سەردەشت بەرێوەبەرێ، هیوادارم چیدی لەو بارەیەوە کەمترخەمی نەکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - رێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٠٦

## دادگای کردنی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات لە شاری لاهەی هولەند



**عەلی رەحیمی**

لە ڕۆژی ۲۱ی نوامبروە تاکوو ۹ی دیسامبری ۲۰۰۵ی زائیینی دادگای ڕەسمی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات لە شاری لاهەی هولەند دەستی پێکرد.

ئەو دادگایە لە سەر شکایەتی ۲ کەس لە خەڵکی شاری هەڵەبجە بە ناوەکانی دالیا محەممەد و ڕێباز قادر و عەلی ڕەحیمی خەڵکی شاری سەردەشت و دانیشتووی وڵاتی هولەند دەستی پێکرد. پاش لێکۆلینەوەی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات لە مانگی ٦ی ۲۰۰۳ لە لاهە کۆمیتەی چاک وەک کۆمیتەیەک دژ بە ئەنفال کردن و ژینوسایدی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستانی داگیرکراو، ئەم شکایەتەی بردە مەجلیسی هولەند.

پاشان بە هاوکاری PS (sosyalistise partaye) لە هولەند دەست کرا بە لێکۆلینەوە. تاوانبار فرانس ڤان ئانرات کە لە ساڵەکانی ۱۹۸۵ هەتا ۱۹۹۱ لە کرین و فرۆشتنی موادی شیمیایی بۆ حکومەتی فاشیستی بەعسی عێراق هاوکاری و دەستی باڵای هەبووە، ناوبراو بۆ بە دەست هێنانی ماددەی شیمیایی بۆ درووست کردنی گازی خەردەل، لە ژێر دانانی شیرکەتەکانی جۆراوجۆر لە سەنگاپوور و سوئیس و ئیتالیا و ژاپۆن و ئۆردۆن، لە ڕێگای ئەمریکاوە بۆ ژاپۆن و ئیتالیا و لەوێوە بۆ ئانتیوێرپن لە بلژیک و لەوێ را بۆ بەندەری ئاقابە لە ئۆردۆن و دوایە بۆ بەغدا و پاشان گوازتنەوەیان بۆ کورەخانەکانی درووست کەری موادی شیمیای بۆ درووست کردنی گازی خەردەل یان موستەر گاز و تالڤۆن لە گازەکانی جۆراوجۆر و موادی TDG POSL3 POL3 و چەندین گازی دیکە کەڵک وەر گیراوە، بۆ بە دەست هێنانی ئەو گازانە و چەندین گازی دیکە تاوانبار فرانس ڤان ئانرات یارمەتی حکوومەتی بەعسی داوە بۆ بە کار هێنانی دژ بە گەلی کورد.

یەکەمین شار کە بەو گازە بەر بۆمبارانی شیمیایی لە پاش شەری دووهەمی جیهانییەوە ( پاش شەری ئیپر لە بلژیک) کەوت شاری سەردەشت بوو، ئەم شارە بە دەستی فرۆکەکانی میراژی فەرانسە بۆمباران کران، لە کاتژمێر ٤:٤٠ دەقیقەی رۆژی ٢٦ی جۆنی ١٩٨٧ لەم رۆژەدا بە هەزاران کەس بە هۆی نەزانین و کەم ئەزموونی گیانیان کەوتە مەترسی و تووشی زامدار بوونی جەستەی و دەروونی بوون.

لە کاتی بۆمباران دا و ساتەکانی یەکەم دا ٢٩ کەس شەهید بوون و ناوەندی شاری سەردەشت لە چوار لاوە کەوتە بەر پەلاماری فرۆکەکانی عێراقی و هەروەها لە دەرەوەی شاریش گوندی ڕەشەهەرمێ و دەوروبەری بێران و شڵماش و بێژوێ و ئاڵوەت لەو ناوچەیە کەوتنە بەر ئەو پەلامارە دڕندانەیە.

پاش دوو ساڵ نیو لە کارەساتی بۆمبارانی شیمیایی سەردەشت و دەوروبەری هەئیەتێکی پزیشکی هاتووتە ناوچەکە و بەشێک لە شەهیدان و بریندارەکانیان لە لیستەی زەرەر دیتوانی شیمیایی دا تۆمار کردووە، کە بە داخەوە ئەو لیستە تۆمار کراوە لیستەی تەواو نییە و زیاتر لە ٧٠% لە بریندارەکان لەو لیستە دا تۆمار نەکراون، هەر چەند بەداخەوە کاریگەری ئەو گازە شیمیاییە بەشی هەرە زۆری خەڵکی ئەو ناوچەیەی گرتۆتەوە، بەڵام کەمکاری زۆری دەرحەق کراوە، یەکێک لە هۆیەکان ئەوەیە کە بەشێک لەو خەڵکە زامدارە بە هۆی ئیمان هەبوونیان بە مەسەلەی کوردایەتی ناوی خۆیان وەک زامداری شیمیایی تۆمار نەکردووە لە بەر ئەوە ناویان دەچێتە ناوی ئیدارەی گیانبەختان ( جانباز ) و ئەو شوێنەش زۆرتر بۆ پیاوانی سەر بە حکوومەت دامەزراوە و لە ئاکام دا پێیان وایە کە دەبێ ئەوان ناویان لە لیستەی جاش و خۆفرۆشەکانی سەر بەو ئیدارەیە و سەر بە حکوومەت جیا بکرێتەوە و ناویان لە پاڵ لیستەی جاشە کوژراو و بریندارەکان دا نەبێت. بەشێکی دیکەش لەو خەڵکە بە هۆی ئەوە کە کەس و کاری پێشمەرگە بوون، پێیان وابووە کە ئەوەش شەرعیەت دان بە دەوڵەتە و دەوڵەت دەیهەوێ بە ناوی ئەوان مەسەلەی خۆی زەق بکاتەوە، "هەر چەند دەوڵەت ئەو کارەشی کردووە". لە سەر ئەو بنەمایە بەشێک لە زامدارانی شیمیایی سەردەشت نەچوون ناوی خۆیان تۆمار بکەن، لە هەمان کاتیشدا کاربەدەستانی حکوومەت بە ئانقەست و بە تۆڵەستاندنەوە لە کەس وکاری پێشمەرگە ڕاستەوخۆ بەرگری لە ناونووسی ئەوان کردووە، هەر بۆیە ئەو لیستە تۆمار کراوە کە لە لایەن چەند پزیشکێکەوە ئامادە کراوە، تەواو نییە. بە داخەوە تاکوو ئێستا زیاتر لە ١٠٠٠ کەس شەهید و هەروەها زیاتر لە ٥٠٠٠ کەسیش بریندار بوون و لە شەهیدەکان تەنیا ناوی ١٠٩ کەس بە ڕەسمی ناو نووس و تۆمار کراون. بەشی هەرە زۆری ناوی شەهید و بریندارەکان ناویان لە لیستی تۆمار کراو دانییە. و ئەگەریش بچیە ناو قوڵایی ئەو مەسەلەیە ئەو کات بۆمان دەر دەکەوێ کە ئەگەر ئەو کات کاربەدەستانی حکوومەت هەوڵیان دابایە و هەموو ئەو کەسانەیان بە بێ جیاوازی ناونووسی کردبایە و ئەو کارەساتەیان هەر ئەو کات لە قاو دابایە، ڕەنگە قەت ڕووداوی هەڵەبجە و گۆگتەپە و زێوە و شێخوەسانی زەردە و شنۆ بادینان و دەیان شوێنی دیکە کوردستان و هەروەها ١٨٢٠٠٠ ئەنفالکراو و ٨٥٠٠ بارزانی و ٨٠٠٠ کوردی فەیلی ( کوردەکانی فەیلی ئەو کوردانەن کە لە مێژساڵە

چوونە نێو عێراق و لە ڕەگ و ڕیشەوە پەهلەوین، بەڵام لە بەر ئەوە لە عەرەبی دا پیتی "پ" ی نی یە و ئەو پیتە بە پیتی "ف" دەخوێندرێتەوە لە ئاکام دا پەهلەوی بۆتە فەهلەوی و دوایەش وشەی فەهلەوی کورت کراوەتەوە بۆتە کوردی فەیلی.) و سەدان جینایەتی دیکەی لەو شێوەیە دژ بە گەلی کورد رووی نەدابایە، هەر بۆیە دوای ئەو بێ دەنگی‌یە داگیرکەرانی کوردستان بە کەیفی خۆیان لە کوشتن و بڕینی کوردەکانی کوردستانی باشوور و باکووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و کوردستانی ڕۆژهەڵات "سنە، قەسری شیرین، ئیلام، نەوسوود پاوە، بانە، مەریوان و قاڕنێ و قەڵاتان و سەقز و سەردەشت و دەیان شوێنی دیکەی ئەم کوردستانە" بە کەیفی خۆیان شەرعیەتیان بە کورد کوژی داوە. لەو کوشتن و بڕینە دا هەر جارەی لە ژێر ناوێک، بۆ نموونە لە ژێر ناوی مەزهەب و دین، یان تورکیسم، شوڤینیستی عەرەبی و ناسیونالیستی ئاریای‌یەوە گەلی کوردیان قەلاچۆ کردووە.

لێرەدا ڕەخنە لە سەر کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان و بە تایبەت ئەو هێز و ڕێکخراوە سیاسی‌یانەی کوردە هەیە کە بە شێوەیەکی باش و ڕێکوپێک و زانستیانە لە بەرامبەر ئەو هەموو جینایەت و کردەوە ناحەزانەی دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستان دا هەڵوێستی ڕوون و بەرچاویان نەبووە. هەر بۆیە دەبوو، بەرژەوەندی گەل و نیشتمان لە سەروی بەرژەوەندی‌یە شەخسی و حیزبی‌یەکانەوە بایە، ئەو بەو مانایە نی‌یە کە بمهەوێ زەحمەت و تێکۆشانی هێز و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان لە بەر چاو نەگرم بەڵام ئەو گلەیی و ڕەخنەیە لە سەریانە و هیوادارم کە لە داهاتوو دا بتوانین ئەزموون لە هەڵە و کەمکاری‌یەکانی گەلەکەمان و حیزبەکان وەر بگرین.

لە ڕۆژی ٥ی دیسامبیر چەند کەس لە شاهیدەکانی شاری سەردەشت و هەڵەبجە و ئاڵوەت و زەردە و لە شارەکانی ئابادان و خوڕڕەمشەهر را کە هەر هەموویان خەڵکی سیڤێل و کاسبکار بوون، بەشداری دادگایی تاوانبار فرانس ڤان ئانرات بوون. ئەوەی کە جێگای سرنج بوو، شاهید دانی چەند کەسێک بوو بە ناوەکانی بەریزان، قادر مەولانپوور و حەسەن واحیدی و کاک ساڵح عەزیزپوور ئەقدەم و عەبدوڵلا شەریفی و چیمەن سەعیدی و باوکی چیمەن بوو. کە هەر هەموویان خاوەنی چەندین شەهید و بریندارى شیمیایی بوون، هەروەک بەرێز عەلی مەحموود لە نووسراوەکەی خۆی دا لە ژێر ناوی " عومەری خاوەری سەردەشت" دا، بابەتێکی بڵاو کردەوە و تێدا ڕۆڵی مام قادر و کەسانی دیکەی تێدا باس کرد بوو جێگای سوپاس و پێزانینە، بابەتی ناوبرا ڕاستی‌یەکانی تێدا زەق کردوونەوە، بۆیە منیش خۆم لەو باسە نادەم و تەنیا هێندێک ئاماژەی کورت بە دادگایەکە دا دەکەم.

مام قادر مەولانپوور کاتێک لە دادگا دا باسی شەهید بوونی منداڵە جگەرگۆشەکانی کرد و باسی کچە ئەنفالکراوەکەی خۆی کرد، هەموو بیسەرانی نێو هۆڵی دادگا بە جارێک، کڕ و بێدەنگ بوون و بێدەنگی‌یەکی مچۆڕک هێنەر تەواوی هۆڵی دادگاکەی داگرت و هەموو لایەکی سەرسامی ئەو جینایەت و ڕووداوە کرد کە بە سەر خۆی و ماڵ و منداڵی هات بوو، بە

تایبەت کاتێ خاتوو زیخ ڤێلد وەکیلی قوربانییەکان وێنەی کچێکی کە لە کتێبی " دوکتۆر فروتەن" بە مام قادر نیشان دا و پرسیاری لێکرد کە ئەو وێنەیە دەناسی؟ هۆڵی دادگا کەش و هەواییێکی خەمباری بە خۆیە و گرت.

مام قادر دەستی کرد بە گریان و وتی: ئەوە شەهینی کچمە.

لێی پرسی تاکوو ئێستا ئەو وێنەتان بینیوە؟ وەڵامی دایەوە، وتی ئەوە یەکەم جارە کە ئەم وێنەیە دەبینم، حاکمی دادگا و هاوکارەکانی و تەنانەت وەکیلەکانیش بە هەموو بەشدارانی نێو هۆڵی دادگاوە بێجگە لە چەند نوێنەرێک کە پیاوی داگیرکەرانی کوردستان بوون هەر هەموویان دەگریان و فرمێسکیان بە سەر گۆناکانیان دا دەهاتنە خوار ئەم دیمەنە هەموو لایەکی نارەحەت و غەمبار کرد و نێزیک بە ١٥ دەقیقە هۆڵی دادگا بەم شێوەیە بێدەنگ و مات بوو.

ئەو پیاوە ڕەشید و بە جەرگە مام قادر ساڵی ڕابردوو لە گردی قوچی مارەغانی برایەکەی بە دەستی جاشە




خۆفرۆشەکان شەهید کرا بوو، پێشتریش مام قادر وەک پێشمەرگە خزمەتی بە گەلەکەی کردوە و وەک مرۆڤێکی باش و جێگای متمانەی خەڵک ناوبانگی دەر کردووە، لە هۆڵی دادگا دا زۆر بە جوانی و بە ڕێکوپێکی قسەکانی خۆی پێشکەش بە بەشداربووان کرد و لەوێش سیمای پێشمەرگانە و کوردانەی مام قادر بە تەواوی خۆی نواند بوو، و قسەکانی ئەوەندە بە جۆرێ بوون کە جێگای هیچ شک و گومانێکی بۆ خەڵکی بەشداربووی نێو هۆڵی دادگا نەهێشت بووە.

دوای ماوەیەک بێدەنگی رئیسی دادگا ڕووی لە وەکیلەکانی فرانس ڤان ئانراتی تاوانبار کرد و گووتی: پرسیارتان لە باوکی ئەو کچە ئەنفالکراوە هەیە؟ وەکیلەکان لە وەڵام دا تەنیا بە ئیشارەی سەر وەڵامی نەیان دایەوە.

ئاخر کاتێک مام قادر دەگەڕایەوە بۆ تەورێز، خێزانیشی لە دەست دابوو، پێش ئەوەی خێزانی لە دەست بدات ئەوان ببونە ساحەبی کچێک و ناویان لێنا بوو ژیان، بەڵام بە داخەوە دوای مردنی خێزانی کچەکەشی بێ سەروشوێن کرا و یا چاکە ئەوە

بلێین کە ئەنفالکرا، بەڵێ ئەوە داستانێکی واقیعی و ڕووداوێکی نێو کۆمەڵگای کوردەواری ئێمەیە کە تا ئێستا لەو ڕووداوانە بە هەزاران جار دووپات کراوەتەوە و هەموو لایەک خۆیان لێ بێ دەنگ کردووە و ئێستا وردە وردە دوای گیران و محاکمەی کردنی سەددام حوسێنی دیکتاتۆر و داروودەستەکەی خەریکە پەردە لە سەر جینایەتە سامناکەکانی حوکمەتی عێراق و ئێران هەڵدەدرێتەوە، کە هیوادارم ئەو ڕەوتە زۆر بە باشی بچێتە پێش.

دوای قسەکانی مام قادر، بە نۆرە شاهیدەکان قسەیان لە سەر ڕووداوەکە کرد. کاک حەسەن واحیدی بەسەرهاتی غەمناکی خۆی ئاوا باس کرد کە چۆن سەلاحی کوری و خێزانی و هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی بە دەست گازی شیمیایی‌یەوە لە نێوچوون و دەنگی نووساو هەناسە سواری کاک حەسەن هەموو کارەسەتەکەی پێوە دیار بوو کە ئەوەش لە سەر ڕەوتی دادگایەکە کاریگەرییێکی زۆر باشی هەبوو. هەروەها کاک سالّح عەزیزپوور ئەقدەم باسی بریندار بوونی خۆی و دەرد و ئازارەکانی کرد و زۆر بە گەرمی و ڕاستگۆیانە پەردەی لە سەر ئەو جینایەتە هەڵدایەوە و دەستی بۆ تاوانبار فرانس ڤان ئانرات ڕاداشت و داوای لە بەرێوەبەرانی دادگا کرد کە لەو جۆرە تاوانانە خۆش نەبن و حوکمێکی عادڵانەی بۆ دیاری بکرێ بۆ ئەوەی هەرچی تاوانبارە تەنبێ بکرێ و تاوانباران لە دەست قانوون و یاسا ڕزگاریان نەبێت و گووتی پێم وایە باشترین دەرمان بۆ زامدارانی شیمیایی سەردەشت و باقی شوێنەکانی دیکە حوکم دانی تاوانبارانە.

چیمەن سەعیدی بە دەنگێکی گۆڕاو و بە تەنگە نەفەسی‌یەوە چیرۆکی خەمباری لە دەست دانی دایکی و برا و کەس و کاری خۆی بۆ بەشداربووان باس کرد، ئەویش وەک چیرۆکی ڕاستەقینەی مام قادر، نێو هۆڵی دادگای بە تەواوی هەژاند، باسی ئەوەی کرد کە چۆن چۆنی دوکتۆرەکان لە دەرمان کردنی نائۆمید بوون و پێیان گووتوە کە لە داهاتوویێکی زۆر نێزیک دا بینایی چاوەکانی لە دەست دەدا و چیدی ناتوانی دونیای ڕوون ببینێت. ئەو گووتی لەو کاتەوە کە دوکتۆرەکان ئەو قسەیان پێ گووتووە هەموو کاتێک بیر لەوە دەکاتەوە کە کەی دەبێ ئەو ڕۆژە ڕەشە ڕووی تێبکات و لە دونیای ڕوون بێ بەری بێت.

هەروەها لە درێژەی شاهیدی دان دا ٣ کەس لە شاهیدەکانی گووندی زەردە لە پارێزگای کرمانشان هەڵکەوتوو لە کوردستانی ڕۆژهەلات باسی بەسەرهاتی خۆیان بە وردی باس کرد. ئاغای سالّحی بە دەم گریانەوە باسی ئەوەی کرد کە بۆ خۆی بە تەنیا ٢١ کەس لە ئەندامانی بنەماڵەکەی ناشتووە، ئەو لە کاتی قسە کردن دا کۆخەیەکی زۆری هەبوو و بە دەست ئەو کۆخە و تەنگەنەفەسی‌یەوە دەیناڵاند و گووتی کە ساڵانێکی دوور و درێژە بە دەست ئەم دەردەوە دەناڵێنم و هەر بۆیەش زیاتر نەیتوانی درێژە بە قسەکانی بدات. بەڵام دوای ئەو عوسمان کە هەر دوو چاوی کوێر بوون و خەڵکی گوندی زەردەیە باسی بە سەرهاتی تراژیدی خۆی و گوندی زەردەی کرد و کۆمەڵێک زانیاری خستنە بەر دەم دادگا. دانیشتوانی گوندی زەردە هەر هەموویان یارسانین و هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە دەرد و ئازارەکانی لە لایەن هەر دوو حکوومەتەکانی شەرکەر واتە ئێران و عێراق بشاردرێتەوە و هیچ باسی لێ نەکرێت. گوندی زەردە لە دواین ساتەکانی شەری

ئێران و عێراق دا بوردومان کرا و خەڵکێکی زۆری تێدا شەهید و بریندار بوون و ڕێژیمی فاشیستی عێراق بۆ لە نێو بردنی ئەو گوندە و دەیان گوندی دیکە لە هیچ کردەوەیەکی دژی ئینسانی دریغی نەکردووە و تاوانی تێدا خوڵقاندوون. گوندی زەردە بە گازی خەردەل ( موستەر گاز ) بۆمباران کراوە و نێزیک بە ٢٧٣ کەس شەهید بوون و زیاتر لە ١٤٠٠ کەسیش بە تووندی بریندار بوون و ماوەیەکی یەکجار زۆرە کە بە دەم ئازار و ژانەوە ژیان لە بێ ئیمکاناتی دا بە سەر دەبەن و هیچ کەس و بە تایبەت کاربەدەستانی حوکمەتی ئێرانیش تا ئێستا ئاوڕیان لێ نەداونەوە، تەنانەت هیچ ڕێکخراوێکی خێر خوازی نێودەوڵەتیش کاریان بۆ چارەسەری برینەکان و ئازارەکانی ئەو گوندە نەکردووە و ناویان بە تەواوی پەردەپۆش کراوە.

پاش زیاتر لە ساڵ و نیوێک بە سەر داداگای تاوانبار فرانس ڤان ئانرات دا، لە ڕۆژی ٢٣ی مانگی دیسامبری ٢٠٠٥ دا لە دادگای وەزارەتی دادی لاهەی هولەند دا لەدوایەن وتەکانی قازی یەکەمی دادگا دا ئاوا باس لە سەر تاوانبار کرا کە، تاوانبار فرانس ڤان ئانرات لە جینوسایدی گەلی کورد و عێراق دا دەستی نەبووە و هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی جینوساید کردنی کوردان لە لایەن تاوانبار فرانس ڤان ئانرات لە دەست دا نیە، بەڵام هەموو لایەکمان و هەروەها بەڵگەکان نیشان دەدەن کە ناوبراو هاوکاری نێزیکی حکوومەتی عیراق بووە بۆ بە دەست هێنانی مەوادی شیمیایی و هەر بەو مەوادانە گەلی کورد جینوساید کراوە، هەر بۆیە ئەویش بە تاوانی هاوکاری کردن لە گەڵ حکوومەتی دیکتاتۆر و هەڵوەشاوی عیراق حوکم دەدرێ و حوکمەکەش بە ڕای گشتی جیهان و ئێوە بەشدار بووان ڕادەگەیەندرێ.

پاش چەند خولەکێک قازی دادگا، لە چەند وتەیەکی دیکە دا باسی قانوونی وڵاتی هولەندی کرد و حوکمەکەی بەم شێوەیە ڕاگەیاند. تاونبار فرانس ڤان ئانرات بە ١٥ ساڵ حەپس لە گرتووخانە دا مەحکووم بووە، ڕەنگ بێ بڵێین ١٥ ساڵ بۆ تاوانبارێکی ئاوا کەم بێت، بەڵام ئێمە پێمان وایە کە ئەو دادگایە، حوکمێکی عادڵانە و لە هەمان کاتدا بە جێ و ڕێکوپێکی بۆ تاوانبار دیاری کردووە.

دوای ڕاگەیاندنی حوکمەکە، لە نێو هۆڵی دادگا و دەرەوەی دادگا خەڵک بە دڵ خۆشی و بە ڕەزامەندی سوپاسی زەحمەت و تێکۆشانی هەموو ئەو کەسانەیان کرد کە ئاوا لێبڕاوانە بە دوای دۆسیەی دادگای تاوانبار فرانس ڤان ئانرات دا ڕۆیشتوون، هەرچەند ئەو حوکمە خۆشی زۆری خستە دڵی بەشێکی بەرچاو لە زامداران و خەڵکی ئاسایی و شار و گوندە بوردمان کراوەکانی کوردستان و بە تایبەت شاری سەردەشت و هەڵەبجە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هێندێک دڵسۆزی دیکە هەبوون کە بەو حوکمە ڕازی نەبوون و پێیان وایە کە تاوانبار دەبوو زیندانی زیاتری بە سەردا سەپا بایە.

چەند کەس لە ئەندامانی کۆمیتەی چاک و بە تایبەت یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە کە لە هولەند دەژی لە گەڵ

ئەوە دا کە پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان و بە تایبەت بنەماڵەی قوربانی‌یانی ئەو کارەساتە دەکا لە هەمان کاتیش دا بەو حوکمە نارازی یە و پێی وایە دەبوو تاوانبار فرانس ڤان ئانرات حوکمی زیاتری بە سەردا سەپا بایە.

دەبوو تاوانبار بە حوکمی قڕ کردن و جینوسایدی کوردان محاکمە کرا با نەک بە حوکمی فرۆشتنی کەل‌وپەل بە حوکمەتی عێراق، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە بەشێک لە خەڵک نارازی بن بە دەر کردنی ١٥ساڵ حوکم بۆ تاوانبار فرانس ڤان ئانرات.

لە کۆتایی دا بە ناوی خەڵکی زامداری شارەکانی سەردەشت و هەڵەبجە و گوندی ڕەشەهەرمێ و ئاڵوەت و زەردە و نۆدشە و هەموو ئەو شوێنانەی کە زەرەر مەندی ئەو کارەساتە بوون، سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە لەو دادگایە دا تا دواین کاتەکانی لە گەڵمان بوون و هاوکاری و هاودەردەیان لە گەڵ کردووین، بە تایبەت بەڕێزان کاک ئەمیر قادر و مارتین تیرلاخ و کریستین ڤان فێلزێن ئەندامی حیزبی PS لە هولەند و هەروەها کاک عەلی مەحموود ئەندامی کۆمیتەی چاک و دژ بە ئەنفال و جینوسایدی کوردستان کە زەحمەتی زیاتر و زۆرتریان لە سەرشان بووە، بە نوێنەرایەتی هەموو ئەو شوێنانەی کە ئاماژەم پێکردوون دەستی بە توانایان دەگووشم و داوای سەرکەوتنیان بۆ بە ئاوات دەخوازم.

بە پێویستی دەزانم سوپاسی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە لە کۆ کردنەوەی بەڵگە و سەنەد دا یارمەتیان داوین، بە تایبەت بەڕێزان کاک مستەفا چاوڕەش و کاک ڕەحیم قادری و کۆمیتەی دیفاع لە زامداران و شەهیدانی شاری سەردەشت دا کە زۆر لێبراوانە و دڵسۆزانە هاوکاری تا سەری ئەم دۆسیەی دادگای کردنە بوون.

لە کۆتایی دا هیوادارم کە ئەم دادگایە ببێتە هەوێنی دادگای کردنی هەموو تاوانبارانی جینوساید کردنی گەلی کورد و گەلانی دیکەی جیهان و دەرگایەکی ئاوالا بێت بۆ تەنبێ کردن و دادگایی کردنی هەرچی تاوانبارە.

لە گەڵ ڕیز و پێزانین - عەلی ڕەحیمی

سەرچاوە: ماڵپەری گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٨ی جوونی ٢٠٠٦

## بۆ شارەکەم




**بۆ شارەکەم "سەردەشتی خوێناوی"**

**سەرەخۆشی بێت لە گوڵە جێ ماوەکانی شەهیدانی سەردەشتی هەمیشە سەرسەوز. لە ساڵیادی پوشپەری خوێناوی، لە بیرەوەری ئازیزانی لە یادا زیندو لە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی پر سەرەخۆشی بێت لە گوڵە جێ ماوەکانی شەهیدانی سەردەشتی هەمیشە سەرسەوز. لە ساڵیادی پوشپەری خوێناوی، لە بیرەوەری ئازیزانی لە یادا زیندو لە هەڵدانەوەی لاپەرەکانی پر لە مەینەت و ژانی نەتەوی ژێردەست، دەستە گوڵێکی چنراو لە کوێستانەکانی هەر چۆار پارچەی کوردستانی داگیرکراو بۆ سەر گۆری ئازیزان هەدیەی منە و کرنۆش ئەبەم بۆ بالایان کە بەرزایی هیمالایاش قەت نایگاتێ. نوێ کردنەوەی بەڵێنمە، بۆدرێژەدانی خەباتم، تا گەیشتن بە ئازادی، ئەو هیوایەی کە نەپێکرا لە ژێر خەردل و موستاردا قەت ون نابێت. دایە گەورە دەیلێتەوە بۆ پەپولەی پێ گەیشتوو، کە چۆن مەینت پشتی چەماند، بەس نەیتوانی ورەو هیوای لەناو دلی بروخێنێت.**

**کاتێک شار و چیای جوان و دڵگیر پر بوو لە پۆستال رەشی مەلایی، رێگا نەبوو لە بەر دوژمن، لە بازار و کۆلانانداو، گرتی بیانوو، بەعسی جەلاد بۆ نەمانی شاری ئاشتی. داخی گران، بووینە دەستاوی سیاسەت یاخو گەمەی نەدامەتی، هاوار هاواری زارۆکان، تەرمی گولێک لەناو بێشکە، دلی سوتاوی دایکێکە، هیوا لە باوەش باوکی دا، ئەسرین لە گەڵ هەڤاڵەکەی، چرۆ لە ناو هەیوانەکەی، بابەگەورە لەسەربەرمالەکەی، کە هات ناپالمی دوژمنان ئەو جارەیان جیاوازی بوو جیا لە دەنگ و لەرزینی شارەکە، دیاری تری پێ بوو دوژمن بوو، هەناسەی گشت کپ کرا، هەروەک دەنگی گشت کوردێک هەوڵی کپ کرانی درابوو، سنوور کەوت، چرۆ پەری وەک پەپولە، هیوا و هەڵمەت لە لای هاوکار چونە خەوێک بۆ هەمیشە، دایە کەوتوو هاواری بۆ ئاسۆ و ئامانج و کۆرپەی نازداری شیلانی لە گەروی دا بۆ هەمیشە بو بە ئاواتێک و خنکێندرا.**

بۆ تو بێت ئازیزەکەم درێژە دانی ئەم شۆرشە پرمەینەتە، لە ژێر چەپۆکی مەلایی، بەعسی سووری یاخۆ عیراقی یاکو ئاتای تورکی فاشیست، گەر نەجولێی هەر بەشمانە لە ئاگری یاخۆ ئامێد، لە سەردەشت بێت یا هەڵەبچە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢١ مارچی ٢٠٠٦

## گەرمەشین بۆ سەردەشتی شیمیالێدراو.



حاجی حوسێن حەداد

ڕێکەوتی ٩ی ئاوریلی ١٣٦٦ نەخۆشخانەی شۆڕشی(حدکا) لە گوندی وێرانکراوی «دەشتێو»ی پشدەر« گەرمەشین بۆ سەردەشتی شیمیالێدراو» .

هاوڕێیان قەت مەکەن لۆمەم کە دەگریم — ئەمن بۆ شاری وا شۆخم چۆن نەگریم
من دیتوومە شار بگری بۆ ناوداریَ — دەبێ چۆن بێ گریان بۆ تەرمی شاریَ
ئەمە هاوین نی یە عەینی زستانە — بەفرانبارە، با کووتە،ڕێبەندانە
شەختەی شیمیا کەدای لە بەژنی شاری — تەمی مەرگ بوو بە سەر شاردا دەباری
سەرچاوەی کانیێ حۆریانی سالانم — مزگەوت و خانەقا و تەکیەی جارانم
بە شیمیایی ڕەنگوڕوویان بزرکاند — میوان و خانەخوێ خوێنیان دەچرکاند
کۆنە قەسسابخانەی ساواکی جاران — کە ئێستا وەک ئوتێلیشاری تاران
هەر وەک جاران جێژوانی زۆر و بۆرە — ئێستاکەش لێی میوانن سۆرەوتۆرە
خاوەن ئوتێل بۆ دینارێ، دۆلارێ — بە پێخاوسی لە سێقات دێتە خوارێ

لـە ئوتێـل دا هـەیە، ئی وایـە مەستـە / کەس پێی نالێ، درەنگە مەستە هەستە
هەر لەو مەستانە دووانی زمان بە هـاوار / سیخوڕی بەعس بون لە ناو شار و لە بازاڕ
خەبەری (موئتەمەر)یان دا بە خوێنخوار / تەیارەی بەعس هەڵیکوتایە بۆ سە رشار
بە شیمیـایی ڕشـاندی کـووچەو بـازاڕ / داسی مەرگی ختستە ناو خەڵکی هـەژار
کردیە دۆزەخ ڕاست و چەپ و سەرو خوار / شەهید کەوتن لە خەڵکیشار بێ ئەژمار
منـاڵی وا لـە لانک دا بـەر کـەوتبـوو / هـەتـا دایک پێی زانی گیـانی دەرچـوو

کیـژی ناسک، لاوی سـاددەی بە سیمـا / لەوێ کەوتن، وەکخەڵکی هێرۆشیمـا
هەتـا خوشکی گـەیشتە تـەرمی کـاکی / کـاکی بێ گیـان وەک خوشکی ناکـازاکی
سەردەشت بۆتە قەسابخانەی زوحاکی / سووتا وەک هێرۆشیما و ناکـازاکی
دایک کـۆرپەی نەمـاوە کـۆرپە، داکی / برا بـۆ خـوشکی دەگری خوشک بۆ کـاکی
باوک جەرگی بـڕا بـۆ کـوڕی بـە کــاری / بـۆ جێگـر و دڵسۆزی بۆ کـاروبـاری

پێرار و پـارو ئەو سـاڵ هەر پـەشێوم / قـوڕی ئـاران و زۆزانــان دەپێــوم
ڕۆژئـاوای پێـری ئاسـۆ ڕەنگی‌خوێن بوو / شەو و شەوگارەکەی زۆر دڵتەزێن بوو
لە خەوما دیتم سەردەشت مـاتی‌مـات بوو / ڕۆژی ڕۆژگـاری دوێنێی کـارەسات بوو
سەبەب کارت سەردەشت یاخوا بەکەم بێ / لـە دونیـا دا بەشی دەرد و ماتـەم بێ

هەر کەس خۆش‌حاڵە بەم دەرد و جەخـارە / بە خەنجـەر جەرگی بکرێ پارەپارە
ئەمن چبکەم؟ کە هیچم لە دەست نـایەت / لـە بەر ناڵین شیعری ئاڵم بـۆ نایـەت
ئەمن چیدی ناگـریم تۆش مەگـری کـاکە / بـۆ ئەم دەردە وەدۆزین چارێ چاکـە
ئەمن ئیتـر ناگریم! تـۆش‌بەسیــە دایـە / خـرمـانی شینوگـریان هەر بەڵایـە

کوڕم مەگـرین،کچم مەگـرین بێ کەڵکە / هەتـا یەکتـر نەگرێ، گشتی ئەو خەڵکە
گەلی کـورد هـەر بە ژێـر دەستی دەمێنێ / بـە ژینی نەگبەتی و پـەستی دەمێنێ
فـارس و تـورک وعـەرەب دەدەن ئـازاری / تـا یەک نەگرین قەت ناگەین بە ڕزگاری
بۆ ئـەم پـەندە،کێ جەرگی دێشێ، بێشێ / کە دار هۆرەی لەخۆی بوو هەر دەقڵیشێ

کە شارم دێتە بەر نیگام دەناڵم ... کە دێنە بەرچاوم ئامۆزا و خاڵم
کە خوشک و برا و برازا دێنە یادم ... دەگاتە چەرخی گەردوون گاز و دادم
کە گەنجانی ئەو شارە کەوتنە زاری ... فرمێسکی خوێن لە چاوی من دەباری
کە پیران و لاوانی گیان لە دەستچوو ... هاتنە ڕیزی شەهیدی هەر دەم زیندوو

ئەمن کوڵ گرتمی گڕ کەوتە ناخم ... ڕەش داگیرسا دەورووپشت و قەراخم
دەمێکە من سەنا بێژی گوڵ و باخم ... ئەمن شینگێڕی لاوی شار و شاخم

بۆ شەهیدی وەتەن، شاسوار، پێشمەرگە ... پەسن بێژێکی،سوار چاک و پەرداخم
هەر دەم بوومە شینگێڕی، گوند و شاری ... لە ناچاری ئەسرینی من دەباری

دڵم هێلانەی دەردی دڵ تەزێنە ... جەرگم بەم دەردەوە پڕ زام و خوێنە
وەکوو ئاسۆس ڕووخێندرا بێ بە سەرما ... لە عەربەت کلپەی گڕڕ کرا بێ بە بەرما
منی کۆستکەوتە، بەو دەردە تەپیوم ... ویشک بووم لە جێگای‌خۆم مەبیوم
ئەمن چبکەم لەغەیری داد و گریان ... لەو گەرمێنە سووتام بە سۆزی زریان

لە غەم خانەی دڵم شادی تۆراوە ... شەو ورۆژ، کاتوساتم لێ گۆڕاوە
سەرتا پای دەفتەری کۆنم بە سەر کرد ... پاکی لاواندنەوە و سۆز و زووخاوە
نەمدی شیعرێک تەڕو پاراو و دڵگیر ... دڵ هەر فەرهادە و بۆ شیرین گریاوە
ئەمن چبکەم بۆ سەردەشت چم لەدەست دێ ... لە غەیری خوا، سکاڵا بەرمە بەرکێ

چڕەنگێ بوو بۆ ئەم شارە ڕژاندیان ... چگورزێ بوو لە ئەم شارە وەشاندیان
ئەگەر جەژنە، ئەگەر شاییە و لۆغانە ... بەشی سەردەشت هەر تۆپ و بۆمبارانە
زارۆکو پیر و جوانی دڵ بەخوێنن ... لاوکی ئازار و شینو خەم دەخوێنن
شەوی نەورۆز و میعراج و بەراتێ ... ڕەمەزان و قوربان لە جیات خەڵاتێ

ژینۆسایدی (تەزار) و شا و خومەینی ... سەددامی کوردکوژیش بۆمبیاندەداتێ

دەیـان جـار لەم نـاوچـەی داوە بە نـاپـاڵم — بۆ گاو و گەردوونیش کێمیای دەبـاتێ
بـە شـەڕ هـاتنی میـوانی نـاسپـاسیـان — بە جاسووسی نەفام و کەس نەناسیان
لە جیـات پاسدار خەڵکیشاری دەکوژن — ئەمەش تیرۆریزمە لای گشت سیاسیان
بە ئـاوری خانەخوێ و خوێی ئەو میوانە — بـوو بـە هێـرۆشیما ئەو شـارە جـوانە
ســەدان لاو و پیـــرو منــداڵ و زارۆک — بۆ بەدبەختی کرانە پەندی زەمانە؟...!

بۆنۆزدە یەمین ساڵیادی شێمیابارانی شاری»سەردەشت«

لە وەڵاتی نۆرویژ ٧ی پووشپەڕی ١٣٨٥

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢١ی مارچی ٢٠٠٦

---

## بەرەو یادی بیست و دووساڵەی تاوانی بۆردومانکردنی شاری سەردەشت

کەس و کاری قوربانیانی شاری سەردەشت

جەماوەری کوردستان

پارت و ڕێکخراوە کوردستانییەکان

هەموومان ئاگادارین ٢٢ ساڵ پێش ئێستا، لە بەرواری ٢٨ی جۆنی ١٩٨٧ فرۆکە مەرگهێنەرەکانی بەعس، کاتژمێری ٤،٣٠ سەر لە ئێوارە ژەهری قینی خۆیان بەسەر خەڵکی شەهید پەروەر و کورد پەروەری شاری سەردەشتی قارەمان و گوندی ڕەشە

هەرمێ و دەوروبەریدا باراند، ٤ فڕۆکەی مەرگهێنەر، بەم تاوانەیان، زیاتر لە هە شت هەزار هاووڵاتی سڤیلی ئەم دەڤەر و شارەیان شەهید و بریندارکرد، چەندین خێزانیان لە بنەچەوە پاککردەوە، تاکو ئێستا زیاتر لە ١٠٠٠ هاووڵاتی بونەتە قوربانی ئەو تاوانە نامرۆڤانەیە.

لە کاتێکدا ئێمە یادی ٢٢ ساڵەی ئەو تاوانە دەکەینەوە، هێشتا مەرگەساتی سەردەشت نەبۆتە دۆزێک بۆ تاوانبارانی بەغدا، هێشتا بریندارەکانی ئەم شارە لە ئێش و ئازاردا دەژێن و چارەسەری پێویستیان بۆ نەکراوە، هێشتا ونبوەکان نەدۆزراونەتەوە، هێشتا لە لایەن ڕەوەندی کوردی و لایەنە سیاسییەکان بە تایبەت لە خۆرهەڵاتی کوردستان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە گرنگی بەم مەرگەساتە گەورەیە نادرێت، هێشتا سەردەشتییەکان بە تەنها یادی قوربانییەکانیان دەکەنەوە و لە شیندا هاوڕێیان بێکەس و هاوڕێن.

ئێمە لە چاودێری کوردۆساید کە یەکەم دەزگای کوردی بووینە گرنگیمان بەم یاداوەرییە داوەو لە ٦ ساڵی ڕابردووەوە، ساڵانە یادمان لە قوربانیانی سەردەشت کردۆتەوە، لە یادی ٢٢ ساڵەی ئەم تاوانەدا، داوا لە هەموو لایەک دەکەین، ئەمساڵ یادێک لەوتاوانە و و لەو قوربانیانەمان بکرێتەوە، شایانی گەورەیی یاداوەری ٢٢ ساڵەی کارەساتەکە بێت، ڕۆژی یاداوەرییەکە بکرێتە ڕۆژێک بۆ ڕسواکردنی دوژمنانی گەلەکەمان و بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی کیمیاوی و هاوپشتی لەگەڵ داواکارییەکانی خەڵکی ئەم شارە و پاڵەپەستۆکردن بۆ کردنەوەی دۆسیەی ئەو تاوانە لە دادگای باڵای تاوانەکان.

پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان

بێدەنگی ئێوە لە ئاست ئەم دۆزە گرنگە و گرنگی نەدانتان بەم کارەساتە گەورەیە،مایەی نیگەرانی ئێمەو خەڵکی شاری سەردەشت و گوندی ڕەشە هەرمێ و تەواو قوربانیانی کۆمەڵکوژییە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆیە داواتان لێدەکەین با هەموومان یەکگرتووانە بەرەو یادکردنەوەی کارەساتی قوربانیانی شاری سەردەشت, یادێکی وای ئەو تاوانە بکەینەوە، لە ئاستی گەورەیی تاوانەکە و ژمارەی قوربانیانی و تێکۆشەری و مێژووی پڕ لە شانازی شاری سەردەشتدا بێت.

چاودێری کوردۆساید - چاک

## سەردەشت: ڕێوڕەسمی یادی بیستەمین ساڵیادی شیمیابارانی سەردەشت




هەموو ساڵێک لە ڕۆژی ٧ی پوشپەر دا خەڵکی شاری سەردەشت و دەوروبەری بۆ ڕێز لێنان لە یادی قوربانیانی شیمیابارانی سەردەشت بە دەستی ڕێژیمی بەعس دێنە سەر شەقام و بە نیشان دانی چەندین چالاکی جۆراوجۆر ڕێز لە شەهیدان و قوربانیانی ئەو کارەساتە دەگرن.

ئەمساڵ دوای ئەوە کە لیژنەی ئامادەکاری بۆ باشتر بەڕێوەبردنی ئەو یادە هەڵبژێردرا، لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەو لیژنەیە دا بریار درا کە سێ ڕۆژ بە دوای یەک دا واتە ڕۆژانی ٦ - ٧ و ٨ی پوشپەر بە شێوەیەکی جوان و باش کە شیاوی ئەو ڕۆژە بێت، ڕێوڕەسمەکە بەڕێوە بەرن.

یادی بیستەمین ساڵڕۆژی شیمیابارانی سەردەشت بەیانی ڕۆژی ٦ی پوشپەر بە بەشداری سەدان کەس لە خەڵکی سەردەشت و دەوروبەری لە بنکەی فەرهەنگی هونەری سەردەشت لە ژێر ناوی کۆنگرەی کارەساتی شیمیابارانی سەردەشت دەستی بە کارەکانی خۆی کرد، دوای ئەوە کە چەند کەس لە بەشداربووان قسەیان لە سەر ئەو جنایەتە کرد، لە سەر سەرچاوەی سەردەشت لە ناوەندی شار مۆنیمێتی یادی شەهیدانی شیمیابارانی سەردەشت بە فەرمی کرایەوە، پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ لە سینمای شاری سەردەشت دوای بەخێر هاتنی بەشداربووان و بە تایبەت وەڤدی هەڵبجە دەستی خوشکی سەردەشت، بەرنامەکان دەستی پێکردەوە و کۆمەڵێک بەرنامەی جۆراوجۆر بۆ ئەم یادە لە کات و ساتی خۆیدا بەڕێوەچوون، دەستەیەک لە دووچەرخەسوارانی شاری مەریوان لە لایەن هەئیەتی بەڕێوەبەری و لێژنەی ئامادەکاری بە خێرهاتن کران، دووچەرخەسوارانی مەریوان بە هاتنیان بە دووچەرخە بۆ شاری سەردەشت ڕێزیان لە قوربانیانی ئەو کارەساتە گرت و هەڵگری هاوخەمی و هاودەردی خۆیان و خەڵکی شاری مەریوان بوون بۆ بنەماڵەی قوربانیان و خەڵکی زامداری شاری

سەردەشت. لە درێژەی بەرنامەکانی یەکەم ڕۆژ دا کۆمەڵێک لە کچانی دەڤەری سەرسەوزی سەردەشت بە پێشکەش کردنی سروودێک سرنجی هەموو لایەکیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا، هەر ئەم ڕۆژە کۆمەڵێک چالاکی دیکەش بەڕێوە چوون،

یەک لەوان کردنەوەی پێشانگای وێنە بوو، کە کۆمەڵێک وێنە و نیگاری جۆراوجۆری شاری سەردەشت و دەوروبەری لە خۆ گرتبوون، ئەو وێنە و ڕەسم و نیگارانە بەرهەمی چوارکەس لە هونەرمەندانی دەست ڕەنگینی شاری سەردەشت بوون و بڕیارە کە شەش ڕۆژ ئەو پێشانگایە کراوە بێت بە ڕووی خەڵکەوە.

سەر لە بەیانی ڕۆژی ٧ی پوشپەڕ شەقامەکانی شار جمەیان دەهات، دووکان و بازارەکان داخرا بوون، نێزیک بە ٤٠٠٠ کەس خەڵک لە شەقامی سەرەکی شار کۆببوونەوە، دەیان پلاکاردی جۆراوجۆر و وێنەی شەهیدانی کارەساتی شیمیابارانی سەردەشت بە دەست خەڵکەوە بوون، هەموو چین‌وتوێژەکانی شاری سەردەشت و دەوروبەری بەشداری ئەو یادە بوون، خوێندکار و مامۆستا، کاسبکار و بازاری، کرێکار و وەستا و بە گشتی منداڵان، لاوان، ژن و پیاوان و پیر و بە ساڵاچوان و هەموو دڵسۆزانی شار کۆببوونەوە، پاش ئەوە کە چەند کەس لە بەشداربووان قسەیان کرد بە گشتی خەڵک بە ڕێپێوان بە نێو شەقامەکانی شار دا بە دابونەریتی ناوچەکە بە دەف لێدان بەرەو مەزاری شەهیدان و گۆڕستانی گردەسوور کەوتنە ڕێ و لە ماوەی ڕێگا پێوانیان دا، تا لە گۆڕستان نێزیکتر دەبوونەوە ئاپۆرای خەڵک و ڕێپێوانەکە زیاتر دەبوو، دەستەیەک لە شاخەوانانی شاری سەردەشت (تیم کوهنوردی هەژار) وەک ڕێز لێنان لە شەهیدانی ئەو کارەساتە بە نووسراوە و پلاکاردی تایبەت بە گرووپی خۆیان تێکەڵ بە ئاپۆرای خەڵک بوون، دیارە دوای سەردانی خەڵک لە گۆڕستانی شەهیدان و دانانی چەپکە گوڵ لە سەر گۆڕی شەهیدانی ئەو کارەساتە تا ئێوارە کۆمەڵێک چالاکی هونەری و ئەدەبی دیکە بۆ ڕێز لێنان لەو ڕۆژە بەڕێوەچوون و چەندین کەس لە بەشداربووان هەستی خۆیان بە نووسراوە سەبارەت بە جنایەتی ٧ی پوشپەڕ بە دەستی ڕژیمی بەعس دەربڕی.

ڕۆژی ٨ی پوشپەڕ تایبەت بوو بە کێبەرکێی وەرزشی، خەڵکێکی زۆر لە باشگای شار کۆببوونەوە بۆ دیتنی کارە وەرزشی‌یەکانی وەرزشڤانانی شار و تیمەکانی میوان، دیارە پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە نێزیک مانگێک پێشتر داوا لە تیمی کاراتەکارانی وڵاتانی فەرانسا، ئینگلیس، پورتەقاڵ، ئۆزبەکستان و ژاپۆن کرا بوو کە بەشداری لەو کێبەرکێیە دا بکەن و ئەوانیش ئامادەگی خۆیان دەربڕی بوو، بەڵام دوای ئەوە فدراسیۆنی وەرزشی ئێران و پارێزگای ورمێ ئامادە نەبوون کە خەرجیی میوانەکان بکێشن و ڕزایەتیان بۆ هاتنی ئەو تیمانە نەدا، لە جێگای ئەو تیمانە، بۆ خۆیان بانگهێشتی ٥ وڵاتی دیکەیان کرد بوو، کە بریتی بوون لە ئێراق، تورکیە، ئەفغانستان، لوبنان و فەلەستین، دیارە لەو ٥ وڵاتەش دوو تیمی ئێراق و تورکیە بەشداری ئەو کێ بەرکێ یە نەبوون.

لەو کێبەرکێیە دا کاراتەکارانی شاری سەردەشت و پارێزگای ورمێ توانیان تیمی میوانەکان ببەزێنن و پلەی یەکەم بە دەست بێنن، ئاکامی ئەو کێبەرکێیە بەم شێوەیە بوو، کاراتەکارانی سەردەشت و ورمێ پلەی یەکەم، کاراتەکارانی ئەفغانستان پلەی دووهەم و کاراتەکارانی لوبنان پلەی سێهەمیان وەدەست هێنا، دوای کۆتایی هاتنی کێبەرکێ لە لایەن کۆمیتەی ئامادەکاری و لیژنەی ئەو ڕێورەسمە خەلات بە سەر تیمەکان دا دابەش کرا و چالاکییەکانی ئەو ڕۆژەش بەم شێوەیە کۆتایی پێهات.

دیارە لە سەریەک لە یادی بیستەمین ساڵوەگەری شیمیابارانی سەردەشت دا کۆمەڵێک چالاکی وەرزشی و هونەری و ئەدەبی بەڕێوە چوون و ئەمساڵ زۆر بەشکۆوە ئەم یادە کرایەوە.

خەڵکی شاری سەردەشت و دەوروبەری نیشانیان دا کە هەموو کات و ساتێک ڕۆژە مێژووییەکانی خۆیان لە بیرەو ئامادەن بە کەمترین ئیمکاناتیش بێت یاد و بیرەوەری ڕۆژە مێژووییەکانی خۆیان و گەلەکەیان بگرن و ڕێز لە خۆشەویستانی لە دەستچووی خۆیان بگرن.

سڵاو لە شەهیدانی ٧ی پوشپەڕی ١٣٦٦ی هەتاوی شاری سەردەشت.

هیوای ساخ بوونەوە و ساڕێژبوونەوەی زامی، زامدارانی شیمیابارانی سەردەشت بە ئاوات دەخوازین .

## چاوانی شار چاوەڕوانە.



**هیوا گەڵ محەممەدی**

له ساڵیادی شەهیدانی کیمیا بارانی سەردەشت دا، پیشکەشە بە سەردەشتی سەرسەوز. ئا لێرەدا شار وەک کۆرپەیەکی ساوا بێ غەل و غەش بەڕوی داهاتو دا پێ ئەکنێ،

دەرونی ساف و بێگەرد سەر سەوز وەک شنەی شەماڵی ئێواران، چاوانی ڕون و زوڵاڵ وەک کانیاوی بنار چیا...
ئا لێرەدا خۆشەویستی وەک فەلسەفەی ژیان و ژیان وەک حەقی گیان لەبەرانن و خۆش ویستن بۆ بەردەوامی لە هەناسەی سینگی سروشتا لە هەڵچون و داچونایە...
ئا لێرە دا کاروان، کاراون بەرەو لوتکە بەڕێوەیە، چەپکی گوڵی سور و سەوز و شینیان بە دەستەوە و کۆڵ و باری گرانی نەسرەوتن بە کۆڵەوە، ڕێگا ئەبڕن، ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ هەدا نادەن تا ئەوکاتەی گوڵی حەزیان لە یەخەی شار ئەدەن و چۆپی زەماوەنی سەرکەوتنی نیشتمان وەک ئاڵای ئاڵ و واڵای کوردستان سوڕ ئەدەن...

چاوانی شار زۆر بێ قەرار سالەهای ساڵ چاوەڕوانە بۆ گەڕانەوەی کۆچ و کۆچبار...دڵی گەورەی شار، پاییز و بەهار لە لێدانە بۆ پێک گەیشتنی یار و دڵدار...
ئەوساکە شار هەموو ڕۆژێ چەندین جار پێ ئەکەنێ ، شایی و خۆشی وەک دیاری بوک و زاوا بە سەر ماڵ بە ماڵ و گەڕەک بە گەڕەک و گوند بە گوندی ئەم مەڵبەندە سەوزە دا ئەبەشی...

ئەوساکە شار وەرزی تەنیا بەهارێک بوو ، گەرمی و ساردی و خەزانی لە خۆ دا کۆ کردبووە، و سەوزی و سەوزەڵانی دابەش ئەکرد، هەمویانی وەک یەک دڵخۆش ئەکرد...

بەڵام ئێستا جەستەی شار بریندارە، بە ئازارە، بێ قەرارە..بەڵام ئێستا شار تەنیا بزەیەکی کاڵ بووەوەی لە سەر لێوە و لە شەو لە تاریکی و تەنیای زۆر بێزارە...

بەڵام ئێستا شار نە هاوینی گەرم، نە زستانی بەفرین، نە پاییزی بە گڤە و نە بەهاری گوڵ لە بەرۆکە...

ئێستا ئیتر شار و دیار، بۆ تۆزقاڵێ هەوای کۆسار بۆ دیتنی گوێ بەگوارەی خێڵی مەڕدار و بۆ ئاشق بونی کچانی خاڵدار ئاخ و داخ و دەرد و ئازار هەڵ ئەکێشێ....

ئێستا ئیتر شار لە بن دەستی نەیار وەک بوکی زیز دایگرتوە خەم...وەکو چیای ئاستەم لوتکەی داگیراوە بە تەم...

هەموساڵێ شار لەم ڕۆژە دا لە چریکەیەک ، ئەچریکێنێ دڵی مرۆڤ دڵی سروشت و گیانی زەردەشت ڕائەچڵەکێنێ...

گۆرانی خەم، گۆرانی کۆچ ، گۆرانی لێک دابڕان لە ناخی حەیرانێکا بە گوێی مێژودا ئەدا و ئەڵێ...

ئەوێ ڕۆژە لەو بەرزەوە
باڵەفڕی دوژمن هاتن بە جوتە
بەریان داوە دەعبای ڕەش
هەناسەیان قەدەغە کرد
شار وێران و گۆڕستانیان ئاوەدان کرد
دوژمن وایە ئاگادار بن
چارێکی داهاتوتان کەن

بەڵێ ئیتر لەو ڕۆژەوە هەموو ساڵێ لەم کاتە دا ڕێبوارێک لێرە ئەوەستێ ، چاو دائەخا، دەفتەرەکەی دەر ئەهێنێ و قەڵەمەکەی وەکار ئەخا...تەنیا دوو دێڕ ئەنوسێ... شارەکەمان هێشتا بریندارە، برینەکانی بە ئازارە، بە هیچ کەس و بە هیچ جۆرێ نایکرێ چارە تا ئەوکاتەی هەموو یەک نەگرن ئەم کوردە هەژارە و ئاڵای سەربەستیان وەکو میدال نەدەن لە سینگی ئەم شارە...

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠٠٤

## با نەهێڵین شیمیابارانکردنی سەردەشت ببێ بە مێژوو



شاهۆ حەسەنپوور

١٧ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژی ٨ی پووشپەڕی ١٣٦٦ (٢٨ی جۆنی ١٩٨٧) شاری سەردەشت بەهۆی فرۆکە بۆمبهاوێژەکانی ڕێژیمی بەعسی عێراق بۆمباران کرا و لە ئاکامدا زیاترلە ١٠٠ کەس گیانیان لەدەستدا و بە هەزاران کەسیش بریندار بوون. ئاکامەکانی شیمیایی ئێستاش بەسەر لەشی بریندارەکانی ئەو شارەوە ماوە و ساڵ نییە کۆمەڵێک لەم تووشبوانە بە هۆی ئەم گازە گیانیان لەدەست نەدەن. دیارە ئەمە یەکەمین تاوان نەبوو کە ئەم ڕێژیمە دەرحەق بە خەڵکی کورد و کوردستانی ڕۆژهەڵات دەیکرد و هەر وەها یەکەمین تاوانیش نەبوو کە دەرحەق بە خەڵکی ئەم شارە دەکرا. هەر بە دەستپێکردنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق تەیارەکانی ڕێژیمە لەناوچووەکەی بەعس بۆمبەکانی بەسەر گەڕەکی قەبراندا هەڵڕشتن و لە ئاکامدا خەڵکێکی زۆر شەهید بوون.

لە ئاکامی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران و عێراق، خەڵکی کورد گەورەترین زیانەکانیان وێکەوت. لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا گوند و شارەکان بۆمباران کران. شەهیدانی شاری بانە لە ئاکامی ئەو شەڕەدا ژمارەیان لە ٦٠٠٠ کەس تێپەڕ بووە... تۆپ و فرۆکەکانی ڕێژیمی سەدام بۆ پادگان و پایگا نیزامییەکان نەبوون و ئامانجەکان خەڵکی بێدیفاع بوون. ڕێژیمی مەلاکانی ئێرانیش بە هەمان جۆر شار و گوندەکانی باشووری کوردستانیان بۆمباران دەکرد.

ئەم ڕۆژانە کە لەسەر ماڵپەڕی ڕۆژنامەکان کلیکم دەکرد لە هیچ ڕۆژنامەیاکی حیزبی و غەیری حیزبی چاوم بە هیچ نووسینێ لە بارەی شیمیابارانی سەردەشت نەکەوت. تۆ بڵێی ئەمەش کارەسات نەبێ!؟ بڵێی حافزەی مێژووی کورد کوێر نەبێ!؟ خوێنەران ئێوە چ ناوێک لەمە دەنێن؟ ڕۆژانە گوێمان لە دەیان ڕاگەیەندراو لە لایەن حیزبەکانەوە دەبێ سەبارەت

بە ڕۆژە مێژووییەکانی خۆیان. یان ساڵیادی ڕۆژە مێژوویەکانی خۆیان گەلێ پڕ بایەخ ترن!؟ حیزبە نەتەوەییەکانی کوردستان بۆ زمانیان تەڵەی تێدا تەقیوە؟ تۆ بڵێی ئەگەر کۆبوونەوەکەی بەرەی کوردستانی لە شوێنی ڕووداوەکەی بۆمبارانەکەدا ما با ئەوانیش بەشێک نەدەبوون لە قووربانیان و یان ئەگەر لەم ڕێگایەوە پووڵ و پارەیەک بۆ دەستی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کەوتبا ئەو کات ئیدی خەمی ئەوەمان نەدەبوو کارەساتی شیمیای سەردەشت هەروا زوو ببێ بە مێژوو؟ باش نەبوو کاناڵەکانی سەتەلایت بەشێکی کەم لە بەرنامەکەیان لەو ڕۆژەدا لە جیاتی ریکلام بۆ چاو برنج و شەربەت بۆ ئاوڕدانەوە لە دەرد و ئازارەکانی خەڵکی شاری سەردەشت دیاری کردبا!؟

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٦ی جوونی ٢٠٠٤

## ١١٣ شەهیدی شیمیابارانی ٧ی پووشپەڕی ١٣٦٦ شاری سەردەشت

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سەید مەحموود مەحموودی | ٢٨ | گوڵێ کەرەمی | ٥٥ | محەممەد بایەزیدی | ٨٢ | محەممەد مەعروفی |
| ٢ | مەلا عەبدولباقی واعزی | ٢٩ | عایشە قادری | ٥٦ | حوسێن فەتتاحی | ٨٣ | ئەمیر خەلیل پوور |
| ٣ | محەممەد ئەمین کاکی | ٣٠ | فاتمە حەدداد | ٥٧ | ڕەسووڵ مەعروفی | ٨٤ | ڕەحمان خزری |
| ٤ | ناسر مەولانی پوور | ٣١ | فاتمە دیبانی | ٥٨ | حەسەن ئاتەشەک | ٨٥ | قادر ئەمینی |
| ٥ | عیسمەت ئەفەندی | ٣٢ | ناهید شێخی | ٥٩ | ڕەحمەت کەریمی واحد | ٨٦ | سالح ڕەسووڵ پوور |
| ٦ | ئیسماعیل محەممەدزادە | ٣٣ | مەحموود عەزیزی | ٦٠ | حەمید کەریمی واحد | ٨٧ | ئیبڕاهیم عەداڵەت |
| ٧ | حەسەن ئەحمەد پەنجە | ٣٤ | ڕەحیم پەناهی | ٦١ | مستەفا کەریمی واحد | ٨٨ | سەیید جەلال حوسێنی |
| ٨ | عەبدووڵڵا مەعروفی | ٣٥ | حاجی کەسرایی | ٦٢ | سەلاح کەریمی واحد | ٨٩ | ئیبڕاهیم ئەحمەدزادە |
| ٩ | ئەبووبەکر شەممامی | ٣٦ | حوسێن بایەزیدی | ٦٣ | قادر کەریمی واحد | ٩٠ | یووسف گوودەرزی |
| ١٠ | هووشەنگ حەیدەری | ٣٧ | هادی ئەسەدزادە | ٦٤ | شەهین کەریمی واحد | ٩١ | ئامین کەرەمی |
| ١١ | محەممەد محەممەدئەمینی | ٣٨ | محەممەد مەولانی | ٦٥ | ئیدریس کەریمی واحد | ٩٢ | خوورشید کەرەمی |
| ١٢ | حوسێن کەریم نیژاد | ٣٩ | ڕەحیم کەریمیان | ٦٦ | عەبباس جەنگدووست | ٩٣ | خوورشید فەتتاحی |
| ١٣ | عووسمان عەلی پوور | ٤٠ | کەماڵ قادرپوور | ٦٧ | زێنەب جەنگدووست | ٩٤ | کولسوم فەتتاحی |
| ١٤ | ڕەحمان سالح پوور | ٤١ | نەوزاد شێخی | ٦٨ | کولسوم جەنگدووست | ٩٥ | شەهین مەولانی پوور |
| ١٥ | ڕەسووڵ ڕەسووڵ زادە | ٤٢ | محەممەد مەلایی | ٦٩ | پەری جەنگدووست | ٩٦ | مریەم بابەکرزادە |
| ١٦ | ماڵماڵ مەولانی پوور | ٤٣ | قادر ئەسەدزادە | ٧٠ | ڕەحمەت ئەسەدزادە | ٩٧ | عەلی عەبدووڵڵازادە |
| ١٧ | ئەحمەد حەسەن پوور | ٤٤ | عەلی ئەسەدزادە | ٧١ | فواد جەنگدووست | ٩٨ | زارا عەلی زادە |
| ١٨ | عایشە سالح زادە ئەقدەم | ٤٥ | خاتوون خەڕڕازی | ٧٢ | بێگەرد جەنگدووست | ٩٩ | ئارەزوو خانی |
| ١٩ | مەلا محەممەد عەزیزی | ٤٦ | لەیلا فەتتاحی | ٧٣ | مروەت جەنگدووست | ١٠٠ | ئارەزوو عەلی پوور |
| ٢٠ | فەرەیدوون جەنگدووست | ٤٧ | سەبری ئەفەندی | ٧٤ | ڕەسووڵ جەنگدووست | ١٠١ | ڕۆژین شێخی |
| ٢١ | سەعادەت ئەسەدزادە | ٤٨ | ڕەحمان بەزرچی | ٧٥ | ناسر قادری | ١٠٢ | حەسەن ئەحمەدی |
| ٢٢ | حاجی عومەر محەممەدیان | ٤٩ | شەوکەت فەیزە | ٧٦ | قادر ئەمینی | ١٠٣ | مریەم ئیبڕاهیمی |
| ٢٣ | خەجیجە ڕەسووڵی نیبیا | ٥٠ | نەوید پیر خزری | ٧٧ | ڕەشید عەلی دووست | ١٠٤ | ئەحمەد ئەحمەدیان |
| ٢٤ | حاجی ڕەسووڵ نەریمانی | ٥١ | حوسێن شەکوری | ٧٨ | حەسەن مەعروفی | ١٠٥ | نازدار خزرنییان |
| ٢٥ | محەممەد سالح ڕۆستەمی | ٥٢ | عەبدووڵڵا قادری | ٧٩ | جەمیلە ئەسەدزادە | ١٠٦ | عەزیز ئەحمەدزادە |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | پیرۆت غەیوری نیا | ٥٣ | ڕەسووڵ ئەمینی | ٨٠ | ڕەحیم عەبباسی | ١٠٧ | ئەمیر گوودەرزی |
| ٢٧ | عەبدووڵلا بەرزگەر | ٥٤ | حەسەن خزری | ٨١ | عەبدووڵلا مینایی | ١٠٨ | حەسەن ساڵح پوور |
| ١٠٩ | سەیید موحسین حوسێنی | ١١١ | حوسێن سەدیقی | ١١٣ | خدر ئەحمەدی | ١١٢ | لوقمان بەرزگەر |
| ١١٠ | ئیسماعیل فەتتاحی | | | | | | |

ئەوە تەنیا ناوی ئەو شەهیدانەیە کە لەلایەن (بنیاد شهید و امور ایارگران) ی شاری سەردەشت ناویان تۆمار کراوە ، بەڵام بە دەیان شەهیدی دیکەمان لە شار و ناوچای سەردەشتدا هەن کە تا ئێستا لەلایەن هیچ ئیدارە و ئۆرگانێکەوە نەناسراون.

سەرچاوە: بڵاوکراوەی (ستاد یادوارە شهدای شیمیایی شهرستان سردشت)

١٤ی پووشپەڕی ١٣٨٥ - سەردەشت

## وێنەکانی بۆمبارانی شیمیایی سەدەشت




چاوم لێتانە
دڵم دەگەڵتانە
مێشکم ئاگای لێتانە و
ویژدانم مەعزووبی عەزابتانە
ئەی سەردەشتییە نازلێشێواوە بە گاز خنکێنروەکان
شارتان بوو بە یەکەم سەکۆی شانۆی مەرگ و
بۆ خۆشتان سەمای نەفەس بڕانتان لە سەر ساز کرد.
دەبخەون ، خەوتان خۆش
چونکە ژیان بەڕێوەیە
٢٦
شەهیدان
شەهیدانی
٧ی پووشپەڕی
سەردەشت
١٩٨٧ - ٢٠١٣

## حەوتی پووشپەڕ زامێک بە روحی برینداری شارێکەوە

ئەحمەد شێربەگی

چ شارێک شک دەبەن
هیندەی سەردەشت
بە بێدەنگی بیشکەی ئازاری راژاندبێ
هێندەی سەردەشت لێوەکانی بکرۆژێ
بزەکانی لێ تۆرابێ
هەناسە سوار
پشوو خنکاو،
جەستەی پڕ برین و زام بێ
سەردەشتی من
سالانێکە بۆتە تەزوویەکی تەزیو
بەقورگی نێشتمانم
بۆتە خوێنێکی دەڵەمە،
هەناسەیەکی سووتاو
لە نێو شادەمارو سی یەکانی کوردستانم...

## سەردەشت،




**ئەحمەد شێربەگی**

تەزوویەک بە جەستەی کوردســتانەوە
سەردشتی من
هەرچی ساڵە بە بێدەنگی
هەر بەتەنیا،
بۆ خۆی بیشکەی خەمی ڕادەژێنێ
هەر بە تەنیا،
لێوەکانی خوی دەکرۆژێ
هەر بەتەنیا،
خۆ ی فرمێسکی خوێن دەڕێژێ
هەر بە تەنیا،
خۆی لەپرسەی مەرگی بزەکانی دادەنیشێ
قورگی ویشک و بریندارە
هیچ کانییەک تینوویەتی ناشکێنێ
ســـەردەشتی من
سالأنێکە خەولە چاوەکانی زڕاوە
کوانووی ئازار دەوری داوە

ســـەردەشتی من

هیچ شەوێ نێ

سـێوی دڵی ڕانەچڵەکێ

هیچ شەوێ نێ

خـــەمەکانی بە پێی پەتی

شەقامەڕێ و کۆڵانەکانی شارنەگەڕێ

سەردەشتی من

زۆر دەمێکە بۆتە ژانی خاکم

بۆتە خوێنێکی دەڵەمەی شـادەماری کوردستانم

بۆتە هەناسەی خینکاوی سییەکانی نێشتمانم...

شـێربەگی ئەحمەد

سەردەشت لە ئازارت دا بەشدارم...

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ - ڕێکەوتی: ٢٩ی جوونی ٢٠١٥

---

## ئەم شارە هەر بەسەوزی دەمێنێتەوە.

نووسینی: موکریان نستانی

١

سەردەشت!

برینێکی هەمیشە بەژانە

لە بیرکردنەوەی کورد و

لە ناخی مێژوو دا.

بە سەوزی مانەوەی

خەونی دارستان و باخچەکانی شار
دوای ژەهرباران،
خەتێکی ڕاست و چەپی هێنا
بەسەر هیوای،
خوێنڕێژانی دڵڕەش و بیژوو دا.

٢

هیچ بورکانێک
وەک دوا زریکەی کانیەکی ژەهراویکراو
دڵی چیا ناهەژێنێ.
ئەم تاوانە،
هەر وا بێ سزا نامێنێتەوە.
ئەمشەو ئەم ئازارە، لە ناختدا هەڵگرە
بەیانی کە خۆرهەڵات،
هەموو کوردستان دەتلاوێنێتەوە.



سڵاو لە
شەهیدانی
٧ ی
پووشپەری
سەردەشت
٢٣
ئەوەی سەربەرزە لەم وێرانەدا تووشی خەم و دەردە
چیای سەرکەش ببینە قەت سەری بێ هەورو تەم نابێ
( هێمن )
رحمان نەقشی
سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ


چاوم لێتانە
دڵم دەگەڵتانە
مێشکم ئاگای لێتانە و
ویژدانم مەعزووبی عەزابتانە
ئەی سەردەشتییە ئازلێشێواوە بە گاز خنکێنروەکان
شارتان بوو بە یەکەم سەکۆی شانۆی مەرگ و
بۆ خۆشتان سەمای نەفەس بڕانتان لە سەر ساز کرد.
دەبخەون ، خەوتان خۆش
چونکە ژیان بەڕێوەیە
٢٥
شەهیدان
شەهیدانی
٧ی پووشپەڕی
سەردەشت
١٩٨٧ - ٢٠١٢
بۆ شارەكەم سەردەشت
نامێلكەی تایبەت بە بۆنەی ٢٥ ساڵەی كارەساتی
دڵتەزێنی شیمیا بارانی سەردەشت
ئامادە كردنی : رەحمان نەقشی
پووشپەڕی ٢٧١٢ كوردی - جوونی ٢٠١٢ی زایینی




**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی رەحمان نەقشی**

**پووشپەڕی ٢٧١٦ = جوولای ٢٠١٦**


ئەوەی سەربەرزە لەم وێرانەدا تووشی خەم و دەردە
چیای سەرکەش ببینە قەت سەری بێ هەورو تەم نابێ
هێمن
7 PUSHPERI SERDESHT
٧ی
پووشپەڕی
١٣٦٦
٢٧
1987
2014
سڵاو لە شەهیدانی کارەساتی دڵتەزینی سەردەشت




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

پووشپەڕی ۲۷۲۱ی کوردی = جووڵای ۲۰۲۱ی زایینی